

محەمەد نورەدین
تورکیا
لە سەردەمی گۆڕاندا
ئازاد بەرزنجی
کردوویە بە کوردی

## گرنگیی ئەم کتێبە:

تورکیا لە نەخشەی سیاسی ئەمڕۆدا و بەتایبەتیش لەخۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا، یەکێکە لەو وڵاتانەی کە پێگەیەکی ستراتیژیو ڕۆڵێکی کاریگەری لەسەر ڕووداو گۆڕانکاریەکانی هەیەو، هەر گۆڕانکاریەکیش لەتورکیا بەئەرێ، بێت یان نەرێ بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ، لەسەر باری سیاسیو پەیوەندیەکانی لەگەڵ وڵاتانیو میللەتانی هاوسێیدا ڕەنگ دەداتەوە. لەنێو ئەو هاوسێیانەشیدا ئێمەی کورد، بەتایبەتیش دوای دووەم جەنگی کەنداو، لەسالآنی پاش ڕاپەڕینەوە، کەئەم کتێبەش بایەخ بەو ماوە مێژوویەی تورکیا دەدات، واتە تورکیای نەوەدەکانی پاش هەڵوەشاندنەوەی یەکێتیی سۆڤێتو گۆڕانی دونیا لە دووجەمسەریەوە بۆ یەك جەمسەر.

لێرەدا پرسیارێکی گەوهەری هەیە کە بەردەوام بەڕووماندا دەتەقێتەوە، ئەویش ئەوەیە کە ئایا کورد توانیویەتی تا ئێستا گوتاری خۆی دابمەزرێنێ، یان بە واتایەکی دی ئایا کورد گوتاری خۆناسیی هەیە. هەڵبەت بەڕای من وەڵامەکەی نەرێیەو لەبەر گەلێ هۆ، کە یەکێکیان ئەوەیە ، هیچ گوتارێکی خۆناسی نییە بتوانێ بەبێ ((ئەویترناسی)) خۆی دابمەزرێنێت.ئێمە تا چەند ((ئەوانی تر بناسین، هێندەش پتر خۆمان دەناسین.

سەبارەت بە ((تورك))و ((تورکیا))ش، یەکێکە لەو ((ئەو))انەی کە کورد بەدرێژایی دەیان ساڵ مێژوویەکی پڕ هەڵکشانو داکشانی لەگەڵدا هەبووە، هەر لە شۆڕشەکانی سەردەمی ئیمپراتۆریەتی عوسمانییەوەو دواتریش تا دەگاتە کۆتاییی‌کانی سەدەی بیستو دەستێوەردانوهەڵوێستەکانی تورکیا لەئاست مەسەلەی کورددا، پەیمانی سیڤەر (١٩٢٠)و لۆزان (١٩٢٣)، بۆیە ناکرێ هەروا بەسانایی بەسەر ئەو مێژووەدا تێپەڕینو بێ بایەخانە بڕوانینە گۆڕانکاریەکانی ناوەوەی تورکیاو پێگەی لەدونیای سیاسی هاوچەرخداو پەیوەندییەکانی بە وڵاتەکانی دەوروپشتیو ولاتانی عەرەبو زلهێزەکانی جیهانەوە، کە ئەم کتێبە بەوردی لەسەریان رادەوەستیت.

لێرەوە کە گرنگی ئەم کتێبە دێت، بەتایبەتیش کە کتێبەکە لەیەك لایەنەوە ناڕوانێتە تورکیا، بەڵکو لەزۆربەی لایەنەکان دەکۆڵێتەوەو باری هەنووکەیی و ململانێ سیاسییەکانی نێو تورکیا و ئەگەرەکانی ئێستاو ئایندە هەڵدەسەنگێنێت.تورکیایەك کەلەپاش هەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤیێتەوە ڕووبەڕووی کۆمەڵێك حاڵەت و دۆخی نوێ بۆوە، تورکیایەك کەلەسەرێکەوە دەیەوێ ببێتە ئەندام لەکۆمەڵەی ئەوروپاداو، لەسەرێکی ترەوە بەدەست کۆمەڵێك کێشەو گیروگرفتی ناوخۆیەوە دەناڵێنێت و، حیزبە ئیسلامیەکان دەیانەوێ بەئاراستەی خۆیاندا ببەن و حیزبە عیلمانیەکانیش بەهەمان شێوە، سوپاش بەردەوام چاوی لەسەر ڕووداوەکانەو لەحاڵەتی ئامادە باشدایە. لەولاشەوە کێشەی کورد گەیشتۆتە ئاستێك کەناکری فەرامۆش بکرێ. ئەمە جگە لە چەندین کێشەکێشی تری مەزهەبی و ئیتنی و ئابووری و کێشەکانی سەر سنووری لەگەل ولآتانی دراوسێیداو کێشەی ئاو و هتد...

ئەوەی وادەکات کە ئەم کێشەیەش زیاتر بە هەند وەربگیرێ ئەوەیە کە جگە لەوەی کتێبەکە خۆی تازەیەو لەساڵی ١٩٩٧ دا نووسراوە، نووسەرەکەیشی بەگیانێکی بابەتیانەو زانستیانە لەتەواوی ئەو مەسەلانەی تۆژیوەتەوەو، خۆیشی پسپۆڕە لەکاروباری تورکیاداو مامۆستای مێژوو و زمانی تورکی‌یە لەزانکۆی لوبنانی و چەندین باس و لێکۆڵینەوەی سەبارەت بە مێژووی هاوچەرخی تورکیا نووسیوە بێجگە لە دوو کتێبی چاپکراوی تری لەسەر تورکیا کە ئەمانەن:

-کلآوێك و مێزەرێك؛ دەروازەیەك بۆ بزووتنەوە ئیسلامیەکانی ناو تورکیا (١٩٩٧).

-تورکیا -کۆمارە سەرگەردانەکە-چ١-بەیروت -(١٩٩٨)

دەمێنێتەوە بڵێین کە ناونیشانی ئەم کتێبە بەعەرەبی (ترکیا في الزمن المتحوّل)و واتە ئەگەر تەرجمەیەکی دەقاو دەقی بکەین دەبێ بە (تورکیا لە سەردەمێکی ((یان ڕۆژگارێکی)) گۆڕاودا) یان (تورکیا لە سەردەمێکدا

(کەلەگۆڕاندایــە)) واتــە لــە گۆڕانێکــی بەردەوامدایــە، بــەڵام ئێمــە ئـــەم ناونیشانەمان بۆ هـەڵبژارد (تورکیـا لەسـەردەمی گۆڕانـدا) بـەو هیوایـەی ئـەو واتایە بگەیەنێت.

لەکۆتاییشدا ئومێدەوارم ئەم کتێبە وێنەیەکی ڕوونی تورکیا بخاتە بەرچاوی خوێنەری کوردو ئێمەش نوانیبێتمان لەم ڕووەوە بەشداریەکی خاکیانەمان کربێت.

ئازاد بەرزنجی

**تورکیا لەسەردەمی گۆڕاندا ١١**

# بەشی یەکەم

# شوناس لە چەند هەڵبژاردنێکیدا

# ١-ئاسەواری لێکهەڵوەشانەوەی یەکێتیی سۆڤێت لەسەر تورکیا

لەم بەشەدا هەوڵدەدەم لە ڕێی وەڵامدانەوەی ئەم سێ پرسیارەوە باسی کاریگەریی لێکهەڵوەشانەوەی یەکێتیی سۆڤێت لەسەر تورکیا بکەم، سێ پرسیارەکەش بریتین لە:

١-کاریگەریی لێکهەڵوەشانەوەی یەکێتیی سۆڤێت لەسەر تورکیا وەك قەوارەیەك و، پاشان لەسەر هاوسەنگیەکانی ناوەوە چییە؟

٢-کاریگەریی لێکهەڵوەشانەوەی یەکێتیی سۆڤێت لەسەر پێگەی تورکیا و ڕۆڵی هەرێمی(ئیقلیمی)ی چییە؟

٣-کاریگەریی لێکهەڵوەشانەوەی یەکێتیی سۆڤێت لەسەر پێگەی تورکیا لە بلۆکبەندی(تکتل)ە جیهانیەکاندا چییە؟

## یەکەم: کاریگەریی لێکهەڵوەشانەوەی

## یەکێتیی سۆڤێت لەسەر قەوارەی تورکیا و هاوسەنگیەکانی ناوەوەی:

نەمانی یەکێتیی سۆڤێت پاش حەفتا ساڵ بەردەوامی، بۆ یەکەمجار مەسەلەی چارەنووسی قەوارەی تورکیی خستە ڕوو.

ئەو قەوارەیەی لە پەیمانی(لۆزان)دا ساڵی ١٩٢٣بنەما تازەکانی (کۆماری)دانرا. ئەو تورکیایەی کە ڕێکەوتنامەی سیڤەر لە ساڵی ١٩٢٠دا لەتلەتی کرد، لەڕێی گەمارۆدانی پلانەکانی دوژمنەکانیەوە توانیی بە پێی هەردوو ڕێکەوتنامەی

مۆسکۆ(ئادار/مارس١٩٢١)و قارس(تشرینی یەکەم/ئۆکتۆبەر١٩٢١) کۆمەڵێك دەسکەوتی مێژوویی گرنگ بەدەست بهێنێت.

ئەو دوو ڕێکەوتنامەیەی سنووری ڕەسمی و هەنوکەیی تورکیایان لەگەڵ یەکێتی سۆڤێت دا دیاریکرد، بەهەرسێ کۆمارەکەیەوە:جۆرجیا، ئەرمینیا و ئازەربایجان(لەنەخچەوان).

پەیمانی لۆزان ١٩٢٣هاتە پێشەوە تا سنوورێك بۆ پەیوەندیی تورکی_ سۆڤێتی دابنێت و، هەوڵێکی(سەرکەوتووش)بوو بۆ ڕاکێشانی تورکیا بەلای جیهانی خۆرئاوادا بەرامبەر بە یەکێتی ی سۆڤێت کە تازە دامەزرا بوو. بەجۆرێك وادەهاتە بەرچاو کە بەردەوامیی قەوارەی تورکی، بەکۆمارە کەمالیستیەکەیەوە، پەیوەندیدارە بە بەردەوامیی ئەو هەلومەرجە مێژووییەوە کە لەسەرەتای بیستەکانی ئەم سەدەیەوە هاتە گۆڕێ و تورکیا و یەکێتی سۆڤێتی لێ بۆوە.

پاش حەفتاساڵ بلۆکی کۆمۆنیزم هەرەس دێنێ و یەکێتی ی سۆڤێت لێکهەڵدەوەشێت و، لەگەڵ دووەمین جەنگی کەنداودا تەرازووەکانی هێز لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا هەڵاوگێڕ دەبێ.

لەپڕێکا تورکیا خۆی بەرامبەر بەمەترسیی مەسەلەی ئەرمەن و مەسەلەی کورد (کەلەباکووری عێراقەوە سەریهەڵدابوو) بینییەوەو، هەندێ کۆماری دۆستی، ئیسلامی-تورکی، لەقەفقاس و ئاسیای ناوەڕاستدا بۆپەیدا بوو و، قەوارە سیاسیەکانیش لەبەلقاندا پارچەپارچە بوون.

دەوڵەتێکی شەست ملیۆنی، خاوەنی گەورەترین سوپای ئەتڵەسی و، جوگرافیایەك کە لە بەلقانەوە تاخۆرهەڵاتی ناوەڕاست و قەفقاس درێژ بۆتەوە، دەکەوێتە ناو کۆمەڵێك دەوڵەتی نوێی تازە نەشونما کردووەوە، کە پەلوپۆ بۆ گەڕان بەدواشوناسێك و سیستمێکی سیاسی و تایپێکی ئابووریی نوێ دەهاوێت.

سەرۆکی تورکی تورگۆت ئۆزال، کەهەمیشە لەداهێنانی بیروبۆچوونی تازەو دەسپێشخەریدا لێهاتوو بووە، هەلی بارودۆخی هەرێمی و جیهانیی گۆڕاوی قۆستەوەو، بیرۆکەی (عوسمانیەتی نوێ)ی هێنایە ئاراوە، جەنگیز چاندایش کە باوەگۆ(معلق)ێکی ناسراوو راوێژکاری ئۆزال بوو، لەگەورەترین تیۆریزەکەرانی ئەم بیرۆکەیە بوو.

(عوسمانیەتی نوێ) بەکورتیو بەچڕی بریتییە لەوەی کەتورکیا دەبێ ڕۆڵێکی زیندوو و چالاکانە لەدەوروبەری خۆیدا ببینێت، واتە هەر لە دەریای ئەدریاتیکەوە تاشوورای چین، کەخۆرهەڵاتی ناوەڕاستیش دەگرێتەوە. واتە ئەو ناوچانەی رۆژێك لەرۆژان بەشێك بوون لەدەوڵەتی عوسمانی ، جگە لەکۆمارە ئیسلامیەکانی قەفقاسو ئاسیای ناوەڕاست. بیانووی (( عوسمانیەتی نوێ ))یش ئەوە بوو کە تورکیا ،پاش لێکهەڵوەشانەوەی یەکێتیی سۆڤێت کەوتە باری _خاڵی ناوەڕاستەوە ،کە ناکرێ تیایدا گیر بخوات و دەبێ بەرەو پێش چوون هەبێ و بەپەلە و لەڕێی ڕۆڵێکی ئیقلیمیانەی فراوانەوە ،ئەگینا گیر خواردن و وەستان لەسای ئەم گۆڕانکاریە جیهانیانەدا ،واتە پاشە کشێ و ڕووبەڕووبوونەوەی مەترسیی حەتمیانەی دابەش بوون و لاواز بوون .

کەواتە "عوسمانیەتی نوێ" دەرەنجامێکی گۆڕانی ئەو بارودۆخەیە کە قەوارەی کۆماری تورکیای تیا لەدایکبوو. ئەمەش تێپەڕاندنێکە بۆ یەکێك لە گرنگترین بیرۆکەکانی کەمالیزم لە سیاسەتی دەرەوەدا سەبارەت بە گۆشەگیری تاڕادەی دابڕان و خۆتێوەنەگلان لە کارو باری دەرەوەی سنوری وڵات بەپێی دروشمی "ئاشتی لەنیشتماندا، ئاشتی لەجیهاندایە " واتە مادامەکی تورکیا سەلامەت بێ ئەوا جیهانیش سەلامەتە . خۆ تێوە گلاندنی تەواوی تورکیاش لەدووەمین جەنگی کەنداو دا لووتکەی دەربڕین بوو لە وەلاوەنانی ئەو دروشمە.

گەر" عوسمانیەتی نوێ" بریتی بووبێت لە ڕەهەندی دەرەوەی ئەم فەلسەفە نوێیە، ئەوا ڕەهەندی ناوەوەشی خۆی لەوەدا بینییەوە کە "محەمەد ئەڵتان" مامۆستای زانکۆو هاوکاری چاندار لە ڕۆژنامەی "سەباح"دا، بیرۆکەی "کۆماری دووەم"ی خستە ڕوو کە بەکورتی بریتییە لە گشتگیر کردنی دیموکراسیو ئازادییەکان، لەنێویشیاندا مافی کەمایەتیەکان (بەپلەی یەکەمیش کوردەکان) لە گوزارشتکردن لە شوناسیان، هەروەها باڵا دەستکردنی مەدەنیەت لە کۆمەڵگاداو زاڵکردنی بەسەر ڕەوتی میلیتاریزمدا کە ڕەوتی زاڵ بووە بەسەر کۆماری یەکەمدا هەر لە دامەزراندنیەوە تا ئێستا.

ژمارەی ڕەخنەگران لە"عوسمانیەتی نوێ" لەناو تورکەکاندا زۆر نەبوو، بەڵام مەسەلەکە تەواو جیاواز بوو سەبارەت بەتێزەکانی "کۆماری دووەم" کەتیایدا

ئیسلامیەکان‌و مارکسیستەکان‌و کوردو "بەکرێگیراوانی بێگانە" (چ خۆرهەڵات‌و چ خۆرئاوا) تاوانبارکران بەوەی لەپشتیەوەن، چونکە ئەمە لەیەکێك لەوبنەما بنەڕەتیانەی دەدا کە ئەزموونی کەمالیزم لەسالآنی سەرەتایدا بەرهەمی هێنا تائەمڕۆش درێژەی هەبوو، ئەویش دامەزراوی سوپا بوو، کەپاسەوانی قەوارەو رژێمی تورکی‌و، پاسەوانی "کۆماری یەکەم" بوو.

هەمیشە مەسەلەی پاراستنی ئەو قەوارەیە بەسترا بۆوە بەرۆڵی کاریگەری سوپا لەژیانی سیاسیدا. "کۆماری دووەم"یش بەبانگەشەکردنی بۆدان نان بەمافە رۆشنبیری‌و سیاسیەکانی کەمایەتیەکاندا، لەروانگەی ئایدیۆلۆژیای رەسمیەوە بەپێشێلکردنێکی پرەنسیپی لۆزان دەژمێردرا کەدەڵێت لەتورکیادا کەمایەتی‌ی رەگەزی نی‌یە، بەڵکو کەمایەتی‌ی ئایینی‌و نائیسلامی هەیەو بەس.

لێدوان‌و وتوویژ لەسەر "کۆماری دووەم" بووە هۆی گەڵ مشتومڕی ئایدیۆلۆژی‌و ناسیونالی‌ی توندوتیژ، وێڕای ئەوەی کەبەرەو رووی هەڵوێستی تووڕەی دامەزراوی میلیتاری‌و ناسیونالیستە توندڕەوەکان بۆوە، رواڵەتێکی گوزارشتکەربوو لەرواڵەتەکانی گۆڕانی بەردەوامی رێبازەکانی بیرکردنەوە لەناو کۆمەڵگای تورکیدا، بەجۆرێك کەپرنسیپ‌و بنچینەکانی کەمالیزم چ لەناوەوەو چ لەدەرەوە دەخاتە بەرهەڵسەنگاندن‌و پێداچوونەوە، ئاسەوارە گرنگەکانی لەسەر نەخشەی تورکیاو چوارچێوە ئیقلیمیەکەی.

بە بیرۆکەی "عوسمانیەتی نوێ"و "کۆماری دووەم" تورکیا بنچینە سەرەتاییەکانی خۆی تێدەپەڕێنێ، گەر کۆتایی جەنگی ساردو هەرەسهێنانی بلۆکی کۆمۆنیستیش‌و لێکترازانی یەکێتی‌ی سۆڤێتیش نەبووایە، ئەمە رووی نەدەدا.

بەڵام لەسەر ئاستی ململانێی سیاسی‌و فیکریی ناوەوەش، هەرەسی ئایدیۆلۆژیای کۆمۆنیزم تورکیای لە دوالیزمی کێشمەکێشی نێوان راست‌و چەپ رزگارکرد، ئەو کێشمەکێشەی مۆرکی ژیانی سیاسی بوو لەشەستەکانداو، لەحەفتاکانیشدا توندوتیژتر بوو. گەرچی پاش کودەتای ١٢ی ئەیلولی ١٩٨٠ ئەو توندوتیژی‌یە هێور بۆوەو بارەکە بەبەرژەوەندیی راست شکایەوە، بەڵام بەیەکجاری لەنێو نەدەچوو گەرهەرەسی کۆمۆنیزم‌و سۆڤێت نەبووایە.

بەڵام نەمانی کێشمەکێشی راستو چەپ، کێشمەکێشێکیتری زەق کردەوە، کەلەبنەڕەتدا هەبوو، بەڵام بوو بەتەوەری ململانێی سیاسیو فیکری لەناو تورکیادا، ئەویش کێشمەکێشی نێوان ئیسلامیەکانو عیلمانیەکانە(بەتەواوی حیزبە راستو سۆسیال دیموکراتەکانەوە).

ململانێی ئیسلامی- عیلمانی دەشێ بەشێوەیەکی توند پەرەبسێنێت، بەتایبەتیش دوای ئەوەی دیارترین حیزبی سۆسیال دیموکرات کەئەویش حیزبی میللیی کۆمەڵایەتیی دیموکراتە (SHP) دەسبەرداری پەیڕەوو پرۆگرامی سۆسیالیستیانەی خۆی بوو، بەوەی کەقایلبوونی خۆی بۆتەواوی پرۆژەکانی راتەکاندن دەربڕی کەسەرۆکی حکومەتی (پێشوو) تانسۆچیللەر رایگەیاندو بە "بڕیارەکانی ٥ی نیسان" ١٩٩٤ ناسرا، بەمجۆرە متمانەی ئایدیۆلۆژیی خۆی لەدەست دا، تامەیدانی بیروباوەڕی دادپەروەریو سۆسیالیستی بۆ حیزبی رەفاهی ئیسلامی چۆڵ بێت.

ئەم گۆڕانەی بەسەر شێوەی ململانێی ناوەوەدا هات، بەتایبەتیش کەتەوژمی ئیسلامی لەم دووساڵەی دواییدا دەسەڵاتێکی زۆری پەیدا کرد، کاریگەریی لەسەر سەرجەم پێشکەوتنە کۆمەڵایەتیو رۆشنبیریو ژیاری (حضاري) یەکان لەتورکیادا دەبێو، هەروەها لەسەر بزاوتی ئیقلیمیو پەیوەندیيە دەولیەکانیشی. ئەمەش رووی نەدەدا گەر هەرەسی یەکێتی سۆڤیت (چ وەك ئایدیۆلۆژیاو چ وەك قەوارە) نەبووایە.

هەروەها تەقینەوەی "مەسەلە نەتەوەییەکان لەناوچەکانی دەوروپشتی تورکیاداو پاش لێکهەڵوەشانەوەی یەکێتیی سۆڤێت، کاریگەرییەکی زۆریان لەسەر تورکیا هەبوو، بووە هۆی جەمسەر بەندی ئیتنی (عرقي) لەنێوان تورکو کورددا. لەدەرکەوتەکانی ئەمەش ئەو رێژەی ٨٪ی کەحیزبی توندڕەوی بزووتنەوەی نەتەوایەتی لەهەڵبژاردنەکانی ٢٧ی ئادار/مارس ١٩٩٤ی شارەوانیدا بەدەستی هێنا، کە ئەمە لەچاوقەوارەی حیزبەکەدا رێژەیەکی زۆرە، لەکاتێکا زۆرینەی کوردەکان یان لایەنگیریی (رەفاه)یان کردو یان دەنگیان نەدا. کەرتبوونی بەردەوامی کۆمەڵگای تورکی لەسەر بنەڕەتی ئیتنی یەکێکە لەئاسەوارەکانی لێکهەڵوەشانەوەی یەکێتیی سۆڤێت.

## دووەم : کاریگەریی لێکهەڵوەشانەوەی یەکێتیی سۆڤێت لەسەر پێگەی تورکیاو ڕۆڵی ئیقلیمیی:

لێکهەڵوەشانەوەی یەکێتیی سۆڤێت بووە مایەی ئەوەی تورکیا ببێتە بەهێزترین دەوڵەت لەو ناوچەیەدا، چ وەك بارستایی گەورەی دانیشتووانیو تایبەتمەندێتییە جیۆ سیاسیەکانی، یان لەسۆنگەی ئەو دەرفەتە گەورانەی ئەو لێکهەڵوەشانەی سۆڤێت خستییە بەردەم گەشەسەندنی هێزی تورکی، چ وەك ئەو ڕۆڵەی دەیبینیّو چ وەك ئابووریيەکەی.

بێگومان یەکەمین دەرفەتیش کەوتنە ڕووی جیهانێکی تورکی بوو کەبۆماوەی حەفتاساڵ لەژووری سۆڤێتیدا دەستی بەسەردا گیرابوو، چ لەقەفقاسو ئاسیای ناوەڕاستو چ لەناو یەکێتیی سۆڤێتی ئێستا خۆیدا، کەئەمانە هەموو کۆمەڵێك پەیوەندیی ئیتنیو زمانەوانیو ڕۆشنبیریو ئایینیی هاوبەش بەتورکیاوە دەیانبەستێتەوە.

ئۆزال هەوڵیدا لەسەر تەرزی کۆمەڵەی وڵاتانی عەرەب ئەوانە هەموو لەژێر دەوارێکدا کۆبکاتەوە. بۆئەم مەبەستەش کۆمەڵێك دیدارو وەفدی سیاسیو ئابووریو ڕۆشنبیریو فێرگوزاری لەئاستە جیاجیاکاندا ئاڵوگۆڕکراو، سەرەنجام یەکەمین کۆنگرەی لوتکە لەمێژوودا بۆئەو ئامانجە بەسترا کەتیایدا سەرۆکی دەوڵەتە تورکەکان لەئەنقەرە لەکۆتایی مانگی تشرینی یەکەم/ ئۆکتۆبەری ١٩٩٢دا ئامادەی بوون. سەرەڕای ئەوەی هەنگاوەکانی تەباییو نزیکبوونەوە لەنێوان تورکیاو دەوڵەتە تورکەکاندا لەسەرەتاکانی ١٩٩٣ەوە بەتایبەتیش دوای لابردنی سەرۆك (ئەبولفەزڵ ئەلچی) لەسەر حوکم لەئازەربایجان(کەلایەنگری تورکیابوو) لەحوزەیران/ یۆنیۆی ساڵی ١٩٩٣دا، کۆسپو تەگەرە بەخۆیەوە دەبینیّ، بەڵام سەربەخۆیی ئەم دەوڵەتانەو جیابوونەوەیان لەیەکێتیی سۆڤێت دەرفەتێکی ئاڵتوونیی بۆتورکیا ڕەخساند تادەسەڵاتی باڵابێتو ڕۆڵێکی کاریگەر لەناوچەرگەی ئاسیادا ببینێت.

جگەلەوەی ئەم کۆمارە تورکیە نوێیانە سەرچاوەی هێزن بۆئابووری تورکیا. چونکە بوون بەبازارێکی گەورە بۆبەرهەمەکانی تورکیا، هەروەها سەرچاوەی کەرەسەی خاوی وەهان کەتورکیا ئەوپەڕی پێویستیی پێیانە، لەسەروو هەمووشیانەوە نەوتو گاز.

ئەگــەر ئــەو هێڵــی بۆریــی نــەوت و گازانــە کەپێشــنیازکرا لەقازاغســتان و تورکمانستان و ئازەربایجانـەوە بگاتـە بـەندەری جـەیحان لەکـەنداوی ئەسکەندەرونە لەسەر دەریای ناوەڕاست، دوای‌ئەوەی بەئێراندا تێدەپەڕێ‌و بەهێڵی باکۆ– جەیحان نـاودەبرێ، ئەگـەر رابکێشـرایە؛ هـێزێکی ئـابووریی گـەورەی بـەتورکیا دەبەخشـێ. لەوانەشە ئەو ڕایە راست بێ کەدەڵێ یەکێك لەئامانجەکانی لابردنی ئەڵچی بیە لەسـەر حوکم رێگـەگرتن بـوو لەجێبـەجێکردنی ئـەم پرۆژەیــەی کـەزیان بەبەرژەوەندییـەکانی رووسیا دەگەیەنێت.

هەروەها هەرەسی بلۆکی سۆسیالیستی‌و یـەکێتی سـۆڤێت لـەڕووی ئیقلیمیشـەوە ئاسۆی نوێی بۆ جموجۆڵ لەبـەردەم تورکیـادا کـردەوە. ئـەوە بـوو ئەنقـەرە (بێگومـان هەر بەدەسپێشخەریی ئۆزال) پرۆژەی دامەزراندنی ناوچەیـەکی هاریکـاریی ئـابووریی بۆئەو دەوڵەتانە پێشنیاز کرد کەلەدەریای رەشەوە نزیکن یا بەسەریدا دەڕوانن.

ئەم رێکخراوە لەڕێیدا بەرەو ئەوەی ببێتە رێکخراوێکـی ئیقلیمـی کـارا کۆمـەڵێك هەنگاوی گرنگی نا، لە نێو پرۆژەو خەونـەکانی تورکیاشـدا ئـەم پرۆژەیـەیان لەهـەموو ئەوانی دی واقیعیانەترەو زیاتر شیاوی سەرکەوتووییە.

ئۆزالیش لەگەشتەکەیدا بۆ هەندێ وڵاتی بەڵقان لەشوبات/ فبرایەری ١٩٩٣دا (واتە دوومـانگ بەرلەمـەرگی) هــەوڵیدا ناوچەیـەکی هاریکـاریی ئـابووریی تـر دابمــەزرێنێ کەتیایدا بولگاریـاو مـەکدۆنیاو ئـەلبانیاو بۆسـنەو کرواتیـاو تورکیـا ئـەندام بن، وەکـو قۆناغی یەکەمیش ئامانجی پێکەوە گرێدانی ئەم وڵاتانە لەڕێی تۆڕی پێشکەوتووی پەیوەندیکردن و هاتووچۆوە، بۆئەم مەبەستە هێڵێکـی زەمینـی‌ی نوێش دروستبکرێ کە لە ئەستەموولەوە تاتیرانای سەر دەریای ئەدریاتیك بڕوات.

وەزیــری دەرەوەی تورکــی (پێشــوو)یــش (واتــە حیکمــەت چــەتین) لەیــەکێك لەسەردانەکانیدا بۆ هەندێ لەوڵاتانی بەڵقان ئەو پرۆژەیەی وروژاندەوە.

بەرامبـەر ئـەم فاکتـەرە ئیجابیانـە لەسـەر پێگــەی تورکیـا کــەدوای هەڵوەشـانەوەی یەکێتـی‌ی سۆڤێت هاتنەگۆڕێ، کۆمەڵێك فاکتەری سەلبی‌و فرەترسناکیش پەیدا بوون کەکاریگەرییان لەسەر پێگەی تورکیا هەیەو، گەرهەرەسی یەکێتی‌ی سۆڤێت نەبووایە ئەم فاکتەرانەش پەیدا نەدەبوون.

كۆتاییـهاتنی جـه‌نگی سـاردو لێكهه‌ڵوه‌شـانه‌وه‌ی یـه‌كێتـی‌ی سـۆڤێت ده‌زگاكـانی په‌یوه‌ندییـه‌كانی ده‌ره‌وه‌ی توركیـای دووچـاری شـڵه‌ژانێكی گـه‌وره كـردو، توركیـای خسته به‌رده‌م كۆمه‌ڵێك هه‌ڵبژاردنی دژوارو شیمانه (احتمال)ی نادیاره‌وه.

لـه نێـوان كۆمۆنـیزمی دراوسـێ‌ی بـاكوور (كه‌لـه‌ڕووی جوگرافـی‌و سیاسـیه‌وه، خۆرهـه‌ڵات‌و خۆرئاواشـه)و نـاكۆمۆنیزمی، توركیـا بـه‌بێ هیـچ دوودڵیـه‌ك دووه‌میـان هه‌ڵده‌بژێرێت.

به‌ڵام له‌نێوان مه‌ترسییه‌كی ئاشكراو دیاریكراوو نه‌گۆڕدا كه‌په‌نجا سـاڵه هه‌یـه‌و ئه‌ویش مه‌ترسـی‌ی كۆمۆنیزمـه‌و، لـه‌نێوان كۆمـه‌ڵێك مه‌ترسـیدا كه‌له‌یـه‌كدی جیـان‌و هه‌ریه‌كه‌یان بارودۆخ‌و گرفت‌و كاریگه‌ریی  راسته‌وخۆی خۆی هه‌یه، توركیا ناتوانێ نیگه‌رانیی تونـدی خـۆی له‌ئاسـت ره‌نگدانـه‌وه‌ی سـه‌لبی‌ی ئـه‌و مه‌ترسـییانه له‌سـه‌ر قه‌واره‌ی توركی بشارێته‌وه، ئه‌و مه‌ترسییانه‌ش بریتین له: كێشه‌ی ئه‌رمه‌ن‌و، كێشـه‌ی كوردو، به‌ڕاده‌یـه‌كی كـه‌مترێش قـه‌یرانی بۆسـنه(بـه‌و سـیفه‌ته‌ی كه‌مكردنـه‌وه‌ی رۆڵـی ئیسلامی‌و توركی‌یه له‌به‌ڵقانداو گورز وه‌شاندنه  له‌متمانـه‌ی توركیا وه‌كو "براگـه‌وره" یه‌ك).

هـــه‌موو ده‌زانـــن كه‌كۆســـپی ســـه‌ره‌كی له‌بـــه‌رده‌م پتـــه‌وكردنی په‌یوه‌ندی‌یـــه دیپلۆماسیه‌كانی توركیـاو ئـه‌رمینیادا، ئه‌وه‌یـه كـه ئـه‌رمینیا داوای ئـه‌و زه‌وییانـه ده‌كاتـه‌وه كه‌لـه‌ڕووی مێژووییـه‌وه بـه‌هی خۆیـان ده‌زانـن‌و ئێسـتا ده‌كه‌ونـه ناوخـاكی توركیـاوه، هـه‌روه‌ها داوا لـه‌توركیا ده‌كـات كه‌بـه‌ڕه‌سمی دان بـه‌و كوشـتارانه‌دا بنـێ كه‌له‌ساڵی ١٩١٥دا دژ به‌ئه‌رمه‌نیه‌كان ئه‌نجامیاندا.

داوای یه‌كه‌میان به‌ئاشكرا گه‌وهه‌ری ناكۆكی نێوان ئـه‌و دوو پرۆژه‌یه دیاریده‌كات كه‌ئه‌گه‌ر لێكهه‌ڵوه‌شانه‌وه‌ی یه‌كێتی‌ی سۆڤێت نه‌بووایه به‌ده‌ر نه‌ده‌كه‌وت،  كه‌ئه‌وانیش پرۆژه‌ی ئه‌رمینیای گه‌وره‌و پرۆژه‌ی توركیای گه‌وره (یان پرۆژه‌ی تۆرانیزم)ن.  ئـه‌وه‌ی له‌قه‌فقاسـیش رووده‌دات‌و داگـیركردنی هـه‌ندێ زه‌ویـی ئـازه‌ری له‌لایـه‌ن هێزه‌كـانی ئه‌رمینیاوه، به‌ڕاده‌یـه‌ك كه‌سنووری قه‌ره‌باغیش ده‌بـه‌زێنێ وه‌كو خۆیـان له‌نه‌خشـه‌دا ده‌یكێشن‌و ده‌گاته‌وه به‌سنووری ئێران، نیشانه‌ی ئه‌وه‌یه كه‌پرۆژه‌ی ئه‌رمه‌نی وه‌همێك یـان تـه‌كتیكێك نی‌یـه. هـه‌روه‌ها پێشـنیازی حیكمـه‌ت چـه‌تینیش كـه‌وه‌زیری ده‌ره‌وه‌ی توركیایـه، بـۆ ئـاڵوگۆڕی زه‌وی‌و زار لـه‌نێوان ئازه‌ربایجـان‌و ئـه‌رمینیادا؛ بـه‌جۆرێك

کەڕێگایەکی هەمیشەیی لەنێوان ئەرمینیاو قەرەباغدا دابین بکرێ، بەرامبەر ئەو ڕێگایەی کەنەخچەوان (کەسەر بەئازەربایجانەو لەڕووی جوگرافیەوە لێی جیایە، بەڵام لەپاڵ سنووری تورکیادایە)و ئازەربایجان پێکەوە دەبەستێتەوە، پێشنیازێکە گەر ئەنجامبدرێ مانای دروستکردنی پەیوەندییەکی هەمیشەییە لەنێوان تورکیاو کۆمارە ئیسلامی- تورکیەکانداو ئەمەش هەنگاوێکی گرنگە بۆ خڕکردنەوەی "دایك"و "ڕۆڵەکانی".

سەرهەڵدانەوەی کێشەی ئەرمەن تورکیا دەخاتەوە بەردەم کۆمەڵێك شیمانەی دابەشبوون، کەئەویش تیایدا هەوڵدەدات یەکێتیی خاكو گەلەکەی بپارێزێت. ئەم شیمانانەش نەدەهاتنە ئاراوە گەر لێکهەڵوەشانەوەی یەکێتیی سۆڤێت نەبووایە، کەبووە مایەی سەرهەڵدانی کێشەیەکی تری وەك کێشەی ئەرمەن، بەڵکو لەویش ترسناکتر، کەئەویش کێشەی کوردە.

کێشەی کوردیش هەر لەکۆتاییەکانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیەوە لەتورکیادا هەبووەو، لەسەردەمی کۆماریشدا هەر وەکو خۆی ماوەتەوەو، چەندین ڕاپەڕین ئەنجامدراوەو سەرکوتکراون. بەڵام ڕۆژێك لەڕۆژان ئەم کێشەیە وەکو ئەمڕۆ مەترسیی لەسەر قەوارەی تورکی دروست نەکردووە.

ئەوەبوو وەك دەرئەنجامێکی شەڕی دووەمی کەنداو لەباکووری عێراقدا دەوڵەتێکی بچووکی کوردی دامەزراو لەڕۆژی ٤ی تشرینی یەکەم/ ئۆکتۆبەری ١٩٩٢دا ڕاگەیەنرا. تورکیاش چەند لێدانی ملۆزمە ئیقلیمیەکەی (واتە عێراق) پێ خۆش بوو، هێندەش نیگەرانی بەرەو پێشچوونی ڕووداوەکان بوو لەباکووری عێراق کەبەئاڕاستەی ڕەخساندنی هەلومەرجو بارودۆخی پێویست بۆ کامڵکردنی بونیادی دەوڵەتێکی بچکۆلە بۆکورد دەچوو. چونکە جێی گومان نییە کە دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی لەباکووری عێراقدا چ کاریگەرییەکی بۆسەر باری کوردەکانی تورکیا دەبێت.

هەروەها لێکهەڵوەشانەوەی یەکێتیی سۆڤێت بووە هۆی لقو پۆپ لێبوونەوەی مەسەلەی کورد لەنێو تورکیادا، کەئەگەر ئەو لێکهەڵوەشانەوەیە نەبووایە ئەوەش ڕووی نەدەدا. ئەوەبوو دوای حەفتا ساڵ بۆ یەکەمجار مۆسکۆ پەیوەندیی ئاشکرای لەگەڵ ئەو حیزبەدا بەست کەدژ بەدەوڵەتی تورکیا دەجەنگێت، ئەویش پارتی

کرێکارانی کوردستان PKKەو، باڵیۆزی پێشووی روسیا لەئەنقەرە لەپێشێلکردنی داب و نەریتی دیپلۆماسی سڵ ناکاتەوەو لەساڵی ١٩٩٣داو لەمینبەری رۆژنامەیەکی تورکیەوە بانگەشە بۆدامەزراندنی فیدراڵی وەك یەکێتیی روسی لەنێوان تورکەکان و کوردەکانی تورکیادا دەکات. فاکتەری نوێی روسیش لەکێشەی کورد لەتورکیادا، کەبەرلەهەرەسی سۆڤێت لەگۆڕێ نەبوو؛ دەبێتە مایەی زیاتر ئاڵۆزکردنی ئەم کێشەیەو مەترسییەکانی لەسەر قەوارەی تورکی.

لەشوێنێکی تری خۆرهەڵاتی ناوەڕاستیشدا، بەئاشکرا ئاسەواری لێکهەڵوەشانەوەی یەکێتیی سۆڤێت لەسەر پەیوەندییەکانی تورکیاو سوریاو دەبینینەوە، سوریا بە لە دەستدانی چەتری سۆڤێتی هۆکارێکی گرنگی خۆپاراستنی ئیقلیمیی لەدەست دا، لەوانەش پەیوەندییەکانی لەگەڵ تورکیادا. خۆئەگەر دەسپێکردنی وتووێژەکانی ئاشتیی نێوان عەرەب- ئیسرائیل نەبووایە؛ کەسەرگرتنی سەرلەنوێ دەبێتە هۆی تێکەڵکردنەوەی ئەوراقەکان لەپەیوەندییەکانی تورکیا-سوریادا، ئەوا تای تەرازووەکە بەلای بەرژەوەندیی تورکیادا دەشکایەوە. سەرگرتنی رەوتی ئاشتی لەخۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا وا لەدیمەشق دەکات لەپەیوەندییەکانی لەگەڵ تورکیادا توندتر بێت.

لەبەرئەوە پێدەچێت تورکیا لەپێشبڕکێدا بێت لەگەڵ زەمەنداو، هەوڵدەدات بەرلەئیمزاکردنی دوا رێکەوتنامەی ئاشتی لەنێوان سوریاو ئیسرائیلدا؛ زۆرترین دەسکەوت لەسوریا بەچنگ بهێنێت، لەوانەش پەلەکردنی لەجێبەجێکردنی پرۆژەی "گاپ"و گوشار خستنە سەر سوریا بۆمەسەلەی کورد.

بەرەو پێشچوونەکانی پرۆسەی ئاشتی لەخۆرهەڵاتی ناوەڕاستداو ئیمزاکردنی رێکەوتنامەی غەزە- ئەریحا کەبەرێکەوتنی ئۆسلۆ لەئەیلولی ١٩٩٣دا دەناسرێ، بووە مایەی ئاسوودەیی دەزگاکانی پەیوەندییەکانی دەرەوەی تورکیا کە لە نەخشەی سیاسیدا بۆ ناوچەکە بەدەست فاکتەری "حساباتی وردو ئاڵۆز"ی هاوسەنگیی نێوان عەرەب- ئیسرائیلەوە دەینالاند. ئەمەش فاکتەرێکە لایەنێکی جووڵانەوەی تورکیاو کاریگەریی لەناوچەکەدا ئیفلیج دەکرد.

ئیمزاکردنی ڕێکەوتنامەی غەزە- ئەریحا بەیەکجاری هاندەری سڵەمینەوەی لای تورکیا سڕییەوە لە نەخشەکێشانیدا بۆ سیاسەتی خۆی بەرامبەر عەرەب و ئیسرائیل و، ئەمەش بوارێکی فراوانتری لە گۆڕانکارییە نوێکاندا بۆ دەڕەخسێنێت.

## سێیەم: کاریگەری لێکهەڵوەشانەوەی سۆڤێت

## لەسەر پێگەی تورکیا لە دەستەگەرییە جیهانییەکاندا:

تورکیا هەر لەسەرەتای پەنجاکانەوە، واتە لەو کاتەوەی چووە پەیمانی باکووری ئەتڵەسییەوە؛ پرۆژەی تایبەتی خۆی نەبوو.

لە چوارچێوەی ئامانجەکانی پەیمانی ئەتڵەسیدا جوولانەوەی ناوخۆیی و ئیقلیمی و هەروەها جیهانیی لەڕووی سیاسیو عەسکەرییەوەو بەرامبەر بە دوژمنێکی سەرەکی کە ئەویش یەکێتیی سۆڤێت و بلۆکی کۆمۆنیزم بوو؛ ڕێك خست، چونکە تورکیا لەم ڕووبەڕووبوونەوەیەدا ڕۆڵێکی سەرەکی و بنچینەیی هەبوو.

نەمانی مەترسیی کۆمۆنیزم لە سەرێکەوە ئەم بایەخە(ئەتڵەسیە)ی تورکیای خستە پەراوێزەوە و، لە سەرێکی تریشەوە ڕێی لەبەردەم هەندێ هێزی جیهانی و ئیقلیمی تردا خۆشکرد کە هەوڵبدەن ببنە میراتگری کۆمۆنیزم، وەك چۆن ئەوە لە بەڵقان و ئەورووپای خۆرهەلات و ناوەڕاست و هەروەها لە قەفقاس و ئاسیای ناوەڕاستدا ڕوویدا. لەم چوارچێوەیەشدا دوودەوڵەت قوت بوونەتەوە کە پەیوەندییان بە مەسەلەی تورکییەوە هەیە، ئەوانیش بریتین لە: ئەڵمانیای یەکگرتوو؛ کە بەهێزێکی فرەوە خۆی فڕێداوەتە ناو گۆڕەپانی جیهانیەوە، لەگەڵ ئێران کە هاوسنوورن و پەیوەندیی ژیاری و یەکئاییینی بە ئاسیا و قەفقاسەوە دەیانبەستێتەوە.

لێکهەڵوەشانەوەی یەکێتیی سۆڤێت پەیوەندییەکانی تورکیا - ئەڵمانیای خستە بارێکی گرژ و ناکۆکەوە، ئەمە لەکاتێکا بۆ ساڵانێکی زۆر ئەو پەیوەندییانە باش و لەبار بوون. ئەو ناوچانەی کە ئەڵمانیا چاوی تێبڕیون؛ هەمان ئەو ناوچانەن کەتورکیاش دەیەوێ ڕۆڵی خۆی تیایاندا ببینێ، وەکو بەڵقان و ئاسیای ناوەڕاست.

ئەڵمانیاش وادەڕوانێتە تورکیا کە کۆسپی گەورە و ڕکابەری سەرەکیە لەبەردەم فراوانکردنی قەڵەمڕەویدا لەم دوو ناوچەیەدا.

هەروەها سەربەخۆبوونی کۆمارە ئیسلامیەکان لە ئاسیای ناوەڕاست و قەفقاسدا بەهەمان شێوە پەیوەندییەکانی تورکیا – ئێران ی خستە قۆناغێکی پڕ لەگرژی و کێبەرکێوە لەسەر بەلای خۆدا ڕاکێشانی ئەو کۆمارانە. خۆئەگەر لایەنێکی ئەم کێبەکێیە پەیوەندیی ڕووتی بە تورکیا خۆیەوە هەبێت و مایەی بسکەی سمێڵی ئەوانەبێت کە خەون بە تورکیای گەورەوە دەبینن، ئەوا لەلایەکی ترەوە جووڵانەوەکانی ئەنقەرە لە ئاسیادا لە بنەڕەتدا دەبێتەوە بە بەشێك لە ستراتیژیەتی ئەمریکی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ڕێبازە ئسولیەکان و بەرگرتن لە بڵاوبوونەوەیان لە ئاسیای ناوەڕاستدا و، هەروەها گەمارۆدانی ئێران. ئەم ململانێ ی بەرژەوەندی و قەڵەمڕەو خوازییەش ڕوونکەرەوەی لایەنێکی ئەو هاوئاهەنگیەی نێوان ئەڵمانیا–ئێرانە لە ئاسیای ناوەڕاستدا، بەرامبەر هاوئاهەنگی ی نێوان ئەمریکا–تورکیا–ئیسرائیل.

بەڵام لەسەر ئاستی ئەوروپاییش، لێکهەڵوەشانەوەی یەکێتی ی سۆڤێت و هەرەسی بلۆکی کۆمۆنیزم و دەستپێکردنی سەردەمی ئابووریی بازاڕ و دیموکراسی لەلایەن دەوڵەتەکانی ئەوروپای خۆرهەڵاتەوە، کاریگەرییەکی بەرچاوی کردە سەر جووڵانەوەی ئەوروپایی تورکیاو بەتایبەتیش لەسەر ئارەزووی تورکیا بۆ چوونەڕیزی "یەکێتی ی ئەوروپا"وە. تورکیا کەلە ڕێکەوتنامەی ئەنقەرە ١٩٦٣وە هەوڵدەدات ببێتە ئەندامێکی تەواوی کۆمەڵەی ئەوروپایی، بەرەو ڕووی ئەوە بۆوە کە یەکێتی ی ئەوروپا شیاویی بوون بە ئەندامی نوێ ی دا بە دەوڵەتانی ئەوروپای خۆرهەڵات، کە پێشتر کۆمۆنیست بوون و، بەمجۆرە ئەم دەوڵەتانە ئەو دەورەیان لە تورکیا"دزی" بۆ خۆیان و دەبێ ماوەیەکی زۆری دی تێپەڕێت تا سەرلەنوێ دەوری تورکیا دێتەوە.

نائومێدیی ئەنقەرە لەوەی زوو ببێتە ئەندامی"یەکێتی ی ئەوروپا" (کە لانی کەم لەوانەیە تا دوو دەهەی دی بخایەنێت) بووە مایەی وتووێژی گەرم لە ناو تورکیادا سەبارەت بە کەڵکی ئەو هەوڵانە بۆ چوونە ناو یەکێتی ی ئەوروپاوە. لەوانەشە بەدەستهێنانی زۆرینەی دەنگ لەلایەن ئیسلامیەکانەوە لە هەڵبژاردنەکانی شارەوانیدا(لە ئاداری١٩٩٤)داو لایەنگیریی خۆرئاوا، بە تایبەتیش یەکێتی ی ئەوروپا لە سربەکان دژبە موسڵمانەکانی بۆسنە ببنە پشتگیرییەك بۆ ئەوانەی داوادەکەن تورکیا بە یەکجاری دەسبەرداری هەوڵەکانی بێت بۆ چوونە ڕیزی"یەکێتی ی ئەوروپا"وە.

## ٢-سێ بازنەکەی تورکیا

لەوەتەی جەنگی سارد کۆتایی هاتووە و، بلۆکی سۆسیالیستی هەرەسی هێناوە، هێزە جۆراوجۆرەکانی ناوتورکیا هەوڵدەدەن ئاگاداری ئاسۆی گۆڕانکارییە جیهانیەکان بن، بەمەبەستی پەیبردن بەو پێگە راستەقینەیەی کەپێویستە تورکیا لەسیستمی نوێی جیهانیدا داگیری بکات، بەتایبەتیش لەسەر ئاستی ئیقلیمی.

لەکاتێکا تورکیا جاران و بۆسالآنێکی زۆر بەتەنها ئەندامێك(ی سەر بەلایەنێك) بوو لەپەیمانی باکووری ئەتڵەسیدا بەرامبەر دوژمنێکی دیاریکراوو تەنیا کەئەویش یەکێتی سۆڤێت و پەیمانی فرسۆفیا بوو، ئێستا خۆی لەپێگەیەکی تەوەرەییدا دەبینێتەوە بەرامبەر بەگۆڕانکارییەکان. چەند رەوتی رووداوەکانی لەبەڵقان و یۆگوسلاڤیادا لاگرنگە، ئەوەندەش وا لەناو جەرگەی ناکۆکیە سەختەکەی قەفقاسدا لەنێوان ئازەربایجان و ئەرمینیادا لەسەر کێشەی قەرەباغ، جگە لەوەی کە رووداوەکانی باکووری عێراقیش کاریگەرییەکی راستەوخۆی لەسەر بارودۆخی ناوخۆی تورکیا هەیەو، هەروەها تورکیا ناتوانێ لەو ململانێیە بکشێتەوە لەسەر دەسەڵات لەکۆمارە ئیسلامیی و تورکیەکانی ئاسیای ناوەڕاستدا بەمجۆرە تورکیا کەوتۆتە ناو کۆمەڵێك هەڵبژاردنەوە، چ لەخۆرهەڵات و خۆرئاواداو، چ لەباکوورو باشووردا. ئەمەش ئەو ئەرکە قورستر دەکات کەوا لەئەستۆی تورکیاداو، وا لەتورکەکان دەکات، هەروەکو وەزیری دەرەوەیان حیکمەت چەتینیش دەڵێت، وڵاتەکەیان بە"دەوڵەتێکی گەورە" لەقەڵەم بدەن، هەربۆیە پێویستە "سیاسەتێکی گەورە"ش بگرنەبەر.

تورکیا هەر لەدامەزراندنی کۆمارەوە تیایدا لەساڵی ١٩٢٣، لەسیاسەتی دەرەوەیدا پەیڕەویی لەدروشمە بەناوبانگەکەی مستەفا کەمال دەکرد"ئاشتی لەنیشتماندا، ئاشتی لەجیهاندا" واتە مادامەکی لەناوخۆدا ئاشتی بەرقەرارە. کەواتە لەدەرەوەشدا بەرقەرارە. ئەم سیاسەتی گۆشەگیریە تورکیای والێکردبوو ببێتە "دەوڵەتێکی

پـەراوێزی" یـان "دەوڵـەتێکی سـێبەر"، بـەڵام دوای نـەمانی ئـەو تاقـە ڕۆڵـەی کەبـەدرێژایی سـاڵانێك تورکیـا پـێی قـایل بووبـوو وەك "پاسـگایەکی ئەتڵەسـی" بەرامبـەر بلۆکـی شیوعی، ئـەو "ئێشك"ی کرانەوەیە بـەڕووی دەرەوەدا ڕەوی‌یـەوەو، تورکـەکان لـەناکاودا بۆیـان دەرکـەوت کەوڵاتەکـەیان کۆمـەڵێك تایبەتمـەندێتی‌ی جوگرافی‌و مـەدەنی‌ی وەهـای هەیـە کەکردوویانـە بەوڵاتێکی دانسـقە، ئەمـەش پـاش ئەوەی یەکێك لەدوو جەمسەرە جیهانی‌یەکە لەگۆڕەپاندا نەماو دەیان دەوڵەت جێیان گرتـەوە، چ لەبـەڵقان‌و خۆرهـەڵاتی ئـەورووپاو دەورووبـەری دەریـای ڕەش‌و قـەفقاس‌و ئاسیای ناوەڕاستدا. بەمجۆرە تورکەکان پـەییان بـەوەبرد کـەتورکیا لەهـەمان کـاتدا دەوڵـەتێکی ئـەورووپایی‌و ئاسیاییشـە، بـەڵقانی‌و قەفقاسـی‌یەو سـەر بەخۆرهـەڵاتی ناوەڕاستیشە، سەر بەکۆمەڵە وڵاتانی دەریای ڕەش‌و کۆمەڵە وڵاتانی دەریای سپی‌ی ناوەڕاستیشـە، جگەلـەوەی کەدەوڵـەتێکی "جیـهانی تورکـی"ی نـوێ‌و هـەروەها دەوڵەتێکی جیهانی ئیسلامیشە، لەیەك کاتدا هەموو ئەمانەیە. ئەم تایبەتمەندێتی‌یە کۆمەڵێك لایەنی باشی وەهای هەیە کەدەشێ تورکیا بکات بەدەوڵـەتێکی ئیقلیمی‌ی گـەورە، ئەگـەر بەوریاییـەوە ڕەفتـار بکـات. ئـەگینا بەپێچەوانـەوە ئـەو لایەنـە باشـانە دەگۆڕێن بۆ لایـەنی خـراپ‌و دەبنـە هـۆی قووڵکردنـەوەی قـەیرانی شوناس‌و ئینتیما، تادەگاتە شێواندن‌و فەوتان.

قـەیرانی گـەڕان بەدوا شوناسێکی دیـاریکراودا بۆتورکیـا، پـاش حـەفتا سـاڵ لـە دامـەزراندنی کۆمـار، لـەختوورەکانی تۆژەرو ڕۆژنامەنووسـی تورکـی شاهین ئـەلبای‌دا بەڕوونی دەردەکەوێ، وەختێ دەپرسێت:

"ئایا تورکیا لەم سێ دەهەیەی ئایندەدا دەبێ بەئەندامێکی "کۆمەڵەی ئەورووپی"، یان لەڕێی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە دوور لەئەورووپا پەیوەندییەکانی خۆی پەرەپێدەدات؟ ئایا گۆڕانکاری لەسەمتە سەرەکیەکانی سیاسەتی دەرەوەی تورکیادا ڕوودەدات؟ ئایـا تورکیـا دەبێتـە دەوڵـەتێکی ئیقلیمـی‌ی دوور لـەکامڵبوونی لەگـەڵ ئەورووپادا؟

ئایا یەکێتی‌یەکی کۆنفیدراڵی تورکی دێتە گۆڕێ؟ ئایـا پەیوەندییـەکانی لەگـەڵ جیهانی ئیسـلامیدا توندوتۆڵ دەکات‌و دەبێتـە بەشـێك لـە یەکێتی‌یـەکی ئیسـلامی‌ی بەهێز؟ ئـەلبای وەڵامی ئـەم پرسیارانە بەمجۆرە دەداتـەوە: "لەوانەیـە یـەکێك لەمانـە بێتەدی‌و، لەوانەشە هیچیان نەیەتە دی"[1]!

---

[1] بڕوانە گفتوگۆ لەگەڵ حیکمەت چەتین دا، لەڕۆژنامەی "تورکیا"دا ١٩٩٢/٤/١١.

## سێ بازنەکە

پسپۆری ئابووریناسی تورك سینجەر دیڤیچ ئۆغڵو وایدەبینێ کەتورکیا دەکەوێتە ناوەڕاستی بونیادێکی سیاسی- جوگرافیی لەمجۆرەوە:

١ـ یەکێتیی مەسیحی کەلەئەتڵەسییەوە تا ئۆراڵ درێژ دەبێتەوەو ڕوسیاو جۆرجیاو ئەرمینیاو هەروەها لەباشووریشەوە ئیسرائیل دەگرێتە خۆی(چونکە خۆرئاوای مەسیحی ئیسرائیلیش بەبەشێك لە ژیاری خۆی دەزانێت).

٢ـ ئەو کۆمارە تورکیە نوێیانەی کەپاش هەڵوەشانەوەی یەکێتیی سۆڤێت هاتنە ئاراوە.

٣ـ پشتێنەی ئیسلامی کەخۆرهەڵاتی عەرەبیو ئێرانو پاکستان دەگرێتەوە.

جالەبەر ئەوەی تورکیا کەوتۆتە ناوەڕاستی ئەم سێ بازنەیەوە، دەتوانێ رۆڵێکی سیاسیو ئابووریی زۆر گرنگ ببینێت[٢].

### ١ـ بازنەی ئەوروپی

تورکیا هەرلەسەرەتای شەستەکانەوە هەوڵدەدات ببێتە ئەندامێکی "کۆمەڵەی ئەوروپی". لەکاتێکا کۆمەڵێك وڵاتی ئەوروپی، یەك بەدوایەك، دەبنە ئەندام لەو کۆمەڵەیەدا، تورکیا هێشتا چاوەڕوانی ئەنجامی ئەو داواکاریەیەتی کەپێشکەشی کردووەو لەوەش دەچێت بەو زووانە قبووڵی نەکەن. ئەم رەتکردنەوەیەش وای لەتورکیا نەکردووە کەلەو ئارەزووەی ساردبێتەوە.

بەڕای رۆژنامەوانی ناسراو ئیلهان سەلجوق بیرکردنەوە لە تورکیا لەدەرەوەی ئەوروپادا دوو سەد ساڵ دەیباتە دواوە: "بوارەکانی بەلای خۆدا راکێشان لەدەرەوەی ئەوروپادا زۆر کەمە، ئیدی بمانەوێو نەمانەوێو، بۆبەرژەوەندیی مێژوومان، بواری بەلای خۆدا ڕاکێشان بەنیسبەت تورکیاوە هەر ئەوروپایە"[٣].

ئەوروپا لەسەدەی نۆزدەیەمەوە جێی سەرنجی دەستەبژێر(نوخبە)ی تورك بووە. تادوێنێی نزیکیش سیحرێکی رۆشنبیرییانەو گەشتوگوزاریانەی هەبوو، مانای ئۆپێراو مۆسیقای کلاسیکیو



---

[٢] "جمهوريت" ١٩٩١/٤/٩.

[٣] هـ. س.پ.

بەڵام ئێستا ئەوروپا سەنتەری پیشەسازیو ئابووریو فیکرییە.

گەرچی هەڵبژاردنی ئەوروپا وەکو سەنتەرێکی سەرنجڕاکێشان شتێکەو، چوونە ناو "کۆمەڵەی ئەوروپی"یشەوە شتێکیترە.

ئێستا ئەوانەی دەڵێن لەمساڵانەی داهاتوودا توركیا دەبێتە ئەندامێکی تەواوی "کۆمەڵەی ئەوروپی" کەمینەن، لەکاتێکا نیمچە کۆکبوونێک یان قەناعەتێکی "نائاشکرا"[٤] هەیە کە توركیا هەرگیز نابێتە ئەندامێکی تەواو لە کۆمەڵەی ئەوروپیدا. ئەمەش دەگەڕێننەوە بۆ دوو هۆی سەرەکی:

**ا-هەڵاوسانی ژمارەی دانیشتووان:**

ژمارەی دانیشتووانی توركیا ئەمڕۆ ٦٠ملیۆن کەسە. واش چاوەڕوان دەکرێ پاش سی ساڵ ئەو ژمارەیە بگاتە ١٠٠ملیۆن.ئەم ژمارە زۆرەش مایەی نیگەرانیی ئەوروپایە، چونکە گەر بێتو توركیا ببێتە ئەندامی کۆمەڵەی ئەوروپی، ئەوسا ناچار دەبێ بیمەی کار بۆ تەواوی ئەوانە دابین بکات. سیاسەتمەداری توركی خلوق ئۆزداڵگا دەپرسێت:

چی ئەڵمانیا و فەرەنسا و بەریتانیا ناچار دەکات بیمەی کار بۆ سەد ملیۆن کەس دابین بکەن؟ لە کاتێکا ئیلهان تیکیللی لەو باوەڕەدایە نیگەرانیی کۆمەڵەی ئەوروپی لە نەبوونی هاوسەنگی دانیشتووان دەرەوێتەوە ئەگەر ڕێژەی زاووزێ و زۆربوون لە توركیادا ببێ بە ١,٥ لەسەدا[٥].

**ب- جیاوازی ژیاری:**

ئەوانەی تائێستا لە کۆمەڵەی ئەوروپیدا ئەندامن، کۆمەڵێك دەوڵەتی مەسیحین. تاقە دوودەوڵەت کە مەسیحی نەبن و داواکارییان بۆ بوونە ئەندام پێشکەش کردبێت، بریتین لە توركیا و مەغریب. بیانووی ڕەتکردنەوەی داواکارییەکەی مەغریب لەلایەن

---

[٤] هـ. س. پ.

[٥] یەکێك لەو نموونانەی کەبەڵگەی ئەم قەناعەتە شاردراوەیە، ئەوەیە کەهەندێ ڕۆژنامەی توركی بڵاویانکردەوە گوایە هەندێ وەزیری تورك بەوەزیری دەرەوەی فەرەنسا (ڕۆلان دۆما)و وەزیری دەرەوەی بەریتانیا(دۆگلاس هێرد)یان وتووە(لەکاتی سەردانیاندا بۆئەنقەرە لەنیسان/ ئەپریلی ١٩٩٢ دا) توركیا دەیەوێ واز لەو داواکارییەی بۆچوونە نێو (کۆمەڵە)وە بێنێت، کەلەساڵی ١٩٨٧دا پێشکەشی کرد.

ئەوروپاوە فاکتەری جوگرافی بووە، گوایە مەغریب دەوڵەتێکی ئەفریقییە، نەک ئەوروپی.

بەڵام بە نیسبەت تورکیاوە، گەرچی هەندێ لە زەوییەکانی دەکەوێتە ئەوروپاوە،ئەوروپییەکان هێشتا وەکو وڵاتێکی ئاسیایی تەماشای دەکەن، بەڵکو کەسانێك هەن دوورتر دەڕۆن و دەڵێن کە"زێدی سروشتی"ی تورکەکان دەشتەکانی ئاسیای ناوەڕاسته. ئەو حەزەی ئەوروپا بۆبینینی تورکەکان لەدەرەوەی ئەوروپاداو بەو جۆرەش کەڕۆژنامەی "دەیلی میل" لە٢٣/١١/١٩١٤دا کاتی خۆی گوزارشتی لێ کردبوو: (هیچ گومانێکمان لەنەمانی زەوی و زاری عوسمانیەکان لەئەوروپادا نەماوە، ئەو زەوی و زارەی بەزەبری شمشێر زەوت کرا )[٦] لەم دوا دەهەیەی سەدەی بیستدا هێشتا هەروەکو خۆی ماوە، ئەوەبوو یۆنانیش ئەو حەزەی بەوە دەربڕی کەداوایکرد تورکەکان لەو بەشە ئەوروپییە دەربکرێن و، ئەو بەشە ئەوروپییەش، هەروەها ئەستەموول و ئەزمیرو هەندێ ناوچەی تری (ئاسیا)ش بە" زەوی و زاری زەوتکراو" لەقەڵەم بدرێن، ئەمەش بکرێتە بۆنەیەك و هەموو ساڵێك لە١٤ی ئەیلول/ سیپتەمبەردا یادی بکرێتەوەو ئەو رۆژەش ناوی لێ بنرێ "رۆژی زەوی و زارە زەوتکراوەکان"

گەر فاکتەری جوگرافیش بخەینە لاوە، دەبینین کۆمەڵەی ئەوروپی بەرامبەر تورکیا لەڕووی ژیاری و رۆشنبیریشەوە جیاوازە.

کۆمەڵەی ئیقلیمیی ئەوروپی، جگەلەوەی خاوەن مۆرکێکی ئابوورییە، لەبنەڕەتدا چەند کۆمەڵێکن لەڕووی رۆشنبیری و سیاسییەوە چوونیەکن و لەتورکیا جیاوازن. زوڵفی دیجلەلی[٧] نووسەریش دان بەوەدا دەنێت کەئەو خێزانە ئەوروپییە کەکۆمەڵانێکی مەسیحیی گرتۆتەخۆ "زۆر زەحمەتە تورکیا جێی خۆی لەناو ئەم دەوڵەتانەدا بکاتەوە".

ئەوروپا دەیەوێت یەکێتییەکی تەبا لەگەڵ بونیادەکەی خۆیدا دابمەزرێنێ، چ لەڕووی ئایینی و چ لەڕووی فیکری و چ لەڕووی ئابوورییەوە. لێپرسراوە تورکەکانیش دەزانن کەئێستا ئەوروپا بە"نەء"ێکی تەواو وەڵامی تورکیا دەداتەوە بۆ بوونە ئەندام و ئەوەش بەچەند مەرجێکەوە دەبەستێتەوە.

---

[٦] "جمهوريت" ٩/٤/١٩٩١.

[٧] زين نورالدين زين، نشوء القومية العربية(بيروت، دارالنهار، ١٩٦٨).

هەروەها بە"بەڵێ"یەكی تەواو وەڵام ناداتەوە، لانی كەم تاچەند دەهەیەكی تر. رۆژنامەوان و نووسەری كۆچكردوو مووسا عەنتەر دەڵێت"داب و نەریت و كەلتورمان جیاوازە، ئەوانیش{ئەوروپییەكان} ئێمەیان ناوێت"(٨).

گۆڕانكارییە نوێخوازەكان لەتوركیای هاوچەرخدا، سەرباری گرنگییان، ئەوە ناسڕێتەوە كەتوركیا وڵاتێكی موسڵمانەو كۆمەڵێك پەیوەندیی سروشتی بەدەوروبەرە ئیسلامییەكەیەوە دەیبەستێتەوە. بەرامبەر بەمەش جیاوازیی توركی–ئەوروپی بۆسەدان ساڵ مۆركێكی خوێناوی بەخۆوە گرتووە، ئەم دوژمنایەتیەش هێشتا جارناجار خۆی لەزنجیرەیەك رووداوی گەورەدا دەبینێتەوە كەدواهەمینیان هەوڵی دەسەڵاتدارانی بولگاریا (سلاڤیەكان) بوو بۆسەپاندنی مۆركی بولگارییانە بەسەر ملیۆن ونیوێك توركدا كە سەدان ساڵە لە بولگاریا دەژین. هەروەها تائێستاش یۆنان لەسەر سیاسەتی بەزۆر كۆچپێكردنی توركەكان لە تراقیای خۆرئاوا(باكووری خۆرئاوای یۆنان)داو ونكردنی ئاسەواریان هەربەردەوامە، ئەمە جگە لەبەهێزبوونی مەیلی رەگەزپەرستی دژ بەبێگانان، بەتایبەتیش دژ بەتورك، لە زۆربەی وڵاتانی ئەوروپاداو بەزۆریش لەئەڵمانیادا. ئیدی كۆمەڵگایەكی توركیی بەم رادەیە جیاواز لەگەڵ كۆمەڵگا ئەوروپییەكاندا، چۆن دەتوانێ خەون بەبەهاو ئایدیای هاوبەشەوە لەگەڵ ئەوروپادا ببینێ و ببێتە بەشێك لێی؟

لەوانەیە هەندێ هەنگاو (لەسەر ئاستی ئابووری)و بەبێ خۆبەستنەوە بە ئەقڵیەتی ئەوروپییەوە مومكین بێ، بەڵام بەنیسبەت بەهاكانی ترەوە ئەوا پێویست بە"چاخێكی رۆشنگەریی" نوێ دەكات بۆ گەیشتن بەئاستی نزمی شتە هاوبەشەكان.

لەنموونە زەقەكانی جیاوازیی بەهاكان لەنێوان توركیاو ئەوروپادا، هەڵوێستە ئەوروپییەكان بوو بەرامبەر بەگۆڕانكارییەكانی مەسەلەی كورد پاش ٢١ی ئادار/ مارس ی ١٩٩٢. ئەوە بوو ئەڵمانیا بەتوندی رەفتاری حكومەت و سوپای توركی بەرامبەر بەكوردەكانی باشووری خۆرهەڵاتی ئەنادۆڵ مەحكوم كردو، سەردانی دوو وەزیری ئەڵمانیی بۆتوركیا راگرت و بڕیارێكی دەركرد كەنابێ چەك بۆ توركیا بنێردرێ. هەروەها خانم دانیال میتران قایل نەبوو هاورێ لەگەڵ هاوسەرەكەیدا، سەرۆكی فەرەنسی فرانسوا میتران لە١٣ی نیسان/ ئەپریلی ١٩٩٢دا بەسەردانێكی

---

(٨) "جمهوریت" ١٩٩١/٤/١٠.

رەسمی بچێت بۆ ئەنقەرە، ئەمەش وەکو هەڵوێستێك دژ بەپێشێلکردنی مافی کورد لەتورکیادا. هەروەها پەرلەمانی ئەوروپی لە٩ی نیسان/ ئەپریلی ١٩٩٢دا مامەڵەی تورکیای لەگەڵ کوردەکان مەحکوم کرد، ئەمەش بووە هۆی هەندێ کاردانەوەی تووڕە لەناو تورکیاداو سەرۆکی تورکیا تورگۆت ئۆزال ناوی لێنا "بڕیارێك کەپشتگیری لەتیرۆر دەکاتو، جیددی نییە"[9].

ئەم هەڵوێستانە بڕێ نموونەن بۆجیاوازییەکانی نێوان تورکیاو ئەوروپا. هەرکاتێك تورکەکان وایانزانیبێت کۆسپێکیان تێپەڕاندووە بۆ گەیشتنە "خێزانی ئەوروپی"، کۆسپێکی دی هاتۆتە گۆڕێ، ئەمەش وای لەڕۆژنامەی "جمهوریت" کرد کە"کۆسپی کوردی"یش بخاتە لیستی ئەو کۆسپە زۆرانەوەی کەکۆمەڵەی ئەوروپی کردوویانە بەمەرج لەبەردەم تورکیادا بۆ تێپەڕاندنیان[10].

زۆر لەچاودێران ڕۆڵێکی سەرەکی دەدەن بەفاکتەری یۆنانی لەمەسەلەی ڕێگرتن لەوەی تورکیا بچێتە کۆمەڵەی ئەوروپییەوە. چونکە بەپێی یاسای کۆمەڵەی ئەسینا بۆی هەیە دژ بەهەر ئەندامێکی نوێ کەپێی خۆش نەبێت بێتە کۆمەڵەوە "ڤیتۆ" بەکاربێنێت. هەر بەڕاستیش یۆنان وایکردووە بەرامبەر گەلێ مەسەلەی پەیوەست بەتورکیاوە. ئەمە لەکاتێکا گەلێ خاڵی ناکۆکی لەنێوان یۆنانو تورکیادا هەیە، دیارترینیان ڕامالینی کیشوەری (الجرف القاري) لەدەریای ئیجەداو، ناکۆکی لەسەر مەسەلەی قوبرسو سەرکوتکردنی تورکەکانی یۆنان لەلایەن یۆنانەوەو بەرگریکردنی تورکیا لێیان.

لەنێو ئەم سێ کێشەیەدا مەسەلەی قوبرس بەگرنگترینیان دەژمێردرێ، کەبەردەوامبوونیشی کارێکی کردووە پەیوەندییەکانی نێوان تورکیاو یۆنان ڕۆژ بەڕۆژ زیاتر ڕوو لەگرژ بوون بێت. لێدوانی لێپرسراوانی یۆنانیش پتر ئەم قسەیەی ئێمە دەسەلمێنێ، لەوانەش وەختێ سەرۆکی حکومەت کۆنستانتین میتسۆتاکیس ڕایگەیاند کەبەر لەچارەسەر کردنی کێشەی قوبرس هیچ نزیکبوونەوەیەك لەگەڵ تورکیادا ڕوونادات[11].

---

[9] هـ. س. پ.

[10] ڕۆژنامەی "میدان"ی تورکی ١٩٩٢/٤/١١.

[11] "جمهوریت" ١٩٩٢/٣/٢٩.

بەڵام ئەم هاوکێشە یۆنانی– تورکیە وێنەیەکی بچووک کراوەی هاوکێشە ئەوروپی– تورکیەکەیە کەلەقوڵاییدا گەورەترە لەچارەسەرکردنی هەندێ کێشەی دیاریکراوو کتوپڕ. ئابووریناس نەفزات یەڵچین تاش دەڵێت: (تاسێ دەهەی تریش ئەو نەخۆشیو ناکۆکیانەی وا لەنێوان تورکیاو یۆناندا هەردەمێنن. یۆنان هەر لە{شاعیری ئینگلیزەوە} بایرۆن تائێستا ناڵە نازدارەکەی ئەوروپایە، ئەو ناڵەی دەگریو کۆستی کەوتووە. ئەوروپیەکانیش یۆنانیەکان بەیەکێك لەڕەگوڕیشە ژیارییەکانی خۆیان دەزانن‌و بەو ناڵە زوڵملێکراوەی لەقەڵەم دەدەن کەبەدەست ستەمی تورکەوە ناڵاندوویەتی. یۆنان لەناوەڕاستەکانی سەدەی رابردووداو لەسای بارودۆخێکی وەهادا دامەزراوە. ئەگەر لە ئینسیکلۆپیدیایەکی ئەوروپاییش رابمێنین، دەبینین هەر ٢٠–٣٠ ساڵێك نەخشەکان بەجۆرێکی دژ بەئێمە دەگۆڕێن. ئەمەش بەسەر نەخشەی قوبرسدا دەچەسپێ. سیاسەتمەدارانی یۆنان هەروەکو ئەوروپیەکان ئەوە رەت ناکەنەوە. من بڕواناکەم پەیوەندییەکانی تورکیا– یۆنان ڕوولە باشبوون بێت"[(١٢)].

ئەم تێڕوانینە زۆر رەشبینە لەگەڵ بۆچوونی بەشێکی زۆری دەستەبژێری یۆنانیدا یەك دەگرێتەوەو وایدەبینێ کە زێدەڕۆیی ناسیونالیستیو هەستی ئاینی لای یۆنانیەکان ئەو دووفاکتەرە زۆرگرنگەن کە ڕکێفی سیاسەتی دەرەوەی یۆنانیان کردووە.

ریشەی مێژوویی ئەم سیاسەتەی یۆنانیش دەگەڕێتەوە بۆساڵی ١٤٥٣، وەختێ سوڵتان محەمەدی دووەم (رزگارکەر) چووە ناو قوستەنتینەوەو دواتر دەستی بەسەر تەواوی یۆناندا گرت، بەتایبەتیش کاتێ لەساڵی ١٤٥٦دا شاری ئەسینای داگیرکرد. یۆنانیەکان تاساڵی ١٨٢٨ کەوتنە ژێر دەسەڵاتی عوسمانیەکانەوەو ئیدی ئەوەبوو لەو ساڵەداو بەیارمەتیی راستەوخۆی سەرەکیی وڵاتە ئەوروپیەکان (وێڕای ناتەباییو ناکۆکیان لەنێو خۆیاندا) سەربەخۆیی خۆیان لە(الباب العالي) سەند. لەوساڵەوە یۆنانیەکان تەواوی خاکی بێزەنتەی کۆن، کەلەژێر دەسەڵاتی کۆماری تورکیادایە، بەخاکی داگیرکراو دەژمێرن، لەکاتێکا بەهیچ جۆرێك ئاماژە بۆ ئەو

---

(١٢) "جمهوريت" ١٩٩٢/٤/١١.

زەوی‌و زارانـەی بێزەنتـە ناكـەن كەئـەمڕۆ بەشـێك لـەخاكی وڵاتـە ئەوروپیــەكانی دی پێكدەهێنــن. بــەڵكو یۆنانیــەكان دوای جــەنگی یەكــەمی جیــهان‌و كاتــێ دەوڵــەتی عوسمانی دۆڕا، هەوڵیاندا ئـەو "خاكە داگیركراوە" بـەزۆر بسـەننەوە، بۆیـە هێرشیان كردەسـەر كـەنارەكانی خۆرئاوای توركیا لـەدەریای ئیجەو دەستیان بەسـەر كۆمـەڵێك زەوی‌و زاری توركیـادا گـرت، لەوانـە ئـەزمیرو دەوروبــەری. بــەڵام مســتەفا كــەمال‌و هاوڕێكـانی توانییـان ئـەو هێرشـانە بشـكێنن‌و دەسـت بەســەر ئـەو زەوی‌وزارانــەدا بگرنەوە.

شاعیرو بیرمەندی ئیسـلامی (كەپێشـتر شـیوعی بـوو) عیسـمەت ئـۆزال بەرامبـەر تەوژمی ئایینی لای یۆنانیەكان وابەچاك دەزانێت، بزاڤێكی ئایینی بەهێز لـەتوركیادا بێتە گۆڕێ، بـەجۆرێك كەببێتـە مایـەی نزیك كردنـەوەی هەست‌و مەیلـەكان لەهـەردوو وڵاتداو ئایین ببێت بەفاكتەرێكی یەكخستن‌و ئاشتی، نەك فاكتـەری لێكجیاكردنـەوەو شەڕو شۆڕ. ئەو دەڵێت: "سـەركەوتنی بەهێزی مەسیحیەتی خۆرهــەڵاتی لـەیۆنان‌و گەڕانـەوەی ئیسـلام بۆتوركیـا دەریــای ئیجــە دەكــەن بەدەڤــەرێك كەئاشــتی تیــایدا سەقامگیر دەبێ"[١٣].

بەڵام میتیە تۆنجای مێژوونووس رایەكی جیاوازی هەیە، ئەو وایدەبینـێ كەئایین هۆكارێكە ئەو دوو گەلە لەیـەكدی جیادەكاتـەوە، لـەناوبردنی ئـەو ناكۆكیـەش بـە لـە لابردنـی هۆكـاری ئـایین دەبـێ وەك هۆكـارێكی جیاكـەرەوەو دیاریكـەری پـەیوەندیی نێوان گەلان[١٤].

یۆنـان لـەچاخی كـامڵبوونی ئـەوروپی داو لەسیاسـەتی دەرەوەیـدا بـەبێ لەبـەرچاو گرتنـی بەرژەوەندییـەكانی "خـێزانی ئـەوروپی" كـەخۆی یەكێكـە لەتاكـەكانی، هیـچ هـەنگاوێك نـانێت. بەڕادەیــەك دەتوانــین رەفتــاری یۆنــان بەرامبــەر توركیــا، لــەزۆر لایەنی‌یەوە، وا لێكبدەینـەوە كەدەكەوێتـە چوارچێوەی هەڵوێسـتی رافزییانـەی ئـەو "خـێزان"ەوە بۆوەرگرتنــی توركیـا وەكـو ئــەندامێك. هــەروەها یــەكێك لەهۆیــەكانی چاودێریكردنی ئـەوروپی بۆئـەم "منالّـە نازدارە" بۆئــەوە دەگەڕێتــەوە كـەیۆنان تاقـە

---

(١٣) "جمهوريت" ١٩٩١/٤/١٢.

(١٤) هـ. س. پ.

"دەوڵەتی ڕووبەڕووبوونەوە"یە لەگەڵ جیهانی ئیسلامیدا، لەکاتێکا تورکیا تاقە دەوڵەتی ڕووبەڕووبوونەوەیە لەگەڵ جیهانی مەسیحیدا لەئەورووپا.

ئایا ئەم هەموو کۆسپانە ئەوە دەگەیەنێت کەئومێدی تورکیا بۆبوونە ئەندامی لەکۆمەڵەی ئەورووپیدا بەتەنها خەیاڵپڵاوەو هیچی دی؟ هەندێك بەدووری نازانن تورکیا لەوکۆمەڵەیەدا وەربگیرێ، بەڵام وەکو ئەندامێکی پلەدوو یاسێ، واتە وەکو ئەندامێك کەهەموو مافێکی نەبێت. کۆتایی شەڕی سارد کەڕۆڵی ئیقلیمیی تەوەرەیی تورکیای زیاتر کرد، لەهەمان کاتدا بووە هۆی ئەوەی کەبەو زووانە تورکیا لەکۆمەڵەی ئەورووپیدا وەرنەگیرێ.

چونکە کۆمەڵێك دەوڵەتی نوێ هاتنە ئاراوە کەسیفەتی سەرەکییان ئەوەیە لەڕووی ژیاریو ئاینیو ڕۆشنبیرییەوە سەربە شارستانێتیی ئەورووپانو لەم بارەیەوە لەتورکیا لەپێشترن بۆ وەرگرتنیان لەکۆمەڵەی ئەورووپی، وەکو: نەمساو سویدو نەرویجو سویسراو فنلەندە. لەوانەشە دوای ئەمان نۆرەی مەجەڕستانو چیکۆسلۆڤاکیاو پاشان دەوڵەتانی تری ئەورووپای خۆرهەڵات بێت، وەکو: بولگاریاو ڕۆمانیاو پۆڵۆنیا تادەگاتە ڕوسیاش. ئەم "ماڵە ئەورووپییە هاوبەشە" خەونەکانی تورکیا نائومێد دەکات، یان وەدیهاتنیان بۆکاتێك دوادەخات کەپێشبینی ناکرێ.

سەرۆکی پێشووی بانکی مەرکەزیی تورکیا یاووزجانیقی وەختێ دەربارەی پێگەی تورکیا لەئەورووپادا دەدوێ؛ پەیڕەوی لەتیۆرەی ئەڵقەکان دەکاتو دەڵێت: "ئەو بونیادەی ئێستا لەئەورووپادا زاڵە خۆی دەگۆڕێت. لەوبڕوایەشدا نیم"خێزانی ئەورووپی" هەمان مافی ئەو دوانزدە ئەندامەی ئێستا بدات بەئەندامە تازەکان. "خێزان"ەکە لەچوارچێوەی بونیادێکی گۆڕاودا کۆمەڵێك ئەڵقە دروستدەکات. تورکیاش دەکەوێتە یەکێك لەم ئەڵقانەوە"[١٥].

تائێستاش مەسەلەی بوونە ئەندامی تورکیا لەناو "خێزانی ئەورووپی"دا لای زۆربەی تورکەکان شتێکی نادیارە. بەڵام هەندێك پێیان وایە کەدەشێ لەداهاتوودا چارەسەرێکی مام ناوەندی هەبێت، ئەویش بەدروستکردنی "پەیوەندیی تایبەتی" لەنێوان هەردوو لایەنەکەدا، بەڵام بەبێ ئەوەی تورکیا ببێتە ئەندامێکی تەواوی

---

[١٥] هـ. س. پ.

کۆمەڵە. ئەم شێوە پەیوەندییەش وەکو هەندێك وایدەبینن، نسکۆیەك نی‌یە بۆ هەوڵ‌و کۆششەکانی تورکیا لەم بوارەداو کاریگەرییەکی خراپی نابێ بۆسەر بەرژەوەندییەکانی، بەڵکو ئەم شێوە پەیوەندییە بەبێ هیچ کۆتێك هەل بۆتورکیا دەرەخسێنێ تاسوودی تەواو لەتایبەتمەندێتیە جوگرافی‌و ئابووری‌و ئایینیەکانی خۆی وەربگرێت لەپێناوی پەرەدان بەپەیوەندییەکانی بەئاراستەی ترو، نەك تەنها بەئاراستەی دەوروبەری بەڵکو بەئاراستەی سەنتەرەکانی قورسایی جیهان، وەکو ولاتە یەکگرتووەکان‌و ژاپۆن، زۆربەی بیرمەندانی تورکیش کۆکن لەسەرئەوەی کەولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بەنیسبەت تورکیاوەو پاش ئەورووپا خاڵی سەرەکی‌ی دووەمە لەڕووی بەلای خۆدا راکێشانەوە[١٦].

**٢-بازنەی ئیسلامی**

بێگومان پەیڕەویکردن لە عیلمانیەت وەك بنچینەیەك لە بنچینە سیاسی‌و حقوقیەکان لە تورکیادا، کاریگەرییەکی نەگەتیڤانەی کردۆتە سەر پەیوەندییە تورکیایی-ئیسلامیەکان‌و، ئەو گۆشەگیرییەی قوڵترکردۆتەوە کە ئەتاتورك‌و ئەوانەی دوای ئەویش هاتن هەڵیانبژارد. بەڵکو هەندێ لە بیرمەندانی تورکی سەر بە تەوژمە ئیسلامیەکان وایدەبینن کە سەنگی مەحەکی دیاریکردنی پەیوەندییەکانی دەرەوەی تورکیا، رادەی راکێشانی ژیارییەتی بەلای ئەم سەنتەر یان ئەویاندا. لەبەر ئەوەی ئەمڕۆ دەوڵەتە ئیسلامیەکانیش خاڵێکی راکێشانی وەهانی‌یە کە شان بدات لە شانی "خێزانی ئەورووپی" یان ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، بۆیە بیرمەندە تورکەکان لە تورکیا چاوەڕێ ناکەن تورکیا پەیوەندیی توندو تۆڵ‌و درێژخایەن لەگەڵ دەوڵەتە ئیسلامیەکاندا دابمەزرێنێ، لەبەر ئەوەی ئەو جۆرە پەیوەندییە نە لایەنی سەرنجراکێش‌و نە سوودی بۆی تیایە.

نووسەری ئیسلامی ئیسماعیل قەرە دەڵێت، دروستکردنی پەیوەندی بە جیهانی ئیسلامی‌یەوە لەلایەن تورکیاوە دەبێ دووری بخاتەوە لەوەی کە ئامادەگیەکی بە هێزی لە ئەورووپادا هەبێ‌و، ببێتە یەخسیری هەردوو خۆرهەلاتی ناوەڕاست‌و دوور(واتە کۆمارەکانی ئاسیای ناوەڕاست).

---

[١٦] "جمهوريت" ١٩٩١/٤/٩.

قەرە بەردەوام دەبێو دەڵێت، وێڕای پەیوەندییە ئایینیو ڕۆشنبیریو مێژووییە تەواوەکانی تورکیا بەم دوو خۆرهەڵاتەوە، پێویستە لەسەری لە پێناوی ڕۆڵێکدا لە ئەوروپادا خەبات بکات[١٧]. شاعیر عیسمەت ئۆزەلیش لەو بڕوایەدایە کە ئەو شتەی پێی دەڵێن جیهانی ئیسلامی بوونی نیە، لەبەر ئەوەی تەواوی دەوڵەتە ئیسلامیەکان پێشتر کۆڵۆنی بوونو هەرگیز سەرکردەکانیان سەربەخۆییەکی ڕاستەقینەی وەهایان بەدی نەهێناوە کە ببێتە مایەی هاوکاری لە نێوان دەوڵەتەکانیاندا. بەڵام ئۆزەل گەرچی ئەو یاریدە ئیجابیە ڕەت دەکاتەوە کە دەشێ

دەوڵەتە ئیسلامیەکان هەیانبێت، بەڵام ئەو مەبەستی ڕەتکردنەوەی هاوکاری نییە لە گەڵیاندا، بەڵکو بۆئەوەی ئەوە بسەلمێنێ کە تاقە دەوڵەتی شایستە بۆ ڕابەرایەتیی جیهانی ئیسلامیو تورکی هەر تورکیایە[١٨].

مووسا عەنتەر لە ڕەخنەگرتنی لە جیهانی ئیسلامی زیاتر پێ دادەگرێت و دەڵێت:"ئێمە ناتوانین خۆمان بە جیهانی ئیسلامیەوە ببەستینەوە. ئەوانە توندو تیژو سەرەتایینو ئیمکانی گۆڕانیان لانییە، بەڵکو ئیمکانی ئەوەش ناهێڵمەوە کە بێن بەئادەمیزاد. لۆرانس وتەیەکی بەناوبانگی هەیە کەدەڵێت:"عەرەبەکان لە هەموو شتێکدا ڕێك دەکەون تەنها لە ڕێککەوتندا نەبێ". ئێمەتەواو لە تورکیا قایل نین. بەڵام عەرەبەکان دواکەوتوون. هیچ دەستوورێکیان لانییە. هەر یەکەیان تێڵایەکی بە دەستەوەیەو وڵاتەکەی خۆی بیراز دەکا.. هەموویان لە ئەنوەرپاشاو جەمال پاشا دەچن"[١٩].

لەبەر ڕۆشنایی گۆڕانکارییەکانی ئەم ساڵانەی دواییوکرانەوەی دەوڵەتەکان بەسەر یەکتریداو، پاش هەرەسی چاخی ئایدیۆلۆژیا گەورەکان، ئێستا نەرمییەك دەبینین (گەرچی لەڕادەی پێویستدا نییە)لەهەڵسوکەوتی تورکیا لەگەڵ دەرەوەو جیهانی ئیسلامی دا.بەجۆرێك کە توخمە جێگیرەکانی سیاسەتی دەرەوەو ناوەوەی تورکیا کەوتۆتە بەر ڕاتەکاندن. لەوانە ئێستا گەلێ لە ڕۆشنبیرانی تورك پەرەدان بەپەیوەندییەکانی تورکیا لەگەڵ جیهانی ئیسلامی و عەرەبیدا،بەکۆمەڵێك مەرجەوە

---

[١٧] "جمهوريت" ١٩٩١/٤/١٠.

[١٨] هـ. س. پ.

[١٩] "جمهوريت" ١٩٩١/٤/١١.

دەبەستنەوە کەتەنانەت لەناو تورکیا خۆیدا نەرەخساون ،لەومەرجانە:بەدیهێنانی دیموکراسی و لەناوبردنی ستەمکاری لەرژێمە عەرەبی و ئیسلامیەکاندا .

هەندێ راوبۆچوونی تورکیش لەسەر مەسەلەی دیموکراسی ورەفتاری سیاسی لەولاتە ئیسلامیەکاندا دەوەستن وبەهۆیەکی سەرەکیی دەزانن لەساردیی پەیوەندییەکانی تورکیا بەجیهانی ئیسلامیەوەو، پەرەدان بەو پەیوەندییانەوبەتایبەتیش بە(دراوسیێ)کانەوە، دەبەستنەوە بەپەرەدان بەپرۆسەی دیموکراسیەوە لەو ولاتانەدا.

گومان لەوەدا نییە کە هەرەسی مارکسیزمی ستەمکارانە کاریگەریی لەسەرجەم رژێمە ستەمکارەکانی دونیا کردووەو، پێدەچێ ئاراستەی بەدیموکرات بوون ئاراستەیەکی گشتی بێت نەك بەشەکی (جزئی). بەمجۆرە میتیە تۆنجای بڕوای وایە کەجڵەو کردنی دەسەلات لەجیهانی عەرەبیدا لەلایەن تاکە کەس یان خێڵەوە بەردەوام نابێت . ئەمەش ئەو دوژمنایەتیکردنە بۆ تورك کە رەگوڕیشەکەی وا لە ستەمکاریدا ، لاواز دەکات [٢٠].

بەلام مەسەلەکانی تر کە بوونەتە کۆسپ لەبەردەم پەیوەندییەکی سروشتی تورکیا بەدەوڵەتە ئیسلامیەکانەوە، بەرای هەندێ رۆشنبیری تورك خۆیان بریتین لە: مەسەلەی کورد ، واز نەهێنانی سوریا لە لیوای ئەسکەندەرون، کێشەی ئاو، هەروەها رژێمی ئیسلامیی ئسولی لەئێران.

ئەو بۆچوونەی دامەزراندنی "پەیوەندی ناچاری" بەجیهانی عەرەبەوە بەشتێکی حەتمی دەزانێت، خەریکە زیاتر تەشەنە دەکات. چونکە هەروەکو دەڵێن بازرگانی دەبێتەمایەی هاورێیەتی، تورکیاش دەتوانێ ئاو بەعەرەب بفرۆشێت، عەرەبیش نەوت بەوبفرۆشێت. راستە ئێستا مەسەلەکە بەم شێوەیە نەخراوەتە روو، بەلام هەر بۆ نموونە کێشەی ئاو دەبێتەهۆی کۆمەڵێك رووداوو قەیران کە بە دانوستان و رێکەوتنی بازرگانی لەسەر هەندێ بنچینەی نوێ کۆتایی دێ.

بەپێچەوانەی پەیوەندی تورکی- عەرەبیشەوە، تورکەکان، یان هەندێکیان پێیان وایە ناکۆکی لەگەڵ ئێراندا ناکۆکیەکی بنەرەتیە کەپەیوەندی بە جیاوازی رژێمە سیاسیەکانی ئەو دوو ولاتەوە هەیە: عیلمانیەتی تورکی بەرامبەر ئسولیەتی

---

[٢٠] هـ. س. پ.

ئـێرانی[٢١]. لـەکاتێکا ڕژێمــە عەرەبــەکان، وەك ئــەوەی لەســوریاو عــێراق هــەن لــە گەوهەردا"ناسیوناليستی عیلمانی"ن، کە بەجۆرێك لە جۆرەکان لەگەڵ عیلمانیەتی ڕژێمـی توركیـدا یـەك دەگرنـەوە. لـەبری دەســتکردن بــە گفتوگۆیــەکی دووقۆڵــی ڕاشکاوو کراوەی پشتبەستوو بە فاکتەرەکانی لێکتر نزیکبوونەوەو بەرژەوەندییە هاوبەشەکان، هەندێ لە بیرمەندانی تورك بۆ نەرمکردنی هەڵوێستە توندەکانی ئێران دژ بە تورکیا گرەو لەسەر هەندێ فاکتەری نەگەتیڤانە دەکەن. لەوانە ڕەنگدانەوەی گۆڕانکارییە جیهانییەکانو هەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤێتو پەیدابوونی هەندێ دەوڵەتی نوێی سەربەخۆی وەك دەوڵەتی ئازەربایجان، چونکە بەشێك لە زەوی و زارە مێژووییــەکانی ئازەربایجــان (کەئەکاتــە ئازەربایجــانی باشــوور) دەکەوێتــە نــاو سنوورەکانی ئێرانەوەو نزیکەی بیست ملیۆن ئازەریی تیادەژی[٢٢]، واتە سێیەکی دانیشتووانی ئێران لــەڕووی جوگرافیــەوە بەدەوڵــەتی ئازەربایجانــەوە وابەســتەن، بیرمەندی تورك تۆران یازغان بۆگۆڕینی هەڵوێستەکانی ئێران بەرامبەر تورکیا پشت بەم فاکتەرە ئازەرییە دەبەستێ[٢٣].

بەرامبەر بەمە نەفزات یالچین تاش وایدەبینێ کەدەبێ تورکیا ئەو ڕۆڵە ببینێت کە"مێژووەکەی بەسەریدا سەپاندوویەتی" کەئەویش ڕۆڵی "دەوڵەتی جومگە"یە لەنێوان باشوورو باکووردا، لەپێناوی ئەوەشدا دامەزراندنی پەیوەندیی باش لەگەڵ دەوڵەتە ئیسلامیو دەوڵەتە تورکەکاندا توخمێکی گرنگی ئەم موعادەلەیەیە[٢٤].

ئــەوەی ســەیرە ئەوەیــە کەئــەو دەوڵەتــەی بــەدرێژایی پێنــج ســەدە ڕابەرایــەتی جیهانی ئیسلامی دەکرد ئێستا ببێتە ئەندامێکی نـامۆی ئـەم جەسـتەیەو، بـەڵکو هەندێ جار دژیشی. ئەم دابڕانەی تورکیاش لەجیهانی ئیسلامی وا لـەتورکیا دەکات بچێتــە دەرەوەی ئــەو ڕۆڵــەی کەپێویســتە لەناوچەکــەدا بیبینێــت، بــەو پێیــەی درێژبوونەوەیەکی سروشتی مێژووەکەیەتی. بەشێکی زۆری ئەو شڵەقاندنانەی

---

(٢١) "جمهوریت"، ١٩٩٢/٤/١٢ .

(٢٢) ينيى گون ايدن، ١٩٩٢/٢/١٢.

(٢٣) "جمهوريت"، ١٩٩١/٤/١٢.

(٢٤) "جمهوريت"، ١٩٩١/٤/١٠.

خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بەخۆیەوە دەیبینێت دەگەڕێتەوە بۆئەوەی کەتورکیا ئەورۆڵە نابینێت کەمێژووەکەی بەسەریدا دەیسەپێنێت.

خۆگەر ئەورۆڵەی ببینیایە دەبووە سەرەتایەك بۆسەقامگیرییەکی هاوسەنگ لەناوچەکەداو، بەتایبەتیش لەسێگۆشەی پەیوەندییەکانی عەرەب- تورك- ئێران دا. ئەمەش دەبووە سەقامگیرییەك رێی بەگۆڕانکارییە جیهانیەکانی دەرەوە نەدەدا هەروا بەئاسانی کار لەتورکیا بکەن و، هێزێکی باڵای پێ دەبەخشێ تالەبری ئەوەی ئەم بکەوێتە ژێر کاریگەرییەوە؛ خۆی کاریگەریی بۆسەر رووداوەکانی دەوروبەری هەبێت.

## ٣- بازنەی تورکی

پەیدابوونی "جیهانێکی تورکی" لەئاسیای ناوەڕاست و قەفقاسدا، هەلێکی دانسقە بۆگۆڕانێکی ئیجابی لە رەوتی پەیوەندییەکانی تورکیا بەجیهانی ئیسلامیەوە دەرەخسێنێت. ئەو کۆمارە تورکیانەی کەتازە سەربەخۆییان بەدەستهێناوە هەموویان ئیسلامین و دەکرێ ببنە خاڵی راکێشان بۆ وەبەرهێنانی ئابووریی تورکیا، هەروەها دەکرێ ببنە پردێك بۆ چاککردنی پەیوەندییەکانی ئەنقەرە بەتەواوی دەوڵەتە ئیسلامیەکانەوە. لەناو تورکیا خۆشیدا ئەو بانگەشانە هەیە بۆبایەخدانی تورکیا بەپلەی یەکەم بەدەوڵەتە تورکە ئیسلامیەکان لەسیاسەتی دەرەوەیدا. ئەوەی ئاشکراشە ئەوەیە کە لەوەتەی جیهانی تورکی نوێ پەیدا بووە، سیستمی پەیوەندییە دەولیەکانی تورکیا بەشێوەیەکی پێچەوانە لەگۆڕاندایە. واتە تابێت لەئەوروپا دوور دەکەوێتەوەو لەدەوروبەری ئاسیایی و بەڵقانی نزیك دەبێتەوە. لێپرسراوانی تورکیش ئەو ئارەزووەی خۆیان ناشارنەوە بۆدۆزینەوەی جێ پێیەکی قایم لەم دەوروبەرەدا، بەتایبەتیش لەئاسیای ناوەڕاستدا، ئەمەش لەرێی پشتگیریی ئەمریکاوە بۆرووبەڕووبوونەوەی دەسەڵاتی ئێرانی لەوناوچەیەدا. باڵیۆزی ئەمریکا لەئەنقەرە ریچارد بیرکلی لە١٠ی نیسان/ ئەپریلی ١٩٩٢دا بەئاشکرا باسی ئەم پشتگیرییەی کرد وەختێ لەبەردەم ئەنجوومەنی کاری تورکی- ئەمریکاییدا رایگەیاند کە(بایەخدان بەکۆمارە تورکییەکان لەئاسیادا لەبەرژەوەندیی تورکیادایە{ } بۆئەمەش ئەمریکا لەپشتی تورکیاوەیە{ } ئێمە ئەم کۆمارە تورکیانەی ئاسیا فێری دیموکراسی و ئابووریی بازاڕ دەکەین و بۆئەم مەبەستەش لەتورکیا مەشقیان پێ دەکەین و خەرجیی سەفەریان بۆدابین دەکەین. خاوەنکارە

تورکەکان لەتوانایاندایە پەیوەندیی باش لەگەڵ ئەم دەوڵەتانەدا دروستبکەن. تورکیا دەرفەتی زۆری لەئاسیادا لەبەردەمدایە{ } ئێمەش یارمەتیتان دەدەین{ } ئێوەو خودا ئەم دەرفەتە لەدەست خۆتان مەدەن).[٢٥]

لێپرسراوانی تورکیش دەیانەوێ تورکیا وەکو نموونەیەکی بەرز پیشانی ئەو کۆمارە (برا)یانە بدەن. بەڵام واش پیشان نادەن کەدەیانەوێ دەست لەکاروباری ناوخۆیان بدەنو پێ لەسەر ئەوە دادەگرن کەدەیانەوێ وەکو کۆمەڵێك دەوڵەتی چوونیەكو سەربەخۆ پەیوەندی ئاڵوگۆڕ بکەن[٢٦].؛ ئەمە لەکاتێکا ئەو دەوڵەتە تورکانە خۆیان ئەوە رەتدەکەنەوە کەوەکو (براگەورە) مامەڵە لەگەڵ تورکیادا بکەن[٢٧].

ئەم رووکردنە کۆمارە تورکیانە شێوەی دوو پێشنیازی بەخۆوە گرت:

***یەکەم: دامەزراندنی" ئەنجوومەنی تورکی" یا "کۆمەڵەی دەوڵەتە تورکەکان".***

سەرۆکی حکومەتی پێشوو بوڵند ئەجەوید لەم بارەیەوە دەسپێشخەریی کرد. وەزیری دەرەوەش حیکمەت چەتین لەم بیرۆکەوە دوور نەبوو، وەختێ رایگەیاند کەپێویستە "میکانیزمێك" بۆ پەیوەندی لەنێوان تورکیاو کۆمارەتورکەکان ولێپرسراوان وسەرۆك حکومەت وسەرۆك دەوڵەتەکان[٢٨].هەربەکردەوەش چەتین لەگەڵ سەرۆکە تورکەکان دەربارەی ئەم بیرۆکەیە دواو پێشنیازی دروستکردنی میکانیزمێکی کرد بۆرێکخستنی پەیوەندی و هەڵوێستەکان ،بەومەرجەی سەرۆکیئەم دەوڵەتانەو تورکیا ساڵیدووجارکۆببنەوە ، یەکێکیان هەردەبێ لەتورکیا بێت و ئەوی تریش بەنۆرە لەدەوڵەتە تورکەکانی تردا. چەتین رایگەیاند کە سەرۆکەکانی ئاسیای ناوەڕاست ئەم بیرۆکەیەیان لاپەسەند بوو[٢٩].

---

[٢٥] رۆژنامەی "صباح"، ١٩٩٢/٤/١١.

[٢٦] بڕوانە گفتوگۆ لەگەڵ حیکمەت چەتین دا لە رۆژنامەی "تورکیا"دا، ١٩٩٢/٤/١١.

[٢٧] هـ. س. پ.

[٢٨] هـ. س.پ.

[٢٩] بڕوانە رۆژنامەی (الحیاة)، ١٩٩٢/٥/٥.

ئەو شێوەیەی کە دەشێ دواتر ئەو کۆمەڵەیە خۆیانی تیاببیننەوە، لەوانەیە ناوی "ئەنجومەنی تورکی "یان "ئەنجومەنی جیهانی تورکی "[٣٠].بەخۆیەوە وەربگرێ،وەکو ژمارەیەکی زۆری ڕێکخراوو ئەنجومەنی جیهانیی لەمجۆرە، بۆنموونە وەکو ئەنجومەنی باکورکە سوید و نەرویج و دانیمارکی تیاکۆبۆتەوە، یان یەکگرتووی کۆمنویلث کەئەو کۆمەڵگایانە دەگرێتە خۆی کە بەئینگلیزی قسەدەکەن و بەسەرۆکایەتیی شاژنی بەریتانیا کۆدەبنەوە، یان"یەکگرتووی دەوڵەتانی فرانکۆفۆنی"کە بە فەرەنسی قسەدەکەن و بە سەرۆکایەتیی سەرۆکی فەرەنسی کۆدەبنەوە، یان"کۆمەڵگای دەوڵەتانی عەرەب "یان "ڕێکخراوی کۆنگرەی ئیسلامی".

بەرلە پەیدابوونی دەوڵەتە تورکە تازەکان، لەجیهاندا دوودەوڵەتیتورکی هەبوو،یەکەمیان تورکیا خۆی و، دووەمیان کۆماری قوبرسی باکووری تورکی. بەڵام تورکیا لە هەوڵیدا بۆ دابینکردنی دانپیانانی هیچ دەوڵەتێکی جیهانی(جگە لە بەنگلادیش و تورکیا) سەرنەکەوت لە ئاست ئەم"تازە لەدایکبوو"ە تورکە نوێیە. بەمجۆرە پێدەچێ کردەی نزیکبوونەوەو هاو ئاهەنگی لەگەڵ دەوڵەتانی ئاسیای ناوەڕاست و قەفقاسدا زۆرجیاوازبێت و بەتەنها لەسای هەندێ هەلومەرجی دیاریکراودا قابیلی سەرگرتن بێت.

***پێشنیازی دووەمیش:***

پەیوەستە بە یەکگرتنەوەی جوگرافیایی لەنێوان تورکیاو جیهانی تورکدا. لەبەرئەوەی دەوڵەتانی تورك لە ئاسیای ناوەڕاستدا و قەفقاسدا وشکایی و ئاو پێکەوە گرێیان دەداتەوە. بەڵام سەیر لەوەدایە کە ئەو یەکگرتنەوەیە لەنێوان تورکیا"نیشتمانی دایك" و ڕۆڵەو براکانیدا نییە. بەڵام ئەو دوانزدە کیلۆمەترە سنووره هاوبەشەی نێوان تورکیاو کەرتی نەخچەوانی ئۆتۆنۆمی سەر بە ئازەربایجان کەدەکەوێتە خاکی ئەرمەنەوە، دەشێ ببێتە دەروازەیەك بۆدروستکردنی یەکگرتنەوەی جوگرافیانە لەڕێی وشکاییەوە. لە گەرمەی ئەو جەنگە بەردەوامەی نێوان ئازەربایجان وئەرمینیادا لەسەرناوچەی قەرەباغ کەزۆربەی دانیشتووانی ئەرمەنەو ئۆتۆنۆمیی هەیەو دەکەوێتە ناو خاکی ئازەر بایجانەوەو پەیوەندیی جوگرافیی بە ئەرمینیاوە نییە، پێشنیازێکی تورکی هاتەپێشەوە کەحیکمەت چەتین بە"جیددی" لە قەڵەمی دەدات و، ئەو پێشنیازە داوای ئاڵوگۆڕی زەوی و زار لە نێوان

---

[٣٠] "تورکیا"، ١٩٩٢/٤/١١.

ئەرمینیا و ئازەربایجاندا دەکات بەجۆرێك کەرێگەیەکی وشکانی لەنێوان ئازەربایجان و نەخچەواندا دروستبکرێ بەرامبەر بەرێگەیەکی وشکانیی تر لەنێوان ئەرمینیاو ئیقلیمی قەرەباغ دا [٣١] .

ئەگەر ئەم پێشنیازە جێبەجێ بکرێ، لەوانەیە بۆ یەکەمجار رێگایەکی وشکانی لە نێوان تورکیاو جیهانی تورکیدا لەقەفقاس و ئاسیای ناوەڕاستدا دابین بکات. سوودەکانی ئەم پەیوەستییەش بێشومارەو، بە وەرچەرخانێکی گرنگ و بەرەوپێشچوونێکی چۆنێتیانە(نوعي) دەژمێردرێ لەنێوان تورکیاودەوڵەتانی تورکدا و، دەبێتە هەنگاوێکی ئیزافی بەرەو"نیشتمانیکی تورك "(وەکو"نیشتمانی عەرەب"). بەلاّم دەشێ دووکۆسپ ببنەرێگر لەبەردەم وەدیهاتنی ئەم بیرۆکەیە: بەرەنگاریکردنی ئێران و، ترسی ئەرمەن لەوەی ئەوە ببێتە هۆی گەمارۆدانێکی ئازەربایجانی- تورکی لەخۆرئاواو باشوورو خۆرهەلاّتەوە.

تورکیا لەتوانایدایە ببێتە نموونەیەك بۆ تورکەکانی دەرەوەو دەوڵەتەکانی دەوروپشتی و، ببێتە خاوەن رۆڵێکی مەرکەزی لەو ناوچەیەدا کە لە ئەدریاتیکەوە تاچین درێژ دەبێتەوە. بەلاّم کێشەی سەرەکی بەلای ئەوەوە ئەوەیە کەهێشتا لەسیاسەتی دەرەوەیدا هەڵبژاردنەکانی خۆی دیاری نەکردووە، کەئەمەش خۆی لەخۆیدا رەنگدانەوەیەکی راستەوخۆی قەیرانی شوناس و ئینتیمایە. ئەو گۆشەگیرییەی تورکیاش، هەر لەهەرەسی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیەوە (١٩١٨)و داخرانی بەڕووی دەوروبەرە عەرەبی و ئیسلامیەکەیدا بریتی بوو لەهەندێ سیمای ئەو لەخۆبایی بوونەی کە لەعوسمانیەکانەوە بەمیراتی بۆی مابۆوەو، وایدەزانی بەو شێوازە دەتوانێ بچێتە نێو دونیای مەدەنیەتی خۆرئاواوەو ببێتە بەشێك لێ ی. لێرەشەوە ئەولێدوانەی فیلیپ رۆبینز، سەرۆکی بەشی خۆرهەلاّتی ناوەڕاست لە(ئینستیتوی پادشایی بەریتانی بۆ سیاسەتی دەرەوە) گرنگیی خۆی پەیدا دەکات کەبەرامبەر کۆنگرەی (سەرەتاگە ستراتیژیەکانی تورکیا لە روانگەی سیاسەتی دەرەوەو ئابووریەوە) پێشکەشی کرد، ئەم کۆنگرەیە لەرۆژانی ٥-٩کانوونی یەکەم/

---

[٣١] "جمهوريت"، ١٩٩٢/٣/٢٢.

دیسەمبەری ١٩٩١دا لەئەستەموول سازکراو، کۆمەڵێك تۆژەرو زاناو پسپۆر لەتورکیاو جیهانەوە بەشدارییان تیاکردبوو[٣٢].

رۆبینز دوو کۆسپی لەبەردەم سیاسەتی دەرەوەی تورکیادا دەسنیشان کردبوو:

١ـ ئەقڵیەتی تورکی کەپشت دەکاتە جیهان‌و، داخرانی سیاسەتمەدارو کارمەندودیپلۆماتەکان‌و رۆشنبیرە تورکەکان بەرووی دەرەوەدا.

٢ـ کەموکورتی لەزانیاری‌دا، ئەمەش بەرەنجامی ئەو داخرانەی پێشووە، بەرادەیەك کەتورکەکان گرنگی‌ی کرانەوەیان بەرووی جیهانداو ناسینیان لەبیرچۆتەوە. پڕکردنەوەی ئەم بۆشاییەش، ماوەیەکی زۆری دەوێت.

بەمجۆرە رۆبینز وایدەبینێت کەدەوڵەتی عوسمانی لەتورکیای هاوچەرخ پێشکەوتووتر بووە. دەشپرسێت: کوان ئەو زانکۆیانەی لێکۆڵینەوە سەبارەت قەفقاس و ئاسیای ناوەڕاست‌و خۆرهەلاتی ناوەڕاست‌و بەڵقان‌و ئەوروپاو ژاپۆن‌و دەوڵەتانی خۆرهەلاتی دوورو هتد ئەنجام دەدەن؟ ئەی ئەو مەڵبەندی لێکۆڵینەوانە کوان کەزانین‌و شیکردنەوە بەرهەمدێنن؟ ئەی "کۆمەڵگەلی بیرکردنەوە" کوان؟ ئەوەی جێ‌ی سەرنجیشە ئەمڕۆ دونیای شارستانی لەڕێی "کۆمەڵگەلی بیرکردنەوە- مجموعات التفکیر"ەوە بەڕێوە دەبرێ. پێویستە تورکیاش"زانینی چۆنێتی‌ی هەڵسوکەوت" بزانێ ئەگەر مەبەستی‌بێت سیاسەتی دەرەوەی سەرکەوتووبێت و لەپێناوی ئاشتی ودیموکراسی وهاوکاریدا لە ناوچەکەدا رۆڵی نموونە ببینێت.

ئەندریۆمانگوش، کەبەڕێوەبەری پێشووی بەشی تورکی بووە لە"دەزگای ڕادیۆی بەریتانی" لایەنێکی تری کۆسپەخودییەکانی تورکیادەست نیشان دەکات کاتێ دەبینێ کەتورکیا لەتوانایدایە ببێتە فاکتەرێکی کاریگەر لەسەر ئەوانی‌دی، بەتایبەتیش لەسەر تورکەکانی دەرەوە، بەلام نەك بەتەنیا، بەڵکو وەکو لایەنێکی بەشداری نێو کۆمەڵێك پرۆژەی هاوبەش لە چوارچێوەی هاریکارییەکی جیهانی‌دا، چونکە ئەنجامدانی ئەم پرۆژانە بەتەنیا پارەو سامان‌و تەکنۆلۆژیایەکی زۆری دەوێت. ئەمەش کەس شکی نابات تەنها ژاپۆن‌و ئەمریکاو ئەوروپا نەبێت[٣٣].

---

(٣٢) "جمهوریت"، ٦-١٩٩١/١٢/١٠.

(٣٣) "جمهوریت، ١٩٩١/١٢/٩.

کۆسپە زانستیەکانو کەمیی مەڵبەندە تایبەتەکان بەلێکۆڵینەوە کەفیلیپ رۆبینزو ئەندرێ مانگۆ ئامارەیان بۆکردووە، راستییەکە ئەو سەرژمێرییانە دەیسەلمێنن کەتورکیا بەوڵاتێکی هەژار لەقەڵەم دەدەن لەڕووی زانایانەوە، رۆژنامەی "گۆلگە ئادەم"ی هەفتانە باسی لەوە کردووە کەلەوڵاتە پێشکەوتووەکاندا ئەو حەفتایە بووە بەحەوت.

لەهۆیە سەرەکیەکانی دواکەوتنی زانستو کەمیی ژمارەی زانایان لەتورکیادا، نەبوونی سەرچاوەی دابینکردنی پارەو پوولە بۆ لێکۆڵینەوە. لەوڵاتانی پێشکەوتوودا لە سەدا یەك تاسێ(١٪ تا٣٪)ی داهاتی نەتەوەیی بۆ لێکۆڵینەوە زانستیەکان تەرخان دەکرێ، لەکاتێکا ئەم رێژەیە لەتورکیادا لەهەزارا دووە. لەوڵاتانی پێشکەوتوودا پشتگیری لەهەوڵەکانی لێکۆڵینەوەی زانستی لەکەرتی پیشەسازیدا لەسەدا حەفتایە (٧٠٪)، بەڵام لەتورکیادا لەسەدا دەیە (١٠٪)[٣٤].

تورکیا بەشێك لە قورسایی خۆماڵیو ئیقلیمیی خۆی لەڕێی هەوڵ تەقەلای خۆیو سووربوونی لەسەر بەرەو پێشەوەچوونو پێشکەوتنو لاساییکردنەوەی نموونەی خۆرئاواییەوە بەدیهێناوە.

بەڵام بەشێکی تری بنەڕەتیی ئەو قورساییەی ئێستای لەسەر سینییەکی ئاڵتوونو بەبێ ماندوێتی بۆی هات، بەجۆرێك کەلەپڕێکا خۆی لەپێگەیەکی تەوەرەییدا بینییەوە، لە ناوچەیەکدا کە لە بەڵقانەوە تادەریای رەشو خۆرهەڵاتی ناوەڕاستو قەفقاسو ئاسیای ناوەڕاست درێژ دەبێتەوە. ئەمەش دوو مەسەلە دەخاتەڕوو:

یەکەم: رادەی ئامادەییو توانای تورکیا لەبەرگەگرتنی ئەم بەرپرسیارییە کتوپڕە.

دووەم: شیمانەی دروستبوونی بلۆکبەندی (تکتلات)ی نوێ بەجۆرێك کەسەرلەنوێ نەخشەی ناوچەکانی دەوروبەری تورکیا بکێشێتەوەو بەشێوەیەك لەشێوەکان وەها کاربکاتە سەر ئەو قورساییەی ئێستای تورکیا کەوەکو چۆن

---

[٣٤] رۆژنامەی "گۆلگە ئادەم"، ١٦-١٩٩٢/٣/٢٣.

بەئاسانی هات ئاوەهاش بەئاسانی لەناوبچێت، بەبێ ئەوەی تورکیا توانای پاراستنی هەبێت.

هەربۆیە بەتەنها وەبەرهێنانێکی دانایانەی گونجاو لەگەڵ مێژوو و واقیعدا لەلایەن تورکیـاوە، بـۆ ئـەو گۆڕانکارییانـەی دوای شـەڕی سـارد هاتنـە ئـاراوە، زامنـی پاشەڕۆژێکی روونە بۆئەو وڵاتە.

# ٣-پلانە عوسمانیەکەی تۆرگوت ئۆزال

جەنگی دووەمی کەنداو ، دەرفەتێکی ئاڵتوونی بووبۆ هەندێ نێوەندی تورکی کە لەدەوری سەرۆك تورگۆت ئۆزال بوون،تا گوزارشت لەنیازو تەماحەکانی دەرەوەی سنووریکەن .مەسەلەی موسڵ کەرکوك یش، کەناوچەیەکی دەوڵەمەندە بەنەوت وزۆربەی دانیشتووانی کوردو تورکمانن بە نیسبەت "عوسمانییە تازەکان "ەوە دەتوت هەنگوینەو لەکلۆرە داردا دۆزیویانەتەوە، هەربۆیە تورکیا لەژێرسایەی حیزبی (نیشتمانی دایك )دا بڕیاری بەشدارییەکی چالاکانەی وەهای دا بۆ جێبەجێکردنی گەمارۆ لەسەر عێراق؛ کەلەسەردەمی سەربەخۆ بوونەوە بەخۆیەوە نەیدیبوو.هەر بەڕاستیش حیزبی نیشتمانی دایك بە ئاڕاستەکردنی ڕاستەوخۆی ئۆزال تاقە حیزب بووکە پشتگیریی لەسیاسەتی هاوپەیمانان کرد دژ بەعێراق ، لەکاتێکا ئەجەوید و ئینۆنۆ و دیمیریل و ئەربەکان دەنگیان بەرز کردبۆوە بۆ بێلایەنیکردنی تورکیا ،بەڵکو هەندێ لێپرسراوی سەربازی و هەندێ لەوەزیرەکان دژ بەسیاسەتی حکومەتەکەی نیشتمانی دایك ئۆزال وەستانەوەو دەستیان لەکار کێشایەوە .

لەگەڵ دۆڕانی حیزبی نیشتمانی دایك دا لە هەڵبژاردنەکانی ٢٠ی ت ١/ئۆکتۆبەری١٩٩١دا،ڕەوتی حیزبی نیشتمانی دایك کشانەوەی بەخۆوەدی و،دواتریش لەهەڵبژاردنەکانی شارەوانی و هەڵبژاردنی نوێنەراندا شکستی خوارد .بەڵام ڕووداوی مێژوویی "ڕاپەڕین "ەکەی مەسعود یڵماز بوو لەناو ڕیزەکانی حیزبدا دژ بەدەسەڵاتی ئۆزال .

ئەوەبوولە ٣٠ت ٢/نۆڤەمبەری١٩٩٢دا باڵی ئۆزال لەحیزبدا شەڕەکەی دۆڕاند. دوای ئەوە لایەنگرانی لەحیزب دا نەمان و لەدەوری سەرۆك کۆبوونەوە تاحیزبێکی نوێ دابمەزرێنێ.

تۆرگۆت ئۆزال کە وەختێ جڵەوی دەسەڵاتی لەدەستدا بوو، لەهەشتاکاندا قۆناغێکی نوێی لیبراڵیزم و کرانەوەی هێنایە گۆڕێ ،پاش ساڵێك لەدەستدانی حکومەت و حیزبی نیشتمانی دایك ،لەڕێی قۆستنەوەی پێگەی سەرکۆمارییەوە ویستی بگەڕێتەوە ناو مەیدانی سیاسەتی تورکی .ویستیشی ئەم گەڕانەوەیەی

بشوبهیتە سەر گەرانەوەی تورکیا بۆ دەوروبەرەکەی خۆی ،واتە وەکو دەولەتیکی بەهیز.بەوەی ویستی کۆماری تورکی بکات بە سولتاننشینی(سلطنة) و خۆیشی ببی بە(سولەیمان)ی گەورەی.ئەم پلانە عوسمانیەی ئۆزال ، سەیرو شایانی تیرامان بوو،نیشانەی خەیالفراوانی و خەونەکانی پیاویك بووکەمایەی مقۆمقۆبوو ،چ لەناو تورکیادا وچ لەدەرەوەیدا و، لەتوانایدا بوو کۆمەلیك بیرو بۆچوونی نویو ئازایانە بهینیتە ئاراوە .

رۆژیك لەرۆژانی کانونی یەکەمی١٩٩٢دا،ئۆزال لەگەل کۆمەلیك لەو نوینەرانەدا کۆبووەوە کە لەحیزبی نیشتمانی دایك جیابو بوونەوەو (موحازەرە)یەکی سەبارەت بەبەرنامەی گۆرینی نوی وتەوە کەحیزب دەبی پەیرەویی لی بکات ،ئەو حیزبەی کەخەریکن هەربەسەرۆکایەتی ئۆزال دایدەمەزرینن .لەم کۆبوونەوەیەدا ئۆزال هیلە سەرەکیەکانی ئەو رۆلە عوسمانیە نوییەی کیشا کەبەرای ئەو پیویستە تورکیا کاری بۆ بکات .ئۆزال کاغەزیکی گرت بەدەستەوەو وتی: لە رابردوودا شەری دەسەلات و بالا دەستی لەئەوروپادا لەنیوان ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و روسی و هەنگاری–نەمساویدا بووە، ئەمرۆش هەمان شەرە بەلام بەجیاوازییەوە لەشیوەی بارو دۆخەکەدا .لەکاتیکا نەخشەی هیزەکانی ئەوروپای کیشا وزانیاریی سەبارەت هاوسەنگیەکانی هیزی نیوانیان دابەدەستەوە ،ئۆزال ویستی تورکیا رۆلیکی عوسمانیی نوی ببینیت. پاشان وتی کاتی ئاشی شەر لەنیوان ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و قەیسەریەتی رووسیدا دەگەرا ، ئەوروپا کەشوهەوایەکی گونجاوی بۆبوژانەوە بۆ رەخسا.بۆئەوەی تورکیاش سەرلەنوی نەکەویتەوە چنگی شکست دەبی ببیتە هیزیکی ئیقلیمیی گەورە .

دوای ئەم "وانە میژووییە" ئۆزال وینەی یەکەم "تۆو"ی ئیمپراتۆریەتی نویی کیشا .ئاماژەی بۆ گەلی کار کرد کەپیویستە تورکیا هەر لەدەریای ئەدریاتیکەوە تا شووورای چین ئەنجامیان بدا، بەپیداگرتنیشەوە لەسەرئەوەی کە ئەم دەرفەتەی لەماوەی ئەم هەزار سالەی دواییدا بۆ یەکەمجارە دەردەکەوی ، نابی لەدەست بدری

"ئەگەر بمانەوێ لەسەدەی بیست ویەکدا ببینە دەوڵەتێکی گەورە ، ئەبێ زۆر باش ئەم هەلە بقۆزینەوە"، ئەمەش بەفراوانکردنی سنووری ڕێکخراوی هاریکاریی ئابووریی دەریای ڕەش دەستپێدەکات ، تا ئەو ناوچەیەش بگرێتەوە کە لە ئەدریاتیکی یەوە تادەریای قەزوین درێژ دەبێتەوە ، واتە ناوەڕاست و خۆر هەڵاتی ئەوروپا و قەفقاس بەرامبەر یەکێتیی خۆرئاوای ئەوروپا، بۆیە ئەگەر توركیا ئەم دەساڵەی داهاتوو بقۆزێتەوە ئەوا دەبێتە دەوڵەتێکی گەورە ، ئەگینا بەپێچەوانەوە ، هەر بەپچووکی دەمێنێتەوە .

بۆئەمەش ئۆزال لەم پلانە عوسمانیەیدا پیشنیازی ڕژیمی سیاسیی توركیا دەکات ، بەگۆڕینی بۆ ڕژیمیکی سەرۆکایەتیی وەك ئەو ڕژیمەی ئیستای ولاتە یەكگرتووەكان ،لەبەر ئەوەی قۆستنەوەی ئەو هەلە میژووییەی لەبەردەم توركیادایە پیویستی بەئیدارەیەكی سەقامگیرو بەهیزهەیە ، كەئەو ڕژیمە سیاسییە فرەحیزبی و ئیئتیلافیەی ئیستای توركیا لەتوانایدا نییە دەستەبەری بكات .

هەروەها ئۆزال داوای هاو پەیمانیتییەكی توندو تۆلی لەگەل ئەمریكادا كرد ، لەبەر ئەوەی كۆمەلەی ئەوروپی كار لەسەر ئەوە دەكات هیزەكانی دەورو پشتی خۆی قوت بدات و بیانخوات .وتیشی كەپلانی ئەلمانیا بۆ رابەرایەتیی ئەوروپا پیویستی بەراكیشانی كۆمەلیك سەركردایەتی هەیە كەلەسەرەوەی دەسەڵاتدا بن لەدەولەتە نزیكەكانی ناوچەكەو ، لەسەروو هەمووشیانەوە توركیا .

پاش چەند رۆژیك لەم كۆبوونەوەیە و بلاو بوونەوەی هەندی لەبیرۆكەكانی، وتەبیژی سەرۆكی كۆچكردوو، قایا توبیری، ئەوەی رەت كردەوە كە ئۆزال لەبارەی "پلانیكی عوسمانی"ەوە ئاخاوتبیت و وتی ئەمانە بیرو رای هەندی كەسانی ترن دەدرینە پال سەرۆك. هەروەها وتی كە قسەكردن لەسەر "بوژاندنەوەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی "و"رۆلیكی عوسمانیینوی بۆ توركیا" پروپاگەندەی بی بنچینەن .

**شوناس له چەند هەلبژاردنیکیدا**

هەندیك دەلین چەند پایەی سیاسی ئۆزال لەناو تورکیادا لاواز دەبوو، ئەوەندە بیرو راکانی "گەورە دەبوون" بۆ پاراستنی پیگەیەکی تری کاریگەر بۆی .هەندیکی تریش ئەوە بە تەلەیەکی تورکی لەقەلەم دەدەن بۆ پراکتیك کردنی سیاسەتیکی ناواقیعی لەگەل دراوسیکانیدا و ئەنجامەکەشی خراپ دەشکیتەوە لەسەر هەنووکەو داهاتووی .هەندیکی تریش هەن ئەوە بە وەرەقەیەکی ترساندن لەقەلەم دەدەن بۆ بەدەستهینانی هەندی دەسکەوت ، یان کەمکردنەوەی ئەو گوشارە زۆرانەی لەسەر تورکیایە لەگەڵ سەنگەردا و لەزۆر مەسەلەدا .

بەلام گەر "عوسمانیەت " سیاسەتیکی رەسمیی"رانەگەیەنراو "ی تورکیا بیت نەك هەرهی ئۆزال ، ریگەی گەیشتن پیی بەچارەسەر کردنی ناکۆکیە دریژ خایەنەکانی نیوان ئەنقەرەو ولاتانی دراوسییدا دەروات ،وەك:یۆنان و بولگاریاو سوریاو عیراق و ئیران و پاشان ئەرمینیاو هتد .

# ٤- كۆماری دووەم

لـەنیو تـەواوی سـەدەكاندا سـەدەی بیسـتەم ئـەو سـەدەیەیە كەپـەیدا بـوون وسەركەوتن و بەهێزبوونی ئایدیۆلۆژیا گەورەكانی بەخۆیەوە دی ،هەرچۆن شایەتی كەوتن و ناشتن و بەنەفرەتكردنی پیاوەكانی و هەلدانەوەی گۆڕەكانیان بوو.

هەربۆنموونە، لەكاتیكا ئایدیۆلۆژیای ماركسیزم پـیرۆز بـوو، لینینەكـەی بریتـی بوولـە گـەل و ، گـەلیش لـەلینین. لـە شـەو و رۆژیكـدا بـوو بـە "دەمـامكیكی ئینتـەر ناسیونالی "كەپـەردەی بەسـەر دەیـان سال لـە دەمـار گیریی نەتـەوەیی و تواندنـەوەی كەمایەتی‌یـە نەتەوایـەتی و ئایینـەكانی تـردا دابـۆوە. هەربۆیـە سـتالین لەترۆپكـەوە دارما.

ئایدیۆلۆژیا گەورەكانی تریش بەهەمان شیوە ،دوای ئەوە وادەزانرا ئەوانە قەدەر و ئیستاو پاشە رۆژ بوون :هیتلەریزم ، فاشیزم ،تیتۆیزم ،ماویزم .

ئایدیۆلۆژیایـەكی تـری گـەورەش ، كەسـەدەی بیسـتەم شـایەتی سـەرهەلدان و پەرەسەندنی بوو ، دەشی شایەتی مەرگیشی بیت ، "كەمالیزم "ەكە مستەفا كەمال ئـەتا تـورك لەبیسـتەكان و سـی‌یەكانی ئـەم سـەدەیەدا دایمـەزراندو، تائیسـتاش فـەرمانرەوا توركـەكان بـەناوی ئـەوەوە حوكـم دەكـەن و، هەربـەناوی ئەویشـەوە دەرنـەچوون لـەوبیرو باوەرە هـەر دەسال جاریك سوپا و سەربازانیان گورزی خۆیـان دەوەشینن.

ئایا دەمی گویزانەكە نەگەیشتۆتە "چەناگە"ی كەمالیزم ؟

یـان لـەم چـاخی هەرەسـی ئایدیۆلۆژیانـەدا پرسیاری واقیعـی ئـەو پرسیارەیە ئایـا دەكری ئیستاش پشتگیری لـە كەمالیزم، یـان هـەر بیروباوەریكی دۆگمـای دی بكریّ، بەجۆریك وەكو ئایین تەماشا بكریّ وبەكەلكی هەموو كات وشوینیك بیت؟ وەلامی ئەم پرسیارە پیویستی بە خۆماندووكردنیكی زۆرنی‌یە تابە نەری وەلامی بدەیتەوە.

دوای شەست حەفتا سال لە ریكخستنی ژیانی سیاسی‌و كۆمەلایـەتی‌و فیكری لـە توركیادا بە گویرەی بنچینەكانی كەمالیزم، دەبینین ئەم ولاتەش كەوتۆتە نیو گیژاوی

گۆرانكاری‌یــه جیهانی‌یــه‌كانی ئــه‌م دواییــه‌وه.بــه حوكمــی فاكتـــه‌ری جیۆپۆلۆتیكــی، توركیــا لــه‌و ولاتانه‌یــه كــه زۆر كه‌وتۆتــه ژیــر كاریگـــه‌ریی كۆتــایی جــه‌نگی ســاردو هه‌لوه‌شــانه‌وه‌ی یــه‌كیتی ســۆڤیت‌و ده‌ره‌نجامــه‌كانی تــری وه‌كــو بووژانــه‌وه‌ی رۆحــی نه‌ته‌وه‌یی له به‌لقان‌و قه‌فقاس‌و خۆرهه‌لاتی ناوه‌راست. به حوكمی ئه‌و گۆرانكارییانه، ئه‌ركی توركیا وه‌كو پاسگا(مه‌خفه‌ر)یكی ئه‌تله‌سی له باشووری یه‌كیتی‌ی سۆڤیتدا نه‌ما.به‌لام به هه‌لوه‌شانه‌وه‌ی یه‌كیتی‌ی سۆڤیتیش، توركیا بووه هــیزیكی ئیقلیمــی گرنگ له‌ناو كۆمه‌لیك ده‌وله‌تی بچووكی"نوی"دا كه به‌دوا شوناس‌و ئینتیماو رژیمی حوكم‌و ئابووری‌و سیستمی فیكریی خۆیاندا ده‌گه‌رین. جگه له‌مانه كۆمه‌لیك كیشه‌ی دریژخایـــه‌ن ســـه‌ریانهه‌لدایه‌وه، دوای ئـــه‌وه‌ی حـــه‌فتا ســـال بـــوو لـــه ســـه‌رده‌می فه‌رمانره‌وایی سۆڤیتدا"خه‌وتبوون".

زه‌قترین نموونه‌ش"مه‌سه‌له‌ی ئه‌رمه‌ن"ه. هه‌روه‌ها هه‌ندی كیشه‌ی دی پیشكه‌وتنی زۆریان به خۆوه‌دی،وه‌كو"مه‌سه‌له‌ی كورد"له باكووری عیراق‌و ناو توركیادا. ئه‌م دوو مه‌سه‌له‌یه‌ش به‌راده‌یه‌كی زۆر په‌یوه‌ندییان به توركیا خۆیه‌وه هه‌یه.

ئاله‌م كه‌ش‌و هه‌وا نادیارو دردۆنگه‌دا، ئه‌و بنچینانه خرانه‌وه روو كه كۆله‌كه‌كانی كۆماری توركیایان پیكهیناوه‌و، ئایا تاچه‌ند ئه‌و بنچینه‌و بنه‌مایانه له‌گه‌ل بارودۆخ‌و گۆرانكارییه نویكانی كۆتایی سه‌ده‌ی بیسته‌مدا ده‌گونجین‌و به‌رده‌وام ده‌بن.

ئه‌م گفتوگۆیــه‌ش دوو دیوی هه‌یــه:ناوه‌وه‌یی‌و ده‌ره‌كی، كه‌لــه ژیــر ناونیشــانیكدا كۆبوونه‌تــه‌وه: "ئایا كــه‌مالیزم كۆتایی هــاتووه؟" كــه‌مالیزم كۆتــایی هــاتووه، چونكــه چیدی ناتوانی رووبه‌رووی داواكاری‌و خه‌ونه‌كانی زۆرینه‌ی خه‌لك بیتــه‌وه. نووســه‌ری به‌ناوبانگ ئه‌نیس باتۆر ده‌لیت: (كۆمـاری یه‌كـه‌م بـه‌خۆی‌و قوتابخانــه‌و خه‌سته‌خانه‌و به‌ندیخانــه‌و دادگــاو په‌رله‌مانه‌كه‌یــه‌وه كۆتـایی هـاتووه). هــه‌روه‌ها ده‌لیــت كــه كۆمــاری دووه‌م شتیكی پیویسته له‌به‌ر هۆیــه‌كی ئاسان، ئــه‌ویش ئه‌وه‌یــه كــه كۆمــاری یه‌كــه‌م "كۆتایی هاتووه".

هــه‌موو له‌ســه‌رئه‌وه كۆكــن كــه كــه‌مالیزم، كاریگــه‌رترین وریشـــه‌دارترین تـــه‌وژمی میژووی نوی‌ی توركیایه. ئه‌م ته‌وژمه‌ش زۆر هه‌ولیدا كۆمه‌لگایه‌كی بۆرژوای مــه‌ده‌نی دابمــه‌زرینیت. لــه‌پیناوی ئه‌مه‌شدا شــه‌ریكی خه‌ستی له‌گــه‌ل ئایدیۆلۆژیاو دامــه‌زراوه ئایینیــه‌كاندا كـرد. بـه‌لام كـه‌مالیزم له‌گه‌ل ئه‌وشتانه‌شدا له‌گـــه‌ل خۆیـدا هینـای، وه‌ك:

خـــاوەنداریتی‌ی تایبـــەت و، دەسپێشـــخەریی سەربەســـتانەو، وتوویـــژی ئـــازادو، بەپیشەسازی کردن وپەرەدان وهتد ، دیسانەوە لەسی‌یەکاندا خۆی کردەوە بە بت، ئەویش بەوەی دەولـەت لـە ئـەرکی چـاودێریو سەرپەرشـتی‌یەوە بـووە ئـامرازێك بـۆ دەسەڵات، دیموکراسیش کە فاکتەرێك بوو بۆ ئافراندن وداهێنـان وئازادکردنی توانا شاراوەکانی کۆمـەلگا، گۆڕا بۆ دیکتاتۆریـەتێك کـە بناغەکـەی سوپایە، بەشـێوەیەکی ڕاستەوخۆبێت یان ناڕاستەوخۆ.

ڕاستە کۆنەپارێزەکان بەوە "چەپە کۆنـەکان"و"کـوردە نوێ‌یـەکان" (لەوانەیـە ئەمـە هەڵـەی چـاپ بێـت ومەبەسـت لەتورکـە نوێ‌یـەکان بێـت- وەرگێـر-) تاوانبـاردەکەن کـە گفتوگۆیـــەکی"بـــۆش" دەربـــارەی مەســـەلەیەك دەوروژێنـــن (کـــە نی‌یـــە)، ئـــەوەش بەمەبەسـتی تۆڵەسـەندنەوە لـە کـەمالیزم کـە بـەرای ئـەوان شـوورایەکی ئاسـنین بـووە لەئاست تەماعی شیوعیەکان وهەروەها تەماعی کوردە جودا خوازەکاندا.

بـەڵام هــەموو دەزانـن کـە ئیسـلامیەکان لـەم دواییــەدا بەرلەهــەمووان وبەئاشــکرا ڕەخنەیان لەئەتاتورك وکەمالیزمیەکەی گرت، بەتایبەتیش خوینەری حیزبی "ڕەفاهی ئیسلامی" حەسەن مەزارجی.

لـە دیـارترین بەرەنجامـــەکانی گۆڕانکارییـــە جیهانییـــەکانی ئـــەم دواییـــە مەســـەلەی دیموکراسیو مافی مرۆڤە کە ئیستا گەلانی دونیا بایەخیکی زۆری پی‌دەدەنو لە ژیـانی گـەلاندا ڕۆلیکی گرنگی هەیەو چووەتە سەر لەوحەی پیداویستیە سیاسیو کۆمەڵایەتیو فکرییەکانەوە. جی‌ی باسیشە کە لەو مەرجانەی"کۆمەلەی ئەورووپی" بۆ تورکیای داناوە تا لەو کۆمەلەیەدا ببیتە ئەندام، هەنگاو نانی کردەییە، چ لە ڕەفتارو چ لـە یاسـادا، بـۆ دابـین کردنـی مـافی مـرۆڤو ریزگرتـن لـە شوناسـی ڕۆشــنبیریی کەمایەتیەکان. لە جیهانی سی‌شدا تورکیا لەو دەولەتە کەمانەیە کە تیایدا ڕۆلی سوپا تەواو تیکەڵ بە سیاسەت دەبی. هـەرناکری تورکیایـەك بهینینـە بەرچاوی خۆمـان کـە تیایدا دەزگای عەسکەرتاریانەی تورکیا لـەدەرەوەی دروسـتکردنی بریـاردا بیـت.هـەر بۆیە گەر بیتو ڕۆلی سوپا لە دروستکردنی بریاردا لـەتورکیادا دوور بخەینـەوە ،وەکـو ئەوە وایە فیشەکی ڕەحمەت بە"کەمالیزم"ەوە بنیین. بـەلام بـەبی هـەنگاویکی وەهـاش هەر بەرگرتنیك سەخت ودژوار دەبی.

لایــەنیکی گرنگــی تــیروانینی هــەلگرانی ئــالای "کۆمــاریی دووەم" پــەیوەندی بەپرنسـیپی "دەولــەتیتی" یــەوە هەیــە، کەئەمــەش یــەکیك بــووە لــە کۆلەکــەکانی کەمالیزم، کاتی زۆربەی دەزگا ئابووری‌یەکان یان بەدەستی دەولەتەوە بوون و یان لەژیر سانسۆری توندیدا بـوون. لەگـەل گۆرانکاریـە جیهانیـەکاندا بـەرەو ئـابووریی بازار، خاوەن بیرو باوەرە لیبرالیەکان لە ئابووریدا، لەسەروو هەمووشیانەوە تۆرگۆت ئۆزال، بانگەشەیان بۆ "کاملبوون" کرد لەگەل ئابووریی سەرمایەداریی جیهانی‌دا ، ئەمــەش لــەریی ئــازاد کردنــی تــەواوی بــازارو، دەســتیوەرنەدانی دەولــەت لەبــەریوەبردن‌وخاوەنداریتی ســەرچاوەکانی ســامانی نیشــتمانی و ، پاکتــاوکردنی تـەواوی دەزگاکـانی کـەرتی گشـتی وگۆرینـی بـۆ کـەرتی تایبـەتی، لەوانـە زانکۆکـان و ویستگەکانی بەرهەمهینانی کارەباش.

هــەروەها ئــەوەی جــی‌ی ســەرنجە ئەوەیــە، لــە وتوویژەکــانی تایبــەت بــە"کۆمــاری دووەم"دا ئەو شتانەیە کەسەبارەت بە یەکیتی‌ی قەوارەی تورکی و کۆمەلگا خراونەتە روو. پرۆفیسـۆر خـەلیل جـین دەنووسـیت "کۆمـاری تورکیـا دەولـەتیکی عیلمـانی‌ی دیموکراتـی حقوقی‌یـە، هـەروەها بەرهـەمی هاوگونجـانی میللی‌یـە لـە چوارچیـوەی یـەکیتی نەتـەوەیی‌دا". هەربۆیـە لـە راتـەکانی ئـەو هاوگونجانـە میللی‌یـەو ژیانـە هاوبەشەدا راتەکانی یەکیك لەو کۆلەکە سەرەکیانە دەبینینەوە کە کۆماری تورکیایان لەسەر دامەزراوە.

ئاشکراشـە کـە بونیـادی ئیتنــی و مەزهــەبی‌ی کۆمــەلگای تورکــی فرەچەشــنەو کۆمـەلیك کەمایـەتی‌ی ئیتنـی لـەخۆ دەگریـت کەگـەورەترینیان کەمایـەتی‌ی کـوردە کەنزیکـەی دوانـزدە ملیـۆن کـەس دەبـن، واتـە پینـج یـەکی دانیشـتووانی تورکیـا، زۆربەشیان نیشتەجی‌ی ناوچەکانی باشوری خۆر هەلاتی ئەنادۆلن کـەنزیك سـنووری سوریاو عیراق وئیران‌و ئەرمینیان.

پــارتی کریکــارانی کوردســتانیش،لەســالی ١٩٨٤ەوە داوای ســەربەخۆیی "کوردستانی تورکیا "دەکەن وبۆ ئەم مەبەستەش شەریکی ئاشکرا لەگەل سوپای تورکیادا دەکەن .

لیپرسـراوانی تورکیـاش نکولـی لەوەناکـەن کەئـەو ئاسـتە نوی‌یـەی "مەسـەلەی کورد"پی‌ی گەیشتووە ؛نەك هەر لەتورکیادا ،بەلکو لەتەواوی ناوچەکەدا، ئەنجامیکە لەئەنجامەکانی شەری دووەمی کەنداوو لاواز کردنی عیراق .

بەلام ناسیونالیستە تورکەکان، لەنیویشیاندا بولند ئەجەوید، هۆی رەنگدانەوەی نیگەتیڤیانەی مەسەلەی کورد لەسەر تورکیا دەگەرینەوە بۆ هەلویستەکانی سەرۆکی تورکی کۆچکردوو تۆرگۆت ئۆزال وحکومەتەکانی حیزبەکەی "نیشتمانی دایک "،پاشان چۆك دادانی حکومەتەکەی سلیمان دیمیریل بۆ گوشارەکانی ئەمریکا هەرلە ١٩٩١ەوەوهەولنەدان بۆ ریگرتن لەکوردەکانی عیراق لەدامەزراندنی دەولەتەکەیاندا، هەرلەهەلبژاردنی پەرلەمانی وپیکهینانی حکومەتەوە تا دەگاتە راگەیاندنی دەولەتی کوردی لە٤ت٢/ئۆکتۆبەری١٩٩٢دا .

بەلام ئۆزالییەکان تیروانینیکی سەرنج راکیشیان هەیە. بەرای ئەوان چارەسەرکردنی کیشەی کورد لەتورکیادا وپاراستنی ولات لەدابەشبوونی لەرووی کۆمەلایەتی وجوگرافییەوە، لەدامەزراندنی کۆنفیدرالیەکی فراواندا خۆی دەبینیتەوە کە کۆمەلیك لەو دەولەتانە دەگریتەوە کە زەویەکانیان بەر لەهەرەسی ئیمپراتۆریەتیعوسمانی لەجەنگی جیهانی یەکەمدا بەشیك بوون لەو ئیمپراتۆریەتە. ئۆزال بەئاماژەکردن بانگەشەی بۆ دامەزراندنی فیدرالیەتیك کرد لەنیوان کوردەکانی تورکیاو تورکەکانیدا، هەروەها لەنیوان تورکیاو باکووری عیراقدا، قەیدی نییە گەر ئەم شیوە حوکمە فراوانتریش بیت تاکۆمەلیك دەولەتی بەلقان وقوبرسیش بگریتەوە.

ئەم ئاراستەیەش بریتییە لەبەرجەستەبوونی سیاسەتی "هیرش بردن باشترین وەسیلەیە بۆ بەرگری لەخۆکردن"، بۆ برەو دان بەم "تیۆرە"یەش ئۆزال وگروپەکەی هیچ دەرفەتیکیان لەدەست نەدەدا، بۆ بانگەشەکردن بۆ "تورکیایەکی گەورە " کە ببیتە یەکیك لە دە دەولەتی یەکەمی دونیاو، دروشمیکیش بەرزدەکەنەوە کە بریتییە لەمە "سەدەی بیست و یەك سەدەی تورکەکانە". بەلام زەبەلاحکردنی رۆلیتورك لای ئەمانە گەیشتۆتە رادەی "هەلاوسان"هەروەکو هەلاوسان لەئابووریدا.

تورکیا دەیەویت رابەرایەتیی"جیهانی تورکی"بکات، بەلام نەیتوانی ری لەئەرمینیا بگری (کەهەمووی دووسی ملیون کەسە )قەرەباغ بۆ خۆی داگیرنەکات و ریی وشکانیی پییەوە نەبەستیت .هەروەها نەیتوانی دەولەتە تورکەکان قەناعەت پیبکات بەدەم بانگەوازی "کۆماری باکوری قوبرسی تورکی "ەوە بین بۆ کۆبوونەوەی لووتکەی سەرۆکەکانی ئەو دەولەتانە کەلەرۆژانی ٣٠-٣١ت١/ئۆکتۆبەری١٩٩٢دا بەسترا.

هەروەها تورکیا دەیەویت لەبەلقاندا دەستی بروات، بەلام نەیتوانیبەهەنگاونانی کردەیی یارمەتیی بۆ سنه بدات تاری له سیاسەتی پاکسازیی ئیتنی و ئایینی بگری لەلایەن سربەکانەوه دژبەموسولمانەکانی بۆ سنەو هەرسك .

ئۆزالیـــــەکان"دەیانـــــەوێ لەیـــــەك کـــــاتدا تورکیـــــا هـــــیزیکی قەفقاســـــی وئەوروپیوئاسیاییو بەلقانیو خۆرهەلاتی ناوەراستی وپیشەنگی جیهانی تورکیش بیت. ئەگەرچی فاکتەری جیۆپۆلۆتیکی بەشیوەیەکی خۆبەخۆیی ئەم بایەخ وخەونانه بەسەرتورکیادا دەسەپینی. بەلام ئەم "هومایونە نوییانە"ئەوەیان لـەیاد چـووە کـە ئـەوەی عوسمانیـەکانی کـرد بـەهیزیکی گـەورەو یـەکگرتوو، فاکتـــەری ئـایین بـوو، لەچاخی نویشدا ئابووری دیارترین فاکتەرە کە مەزنی بە میللەتەکان دەدات .پاشان دروشمی: تورکیادەبی بەپیی ئەو واقیعە جیـۆ پۆلیتیکـەی بەسـەریدا دەیسـەپینی رۆلـی ئیمپراتۆر ببینیت، ویان چارەنووسی بچوکبوونەوەو دابەش بوونە، ئەمـە لـە دووتویی خۆیـدا پـرۆژەی کۆمـەلیك جـەنگی لـەنیوان دەولـەتان وگـەلانی ناوچەکـە هەلگرتووە.ئەمرۆ کەگـەلانی خۆرئـاوای ئـەوروپا بـەرەو یـەکیتی ویـەکبوون دەچـن، لەبەرئەوەیە کەئەوان چوونەتە قۆناغی "پاش گـەل "یـان "پاش نەتـەوە" وە بەمانای وازهینـان لەبەشـیك لەپرنسـیپی "سـەروەریی گـەل "و"لـەخۆبایببوونی نەتـەوەیی"، کەلەکاتیکا هیشتا گەلانیك هەن له خۆرهەلاتی ناوەندا، تازە خەریکن هـەندی مافی نەتەوەیی خۆیان دەسگیردەبیو "هەست بە بوون"ی خۆیـان دەکـەن، ئەمە بەرلـەوەی بیر لەوە بکەنەوە واز لەو شتە بهینن کە هیشتا بەدەستیان نەهیناوە.

ئەو کیشانەی لە ئـەنجامی پارچەپارچـە بوونـی دەولـەتی عوسمانییـەوە هاتنـە گۆرێ هیشتا هـەر مـاونو جـێی مشـتومرو نـاکۆکین. تورکیـاش کۆمـەلیك کیشـەی جوگرافیایی دریژخایەنی هەیە لەگەلٚ هاوسیکانیدا، هەرلـەیۆنانو سوریاوە تادەگاتـە عیراقو ئەرمینیا. زەقترین نموونەش بۆئەوە ئەو نەخشەیەیە کە سـەفارەتی ئـەرمینیا لە لەندەن سالی ١٩٩٢بلاٚویکردەوەو، تیایدا بەشیکی زۆری تورکیای ئیستاو قەرەباغ و نەخچەوان و بەشیکی جۆرجیاش کەوتۆتـە نـاو سـنووری ئـەرمینیاوە.ئەمـە جگـە لـەوەی لـە نەخشـە رەسمیـەکانی سوریاشـدا لیــوای ئەســکەندەرون دەکەویتــە نــاو سنووری دەولەی سوریاوە.

کیشه جوگرافیاییە سنوورییەکان و کیشە جوگرافیاییە ناوخۆکانی پەیوەست بە مەسـەلەی کوردەوە، رەنگە نەمانخەنـە بـەردەم "کۆمـاری دووەم" لـەتورکیادا، بـەلکو بمانخەنە بەردەم تورکیایەکی"نوێ" کە پاشەرۆژ لێی شاردووینەتەوە.

مستەفا کەمال لە بارودۆخیکی میژوویی سەختدا تورکەکانی لە حالەتی پەرت وبلاوی‌و وەستان وبەفیرۆچوونی هەوڵ وتەقەللاوە بردە حالەتی یەکیتی‌ی نەتەوەیی‌و دەزگای نویوە. بەلام لەگەل گۆڕانکارییە جیهانیەکانی ئەم دواییەدا لەچەمك وبیروباوەڕو ڕۆڵ وسنوورەکاندا، پیدەچیٚ کەمالیەتیش ئەو ئەرکە میژووییەی بەتال بووبیتەوە.

بەلام نابیٚ بەنەفرەت وجوینەوە مالئاوایی لیبکریٚ، بەلکو هەروەکو یاغمور ئاتسیزی نووسەریش دەلیت، ئیستا ئەو وەکو فەرمانبەریکی بەتەمەنی لیهاتووە کەتا ئەوپەری ئەرکی خۆی بەجیهیناوە ودەبیٚ بەریزگرتن لەو خزمەتانەیەوە تەقاویت بکریٚ.

لای کەمالیستەکان، کەمالیزم بریتی‌یە لە تیپەڕاندن. تیپەڕاندنیکەمالیزمیش لەلایەن کۆمەلگاوە، پیداویستی‌ی کەمالیزم وئامانجیتی. لەنیوان کۆماریکی "دووەم"یان"سی‌یەم"یشدا پیداویستی‌یەکی ناوخۆیەو کۆماریکی"نویٚ"یە کە خەونەکانی تورکیاو هاوسەنگیە دەولی و ئیقلیمیەکان سیمای دیاریدەکات و، بۆ ئەوەش دەبیٚ زۆر چاوەڕیٚ بین و بەر لە برینی قۆناغیکی شپرزەی میژووی دەولەتان وگەلانی ناوچەکە کە تازە دەستیپیکردووە وەدیهاتنی ئەو کۆمارە شتیکی ئەستەمە.

# ٥- تۆرگوت ئۆزال: موغامەرەی پێداویستی

تورگوت ئۆزال كە لە ١٧ی نیسان/ ئەپریڵ ی١٩٩٣دا كۆچی دوایی كرد، لای رای گشتیی عەرەب ناوی بەستراوەتەوە بەو هەلویستانەوە كە لەكاتی قەیرانی دووەمی كەنداودا نواندنی، ئەو قەیرانەی لە ئەنجامی داگیركردنی كوەیت لەلایەن عیراقەوە لە ٢یئابی ١٩٩٠دا هاتە ئاراوە، لەو هەلویستانەدا ئۆزال لایەنی خۆرئاوای گرت. هەروەها لە سەریكی تریشەوە ناوی بە پرۆژەكانی ئاوی خۆرهەلاتی ناوەندەوە بەستراوەتەوە، چ ئەوانەی بەنداوەكانی سەر رووباری دیجلەوفورات، كەبوونە مایەی تیكدانی پەیوەندییەكانی سوریاو عیراق، چ پرۆژەی "بۆرییەكانی ئاشتی" كە مەبەست لێی فرۆشتنی ئاوی (شفە)یە بەولاتانی خۆرئاوا، لەگەڵ ئەوەدا كەئیسرائیلیش سوودی لێ ببینیت.

لەراستیدا ئەم پرۆژەو هەلویستە وروژینەرانە، بەهەردوو لایەنی ئابووریو سیاسییانەوە، چ نین جگە لە روویەك لە رووەكانی كەسیتیی تۆرگوت ئۆزال، بەلام دەشێ ئەم رووە لای خوینەرو كەسانی ئاگادار لە جیهانی عەرەبدا لەهەموو رووەكانی تری بۆ كۆمەلگای توركی پیویست بیت.

***

ئۆزال بەدریژایی سالانی حوكمی خۆی وحیزبەكەی، واتە لە١٩٨٣ تا١٩٩١، لەسەر ئاستی ناوخۆ حالەتیكی "ئۆزالیانە"ی تەواوی لەرووی ئابووری وسیاسیو فیكرییەوە خولقاند.

ئەگەر مستەفا كەمال ئەتاتورك یەكەم پیاوی دەولەت بووبیت كە سالی ١٩٢٣ وەكو سەركۆمار دەسەلاتی گرتە دەست وبەرنامەیەكی تەواوی پیادەكرد، ئەوا دووەم پیاوی دەولەت كە بەرنامەیەكی تەواوی تری هینایە گۆرێ بیگومان تۆرگوت ئۆزالە. ئەم بیرو بۆچوونە پركیش ونوی وكراوانەی ئۆزالیش لە كۆمەلگایەكدا كەلەسەر نەریت وئەمری واقیع راهاتبوو، بووە مایەی وتوویژو لیدوان و، لەهەمان كاتیشدا بووە واقیعیك كە نەدەكرا پاشەكشەی لێبكرێ و لە كویدا تەواو بووە لەویوە

دەستپێبکرێ، بەتایبەتیش دوای جەنگی ساردو زالبوونی سەمتی سەرمایەداری بەسەر ئابووریی جیهانیدا. لەساڵی١٩٧٩ەوە دەست پێدەکەین، بەشێوەیەکی وردتریش لەمانگی نیسان/ئەپریڵەوە.

ساڵ وشتیك بەر لە کودەتای ١٢ی‌ئەیلول/سیپتەمبەری ١٩٨٠، ئەو کودەتایەی پاش سێ‌ساڵ بووە مایەی دروستکردنی دیاردەی تورگوت ئۆزال و، لەنیسان/ئەپریل ی١٩٧٩دا، لەئوتیلی "دیدیمان" لە ئەنقەرە، کۆنگرەی (چەند ریگایەك لەبەردەم تورکیادا) بەسترا.

لەو کەسانەی ئەودەمە لەو کۆنگرەیەدا ئامادە بوون سەرۆکی حکومەت بولند ئەجەویدو سەرکردەی ئۆپۆزسیۆن سەرۆکی حیزبی عەدالەت سولەیمان دیمیریل، ئەم دوو دوژمنەی کەلە حەفتاکاندا بەنۆرە سەرۆکایەتیی زۆربەی حکومەتەکانی تورکیایان کردووە. ئەجەوید نوینەرایەتیی چەپی سۆسیال دیموکراتی دەکرد و، دیمیریلیش هی راستی موحافەزەکار. هەروەها تۆرگوت ئۆزالیش لەنیو ئەو ئامادە بووانەدا بوو، کەلیدوانیکیشی پیشکەشکرد.

ئەودەمە ئۆزال کەسیکی ناسراو نەبوو، تەنها لە نیوەندە ئابوورییەکان ولای هەندێ سەرکردەی راستی موحافەزەکار نەبێ.

لیدوانەکەی ئۆزال بەناونیشانی"نموونەیەکی نوێ لەپیناوی تورکیا"دا بوو. کۆمەلیك بیروڕای نوێی تیدا خرابووە روو، کەتەنانەت بەلای نیوەندە راستەکانیشەوە نوی بوون، وەك: (ئابووریی بازاری ئازاد)و(سیستمی ئالوگۆری ئازاد، ئازادکردنی نرخەکان، لابردنی کۆت وپیوەند لەسەر شمەکە نیردراوو هاتووەکان(الصادرات والواردات)، وە هەروەها پیویستیی بوونی تورکیا بەبەشیکی تەواوکەر لە ئابووریی جیهانی).

ئەو دەمەو هەر لە راگەیاندنی کۆماری تورکیاوە لەسەر دەستی مستەفا کەمال، پرنسیپی دەستیوەردانی دەولەتو سەرپەرشتیو بەشداریکردنی لە ئابووریی تورکیادا یەکیك بوو لەو بنەما سەرەکییانەی کە فەلسەفەی"کەمالیزم"یان پیکهینابوو.کۆتو بەند لەسەر شمەکی نیردراوو هاتوو و ئالوگۆری بازرگانیو بزاوتی سەرمایەکانو یاسای پاراستنی دراوی نیشتمانی دەولەتیان دەکرد بەسەرمایەداریکی نیمچە تەنیا لەولاتەکەدا، ئەمەش مانای نەمانی توانای کیبەرکێ

بوو لەلایەن کەرتی تایبەتەوە، بگرە زۆربەی بیرمەندە تورکەکان لەسالی ۱۹۷۹دا داوای دەستیوەردانی زیاتری دەولەتیان دەکرد لەبوارەکانی پیشەسازیو بازرگانیو کەرتە زیندووەکانی کانزاکانو، بوون بەبەشیك لەئابووریی جیهانیان بەتیروانینیکی "ئیمپریالیانە" لەقەلەم دەدا کەئامانجی تواندنەوەی تورکیاو، لەناوبردنی سەربەخۆیی بریاری سیاسیی بوو.

لەکۆتایی لیدوانەکەیدا، ئۆزال رستەیەکی سەرنجراکیشی وت: (بەیارمەتیی خوا، رۆژیك لەرۆژان ئەم بەرنامە "ئابووری"یە بەدەنگدانی گەل دیتە سەر دەسەلاتو، سوودو دەسکەوت بۆتورکیا دەهینیتەدی).

بەلام بەرنامەیەك کەتاقە کەسیك بانگەشەی بۆدەکات؛ ئاخۆ چۆن دیتە سەر دەسەلاتیك کەرۆژیك بەدەست ئەجەویدەوەیەو رۆژیکی تریش بەدەست دیمیریلەوەو کەسیکی تر لەنیوانیاندا نییە؟.

پاش سالونیویکو، لە۱۲ی ئەیلول/سیپتەمبەری ۱۹۸۰دا سوپای تورکی بەسەرکردایەتیی سەرۆکی ئەرکان کەنعان ئیفرین سێیەم کودەتا لەمیژووی تورکیادا ئەنجامدەدەن(دوای ئەوەی ۲۷ی ئایار/ مایۆی ۱۹٦۰و ۱۲ی ئازار/مارس ی ۱۹۷۱). یەکەمین کاریش کەکردیان گرتنی سەرکردەکانی دەسەلات (سەرۆکی حکومەت دیمیریل)و ئۆپۆزسیۆن بوو، لەنیویشیاندا ئەجەویدو ئەربەکان. خستیاننە ژیر چاودیرییەوەو، چالاکی حیزبە سیاسیەکانیان قەدەغەکردو بارەگاکانیان داخستن.

لیرەوە قۆناغی بەرزبوونەوەی ئەستیرەی تورگوت ئۆزال دەستپیدەکات، سیبەری ئەو قۆناغەش تامردنی لەگەلیا دەروات، سەرباری ئەو هەنگاوە گەورانەی لەریی بەمەدەنیکردنی کۆمەلگاو پیادەکردنی دیموکراسیدا دەینێ.

ناوی ئۆزالو سەرکەوتنی بەندبوو بەکودەتای ۱۹۸۰ەوە، شتیکی سەیریش نییە کەمردنەکەی وەکو کەوتنی دوا(یادگاری) بوو کەتائیستاش لەو کودەتایە ماوەتەوە.

دەرۆژ دوای ئەو کودەتایە، تورگوت ئۆزال بوو بەجیگری سەرۆك حکومەت کەبولند ئۆلوسو بوو. کودەتاچییەکان پیاویکیان دەویست ئابووریی تورکیا هەلسینیتەوەو لەهەمان کاتدا پالپشتیکیش بیت بۆ دەسەلاتەکەیان. ئۆزالیش جگەلەوەی ئەمەی بەئەرکیك لەقەلەم دا لەئاست میللەتەکەیو ئابوورییە ماندووەکەیدا، قبوولکردنی ئەوپایەیەی بەهەلیکی ئالتوونی زانی بۆ پراکتیزەکردنی

بیرو بۆچوونە ئابوورییەکانی‌و لەرێی ئەوانیشەوە بەدیهێنانی ئامانجە سیاسی‌یە ئاشکرا نەکراوەکانی. هەرخۆیشی بوو بەردەوام ئەوەی دووپات دەکردەوە کە(سیاسەت کراسیکی ئاگرە) هەرکەسیک لەبەریبکات دەیسووتینێ. گەرچی ناکۆکیەکانی نیوان ئۆزال‌و سوپا سەبارەت هەندێ مەسەلە بووە مایەی دەست لەکارکیشانەوەی ئۆزال لە١٤ی تەموزی ١٩٨٢دا، بەڵام ئەزموونی دەسەڵات گرتنە دەستی بۆ ئەو دووساڵە خالیکی وەرچەرخان بوو لەژیانی سیاسی‌ی ئۆزالداو، دواتریش دەستپیشخەریی لەدامەزراندنی حیزبی نیشتمانی دایکدا، کەلەسای ئەو بوار تەسککرنەوەیە لەبەردەم حیزبە کۆنەکان‌و کۆتە سەپینراوەکان بەسەر بزاوتی سەرکردە سیاسیەکانی تردا توانیی لە(هەلبژاردنەکان)ی ١٩٨٣دا سەرکەوتنیکی گەورە بەچنگ بهینێ‌و، بەو شەرعیەتەی گورز لەتەواوی سەرکردەکانی حیزبە سیاسیەکان بداو، حکومەتی نوێ پیکبهینیت.

ئەوەی سەیر بوو، ئەو پیاوەی کەخۆی یەکیك بوو لەبەرەنجامەکانی رژیمی سەربازی، یان (بالی مەدەنی‌ی) دەسەڵاتی سوپا، هەرخۆی دەرگای بەرووی (بەمەدەنیکردنی) کۆمەلگادا کردووەو گرنگی‌و بایەخی یەکەمی‌دا بە(کۆمەلگای مەدەنی) لەسەر حیسابی دیکتاتۆریەتی دەولەت. ئۆزال دەیزانی کەئەو سیاسەتی گۆڕانکارییە لەپریکاو بەگوژمیك ئەنجام نادرێ، بۆیە گۆڕینی پلەبەپلەی کرد بەبنچینەی پلانەکەی. لەسەرەتاشەوە ئۆزال نەیویست بکەویتە رکابەریی (ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیی) کەحوکمرانی راستەقینە بوو لەدەولەتداو، لەسەر داوای ژەنەراڵ کەنعان ئیفرین بەدامەزراندنی چەند وەزیریك قایل بوو.

ئۆزال رای وابوو کەدوورخستنەوەی کاریگەریی سوپا لەسەر ژیانی سیاسی بەتەنها لەرێی هەندێ گۆڕانکاریی سیاسی‌یەوە ئەنجام نادرێ، بەلکو هەروەها لەو رێیەوە کەکۆمەلگا بخریتە نیو سووریکی ژیانی ئابووریی لیبرالی‌یەوە لەسەر شیوە خۆرئاواییەکەی. ئیدی بەو جۆرە بەشیوەیەکی ئوتوماتیکی هیچ پیداویستی‌یەك بۆ دەستیوەردانی سوپا نامینێ.

هەر بەشیوەیەکی کردەییش ئۆزال لەیەکەم ساتی دەسەڵات گرتنە دەستەوە، دەستیکرد بەپراکتیزەکردنی بەرنامەیەکی ریفۆرمخوازی ئابووری‌و توانیی توركیا لەدەولەتیکی (سست لە گەشەکردندا)وە لەشەستەکان‌و حەفتاکاندا بگۆڕێ

بۆ(هێزیکی ئیقلیمی گەورە) لە نەوەدەکاندا. لەکاتیکا تورکیا لەکۆتاییەکانی حەفتاکاندا لەچاو تەواوی دەولەتانی ناوچەکەدا دواکەوتوو بوو؛ ئیستا بووە بەبەهیزترین دەولەتو پیشکەوتووترینیانو، لە(پیاویکی نەخۆش)ەوە بووە بە(دەولەتی نموونە)، یان هەروەکو سەرۆکی قیرغیزیا عەسکەر ئەقاییف دەلیت بووە بە(رینماو چرای رینوینی دەریایی. بگرە خەونی دووری ئۆزال ئەوەبوو کەسەدەی بیستو یەك ببیّ بە(سەدەی تورکان).

ئەگەر ئابووریی تورکیا، ویرای ئەو هەلاوسانەی دووچاری بووە، بتوانیّ لەسەر پییەکانی خۆی بوەستیّو تەواوکەری بنکەکانی ئابووریی جیهان بیت، ئەوە لەچاکەی هەنگاوە جەسوورەکانی ئۆزالەوەیە کەوەختیّ سەرۆکی حکومەت بوو(١٩٨٣-١٩٨٩) نایو، هەروەها وەختیّ سەرکۆمار بوو لەماوەی هەردوو حکومەتەکەی (نیشتمانی دایك)دا بەسەرۆکایەتیی ییلدیریم ئەقبۆلتو مەسعود یلماز (١٩٨٩-١٩٩١).

ئۆزال داوایکرد دەست لەکەرتی گشتی هەلبگیردریّو ئەرکەکەی بەتەنها لەهاوئاهەنگیو رینوینیدا هیشتەوە، بەرامبەر بەئازادکردنی کەرتی تایبەت لەگشت بوارەکانداو بەجۆریك تەنانەت نەخۆشخانەکانو زانکۆکانو بەنداوەکانو ویستگەکانی کارەبا. لەپیناوی دامەزراندنی سیستمیکی ئابووریدا کەبەپیّی ریساکانی بازارو بەگویرەی پیوانە خۆرئاواییەکان کاربکات ئۆزال لەچوارچیوەی ئەو پیشنیازانەدا کەبانکی دەولی کردنی، کۆمەلیك هەنگاوی ریشەیی نا:

- تەواوی شمەکە هاتووەکان (جگەلەچەكو بەنجکەرەکان)ی لەئیزنی پیشوەختە ئازادکردو، گومرگی لەسەر کەم کردنەوە.
- ئالوگۆری دراوو کردنەوەی حساب بەدراوی قورسو گواستنەوەی سەروەتو سامانی بۆدەرەوەی تورکیا ئازادکرد.
- نرخی لیرەی تورکیی بەهەلومەرجی بازارەوە بەستەوە، گەرچی ئەوە بوو بەهۆی دابەزینی تەواوی لیرە، بەلام نرخی نیردراوەکان بوو بەدوو هیندە.

هەروەها ئۆزال دەستی بەچاکسازیی تەواوی ژیرخانی (پیویستی بۆ ئابووریی بازار)کرد، هەر لەهاتوچۆو تۆرەکانی پەیوەندیو راگەیاندنەوە. لەگەورەترین ئەو پرۆژانەش، پەلە کردن لەجیبەجیکردنی قۆناغەکانی پرۆژەی (گاپ-GAP)ە، سەرباری کاریگەریی سەلبی خەرجیە زۆرەکانی لەسەر هەلاوسان.

بەڵام ئەو میراتی‌یە ئابووریە قورسەی بۆ ئۆزال مابۆوە کۆسپێك بوو تێپەڕاندنی ئاسان نەبوو. توركیا وڵاتێکی تازە گەشەسەندووەو بەدەست زۆریی دانیشتووانەوە دەناڵێنیت. ئەمەش ڕێی لەئۆزال دەگرت کەرتی گشتی بچووك بکاتەوەو ژمارەی کارمەندان بکات بەنیوە. هەربۆیە لەگەڵ کێشەی کاردا لەکەرتی گشتی‌دا ڕووبەڕوو بۆوەو هەروەها ئەو ئاسەوارە کۆمەڵایەتیانەی لەئەنجامی دەرکردنی فەرمانبەرانەوە دەکەوتەوە، بەتایبەتیش توركیا خۆی ڕێژەی بیکاری تیایدا نزیکەی (٨٪)ەو ژمارەی بیکاران دەگاتە ٤,٥ ملیۆن.

هەربۆیە باری قورسی کەرتی گشتی یەکێك بوو لەهۆیەکانی هەڵاوسان‌و قەرزەکان.

هەروەها وەبەرهێنانی گەورەی پرۆژەکانی ژێرخان ڕەنگدانەوەی سەلبی‌ی لەسەر هەڵاوسان‌و قەرزەکانی دەرەوە هەبوو.

سەرەرای ئەوانە ئۆزال هەر لەدووەم ساڵی حوکمرانی‌یەوە، واتە ساڵی ١٩٨٤ ڕووبەڕووی کۆسپی دەسپێکردنەوەی شەڕی چەکداری بۆوە لەلایەن پارتی کریکارانی کوردستان (PKK)ەوە دژ بەدەولەت.

ئەوەش ڕەنگدانەوەی سەلبی‌ی لەسەر باری ئابووریی باشووری خۆرهەڵاتی وڵات هەبوو، چونکە دەولەت پارەیەکی زۆری بۆ لەناوبردنی بزووتنەوەی جوداخوازییانەی کورد خەرج دەکرد، ئەوەش ببووە هۆی کەمکردنەوەی پارەی پرۆژە ئابوورییەکان.

هەروەها ئەو حاڵەتی دزییانەش کەخرانەپاڵ کۆمەڵێك وەزیرو لێپرسراوی حکومەتەکانی حیزبی نیشتمانی دایك، بەشی خۆی بووە مایەی شێواندنی وێنەی ئۆزال‌و، تووشی کۆمەڵێك کێشەی لابەلایی کردو لەتواناو هێزی حیزبی کەمکردەوەو، دواتریش بووە هۆی دابەشبوونی حیزب لەناوخۆیداو هەروەها شکستی یەك لەدوایەکی لەهەڵبژاردنە گشتی‌یەکان‌و هی شارەوانی‌و هەروەها هەڵبژاردنی لقەکانیشدا.

بەجۆرێك دەتوانین بلێین کەچاخی زێرینی ریفۆرمە ئابوورییەکان ساڵانی ١٩٨٣تا ١٩٨٧ بوو. دواتر ئەو ریفۆرمانە بەرەو سستی‌یەکی بەرچاو چوون.

گەرچی پاش هەڵبژاردنەکانی ٢٠ی ت١/ئۆکتۆبەری ١٩٩١ ئۆزال دواپێگەی حیزبەکەی لەدەسەڵاتی جێبەجێکردندا لەدەست دا، بەڵام لەپێگەی خۆیەوە (وێرای

دەسەلاتی دیاریکراوی) وەکو سەرکۆماریك (کەلە٩ ت٢/نۆڤەمبەری ١٩٨٩دا جلەوی حوکمی گرتەدەست) لەسەر بانگەشەکردن بۆ بیروبۆچوون و هزرە ئابووری و(سیاسی)یەکانی خۆی بەردەوامبوو، بەرنامە نوێیەکەی خۆشی ناونا (دووەم بەرنامەی گۆرانکاری)،بەو پێیەی کەئەوەی لەهەشتاکاندا ئەنجامیداوە(یەکەم بەرنامەی گۆرانکاری) بووە. ئامانجی دووەم بەرنامەی گۆرانکاریش ئەوەبوو کەلەماوەی دەسالدا تورکیا ببیتە یەکیك لەیەکەمین پانزدە دەولەتی دونیا، بەرنامەکەش ئەم بەندانەی گرتبووەخۆ:

- پاکتاوی تەواوی کەرتی گشتی.
- دەستیوەر نەدانی دەولەت و بزواندنی کەرتی فیرکردن لەتەواوی قۆناغەکان و، هەروەها نەخۆشخانەکان و، بەنداوەکان و ریگاوبان و ویستگەکانی کارەبا.
- کەمکردنەوەی ژمارەی کارمەندان بۆنیوەو زیادکردنی مووچەیان.
- کەمکردنەوەی باج لەسەر دەرامەت و دامەزراوەکان بەریژەی ٢٠٪.
- دەسبەرداربوونی تورکیا لەپیشەسازیی قورس.
- بلاوکردنەوەی قوتابخانەی فیرکردنی زمانە بیانیەکان لەناوچەکانی تورکیادا، بەمەبەستی راکیشانی گومرگ کراوی بیانی.
- ئازادیی جوولەی تەواو بۆخەلکی لەهەموو بوارەکاندا.

پرۆژە ئابوورییەکانی ئۆزال هەر لەسەر ئاستی ناوخۆ نەمانەوەو چوونە نیو ئاستی ئیقلیمیشەوە، بگرە وایلیهاتبوو ببووە ئەندازیاری پرۆژەی هاریکاریی ئابووریی دەولەتانی دەریای رەش، کەهیدی هیدی بەرەو وەدیهینانی ئامانجەکانی هەنگاوی دەنا. لە١٤ی نیسانی ١٩٨٧دا ئۆزال پرکیشیی کردو دوای ئەندامیتیی تەواوی تورکیای کرد لەکۆمەلەی ئەورووپاییدا. هەروەها هەروەکو ئاشکراشە ئۆزال ئەندازیاری پرۆژەی (بۆرییەکانی ئاشتی) بوو کەبۆفرۆشتنی ئاوی رووباری جەیحان و سەیحان بوو بەدەولەتانی خۆرهەلاتی ناوەراست.

جگە لەوەی تۆرگوت ئۆزال ئابووریی تورکیای لەدۆخیکەوە گەیاندە دۆخیکی دیو، یەکەم کەس بوو ئەو قالبە وەستاوانەی شکاند کەبەدریژایی شەست سال تورکیایان بەریوەدەبرد. هەربەوجۆرە یەکەمین کەسیش بوو تابوکانی شکاندو ئەوەی پێی دەوترا(خیانەت) لەسەر هەردوو بواری سیاسی و فیکریدا کردی.

یەکەمین تابو کەئۆزال جەسارەتی کردو شکاندی کەمالیزمو دامەزرینەرەکەی مستەفا کەمال ئەتاتورك بوو.

جگە لە ئیسلامیەکان، ئۆزال یەکەمین لیپرسراوی رەسمی پایەبەرزی تورکیا بوو داوای رەخنەگرتن لە ئەتاتورك‌و خستنە رووی لایەنەکانی کرد. ئەو خۆی بە"ئەتاتورکیکی تر" لەقەلەم دەدا، بەلاٚم جیاوازلەو، هەر بۆیە پەیوەندییەکانی لەگەلٚ رکابەرانی ئەتاتورکدا ئاشکراو روون بوو،لەوانەش پەیرەویکەرانی ریبازە ئیسلامییەکان لە تورکیادا.

ئۆزال یەکەم سەرکۆماری تورکیا بوو، بەماوەیەکی کەم بەرلەمەرگی،داوای لیدوان‌و گفتوگۆی لەسەر پرنسیپی بەعیلمانیکردنی دەولەتی کرد، گەرچی ژمارەیەکی زۆری خەلك لەگەلیدا نەبوو.

هەروەها ئۆزال یەکەمین سەرکۆماری تورکیا بوو کە بە شیوەیەکی ئاشکراو ریك‌و پیك ئەرکە ئاینیەکانی بەجیدەهیناو سەردانی مەزاری پیاوچاکانی دەکرد، چ لەناو تورکیاداو چ لەدەرەوەشیدا. هەربۆیە لە کاتی حوکمرانیی ئەوداو وەك بەرەنجامیکی مەیلە ئاینیەکانی، ئازادیی بزاوت بە ریکخراو و تەریقەتە ئاینیەکان دراو، لە هەلبژاردنەکانی(١٩٩١)دا زۆربەیان دەنگیان بۆ حیزبی نیشتمانی دایك دا.

لە روالەتە زەقە ئاینیەکانی ئۆزال چوونی بۆ حەج، لەسەرەتای حوکمرانیدا. ئەمەش پەیامیکی مەغزادار بوو بۆ کۆمەلگا. گەرچی سولەیمان دیمیریلیش لە ك٢/ینایەری١٩٩٣دا"عومرە"ی بە جیهیناو لە کەعبەدا نویژی کرد، بەلاٚم ئەوە بە مەبەستی وەرگرتنی یارمەتیی ماددیی بوو لە سعودیەو هەروەها بەمەبەستی بەدەستهینانی دەنگی زیاتر بوو بۆ بەرەو رووبوونەوەی ئۆزال‌و حیزبی رەفاهی ئیسلامی لە تورکیادا.

ئەم مەیلە ئیسلامیەی ئۆزال لەسەر بەرژەوەندییە ئابوورییەکانیش رەنگی دایەوە، بە چاککردنی پەیوەندی لەگەلٚ جیهانی ئیسلامیداو، رادەی ئالوگۆری بازرگانی لەنیوان تورکیاو دەولەتە ئیسلامیەکاندا رووی لە زیاد بوون کرد.

لەسەردەمی ئۆزالدا پەیوەندییەکانی ئیران-تورکیا قەیرانی گەورەی بەخۆوە نەبینی. تەنانەت کاتێ رۆژنامەوانی تورکیایی ناودار ئۆغۆر مومجو لە ٢٤ ك٢/ینایەری١٩٩٣دا تیرۆر کرا، ئۆزال دژ بە تاوانبارکردنی ئیران لەو مەسەلەیەدا

وەستایەوەو، بەلکو موخابەراتی تورکیای بەوە تاوانبار کرد کە بەخۆرایی ئەو تاوانەیان خستۆتە پال ئیران.

جیگری وەزیری دەرەوەی ئیران لەو رۆژانەدا کە محەمەد عەلی بشارەتی بوو، لەسەرەتای ئایاری ۱۹۹۳دا لیدوانیکی بۆ رۆژنامەی "ئەبرار"ی ئیرانی سازکرد کە تیایدا بە کەسیتی‌ی ئۆزالدا هەلیدابووو بە پیاویکی دلسۆزو هەستیار ناوی هینابوو کە نەیهیشتووە سیاسەتی گشتی‌ی تورکیا بەرامبەر ئیران بگۆرێو، هەروەها بشارەتی وتی کە ئۆزال پەیوەندیی زۆرتایبەتی لەگەڵ دەسەلاتدارانی ئیراندا هەبووە.

ئۆزال لە وتاریکیدا کەلە میهرەجانیکدا بۆ پشتگیریی بۆسنە لە ۱۲ی‌شوبات/ فبرایەری۱۹۹۳دا سازکرابوو، خویندیەوە. بە ئاشکرا گوزارشتی لەو مەیلە ئیسلامیەی خۆی کردو وتی: "تورکیا دەولەتیکی عیلمانی‌یەو دەولەتیکی ئیسلامی‌یەو دەولەتیکی دیموکراتە." سەرباری ئەوەش، ئەو مەیلە ئیسلامیەی ئۆزال رێی لە پتەوکردنی پەیوەندیی لەگەڵ ئیسرائیل‌و جوولەکە تورکەکاندا نەگرت. بە جۆریك کە ئالوگۆری سەردانی رەسمی لەنیوان لیپرسراوانی تورك‌و ئیسرائیلیەکاندا ئەنجامدراو، کۆمەلیك پەیماننامەی ئابووری‌و زانستی لە نیوانیاندا ئیمزاکرا. هەرچۆن کەمایەتیی جوولەکەی تورکیا بۆ یەکەمجار لە دامەزراندنی کۆماری تورکیاوە لەو گۆشەگیریەی خۆیان دەرچوون‌و، سەرکردەکانیان بە ئاشکرا لەرێی کۆمپانیا ئابوورییەکان‌و دەزگای راگەیاندن‌و فیکرەوە دەرکەوتن‌و، لە دیارترین ئەو دەزگایانەش "سەنتەری سالی ۵۰۰"کە بەبۆنەی(تیپەربوونی ۵۰۰سال بەسەر کۆچی جوولەکە(ی ئیسپانیا)وە بۆ تورکیا لە سالی۱٤۹۲دا)دامەزرا. ئەم کرانەوەیەی ئۆزال بەسەر جوولەکە وئیسرائیلدا رێ بۆ ئەو رایە خۆش دەکات کە دەلێ مەیلی ئیسلامی لای ئۆزال، وەك یەکیك لە ئامانجەکان بەکاربراوە لە پیناوی بەهیزکردنی رۆلی تورکیا لەسەر ئاستی ئیقلیمی‌و جیهانی ولەسای ئەو گرژی‌یە بەردەوامەی لە پەیوەندییەکانی سوریاو عیراقدا هەیە بەهۆی قەیرانی ئاوو کیبەرکێی ئیقلیمی‌و کیشەی میژوویی‌و جوگرافی‌ی کۆن، هەرچۆن دەتوانین پەیوەندیی تورکیا–ئیسرائیل لە سەردەمی ئۆزالدا، لەچوارچیوەی سیاسەتی خۆرئاوا(بەتایبەتی ئەمریکا)دا تیبگەین کەتورکیاو ئیسرائیل بەدوو کۆلەکەی سەرەکیی خۆی لە ناوچەی خۆرهەلاتی ناوەراستدا دەژمیریت.

هەروەها کرانەوەی ئۆزال لەناوخۆدا، بەرووی کوردەکانی تورکیادا، لە دەرەوەدا بەرووی کوردەکانی ناوچەکەدا(عیراق)، شتێکی تازە بوولە مێژووی هاوچەرخی تورکیادا. سەرەرای ئەوەی لەسەریکەوەو لەژێر گوشاری سوپادا، لە رووبەرووبوونەوەی سەربازیدا دژ بە PKK رەقیی دەنواند، بەڵام لەسەریکی ترەوە هەندێ دەسپێشخەری و هەلویستی ئیجابیی وەهای بەرامبەر کوردەکانی تورکیا نواند، کەلەلایەن دادگای تورکیاوە بانگ کراو لەخەتەرناکیی ئەو هەلویستانەی بۆ سەر یەکیتی دەولەت وخاك ئاگادارکرایەوە.

ئۆزال بەئاشکرا داوای وتوویژی لەسەر بیرۆکەی فیدرالیزم لەنیوان کوردەکان و تورکەکانی تورکیادا کرد. ئەمەش وای لە ئەحمەد تورك سەرۆکی حیزبی کاری میللی کورد(HEP)کرد بەئۆزال بلێ ئەو پیاوەی (نەریتی حەفتاسالەی بەزاند) لەئاست مەسەلەی کورددا، هەروەها وتی ئەو کەسیتییەکی خۆشەویستە لەناو کوردەکاندا. لەبەرئەوە شتیکی سەیر نەبوو کاتێ ئۆزال مرد عەبدوللا ئۆچ ئالان کەبە(ئاپۆ− APO) ناسراوەو سەرۆکی PKKەیە غەمباریی خۆی دەربری لەبەرئەوەی ئۆزال (ئەوپیاوە بوو کەلەسەر ئاستی مەسەلەی کورد هەنگاوی ئازایانەی ناو دواکۆچی دەبیتە مایەی بۆشاییەکی گەورە).

هەروەها ئۆزال یەکەم کەس بوو بانگەشەی کرد کەعیراق بۆسێ دەولەتی عەرەبی و کوردی و تورکمانی دابەشبکرێ، پەیوەندییە راستەوخۆکانیشی لەگەڵ کوردەکانی عیراقداو ئاسانکارییەکانی بۆیان، زەمینە خۆشکەریك بوو بۆ دامەزراندنی دەولەتی کوردی لەباکووری عیراقدا، بگرە دەتوانین بلیین ئەو باوە پیارەی ئەو دەولەتە بوو، ئەمانەش هەلویستگەلێبوون کەپیشتر هیچ لیپرسراویکی تورك نەیویراوە بیانخاتەروو، ئەمەش وای لەزۆر کەس کرد لەناو تورکیادا ترسیان لەرەنگدانەوەی دەولەتی کوردی لەباکووری عیراقدا لەسەر باری ناوخۆی تورکیا لێ بنیشیت و، هەرئەمەش بواری لەبەردەم سەرکردەکانی ئۆپۆزسیۆنی تورکیدا رەخساند تائۆزال بەوە تاوانبار بکەن کەیەکیتیی خاك و گەلی تورکیای خستۆتە مەترسییەوە.

گومانی لێ ناکرێ کەمەرگی ئۆزال رەنگدانەوەیەکی خراپی لەسەر پەیوەندییەکانی تورکیا بەکوردەکانی ناوەوەو دەرەوە هەبوو. ئەم وتوویژەی خوارەوە گوزارشت لەو نیگەرانی و دردۆنگیەی قۆناغی دوای ئۆزال دەکات، کەهەر یەك لەجەلال تالەبانی،

سکرتێری گشتی یهکێتیی نیشتمانیی کوردستانی (عێراق)و ئهحمهد تورك سهرۆکی حیزبی کاری میللیی کورد(HEP– تورکیا) ههستی پێ دهکهن. وتوویژهکهش لهکاتی بهریکردنی تهرمهکهی ئۆزالدا لهئهنقهره سازدرا.

تالهبانی: لهراستیدا کۆچی دوایی ئۆزال شتێکی زۆر ناخۆش بوو. بۆئێمه مهرگێکی زوو وکتوپرو چاوهروان نهکراو بوو، لهکاتێکا ئێمه زۆر رێگامان لهبهردهمدا ماوه کهدهبێ بیانبرین. بێگومان ئهم مهرگه زۆر کاردهکاته سهر ئهو پرۆسهی کرانهوهیهو، بهڵکو دهبێته موسیبهت.

ئهحمهد تورك: بهڵێ، زۆرراست دهکهیت. کاریگهریی ئهم رووداوه لهسهر ههموومان دهبێت. دهسپێشخهری دهکهویته دهست دیمیریل، بهڵام بهراشکاوی دهڵێم کهناتوانین متمانهی پێ بکهین، ئهو جێی متمانه نییه.

ئهوهی دوێنێ وتوویهتی ئهمرۆ لهبیری دهچێتهوه. ئهوهی ئهمرۆش دهیڵێت سبهی لهبیری دهچێتهوه. زهقترین نموونهش بۆئهوه، دانپیانانی بوو بهواقیعی کورددا(دوای پێکهێنانی ئهم حکومهتهی ئێستا له ت٢/ نۆڤهمبهری ١٩٩١دا). ئهوهبوو وتی: (ئێمه دان بهواقیعی کورددا دهنێین). بهڵام ئێستاو پاش تێپهربوونی ٥٠٠ رۆژیش بهسهر ئهو دانپیانانهیدا یهك ههنگاوی ئیجابیی نهناوه. ئێمه ئهمرۆ دهچینه قۆناغێکی زۆر دژوارترهوه.

***

تۆرگوت ئۆزال سیاسهتمهدارێکی سهرکێشی پلهیهك بوو، لهگهڵ ئهوهدا کهپراگماتیست بوو؛ ههستێکی سهرچڵیی وههای لا ههبوو کهگوێی بهوه نهدهدا ئهنجامهکان بهوردی چۆن دهشکێنهوه. بهم مانایهش پیاوێك نهبوو سلبکاتهوه. پرنسیپی ئابووریو ههروهها سیاسی لای ئهو بریتی بوو له(یهکێکم لهدهست دهچێت، بهڵام سێ یان بیست دهبهمهوه) ههر لهم روانگهیهشهوه بوو کاتێ قهیرانی جهنگی کهنداو روویدا تورکیای خسته خزمهتی سهرۆکی ئهمریکی (جۆرج بووش)هوه.

دینامیکیهتی ئۆزالو کرانهوهی بهرووی دهرهوهدا، وای لێکرد ببێ بهو پیاوهی بزانێ چۆن تورکیا بهجیهان بناسێنێ، پاش ئهوهی بۆماوهی شهش دهههو به پێی پرنسیپهکهی ئهتاتورك"ئاشتی لهناو نیشتمان،ئاشتی لهناو جیهاندا" گۆشهگیری بۆ

خۆی هەلبژاردبوو،ئەوەش پرنسیپیك بوو كە توركەكان لە پیناوی پاراستنی كۆماری توركیادا كە لە"لۆزان"(١٩٢٣)دا بریاری لەسەردرا، پەیرەوییان دەكرد.نەبادا توركیا بگەرینەوە بۆ پەیمانی سیڤەر(١٩٢٠)كە ئەتاتورك توانی لەت و پەتی بكات.

پشتگیریی توركیا لە خۆرئاواو وەستانەوەی دژبە دەولەتیكی دراوسێی كەعیراق بوو لە قەیرانی دووەمی كەنداودا، دیارترین بەلگەی پیشیلكردنی پرنسیپی(ئاشتی لەناونیشتمان، ئاشتی لەناو جیهاندا)بوو. هەروەها نیشانەی گەرانەوەی توركیا بوو بۆ "كاملبوون"ی لەگەل دەوروبەریدا، چ بەچاك وچ بەخراپ. هەموو ئەمانەش هاوكات بوون لەگەڵ كۆتایی جەنگی ساردو هەلوەشانەوەی یەكیتیی سۆڤیت و، هەروەها بۆ ئەوەی ئەلقەكانی ئەو كاملبوونە تەواوبێ، زیندووبوونەوەی مەسەلەی ئەرمەن وناكۆكیی تورك–ئەرمەن یشی چووەوەسەر.

لەم كاتەدا، لەتوركیاداو بە رینوینیی ئۆزال دەست بە بانگەشە بۆ"عوسمانیەتیكی نوێ"كرا، كە پوختەكەی ئەوەبوو یان دەبی توركیا رۆلی"گەورە" ببینێ لە دەوروبەری خۆیدا، هەر لەبەلقانەوە تا قەفقاس و ئاسیای ناوەند تا دەریای رەش وخۆرهەلاتی ناوەراست و، بەمجۆرە بتوانێ یەكیتی و هیزی خۆی بپاریزیت ولەگەورەتربووندا بیت. ویان دەبیتە نیچیری ئەوانەی لەناوەوە"كوردەكان"و دەرەوە(تەواوی ئەو دەولەتانەی لەناوچەكەدان وكیشەی لەمیژینەیان لەگەڵ توركیادا هەیە وەكو: ئەرمینیا، سوریا، روسیا، قوبرس، یۆنان، بولگاریا) چاویان تیبریوە. بەمجۆرەش"رۆحیسیڤەر" دەگەریتەوەو توركیا پارچە پارچە دەكات.

لەچوارچیوەی ئەم عوسمانیەتەدا، بانگەشەی پەنهانی ئۆزال بۆ زیندوو كردنەوەی بیرۆكەی تۆرانیەت لە رێی هەولدانەوە بۆ یەكخستنی توركەكانی جیهان بەمەبەستی مۆركی توركی بەخشین بەسەدەی ئایندە، دەبینرایەوە. بۆیە ئۆزال پیاویك بوو خاوەن "روانین"یكی دوورو فراوان بوو (ئەم روانینەش ترس وگومانی لای هەموو ئەو دراوسییانەی توركیا دروستكردبوو كە بیرەوەریی "خراپ"یان سەبارەت ئیمپراتۆریەتی عوسمانی هەبوو).

ئۆزال دەلیت"ئەگەر ویستت دەولەتیكی گەورە بیت دەبێ گەورانە بیربكەیتەوەو ئازایانە رەفتار بكەیت" بەرای ئەو توركیا "هەلیكی میژوویی" لەبەردەمدایە تاببیتە "هیزیكی ئیقلیمی"و دەبێ سوود لە پیگەی جوگرافیی خۆی وەربگریت تاببیتە

"پردیك" لەنیوان خۆرهەلاَت وخۆرئاوادا و وا لەوانی دی بکات هەست به کاریگەریی بکەن، لەگرنگترین میکانیزمەکانی ئەم "فەلسەفە ئۆزالی" یەش دەسپیشخەریو جوولەی چرو شکاندنی لەمپەرەکانە.

له رووبەرووبوونەوەیدا لەگەلّ سەرۆکی پیشووی حکومەتی یۆنانی "ئەندریاس بابائەندریۆ"دا، کە بەگیانی دەمارگیریی زۆریەوە ناسراوە، ئۆزال لای خۆیەوە دەسپیشخەرییکرد و لە"داڤۆس" لە سویسرا چاوی پیکەوت. ئەمەش هەروەکو ناوی لێنرا"گیانیداڤۆس" چەند جاریك دووبارە بۆوە، گەرچی ئەنجامی دیاری نەبوو.

بەرامبەر سوریاش هەر ئۆزال دەسپیشخەریی کردو سالی ١٩٨٧و لەگەرمەی مەسەلەی "ئاووتیرۆر"دا وبەستنەوەیان به یەکتری یەوە.

لە پەیوەندیشدا لەگەل ئەوروپادا ئۆزال دەسپیشخەریی کردو سالی١٩٨٧ هەنگاویکی نا کە بووە مایەی جۆش وخرۆشیکی تورکیانەو زەردەخەنەیەکی ئەوروپیانە، ئەوەش بەوەی داوای ئەندامیتیی تورکیای لە کۆمەلەی ئەوروپیدا کرد.

هەروەکو ئاماژەدان بەگرنگیی"دەسپیشخەری" لەفەلسەفەی ئۆزالیدا سەبارەت بەپەیوەندییەکانی دەرەوە، ئۆزال وەکو پسپۆریکی ئابووری گرنگیی فاکتەری ئابووریی لەسیاسەتی دەرەوەدا باش دەزانی، بەو پێیەی رەهەندی ئابووری دەبیتە مایەی پیشخستنی رەهەندی سیاسی لەگەلّ ولاَتانی تردا. هەربۆیە ئۆزال خۆیو دواتریش دیمیریل کەلاسایی ئەوی دەکردەوە، هاورێ لەگەلّ ئەو وەفدانەدا کەبۆ ولاَتانی تر دەیبردن؛ ژمارەیەکی زۆر لەبازرگانانی گەورەشی دەبرد.

***

بەلاَم گرنگترین تایبەتمەندیی فەلسەفەی ئۆزالی لەسەر ئاستی سیاسەتی دەرەوە، هاوبەشیکردنی تەواو بوو لەگەمەی ئەمریکیدا لەجیهاندا. بەکورتی ئۆزال یەکەمین پیاوی ئەمریکا بوو لەتورکیاو خۆرهەلاَتی ناوەندا. ئەمەش بەو مانایە نییە کەسەرۆکەکانی تری تورکیا بایەخیان بەپەیوەندیکردن لەگەلّ ئەمریکادا نەداوە، هەر لەسەرەتای پەنجاکانەوە تاکاتێ تورکیا چووە ناو پەیمانی ناتۆوە. بەلاَم سەرۆکەکانی تورك بەر لە ئۆزال، گومانیکیان بەرامبەر سیاسەتی ئەمریکا هەبوو ولەتوندوتۆلکردنی پەیوەندی لەگەلیدا سلیان دەکردەوە، ئەمەش لەروانگەی ئەو حەساسیەتەی تورکیاوە کەبەرامبەر بە(سەروەریتیی نیشتمانی) هەیبووە.

لەبری ئەم ترس و دلەراوکێیە، ئۆزال پەیرەویی لە ستراتیژیەتی کاملبوونی تەواوی لەگەڵ سیاسەتی ئەمریکایی لەجیهاندا کرد، بەو مەبەستەی تورکیاش لەگۆڕەپانی جیهانیداو لەرەوتیدا بەرەو بوون بەهیزیکی گەورە؛ شوینیك داگیربکات.

ئەم هەلبژاردنەی تورکیا لەزەقترین شیوەیداو لەکاتی قەیرانی کەنداودا خۆی خستەروو و دەسبەرداری (سیاسەتی هاوسەنگی)ی تەقلیدیی بوو کەپیشتر لەنیوان خۆرئاواو جیهانی ئیسلامدا پەیرەویی دەکرد.

ئۆزال هەولیدەدا هاوپەیمانیتییەکی پتەو لەنیوان ئەنقەرەو واشنتۆندا دروستبکات، وەکو ئەو هاوپەیمانیتیيە ستراتیژییەی لەنیوان واشنتۆن و تەل ئەبیب دا هەیە. ئۆزال بەشیوەیەکی کردەییش لەسەردەمی بووش دا ئەمەی پیشنیازکرد. بەلام ئەوە نەهاتە دی، چونکە ئەمریکاش دەسبەرداری دوو فاکتەری گرنگی تر نابێ لەو ناوچەیەدا کەبریتین لە یۆنان و ئەرمینیا. بەتایبەتیش کەگەورەترین گوشار (لوبی) لەولاتە یەکگرتووەکاندا دوای لوبیی جوولەکە، لوبیی ئەرمەنی و یۆنانییە.

لەپیناوی پتەوکردنی پەیوەندی بەئەمریکاوە، ئۆزال پیشنیازی دەسهەلگرتنی لەهەندێ زەویی قوبرسی تورکی کرد بۆقوبرسی یۆنانی، بەمەبەستی ریگەخۆشکردن بۆ لەناوبردنی یەکیك لەگەورەترین کۆسپەکان لەبەردەم پەیوەندیی تورکیا بەخۆرئاواوە.

تۆرگۆت ئۆزال مۆرکی تایبەتی خۆی بەسیاسەتی دەرەوەی تورکیاوە نا، بەجۆریك کەدوژمنەکانیشی ناتوانن نکوولی لەوە بکەن. ئەو هەنگاوە ئۆزالیانەی (سولەیمان دیمیرل)یش دژایەتی دەکرد بەرلەوەی لەت٢/ نۆڤەمبەری ١٩٩١دا ببیتە سەرۆکی حکومەت، پاشتر هەرخۆی پەیرەویی لێ کردن.

دیمیریل پیشتر لەگەڵ ئەوەدا نەبوو(هیزی چەکوش)ی خۆرئاوایی لەناو تورکیاداو بۆ پاراستنی کوردەکانی باکووری عیراق هەبێ.

هەروەها دژی پەیوەندی لەگەڵ کوردەکانی عیراقدا بوو. بەلام دوای ئەوەی بوو بەسەرۆکی حکومەت، پشتگیریی لەهەموو ئەوانە کردو دریژەی بەو پەیوەندیکردن و دیدارانە دایەوە کەئۆزالی بەدونیای دەرەوە دەبەستەوە، هەربۆیە دریژەی بەگفتوگۆ لەگەڵ یۆنان دا دا بوو بە(سیندباد)یکی ترو لەئاسیای ناوەندەوە بۆسوریاو بۆدەولەتانی ئەنجوومەنی هاریکاری کەنداوو ئەوروپای خۆرئاواو ئەمریکا چوو و، گومانیك نییە گەربلیین یەکەمین ئۆزالی پاش مەرگی ئۆزال دیمیریل خۆی بوو.

بەڵام ئەم وەسفە زیدەگۆیی تیدایە، ئەمەش لەو رووەوە کەجیاوازیی گەورە لەنیوان ئەو دووپیاوەدا هەیە: هەربۆ نموونە، ئۆزال یەکەم (بەزینەر)ی کەمالیزم بوو، لەکاتیکا دیمیریل دریژەپیدەری کەمالیزم بوو. هەروەها ئۆزال جەسوورو ئازابوو، گالتەی بەنەریت و تەنانەت دەستووریش دەهات، جاریکیان وتویەتی: (چی دەبیت ئەگەر جاریك سەرپیچی لەدەستوور بکەین؟) بەڵام دوودلیو سلکردنەوە سیمای سیاسەتی دیمیریلن. هەروەها ئۆزال پیاوی هەلقۆستنەوە بوو، تەنانەت گەر لەریٚی سوپاشەوە بووایە، بەڵام دیمیریل یەکیکە لەپەیرەویکارانی هاوسەنگی لەگەمەی دیموکراسیداو رەمزیکە لەرەمزەکانی بەربەرەکانیی سوپاو دەستیوەردانی لەدەسەڵاتی سیاسیدا.

تا ۲۰ی ت١/ ئۆکتۆبەری ۱۹۹۱ ئۆزال لەسەرکۆماریدا رینمای راستەقینەی سیاسەتی حکومەتی حیزبی دایك بوو، بەڵام دۆرانی ئەو حیزبە لەهەلبژاردنەکانی ئەو سالەدا، لەدەسەڵاتی ئۆزالی کەمکردەوەو خستیە چوارچیوەی دیوارەکانی کۆشکی سەرکۆماری (واتە چانکایا)وە لەئەنقەرە. ئەوەش لەوە دەچوو شیریك لەقەفەسیکدا دیل بکەیت. لیرەشەوە (گەشتی ئازارەکان) دەستی پیکرد، کە ۵۰۰ رۆژی خایاندو لە١٧ی نیسان/ ئەپریلی ۱۹۹۳دا، واتە بەمەرگی کۆتایی هات. کەم کەس ئەوە دەزانن کەدەسەڵاتەکانی سەرکۆمار لەتورکیادا سنووردارەو، دەسەڵاتی بریاردان لەدەست حکومەتدایە. بەڵام ئۆزال بەو دەسەڵاتە دیاریکراوەی هەیبوو، گەرچی هەندی جاریش ئەودەسەلاتەشی دەبەزاند، دەیویست رۆلیکی کاریگەر ببینیت و وا لەوانیدی بکات بەراستی هەست بەبوونی بکەن، نەك تەنها وەکو وینەیەك سەیری بکەن. ئەمەش بووەمایەی گەلی گیروگرفت لە نیوان خۆی حکومەتدا، بەتایبەتیش وەختی قبوولی نەکرد کۆمەلیك یاساو بریار ئیمزا بکاتو، هەندیکی دەگەرانەوە. ئەمەش هەندیجار پەکی حکومەتی دەخستو زیانی بە یەکیتیی ناوخۆ دەدا. هاوتەریب بەمە ئۆزال هەولی دۆزینەوەی دەروویەکی بۆ ئەو تەلەزگەیە دەدا کە دوچاری بووە بانگەشەی بۆ ئەوە دەکرد کە پیویستە "سیستمیکی سەرۆکایەتی" هەبی وەکو ئەوەی لەئەمریکادا هەیەو، سەرۆك لەلایەن گەلەوە هەلبژیردری.

ئەم پیاوەی کە بە درێژایی دەسال توركیای هەژاندو تابوكانی ناوەوەی شكاندو قالبە مردووەكانی سیاسەتی دەرەوەی تیكوپیك دا، چۆن دەكری لە شەو و رۆژیكدا تەنها وەكو "رەمز"یك و رووپەكی "پرۆتۆكۆلی"و "ئەلیزابیس"یكی لیبیت؟ لەپینجسەد رۆژی دواییدا ئەمە كیشەی ئۆزال بوو. هەر بۆیە لەریی لیدوانەكانی و بەلینی وەها كە لەسەروو دەسەلاتی خۆیەوەیەتی و ناتوانی بە تەنیا ئەنجامی بدات (وەكو بەلینی بە ئیمزاكردنی ریكەوتننامەیەكی بەرگری هاوبەش لەگەڵ ئازەربایجاندا، بەرلەمەرگیبە ٣ رۆژ).

ئەوەی زیاتر بووە مایەی قایمكردنی تەلەزگەكەی، یاخیبوونی حیزبەكەی بوولی، ئەو حیزبەی خۆی دایمەزراندو گەشەی پیدا لەپاییزی سالی ١٩٩٢دا بە سەرۆكایەتیی مەسعود یلماز لی هەلگەرایەوە. دوای ئەوە ئۆزال بەجیددی بیری لەوە كردەوە كەحیزبیكی تر دا بمەزرینی و كاریشی بۆكرد، ویستی ناوی بنیت "حیزبی‌نوی"و "دووەم بەرنامەی گۆرانكاری"و بچیتە نیو هەلبژاردنەكانی نوینەرانی گشتی‌یەوە. شتیكی دووریش نەبوو كەدواتر ئۆزال واز لەسەر كۆماری‌و رابەرایەتی "حیزبی‌نوی"یش بهینیت.

مەرگی‌ئۆزال ئەوراقە سیاسی‌و حیزبیەكانی ناو توركیای تیكەل كردەوە. هەروەها گەیشتنی دیمیریل بەسەركۆماری‌و مانەوەی لە دەسەلاتیكی سنوور داردا، مانای ونبوونی دوو رووی سیاسی‌ی كارایە لە گۆرەپانی توركیدا كە بەدریژاییی‌دەسال لەسەر شانۆی سیاسی توركیادا رۆلی گەورەیان دەبینی‌و، ئەگەر دیمیریل بەو دەسەلاتە سنوور دارەیەوە بوەستی، بۆشاییەكی سیاسی گەورە لەسەر ئاستی سەركردایەتی‌دروست دەبیت و سەرەتای قۆناغی دروستبوونی سەركردایەتیەكی نوی‌ی لاو دیتە گۆری، ئیدی چ لە بەرەی راستی موحافەزەكار ( نیشتمانی دایك‌و ریگای راست )ەوە بیت، یان لەلایەن سۆسیال دیموكراتەكانەوە. خۆ گەر هاوپەیمانیتی‌ی بنەرەتیش لەنیوان حیزبەكانی راست‌و حیزبەكانی چەپدا دروست نەبی، ئەوا هەلیكی گەورە لەبەردەم حیزبی رەفاهی ئیسلامی‌دا دەرەخسی تا ئەو پەشیوی‌یە و ئەو پاشا گەردانی‌یە بقۆزیتەوەو، لەیەكەم هەلبژاردندا بیبەنەوە. بەدەر لەم شیمانانەش یا روودانی گۆرانكاریی ترسناك (كورد یا ئەرمەن)، ئەواپرۆسەی

شوناس له چەند هەلبژاردنیکیدا

دیموکراسی لەتورکیادا هەر بەردەوام دەبی وسوپاش لەبنکەکانی خۆیاندا دەمیننەوە

.

## تۆرگۆت ئۆزال له چەند دیریکدا

*تۆرگۆت ئۆزال له ١٣ی ت١/ ئۆکتۆبەری ١٩٢٧دا لەمالاتیا لەدایکبووەو، له ١٧ی نیسان/ ئەپریل ی ١٩٩٣دا له ئەنقەرە کۆچی دوایی کردووە.

*هەم سیاسەتمەدارو هەم پیاویکیدەولەتی بوو. سالی ١٩٨٣ حیزبی "نیشتمانی دایك" (ANAP )ی دامەزراندوبوو بەسەرۆکی ئەو حیزبەو هەروەها سەرۆکی حکومەت لەنیوان سالانی ١٩٨٣، ١٩٨٩دا. له ٣١ت ١/ ئۆکتۆبەری ١٩٨٩دا بەسەرکۆماری تورکیا هەلبژیردرا.

*خویندنی سەرەتایی وناوەندی لەهەندی شوینی جیاوازی ئەنادۆلدا تەواوکردووە.

*لەسالی ١٩٥٠له زانکۆی تەکنیکیی ئەستەموول خویندنی کارەبای تەواوکردو پاشان له بەریوە بردنی لیکۆلینەوەی کارو باری کارەباییدا کاری کردوولە سالی١٩٥٢دا بۆئەمریکا نیردرا تا لەبواری ئابووریی ئەندازەدا پسپۆری بەدەست بهینیت .

*لەسالی ١٩٥٤دا بۆ دووەم جار ژنی هینا (سەمرا ئۆزال).

*لەنیوان سالانی ١٩٦١،١٩٦٥ دا بووبە یاریدەدەری بەریوەبەری گشتیی بەریوەبردنی لیکۆلینەوەکانی کاروبارە کارەباییەکان ، پاشان بووبە جیگری بەریوەبەر(١٩٦٥،١٩٦٦).لەم ماوەیەشدا بەشداریی لەخۆئامادە کردندا بۆ زنجیرەیەك پرۆژەی ویستگەی کارەبایی کرد.

*پاش کودەتای٢٧یئایار/مایۆی١٩٦٠،ئۆزال لەکارەکانی دەزگای "دەستەی پلانریژییدەولەت"دا بەشداریی کردوزنجیرەیەك وانەی له زانکۆی تەکنیکیی خۆرهەلاتی ناوەندا لەئەنقەرە وتەوە.

*سالی ١٩٦٦کرا بەراویژکاری تەکنیکیی تایبەتی سەرۆکایەتیی حکومەتو له سالی ١٩٦٧دا کرا بە راویژکاری دەستەی پلانریژیی دەولەت وپشتگیریی

لەدەسپێشخەریی تایبەتی کرد لە پلانریژیدا لەبری پلانریژیی ئاراستەکراو کە ئەوچەپانەی بالیان بەسەر دەستەکەدا کیشابوو بانگەشەیان بۆ دەکرد .

*دوای کودەتای ١٢ی‌ئازار/مارسی ١٩٧١ وازی لەکارەکەی هینالە دەستەی پلانریژیی و چووبۆ ئەمریکاو وەکو راویژکاری تایبەت لە فەرمانگەی پیشەسازیی سەربەبانقی نیودەولەتی تا سالی ١٩٧٣کاری کردو و ئینجا گەرایەوە بۆ تورکیاو لەبواری کەرتی تایبەتدا ولەئاستی پلەبەرزدا کۆمەلیك لیپرسراویتی ئیداریی گرتە ئەستۆ. لە سالی ١٩٧٦دا وەکو ریکخەری کۆمەلیك کۆمپانیای خاوەنکاری ناسراو ساقب سابانجی کاری کرد .

*سالی ١٩٧٧لەهەلبژاردنەکانی نوینەرانی گشتی‌دا وەکونوینەری حیزبی نیشتمانی‌ی سەلامەت (ی‌ئیسلامی بەسەرکردایەتیی نەجمەدین ئەربەکان) لەناوچەی ئەزمیر خۆی پالاوت، بەلام سەرکەوتوو نەبوو.

*هەرلە سالی ١٩٧٧ بووبەئەندامی ئەنجومەنی بەریوەبردنی سەندیکای پیشەسازانی بەرهەمە کانزاییەکان ، پاشان لەسەردەمی حکومەتی سەرۆکی حیزبی عەدالەت (سولەیمان دیمیریل) دا بووبەراویژکاری سەرۆکایەتیی حکومەت لە٥ی‌ك١/١٩٧٩ دا، هەروەها بوو بە جیگری سەرۆکی دەستەی پلانریژیی دەولەت، کەتیایدا رۆلیکی گرنگی لە خۆ ئامادە کردندا بۆ بەرنامەی ریفۆرمی ئابووری گیرا کە ناونرا بە "بریارەکانی ٢٤ی ك٢/ ینایەر" و ئامانجی لیبرالیزەکردنی ئابووریی تورکیا بوو.

*پاش کودەتای ١٢ی ئەیلول/ سیپتەمبەری ١٩٨٠بوو بەجیگری سەرۆکی حکومەت بۆ کاروباری ئابووری لەحکومەتەکەی بولنت ئۆ لوسودا، دەسەلاتی پیویستیشی بۆ جیبەجیکردنی بەرنامەی ئابووری پیدرابوو ، بەلام لەسالی ١٩٨٢ دا دەستی لەکار کیشایەوە .

*لەسالی ١٩٨٣ دا حیزبی نیشتمانی دایك (ANAP)ی دامەزراندو لەهەلبژاردنەکانی ٦ی‌ت٢/نۆڤەمبەری١٩٨٣دا کەبەسەرەتایەك بۆ گەرانەوەی حوکمی مەدەنیی پەرلەمانی لەقەلەمدرا ، سەرکەوتنیکی گەورەی بەدەست هینا و بوو بەنوینەری ئەستەموول.

**شوناس له چەند هەلبژاردنیکیدا**

*لە ١٣ی ك ١/دیسەمبەری١٩٨٣ دا لەكۆماری توركیادا حكومەتی (٤٦)مینی لەتوركیادا دامەزراند ولە هەلبژاردنەكانی شارەوانیدا لە سالی ١٩٨٤دا حیزبی نیشتمانی دایك سەركەوتنیكی گەورەی وەچنگ هینا.

*سەرباری ئەو زیانانەی لە حیزبی نیشتمانی دایك كەوت لە هەلبژاردنە لقیەكاندا لە ٢٨ی ئەیلول/ سیپتەمبەری ١٩٨٦ داو لە هەلبژاردنە زووەكانی ٢٠ت٢/نۆڤەمبەری١٩٨٧دا ئۆزال وحیزبەكەی دەنگی زۆربەیان بۆ پیكەوەنانی حكومەتی نویٚ بەدەستهینا.

*لە ١٩ی حوزەیران /یۆنیۆی١٩٨٨دا ولە كۆنگرەی گشتیی حیزبی نیشتمانی دایك دا هەولی تیرۆركردنی ئۆزال درا وبەسووكی برینداركرا، لە كۆتایی كۆنگرەكەشدا هەر بە سەرۆكی گشتیی حیزب هەلبژیردرایەوە.

*لە ٣١ی ت١/ئۆكتۆبەری١٩٨٩دا لەكۆبوونەوەیەكی پەرلەماندا كەحیزبەكانی ئۆپۆزسیۆن بەشدارییان تیانەكرد، بەسەركۆمار هەلبژیردرا. لە ٩ی ت٢/نۆڤەمبەری ١٩٨٩دا پلەوپایەی سەركۆماریی لە سەرۆك كەنعان ئیڤرین وەرگرت و وازی لەسەرۆكایەتیی حیزبی نیشتمانی دایك هیناو هەروەها لەسەرۆكایەتیی حكومەتیش كە یلدیریم ئەقبۆلۆت گرتیەدەست .بەلام ئۆزال هەرخۆی لەكۆشكی (چانكایا) وە كارەكانی حیزب و حكومەتی رینوینی دەكرد .

*لەحوزەیرانی /یۆنیۆی ١٩٩١دا، ئۆزال پشتگیریی لەپالیوراویكی دی كرد بۆ سەرۆكایەتیی حیزب و سەرۆكایەتیی حكومەت، ئەویش مەسعود یلماز بوو، بەلام یلماز بەپیچەوانەی ئەوەی ئۆزال لیی چاوەری بوو، دژ بەئۆزال وەستایەوە لەدەست خستنە نیو كارو باری حیزب و حكومەتەوە .

*لە٢٠ی ت١/ئۆكتۆبەری ١٩٩١دا لە هەلبژاردنە گشتیەكاندا حیزبی نیشتمانیدایك دۆراندی و هەردوو حیزبی ریگای راست (دیمیریل)و حیزبی كۆمەلایەتیی میللی دیموكرات (ئەردال ئینۆنۆ) ئیئتیلافیكی حكومیان سازكرد. لیرەدا ئۆزال رەخنەی لە كارەكانی حكومەتی نوی كردو زۆربەی بریارەكانی ئیمزا نەكردو وەكو بەرهەلستكاریك دژیان كاری دەكرد و ئەمەش بووە هۆی ئەوەی ناكۆكیەكی بەردەوام لەنیوان ئەودوو لایەنەدا دروستبكات .

**توركیا لەسەردەمی گۆڕاندا**

*لــە٣٠ی ت٢/ نۆڤەمبــەری ١٩٩٢دا بــالی ئــۆزال لــەحیزبی نیشــتمانی دایــك دا بەرامبـەر بالەکـەی مەسـعود یلمـاز ململانــێی لەســەر ســەرۆکایەتیی حــیزب دۆڕانــد، ئەمـەش بووە هـۆی سـەندنەوەی حیزب لەدەستی ئۆزال، کەلـەماوەی بەرلــە مــەرگیدا خۆی بۆ دامەزراندنی حیزبیکی نوی ئامادە دەکرد.

## بەشی دووەم

# کۆمەڵێك ئیسلامی لە ڕژێمێکی عیلمانیدا

# ١-شەریعەت و سوپا ڕووبەڕووی یەك

هەر لەسەرەتای حەفتاکانەوە تورکیا ڕاهاتووە بەبوونی حیزبێك کە بەم ڕێژەیە یان بەو ڕێژە هەڵگری بیرو باوەڕی ئیسلامی بێت . لەهەڵبژاردنەکانی ١٩٧٣،١٩٧٧دا حیزبی سەلامەتی نیشتمانی توانیی هەندێ کورسی پەرلەمان بەدەست بهێنێت ، بەجۆرێك بۆ بەشداریکردن لەهەندێ ئیئتیلافی حکومیدا سەرپشکی بکات . یەکەم حیزبی ئیسلامی لەتورکیادا کەنەجمەدین ئەربەکان سەرۆکایەتی دەکات"تام"ی‌دەسەڵاتی کردووە.هەرچۆن چۆتە ژیانی سیاسی و پەرلەمانیەوەو، وەکو لایەنگرو ئۆپۆزسیۆن بەچەشنی حیزبە ڕاست وچەپ و توندڕەوو میانڕەوەکانی دی بەشداری‌تیا کردووە .ئەمەش حاڵەتێکی دەگمەن بووەلەوڵاتێکدا کەڕژێمەکەی ئیسلامی بووبێت یان عیلمانی.

بەلاّم ئەوەی تورکیا لەژیانی سیاسیدا پیێ ڕانەهاتووە ئەوەیە کەحیزبێکی ئیسلامی وەکو حیزبی ڕەفاه کەمیراتگری حیزبی سەلامەتی نیشتمانی‌یە، لەهەڵبژاردنە لقیەکانی شارەوانیدا لەهەندێ ناوچەی ئەستەموول، کەلەسەرەتای ت٢/ نۆڤەمبەری ١٩٩٢ دا ئەنجامدرا، زۆرترین دەنگ بەدەست بهێنێت و بە جیاوازیەکی زۆرەوە لەگەڵ تەواوی حیزبەکانی تردا، تەنانەت حیزبی دەسەڵات و حیزبی سەرەکی ئۆپۆزسیۆنیش. ئەنجامە چاوەڕواننەکراوەکانی ئەم هەڵبژاردنانە سەرەتایەك بوو بۆ ئەو سەرکەوتنە گەورەیەی حیزبی رەفاه لەهەڵبژاردنەکانی شارەوانیدا لە ٢٧ی ئادار/ مارسی١٩٩٤وهەڵبژاردنەکانی پەرلەمان لە ٢٤ ك ١ / دیسەمبەری ١٩٩٥دا بەدەستی هێناو بۆ یەکەمجار لەمێژووی خۆیدا چووەپلەی یەکەمەوە . ئەمەش بووە هۆی دروستکردنی شەپۆلێك وتووێژی فراوان و هەمووشی بەدەوری چارەنووسی ڕژێمی سیاسی و دیموکراسیەت لەتورکیادا دەسوڕایەوە. پرسیاری سەرەکیش ئەوەبوو: ئایا تورکیا دەبێ بەجەزائیرێکی تر؟ ئەم پرسیارەش ئەزموونی ئیسلامیمان لەجەزائیر دەهێنێتەوە بیر، کە چۆن ڕێ لە " بەرەی ئیسلامی ڕزگاریخواز " گیرا بۆ گەیشتن بە دەسەلاّت.

## عیلمانیەت و ئیسلام:

پاش حەفتا ساڵ حوکمی ڕژێمێکی عیلمانی قایم، حیزبی ڕەفاهی ئیسلامی لە هەڵبژاردنەکانی شارەوانی و پەرلەماندا پلەی یەکەم بەدەست دەهێنێت . ئەمەش بەڵگەیەکە بۆ ئەوەی کە ڕژێمی عیلمانی نەیتوانی لە ڕێی پەرلەمان و ئەنجومەنە ناوچەییەکانی شارەوانییەوە بەجۆرێك بچێتە نێو بونیادی بنەڕەتی موحافەزەکاری کۆمەڵگای تورکییەوە کەنەهێڵێت هەستی ئایینی لای هاووڵاتی بگۆڕێ بۆ واقیعێکی سیاسی .ئەو بردنەوەیەی حیزبی ڕەفاه گفتوگۆی جیددی لەسەر مەسەلەی ڕژێمی عیلمانی ودیموکراسیەت لەتورکیادا وروژاند . چونکە ئیسلامیەکان هۆی سەرکەوتنیان دەگەڕێننەوە بۆ " نابووتی " ی ئەو ڕژێمەو بێتوانایی لەڕووبەڕووبوونەوەی ئەو کێشەومەسەلانە دا کە بەلای هاووڵاتیانەوە گرنگن . ئەوەش بەوەی ئەو ڕژێمە خۆی لاببوو بەهەموو شتێك، چ لەسەرکەوتن و چ لەنشوستیداو، ڕۆڵی تاکە کەسەکان و کۆمەڵگای خستبووە پەراوێزەوە.

ئەوەتانێ سەرۆکی لقی ئەستەمووڵ (ی حیزبی ڕەفاه) بەتوندی ڕەخنە لەئایدیۆلۆژیای ڕەسمی دەگرێو بە نادیموکرات ناوی دەبات و دەڵێت:

" بەمانایەك لەماناکان و لەدەرەوەی ئایدیۆ لۆژیای ڕەسمیدا دەکرێ چارەسەر بۆ قەیرانەکانی ئێستای کۆمەڵگای تورکی بدۆزینەوە. ئێمە لەسای گوشاری ئایدیۆلۆژیای ڕەسمی و هەڕەشەکانیدا جەسارەت ناکەین تەنانەت دەربارەی کێشەکانی ئێستامان بدوێین و وتووێژیان لەسەر بکەین. ئێمە وەختێ لەوبارەیەوە دەدوێین و گفتوگۆدەکەین بەرەو ڕووی ترسی سزا دەبینەوە . ئەگەر ئەم بارە چارەسەر نەکرێ؛ زەحمەتە کێشەکانی تر چارەسەر بکرێن. تەماشا کەن ئەمڕۆ ناتوانین بەڕاشکاویەکی تەواوەوە گفتوگۆ لەسەر مەسەلەیکورد بکەین. لەتورکیادا بەناوی ئەو ئایدیۆلۆژیا ڕەسمیەوەی کەتا هەنووکە درێژە بەتەوتەمیەتی خۆی دەدا؛ کۆمەڵگایەکی داخراو لەسەر کۆڵەکەی سەر کوتکردن و ترس دامەزراوە."

کەمالیزم ئایدیۆلۆژیای دەسەڵات ودەوڵەت بوو، هەر بەناوی ئەویشەوە حیزبەکان کێبەرکێی یەکتریان دەکردو، چەندین کودەتا ڕوویداو خوێن ڕژا. هەر بەناوی ئەم کەمالیزمەشەوە ئەو دەستە بژێر (نوخبە)ا نەی یەك لەدوای یەك دەسەڵاتیان گرتە

دەست چاویان بۆدووربڕیبوو . بۆ خۆر ئاواو،وەك چۆن ئامێرو تفاقی دەهێنا، ئاواش بیرو باوەڕو داب و نەریت و ڕواڵەتی خۆرئاوای دەهێنا وەکو هەوڵدانێك بۆ خستنەڕووی وێنەیەکی "نوێ" ی کۆمەڵگای نەخوێندەواریو هەژاریو دواکەوتنو گرفتە مەزهەبیو ئیتنیەکان. بەمجۆرە کۆمەڵگا بوو بەدوو بەشەوە، بەشێکی "بەڕواڵەت هاوچەرخ"و دەسەڵاتدارو بەشەکەی تریشی کەزۆربە بوون موحافەزەکارو نەریتپارێز بوونو، لەناو بەهاکانی خۆیاندا بەدوای پێشکەوتندا دەگەڕان، نەك لەو بەهایانەدا کەپێیان نامۆبوون. لەم چرکەساتەوە قەیرانە کۆمەڵایەتیەکان لەتورکیادا لەبزاڤی واقیعیداو لەبەرژەوەندیی تەوژمی ئیسلامیدا ڕەهەندێکی سیاسییان بەخۆوە گرت.

بۆ "نابووتکردن"ی کەمالیزم، هەرەسی چەپ لەجیهانو تورکیادا هاتو "بۆشایی"ەکی لەو بەرەیەدا دروستکرد کەهەڵگری خۆزگەکانی "هەژارانو ڕەنجبەران"ە. حیزبی "ڕەفاه"یش شتێکی چاکی کرد بەوەی دروشمە کۆنەکانی چەپی دووپات کردەوەو بەشێکی زۆری خەڵکی لەدەوری خۆی کۆکردەوەو لە"پڕکردنەوەی ئەو بۆشایی"ەدا سەرکەوتنی بەچنگ هێنا. باشترین بەڵگەش بۆئەمە کەمیی ئەو دەنگانە بوو کەچەپەکان لەهەڵبژاردنەکانی شارەوانی ٢٧ی ئادار/١٩٩٤و هەڵبژاردنی نوێنەرایەتی لە٢٤ی ك١/ دیسەمبەردا بەدەستیان هێنا.

ئەجەوید فاکتەری هەرەسی چەپەکان دەگەڕێنێتەوە بۆسەرکەوتنی "ڕەفاه"و دەڵێ ئەو دەنگانەی ئیسلامیەکان بەدەستیان هێنا دەنگی "نائومێدی"یە بەحیزبەکانی تری دەسەڵاتو ئۆپۆزسیۆن. لەم حاڵەتەشدا دەنگدەران ڕوو لەحیزبە ئسوڵیەکان دەکەن، هەروەکو چۆن ئەجەوید دەڵێ- ئەمە لەجەزائیرو لوبنانو تاڕادەیەك لەئوردون ڕوویداو، وائێستاش لەتورکیادا ڕوودەدات.

نوێنەرێکی دیاری حیزبی "ڕێگای ڕاست"ی حوکمڕانیش لەگەڵ ئەم بۆچوونەی ئەجەویددا یەك دەگرێتەوەو دەڵێت:

"وەختێ ئایدیۆلۆژیای چەپ لەتورکیادا هەرەسی هێنا، ڕەفاه بایەخێکی زۆری بەجەماوەرداو دەستیکرد بەبەرگریکردن لەسۆسیالیزمی ئیسلامیانە. لەئایندەیەکی نزیکیشدا دەبینن کەبەشێکی زۆری ئەوانەی چەپی توندڕەو بوون لەتورکیادا؛ دەنگ بۆ ڕەفاه دەدەن".

چاوپیاخشـانێکی بەراوردکاریانـەی خـێرا بۆمـان دەسـەلمێنێ کـەبۆچوونی ئیسلامیانەی ئەربەکان لەگەڵ بۆچوونەکانی چەپی تورکیدا یەك ناگرنەوە.

بەبۆچوونی ئەربەکان سیستمی دارایی سەرمایەداری بەهەرپێنج میکرۆبەکانیەوە دەبێتەمایـەی فـەوتاندنو چەوسـاندنەوەو وێرانکردنـی ئـابووریی میللـەت. ئـەو میکرۆبانـەش بریتـین لـە: سـوود، بـاجی سـتەمکارانە، سـکە لێدانـی بـێ پشـتیوانە، سیستمی بانکەکانو، سیستمی قەرز. هـەر میکرۆبێك لەمانە دەرامەتی دیاریکراوی ملیۆنـەها کرێکارو جوتیارو کارمەندو پیشـەگەر دەفـەوتێنێو، دەیانچەوسێنێتەوەو هـەژاریان دەکـات. بەرامبـەر بەمـەش کەمایەتیـەکی بەختـەوەری مشـەخۆر خـەریکی کەڵەکـە کردنـی سـامانی خـۆی دەبێـت. لەئـەنجامی ئەمەشـدا هەڵاوسـانو گرانـیو بێکاریو برسێتیو بێدەرەتانیو هەژاریو دواکەوتوویی تەشەنەی کردووە، کەئەمەش وڵاتەکە بەرەو تەقینەوەیەکی خێرای کۆمەڵایەتی دەبات.

یەکێك لەوهۆیانەی وای لەبەشێکی زۆری دەنگدەرانی تورك کرد ڕووبکەنـە حیزبـە ئیسـلامیەکان، گۆڕانکاریـەکانی دەرەوە بـوو، لەسـەروو هەمووشـیانەوە مەسـەلەی بۆسنە- هەرسك. ئەم مەسـەلەیەی کـەتورکیا تائەوپـەڕی بایـەخدان بایـەخی پـێدا، لـەبیری سیاسیی تورکیدا گۆڕانکاریی بـەرچاوی ئـەنجامدا. تەنانـەت ئـەو نووسـەرو ڕۆژنامەوانانەی بەکەسانێکی عیلمانیش ناسرابوون، باسیان لەبنـەمای ئایینـی ئـەو کێشەیە دەکردو دەیانوت کـەخۆرئاوا دەیـەوێ ئیسـلام لەئـەوروپاو بـەڵقاندا سـەرکوت بکات.

دەزگاکانی ڕاگەیاندنی تورکیا ڕای گشتیی جووڵاند کەهەرخۆشی بەشێوەیەکی سروشتی لایـەنگری بۆسنیەکان بـوو، چونکـە قەناعـەتێکی تـەواو هـەبوو بـەوەی بۆیـە دەچەوسێنرێتەوە لەبەرئەوەی ئیسلامن. حیزبی ڕەفاهیش ئەم مەسەلەیەی قۆستەوەو لەهەڵمەتـەکانیدا بۆهـەڵبژاردن زەقـی کـردەوە. ئەنجامـەکانیش بـەوە شـکانەوە کەگەشەیەکی بەرچاوی هەستی ئایینی لەنێو کۆمەڵگادا هەیە.

## دەسەڵات و شەریعەت:

ئەو پرسیارەی بەبیردا دێ ئەوەیە کەئایا حیزبی رەفاه دوای وەرگرتنی جڵەوی دەسەڵات، شەریعەتی ئیسلامی پراکتیك دەکات؟

یەکەم کاردانەوە لای خەڵکانێك، بەتایبەتیش عیلمانیەکان، ترسە لەگۆڕانی تەرزی ژیانیان کەئازادیو کرانەوەیەکی تیایە، بۆتەرزێکی دی کەسنوور بۆکۆمەڵێك سیمای کۆمەڵگای سەرمایەداری دادەنێتو، ئەو تەرزەی ژیان دەهێننەوە بیر (هەرچەندە زێدەڕۆییەکیشی تیایە) کەئیمام خومەینی لەئێراندا پراکتیکی کردووە. سەرکەوتنی رەفاه هاوکات بوو لەگەڵ پیشاندانی هەندێ دیمەنی تەلەفزیۆنیی چەند کەسێتییەکی سەربەبزاڤێکی ئیسلامیی دی کەشێخ جەمالەدین قوبلان (کە لەئەڵمانیایە) سەرکردایەتیی دەکاتو عیلمانیەکان لەڕووی تەنزەوە ناویان ناوە "دەنگی رەش"، ئەو کەسێتیانە داوای شۆڕشێکی ئیسلامیی چەکداریان دەکرد لەناو تورکیادا. ئەو "ترس"ەی کەهەندێ لەدەزگاکانی راگەیاندنی تورکی دەیانەوێ هەموو خەڵکی هەستی پێ بکەن، ئامانجی رێگرتنە لەگەشەسەندنی بەردەوامی بزاڤی ئیسلامی لەتورکیادا. ئەربەکانیش پەی بەوە برد؛ هەربۆیە روونی کردەوە کەحیزبەکەی حیزبی برایەتیو ئاشتیو خۆشەویستییە. بەڵام ئەربەکان خۆی دوورە پەرێز گرتووە لەخستنەڕووی هەڵوێستی راستەقینەی خۆی لەمەڕ پیادەکردنی شەریعەتی ئیسلامی بەسەر هەندێ مەسەلەدا وەکو یانەکانی رابواردن.

بیرمەندە ئیسلامیەکان دەڵێن بیرکردنەوە لەئایینی ئیسلام بەبێ دەوڵەتو سیاسەت نابێ، هەربۆیە دەبێ لەگەڵ گرتنە دەستی دەسەڵاتدا لەلایەن حیزبێکی ئیسلامییەوە، شەریعەتی ئیسلامی پراکتیك بکرێ. سەرۆکی شارەوانیی ئەنقەرەو ئەندامی دیاری حیزبی رەفاه مەلیح غوکچیك دەڵێت:

"یەکەم شت بیکەین قەدەغەکردنی مەیو بادەیە".

گەرچی ئەودەڵێت ئەوە شتێکی "تایبەتیشە"، بەڵام زیان بەتەندروستیی هەموو کۆمەڵگا دەگەیەنێت، غوکچیك دەڵێت:

"بەهەموو توانامانەوە هەوڵدەدەین قەدەغەی بکەین، بەوەی قەناعەت بەخەڵك بکەین کەئەوە دیاردەیەکی هەڵەیە. من هیچ کاتێك بەرهەمهێنانی مەیو بادە

بەکارێکی دروست نازانم کارگەکانی مەی دادەخەین و دەیانکەین بەکارگەی بەرهەمهێنانی شتیتر. کەس نامێنێت کاری نەبێت. ڕێ لەسۆزانێتی دەگرین و "سۆزانیخانە" کان دادەخەین. هەرکەسێك پێداویستی سێکسیی هەبێت دەتوانێ بەڕێگای ڕەوا ئەو پێداویستییەی تێربکات و، لەسەر دەوڵەتیش پێویستە بڕی دارایی پێویست بۆئەو کەسانە دابین بکات کەدەیانەوێ بچنە ژیانی هاوسەرێتییەوە".

بەڵام ئەحمەد شیشمان ئۆغللەری کەخاوەنکاری گەورەیەو پەیوەندیی توندوتۆڵی بەحیزبی ڕەفاهەوە هەیەو، لەهەمان کاتدا دەرچووی کۆلێژی شەریعەو دەروونناسییە، کەمتر توندڕەوە کاتێ دەڵێت مەسەلەکە ئەوەناگەیەنێ کەدەبێ گۆڕانی ڕەگوڕیشەیی ڕوویدات:

"یەکەم شت کاری لەسەر بکەین ئەو لایەنانەیە کەلەڕژێمدا بەڕێکوپێکی بەڕێوە ناچن. پاشان دەست بەگۆڕینی ئەو لایەنانە دەکەین کە کەموکورتییەکی وادەخەنەڕوو کەلەگەڵ داب و نەریت و ئاکارماندا ناگونجێن".

بەڵام شیشمان وێنەیەکی ڕوون و دیاریکراو سەبارەت بەولایەنی کەموکورتیانە ناخاتەڕوو کەلەگەڵ بونیادی داب و نەریت و ئاکاری کۆمەڵگادا ناگونجێن.

ئەو دروشمەی حیزبی ڕەفاه بەرزی دەکاتەوەو مەبەستیشێتی عیلمانییەکان سەغڵەت نەکات "ڕژێمی دادپەروەر"ە کەمەبەست لێی شەریعەتی ئیسلامییە. لەکاتێکیشا ئەربەکان ئەوە ڕەت دەکاتەوە کەڕەفاه حیزبی شتە یاساغ و قەدەغەکراوەکان بێ، وایدەبینێ کەڕێگای دروست بۆگۆڕانکاری لەڕێی قەناعەت پێکردنەوە دەبێت و بەس. هەروەها ئەربەکان دژ بەوەیە لەڕێی بەکارهێنانی هێزەوە دەسەڵات بەدەست بهێنرێ. لەبەرئەوەی تیرۆرو توندوتیژی بەشێك نین لەئیسلام. سەرکەوتنی ئیسلامیەکان لەهەڵبژاردنە بەشەکی (جزئی)ەکانی شارەوانیدا (ت٢/١٩٩٢) لەهەمان ساڵدا بوو کەڕووبەڕووبوونەوەیەکی بەردەوام لەنێوان دەسەڵات و "بەرەی ئیسلامیی ڕزگاریخواز"دا لەئارادابوو.

یەکسەر تورکەکانیش بەبردنەوەی ڕەفاه، ئەو ڕووداوانەی جەزائیریان هاتەوە یادو ئەو پرسیارە گەورەیەیان لەخۆیان کرد: ئایا تورکیا بەرەو ئەوە دەچێت ببێت بەجەزائیرێکیتر؟

نوێنەری پێشووی حیزب رەفاه حەسەن مەزارجی دەڵێ ئەگەر رەفاه دەسەڵات بگرێتە دەست دنیا ئاخر نابێت.

"کۆمەڵگا کۆمەڵێك کێشەی ئایینیو ئیتنیو ئابووریی لەگەڵ رژێمدا هەیە. ئەم کێشانە کاردانەوەی گشتیی گەلن بەرامبەر رژێم، لەبەر گەلێ هۆی جیاواز. دۆزینەوەی چارەسەرێکی سیاسیش کارێکی پێویستە. چارەسەری کێشەکانیش پێویستی بەسەقامگیری هەیە. دەبێ یەکدڵی هەبێت. بناغەی ئەم یەکدڵییەش یەکتاپەرستیو خەلافەتە. هیچ رێگایەکی ترنییە. گەر دین لەدەوڵەت جیابکەنەوە، هەریەکەیان دەبێتە سەرچاوەی ناکۆکی".

گەرچی ئەم بۆچوونە دامەزراندنی دەوڵەت لەسەر بنەمای دینی لەخۆدەگرێت، بەڵام دەتوانین کۆمەڵێك جیاوازی لەنێوان حاڵەتی جەزائیرو حاڵەتی تورکیادا دەسنیشان بکەین. لەوانە ئەو هەڵبژاردنانەی جەزائیر کەلەخولی یەکەمیدا ئیسلامیەکان بردیانەوە، یەکەمین هەڵبژاردنی دیموکراسیی فرە حیزبی بوو لەجەزائیر؛ هەر لەوکاتەوەی جەزائیر سەربەخۆیی بەدەستهێناوە. لەکاتێکا مێژووی دیموکراسیەتی فرە حیزبی لەتورکیادا بۆزیاتر لەچل ساڵ لەمەوبەر دەگەڕێتەوە. واتە سەرەڕای ئەو کودەتایانەی روویانداوە؛ (هەستی دیموکراسیانە" لەتورکیادا کۆنترە وەك لەجەزائیر. پاشان دەنگدەری جەزائیری بەشێوەیەکی کردەیی لەبەردەم دوو هەڵبژاردندا بووە: (بەرەی رزگاریخوازی نیشتمانی) کەلەکاتی سەربەخۆییەوە حوکمڕانەو، "بەرەی ئیسلامیی رزگاریخواز" هەربۆیە ئەو لایەنەی هەڵبژارد کەتاقیی نەکردۆتەوە. بەڵام لەتورکیادا هەڵبژاردنەکان لەبەردەم دەنگدەردا زۆرە، لەوپەڕی راستەوە بۆئەوپەڕی چەپ.هەرچۆن حیزبی رەفاه لەرێی هەڵبژاردنی دیموکراسیانەی نوێنەرانییەوە دێتەسەر دەسەڵات؛ ئاوەهاش لەرێی هەڵبژاردنی دیموکراسیانەوە متمانەی لێ دەسەنرێتەوە. بەمجۆرە رەفاه وەختێ دەگاتە دەسەڵات؛ ناتوانێ واز لەپەرلەمانیەت بهێنێ یان یاساو رێساکانو نەریتە دیموکراسیەکان بشکێنێت، یان یاسای هەڵبژاردن بەجۆرێك لێ بکات کەلەگەڵ بەرژەوەندیو ئامانجەکانیدا زیاتر بگونجێ.

**سوپاو رژێم:**

شتێکی ئاشکراوڕوونە کەسوپای تورکی چ رۆڵێکی گەورەو "مێژوویی" لەژیانی سیاسیی تورکیادا دەبینێت، هەر لەسەرەتای دامەزراندنی رژێمی کۆماریەوە. بگرە زۆرن ئەوانەی دەڵێن کەڕژێمی تورکیا رژێمێکی سەربازیی‌یەو دەمامکی دیموکراسیەتی پۆشیوە. لەبەرئەوە شتێکی سروشتی‌یە مرۆڤ ئەو پرسیارە بکات کەدەبێ هەڵوێستی سوپا بەرامبەر هەوڵو تەقەللا بۆ دامەزراندنی دەسەڵاتێکی ئیسلامی لەتورکیادا چی بێت، بەتایبەتیش کەسوپا خۆی بەپارێزەری عیلمانیەت دەزانێت.

ژەنەراڵێکی خانەنشین کەناوی خۆی نەدرکاندووە لەلێدوانێکیدا بۆگۆڤاری "نوقتە-خاڵ"ی هەفتانەی تورکی وتویەتی: لەحاڵەتێکدا "رەفاه" بیەوێ چەمکێکی تر بۆ دەوڵەت دابڕێژێت، بەوکارە خۆی دەخاتە نێو تووناوتوونی یاساو دادگای دەستووری‌یەوە. هەمان ژەنەراڵ دەپرسێت: "رەفاه" لەڕابردوودا لەئیئتیلافە حکوومیەکاندا بەشدار بووە، بەلام توانیویەتی چی بکات؟ کۆمەڵێك لێپرسراوی سەربازیش بەپلەی جیاجیا ڕایانگەیاندووە کە چاودێریی هەڵوێستەکانی "ڕەفاه" دەکەن کە دژ بەعیلمانیەتەو رێ لەهەر هەنگاوێك دەگرن کەزیان بەعیلمانیەت بگەیەنێت. (سوپاکەمان زۆر گرژە بەرامبەر مەسەلەی عیلمانیەت).

ئەم لێپرسراوانە بەشێوەیەکی ئاشکرا وەلامی ئەوە نادەنەوە ئایا ئەگەر "رەفاه" دەسەڵاتی گرتە دەست کودەتا بەرپادەکەن یان نە ء. ئیسلامیەکانیش دەزانن هەڵوێستی سوپا لەئاست عیلمانیەتدا چۆنە، هەربۆیە بەردەوام دەیانەوێ ترسیان برەوێننەوە. نەجمەدین ئەربەکان دەڵێت:

"بڕواناکەم بەکودەتای سەربازی رێ لە" رەفاه" بگیرێ تادەسەڵات نەگرێتە دەست. چونکە تورکیا جەزائیر نی‌یە. ئێمە زۆر کودەتای سەربازیمان دیوەو بینیومانە چۆن بووەتە هۆی دواکەوتنی تورکیا. تورکیاش حیزبی رەفاه دەناسێت. کێ هەیە نەیەوێت دەئەوەندە بەدەست بهێنێت؟ حیزبی رەفاه دەسکەوتەکان دەکات بەدەئەوەندە. لەبەر ئەوە کودەتا هیچ لایەنگرێکی نابێت، نەلەناو سوپاداو نەلەناو کۆمەڵگای مەدەنیشدا. حیزبی رەفاه لەرێی دیموکراسی‌و بەحەزی گەل‌و پشتگیریی خەڵك هاتووە".

بەڵام حەسەن مەزارجی بڕواناکات پەیوەندیی "رەفاه" لەگەڵ سوپادا خراپ بێت(سوپاسوپای خۆمانە. ئێمەش دژ بەکودەتاین).

هەندێکیش هەن دەپرسن گەر حیزبی رەفاه بێتە سەرحوکم ئاخۆ هەڵوێستی وڵاتە یەکگرتووەکان دەبێ چی بێت؟ چونکە رەفاه حیزبێکە هەڵوێستی دژایەتیکردنی ئەمریکاو ئیسرائیل دەنوێنێت.

لەم بارەیەوە دوو بۆچوونی ئەمریکایی هەیە:

یەکەم: هەموو بزاوتێکی ئیسلامی بەسەرچاوەی مەترسیو هەڕەشە بۆبەرژەوەندییەکانی ئەمریکا دەزانێتو هیچ شتێك بەڕێگر نازانێت لەبەردەم لێدانی سەربازیی ئەو بزاوتانەدا.

دووەم: داوای ئەوە دەکات کەبەوردیو بەسڵەوە مامەڵە لەگەڵ سەرکەوتنی بزاوتی ئیسلامی لەتورکیادا بکاتو، بەشێوەیەك کەخزمەتی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا بکات، تائەزموونی ئێران لەتورکیادا دووبارە نەبێتەوە. ئەمریکاش لەمامەڵە کردنیدا لەگەڵ هەندێ رژێمدا کەمۆرکی ئیسلامییان هەیە خاوەن ئەزموونە، هەروەکو وڵاتی پاکستانو هەندێ وڵاتی جیهانی ئیسلامی.

"رەفاه" لەهەڵبژاردنەکانی شارەوانی (١٩٩٤)و هەڵبژاردنەکانی نوێنەرانی پەرلەمان (١٩٩٥)داو لەنێو پەرتبوونی گەورەی چەپو راستەکانداو نائومێدیی بەگفتی راستی حوکمڕانو هەرەسی ئایدیۆلۆژیاکانی چەپی دیموکراتدا بردیەوە. بۆیە هەندێ نێوەندی تورکی وایدەبینن کەزۆر پێویستە حیزبێکی نوێ یان بەرنامەیەکی نوێی گۆڕانکاری لای حیزبێك لەحیزبەکان بێتە گۆڕێ، بەجۆرێك کەهاوشان لەگەڵ گۆڕانکارییە هەنووکەییەکاندا بڕواتو تێڕوانینێکی نوێ بۆ ئێستاو ئایندەی تورکیا بخاتەڕوو، بەشێوەیەك کەدەنگدەرە دوودڵو هیوابڕاوەکان کۆبکاتەوەو، لەهەمان کاتدا بەشێوەیەکی دیموکراسیانە رێ لەتەشەنەکردنی جەماوەریی ئیسلامیەکانو گەیشتنیان بەدەسەڵات بگرێت.

شەڕی سیاسی لەتورکیادا لەنێوان رێبازە راستو چەپو ئیسلامیەکاندا کراوەیەو، سەرکەوتنی گەورەش (بەچاوپۆشین لەوەی کێ دەیباتەوە) لەوەدایە کەکێبەرکێکە لەچوارچێوەی دیموکراسیدا بمێنێتەوەو، بەدوور لەسەرشانە نەجمەدارو شمشێردارەکانو.. خوێن رشتن.

## ٢- "ڕەفاه" لەبەردەم ڕووبەڕووبوونەوەی دیموکراسیەتدا

بردنەوەی حیزبی " ڕەفاه"ی ئیسلامی لەهەڵبژاردنەکانی شارەوانیی تورکیادا لە٢٧ی ئادار/ مارسی ١٩٩٤داو دەستگرتنی بەسەر زۆربەی ئەنجومەنەکانی شارەوانیی شارە گەورەو پارێزگاکانداو، هەروەها بردنەوەی لەهەڵبژاردنەکانی نوێنەرایەتیی پەرلەمان لە٢٤ی ك١/ دیسەمبەری ١٩٩٥دا، دەرگای گفتوگۆی لەسەر واقیعی بزاڤی ئیسلامی لەتورکیاداو ئاسۆکانی پاشەڕۆژی خستەسەر پشت.

گەرچی چاکسازییەکانی ئەتاتورك‌و ئەو کارانەی ئەنجامیدان، گورزێکی توندی لەئیسلام وەشاند وەك سیستمێکی پەرستن‌و کەلتورو ژیان، بەڵام مێژووی تورکیای نوێ دەیسەلمێنێت کەدواتر لەلایەن دەسەڵاتەوە ئەمسەرو ئەوسەرکردنێك هەبووە لەگەڵ تەوژمە ئیسلامییەکاندا، جارێك بەکرانەوە، بەتایبەتیش لەسەردەمی عەدنان مەندریس(لەپەنجاکاندا)و تورگوت ئۆزال (لەهەشتاکاندا)و، جارێکی تریش بەتەنگەتاو کردن‌و ڕاوەدوونان.

بەڵام دەبێ سەرنجی ئەوە بدەین کەئەو وێنەیەی "ڕەفاه" خستوویەتیە بەرچاوی دەرەوەی تورکیا، بەوەی کەنوێنەری بزاڤی ئیسلامیی تورکی‌یە، یان چڕکراوەیەتی، بەو وردی‌یە نی‌یە. زۆر بزاوتی ئیسلامیی تریش هەیە لەتورکیادا. کەتیایاندایە ئسوڵی‌ی نەریتگەرایەو لەژیانی سیاسیی ڕاستەوخۆوە دوورە؛ وەکو نوورییەکان‌و سولەیمانیەکان‌و قادرییەکان‌و ئێشکچی‌یەکان‌و هتد..، تیاشیاندایە ئسوڵی‌ی ڕادیکاڵی‌یە، کەلەم ساڵانەی دواییداو لەژێرکاریگەریی شۆڕشی ئێران‌وڕووداوەکانی بۆسنەو جەنگی دووەمی کەنداودا پەرەیان سەندو، بەڕەسمی دەخرێنە خانەی بزووتنەوە "تیرۆریستەکان"ەوە.

هەربۆیە ئامادەگیی سیاسی‌ی بزوتنەوە ئیسلامییەکان لە گەمەی دەسەڵاتدا لە حیزبی "ڕەفاه"دا کۆبۆتەوە، کەلەبەرنامەو کردەوەو پەیمانەکانیدا پتر بەرجەستەی "ئیسلامی سیاسی" دەکات نەك ئیسلامی ئسوڵی لەچەشنی بەرەی ئیسلامیی ڕزگاریخواز لە جەزائیر یان بزاوتە ئیسلامیەکانی میسرو یان"حیزبوڵڵا" لە لوبنان.

دووهۆکارهەن کەوایان لە "ڕەفاه" کردووە، هەر لەو کاتەوەی "حیزبی ڕژێمی نیشتمانی" بوو، وەختێ لەساڵی ١٩٧٠دا لەسەردەستی نەجمەدین ئەربەکان وهاوڕێکانی دامەزرا، بەگوێرەی ئەو ڕێسایانەی حیزبە عیلمانیەکان دایانڕشتووە ڕێی گەمەی سیاسی لە وڵاتدا بگرێتەبەر. هۆکاری یەکەم، ئامادەگیی زاڵی سوپایە (ئیدی ڕاستەوخۆ بێت یان لەودیو پەردەوە) لە ژیانی سیاسی داو، خۆدانانی بە پارێزەری ڕژێم وکۆمار ئەمەش بەئاشکرا لەکودەتاکەی ٢٧یئایار/مایۆی١٩٦٠دا دژ بە عەدنان مەندریس دەرکەوت.

بەڵام هۆکاری دووەم، ئەو ئەزموونی دیموکراسییە پێشەنگە فرە حیزبییەیە کە بە هەڵبژارنەکانی١٩٤٦ دەستی پێکردو ساڵی١٩٥٠ کۆتایی بە دەسەڵاتی حیزبی گەلی کۆماری واتە حیزبەکەی ئەتاتورك هێنا، کەتائێستاش وسەرەڕای سێ کودەتای سەخت هەربەردەوامە (واتە ئەزموونە دیموکراسیەکە)، سووربوونیش لەسەر ئەم ڕەوتە لەلایەن دەسەڵاتێکەوە کەدەیەوێ ببێت بەبەشێك لەخۆرئاوای ئازادو دیموکرات، ڕێی لەوەگرتووە لەدەرەوەی سوپادا ئۆپۆزسیۆن بەمەبەستی گەیشتنە دەسەڵات پەنا بۆ ڕێگای ناڕەوا بەرێت.

بەمجۆرە "حیزبەکان"ی ئەربەکان (ڕژێمی نیشتمانی، سەلامەتی نیشتمانی، ڕەفاه) هەر لە حەفتاکانەوە، لەهەموو هەڵبژاردنەکانی نوێنەرایەتی وشارەوانیدا بەشدارییان کردووەو، بەئەنجامەکانەوە پابەند بوون، بگرە لە کۆمەڵێك حکومەتی ئیئتیلافیدا بەشداریان کردووە، لەگەڵ بوڵند ئەجەوید ساڵی١٩٧٤، لەگەڵ سولەیمان دیمیریل ساڵی١٩٧٥و١٩٧٧ ئەربەکان خۆیشی جێگری سەرۆك حکومەت بووە.

ئەگەر چاوێك بە ڕەوتی حیزبی (ڕەفاه)دا بخشێنیین هەر لە دامەزراندنیەوە ساڵی ١٩٨٣ تائێستا، دەبینین لەگەڵ هەر هەڵبژاردنێکدا دەنگی زیاتریان بەدەست هێناوە. ڕێژەی ٤,٤٪ لە کۆی دەنگەکان ساڵی ١٩٨٤، بۆ ٧,١ ٪ ساڵی١٩٨٧، بۆ٩,٨٪ ساڵی١٩٨٩، بۆ١٦,٩٪ساڵی١٩٩١و، ١٩,٧٪ لەهەڵبژاردنەکانی شارەوانیدا لە ٢٧یئادار/مارسی١٩٩٤دا تادەگاتە هەڵبژارنەکانی نوێنەرایەتی ٢٤یك١/١٩٩٥ کە ڕەفاه بە ڕێژەی ٢١,٧٪ پلەی یەکەمی بەدەست هێنا، ئەمەش ڕێژەیەك بوو کەهیچ حیزبێك لە حیزبەکانی دی بەدەستیان نەهێنا.

بیرمەندی ئیسلامیی تورك عەلی بولاج دەڵێت هەڵوێستە عیلمانییەكانی دەستەبژێرە كۆمارییەكان كە لە بارو دۆخی بەر لە حەفتاكاندا باڵیان بەسەر كۆمەڵگای سیاسیدا كێشابوو، هۆكارێكی بنەڕەتی بوو كە پاڵی بەبەشێكی زۆری موحافەزەكارە ئایینداره‌كان كرد، ئەوانەی دەیانەوێ لە كۆمەڵگادا ڕۆڵیان هەبێت، كە لایەنی تەوژمە ئیسلامییەكان بگرن و لە سەروو هەمووشیانەوە "ڕەفاه".

هاوتەریب لەگەڵ ئەم توێژە عیلمانییە سیاسییەدا، چینێكی ئابووری پێكهات كە سوودی لە بونیادی نوێی دەسەڵات وەرگرت و گۆڕا بۆ "چینی دەوڵەمەندان" و دواتر بوو بەكۆسپێك لەبەردەم موحافەزەكارو ئاییندارە خاوەن پیشە بچووكەكان وبازرگانە تازەكاندا، ئەوانەی لە لادێوە دەهاتن بۆ شار. هەربۆیە هەموو ئەوانە لایەنی "ڕەفاه"یان گرت.

لەهەمان چوارچێوەدا، كۆمەڵێك هێزی كۆمەڵایەتیی نوێ دەیانەوێت لە بوارە جۆراوجۆرەكانی ژیاندا بەشداربن، وەكو بوارەكانی سیاسەت و بازرگانیو ئابووریو ڕۆشنبیریو پەروەردەو هونەرو تەندروستیو وەرزش. بەڵام ئەم هێزانە دەیانەوێ لەهەمان كاتدا كەسێتیی ئیسلامیانەی خۆشیان بپارێزن. هەروەها ئەم هێزانە هەروەكو پرۆتستانتەكان لە خۆرئاواو، شیمۆنتۆییەكان لە ژاپۆن، وای بۆ دەچن كە ئیسلام هۆكارێكی بنەڕەتییە بۆ گەشە سەندن. ئەمانەش دەنگیان بۆ ڕەفاه دا.

ژنە نووسەری ئیسلامی ئەمینە شینلیك جەخت لەسەر ئەم مافی بەشداربوونە دەكاتەوەو دەڵێت: (ئەم دەوڵەتە هی ئێمەشە. ئێمەش مافی بەشداربوونمان هەیە تیایدا) لەم ڕووەشەوە تەواوی حوكمەكان تاوانباردەكات بەوەی لێبوردنیان نەبووەو مافی توێژە ئیسلامیەكانیان خواردووە، تەنها حوكمی ئۆزال نەبێت.

بەرامبەر بەمەش، كەسانێك هەن كەئۆباڵی گەشەسەندنی تەوژمی ئیسلامی دەخەنە ئەستۆی عیلمانی لەتوركیادا، بەڵام لەگۆشەنیگایەكی ترەوە. هەندێ حیزبی عیلمانی بەمەبەستی بەلای خۆدا ڕاكێشانی دەنگە ئیسلامیەكان ڕێیدا پەیمانگای مەشقی ئیمامی مزگەوتەكان بكرێتەوەو، هەروەها پەیمانگاو خولی تر بۆخوێندنی قورئانو زانستەكانی قورئان بە جۆرێك ژمارەی قوتابییەكانی گەیشتووەتە چوارسەد هەزار. ئەمانەش بە هۆی ئەو بڕوانامانەوە كە وەریانگرتووە توانیویانە خۆیان بخزێننە ناو وەزیفەكانی دەوڵەتەوەو لە بوارەكانی سوپاو پۆلیسو دادوەریو

ئەندازیاریو ماموستاییدا دەست بەکارینو رۆڵێکی کاریگەریان لەسەر دەوروپشتی خۆیان هەبێت.

سەرباری ئەم هۆکارانە کە پەیوەندییان بە بونیادی سیستمی عیلمانیو نوێنەرانیەوە هەیە لە تورکیاداو یاریدەی نەشونمای تەوژمە ئیسلامیەکانیان داوە، مەیلی ئەو کەسانەی دەنگ بۆ ئەم تەوژمانە دەدەن لەو بارودۆخانەدا توندتر دەبێ کە تیایدا هەڕەشە لە قەوارەی تورکی دەکرێ. چونکە تورکیای کۆماری میراتگری بە هێزترینو دوا ئیمپراتۆریەتی ئیسلامییە.

مێژووی کۆماریش تەواوکەری مێژووی ئەو ئیمپراتۆریەتەیە. ململانێی خۆرئاواش لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانیدا جیانەبوو لە ململانێی لەگەڵ ئیسلامدا.تائێستاش ئەو(خۆرئاوا)لە ئاستی قووڵیدا لەم روانگەیەوە مامەڵە لەگەڵ تورکیای کۆماریدا دەکات. زەقترین نموونەش بۆ ئەوە هەڵوێستی لە بوونە ئەندامی تورکیا(ی موسڵمان)لە یەکێتیی ئەورووپایی(مەسیحی)دا. وەختێ قەیرانی بۆسنەو ململانێ لەسەر قەرەباغو کێشەی کوردو ئەو زیانانەی تورکیا کە دوای جەنگی دووەمی کەنداو کردنیو قەرەبوو ناکرێتەوە، هاتنە پێشەوە، ئەوەیان خستەوە بیری دەنگدەری تورک کە وێڕای تەمەنی پەنجا ساڵەی عیلمانیەت لە تورکیادا، وەکو موسڵمانێك هەر جێی هەڕەشەیە.

جگە لەمانە، ئەو هەنگاوانەی لەمەڕ ئازادبوونی ئابووریەوە هەر لەسەرەتای هەشتاکانەوە تۆرگوت ئۆزال دەستی پێکردنو تا ئێستاش بەبەهێزی ماونەتەوە، لەگەڵ"بڕیارەکانی ٥ی نیسان/ئەپریل"کە سەرۆك حکومەتی پێشوو تانسۆ چیللەر دەریکردن، جیاوازی کۆمەڵایەتییان لە نێوان دەوڵەمەندەکانو هەژارەکاندا زیاتر کرد و، دێهاتیەکانی وا لێکرد لە لادێوە بۆ شار وروژم بهێننو زۆربەیەکی کلۆڵ پێك بێت کە دەنگ بە"رەفاه"بدات.

هەروەها بەڕای ئێمە، سێ هۆکاری سەرەکی هەن کە یارمەتیی گەشەسەندنی تەوژمی ئیسلامییان لەم ساڵانەی دوایی لە تورکیادا دا:

یەکەم: هەرەسی ئایدیۆلۆژیای سۆشیالیزم پاش هەرەسی یەکێتی سۆڤێتو ئۆردوگای شیوعی. بەمجۆرە لە تورکیاشدا چەپەکان ئامادەیی خۆیان لەدەست دا وەکو ئاڵتەرناتیڤێك بۆ حیزبە راستەکانو نوێنەری ستەمو رەنجی توێژە هەژارو

رەنجدەرەکانو مەسەلەکانیان. هەربۆیە"ئالای ئومێد" چووە دەستی هێزەکانی تری ئۆپۆزسیۆنو بە تایبەتیش حیزبی رەفاھ کە ھەر زوو دروشمەکانی چەپی قۆستەوەو ناوی "رژێمی دادپەروەر"ی لەبەرنامە سیاسیەکەی خۆی نا. لەم ڕووەشەوە هەندێ هۆکاری تری یاریدەدەر هەبوون وەك: خراپەکاری و دزیو بەرتیلو دەوڵەمەنبوونی سەرانی حیزبە حوکمڕانەکانو، ئەو هەرەسە ئابووریيە ترسناکەی لەسەرەتای ساڵی ١٩٩٤دا رەنگی دایەوە.

دووەم: گۆڕانکارییە پەیوەستدارەکان بە کێشەی کوردەوەو پتر کەرت کەرت بوون هەر لەساڵی ١٩٨٤ەوە تائێستا، ئۆباڵی ئەمەش لە ئەستۆی حیزبە دەسەڵاتدارەکاندایە. لەکاتێکا حیزبی رەفاھ داوا دەکات دوور لە رێگەی سەربازی و لەسەر بناغەی "برایەتیی ئیسلامی" کێشەی کورد چارەسەر بکرێ، گەرچی سروشتی ئەم "برایەتی"یە روون ناکاتەوە، ئایا دانپیانانە بە مافی رۆشنبیری یان سیاسیی کورددا، ئەم هەڵوێستەی "رەفاھ" وای لە بەشێکی زۆری کوردەکان کرد دەنگ بۆ حیزبی "رەفاھ"بدەن.

هۆکاری سێیەم: پەیوەندیی بەکێبەرکێی ئێران و سعودیەوە هەیە لەسەر ئیسلامیەکانی ناو توركیا. شۆڕشی ئیسلامی لە ئێران هەر لەساڵی ١٩٧٩ ەوە بە وێستگەیەکی گرنگ دەژمێردرێ لەمێژووی بزاڤە ئیسلامیەکاندا لە تورکیادا. "رەفاھ" سوودی لەو یارمەتییانە بینیوە کە ئەو دوو دەوڵەتە پێشکەشیان کردووە. گەرچی لەنێو تورکیادا "رەفاھ" بە "حیزبێکی سعودی" لەقەڵەم دەدرێ، بەڵام هەڵوێستەکانی ئەربەکان دژ بە ئەمریکا لەگەڵ ئەم سیفەتەدا کۆك نىيە. ئەمەش مایەی سەرسوڕمانە لەوەی ئایا هێڵی راستەقینەی ئەربەکان چی دەبێت کاتێ دەسەڵاتی گرتە دەست؟ پاشان ئەربەکان لەزیاتر لەبۆنەیەکدا دژی ئەو شاڵاوانە وەستاوەتەوە کە نێوەندە عیلمانیەکان بردوويانە سەر ئێران.

دواجار نابێ ئەوەمان لەیادبچێت کە "رەفاھ" حیزبێکە دیسپلینی تیایە، تەشەنە دەکات و پڕوپاگەندەی بەهێزەو ئەندامانی ئافرەتی زۆرە و ئەمانەش بوونەتە هۆی ئەوەی دەنگی زیاتر بەدەست بهێنێت.

ئایا پاشەڕۆژی "رەفاھ" لە تورکیادا چیيە؟

پاشەرۆژی "رەفاھ" لەسەر ئەوە وەستاوە تاچەند دژایەتیی ئەو هۆکارانە دەکات کە دژی کاردەکەن، چ لەسەر ئاستی بنکە حیزبیيەکەی و چ لەسەر ئاستی رەفتاری لەگەڵ رژێمی سیاسیی حوکمڕاندا.

"ڕەفاە" لەبەردەم جەماوەرەکەیدا بەرپرسیارە لە بەجێهێنانی ئەو بەڵێنانەی مۆرکی ئیسلامییان بەخۆوە گرتووە، وەکو دروستکردنی مزگەوت بەتایبەتیش لەمەیدانی "تەقسیم"دا لە ئەستەمووڵ و، قەدەغەکردنی مەی و، داخستنی شوێنە رەسمییەکانی رابواردن. جێبەجێکردنی ئەم بەڵێنانەش کە لە هەڵمەتی هەڵبژاردنەکاندا وەکو دروشم بەرزی کردبوونەوە، پێویستە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی رەخنەکانی ئەو گروپە ئیسلامییە رادیکاڵانەی کە "ڕەفاە" بە حیزبێکی ئیسلامی نازانن.

هەروەها "ڕەفاە" دەبێ بەسەختی لە دەزگاکانی شارەوانیدا بۆ ڕێگرتن لە بەرتیل و دزی کاربکات و دەرفەتی کار بۆ ئەو توێژە هەژارانە پەیدابکات کە دەنگیان بۆی داوە. ئەم پرۆژە "بچووك"انەش نابێتە هۆی فەرامۆشکردنی پرۆژە "گەورە"کانی نێو شارەکان، کە هەموو توێژەکان دەگرێتەوە. پشتگیریی داراییش لەدەرەوە بۆ جێبەجێکردنی ئەم پرۆژانە یاجێبەجێنەکردنیان رۆڵێکی کاریگەر دەبینێت و بەمە خەڵکی سەرکەوتن بۆ ڕەفاە تۆماردەکەن لە بەڕێوەبردنی شارەوانیەکاندا و، هەر ئەمەش هۆیەك بوو لە هۆیەکانی زیاد بوونی جەماوەری و بردنەوەی لە هەڵبژاردنەکانی نوێنەرانی ساڵی ١٩٩٥ دا.

لەسەر ئاستی پەیوەندیش لەگەڵ ڕژێمی سیاسیدا، "ڕەفاە" لە سەرێتی وێنەی خۆی وەکو حیزبێك بسەپێنێت کە لە چوارچێوەی ئەو ڕژێمەدا کاردەکات و دەبێتە بەشێك لێ ی و، بە هەڵبژاردن دێتە سەر حوکم و هەر بە هەڵبژاردنیش دەڕوات.ئەگەر "ڕەفاە" بتوانێ ئەو وێنەیە بسەپێنێ؛ گەورەترین سەرکەوتن بەدەست دەهێنێت. چونکە پێچەوانەکەی ئەمە دەبێتە دووا بارەکردنەوەی ئەزموونی جەزائیرو کۆنترۆڵکردنی دەسەڵات لەلایەن سوپاوە،بەرلەوەی بکەوێتە دەستی حیزبێکەوە کە پێشوەخت بەوەتاوانبار کراوەکە بەشێوەیەکی دیموکراسیانە دێتە سەرحوکم تادیموکراسی لەناوبەرێت. لەم چوارچێوەیەشدا واپێناچێت "ڕەفاە" بەکەفوکوڵ بێت تا چۆنێتیی پرۆژەکانی و بەرنامەکانی لەسەر ئاستی سیاسی و بونیادی ڕژێم روونبکاتەوە. جگە لەوەی وەکو سیاسەتی دەرەوەی بانگەشە بۆ بوون بە بەشێك لە جیهانی ئیسلامی دەکات(دامەزراندنی نەتەوە یەکگرتووەکانی ئیسلام و بازاڕی هاوبەشی ئیسلامی و، سندوقی دراوی ئیسلامی و، پەرلەمانێکی ئیسلامی بۆ بەرگری و

ڕێکخراوێکی ڕۆشنبیریی ئیسلامی) نووسەری ئیسلامی فەهمیقورو وای بۆ دەچێت کە"ڕەفاه" تائێستا بیری لەوە نەکردۆتەوە گەر دەسەڵاتی گرتە دەست چۆن بنەماکانی دابڕێژێت. لەکاتێکا دەگوترێ کەبەشێك لەوەی ئێران وسعودیە پراکتیك دەکات، هەندێکی دی دەڵێن نەئەمیان ونە ئەویان دەبێ، بەڵکو بەپێی باروودۆخی تایبەتی تورکیا خۆی دەگونجێنێ. نووسەرێکی وەکو رۆشین چاکریش دەڵێت بەرنامەی"ڕەفاه" (شتێکی لەئیسلام وشتێکی لە سەرمایەداری وشتێکی لە سۆشیالیزم تیایە بگرە لەهەندێ جێدا بەحاڵ ئیسلام دەبینینەوە). هەندێکیش "ڕەفاه"بەوە تاوانبار دەکەن لەنیازە کردەییەکانیدا شێوازی"ئەلتەقیە – التقیە"ی گرتۆتە بەرو، وەختێ دەسەڵاتی گرتە دەست ئینجا بەرنامەکەی"شەریعەتی تەواوی ئیسلام" دەخاتە ڕوو.

بەڵام ئەم ڕایە زێدەڕۆیی تیایە چونکە"ڕەفاه" جگە لە ئاییندارەکان، ئەوانەش دەگرێتە خۆی کە بایەخی پێ دەدەن، بائاییندارییش نەبێ. بەڵکو دوای ئەوەی بایەخێکی سەیر بەچیللەر درا وەکو ئافرەتێکی جوان، ئەربەکان لەنێو هاژوهووژی ڕاگەیاندندا بڕیاریدا دکتۆرێکی ئافرەتی جوانی سفوور بخاتە ڕیزی حیزبەوەو بەڕاگەیاندن بڵێ کە ئەمەش"چیللەری ڕەفاه"ە.

لایەنێکی تری پاشەڕۆژی حیزبی"ڕەفاه" بە گۆڕانکارییەکانی مەسەلەی کوردەوە بەستراوەتەوە. چونکە دۆزینەوەی چارەسەرێکی ئاشتیانە بۆ ئەم کێشەیەو ڕێگەدان بەکوردەکان حیزبی خۆیان دابمەزرێنن، دەبێتەهۆی ئەوەی "ڕەفاه" لە زۆر دەنگی کوردی بێبەش بکاتو بنکەیەکی جەماوەریی گەورەی لەدەست بچێت کەناوچە کوردنشینەکانە.

دەوڵەتی تورکیش زۆرباش دەرکی بە فاکتەری کوردی لە سەرکەوتنەکەی دوایی"ڕەفاه"دا کردووەو، چیللەر بەئاشکرا گوزارشتی لەوە کردووەو وتویەتی ئەمە ڕێکەوتنێکە (لەنێوان جوداخوازەکان ولایەنگرانی شەریعەت بۆ فەوتاندنی کۆماری عیلمانیی تورکیا).

پاشان حیزبی "ڕەفاه"ی سوننی ناتوانێ سیستمێکی شەریعەتی تایبەت بەخۆی بسەپێنێ؛ بەبێ ئەوەی بوونی(٢٠)ملیۆن عەلەوی ڕەچاو بکات کەبنکەی پتەوی حیزبە عیلمانیەکان پێکدەهێنن و، لەژێر فشاری سەرۆکایەتیی کاروباری

ئایینی(سوننی)دا بێبەشن لەوەی کە نوێنەرایەتی بکەن و وەکو مەزهەبێك یان ئایینێك دانیان پیابنرێ.

ململانــێی ســەرەکی دەکەوێتــە نێـوان"ڕەفـاه"و حیزبــە عیلمانیەکانــەوە، بــەڵکو دەکەوێتــە نێـوان"ڕەفاه"و ســوپاوە. لەبەرئــەوەی حیزبــە عیلمانیــەکان لــەتورکیادا دەقاودەق ئەو مانایە لە خۆ ناگرن، بگـرە گـەلێ ڕێبـازی ئیسـلامییان لـەخۆگرتووە، حیزبی نیشتمانی دایك لەسەردەمی ئۆزال دا نموونەیەکی زینـدووە بـۆ ئـەوە(هـێزە ئیسلامیەکان لـەناو نیشتمانی دایك دا جیابوونـەوە دوای ئەوەی مەسـعود یلماز لـە پاییزی ١٩٩٢دا بەسەر باڵی ئۆزال دا سەرکەوت). بەڵکو مەسعود یلماز خۆی لە ٣٠ی ت١/ئۆکتۆبەری١٩٩٣دا وتویەتی:(ئایین ئەدگارێکی سەرەکیی کەسێتیی نەتەوەیی تورکە). هەروەها شتێکی سەیرە کەهەندێ لەنوێنەرانی حیزبەکەی (تانسـۆچیللەر) واتە حیزبی(ڕێگای ڕاست) پێشنیازیان کرد سەرلەنوێ مزگەوتی ئایاسۆفیا بۆ خوا پەرسـتی بکرێــتەوە. چیللــەر خۆیشــی ماوەیــەك لەمەوبــەر وتــی"ئێمــە خــاوەنی کەلەپووری ئیسلامیی خۆمانین" ڕۆژنامەوان جەنگیز چاندایش دەڵێت: ئیسلام لە تورکیادا بەتەنها ئایینێك نییە، بەڵکو"شوناس وکەسێتیو کەلتوورە".

هەر جووڵەیەکی ئەو "تاقە دەزگایەی کەنەکەوت و دەبێ بەبەهێزییەوە بیپارێزین" -هەروەکو لێپرسراوێکی سەربازی تورك دەڵێ- بەندە بەوەوەی تاچەند عیلمانیەت دەکەوێتە ژێر گوشارەوە، مادامەکی شتەکانیش لەچوارچێوەی شەرعیەتی ئێستای ڕژێمـی سیاسـیو حقوقـیدا ڕوودەدەن، سـوپا هـەر دوورە پـەرێز دەبێـت.؟ هەربۆیـە دەکرێ بڵێین کە گۆڕانکارییەکان لەتورکیادا بۆ ئابلووقەدانی "مەترسیی ئیسلامی" بـەدوو ئاڕاسـتەدا دەڕوات: دروسـتکردنی ئاشـوب و ئـاژاوە لەلایـەن ئـەو هێزانـەوەی دژایەتیی بزاڤی ئیسلامی دەکەن بەو مەبەستەی هەلومەرجێکی لەبار بۆکودەتایەکی سەربازی فەراهەم بێ و بەبیانووی پاراسـتنی یاساو ڕژێمـەوە، یـاخود هـەوڵدان بـۆ گۆڕینــی سیســتمی هــەڵبژاردن بــەجۆرێك کەبەشـێوەیەکی دیموکراسـیانە"ڕەفـاه" بیدۆڕێنێ، وەکو ئەنجامدانی دوو خولی دەنگدان بەشێوەیەکی وەها هەر پاڵێوراوێکی ڕەفاه لەخولی یەکەمدا دەرچوو؛ نەهێڵرێ لەخولی دووەمدا دەربچێت، ئەوەش لـەڕێی تـەواوی حیزبە عیلمانیەکانەوە. ئەگینا "ڕەفاه" بەبـەردەوامبوونی ئـەم بارودۆخـەی ئێستا سەرکەوتن دوای سەرکەوتن بەچنگ دێنێت.

لەگەڵ ئەوەشدا لەنێوان هەڵبژاردنی کودەتای سەربازی کە وڵات دوچاری جەنگی ناوخۆ دەکات و، ترس لەزاڵبوونی ئیسلامیەکاندا، لەسەر کۆمەڵگای مەدەنیی توركیا پێویستە هەنگاوی پەلە بۆ چەسپاندنی دیموکراسی بنێ. لەبەر ئەوەی دیموکراسیەتیش لە تاقیکردنەوەیدا لەبەردەم"رەفاه"دا سەرکەوت، بۆیە لەسەر هێزەکانی کۆمەڵگا (کەسوپاش دەگرێتەوە) پێویستە رێ بدەن تا(رەفاه)یش رووبەڕووی تاقیکردنەوەی دیموکراسی ببێتەوە. خۆگەر "رەفاه" توانیی بەرەو رووی سەختی‌یەکان بێتەوەو تەرزی ژیانی رۆژانەی عیلمانیەکان بپارێزێ، ئەوا مانای وایە ئیسلامیەکان لەتورکیادا توانیویانە شێوە دەسەڵاتێکی نوێ بهێننە گۆڕێ و، تورکیاش توانیویەتی شێوە دەسەڵاتێکی نوێ (کەرەهەندێکی ئیسلامیانەی هەیە) بۆدیموکراسی بدۆزێتەوە. بەرپرسیارێتیی واڵا کردنی ئەزموونی دیموکراسیش لەتورکیادا بەڕووی ئاسۆو رەهەندی نوێ‌دا، لەئەستۆی تەواوی هێزەکانی کۆمەڵگای تورکیدایە، نەك بەتەنها (رەفاه)و، ئەزموونی ئەوانیش شایانی ئەوەیە دەرفەتی بۆتاقیکردنەوە پێ بدرێ، چونکە ئەگەر "رەفاه" بەزۆر " دوور بخرێتەوە" ئەنجامەکان خراپتر دەبن.

## ٣- هەڵبژاردنەکانی ١٩٩٥و تەڵەزگەی رژێم

گرنگترین هەڵبژاردنی نوێنەرایەتی لەتورکیادا ئەوەبوو کەلە٢٤ی ك١/دیسەمبەری ١٩٩٥دا ئەنجامدراو، قورسترینیشیان بوو. بەڵام ئەنجامەکانی پڕ دەلالەت بوون، لەبەر ئەوەی "گەوهەر"ی ئەو ململانێ بەردەوامەی خستەڕوو کەهەر لەدامەزراندنی کۆماری عیلمانیی تورکیاوە ساڵی ١٩٢٣ بەتەرزو شێوەی جیاجیا خۆی نواندووە. دەتوانین بڵێین کەهەر بەڕاگەیاندنی ئەنجامەکان رووبەڕووبوونەوەی یەکلا کەرەوەو توندوتیژ لەنێوان هەردوو تەوژمی ئیسلامیو عیلمانیدا دەستیپێکرد.

نەخشەی پەرلەمانی نوێو دیمەنی سیاسیی پاش راگەیاندنی ئەنجامەکان بەشێوەیەکی روونو بێ هاوتا ئەوراقەکانی خستەڕوو. هێزە حیزبییەکانی چەپو راست لەئاست ئەم بردنەوەیەی "رەفاه"دا واقیان وڕماو لەوانەیە هیوایان خواستبێت رەفاه هەموو دەنگەکان بەدەست بهێنێ تاسوپا دەستی بخستایەتە کارەکەوەو هەرزوو لەو هەڵوێستە ناخۆشە ئەوانی رزگار بکردایە. سەرکردەکانی راستەکان چەند ئاواتیان دەخواست هەردوولایان پێکەوە زۆرینەی دەنگیان بەدەست بهێنایەو ناچارنەبونایە لەگەڵ یەکێك لەو دووحیزبە چەپە یان هەردووکیاندا لەپەرلەماندا ئیئتیلافیان دروست بکردایە. تارەفاه لەلایەك نەبووایەو ئەوەی لەپەرلەمانیشدا ماوەتەوە لەلایەکیتر. تازە بوار بۆمانۆڕ یا"فڕوفێڵ" نەما لەشێوەی ئەو ململانێیەی کەبەڕێوەیە. شەڕەکە دەستی پێکرد، وەك ئەوەی تەواوی ساڵانی بگرەو بەردەی رابردوو بە درێژایی دەیان ساڵ تەنها مەشقو پەراوە بووبێت بۆ ئەم "سەعاتی سفر"ە. کەسیش بایەخی ئەنجامەکانی ئەو هەڵبژاردنە نازانێ پاش ماوەیەکی درێژ نەبێ، تورکیاش کۆمەڵێك کتوپڕیی "قورس" چاوەڕێی دەکات کەبۆ یەکەمجار لەماوەی حەفتا ساڵدا رەوتی کۆماری دادەڕێژنەوە.

شێمانەی بەهێزی بردنەوەی حیزبی"رەفاه"ی ئیسلامیو دەرچوونی لەهەڵبژاردنەکاندا بەپلەی یەك، بووبە"واقیعێکی گەورە" لەسەر ئاستی رێژەی ئەو دەنگانەی بەدەستی هێنان، یان ئەو کورسیانەی لەپەرلەماندا چنگی کەوتن، "رەفاه"

ڕێژەی ٢١,٣٢ لەسەدای هێنا، کەدەکاتە شەش ملیۆن دەنگ، کەبەکەمتر لەدووخاڵ پێش حیزبی "نیشتمانی دایك" کەوت کە١٩,٦٦ لەسەدای بەدەستهێناو جیاوازیی دەنگیان نیو ملیۆن بوو. بەڵام حیزبی "ڕێگای ڕاست" پلەی سێیەمی بەدەستهێنا بەڕێژەی ١٩,٢٠ لەسەداو حەوسەدهەزار دەنگی کەمتر بوو لە"ڕەفاه". حیزبی "چەپی دیموکرات"یش ١٤,٦٥ لەسەداو حیزبی"گەلی کۆماری"یش ١٠,٧١ یان لەسەدا بەدەستهێنا.

گومان لەوەدا نی‌یە کە"ڕەفاه" سوودێکی زۆری لەو پارچە پارچە بوونانە بینی کەلەناو ڕاستو چەپەکاندا ڕوویدا تالەهەڵبژاردنەکاندا پلەی یەکەم بەدەست بهێنێت. بەڵام ناشکرێ بردنەوەی "ڕەفاه" بۆئەم تاقە هۆکارە بگەڕێنینەوە. لەبەرئەوەی بەبەراورد لەنێوان ڕێژەی ئەو دەنگانەی ڕاستو چەپ لەهەڵبژاردنەکانی ١٩٩١دا بەدەستیان هێناو لەنێوان ئەوەی لەم هەڵبژاردنەی دوایی‌دا ڕوویدا، گۆڕانێکی ئاشکراو دیار لەڕای گشتی‌ی توركیدا دەبینینەوە کەلەسەر حیسابی پاشەکشێی حیزبە ڕاستو چەپەکان بەبەرژەوەندیی تەوژمی ئیسلامیدا شکاوەتەوە.

ڕاستەکان کەلەهەردوو حیزبی"ڕێگای ڕاست"ونیشتمانی دایك کە لە ساڵی ١٩٩١دا ٥١ لەسەدیان هێنا بوو؛ لەم هەڵبژاردنانەی دواییدا ٣٩ لەسەدیان هێنا واتە ١٢خاڵ کەمتریان هێنا، کەئەمەش دەکاتە پێنج یەکی هێزی پێشووی. حیزبی "ڕێگای ڕاست" بەتەنیا خۆی ٧خاڵ کەمتری هێنا. لەساڵی١٩٩١دا ٢٧لەسەدی هێنا، کەچی لەم هەڵبژاردنانەدا١٩,٢٠ لەسەدی هێنا، کەدەکاتە چواریەکی هێزی پێشووی. حیزبی"نیشتمانی دایك"یش چوار خاڵ گەڕایە دواوە، لە٢٤ لەسەدا ساڵی١٩٩١ بۆ١٩,٦٥ لەم هەڵبژاردنانەی دواییدا، کەدەکاتە شەش یەکی هێزی پێشووی. لەسەر ئاستی بەرەی چەپیش ئەم پاشەکشێیە بەدی دەکەین، ئەوەبوو هەردوو حیزبی "چەپی‌دیموکرات"وحیزبی"گەلی کۆمەڵایەتیی دیموکرات"(کەئێستا حیزبی گەلی کۆماری‌یە)ساڵی١٩٩١ ڕێژەی٣١ لەسەدای دەنگەکانیان بەدەستهێنا، بەڵام لەم هەڵبژاردنانەی دواییدا ئەو ڕێژەیە بووبە ٢٤لەسەدا، واتە حەوت خاڵ کەمتر، کەدەکاتە ی هێزی پێشووی. گەر حیزبی""چەپی دیموکرات"" پێشکەوتنێکی بەدەستهێنابێت، لە١٠,٨ لەسەدا ساڵی١٩٩١بۆ١٤,٦٥ ساڵی١٩٩٥، ئەوا حیزبی"گەلی‌کۆماری"هێزی بوو بەنیوە لە٢٠,٨ لەسەدا ساڵی١٩٩١بۆ ١٠,٧١ ساڵی١٩٩٥.

بەرامبەر بەمانە، بەتەنها حیزبی "رەفاه"پەیتا پەیتا پێشکەوتنی بەدەست هێناوە، نەك هەر لەساڵی١٩٩١ەوە بەڵکو هەر لە هەڵبژاردنەکانی گشتیی شارەوانییەوە لەساڵی١٩٨٩دا کەرێژەی٩,٨ لەسەدای بەدەستهێنا، پاشان رێژەی ١٦,٩ لەساڵی ١٩٩١دا(کەهاوپەیمان بوو لەگەڵ حیزبی بزاڤی نەتەوەیی ڕاسترەو حیزبی دیموکراتی ریفۆرمکار)ئینجا رێژەی ١٩,٠٧ لە هەڵبژاردنەکانی شارەوانیدا ساڵی١٩٩٤ ورێژەی ٢١,٣٢ لەسەدا لەدوا هەڵبژاردندا. واتە لەنێوان ساڵانی١٩٨٩و١٩٩٥داهێزی بووبە دوو ئەوەندە زیاتر. جائەگەر ئەم پێشکەوتنەی"رەفاه"لەم ساڵانەی دواییدا بکەین بە پێوانەیەك بۆهێزی پاشەڕۆژی، دەگەینە ئەو بڕوایەی کە رەفاه وەکو هێزێکی بنەڕەتیوقورس لە هاوکێشەی ناوخۆدا زیاتر خەڵك لەدەوری خۆی کۆدەکاتەوەو ئامادەگیی سیاسیش بەهێزتر دەبێت.

لێرەدا نەخشەی تەشەنەکردنی حیزبی"رەفاه"لە رووبەری تورکیادا کۆمەڵێك واتای گرنگ بەدەستەوە دەدات. ئەنجامەکان ئەوەیان پیشان دا کە"رەفاه" لەوناوچانەدا کە دەسەلاتێکی ئەوتۆی تیانەبووە ئەنجامی گرنگی بەدەستهێناوەو تیایاندا بلاوبۆتەوە، وەکو ئەو پارێزگایانەی دەکەونەسەر کەنارەکانی دەریای ئیجەو دەریای ناوەڕاست. هەروەها سەرەڕای ئەوەی کەحیزبی"دیموکراتی گەلی"(کوردی) زۆرینەی دەنگی ناوچەکانی باشووری خۆرهەلاتی بەدەستهێنا کە زۆربەی دانیشتووانی کوردن، بەلام تاقە حیزبێك کە بەرامبەری وەستایەوەو بەجیاوازییەکی زۆریشەوە لەگەڵ ئەو حیزبانەی پلەی سێیەمیان لەم ناوچانەدا بەدەستهێنا حیزبی"رەفاه"بوو، خۆگەر ئەو حیزبە کوردییە نەچووایەتە ناو پرۆسەی هەڵبژاردنەکانەوە، ئەوا زۆربەی ئەو دەنگانەش لە ناوچە کوردنشینەکاندا دەبوون بەهی "رەفاه"،وەك چۆن لەساڵی ١٩٩٤دا ئەمە روویدا. جگەلەمە گەر بڕوانینە ئەو دەسەلاتە رەهایەی کە"رەفاه" لە پارێزگاکانی ناوەڕاستی ئەنادۆڵ و باکووریدا هەیەتیو، بەسەر هەردوو شاری ئەنقەرەو ئەستەمووڵدا زاڵە، ئەوا دەتوانین بڵێین کە"رەفاه" بەپێچەوانەی تەواوی حیزبەکانی ترەو، لەناوچە تورکنشینەکاندا، بەجیاوازیی ئیتنیو مەزهەبیو ئاستی ئابوورییانەوە ئامادەگیەکی بەهێزی هەیە. بۆیە نەجمەدین ئەربەکان هەر زوو رایگەیاند کە بەتەنها حیزبەکەی ئەو دەتوانێ سیاسەتێك پیادە بکات کە هەموو ولات کۆبکاتەوەو چارەسەری هەموو کێشەکانی بکات.

هەروەها هەڵبژاردنەکان لەتوانایدا نەبوو سەرکردایەتی لەبەرەی ڕاستدا بەلایەکدا بخات. ئەو کێبەرکێ توندوتیژەی لەنێوان سەرکردەی "نیشتمانیدایك" مەسعود یڵمازوسەرکردەی "ڕێگایڕاست" تانسۆچیللەردایە؛ لەوانەیە گەر حکومەتێکی ئیئتیلافیش پێکبهێنن؛ هەر بەردەوام بێت. لەشتە سەیرەکانیش ئەوەیە کە"نیشتمانی دایك"کە لە ڕێژەی سەدیی دەنگەکاندا بەسەر "ڕێگایڕاست"دا زاڵبوو، بەجیاوازیی ٠,٤٦ لەسەداو نزیکەی دووسەد هەزار دەنگ، لەکورسییەکانی پەرلەماندا کەمتری هێنا، ئەویش بەگوێرەی سروشتی ئەو یاسای هەڵبژاردنەی کەئێستا لە تورکیادا پیادە دەکرێ. ئەوەبوو نیشتمانیدایك١٣١ کورسیی بەدەستهێنا، بەرامبەر١٣٥ کورسی بۆ"ڕێگایڕاست" هەربۆیە هیچ یەکێك لەو دوو سەرکردەیە ناتوانێت لافی ئەوە لێبدات کە دەنگدەر وەکو سەرکردایەتی ڕاست هەڵیبژاردووە. گەرچی چیللەر دواتر ئاماژەی بۆ ئەوەکرد کە حیزبەکەی بەتەنیا چووەتە هەڵبژاردنەکانەوە، بەڵام"نیشتمانیدایك"لەگەڵ حیزبی"یەکێتیی مەزن"دا هاوپەیمان بووە کە سەرۆکەکەی موحسین یازجی ئۆغڵوە. واتە ئەگەر ئەو دەنگانە لابدەین کە حیزبی"یەکێتییمەزن" بەدەستی هێناوە، ئەوا ئەو ڕێژەیەی کە"نیشتمانیدایك"بەدەستی هێناوە کەم دەبێتەوەو، لافلێدانەکەی چیللەر کە سەرکردایەتیی ڕاست بەهی خۆی دەزانێت، ڕاست دەردەچێت.

بەپێچەوانەی ئەم "یەکسانی"یە لەبەرەی ڕاست دا، بوڵند ئەجەوید سەرۆکی حیزبی چەپی "دیموکرات" سەرکەوتنێکی گەورەی بەدەستهێنا کەبەدرێژایی ١٥ساڵە ئەمە یەکەمجارە سەرکەوتنێکی وەها بەدەست بهێنێت وسەرۆکایەتی چەپی کۆمەڵایەتی بپچڕێت، ئەمەش لەسەر حیسابی پاشەکشێی دەنگەکانی حیزبی"گەلی کۆماری"کە شتێك زیاتر لەو ڕێژەی لەسەدا دەیەی هێنا کە بۆچوونە ناو پەرلەمانەوە پێویستە.

هەروەها حیزبی"دیموکراسییگەلی"ی کوردی کەموراد بۆزلاق سەرۆکێتیودروشمی نان وئازادیوئاشتیی بەرزکردۆتەوە، دیاردەیەکی سەرنجڕاکێشی هێنایە گۆڕێ، وەختێ لەپارێزگا کوردنشینەکاندا تەواوی حیزبەکانی تری وەلاخست(تەنانەت"ڕەفاه"یش)وپلەی یەکەمی بەدەستهێنا بەڕێژەی ٤٠و٥٠ لەسەدا. لەبەرئەوەی نەیتوانی لەسەر ئاستی تورکیا ڕێژەی دە لەسەدا بهێنێت و،

تەنها٤,١٧ی بەدەستهێنا؛ بۆیە نەیتوانی بچێتە پەرلەمانەوە؛ دەنا دەبووایە ٢٥ نوێنەری بخستایەتە پەرلەمانەوە کەلە پارێزگاکانی باشووری خۆرهەلاتدا پلەی یەکەمیان بەدەستهێنا. سەرۆکی حیزبەکەش کە بۆزلاقە ڕایگەیاند کە ئەو گوشارانەی کران تا هانی خەڵکانێك بدەن دەنگ بۆ حیزبی"گەلی کۆماری"بدەن بۆ ئەوەی ڕێژەی دە لەسەدا بهێنیت و، هەروەها پشتگوێ خستنی دلْڕەقانەی ڕاگەیاندن لەئاست هەڵمەتی حیزبدا بۆ هەڵبژاردن، هۆی سەرەکیی شکستی حیزبەکە بوون لە سەر ئاستی تورکیادا. هەروەها بوزلاق دەڵێت ئەوانەی نوێنەرایەتیی ناوچە کوردنشینەکان دەکەن بەپێی یاسای هەڵبژاردن، کەپلەی دووەمیان لەوناوچانەدا بەدەستهێناوە، زیاتر لە نوێنەری "تەعیین کراو"دەچن، نەك نوێنەرێك کەگەل هەڵیبژاردوون. داواشیکرد کە یاسای هەڵبژاردن بگۆڕێ، جەختی لەوەش کردەوە کە لەدەرەوەی پەرلەماندا درێژە بەشەڕی دیموکراسیانە دەدات. لەم کاتانەداو پاش ڕاگەیاندنی ئەنجامەکانو شکستی حیزبەکە؛" بانگەواز"ێك لەلایەن عەبدوڵا ئۆجەلانەوە کەسەرۆکی پارتی کرێکارانی کوردستانە؛ تیایدا داوا لە بوزلاقو پاڵێوراوانی حیزبەکەی دەکات بچنە ناو"پەرلەمانی کوردی لە مەنفا"دا کەسەر بە پارتی کرێکارانی کوردستانەو تائێستا سێ کۆنگرەیان لەلاهایو ڤیەنناو مۆسکۆ بەستووە. گومانیش لەوەدا نییە کە سەرکەوتنی حیزبەکەی بوزلاق لە ناوچە کوردنشینەکاندا؛حیزبەکانی تر(جگەلە "ڕەفاه") بێبەش دەکات لەوەی بەناوی ئەو ناوچانەوە قسەبکەنو، ئەمەش بەشێوەیەکی توند مەسەلەی گفتوگۆ بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد لەسەر بنەڕەتی ئیتنی دەخاتە روو و، لەداهاتووشدا گرفتی گەورە دەخاتەوە.

هەروەها ئەم هەڵبژاردنانەی دوایی دەرچوونی کەسێتییەکی گەورەی تورکی لەپەرلەماندا بەخۆوە دی؛ کەئەویش ئەلب ئەرسەلان تورکیش سەرۆکی حیزبی"بزاڤی نەتەوەیی"ی ڕاستی توندڕەوە کەبەجیاوازییەکی کەم شکستی هێناو نەیتوانی دە لەسەدا بهێنێت، بەڵکو ١٨ر٨لەسەداو زیاتر لە دووملیۆن دەنگی هێنا. تورکیش شکستی حیزبەکەی بۆ دوو هۆ گەڕاندەوە: ئەو زانیارییانەی بلاْودەکرانەوەو ژمارەیەکی کەمیان دەخستە پاڵ حیزبەکەی،هەروەها زلکردنەوەی بانگەشەی یەکێك لە پاڵێوراوانی حیزب(نەسرەت دیمیرال) کە دادوەری گشتیی ئەمنی دەوڵەتی پێشوو

بـوو، کـەداوای دەکـرد بـەتورکی بـانگ بـدرێ نـەك بەعـەرەبی،. ئەمـەش بـووە هـۆی لەدەسـتدانی بەشـێك لـە دەنگـی ئیسـلامی‌یەکان کـە دۆسـتی حـیزب بـوون. گومـان لەوەشدا نی‌یە کە نەچوونی ئەم دوو حیزبە تورکی–کوردی‌یە بۆناو پەرلـەمانی نوێ، رەنگدانـەوەی خراپـی لەسـەر جـەماوەری هـەردوو حیزبەکـە دەبێـت و، ئـەو جـەماوەرە ئیـدی بـەدوای شـێوازی تـری دەربڕینـدا لـەدەرەوەی هۆڵـی پەرلـەماندا دەگـەڕێت و، چاوەڕوانی هەڵبژاردنەکانی ئاینده دەکات.

بـەڵام حیزبـە بچووکـەکانی تـر نـەیانتوانی رێـژەی لەسـەدا یـەکی دەنگـەکانیش تێپەڕێنن. جیم بۆینەر سەرۆکی بزاڤی دیموکراسیی نوێ دوچاری شکستێکی گەورە بوو، دوای ئـەوە کـە ئومێـدی بـەوەبوو ئـەنجامێکی باشـتر بەدەسـتبهێنێت. هـەروەها کۆمـەڵێك کەسـێتی‌ی ناسـراویش نەچوونـە نـاو پەرلـەمانی نـوێوە، دوای ئـەوەی شکسـتیان هێنـا، لەوانـە سـەرۆکی حکومـەتی پێشـوو یڵدیریـم ئـەقبۆلۆت وهـەردوو وەزیـری دەرەوەی پێشـوو ئیلـتێر تورکمـان وجوشـکون قیرجـاو، هـەروەها هـەردوو پسـپۆڕی ئابووریناسـی بـەناوبانگ عـەلی تیغریـل و مـەحوی ئیغیلمـیز. لـەکاتێکا ١٣ ئافرەت چوونە پەرلەمانەوە، گروپی چیللەریش ئەم کەسێتیانەی خستە ڕوو: دۆغـان غۆریـش (کـە پیـاوێکی سـەربازی ئەمنی‌یـە)، محەمـەد ئاغـار، نـەجدەت مـەنزیر، هەروەها یەکەم نوێنەری ناموسڵمان لەساڵی ١٩٦٠ەوە کە ئەویش کابرایەکی خاوەن ئیشوکاری جوولەکەیە و ناوی جیڤی قەمحی‌یە.

هەڵبژاردنەکان کۆتایی هات و "رەفاه" پلەی یەکەمی بەدەستهێناو ١٥٨ کورسی لەپەرلەماندا برد کە ٢٣ کورسی لە حیزبەکەی چیللەر و ٢٧ کورسی لە حیزبەکەی یڵمـاز زیـاتربوو. لـە کاتێکـا حیزبەکـەی ئەجـەوید ٧٦ کورسـی بـردو حیزبەکـەی بایکال٥٠ کورسی. گەرلە ڕووی حیسابی‌یەوە چاوێك بەم نەخشە حیزبی‌یە نوێیەدا بخشێنین، دەبینین وەکو پەرلەمانی پێشوو کـە هیـچ حـیزبێك نـەیتوانیوە زۆرینـەی دەنگ بەڕێژەی لەسەدا ٥١ بەدەستبهێنێت، واتە ٢٧٦ کورسی لەکۆی ٥٥٠ کورسی کـە کـۆی نوێنـەرانی پەرلـەمانی هەنووکەیـە. هـەر لەیەکـەم سـاتی دەرکـەوتنی ئەنجامەکانیشەوە، پرسیارێك هاتە گۆڕێ: ئایا سـەرکۆمار سولەیمان دیمیریل داوا لەسەرۆکی گەورەترین حیزب "رەفاه" دەکات کە نەجمەدین ئەربەکانە تا حکومەتی تازە پێکبهێنێت و ئایا ئەویش ئەوەی لە تواناد دەبێ، یان ئەربەکان لەو دەرفەتە

بێبەش دەکرێ و یەکێکی دی بۆ ئەو کارە رادەسپێردرێ، ئەی ئاخۆ ئەو کەسە کێ بێت؟

دەستووری تورکیا ئەوە بەمەرج دانانێت کە هەردەبێ سەرکۆمار داوا لە سەرۆکی حیزبی یەکەم بکات بۆ پێکهێنانی حکومەت. بەڵام بەپێی داب و نەریت هەروا پێویست دەکات کە دیمیریل داوا لە ئەربەکان بکات تا حکومەت پێکبهێنێت. ئالێرەوە شەڕ بەرامبەر "رەفاه" دەستی پێکرد تا بۆ پێکهێنانی حکومەتی نوێ رانەسپێردرێ. "رەفاه"یش پێویستی بە یەکێك لە دووحیزبەکەی راست یان چەپ دەبێت. هەمووی چەند سەعاتێك بەسەر راگەیاندنی ئەنجامەکاندا تێنەپەڕیبوو کە هەمووان لە هەڵویستێکی نا ئاساییدا بوون و گۆڕانکارییەکانیش خێرا بوون. ئەربەکان داوای لە دیمیریل کرد تاڕێز لە پرنسیپە دیموکراسیەکان بگرێ و ڕێز لە هەڵبژاردنی گەل بگرێ کە "ڕەفاه"یان هەڵبژاردووە، واتە بۆئەوەی داوای لێ بکرێ تا حکومەت پێکبهێنێت، بۆیە ئەربەکان هەندێ بانگەوازی کتوپڕو ناکاوی دا کە تیایاندا داوای هاوکاری و ئیئتیلاف لەگەڵ هەر حیزبێکدا دەکات بەچاوپۆشین لە ڕێبازیو، ڕەخنەی لە"ژوورە ڕەشەکان" گرت کە هەوڵدەدات "ڕەفاه" بێبەشبکات نەك هەر لە پێکهێنانی حکومەتی نوێ، بەڵکو تەنانەت لە "شەرەف"ی داواکردن لێی بۆ پێکهێنانی ئەو حکومەتەش.

ڕێگرتن لە "ڕەفاه" بۆ گرتنە دەستی دەسەڵات بەبێ ئەوەی لەکەدارکردن بێت بۆ پرنسیپەکانی دیموکراسی؛ یەکەمین تەڵەزگە بوو کە لەسەر ڕژێمی عیلمانیی تورکیا پێویست بوو بەرەنگاری بێتەوە. تەڵەزگەی دووەمیش ئەوەبوو کە ئاڵتەرناتیڤی حکومەتێك کە تیایدا "ڕەفاه" بەشداریبکات؛ حکومەتێکە کە هەردوو حیزبی ڕاست و حیزبێکی چەپ تیایدا بەشداربن، تا زۆرینەی دەنگ بەدەستبهێنێت.

هەر بەڕاستیش ئەمە لە ١٢ی ئادار/مارسی١٩٩٦دا ڕوویدا، کاتێ سوپا لەپشت پەردەوە گوشاری خستە سەر هەردوو حیزبی "نیشتمانیدایك"و"ڕێگای ڕاست"تا حکومەتێکی کەمایەتیی ئیئتیلافی پێکبهێنن، بەجۆرێك کە پشتگیریی حیزبی"دیموکراتی چەپ"یش (لەدەرەوە) بەدەست بهێنن، ئەمەش بە مەبەستی ڕێگرتن لە ئەربەکان بۆ پێکهێنانی حکومەت لەگەڵ "نیشتمانی دایك"دا، دوای ئەوەی دووجار داوای ئەوەی لێکرا لە ك١/ ینایر وشوبات/فبرایەری١٩٩٦دا، لەهەردوو جارەکەشدا هەوڵەکەی شکستی هێنا. بەڵام حکومەتی ڕاستڕەو تەنهاسێ مانگ بڕی کرد ومەسعودیڵماز لە ٦ی حوزیەران/یۆنیۆی١٩٩٦دا دەستی لەکار کێشایەوەو

ئەمەش هاوکات بوو لەگەڵ سەرلەنوێ داوا کردن لە ئەربەکان بۆ پێکهێنانی حکومەتی نوێو، ئەوەش بووە ڕووداوێکی مێژوویی کە ئەربەکان بۆ یەکەمجار سەرکەوتنی بەچنگ هێناو بوو بە سەرۆکی حکومەتی نوێی تورکیا، بەئیئتیلاف لەگەڵ حیزبی ڕێگای ڕاست بەسەرۆکایەتیی تانسو چیللەر لە ٢٩ی حوزەیران/یۆنیۆ ١٩٩٦.

## ئەنجامەکانی هەڵبژاردنەکانی نوێنەرایەتی گشتی

(٢٤ک١/دیسەمبەری ١٩٩٥)

| حیزب | کۆی ئەو دەنگانەی بەدەستیهێناوە | ڕێژەی سەدی | ژمارەی نوێنەران |
|---|---|---|---|

| | | | |
|---|---|---|---|
| ڕەفاە (ئیسلامی) | ٦,٠١٢,٤٥٠ | ٢١,٣ | ١٥٨ |
| نیشتمانی دایك(ڕاست) | ٥,٥٢٧,٢٨٨ | ٨ | ١٣٢ |
| ڕێگای ڕاست (ڕاست) | ٥,٣٩٦,٠٠٩ | ١٩,٦ | ١٣٥ |
| چەپی دیموکرات(چەپ) | ٤,١١٨,٠٢٥ | ٥ | ٧٦ |
| گەلی کۆماری(چەپ) | ٣,٠١١,٠٧٦ | ١٩,١ | ٤٩ |
| بزاڤی‌نەتەوەیی(ڕاست) | ٢,٣٠١,٣٤٣ | ٨ | – |
| دیموکراسی‌گەلی(کوردی) | ١,١٧١,٦٢٣ | ١٤,٦ | – |
| بزاڤـی دیموکراسـیی‌نوێ | ١٣٣,٨٨٩ | ٤ | – |
| (لیبراڵ) | | | |
| میللەت (ڕاست) | ١٢٧,٦٣٠ | ١٠,٧ | – |
| لەدایکبوونی‌نوێ(ڕاست) | ٩٥,٤٨٤ | ١ | – |
| کرێکاران(چەپی‌مارکسی) | ٦١,٤٢٨ | ٨,١٨ | – |
| حیزبی نوێ | ٣٦,٨٥٣ | ٤,١٧ | – |
| سەربەخۆکان | ١٣٣,٨٩٥ | ٠,٤٨ | – |
| | | ٠,٤٥ | |
| | | ٠,٤٥ | |
| | | ٠,٢٢ | |
| | | ٠,١٣ | |
| | | ٠,٤٨ | |
| کۆ | ٢٨,١٢٦,٩٩ ٣ | ١٠٠, ٠٠ | ٥٥٠ |

**ڕێژەی ئەو دەنگانەی پێنج حیزبی یەکەم**

**لەساڵی ١٩٨٩ ەوە بەدەستیانهێناوە**

**تورکیا لەسەردەمی گۆڕاندا**

| ناوی حیزب | هەڵبژاردنەکانی شارەوانی ١٩٨٩ | هەڵبژاردنەکانی نوێنەرایەتی ١٩٩١ | هەڵبژاردنەکانی شارەوانی ١٩٩٤ | هەڵبژاردنەکانی نوێنەرایەتی ١٩٩٥ |
|---|---|---|---|---|
| ڕێگای ڕاست | ٢٥,١ | ٢٧,٠ | ٢١,٥٢ | ١٩,١٨ |
| نیشتمانیدایک | ٢١,٨ | ٢٤,٠ | ٢٠,٩٦ | ١٩,٦٥ |
| گەلیکۆمەڵایەتی(گەلیکۆماری) | ٢٨.٧ | ٢٠,٨ | ١٣,٤٩ | ١٠,٧١ |
| چەپیدیموکرات | ٩,٠ | ١٠,٨ | ٨,٨ | ١٤,٦٤ |
| ڕەفاه | ٩,٨ | ١١,٩ | ١٩,٠٧ | ٢١,٣٨ |

**پێشکەوتنی دەنگەکانی ئەو دووحیزبەی**

**نەجمەدین ئەربەکان دایمەزراندووون**


| حیزب | ساڵیهەڵبژاردن | جۆریهەڵبژاردن | ڕێژەیسەدی |
|---|---|---|---|
| حیزبی "سەلامەت"ی نیشتمانی | ١٩٧٣ | نوێنەرایەتی | ١١,٨ |
| | ١٩٧٧ | = | ٨,٦ |
| حیزبی ڕەفاه | ١٩٨٤ | شارەوانی | ٤,٤ |
| | ١٩٨٧ | نوێنەرایەتی | ٧,١٦ |
| | ١٩٨٩ | شارەوانی | ٩,٨ |
| | ١٩٩١ | نوێنەرایەتی | ١٦,٩ |
| | ١٩٩٤ | شارەوانی | ١٩,٠ |
| | ١٩٩٥ | نوێنەرایەتی | ٢١,٣ |


## پێشکەوتنی دەنگەکانی حیزبەکانی ڕاست وچەپ و ڕەفاه لەنێوان ساڵانی ۱۹۸۷-۱۹۹۵

| | ۱۹۸۷ | ۱۹۹۱ | ۱۹۹٤ | ۱۹۹۵ |
|---|---|---|---|---|
| حیزبەکانی ڕاست(نیشتمانیدایك وڕێگایڕاست) | ۵٤,۰۱ | ۵۱,۰٤ | ٤۲,۵۰ | ۳۸,۹۰ |
| حیزبەکانیچەپ(گەلیدیموکرات وچەپیدیموکرات) | ۳۲,٤۱ | ۳۱,۵۰ | ۲۷,۰۵ | ۲۵,۳۷ |
| ڕەفاه | ۷,۲ | ۱۱,۹ | ۱۹,۱ | ۲۱,۳ |

### ئەنجامەکانی هەڵبژاردنە لقیەکانی شارەوانی(٪) ۲یحوزەیران/یۆنیۆ۱۹۹٦

| | | هەڵبژاردنەکانی حوزەیران/ ۱۹۹٦ | کۆ | هەڵبژاردنەکانی ۲٤ك۱/۱۹۹۵ | کۆ |
|---|---|---|---|---|---|
| حیزبەکانی ڕاست | نیشتمانیدایك | ۲۰,۸۹ | ۳۲,۸۸ | ۲۵,٤۸ | ٤۱,۱۱ |
| | ڕێگایڕاست | ۱۱,۹۹ | | ۱۵,٦۳ | |
| حیزبەکانی چەپ | چەپیدیموکرات | ۹,۱۲ | ۱۵,۷۹ | ۱۱,۹۹ | ۱۸,٦۸ |
| | گەلیکۆماری | ٦,٦۷ | | ٦,٦۹ | |
| حیزبە ئیسلامیەکان | | | | | |
| | ڕەفاه | ۳۳,۵۲ | ٤۲,۷٦ | ۳۰,٦۳ | |
| ناسیۆنالیست | یەکێتیمەزن | ۹,۲٤ | | | |
| هیدی | | | | | |
| | حیزبی بزاڤی نەتەوەیی | ٦,۳۷ | | ٦,۱۲ | |
| | | ۲,٦٤ | | | |



ریگای راست
نیشتمانی دایك
گەلی كۆمەلایەتی
(گەلی كۆماری)
چەپی دیموكرات
رەفاە



بەراوردی پێشچوونی دەنگەکانی حیزبەکانی راست و چەپ و رەفاه لەنێوان ساڵانی ١٩٨٧ و ١٩٩٥دا

ئەنجامەکانی هەڵبژاردنە لقییەکانی شارەوانی (٪)

٢ی حوزەیرانی / یونیۆی ١٩٩٦



# ٤-ئەربەکان وەك سەرۆکی حکومەت:
# رزگارکردنی رژێم یان رزگارکردنی تورکیا

ئەو دیمەنەی لە نیوەڕۆی شەممە ٢٩حوزەیران/یۆنیۆی ١٩٩٦دا تورکیا تەماشای دەکرد، دیمەنێکی گەلێ دانسقەبوو: کابرایەکی حەفتاساڵەی ئیماندار کە هەر لەمناڵییەوە ئەرکە ئایینیەکانی خۆی ئەنجامداوەو دەیەوێت رژێمی شەریعەتی ئیسلامی دابمەزرێنێت، لەپاڵ ئافرەتێکی پەنجاساڵەی سفووری جوان و قژ زەردەوە، کە رەمزی ئافرەتێکی ئازادی هاوچەرخە بەچەمکە خۆرئاواییەکەی،کەبەلایەوە ئاساییە بەمایۆیەکەوە دەربکەوێت و مەلەبکات و، سەرۆکی یەکێکە لە گەورەترین حیزبە عیلمانیەکانی تورکیا. نەجمەدین ئەربەکان سەرۆکی حیزبی"رەفاه"ی ئیسلامی و تانسۆ چیللەر، سەرۆکی حیزبی رێگای راست، نیوەڕۆی ئەو رۆژە لەتەنیشت یەکەوە دانیشتبوون و لەدایکبوونی یەکەم حکومەتیان رادەگەیاند کە ئیسلامی‌یەك سەرۆکایەتیی بکات لە تورکیای عیلمانیدا، هەرلەساڵی ١٩٢٣ەوە تائێستا. رەنگە بکرێ بڵێین ئەمە گرنگترین رووداوبوو لەمێژووی ئیسلامیدا،رووداوێك کەبەشێوەیەکی بێ‌هاوتا پڕە لەماناو رەمزی جۆراوجۆر.

لە٢٩ی حوزەیران/یۆنیۆی ١٩٩٦دا حکومەتێکی ئیئتیلافی لەنێوان حیزبی"رەفاه"و"رێگای راست"دا دروستبوو،تالەیەکەم مانایدا کۆتایی قۆناغێکی نوێ‌لە مێژووی تورکیادا رابگەیەنێت. لەگەوهەردا لاپەڕەی"کەمالیزم" وەلاوەنراو چووە لیستی ئەو ئایدیۆلۆژیا گەورانەوە کەسەدەی بیستەم وەك چۆن شایەتی لەدایکبوونیان بوو؛ ئاواش شایەتی مردنیان بوو: هەرلە کۆمۆنیزمەوە تافاشیزم و نازیزم و زایۆنیزم، بەماناجوگرافیەکەی،دوای پرۆسەی سازش لەنێوان عەرەب و ئیسرائیلدا. کەمالیزم کەلەسەر بناغەی پاکتاوکردنی تەواوی رواڵەتە ئیسلامیەکان دامەزرابوو لە بیستەکان و سی‌یەکانی ئەم سەدەیەدا؛ بووە شایەتی مەرگی خۆی و هەرەسی ئەو کۆڵەکانەی لەسەریان دامەزرابوو،وەختێ ئیسلامی‌یەك کەبە ئاشکرا داوای پیادەکردنی شەریعەتی ئیسلامی دەکات؛ بووە سەرۆکی حکومەتی ئەو رژێمەی کەبەرهەمی هێنابوو. ئەم گۆڕانە مێژووییە گەرچی مانای دامەزراندنی رژێمێکی ئیسلامی ناگەیەنێت؛ بەڵام لەبەردەم قۆناغێکی نوێدا دەرگا والآ دەکات،

قۆناغێك کەپلەوپایە بۆ کۆمەڵێك ئایدیاو بەهای کۆمەڵایەتیی تەقلیدی دەگەڕێنێتەوە، بەڵام بەبێ دەرگا داخستن بەرووی چاخی نوێدا، بەتەواوی ئەو دەسکەوتە باشانەوەکە ژیاری خۆرئاوایی پێشکەشی مرۆڤایەتیی کردووە.

### دانپیانانی بەرامبەربەیەك

پێکهێنانی حکومەتی نوێ وەکو کردنەوەی لاپەڕەی "دانپیانانی بەرامبەریەك" بوو لەنێوان ڕژێمی عیلمانیو بزاڤیئیسلامیدا لەتورکیا. حیزبی "ڕەفاه" وەکو نوێنەرێکی "نیمچە تاك وتەنیا"ی ئیسلامی سیاسی نەمایەوە، کە چارەکە سەدەیەك زیاتر بوو وەها ناسرابوو کەدان بەشەرعیەت ویاسادا نانێت. بەڵکو لەو ساتەوە، وەکو حیزبەکانی دی مەشروعیەتێکی تەواوی لە چوارچێوەی ڕژێمی سیاسیی باودا لە خۆگرت. بەرامبەر بەمەو لەمیانی بەیاننامەیەکی وەزاریی حکومەتی نوێوە، "ڕەفاه" یش تانیوەی ڕێ هاتە پێشەوەو سەردانەواندنی خۆی بۆ ئەو پرنسیپانەی کۆماری ڕاگەیاند کە ئەتاتورك دایمەزراندبوو، لەسەروو هەمووشیانەوە عیلمانیەت ودیموکراسیی زۆربەو ملکەچکردنی بۆ ئەو مەرج وڕێساو یاسایانەی کە ئەم گەمەیە بەڕێوەدەبەن.

وەکو ئەنجامێکی ئەم مەبەستەی دووەمیان، تورکیاو ئەزموونی ئیسلامیی نوێ تیایدا، لەتوانایاندایە "نموونەیەك" بۆ وڵاتە ئیسلامیو عەرەبەکان پێشکەش بکەن کەتیایاندا ڕژێمەکان وبزاڤە ئیسلامیەکان لەگەمەی "دانپیانەنان بەیەکتردا" ڕووبەڕووی یەك دەبنەوەو، ڕژێمەکان دیموکراسیەتێکی ڕاستەقینە ناڕەخسێنن تا هەل بۆ هەمووان بڕەخسێ لەپیادەکردنی مافی خۆیاندا لەکاری سیاسیو گرتنەدەستی دەسەڵاتداو بەمجۆرە بزاڤە ئیسلامیەکان هیچ ڕێیەکی دی لەبەردەمی خۆیاندا نادۆزنەوە جگەلە پەنابردنە بەر شێوازی نادیموکراسیانەی وەکو توندوتیژیو تیرۆرو ڕفاندن و جۆرەکانی تری "تۆقاندن". ئەو ئەزموونە نوێیەی ئەمرۆ لەتورکیادا بەدەرکەوتووە، دەرفەتێکی ئاڵتوونی دەخاتە بەرچاو بۆ سوودوەرگرتن لێیو بۆ بەرهەمهێنانی شێوەیەکی نوێی ڕەفتاری ژیارییانەی داهێنەرانە لەنێوان ڕژێمەکانی دەوڵەتە ئیسلامیوعەرەبیەکانو بزاڤەکانی ئۆپۆزسیۆنی ئیسلامی ونائیسلامی.

## توركیا چۆن گەیشتە ئەم ساتە مێژووییەی"جووتبوونی" عیلمانی-ئیسلامی؟

ئەوهەڵبژاردنانەی نوێنەرایەتی کەلە ٢٤ی ك١/ دیسەمبەری ١٩٨٥دا ئەنجامدران؛ لەژیانی سیاسی ی توركیادا بە وێستگەیەکی جیاکەرەوە دەژمێردرێ.

لەو هەڵبژاردنانەدا حیزبی"ڕەفاه" بۆ یەکەمجار لەتورکیادا بەڕێژەی ٢١,٣ لەسەدا و١٥٨ کورسی ی نوێنەرایەتی پلەی یەکەمی بەدەستهێنا، لەکاتێکا ڕێژەی دەنگهێنانی حیزبە عیلمانیەکان، بەڕاست وبەچەپەوە، لەچاو هەڵبژاردنەکانی ١٩٩١دا زۆر بۆدواوە کشایەوەو، بۆهەردووحیزبی ڕاست پێکەوە، یان هەردوو حیزبی چەپ پێکەوە زەحمەت بوو ڕێژەی ٥١٪ی کورسی ی نوێنەرایەتیی پێویست بۆ پێکهێنانی حکومەتێکی ئیئتیلافی بەدەست بهێنن بەبێ بەشداربوونی"ڕەفاه" گەرچی مشت ومڕو ڕەخنەی توندیش لەنێوان هەردوو سەرۆکی حیزبە ڕاستەکان، مەسعودیڵماز(نیشتمانیدایك)وتانسوچیللەر(ڕێگای‌ڕاست)دا ڕوویدا، بەڵام سوپای تورکی نەیهێشت هیچیان لەگەڵ حیزبی"ڕەفاه"دا ئیئتیلاف بکەن و، پاش بۆشاییەکی سیاسی و سازش ومانۆر، دواجار ناچاری کردن پێکەوە حکومەتێکی ئیئتیلافی بەسەرۆکایەتی یڵماز پێکبهێنن کەلە ١٢ی‌ئادار/مارسی١٩٩٦دا متمانەی پێدرا، بەڵام ناکۆکیەکانی نێوان ئەو دووسەرۆکە لاوە(یڵمازوچیللەر) خزایە ناو حکومەتەوەو حیزبی "رەفاه"یش زیاتر ئاگرەکەی خۆشکرد، بەوەی لەگەڵ یڵمازدا ڕێکەوت لەسەر لێپێچانەوەی تانسۆ چیللەر بەتۆمەتی خراپەکاریو بەکارهێنانی خراپی دارایی گشتی. ئەمەش بووە هۆی کشانەوەی چیللەر لە حکومەتو هێندەی نەبرد سەرۆکی حکومەتیش(یڵمان) لە٦ی حوزەیران/یۆنیۆی ١٩٩٦داو لەبەردەم ڕاستو چەپەکاندا دەستی لەکارکێشایەوەو، بوار لەبەردەم سوپادا زۆر تەسکبۆوە:یان ئەنجامدانی بەپەلەی هەڵبژاردنی نوێنەرایەتیو، یان حکومەتێکی ئیئتیلافی بە بەشداریی"ڕەفاه"و.. یان کودەتایەکی سەربازی. بەڵام مەسەلەی ئەنجامدانی هەڵبژاردنی خێرا هەرزوو شکستی هێنا، بەتایبەتیش دوای ئەو سەرکەوتنە گەورەیەی حیزبی"ڕەفاه"لە هەڵبژاردنە لاوەکیەکانی شارەوانیدا بەدەستیهێنا، کە لە ٢ی‌حوزەیران/یۆنیۆی١٩٩٦دا ئەنجامدراو ڕێژەی ٣٣,٥ لە سەدای چنگ کەوت، لەکاتێکا هەردوو حیزبی"نیشتمان"و"ڕێگای‌ڕاست"پێکەوە

نەیانتوانی زیاتر لە ڕێژەی٣٢,٥ لەسەدا بهێنن. ئەمەش مانایوابوو کە لە ئەنجامدانی هەڵبژاردنی نوێنەرایەتیی گشتیدا، ڕەفاه سەرکەوتنێکی گەورەتر لەو سەرکەوتنە تۆماردەکات کەلە ٢٤ ك١/ دیسەمبەری ١٩٩٥دا بەدەستیهێناو ئەوسا ڕژێم ڕووبەرووی کێشەیەکی گەورەترو "ڕەفاه"ێکی بەهێزتر دەبێتەوە. هەروەها کودەتای سەربازیش، لەگەڵ نەمانی "مەترسیی ئیسلامی"و، لەسای نەشونمای لیبراڵیزم لە کۆمەڵگاو ئابووریدا، بەتایبەتیش لەبواری ڕاگەیاندنداو، لەسای ئەو هەلومەرجانەدا کە یەکێتی ئەوروپی بۆ نزیکبوونە لەگەڵ توركیادا دایدەنێت، لەسەروو هەمووشیانەوە مافی مرۆڤ و چەسپاندنی دیموکراسیو ئازادی، دەبێتە مایەی زەرەروزیانێکی گەورە تر بۆ توركیا.

لەبەردەم ئەم دیوارە بێدەرووەدا، واپێدەچوو تاقە ڕێگا بۆ دەرچوون لەو تەڵەزگەیەی کەپێشتر توركیا بەخۆیەوە نەیبینیوە؛ تەنها بەشداركردنی حیزبی"ڕەفاه"بێت لەدەسەڵاتداو بە ئیئتیلاف لەگەڵ حیزبێکی ڕاستدا. دوای ئەوەی ئەربەکان پێشتر لەوەدا سەرکەوتووبوو کە لەڕێی وروژاندنی دۆسیەی چیللەرەوە حکومەتی پێشووی هەڵوەشاند، دیسانەوە هەمان یاریی کردەوە بەڵام ئەمجارە دەستی بە پێچانەوەی دۆسیەی کەتنەکانی چیللەر کرد کەسەرۆکی"حیزبی"ڕێگای ڕاست"ەوئەوە بە" بەرتیل"ێکی ئاشکرا لە قەڵەم درا، کاتێ نوێنەرانی"ڕەفاه" دژی ئەوە وەستانەوە کە سەبارەت بەو تۆمەتەی کە چیللەر شەش ملیۆنو نیو دۆلاری بەفیڕۆداوە؛ لێکۆڵینەوەی بەرامبەر بکرێ. ئیدی دوو ڕێ لەبەردەم چیللەردا مایەوە: یان کۆتایی ژیانی سیاسیی بەلێپێچانەوە لەو کەتنانەی،یانیش بەشداربوونی لە حکومەتێکی ئیئتیلافیدا لەگەڵ"ڕەفاه"دا، کە بەمجۆرە دەتوانێ دۆسیەی کەتنەکانیشی بپێچێتەوەو پاشەڕۆژی سیاسیشی بەرامبەر ڕکابەرە سەر سەختەکەی(کە مەسعود یڵمازە) ڕزگار بکات.گومان لەوەشدا نییە کە ئەو بڕیارەی چیللەر بۆ چوونە نێو ئیئتیلافەوە لەگەڵ"ڕەفاه" دا"ئازایەتی" یەکی وەهای تیابوو، کە زۆربەی چاودێرە گەشبینەکان چاوەڕێی ئەو بڕیارە نەبوون لە سەرۆکی حیزبێکەوە کە چەند مانگێك لەوەوبەر ڕایگەیاندبوو کە ئیئتیلاف لەگەڵ"ڕەفاه"دا توركیا لە"تاریکی"دا نوقم دەکات.

## چەند بەشداریکردنێکی پێشوو:

نەجمەدین ئەربەکان یەکەمجارە وەکو سەرۆك حکومەت بەشداری لە دەسەڵاتدا بکات.بەڵام کاتێ سەرۆکی حیزبی"سەلامەتی نیشتمانی"بوو، لە حەفتاکاندا سێ جار بەشداریی لەحکومەتدا کردووە. فاکتەری سەرەکیش لەوبەشداریبوونانەیدا بۆئەوە نەدەگەڕایەوە کەحیزبێکی بنچینەیی بوون، چونکە ڕێژەی ئەو دەنگانەی ساڵی ١٩٧٣ بەدەستیهێنابوون له١١,٨ لەسەداو ساڵی ١٩٧٧ له٨,٦ لەسەدا تێنەدەپەڕی. بەڵکو لەبەرئەوە بوو کە بەژمارەی نوێنەری کەمەکانیەوە، ببوو بە(کلیل)ێکی پێویست بۆ هەردوو حیزبی رکابەری ئەودەمە: گەلی کۆماری (چەپ)و عەدالەت(راست) تایەکێکیان بتوانێ متمانەی پەرلەمان بەچنگ بهێنێت. بەمجۆرە حیزبی(سەلامەتی نیشتمانی) لەو ئیئتیلافە حکومیەدا بەشداریی کرد کەبوڵند ئەجەوید سەرۆکی حیزبی (گەلی کۆماری) پێکیهێنا لە٢٦ی ك١/ ینایر ١٩٧٤داو، نەجمەدین ئەربەکانیش بوو بەجێگری سەرۆك حکومەت و لایەنگرەکانیشی لە٢٣ پۆستی وەزاری شەشیان وەرگرت، کەپۆستی سەرەکییان تیابوو، وەك: وەزارەتی دادو، ناوخۆو، بازرگانیو، سامانی خۆراکیو ئاژەڵیو، پیشەسازیو تەکنۆلۆژیاو هەروەها وەزارەتێکی دەوڵەتیش. له٣١ی ئادار/ مارسی ١٩٧٥یشدا حیزبی(سەلامەتی نیشتمانی) لەگەڵ دوو حیزبی راستی بچووکدا لەئیئتیلافێکی تری حکومیدا کەسەرۆکەکەی سولەیمان دیمیریل سەرۆکی حیزبی(عەدالەت) بوو، بەشداریی کردو دیسانەوە ئەربەکان بوو بەجێگری سەرۆك حکومەت، لەگەڵ حەوت پۆستی وەزاریدا بۆلایەنگرانی: دادو، ناوخۆو، نیشتەجێکردنو، سامانی خۆراکیو ئاژەڵیو، کارو، پیشەسازیو وەزارەتێکی دەوڵەت. هەروەها حیزبی(سەلامەتی نیشتمانی) بۆجاری سێیەم لەئیئتیلافێکی حکومیدا لەساڵی ١٩٧٧دا، بەسەرۆکایەتیی دیمیریل، بەشداریی کردو دیسانەوە ئەربەکان بۆوە بەجێگری سەرۆك حکومەتو شەش پۆستی وەزاریی بۆئەندامانی حیزبەکەی بەدەستهێنا کەبریتی بوون لە: ناوخۆو، سامانی خۆراکیو

ئـاژەڵیو، كـارو، پیشەسـازیو تـەكنۆلۆژیاو، ئاوەدانكردنـەوەو نیشـتەجێكردنو، وەزارەتی دارستان.

## "رەفاه" مەڵبەندی راست

لەگەڵ هەڵبژاردنەكانی ٢٤ی ك١/ دیسەمبەری ١٩٩٥داو پاشان لەگەڵ پێكهێنانی حكومـەتێكدا بەسـەرۆكایەتیی نەجمـەدین ئەربـەكان، پێدەچـێ حـیزبی (رەفـاه) بەرەوئەوە بڕوات ببێ بە(مەڵبەند)ی راستی سیاسی لەتوركیادا. دوای ئەوەی هێزە ركابـەرەكانی حـیزبی(گـەلی كۆمـاری) حیزبەكـەی ئـەتاتوركو گروپـە ئیسـلامیەكان بەجیاوازیی رێبازو بۆچوونیانەوە لەپەنجاكاندا لەژێر چەتری حیزبی (دیموكرات)و، لەشەسـتەكانو تاڕادەیـەك لەحەفتاكانیشـدا لەژێرچـەتری حـیزبی(عەدالـەت)و، لەهەشتاكانیشدا لەژێر چەتری(حیزبی نیشتمانی دایك)دا كۆبوونەوە؛ هەرلەكۆتایی هەشتاكانەوە نەخشەی حیزبی لەتوركیادا لەسەر ئاستی بەرەی راست لێكترازانی بە خۆیـەوەدی(بەرامبـەر بەمە لەبەرەی چەپیشدا ئەولێكترازانـە روویـدا)؛ كـەبوو بـەدوو باڵـەوە لـەنێوان حـیزبی (نیشـتمانی دایـك)و حـیزبی(رێگـای راسـت)دا (كـەمیراتگری حیزبی (عەدالەت)ە). ئەم بەشبوونەش هۆیەكی سەرەكی بوو بۆرێخۆشكردن لەبەردەم حیزبی(رەفاه)دا تابتوانێ خۆی(بخزێنێتە) ناو مەیدانەكەوەو پەیتاپەیتا دەنگی زیاتر بەدەست بهێنێت هەر لەساڵی ١٩٨٩ەوە تادواترو تادەهات جەماوەری هەردوو حیزبی راستیشـی روو لەكەمبوونەوە بوو. حیزبی (رەفاه)یـش لەگـەڵ هەڵبژاردنـەكانی ك١/ دیسەمبەری ١٩٩٥دا بوو بەحیزبی سەرەكیی راستو ئـەم سیفەتەی لەسـەرۆكایەتیی پێكهاتەی حكومەتی نوێدا بەخۆوە گرت.

## دەرفەتەكانی سەركەوتنی حكومەت

ئەو پرسیارەی كەوتۆتە سەرزاری خـەڵك لـەو وەختـەوەی پێكـهێنانی حكومـەت بەسـەرۆكایەتیی نەجمـەدین ئەربـەكان راگەیـەنراوە ئەوەیـە: ئایـا حكومـەتی نـوێ دەرفەتی سەركەوتنی دەبێ؟ ئەی هەڵوێستی كردەیی سوپا بەرامبـەری چی دەبێت؟ كەس نكووڵی لەوەناكات كەجیاوازیی گەورە لەنێوان حیزبی (رەفاه)و حیزبی(رێگای

راست)دا هەیە. ئەوەی لێدەرچێت کەلە تێروانینیاندا بۆدەستپێوەگرتنی ئابووریو (تیرۆری کوردی) هاوبەشن؛ ئیدی لەهەڵوێستیاندا بەرامبەر زۆربەی مەسەلە سەرەکییەکان، چ لەسەر ئاستی ناوەوەو چ لەسەر ئاستی دەرەوە؛ ناکۆکن، بەڵام ئەوەی رێ بۆ سەرکەوتنی ئەم حکومەتە خۆشدەکات ئەوەیە کەشکستی دەبێتە مایەی مەترسی بۆپاشەڕۆژی هەردوو لایەنەکە. چیللەر خۆی تووشی بارێك کردووە کەدەشێ قورسترین باری ژیانی بێت. عیلمانیەکانیتر لەسەر (گوناه)ی ئیئتیلاف کردنی لەگەڵ (رەفاه)دا لێی خۆشنابن.

چیللەریش کەدوژمنی سەرسەختی ئەربەکانە ئەم سەرچڵیو قومارەی نەدەکرد ئەگەر ئاڵتەرناتیڤێکی تری شك ببردایە، بەجۆرێك کەرێ بەوانی دی نەدات تالەڕووی سیاسیەوە بیکوژن. هەربۆیە چیللەرو حیزبەکەی زۆر سوور دەبن لەسەر ئەوەی بیسەلمێنن هەڵبژاردنەکەیان دروستە لەئیئتیلافکردنیان لەگەڵ (رەفاه)داو، بەهەموو هێزیانەوە هەوڵدەدەن دەرفەت بۆ سەرکەوتنی حکومەت بڕەخسێنن، گەرچی لەهەندێ بواری دیاریکراویشدا بێت. چونکە پێچەوانەی ئەمە واتە مەرگی لەسەداسەدی چیللەرو حیزبەکەی. بەرامبەر بەمەش، نەجمەدین ئەربەکان پەی بەوە بردووە کەئەو ئەرکەی لەسەرشانێتی وەکو یەکەم سەرۆکی ئیسلامی حکومەتێکی تورکی، لەخۆیدا رووبەڕووبوونەوەو سەرچڵییەکی گەلێ خەتەرناکە لەهەلومەرجێکی شپرزەو پڕ لەقەیرانی ئابووریو ئاکاریو ئیتنیو مەزهەبیو هەرێمیو دەولیدا. لەبەرئەوە ئەربەکان درێخی ناکات لەپێناوی پاراستنی ئەو ناوو ناوبانگەی کەبەدرێژایی سێ دەهە لەتەمەنی سیاسیی دروستیکردووە. لەگەڵ ئەو جیاوازییە گەورەیەی لەنێوان بەرنامەی ئەو دوو حیزبەشدا هەیە، دەرفەت لەبەردەمیاندایە بۆ بەئەقڵانیکردنی ئامانجەکانیانو، بەیەك گەیشتنیان لەنیوەی رێداو لەزیاتر لەمەسەلەیەکدا ئەوە دەگەیەنێت کەهەل لەبەردەم تورکیاشدایە بۆ خستنەڕووی سیاسەتێکی نوێو تایپێکی نوێ لەهەڵسوکەوتکردن لەگەڵ کێشە جۆراو جۆرەکانیدا.

## سوپاو سیناریۆی "تێوەگلاندن"

بەڵام سەرکەوتنی حکومەتی نوێ پەیوەستیشە بەهەڵوێستی سوپای تورکیەوە بەرامبەر بەو حکومەتە. گەرچی سەرکەوتنی ئەربەکانو چیللەر لەگەیشتنیاندا بە(چرکەسات)ی پێکهێنانی حکومەتێکی ئیئتیلافی لەبەینیاندا، ئاماژەیەکی

ناڕاستەوخۆیە بۆ ڕەزامەندیی سوپاش لەسەر ئەو حكومەتە، بەڵام هەڵوێستی سوپا بەرامبەر ئەوەی دوای ئەو (چركەساتە) ڕوودەدات نادیارە. ئەگەر سوپا بەڕاستی بیەوێ توركیا لەو ئاژاوە سیاسیو ئابووریيەو، لەو گرژیيە كەڵەكە بووانەی لەپەیوەندییە هەرێمیەكانیدا؛ ڕزگار بكات، ئەوا دەرفەتی سەركەوتنی حكومەت زیاتر دەبێت. بەڵام ئەگەر سوپا مەبەستی بێت(كەئێستا وەكو سیناریۆیەكی باویش لەتوركیادا دەخرێتەڕوو) حیزبی (ڕەفاه)و هەروەها چیللەریش (تێوەبگلێنێت) بۆ بەرژەوەندیی یلمازو، كورتترین ڕێ بگرێتەبەر بۆ زیاتر زەبەلاح نەبوونی (ڕەفاه)، بەتایبەتیش كەلەم ساڵانەی دواییدا تەواو زەبەلاح بووە؛ ئەوا حكومەتی نوێ دووچاری شكستێكی گەورە دەبێت. داواكردن لە(ڕەفاه) بۆچارەسەركردنی ئەو هەموو كێشە هەمیشەییانەی لەتوركیادا هەیە، چ كێشەی ئابووریو، چ كۆمەڵایەتیو، چ ئەوانەشی كەپەیوەندییان بەكێشەی كوردو ڕێكەوتننامەی سەربازیەوە لەگەڵ ئیسرائیلدا هەیەو هتد (شتێكی ئەستەمە). چاوەڕێ كردنی بێدەسەڵاتیی (ڕەفاه)یش لەچارەسەركردنی ئەو كێشانە، یان هیچ نەبێ بەشێكیان، بەتایبەتیش ئەو هەوڵانەی بەئەنقەست دەدرێن بۆ كۆسپ دروستكردن لەڕێیدا(چ لەلایەن سوپاو چ لەلایەن حیزبە عیلمانیەكانی ترەوە)و بەپێی ئەم سیناریۆیە(ڕەفاه) شكست دەهێنێتو بەشكاویو زامداری لەئەزموونی حكومەتی نوێ دەچێتە دەرەوەو ئەمەش دەیخاتەوە قەوارە سروشتیيەكەی خۆی وەكو حیزبێك لەحیزبەكانو، ئەودەمە ئەو متمانە جەماوەریەشی لەدەست دەدات.

## (ڕژێمی میانڕەو) لەبەردەم ڕووبەڕووبوونەوەدا

ئەگەر لایەنی تیۆریی تێزەكانی ئەربەكان بگرین لەسەر ئاستی ئابووریو سیاسەتی ناوەوەو دەرەوە، ئەوا بەدیهێنانی پێویستی بەحكومەتێكی ئیئتیلافی نیيە، یان حكومەتی ڕەفاهی تەواو، بەڵكو پێویستی بەشۆڕشێك هەیە پڕ بەمانای ئەم وشەیە، ئەمەش شتێكی ئەستەمە.

ئەربەكان دروشمی (ڕژێمی میانڕەو) دەخاتەڕوو، ئەمەش ناونانێكی ناڕاستەوخۆی (ڕژێمی ئیسلامی)یە. پوختەی ئەم ڕژێمە میانڕەوەش لەڕووی ئابوورییەوە بریتیيە لەپێنج شت، ڕەتكردنەوەی: سوو، باجی ناهەق، سكەلێدانی بێ پشتیوانە، سیستمی بانكیی ستەمدار، سیستمی قەرز.

لەسەر ئاستی سیاسەتی دەرەوەش (ڕژێمی میانڕەو) پێنج شت دەخاتەڕوو كەبریتین لەپێكهێنانی: نەتەوە ئیسلامیيە یەكگرتووەكان، بازاڕێكی ئابووریی

هاوبەشی ئیسلامی، یۆنسکۆیەکی ئیسلامی، سندوقی دراوی ئیسلامی، (ناتۆ) یا پەیمانێکی بەرگریی ئیسلامی.

بەڵام ئەگەر ئەزموونی حیزبی "ڕەفاه" لە شارەوانیەکاندا ڕەچاو بکەین کە دەنگی زۆربەیانی بەدەستهێنا، بەتایبەتیش لە ئەستەمووڵ و ئەنقەرە لە ٢٧ی ئادار / مارسی ١٩٩٤دا، ئەوا ڕێی تێ ناچێت ئەربەکان بەرەو بەدیهێنانی ئەو ئامانجانە هەنگاوبنێ کە لە خەیاڵەوە نزیکترن، نەك لە واقیعەوە و لە دیماگۆگیای ڕاگەیاندنەوە نزیکترن نەك لە تێزی ڕاستەقینەوە. "ڕەفاه"ی یەکان لە بەرنامەی هەڵبژاردنی شارەوانیدا؛ بۆ نموونە لە ئەستەمووڵ؛ وایانڕاگەیاند کە نیازیانە بەزمگەو شوێنەکانی فرۆشتنی مەی و شوێنەکانی ڕابواردن دادەخەن و لەناوچەی "تەقسیم"دا کە ناوچەیەکی فرە پێشکەوتوو و خۆرئاواییە لەناوەڕاستی ئەستەمووڵدا؛ مزگەوت دروستبکەن، بەڵام دوای دووساڵ لە گرتنە دەستی شارەوانیش هیچ یەکێك لەم پڕوپاگەندە "ئیسلامی"یانەیان بۆ ئەنجام نەدرا، بەڵکو ئەرکەکانیان لەو بوارانەدا ئەنجامدا کە خزمەتگوزارین و مۆرکی ئیسلامییان پێوە نییە، وەك: ڕێگاوبان و ئاووکارەباو بازاڕو هۆیەکانی گواستنەوە هتد. ئەگەر ئەم ئەزموونەمان کرد بە ئاماژەدەرێك بۆ دەستنیشانکردنی سیاسەتی "ڕەفاه" لە حکومەتدا، ئەوا مەزەنەکان لەگەڵ سیفەتی پراگماتی (واقیعیانە) ڕێك دەکەوێ کەدراوەتە پاڵ ئەربەکان لە سیاسەتی دەرەوە و ناوەوەیدا، جگەلەوەی وەزارەتە بنچینەییەکانی وەك وەزارەتی دەرەوە و بەرگری و ناوخۆو فێرکردن، لە دەستی ئەو وەزیرانەن کە سەربە "ڕێگای ڕاست"ن. مەزەنەکەش زیاتر دەبێ ئەگەر بەرنامەی ئەو حکومەتەشمان خستە سەر (شارەوانیەکان) کە ئەربەکان سەرۆکایەتیی دەکاتو، وەکو پێوانەیەك بۆ بزاوتی سیاسیی پاشە ڕۆژی سەیری دەکات. ئەربەکان پتر لە جارێك و لەسەرەتای حەفتاکانەوە داوای کردووە کۆتایی بە "بەعیلمانیکردن" بهێنرێ و، لەگەڵ ئەوروپاو خۆرئاواو ئیسرائیلدا پەیوەندی بپسێنرێ و تورکیا پاڵ بدات بە پاڵی جیهانی ئیسلامی‌یەوە. بەڵام لە هەڵبژاردنەکانی نوێنەرایەتی ١٩٩٥ەوە دەستیکرد بە ڕاستکردنەوەی گوتاری سیاسیی خۆی بەرامبەر بەو شتانە تا دەگاتە "ڕێزگرتن لە پرنسیپەکانی دیموکراسی و عیلمانی ئەتاتورك و بەردەوامبوون لە هەوڵداندا بۆ لکاندنی تورکیا بە ئەوروپاوە، هەروەکو لە بەیاننامە وەزارییەکەدا هاتووە.

هەروەها ئەربەکان وەکو تەواوی سەرکردە تورکەکانی دی جیاوازی لەنێوان مەسەلەی کوردو "تیرۆریستیی پارتی کرێکارانی کوردستان" دەکات، بەیاننامەی حکومەتی نوێ پەیمانی داوە "بەهەموو هێزیەوە لە قەلاچۆکردنی تیرۆریستیی جودا خوازانە.. بەردەوامبێت. ئەمەش مانای وایە کە ئەربەکانیش هەر پەیڕەوی لەسیاسەتی ڕەسمیی کۆن و تەقلیدی دەکات لە هەڵسوکەوتی حکومەتدا لەگەڵ مەسەلەی کورددا، یان هیچ نەبێ لە هێڵە گشتییەکەیدا پەیڕەوی لەو سیاسەتە دەکات. ئەمەش دەبێتەوە مایەی پێکدادان لەگەڵ هەڵوێستی سوریادا کە لەلایەن تورکیاوە بە پشتگیریکردنی "پارتی کرێکارانی کوردستان" تاوانبار کراوە. گەرچی ئەربەکان لانی کەم هەوڵدەدات گرژی لەگەڵ سوریا و ئێران و، هاوکاری لەگەل ئیسرائیل دا لەو سنوورانەی ئێستایاندا "ڕابگرێت" و هەروەها تەقەللادەدات "دەلاقەیەکی روونـاك" بخاتە توونێلی پەیوەندیەکانی نێوان تورکیاو هاوسێ عەرەبەکانیەوە، هێندەی پەیوەندیی بە مەسەلەی ئاوو تیرۆر و سنوورەوە هەیە، بەلام لەهەمانکاتدا سووربوونی ئەربەکان لەسەر چەسپاندنی پلەوپایەی نوێی لەسەرۆکایەتیی حکومەتدا و پاش ژیانێکی سیاسیی پڕی تەمەن ٢٧ ساڵ و، هەوڵنەدان بۆ دروستکردنی باری کتوپڕ لە رژێمدا، مایەی گەشبینی نیە بۆ چاکسازیی خێرا و گەورە لە پەیوەندیەکانی نێوان تورکیا و هاوسێکانیدا.

## "چاوی" مێژوو

ئەربەکان و حیزبی "ڕەفاه" لەبەردەم تاقیکردنەوەیەکی سەختدان. لەنێوان ئەمەگداریی بۆ تێزە تیۆرییەکانی و لە نێوان سووربوونیدا لەسەر "دڵنیا کردنەوەی" رژێمی عیلمانی، کەس ناتوانێ پێشبینیی ئەوە بکات کە ئەم ئەزموونە دانسقەیە بەچی کۆتایی دێت. بەلام تاقەشتێك لێی دڵنیاین ئەوەیە کە ئەم جووتبوونە ئیسلامی عیلمانییە نوێیە، دەرفەت بۆ تەواوی ئیسلامی و عیلمانیەکانی تورکیا دەڕەخسێنێت بۆ چاوپیاخشاندنەوەیەکی پێویست بە حەفتا ساڵی "کۆماریی یەکەم" دا، کە ئەمەش بەدڵنیاییەوە دەبێتە مایەی هێنانە ئاراوەی "مۆدێل"ێکی نوێی گەلێ پێویست تا شوناس بۆ تورکیا بگەڕێنێتەوەو، لەهەمان کاتیشدا پێگەیەکی قایمی لە

"سەردەمی مۆدێرنیتی"دا بداتێ. ئێستا تەواوی چاوەکان لەسەر تورکیان هەروەها چاوی مێژووش.

# ٥-سەبارەت "ڕەفاه" و ئەوانی دی

## (گفتوگۆیەك لەگەڵ ڕۆشین چاكیردا)

ڕۆشین چاكیر لەساڵی ١٩٦٢ دا له دایكبوو، كاتێ قۆناغی خوێندنی ئامادەییشی لـە ئامـادەیی (هەڵـەی سـەرای بـەناوبانگ غلطـة سـراي الشـهيرة)دا تـەواوكرد؛ لـە زانكۆی "بوغازچی" درێـژەی بە خوێندن داو پاشـان سـاڵی ١٩٨٥ ژیـانی خـۆی بـۆ كاری ڕۆژنامەوانی تەرخانكردو، سەرەتا لە گۆڤاری هەفتانەی "نوقتە" و، ئینجا لە گۆڤاری "تیمپۆ"و پاشتریش لە ڕۆژنامـەی "جمهوریـەت" و ڕۆژنامـەی "میللیـەت"دا كاری كردو، لەساڵی ١٩٩٦ یشەوە لە ڕۆژنامەی "یەنی یۆزییل"دا دەستی بە كاركرد. چاكیر یەكێكە لـەو ڕۆژنامەوانـە كەمانـەی كـە چ لـە ڕووی دۆكیۆمنتـیو چ لـە ڕووی شیكردنەوەی وردەوە لەسەر بزاڤـە ئیسـلامیەكانی توركیـان نووسـیوەو، دەتوانـین بڵێین كە ئەم دیارترین ئەو ڕۆژنامەوانەشە.

لەبـەناوبانگترین كتێبـەكانی چاكیر "ئایـەتێك و دروشمێـك"ە كـە لەسـاڵی ١٩٩٠دا دەرچوو، پاشان هـەندێ كاری سـەبارەت ئایدیۆلۆژیـاو سیاسـەت لای ڕاست و چەپی كۆمەڵایـەتیی تـورك (١٩٩١) نووسـی، دواكتێبیشـی بریتـیـە لـە كتێبێـك دەربـارەی تێگەیشتن لە حیزبی "ڕەفاه" كە ناونیشانەكەی "نە شـەریعەت و نەدیموكراسـی"یە، ڕۆشین چاكیر لە نووسینەكانیدا پڕكێشـی و "مەوزوعیـەت"ێكـی وا هەیـە كـە وا لـە ئیسـلامیەكان ناكات دژایـەتیی ئـەوی "عیلمـانی"بكـەن، بـەڵكو "سـوود" لـە ڕەخنـە و تێبینیـەكانی وەردەگرن. ئەمـە بەشـێكە لـە گفتوگۆیـەك كـە لـە كۆتاییـەكانی ئایـار / مایۆی ١٩٩٥دا لەگەڵیدا ئەنجامم دا.

- ***كاتـێ باسـی بزاڤـە ئیسـلامیەكانی توركیـا دەكـەین؛ یەكسـەر حـیزبی "ڕەفـاه" مـان دێتـەوە بیر، تاچەند دەتوانـین "ڕەفـاه" بـە نوێنـەری ئیسـلامی سیاسـی لـە توركیادا لەقەڵەمبدەین؟***

-پێـش هـەموو شـتێك، حـیزبێكی سیاسـیی ئیسـلامیی تریـش هەیـە كـە بەشێوەیەكی یاسایی مۆڵەت پێدراوە، ئەویش حیزبی "دیریلیش"ە بە سەرۆكایەتیی سیزایی قەرە قۆچ. بەڵام حیزبێكی بچكۆلە و زیاتر لە یانەیەكی ڕۆشنبیری دەچێت و

له هەڵبژاردنەکاندا بەشداری ناکات. هەروەها حیزبی "یەکیتی‌ی مەزن" هەیە کە سەرۆکەکەی موحسین یازجی ئۆغلووەو له ناسیونالیستە تورکەکانی پیشووە.

هەروەها لەناو هەردوو حیزبی راستدا، واتە ریگای راست و نیشتمانی دایك دا بۆچوونی ئیسلامیی بەهیز هەیە؛ کە دواهەمیان بانگەشەکردنە بۆ پشووی رەسمی لەکاتی نویژی جومعەدا. هەروەها خالیکی تری گرنگ هەیە کە ئەویش بوونی کۆمەلیك گروپی ئیسلامی‌ی پەرش و بلاو، کە هەندیکیان دەولەمەندیشن. بەلام "رەفاه" وەکو حیزبیکی سەرەکی لەنیو ئەمانەدا دەژمیردریّ، ئەمەش لەبەر زۆرهۆ؛ وەکو ئەزموونی دریژخایەنی له سیاسەتدا کە تەمەنی ٢٥ ساڵ دەبیّ، بەشیوەیەکی یاساییش هەبووە، هەروەها سەرکەوتنی له هەڵبژاردنەکانی ئەم دواییەی شارەوانی بەریژەی ١٩٪ له ٢٧ی ئادار/ مارسی ١٩٩٤ داو تەرخانبوونی وەك حیزبیکی گەورە. هەروەها شتیکی سروشتی‌یە کە "رەفاه" بە حیزبیکی ئیسلامی‌ی سەرەکی لە تورکیادا لەقەلەم بدەین، لەکاتیکا ئەو نوینەرانی خۆی لە پەرلەماندا هەیە، جگە لە چالاکی‌یە کاریگەرەکانیان.

- ***ئایا گروپە ئیسلامیەکانی دی کاریگەرییان لە ژیانی سیاسیدا هەیە؟***

- بیگومان کاریگەرییان هەیە. کۆمەلیك گروپی ئیسلامی‌ی شۆرشگیرهەن کەلەژیر کاریگەریی شۆرشی ئیراندا نەشونمایان کردو بەتایبەتیش لەناو کوردەکاندان. بەلام ئەم گروپانە لەدوای سالی ١٩٩٠ەوە ئەو کاریگەرییەیان نەماو چوونە پەراویزەوە. هەروەها هەندیّ گروپی سوننی‌ی رادیکالی هەن کە پەیرەوی لە خەتی سەید قوتب دەکەن. هەروەها کۆمەلیك گروپی ناسیاسی هەن کە بایەخی گرنگ بە مەسەلە رۆشنبیری‌و کۆمەلایەتیەکان دەدەن وەك فیرکردن وقوتابخانەکان وراگەیاندن و رۆژنامەو گۆڤارەکان، ئەمانە لە حیزبە راستەکانەوە نزیکن. دیارترین ئەم گروپانەش ئەو گروپەیە کە فەتحوللا غۆلین سەرۆکیتی‌و ئەوە بوو لەم دواییەدا چالاکیی سیاسیشی نواندو لەگەل سەرۆکی حکومەت تانسۆ چیللەریشدا کۆبۆوە. ئەمەش ئاماژەیە بۆ پشتگیرییەکی ناراستەوخۆ لە چیللەرو"ریگای‌راست"و بەمەسەلەیەکی گرنگ دەژمیردریّ. چونکە هەلەیە وابزانین تەواوی گروپە ئیسلامیەکان پشتیوانی لە "رەفاه"دەکەن. زۆربەی ئەم گروپانە لە ناو چوارچیوەی رژیمدا کاردەکەن

ولەگەڵ حیزبە ڕاستەکانداو کاریگەریی گەورەیان لە بوارە کۆمەڵایەتیو ڕۆشنبیرییەکاندا هەیە. "ڕەفاه" سەنتەری ئیسلامی سیاسیی‌یە، لە کاتێکدا فەتحوڵلا غوڵین سەنتەری ئیسلامی کۆمەڵایەتیی‌یە، ئەمەش جۆرێکە لە "وەبەرهێنان"ی درێژخایەن. بەڵام "ڕەفاه" حیزبێکە ڕۆژ دوای ڕۆژ زیاتر مۆرکی سیاسی بە خۆیەوە دەگرێت.

- ***پەیوەندیەکانی دەرەوەی حیزب وگروپە ئیسلامیەکانی تورکیا چۆن هەڵدەسەنگێنیت؟***

- پەیوەندیی حیزبە ئیسلامیەکانی تورکیا بەدەرەوە، لە ڕووی تیۆرییەوە ئەوەیە کە هەموویان سەربەیەك "ئوممە"ن.

بەڵام لە ڕووی ماددییەوە خۆیان خۆیان بە خێودەکەن، بەتایبەتیش لەڕێی ئەو کرێکارە تورکانەوەی کە لە دەرەوەن. ڕەنگە هەندێ لەو گروپانە یارمەتیی دەرەوە وەربگرن، بەڵام یارمەتیەکی سەرەکی‌نی‌یە.

حیزبی "ڕەفاه"باری جیاوازو سەرسوڕهێنە. ئەو حیزبێکی تاسەرئێسقان پراگماتی‌یەو، مامەڵە لەگەڵ لایەن ودەوڵەتی جۆراوجۆرو بەیەك ناکۆکدا دەکات. هەروەها مامەڵە لەگەڵ کۆمەڵێك گروپی ئیسلامیی وەکو "ئیخوان موسلمین"ی میسرو"ئیخوان موسلمین"ی ئوردن و"کۆمەڵەی ئیسلامی" لەپاکستان وگروپی ئیسلامییتر لەئەفغانستان و بەرەی ئیسلامیی رزگاریخواز لە جەزائیردا دەکات.

- ***ئایا دەشێ "ڕەفاه" دەسەڵات بگریتە دەست؟***

- لەم قۆناغەدا ناتوانێ بەتەنیا دەسەڵات بگریتە دەست. بەڵام دەشێ وەکو بەشداریك لە ئیئتیلافیکدا، یان سەرۆکایەتیی ئیئتیلافیك بکات ونەجمەدین ئەربەکان سەرۆکی حکومەت بیت. دەشێ ئەو دەرفەتەش برەخسێ، گەر"رەفلە"لە هەلبژاردنەکانی نوینەرایەتیی ئایندەدا یەکەمی بەدەست بهینیت.

ئەمەش شتیکی دوورنی‌یە. شیمانە(احتمال)ی دووەم، کەزۆر گرنگیشە ئەوەیە کە "رەفاه"ببیتە حیزبی سەرەکیی ئۆپۆزسیۆن. بەڵام ئەگەر بارودۆخ بەم شیوەیەی ئیستا بەردەوام بیت، ئەوا "رەفاه"بەتەنیا خۆیو بێ هیچ ئیئتیلافیك دەسەڵات دەگریتەدەست.

- ***ئەی لەم حاڵەتەدا هەڵوێستی سوپا چی دەبێت؟***

ــ ئـەم چارەنووسسـازترین پرسـیارە. دەشـێ (رەفـاه) بكەوێتـە ژێـر چـاودێریی توندوتیژی سوپاوە. (رەفاه)یش شتێك ناكات سوپا بوروژێنێت.

لەجــەزائیردا ســوپا نەیهێشــت ئیســلامیەكان دەســەڵات بگرنــە دەســت. بــەڵام لەتوركیادا، گـەرچی شێمانەی كودەتـاش بـەردەوام لەئارادایـە، دەشـێ رێ بـە(رەفـاه) بدرێ لەدەسـەڵاتدا بێت. گـەر كـاری هەڵـەش نەكـەن كودەتـای سـەربازی روونـادات. لەحاڵـەتێكدا (رەفاه)یش دەسەڵات بگرێتـە دەسـت؛ سـوپا لـەجاران بـەهێزتردەبێت، لەبەرئـەوەی ئـەو حیزبانـەی پێشتر ركابـەرییان دەكـردو هــەروەها رای گشـتیش وەهـا دەڕواننـە سـوپا كـە تاقـە رزگاركەریانـەو سوپاسـی خوادەكـەن كەسـوپایەكیان هەیـە خاوەنی پشتیوانییەكی كۆمەڵایەتیی بەهێزە.

- ***ئایـا لەحاڵـەتێكدا (رەفـاه) دەسـەڵات بگرێتــە دەسـت؛ نەخشــەی سیاسـی گۆڕانكارییەكی گەورە بەخۆیەوە دەبینێت، واتە ئایا پێشبینی دەكرێ لەلایەكەوە راست هاوپەیمانی بكاتو، لەلایەكیشەوە چەپی كۆمەڵایەتی؟***

ـ مـن وایدەبینـم كەبەشـێك لەكارمـەندە گـەورەكان؛ وەك بەڕێوەبـەرە گشـتیەكانو كەسانی تـری لـەو جۆرە كەئێستا سەربەحیزبەكانی راستن، دەچنـە نـاو (رەفـاه)ەوە بۆئەوەی پلەو پایەكانیان لەدەست نەچێت.

ئەمانـە لەپێشـدا چـاوەڕێی هەڵوێسـتی سـوپا دەكـەن، پاشـان لـە(رەفـاه) نزیـك دەبنــەوە. ئــەوەبوو پــاش بردنــەوەی (رەفــاه) لەهەڵبژاردنــەكانی شــارەوانیدا ئەمــە روویــداو، بەشــێك لەكارمـــەندانی شــارەوانیەكانو فەرمانگــەكانیدی چوونــە نــاو (رەفاه)ەوە. واتە گەیشتنی (رەفاه) بەدەسەڵات گورزێكی بەهێز لەحیزبەكانی راست دەوەشـێنێت. لەبەرئــەوەی خــەڵك نایانــەوێ كارەكانیــان لەدەســت بــدەن. بۆئــەم مەبەستەش، (رەفاه) بۆئەوەی رێ لەكاردانەوەكانی سوپا بگرێت، پـەنا دەباتـە بـەر سیاسەتێكی (راستڕەوانەتر) بەڵام ئیسلامیانەتر.

ئەمەش دەبێتە گورزێكی گەورە بۆ هـەردوو حیزبی (رێگای ڕاست)و (نیشـتمانی دایك).

- ***بەڕای ئێوە، ئایا گەر(رەفاه) بێتە سەرحوکم سیستمی شەریعەت پراکتیزە دەکات و ئەوبەندانەی پەیوەستن بە(بەعیلمانیکردن)ە لەدەستووردا، لایاندەبات؟***

ـ ئەو (رژێمە میانڕەو)ەی (رەفاه) بانگەشەی بۆدەکات شتێکی ئەستەمەو بەتەنها دروشمە، چونکە شتێکی واقیعی نییە.

لەوانەیە هەندێ گۆڕانکاریی لاوەکی بکات وەك بەڕەسمیکردنی پشوو لەکاتی نوێژی هەینیدا، یان کردنەوەی دانیشتنەکانی پەرلەمان بەدووعا، بەلاّم هێڵە سەرەکیەکانی سیستمی ئابووریی ئێستا وەکو خۆی دەمێنێتەوە، لەبەرئەوەی بەشیکە لەئابووریی جیهانی. هەروەها گۆڕانکاریی ریشەیی لەدەستوورو مافەکانی ئافرەت و یاساکانی سزادا ناکرێ، لەبەرئەوەی ئەمانە ئالۆزن و بەرەنجامی حەفتا سالی سەردەمی کۆمارین. لەوانەیە هەندێ گۆڕانکاریی روالەتدار ئەنجامبدرین کەمۆرکی ئیسلامییان بەخۆوە گرتووە. بەلاّم گۆڕانی راستەقینە رەنگە لەسیاسەتی دەرەوەدا رووبدات، بەوەی داوای یەکیتی‌یەکی ئیسلامی بکات و، پەیوەندیی تورکیا لەگەڵ دەولەتە ئیسلامیەکاندا بەهیز بکات.

- ***ئەی پەیوەندی لەگەڵ ئەمریکادا؟***

ــ ئەربەکان هەولدەدات وینەی خۆی لای ئەمریکا راستبکاتەوەو ترسیان برەوینیتەوە، بەلاّم ئەمە هەروا ئاسان نییە، چونکە دوژمنایەتیی ئەو بۆ جوولەکە مایەی دوودلی جوولەکە ئەمریکاییەکانە.

هەربۆیە هەولدەدات زیاتر لەئەوروپا نزیك بیتەوە، بەتایبەتیش ئەلمانیا. ئەمەش پەیوەستە بەهاوسەنگیە دەولیەکانی نیوان ئەمریکاو ئەوروپاوە کاتێ (رەفاه) دەگاتە دەسەلاّت. هەلەیە لەئیستادا بمانەوێ ئەوە بخەملینین.

- ***ئایا رژیم لەتورکیادا عیلمانی‌یە؟ بەتایبەتیش لەسەر ئاستی هەلسوکەوتی لەگەڵ گروپە ئیتنی و مەزهەبیەکاندا؟***

ـ بەپێی پیویست رژیمیکی عیلمانی نییە. بەلاّم رژیمیکیش نییە بەرگری لەئایین بکات. ئەوەی بەلای منیشەوە گرنگە عیلمانیەتی رژیم نییە، بەلکو ئەوەیە کەئایا دیموکراتە یان نە ؟.

- ***ئەی ئایا رژیمیکی دیموکراتە؟***

ـ نەخیر، لەبەرئەوەی رژیمیکی سەرمایەداریی راستەقینە نییە.

بۆرژوا تورکەکان رژێمێکی دیموکراتیان ناوێت. بەڵام هەندێکیان وەکو جیم بۆینەرو بزاڤەکەی (بزاڤی دیموکراسیی نوێ) بۆچوونی خۆیان گۆڕیوە. ئەمەش گۆڕانێکی گرنگە. هەندێك هەن کەهەستیان بەوە کردووە کەدیموکراسی لەسەرمایە گرنگترە. مەسەلەکە عیلمانیەتی رژێم نییە؛ بەڵکو بەدیموکرات بوونێتی. بۆنموونە مەسەلەی کورد لەتورکیادا لەمەسەلەی دیموکراسیەتەوە سەرچاوە دەگرێ، نەك لە عیلمانیەتو ناعیلمانیەتی رژێمەوە.

- ***لەم ساڵانەی دواییدا مەسەلەی عەلەویەکان لایەنی ترسناکی بەخۆوە گرتووە. ئایا هەروەکو رژێم دەڵێت ئەم مەسەلەیە دروستکراوە، یان راستە؟***

ـ مەسەلەیەکی راستە. مەسەلە ئیتنیو مەزهەبیەکان خەریکن جیهان دەهەژێنن. عەلەویەت لای عەلەویەکان بەتەنها هۆیەکی (رازانەوە) بوو. ئەوسا عەلەویەکان پێویستیان بەوەنەبوو جەخت لەسەر شوناسی خۆیان بکەن، چونکە کۆماری گوشاری لەسەر لادابوون، بەڵام وردەوردە لەحەفتاکانەوە عەلەویەکان لەتوێژێکی نەدارو هەژارەوە بوون بەکەرتێکی دەوڵەمەندو کاریگەر. لەهەشتاکانیشدا هەندێ کاروکردەوەی ئیسلامیتر هاتنە ئاراوە کەبوونە مایەی بەهێزکردنی حیزبە راستەکان لەسەر حیسابی حیزبە چەپە عیلمانیەکان. ئەمەش بووە مایەی نیگەرانیی عەلەویەکانو دوورکەوتنەوەیان لەسەنتەرەکانی کارتیکردنەوە، ئەمەش وای لەلاوە عەلەویەکان کرد سەرلەنوێ خۆیان ریکبخەنەوەو بەدوای شوناسی خۆیاندا بگەرین، بەتایبەتیش لەدوای کۆچکردنیانەوە لەناوچە هەژارەکانەوە بۆناوشارەکان. واتە شوناسی عەلەوی لەگەڵ کەلەکە بوونی سەرمایەی عەلەویداو کۆچکردندا بۆشارەکان هاتە ئاراوە. لەگەڵ رووبەرووبوونەوەی ریبازە ئیسلامیەکانیشدا لەهەشتاکاندا، هەولی ریکخستنو ناسینی پتری شوناسی تایبەتی لای عەلەویەکان سەریهەلدا. ئەگەری پیکدا هەلپژان لەئارادایە، بەڵام من لەم قۆناغەداو سەرەرای هاندانی بەردەوامیش، رەشبین نیم.

- ***ئەگەر (رەفاه) دەسەڵات بگریتە دەست، ئایا مەسەلەی عەلەویەکان بەرەو ئالۆزبوونی زیاتر دەروات؟***

ــ ئەم کیشەیە بێ چارەسەرە. مەسەلەکەش بەمجۆرەیە: (رەفاه) هەولدەدات لەعەلەویەکان نزیکبیتەوەو نیازپاکیی خۆی پیشان بدات، بەڵام عەلەویەکان متمانەی

پــێ ناکــەن. لەبەرئــەوەی (ڕەفــاه) حــیزبێکی واقعیــەو دان بەعەلەویــەتدا نــانێت. ئەوەندەش بەس نیيە کە(ڕەفاه) ڕایگەیەنێت کەوەکو عەلەویەکان ئیمام عەلی(د.خ)یان خۆشــدەوێت. مێژوویــەك و نــەریتێك لەئارادایــە کەتەمــەنیان ســەدان ســاڵە. دەبــێ هەردوولا دان بەیەکتریدا بنێن. ئەمەش ڕووی نەداوە.

بــەڵکو هەرلایــەو لەپایــەی لاکــەی تــر کەمدەکاتــەوە. خۆئەگــەر (ڕەفــاه) دان بەعەلەویەتدا بنێت؛ ئەوا جەماوەرەکەی بەرامبەر بەمە کاردانەوەی دەبێت.

- ***چۆن هەڵوێستی بزاڤە ئیسلامیيە تورکەکان بەرامبەر پرۆسەی سازشی عەرەب– ئیسرائیل هەڵدەسەنگێنیت؟***

ـ (ڕەفاه) پشتیوانی لە(حەماس) دەکات، کەواتە دژی عەرەفاتە.

وەکو گروپە ڕادیکاڵەکانیتر پشتگیری لە(حەماس)و هەڵوێستەکانی دەکات. بەڵام دان بەوەشدا دەنێت کەئەگەر لایەنە پەیوەندیدارەکان هەموو لەسەری قایل بن؛ ئەوا هیچ چارەسەرێکی دی جگەلەئاشتی نیيە.

لەکاتێکا فەتحوڵلا غولـین بەشێوەیەکی باشتر دەڕوانێتە ئەو پرۆسەیە. بەڵام مەسەلەیەکی گرنگی ڕەمزی هەیە بۆهەمووان کەئەویش مەسەلەی (قودس)و (المسجد الاقصی) یە، کەفێستیڤاڵ و کۆبوونەوەی بۆساز دەکرێ. بەڕای منیش ئەمانە واقیعی دەبن و لەسەر هەر ڕێکەوتنێکی نێوان عەرەب و ئیسرائیل ڕازی دەبن.

# ٦ - کەمالیزم لەهێڵی بەرگریدا بەرامبەر ئیسلامیەکان

(کەمالیزم) لەتورکیادا سەربەو ئایدیۆلۆژیا گەورانەی وەکو کۆمۆنیزمو فاشیزمو نازیزمە کە لە سەدەی بیستەمدا سەریانهەڵداو هەرلەو سەدەیەشدا هەرەسیانهێنا. گەرچی کەمالیزم تائێستا لەئارادایە؛ بەڵام فاکتەرێکی گەورەی دابەشبوونە لەناو کۆمەلگای تورکیدا، جگەلەوەی بابەتیکی هەمیشەیی وتوویژو لیدوانە لەدەزگاکانی راگەیاندندا. هەندێ گۆرانکاریش، بەتایبەتی لەکاتی هەلبژاردنە لقیەکانی شارەوانیدا، کەلە٤ی حوزەیران/ یۆنیۆی ١٩٩٥دا ئەنجامدران، ئەوەیان پیشان دا کەنزیکبوونەوە لەپەیوەندیی نیوان ئایینو دەولەتی عیلمانیدا هەیە، چاودیران ئەمەیان بەبەلگەیەك بۆئامادەیی بەهیزی ئایین زانی لەژیانی سیاسیدا لەلایەكو، لەلایەکی تریشەوە بەهەولدانیك بۆ لەقکردنی ئەو بنەمایانەی کەمالیزم کەدامەزرینەری کۆماری تورکیا (مستەفا کەمال ئەتاتورك) دایمەزراندن.

چاودیران دوو قۆناغ دەهیننەوە یادمان کەتیایدا بەپشتگیریی ئاشکرا یان نائاشکرای دەولەت کاروباری ئایینی ئیسلامی ئەنجامدەدران. قۆناغی یەکەم لەپەنجاکاندا بوو کاتێ عەدنان مەندریس بەسەرۆکایەتیی (حیزبی دیموکرات) دەسەڵاتی گرتە دەستو هانی دەدا مزگەوت دروستبکرێو، رێ بدرێ بەعەرەبی بانگ بدرێو پەیمانگەی ئیمامی بکریتەوە. لەکاتیکا ماوەی پاش کودەتای ١٢ی ئەیلول/ سیپتەمبەری ١٩٨٠ کرا بەبۆنەیەکی دی بۆ رەخساندنی هەلی زیاتر بۆکاریگەریی ئایینی لەسەر کۆمەلگاو یاساکان. دیارترینیشیان ئەوەبوو کەمادەی ٢٤ لەدەستووری سالی ١٩٨٢ بریاری لەسەر داو تائیستاش هەرکاری پێ دەکرێ؛ ئەویش ئەوەبوو کەوانەی ئایینیو ئاکاری لەهەردوو قۆناغی سەرەتاییو ناوەندیدا کران بەبابەتی ئیجباریو، عیلمانیەکانیش ئەمەیان بەشتیکی ناتەبا زانی لەگەڵ پرنسیپی بەعیلمانیکردنی دەولەتدا.

سەرۆکی کۆچکردوو تۆرگوت ئۆزالیش باوەری بەکرانەوەی دەولەت هەبوو بەرووی ئیسلامیەکانداو، شەخسی خۆیشی ئەوەی رەچاودەکردو لە مزگەوتەکاندا نویژی دەکرد.

ئەم کەشوهەوایە زۆر لەرکابەرانی عیلمانیەتی هان دا پەلاماری ئەو شتە بدەن کەبە(تابوو– قەدەغەکراو) دەژمێردرا، واتە کەسی ئەتاتورك خۆی. دیارترین کەسیش کەپەلاماری‌دا جێگری پێشووی حیزبی (رەفاه) حەسەن مەزارجی بوو کەبەئاشکرا جنێوی بەئەتاتورك داو داوای کرد چێدی سەردانی گۆڕەکەی نەکەن لەئەنقەرە. ئەو بانگەشانەی کەمۆرکێکی ئیسلامییان بەخۆوە گرتبوو بەتەنها لەلایەن حیزب‌و ڕێکخراوە ئیسلامیەکانەوە دەرنەچوون، بەڵکو زۆر پێشنیازی سەیر لە لایەن هەندێ هێزەوە دەخرانە ڕوو کە سەر بەحیزبە عیلمانیەکان بوون. لەو پێشنیازانەش ئەوەی نوێنەری حیزبی (ڕێگای ڕاست) یەحیا ئۆسلۆ بوو کەداوای کرد لەباخچەی کۆشکی کۆماریدا لەئەنقەرە مزگەوتێك دروستبکرێ، هەروەها پێشنیازی کۆمەڵێك نوێنەری هەمان حیزب‌و حیزبی (نیشتمانی دایك)و حیزبی (رەفاه) بۆدروستکردنی منارەیەك بۆئەو مزگەوتەی بەپەنا بینایەی پەرلەمانی تورکیەوەیە.

هەروەها مەسەلەی ئایین هەمیشە بابەتێك بووە کەسەرۆکی حکومەتی پێشوو تانسۆ چیللەر پەنای بۆبردووە، ئەوەبوو وەختێ وەکو سەرۆکی حیزبی (ڕێگای ڕاست) سەرۆك وەزیران هەڵبژێردرا لەحوزەیران/ یۆنیۆی ١٩٩٣دا، خۆشحالیی خۆی دەربڕی کەدەبینێت ئاڵایەکی تورکی (کەهیلال‌و ئەستێرەی پێوەیە) دەشەکێتەوەو لەهەمانکاتدا گوێی لە بانگ‌و قورئانە. موسڵمانەکانیش چۆن وتارەکانی خۆیان دەست پێدەکرد؛ ئەمیش بەو جۆرە میهرەجانەکانی دەست پێدەکرد.

زەقترین پەنابردنە بەر دروشمی ئاینیش لای چیللەر ئەوەبوو کاتێ سەردانی قودسی کرد لەت٢/ نۆڤەمبەری ١٩٩٤دا سەرپۆشی لەسەرکردو پاشان لەمزگەوتی عومەر کەبەرامبەر (المسجد الاقصى)یە نوێژی کرد. هەروەها لەکۆتایی ئایار/ مایۆی ١٩٩٥دا، چیللەر لەمیهرەجانێکی هەڵبژاردندا ڕایگەیاند کەهێزو توانا(لەخواوە ئینجا لەگەلەوە وەردەگرێت)و لەبەرچاوی هەزاران لایەنگری خۆی ئەو قورئانەی ماچ کرد کەبەدیاری پێی درابوو. تەنانەت (حیکمەت چەتین)ی جێگری سەرۆك وەزیران‌و سەرۆکی حیزبی گەلی کۆماری‌و، یەکەم بەرگریکەری سەرسەخت لەعیلمانیەتی تورکیا، لە٢٤ی ئایار/ مایۆی ١٩٩٤دا بەلایەنگرانی خۆی وت کە مەسەلەی پاڵیوراوی حیزب بۆ سەرۆکایەتیی شارەوانیی ئینیبۆ لۆ(دەداتە دەست خوا ئینجا دەنگدەر).

هەڵبژاردنە لاوەکیەکانی شارەوانیش کەلەسەرەتای حوزەیران/ یۆنیۆی ١٩٩٥دا ئەنجامدرا دەرفەتێك بوو بۆئیسلامیە تورکەکان تاخالی زیاتری ڕووبەڕووبوونەوەی

درێژ خایەن و کراوە بەرامبەر پرنسیپە عیلمانیەکان تۆماربکەن. هەروەها دەرفەتێك بوو بۆ حیزبە راستڕەوە پارێزگار(موحافەزەکار)ە بەبنەڕەت عیلمانیەکان؛ تادەنگی زیاتر بەدەستبهێنن.

لەسەر ئەم بناغەیە گەلێ هەوڵ درا بۆدانانی یاسای گونجاو لەگەڵ پێودانە ئاینیەکانداو، بەتاڵکردنەوەی ناواخنی پرنسیپی عیلمانیەت لەدەستووردا.

ئامانجی سەرەکیی ئەم حیزبانەش بەرامبەر بەو یاسایانەو، وروژاندنی ئەو مەسەلەیە، ڕێگرتن بووە لەحیزبی (ڕەفاه)، تا دوای بردنەوەی لەهەڵبژاردنە گشتیەکانی شارەوانیدا لە ٢٧ی ئادار/ مارسی ١٩٩٤دا؛ چیدی سەرکەوتنی تر بەدەست نەهێنێت.

## نوێژی هەینی:

یەکەمین ڕووبەڕووبوونەوەی ئیسلامی- عیلمانی لەتورکیادا بەدوای پێشنیازەکەی غەفار یاکین نوێنەری سەربەخۆی پارێزگای (ئەفیون)ی تورکیدا هات کە داوایکرد یاسایەك دابڕێژرێ بۆ بەرەسمی ناسینی پشوو لەفەرمانگە حکومیەکاندا، لەکاتی نوێژی هەینیدا؛ تاکارمەندان بتوانن نوێژەکانیان بکەن. بۆئەم مەبەستەش یاکین ئاماژەی بە مادەی ٢٤ی دەستوور کردووە کەپێ لەسەر ئازادیی بیرو، باوەری ئاینی دادەگرێت. هەڵبەتە ئەمەبووە مایەی مشتومڕیکی گەرم سەبارەت عیلمانیەتی دەوڵەت و، پەیوەندییەکانی بەئاینی ئیسلامەوەو لەئەنجامیشدا لەنێو تەوژمە ئیسلامی و عیلمانیەکاندا کەرتبوون و دابەشبوون ڕوویدا. تەنانەت ئەمە وای لەهەندێك کرد لەرابردووی تایبەتی و زانستی خاوەن پێشنیازەکە بکۆڵنەوەو دەرکەوت کەدەرچووی پەیمانگای ڕۆبێری کاسۆلیکی ی بەناوبانگە. بەڵام(یاکین)ی نوێنەر ئاماژەی بۆئەوە کرد کەلەکاتی خوێندنیدا لەو پەیمانگەیە هەر باوەری بەئاینی ئیسلام هەبووەو، وتویەتی کەسەر بەقوتابخانەکەی ئۆزالە. ئەوەشی ڕوون کردەوە کەئامانجی(رەخساندنی دەرفەتە بۆخەلك تابۆمزگەوت بچن و، گوێ لە وتاری هەینی بگرن و، لەشوێنی دروستی خۆیدا فێری پەروەردەی ئیسلامی و خواپەرستی بن).

لایەنگرانی ئەم پێشنیازەو دژایەتیکەرانی سەربەلایەنی جیاجیا بوون.

سـەرۆکی حـیزبی(نیشـتمانی دایـك) (ی عیلمـانی) مەسـعود یلمـاز(پشـتگیریی تـەواو)ی خـۆی بۆئـەو پیشـنیازە راگـەیاند. هـەروەها سـەرۆکی بزاڤـی دیموکراسـیی نویَ(کەهەر عیلمانی‌یە) جیم بۆینەر وتی ئەو پیشنیازە (لەپیداویستیەکانی دەولـەتی عیلمانی‌یە)و، (لەبنەرەتدا ئەوە پرۆژەی ئیمەیە).

ئەوەی سەیر بوو هاورایی سەرۆکی حیزبی چەپی دیموکرات بولند ئەجەوید بوو لەگەلَ ئەو پیشنیازەداو بگرە زیاتریش‌و، داوای کرد نەك هەرلەکاتی نویژی هەینیدا، بەلکو هـەموو رۆژیـك لـەکاتی نویـژی نیـوەرۆداو لەهـەموو تورکیـادا بکـریَ بەپشـووی رەسمی.

هـەروەها ئەجـەوید وتـی پیویسـت ناکـات لـەم بارەیـەوە یاسـایەك دەربکـریَ؛ بـەلکو سـەرۆکایەتیی کاروبـاری ئـاینی دەتوانـیَ بـەبریاریك ئـەوە چارەسـەر بکـات‌و مەسەلەکە(مەسەلەی رژیم یان سیاسەت نی‌یە، بەلکو مەسەلەیەکی تەکنیکی‌یە).

نـەیارانی پیشـنیازەکە دوو روانگـەیان هـەبوو: یەکـەم، دەسـتووری‌و، دووەم: سیاسی– تەکنیکی. پیشنیازەکەیان بەپیچەوانەی دەستوور لەقەلەم داو وتیان مادەی دووەم ئاماژە بـەوە دەکـات کـە(کۆمـاری تورکیـا، دەولـەتیکی حقوقـی‌ی دیموکراتـی عیلمانی‌و کۆمەلاَیەتی‌یە). ماددەی ١٤یـش ئاماژە بەوە دەکات کـەنابیَ ئازادی‌و مافـە ریپیدراوەکانی دەستوور بۆ تیکدانی یەکیتی‌ی دەولەت‌و میللـەت، یـان دروسـتکردنی دابەشـبوونی زمـانی‌و، ئیتنـی‌و، ئایینی‌و، مەزهـەبی بەکاربهینریَ. بـەپیَ‌ی دەقـی ئـەم مادەیەش نەیاران چەند پرسیاریکیان خستەروو کەدیارترینیان ئەوەبوو کەکۆمەلگای تورکـی فرە مەزهەبەو، بەسـەردوو مەزهـەبی سـەرەکیدا بەشـبووە: مەزهـەبی سـوننی‌و مەزهەبی عەلەوی.ژمارەی عەلەویەکانیش دەگاتە ١٨ تا٢٠ ملیۆن، واتە ١|٣ی ژمارەی دانیشتووان.

جیگـری سـەرۆکی حکومـەتی پیشـووش(حیکمـەت چـەتین) لەپیشـەوەی نـەیارانی پیشـنیازەکەیە تائەورادەیـەی گەیشـتە هەرەشـەکردن‌و وتـی ئەگـەر بریـار لەسـەر ئـەو پیشـنیازە بدریَ ئـەوا ئـەو ئیئتیلافـەی لـە ئارادایـە هەلیدەوەشـینمەوە، هـەروەها ئـەم پیشنیازەی بە(کودەتایەکی گەورە ژمارد کەمەبەست لی‌ی لیدانی‌پرنسیپی سـەرەکیی کۆماری‌یە کەعیلمانیەتە)، هەروەها وتی(نابیَ بەگویرەی بنـەما ئایینیـەکان ریسـاکانی دەولـەت دابریـژیـن). وەزیـری گەشـتوگوزاری پیشـووش عیرفـان غوربینـار هـەردوو

حیزبی (ریگـای راسـت)و (نیشـتمانی دایـك)ی بـەوە تاوانبـارکرد کـە(تورکیـا بـەرەو دونیایەکی تاریك رایپیچ دەکەن).

مورتەزا دیمیر سەرۆکی کۆمەلە رۆشنبیرییە(عەلەویەکان)ی پیر سولتان عـەبدال- یش رایگەیاند کەحیزبە راستەکان ئامانجیان کۆکردنەوەی خالّو بەکارهینانی ئایینـە بۆئامانجی سیاسی، هەروەها (رەفاه)ی بەوە تاوانبار کرد کەپرنسیپی (التقیة) پیادە دەکاتو، خۆی ئامادە دەکات تابەشەریعەت حوکمرانیی ولاّت بکات.

وەسفی دەستووریشـی وەها کـرد کـە(بەروالـەت) ریکخـراوە ئایینیـەکان قەدەغـە دەکات، ئەگینا لەراستیدا (رژیمیکی شەرعییە).

بیرمەندی عیلمانیش تۆقاتمیش ئاتیش وای لەقەلەم دا کە مەبەست لەو پیشنیازە ناوبراوە پیوانەی کاردانەوەکانە(سەندیکا چەپە توندرەوەکان لەکاتی نویژی هەینیدا کۆبوونـەوەی خۆیـان دەبرِیو، مارکسیسـتیکیش نـەیدەوت: چیمـان لـەوە داوە. واتـە پشووەکە وەکو واقیعیك هـەبوو، ئیستـاش ئامانجەکـە خواردنـی تـریّ نییـە، بـەلکو کوشـتنی رەزەوانەکەیـە) لـەم چوارچیوەیەشـدا مامۆسـتای زانسـتە سیاسـیەکان لـەزانکۆی ئەنقـەرە دۆغـو ئـەرغیل وتویـەتی کـە(بواری بـاوەر ئـازادە. ریگرتنیـش لیّ پیچەوانەی عیلمانیەتە).

بیرمـەندی ئیسـلامیی ناسـراو عـەبدولرەحمان دیلیبـاقیش رایـەکی دیـاریکراو ناخاتەروو، بەلکو تەنها ئاماژە بۆ(مەترسیی گەورە)ی ئـەم جـۆرە گفتوگۆیانـە دەکات کەدەشیّ گۆلمـەزیان لیّ بکەویتـەوە. بـەلاّم سـەرۆکایەتیی کاروبـاری ئـایینی رەخنـەی لەپرۆژەی ئەو یاسایە گرت لەبەرئـەوەی هـەینی خـۆی لەبنـەرەتدا لـەئایینی ئیسـلامدا رۆژی پشووەو، پیویست ناکا یاسای بۆدابنریّ.

## ئایا سۆفیا

مەسـەلەی مزگـەوتی ئایـا سـۆفیای بـەناوبانگیش بابـەتیکی گـەرموگوری تـری رووبەرووبوونەوەی نیوان هەردوو تەوژمی ئیسلامیو عیلمانی بوو. لەکۆتایی ئایاری ۱۹۹۵دا حیزبی (رەفاه) پرۆژەی یاسایەکی بۆسەرلەنویّ کردنـەوەی مزگـەوتی ئایـا سۆفیای خستەروو تاخواپەرستیی تیا بەجیّ بهینریّ.

ئەم داوایــە بــووە مایــەی مشــتومڕیکی گــەرمو بارەکــەش زیــاتر گرژبــوو وەختــێ وەزارەتی ڕۆشنبیری ڕێی بەتیپیکی هونەریدا تا لەباخچەی مزگەوتی ئایا سۆفیادا ئاهەنگیکی سەما سازبکەن. لەرۆژی دیاریکراودا، واتە لە٢٧ی ئایار/ مایۆی ١٩٩٥دا، لەلایــەن کۆمــەلیك ئیســـلامیەوە خۆپیشـــاندانیك تامزگەوتەکــە ســـازکرا تـــارێ لەپیشکەشکردنی ئاهەنگەکە بگرنو، پاش پیکدا هەلپژان لەگەڵ پۆلیسداو گرتنــی هەندیکیان لەو کارەیاندا سەرکەوتن. ڕۆژنامەوانی باوەگۆ(التعلیق) نووسیش ئیلینـۆر چیفیك ئەوەی ڕاگەیاند کــەدەبێ وریــایی هــەبێ نــەوەکو تورکیــا بخریتــە(مەترســی ڕاستەقینە)وەو کەشو هەوای لیخۆشبوون (التسامح) بفەوتینرێ.

لەریپیوانیکیشدا کەشــارەوانیی بــای ئۆغلــۆ لەئەســتەموول بەبۆنــەی یــادی ٥٤٢ سالەی ئازادکردنی ئەستەموولەوە ریکیخست، کۆمەلیك دروشم بەرزکرانەوە کەداوای کردنەوەی مزگەوتی ئایا سۆفیایان دەکرد بۆخواپەرستی، کاتی خۆی مستەفا کەمال ئەتاتورك لەسالی ١٩٣٤دا ئەم مزگەوتەی کردبوو بە مۆزەخانەو ڕۆژانە ٦تا٧ هەزار گەشتیار ڕوویان تێدەکرد. بەرگریکاران لەگۆڕینی ئەم مزگەوتە بۆمۆزەخانە دەلین: بڕیارەکەی محەمەد ئەلفاتح کەکلیسای کرد بەمزگەوت بەبێ ئەوەی ناوە ئەسلیەکەی بگۆڕیت؛ نیشانەیەکە بۆلیکبوردن، بڕیارەکەی ئەتاتورکیش لەگۆڕینی ئەم مزگەوتەدا بۆ مۆزەخانە نیشانەیەکە بۆلیکبــوردن لەگــەڵ ئیســلامو مەســیحیەتداو هیشــتنەوەی وەکو شوینیك بۆسەردانی هەردوولا.

لەکۆتایی ئایار/ مایۆی ١٩٩٥دا نوینــەرانی حیزبی(ریگــای ڕاســت)و (نیشــتمانی دایك)و (ڕەفاه) لەسەر شتیك ریکەوتن کەبەرواڵەتیك لەڕواڵەتەکانی بەئیسلامیکردنی دەولــەت دەژمیردرێ، ئــەویش زیــادکردنی پاشــکۆیەك بــوو بــۆ یاســایەکی باجدانــان کەباج لەسەر وەبەرهینانو کۆمەکی تایبەت بۆدروستکردنی مزگەوت کەمدەکاتەوە. پەرلــەمانیش پیشــتر کــاتی کــارکردنی بــەجۆریك دیــاری کردبــوو کەلەگــەڵ وادەی ڕۆژووشکاندندا کۆتایی بیت.

دواشتیش لەبواری مشتومڕی ئیسلامی– عیلمانیدا کەڕوویدا داواکەی نوینــەری ئەنقــەرەی ســەربەحیزبی (نیشــتمانی دایــك) وەهبــی دینچیلـــەر بـــوو بـــۆ کردنـــەوەی دانیشتنەکانی پەرلەمان بەئایەتی قورئان. ئەوەبوو لەلایــەن حیزبی (ڕەفاه)و هــەندێ نوینــەری حــیزبی (ریگـــای ڕاســـت)ەوە پشـــتگیری لـــەم پیشـــنیازەکراو، دینچیلـــەری

نوینەریش بەوە تاوانبار دەكرێ كەژمارەیەكی زۆر (كارمەندی ئاییندار)ی لەوەزارەتی پەروەردەی نیشتمانیدا دامەزراندووە وەختێ لەوێ وەزیر بووە.

هەروەها ئەو مامۆستایانەی حەز بەچوون بۆحەج دەكەن هان دەدرێن و هیچ لەمووچەشیان نابررێ و، ئەمەش دنەدانیكە بۆ بلاوكردنەوەی هەستی ئاینی لای توێژیك لەكارمەندانی سەربەدەولەتی عیلمانی.

هەندێ لەچاودێرانیش وایان لەقەلەم دا كەبریارەكەی دادگای ئاسایشی دەولەت لە٢٧ی ئایار/ مایۆی ١٩٩٥دا بەوەی ئۆبالی رووداوەكانی سیواس كە لە٢ی تەمموز/ یۆلیۆی ١٩٩٣دا روویانداو ٤٠ رۆشنبیری تیاكوژرا، خستیە ئەستۆی نووسەر عەزیز نەسین(لەتەممووزی ١٩٩٥دا مرد) گوایە لیدوانەكانی بوونەتە مایەی ئاژاوە، ئەمەش نیشانەیەكە لەنیشانەكانی موجامەلەی دەولەت بۆ تەوژمە ئیسلامیەكانی ولات، گەرچی عەزیز نەسین بەموعجیزە لەدەستی ئەو خۆپیشاندەرانە رزگاری بوو كەهیرشیان كردەسەر ئەو ئوتیلەی كۆنگرەیەكی رۆشنبیریی تیابوو و دەیانویست نەسین بسووتینن.

ئەم جۆرە پیكداهەلپژانانە ناوبەناو مەسەلەی شوناس و ئینتیما لەولاتیكدا دەوروژینیت كەپرە لە ناكۆكی و دیاریكردنی پاشەرۆژی شتیكی ئاسان نیە. كیشەی سەرەكیی كەمالیزمیش ئەوەیە كە خەریكە دەبێ بە"تابوو"یەك وەكو كۆمۆنیزم و فاشیزم و نازیزم، بەبێ رەچاوكردنی ئەو گۆرانانەی دوای جەنگی سارد و هەرەسی كۆمۆنیزم و، ئەو گۆرانە ریشەییانەی بەسەر كۆمەلگای توركیدا هاتن.

یەكیك لەوهۆیە سەرەكیانەی وای لە توركیا كردووە نەتوانیت رۆلیكی بەهیزی گونجاو لەگەل وزەو توانایدا ئەنجامبدات ئەوەیە كە ئەو گۆرانكاریە كۆمەلایەتیە گەورانەی تیایدا روویانداوە هاوكات نەبوون لەگەل گۆراندا لەبونیادی دەولەت و، یاساكانی و، میكانیزمی كاركردنی و، مامەلەی لەگەل واقیعی گۆراودا.

لەنیوان دینامیكیەتی كۆمەلگاو وەستاویی دەولەتدا، ئەم ململانێ توند و تیژەی هیزە دژ بەیەكەكان هەربەردەوام دەبیت، لەسەرووشیانەوە ململانێی نیوان تەوژمی عیلمانی و تەوژمی ئیسلامی.

# ٧-شیخ جەمالەدین قوبلان:
# خەلیفە یان خائین

"خومەینیی توركیا مرد"، كاتێ شیخ جەمالەدین قوبلان لە١٥ی ئایاری ١٩٩٥دا لەشاری كۆلۆنیای ئەلمانیادا مرد، رۆژنامەیەكی توركی بەوجۆرە گوزارشتی لەمەرگی كرد. مردنەكەی قوبلان بۆنەیەك بوو بۆ رۆشنایی خستنەسەر یەكیك لەدیارترین سیمبولەكانی بزاڤە ئیسلامیەكانی توركیا لەم سالانەی دواییدا. گەرچی ناوبانگی سنووری ولاتی خۆی بەزاندووە، بەلام بەپێی پیویست نەگەیشتۆتە رایگشتیی عەرەب.

**شیخ قوبلان كێیە؟**

ژیانی ئەم پیاوەو بیروراكانیگەلی تایبەتمەندیو سەمەرەیی بەخۆوە گرتووە. سالی١٩٢٦ لەدێی دینگیز لە قەزای ئەسبیری سەربەپاریزگای ئەرزەرووم لەدایكبووە. هەر لەمنالیەوە لەسەر دەستی باوكی فیری زانستەكانی قورئانو زمانی عەرەبی بووەو، باوكی زانابووە. لە كۆلیژی زانست لە ئەنقەرە دریژەی بە خویندن دەداو، سالی ١٩٦٦ تەواوی دەكات. وەكو پشكنەریك لە"سەرۆكایەتیی كاروباری ئایینی" كە تایبەتە بە كاروباری موسلمانەكان لەتوركیادا؛ كاری كردووەو، دواتر بووە بە بەریوەبەری كاروباری تایبەتی تیایدا. هیندەی نەبرد بوو بە جیگری سەرۆك. لەم ماوەیەداو لەسالی ١٩٦٦وەتا سالی١٩٨١بووبە موفتیی ئەدەنە. پاشان دەستی لەهەموو ئەو كارانە كیشایەوە تا خۆی بۆ هاوكاریكردن لەگەل سەرۆكی حیزبی سەلامەتی نیشتمانی نەجمەدین ئەربەكان دا تەرخانبكاتو، پشتیوانی لە ریكخراوی"تیروانینی نیشتمانی"ی سەربە حیزب بكەن لە ئەوروپاداو، بەتایبەتیش لە ئەلمانیادا. هەربەراستیش قوبلان دوای ئەوەی بۆ نوینەرایەتیی حیزبی سەلامەتی نیشتمانی هەلبژیردرا لەسالی ١٩٧٧دا لە ئەرزەرووم‌و شكستی هینا، بەرەو ئەلمانیا چووو، لەبەر ئەوەی شارەزایی لە مەسەلەكانی فیقهداهەبوو؛ لە ریكخراوی"تیروانینی نیشتمانی"دا كرا بەسەرۆكی لیژنەی رینوینی فەتوا.

## دەولەتیك و خەلیفەیەك و بالویزخانەیەك

سالی ١٩٨٣ویستگەیەکی جیاکەرەوە بوو لە ژیانی قوبلاندا، لەو سالەداو لەسەر بانگهیشتی ئایەتولا خومەینی سەردانی ئیرانی کرد. هەر دوای سەردانەکە قوبلان لە ئاب/ ئۆگستۆس ی هەمان سالدا وازهینانی خۆیلە"تیروانینی نیشتمانی" راگەیاندو دەستیکرد بەبانگەشە بۆ دامەزراندنی دەولەتیکی ئیسلامی لە تورکیادا. ئەمەش بووە هۆی ئەوەی لە١١ی تەمموز/یۆلیۆی١٩٨٤دا رەگەزنامەی تورکیی لیبسەنندەوە.

ئەمە سەرەتای ناوبانگی قوبلان بوو وەکو سیمبولیك لە سیمبولەکانی ئیسلامی رادیکال لەتورکیادا. ئەوەندەشی پیّ نەچوو ناوی بنەمالەکەی لە"قوبلان"ەوە( کەبەمانای پلنگ دیّ) گۆری بۆ"خواجە ئۆغلو"، لەبەر ئەوەی بەرای ئەو مرۆڤ "لە وەچەی گیانەوەر نییە تاناوی گیانەوەران لە خۆی بنیت". لەسالی١٩٨٥دا قوبلان توانیی مافی پەنابەریی سیاسی لەحکومەتی ویلایەتی رین و ستفالیای باکوور لە ئەلمانیا وەربگریت. پاش ئەوە دەستی بەشالاویکی چرکرد دژبەتورکیا و ئەتاتورکیەت، ئەمەش وای لە کەنعان ئیفرین(سەرۆکی پیشووی کۆماری تورکیا)و دەزگای راگەیاندنی رەسمی تورکیا کرد بە هەمان ناتۆرە ناوی بهینن کەجارانیش دەیانهینا ئەویش"دەنگی رەش"لەسەر کیشی"بازاری رەش"ە، چونکە کردەوەو لیدوانەکانی دژبە یاسای تورکیا بوون. لەهەمان سالدا قوبلان"یەکیتیی کۆمەلەو گروپە ئیسلامیەکان"ی دامەزراند کە ٨٠٪ی لایەنگرانی ئەربەکان روویان تیکرد. شیخ قوبلان لەم شەرەیدا دژبە رژیمی تورکیا بەردەوام بووو لەسالی ١٩٨٧دا دامەزراندنی"دەولەتی ئیسلامیی فیدرالیی ئەنادۆل"ی راگەیاندو خۆی کرد بە خەلیفەی و، کردنەوەی یەکەم"بالیۆزخانە"شی لە بەرلین راگەیاند. قوبلان لایەنگرانی"دەولەتەکەی"ناو دەنا"هاوولاتیانی ئەم دەولەتە". بەلام سەرکەوتوویی ئەربەکان لەسەرلەنویّ بنیاکردنەوەی "تیروانینی نیشتمانی" لەئەلمانیاو ئەوروپاداو، لەمپەرخستنە چالاکیەکانی لایەنگرانی قوبلانەوە لە تورکیادا، هۆکاریکی سەرەکی بوو لە کەمکردنەوەی تواناو قەلەمرەوی قوبلانداو، تەکینەوەی زۆربەی لایەنگرانی. هەروەها پەیوەندیی خۆشی لەگەل ئیراندا هۆکاریکی تری دروستکردنی ئەو گومانە بوو لەنیو لایەنگرەکانیدا سەبارەت نیازو ریرەوی.

## شۆڕشێکی ئیسلامی

قوبلان داوای کرد شۆڕشێکی ئیسلامیی وەك ئەوەی ئێران لەتورکیادا بەرپابکرێو بە پێشەوایەتیی "ئیمام"(واتە قوبلان خۆی). یەکێك لە ئامانجە سەرەتاییەکانیشی رووخاندنی رژێمی کەمالی(نیسبەتەن بۆ کەمال ئەتاتورك) لەتورکیاداو، دامەزراندنی رژێمی شەریعەت بوو. باوەری بەوەش بووکە ئەو ئامانجە لەرێی"پروپاگەندە"و بانگەشەوە دەبێ، هەروەکو چۆن کاتی خۆی خومەینی لە مەنفادا لەعیراق وایدەکرد. هەربۆیە قوبلان بۆ ئەوە زۆر پشتی بە کاسێتی تۆمارکردن و ڤیدیۆ دەبەست. پەیوەندیشی بەئێرانەوە شتێکی ئاشکرابوو، ئەو وەعزو گوتارانەی بۆتورکی وەردەگێرا کەپیاوانی ئایینی لەئێران دەیانخوێندەوە، قوبلان ئەمانەی لە سەرکاسێت تۆمار دەکردو لەناو ئەلمانیاو تورکیادا پەخشی دەکردەوە.

قوبلان پیاوانی ئایینی بەکۆڵەکەی شۆڕشی ئیسلامی دەزانیت. بۆیە زۆر تەقەلای دا تا پیاوە ئایینیە تورکەکان هان بدات تا واز لە "سەرۆکایەتیی کاروباری ئایینی" بهێنن. دەیوت: "وابەستە بوونی پیاوی ئایینی بەدەولەتێکی عیلمانیيەوە بەرەو دۆزەخمان دەبات)، ئەمە لەکاتێکا قوبلان خۆیشی تاسالی ١٩٨١ لەسەرۆکایەتیی کاروباری ئایینیدا کارمەند بوو. قوبلان دەیوت پەنجا هەزار مزگەوت لەتورکیادا هەیەو ئەمەش واتە پەنجا هەزار ئیمام(پێویستە ئەمانە راپەڕن، شۆڕش هەلگیرسێنن، ئیدی ئەو کاتە گەلیش شۆڕش هەلدەگیرسێنیت) لەم چوارچێوەیەشدا قوبلان دژ بەوە بوو هەولبدرێ لەرێی حیزبەوە دەست بەسەر دەسەلاتدا بگیرێ، لەبەرئەوەی دیموکراسیەت (بەرهەمێکی ماسۆنییە)و، دەنگدانیشی بە(گوناه) لەقەلەم دەداو، دەیوت ئەوەی ئەو گوناهە بکات ئیمانی لەدەست دەدات.

## (هەلوەشاندنەوە)ی پەرلەمان

قوبلان شەرێکی سەختی لەگەڵ سەرکردەکانی تورکیادا کردو کەس لەشالاوی رەخنەکانی دەرنەچوو. ئەو خۆی هەلوەشانەوەی پەرلەمانی تورکیای راگەیاند بوو، سەرکردەکانی تورکیاشی بە(دووروو وکافر) دەزانی، هەر لەئەجەویدو ئینۆنۆوە

تایلمازو دیمیریلو تەنانەت ئەربەکانیش. کاتێ تانسۆ چیللەر بوو بەسەرۆکی حکومەتیش لەحوزەیران/ یۆنیۆی ١٩٩٣دا، قوبلان وتی: (ئەوەی حوکمرانەکەی ئافرەت بێ، سەرناکەویت). هەروەها قوبلان سەرۆك کۆماری ئیستای تورکیا (سولەیمان دیمیریل)ی بەوە تاوانبارکرد کە(ماسۆنی)یە.

## فەتوای کوشتنی عەزیز نەسین

قوبلان گەرچی دەلێ بەشیوەیەکی گشتی لەئیسلامدا کوشتن نییە، بەلام لەگەڵ ئەوەدایە لەری فەتواوە کافران بکوژرین. لەم روانگەیەشەوە فەتوای حەلالکردنی کوشتنی ئەدیبی ناسراوی تورك(عەزیز نەسین)ی دەرکرد لەبەرئەوەی رۆمانی (ئایەتە شەیتانیەکان)ی سەلمان روشدیی بۆتورکی وەرگیراوە. هەروەها لەرێی (بلاوکردنەوە)ی بانگەشەی ئیسلامییەوە رایدەگەیەنیت کە هەلگرتنی چەکیش لە(دواقۆناغ)ی شۆرشدا پیویستە. هەموو کەسیکی سەر بە(سوپای شۆرشی ئیسلامی) دەبێ بەسێ قۆناغدا بروات: یەکەم (قۆناغی قوتابخانە) تافیری ئایینو گویگرتن لەئیمامەکان بیت، پاشان (قۆناغی کۆلیژ)یان پیگەیاندنو راستکردنەوەی موسلمانو راهینانی لەسەر سەختیی ژیان. دواجاریش(قۆناغی سەنگەر) واتە مەشقکردن لەسەر بەکارهینانی چەك. برینی ئەم سێ قۆناغەش(بەرەو بەهەشتمان دەبات) هەروەکو قوبلان دەلیت:

زۆر کەس دەلین شوبهاندنی قوبلان بەخومەینی زیدەرۆیی تیایە، چونکە خومەینی خاوەنی جەماوەریکی فراوان بوو، بەپیچەوانەی قوبلانەوە کەتەنها چەند هەزار کەسیك بەدەوریەوەن. لەو سالانەی دواییشدا لەنیمچە خەلوەتیکدا دەژیا لەکۆلۆنیاو، لەپیشەوای تەریقەتیکی ئایینی دەچوو، نەك لەسەرکردەی شۆرشیکی ئیسلامیو میللی لەولاتیکی ئیسلامیی گەورەی وەکو تورکیادا. هەندیکیش بروایان وایە کە سەرۆکی پیشوو ژەنەراڵ ئیفرین وینەی قوبلانی بەو جۆرە گەورە کردەوە تاپتر جەخت لەسەر عیلمانیەتی رژیم بکات دژ بە نەیارانی، بەتایبەتیش دوای ئەوەی هەندێ لەعیلمانیەکان ژەنەراڵ ئیفرینیان بەوە تاوانبار کرد کەموجامەلەی بزاڤە ئیسلامیەکانی ناوتورکیا دەکاتو، هەرئەویش بوو لەدەستووری ١٩٨٢دا ماددەیەکی زیادکرد، کەبەگویرەی ئەو ماددەیە دەبێ فیرکردنی ئایینی لەقوتابخانەکاندا بچیتە

پرۆگرامەوە. دەلین ئیفرین چاودیریی چالاکیەکانی قوبلانـی دەکـرد لەئـەلمانیاداو، بـەدەزگاکانی راگـەیاندنی تورکیـادا بلاویدەکـردەوە تامەترسـیی ئـەو (دەنگەرەشــە) بخاتـەروو و ئـەو گومانانـەش ســەبارەت بەعیلمانیــەتی خـۆی برەوینیتــەوە کـەلای خەلکانیك دروست ببوون.

وینەی قوبلان تەنها لەژیانیدا گەورە نەکرایەوە، بەلکو هەرئەوەندە هەوالی مردنی گەیشتەوە تورکیا؛ هەندێ لیپرسراوان ویستیان سوود لەوە ببینن. ئەوەبوو تانسۆ چیللـەر رایگـەیاند کەدەشــێ خیزانەکـەیان ببینیــت، ئەمــەش وا لیکدرایــەوە کـەبۆ وەدەستهینانی هەندێ دەنگە لەهەلبژاردندا.

قوبلان لەئەلمانیا مرد، بـەلام تەرمەکـەی لەئـەرزەرۆم، لـەتورکیادا لـە١٩ی ئایـار/ مـــایۆی ١٩٩٥دا نیـــژرا، گـــەرچی رەگەزنامـــەی تورکـــی ی لەدەســـت دابـــوو. کەدەسـەلاتدارانی تورکیا رییـان بەهینانـەوەی تەرمەکـەی قوبلان دا؛ ئەمـە سـەرلەنوێ بووەوە هۆی مشتومر لەسەر هینانـەوەی ئیسك و پروسکی (نـازم حیکمـەت)ی شاعیر لەمۆســکۆوە بۆتورکیــا. بیــانووی دەســـەلاتدارانی تورکیــش بــۆ رێ پــێ نـــەدان بەهینانەوەی ئیسك و پروسکی نازم حیکمەت بۆ نیشتمانەکەی ئەوەبوو کەلەسەرەتای پەنجاکاندا رەگەزنامەی تورکی ی لی سەنرابۆوە.

قوبلان وەسیەتنامەیەکی نووسراوی دوای خۆی جێ نەهیشت، بـەلام بەرلـەمردنی مـەتین موفتـی ئۆغلـۆی کوری بـە(خەلیفـە) دەسنیشـانکرد. دوای مردنـی لایـەنگرانی بەیاننامەیـەکیان بـەئیمزای (ئەنجومـەنی شـوورای دەولـەتی خەلافـەت) بلاوکـردەوە، کەتیایدا هاتبوو "نابێ موسلمانان بۆتاقە سەعاتیك چی‌یە بەبێ خەلیفە بميننەوە. هەربۆیـە مـەتین موفتـی ئۆغلومـان وەکـو خەلیفـە هـەلبژارد) کورەکەشـی کەلـەکۆلۆنیا نویژی لەسەر تەرمەکەی باوکی کرد جەختی لەوە کردەوە کەلەسـەر ریگاکەی باوکی بەردەوام دەبێ و (ئەوشتانە ئەنجام دەدەین کەئـەو ئـەنجامی دەدان، یـان دەیویست ئەنجامیان بدات و، هەرچی‌یەکیشم لەتواناداپە دەیکەم).

لـەکاتی بەریکردنی تەرمەکـەی قوبـلان دا لایـەنگرەکانی ئـەو هوتافانـەیان دەکیشـا کەداوای لەناوبردنی رژیمی عیلمانی دەکەن، ئەمەش وای لـەوەزیری نـاوخۆی تورکیـا (ناهید مەنقشیە)کرد کە قوبلان بە(خائینی نیشتمان) لەقەلەم بدات.

ئائەمەیە تورکیا، ئەو ولاتی ناکۆکییانەی کەلانی کەم بەم زووانە ئارامی بەخۆیەوە نابینیت.

## بەشی سێیەم

# کۆمەڵێك کورد

# کەبەدوای نەخشەیەکدا دەگەڕێن

# ١-مەسەلەی کورد
# یان ئەو سەبەتە خوێنەی کەپڕ نابێت

سەرۆکی حکومەتی تورکیا تانسۆ چیللەر لەهەندێ لێدوانیدا[1] باسی ئەوەی کردووە کە دەشێ هەندێ مافی رۆشنبیری بدرێ بەکەمینەی کوردی لەتورکیادا کەژمارەیان لە١٢ ملیۆن زیاترە، ئەو شتەی کەبەر لەساڵێك خۆی وتبووی[2] بۆ والاکردنی دەرگای گفتوگۆ سەبارەت رێپێدان بەپەخشی تەلەفزیۆنیو رادیۆیی بەزمانی کوردیو، وتنەوەی زمانی کوردی وەکو بابەتێکی ئازاد لەو ناوچانەدا کەکوردی زۆر لێیە. ئەم هەوڵەش لەکاتی خۆیداو لەلایەن سەرۆك کۆمار (سولەیمان دیمیریل)و سەرۆکایەتیی ئەرکانی سوپاو هەندێ نێوەندی حیزبییەوە رەت کرایەوە.

هەروەها ئەو هەوڵەی چیللەر بۆچوونە پێشەوە لەچارەسەرکردنی مەسەلەی کورددا(کەهەر قسەبوو و نەچووە بواری پراکتیکەوە)سەرۆکی کۆچکردووی تورکیا تورگۆت ئۆزالمان دێنێتەوە بیر کەهەوڵیدا بەرووی (بیروباوەڕی) سیاسیی نوێی وەهادا بکرێتەوە کە بۆ یەکەمجار لەسەردەمی کۆماریدا دەبنەمایەی چارەسەرکردنی مەسەلەکە بەشێوەیەکی ئاشتیخوازانەو واقیعیانە. بەڵام مەرگی کتوپڕی ئۆزال لە١٧ی نیسان/ ئەپریلی ١٩٩٣دا هەموو شتەکانی هێنایەوە سەرسفر.

لەڕاستیدا هەر لەو کاتەوەی پرزۆڵەکانی دەوڵەتی عوسمانی لە"کۆماری تورکیا"دا کۆکرایەوە، مەسەلەی کورد لە تورکیادا کێشەیەکی زیندوو بووەو گەر بۆ ماوەیەکیش کپ بووبێت؛ ئەوەندەی نەبردووە دیسانەوە تەقیوەتەوە. بەمجۆرە

---

[1] چیللەر وتی: " وەکو شتێکی بنەڕەتی زمانی تورکی زمانی ڕەسمیی دام و دەزگاو قو تابخانەو تەلەفزیۆنە ڕەسمیەکانە. لە دەرەوەی ئەوە دەبێ هەموو شتێك ئازاد بێت. بەڵام دەبێ بەئازادییەوە گفتوگۆ لەسەر ڕێگەدان بە فێرکردن و پەخشی کوردیبکەین. ئەم مەسەلەیەش وردە وردە دەخەینە خشتەی کارەکانمانەوە. ئەگەر پێویستیش بوو گۆڕانکاری لە دەستوورو یاساکاندا بکەین، ئەوا لێی دەکۆڵینەوە". "النهار" ١٩٩٤/٧/٨.

[2] ڕۆژنامەی "جمهوریەت"ی تورکی ١٩٩٣/٧/١٣.

لەساڵی٥دا شۆڕشی شێخ سەعید بەرپابوو، گەرچی روخسارێكی ئایینیی بەخۆوە گرت دژبە رەفتاری دوژمنكارانەی ئەتاتورك بۆ ئیسلام، هەروەها راپەڕینەكەی ئاگری لەنێوان ساڵانی١٠دا، پاشان راپەڕینی دەرسیم لەساڵی١٩٣٧دا، كەدواتر بۆ ئەوەی ناوی بسڕرێتەوە؛ ناویان نا"تونجیلی". ئەنجامی ئەم راپەڕینانە كەلەلایەن سوپای توركیەوە بەشێوەیەكی دڕندانە سەركوت كران هەزاران كوژراووبریندار بوو. گەرچی لەو دەیان ساڵەی پاشتردا یاخیبوونیتری وەها گەورە روویان نەدا؛ بەڵام"هۆشیاریی كوردی"[٣] بەتایبەتیش لەحەفتاكاندا لەكۆمەڵێك كۆمەڵەو حیزبی چەپدا بەرجەستەبوو، ئەمە جگە لە بەرزبوونەوەی دەنگی رۆشنبیرانی كوردو، لەسەروو هەمووشیانەوە رۆژنامەوانی ناسراو چەتین ئەڵتان و شاعیر مووساعەنتەرو ئەدیب محەمەد ئەمین بوزئەرسەلان و كەمال بورقای سیاسەتمەدار.

دوا ئەڵقەی هەوڵدانیش بۆ گوزارشتكردن لە شوناسی كورد لەتوركیادا، دامەزراندنی پارتی كرێكارانی كوردستان (Partiya KarKeren Kurdistan)ە كە كورتكراوەكەی PKKیە لە ٢٧ت٢/نۆڤەمبەری ١٩٧٨[٤]دا.

لە١٥ی ئاب/ ئۆگستۆس ی ساڵی ١٩٨٤یشدا ئەو حیزبە یەكەمین ئۆپەراسیۆنی سەربازیی خۆی دژبە سوپای توركیلە قەزای"ئەروح"لە پارێزگای سەعرت دا ئەنجامداو، بەوە سەرەتای چالاكیی چەكدارانەی دژبە دەوڵەتی توركی راگەیاند[٥].

لە ١٥ی ئاب/ ئۆگستۆس ی١٩٨٤ەوە لەتوركیادا قۆناغێكی توندوتیژیی بێوێنە لەنێوان سوپای توركی و چەكدارە كوردەكاندا هەیە،كەبووەتە مایەی كوشتن و بریندار كردنی هەزاران كەس لەهەردوولا[٦]. لەگەڵ بەرزبوونەوەی رادەی

---

[٣] كوردەكان لەلایەن دەوڵەتەوە بە "توركەكانی شاخ یا توركە كێویەكان" ناو دەبران.

[٤] بەردی بناغەی PKK لە نیسان / ئەپریلی ١٩٧٣دا لەلایەن عەبدوڵا ئۆچەلانەوە دانرا؛ كە ئەودەمە لە كۆلێژی زانستە سیاسیەكان لە ئەنقەرە قوتابی بوو.

[٥] ئۆچەلان لە تەمموز / یۆلیۆی ١٩٧٩ دا توركیای بەرەو لوبنان جێ هێشت و لەوێ لە دەشتی بیقاع ئۆردوگای مەشقی بۆ كادیرانی حیزبەكەی كردەوە.

[٦] بەتەنها زیانەكانی ساڵی ١٩٩٢ (بەپێی ئاماری دەوڵەت) ١٥٧٥ تورك بوو بەرامبەر ٢٦٥٠ "تیرۆیست"، هەروەكو دەزگاكانی راگەیاندن وا ناوی چەكدارانی پەكەكە دەهێنێت. گۆڤاری "یەنی فوروم"ی مانگانە كە بە توركی دەردەچێت. (ك ١ / دێسەمبەری ١٩٩٣).

رووبەرووبوونـەوەو زۆربوونـی گـیروگرفتو نائـارامیدا، دەسـەڵاتی توركـی ویسـتی لەڕێی ئەنجامدانی زنجیرەیەك كاری ئاسایشیو پرۆژەی ئابوورییەوە لە ناوچەكانی خۆرهەڵاتی ئەنادۆڵ كە كوردنشینن كێشەكە لە خۆبگرێت(ئیحتیوای بكات)[٧].

لــەرووی ئاسایشــیەوە، ســاڵی١٩٨٥،واتــە ســاڵێك دوای دەســتپێكردنی ئۆپەراسیۆنەكانی PKKسیستمی" پـارێزەرانی گوندەكـان" (واتـە جـاش–و–) هاتـە ئاراوە،كە بریتین لەو گروپە چەكدارانەی لە عەشیرەتە كوردەكانو پیاوی دەوڵـەتنو ئــەركیان پاراســتنی گوندەكــانی باشــووری خۆرهەڵاتــە لەهێرشــەكانی جەنگاوەرانیPKK. لە كۆتایی ساڵی ١٩٩٣دا ژمارەی ئەم پاسەوانانە خۆی لە چل پـەنجا هەزاركـەس دەدا[٨]. ئەمانـە مووچـەی مانگانـە لەدەوڵـەت وەردەگـرن، بـەبڕی ملیارو دووسەد ملیۆن دۆلار ساڵانە كەدەدرێ بەسەرۆك عەشیرەتەكانو ئەوان خۆیان مووچە بەو پاسەوانانە دەدەن دوای ئەوەی بەشێكی زۆری بۆ خۆیان لێ هـەڵدەگرن. بوونـی ئـەم"جاشـانە" مشـتومڕێكی لـەناو توركیـادا دروسـتكردووە سـەبارەت بـە كـەڵكیان لـەڕێگرتن لـە"تـیرۆر"ی كـوردیدا. تەنانــەت قەناعــەتێكی لای هــەندێك خولقاندووە كە ئەم پاسەوانانە بۆ ئەوەی بیانوو بۆ درێژەپێدانی خۆیان بهێننـەوە ئاسانكاری بۆ بزووتنەوەی "تیرۆر" دەكەنو بوونەتە دەزگایەك كە بووەتە سەرچاوەی چڵكاوخۆرییەك كەدواتر هەڵوەشاندنەوەی دەبێتە مایەی گـیروگرفتی كۆمەڵایـەتی. دەوڵەتیش دەرك بەمە دەكات.هەر بۆیە سیستمی جاشێتی هەربەتەنها رێكخراوێكی ئاسایشی نییە،بەڵكو بووەتە پێداویستیەكی ئابووری–كۆمەڵایەتیو مووچە دەدرێ بـە بــەقاڵو دوكــاندارو قەســابەكانو ئەمــەش جــۆرە بووژانەوەیــەكی ئــابووری لەناوچەكەدا دروست دەكاتو بەشێوەیەكی كەم كێشەی بێكاری چارەسەر دەكات.

---

[٧] تائێستاش ئەدەبیاتی سیاسیی تورك بۆ ئەوە خۆی لە بوونی "مەسەلەی كورد" لە توركیادا بپارێزێت، زاراوەی "مەسەلەی باشووری خۆرهەڵات" یان "مەسەلەی هەرێمەكە" بەكاردێنێت. لە كاتێكا PKK بە "كوردستانی باكوور" ناویدەبات بەرامبەر "كوردستانی باشوور" كە مەبەست لێی باكووری عێراقە.

[٨] "یەنی فوروم" (ك ١ / دێسەمبەری ١٩٩٣) ل ٦ . هەروەها گۆڤاری "نوقتە"ی هەفتانە (٥ ١١ حوزەیران / یۆنیۆی ١٩٩٤) كە ژمارەكە بە ٥١٤٥٠ پاسەوان دەخەمڵێنێت.

هەر بۆیە دەوڵەت لە زمانی پارێزگاری هەرێمی"باری نائاسایی"ەوە ئۆناڵ ئەركان پاسەوانانی گوندەكانی سەبارەت بە پاشەڕۆژیان دڵنیا كردۆتەوە كە بە كۆتایی هاتنی"تیرۆر"یش ئەو كارەیان هەردەمێنێ:"نابێ بەكۆتاییهاتنی تیرۆر؛ ئەو سیستمە هەڵوەشێنینەوە، بەڵكو دەبێ بەردەوام بێت، نەك كاتی"[٩].

دوای دوو ساڵ لە دامەزراندنی سیستمی جاشێتی، حكومەتی توركیا لە ساڵی١٩٨٧دا بڕیاری دا پارێزگاكانی باشووری خۆرهەڵاتی ئەنادۆڵ بخاتەژێر سیستمی باری نائاساییەوەو لەهەرێمێكی ئاسایشی تایبەتدا كۆیكردنەوە كەناوی نا"هەرێمی باری نائاسایی"و پارێزگارێكی تایبەتیش كاروبارەكانی بەڕێوەدەبات. ئەو پارێزگایانەی سەر بەو هەرێمەشن، بەپێی بارودۆخە ئاسایشیەكان شیاوی زیادكردن یان لابردن هەن. ئەو پارێزگایانەش بریتین لە:بەتلیس، باتمان، بینگۆل، دیاربەكر، هەكاری، ماردین، سەعرەت، شیرناخ، تونجیلیو ڤان. لەئادار/مارسی١٩٩٣دا پارێزگای ئیلازیگ لەهەرێمەكە لابراو لەهەمان مێژوودا پارێزگای بەتلیس زیادكرا. حكومەتی توركیا خەڵاتی ماددیی زۆر دەداتە ئەو كارمەندە سەربازیو سیڤیل(مەدەنی)انەی كەلەو هەرێمەدا كاردەكەن، تاهانیان بدات لەوێ بمێننەوە.بۆ نموونە مووچەی پۆلیسێك لەوێ سێ ئەوەندەی مووچەی پۆلیسێكی ترە لە دەرەوەی ئەو هەرێمە.هەروەها مووچەی مامۆستایانیش. ئەو سەربازانەی لەوێشن قەرەبوو(تەعویز)ی تایبەتی وەردەگرن، كەخەڵكی ناوچەكە لەڕووی قۆشمەوە ناویان ناوە"تەعویزەكەی ئاپۆ"(ئاپۆ نازناوی سەرۆكی پەكەكە PKK عەبدوڵائۆچ ئالانە).[١٠]

## سیاسەتێكی شۆڤێنی

ئەم كارو كردەوە ئاسایشیانە رەنگدانەوەی ئایدیۆلۆژیای رەسمی(واتە كەمالیزم)ە لەتێڕوانینیدا بۆ مەسەلەی كورد لە توركیادا،بەو پێیەی ئەمانە خەڵكێكی"یاخی"و خوێنڕێژنو لەژێرسایەی حیزبێكدا كۆبوونەتەوە كە

[٩] ڕۆژنامەی "میللیەت"ی توركی ١٩٩٤/٣/٢.

[١٠] گۆڤاری "نوقتە" (٥-١٩٩٤/٦/١١).

توندوتیژیو"تیرۆر"ی كردووه بەستراتیژی خۆی. هەربۆیە دەكرێ ئەو كێشەیە لەڕێی بنجبڕكردنی ڕەگوڕیشەی تیرۆرو دوابڕینی"شەقاوەكان"ەوە بەهێزی سەربازی چارەسەربكرێ.

بەكارهێنانی هێز لەلایەن دەوڵەتەوە بۆرووبەرووبوونەوەی راپەڕینەكانی كورد، بەبێ گوێ دانە فاكتەرەكانی تری مەسەلەكە،لەشتە"جێگیر"ەكانی ئایدیۆلۆژیای كەمالیزمە كەباوەڕی وایە سەركوتكردنی كەمینەكان رێ لە داڕزانی دەوڵەت دەگرێت. بگرە بەدەربڕینی وەزیری ناوخۆی توركیا"جەلال بەگ" لەكاتی راپەڕینی دەرسیم دا لە ساڵی١٩٣٧دا؛ ئەو سیاسەتەیان بریتییە لە"بەژیاری كردن–تحظیر"یان "بەشارستانی كردن–تمدین"، وەختێ قسە بەناوبانگەكەی خۆی كردو وتی:"بەزەبری هێز یاخییەكانمان كرد بەشارستانی"[11].هەروەها جەمال غۆرسیل، سەركردەی كودەتای سەربازیی ساڵی١٩٦٠ لەلێدوانێكیدا بۆ رۆژنامەی ئەسوجیە لە ١٦ی ت٢ / نۆڤەمبەری ١٩٦٠دا وتویەتی:ئەگەر توركە شاخاوییە(واتە كوردەكان) لەڕێی لاچووەكان بەئارامی دانەنیشن؛ سوپا بێ سێ ودوو شارولادێكانیان بۆردومانو وێران دەكات. ئەوسا لافاوێكی خوێنی واهەڵدەستێت كەخۆیانو ولاتەكەشیانی تیا نوقم دەبن"[12]. پێشتریش لەساڵی ١٩٣٠دا سەرۆكی حكومەتی توركیا عیسمەت ئینۆنۆ وتویەتی:"تەنها میللەتی تورك بۆی هەیە لەم ولاتەدا داوای مافی ئیتنیی خۆی بكاتو، هیچ نەژادێكی دی ئەو مافەی نییە"[13]. هەروەها بەلێدوانی وەزیری دادی توركیا، مەحمود ئەسەد، لەهەمان ساڵدا، ئەم سیاسەتی لەخۆباییبوونە شۆڤێنییە دەگاتە لووتكە وەختێ دەڵێت: "هەستو سۆزی خۆمتان لێ ناشارمەوە، لەم ولاتەدا مرۆڤی تورك تاقەگەورەو تاقە مامۆستایە. ئەوانەی رەگوریشەیەكی توركی پەتیشیان نییە؛ تەنها یەك مافیان هەیە لەم ولاتەدا: مافی ئەوەی ببن بە خزمەتكارو كۆیلە"[14]. مستەفا كەمالیش بە دروشمە بە ناوبانگەكەی بە كورتی و بە چڕی ئەم بۆ چوونە دەردەبڕێت كە وتویەتی:" ئای لە بەختەوەریی ئەو كەسەی كە دەڵێت من توركم".

---

[11] Lemonde dipolomatique, Aout 1970

[12] هـ. س. پ.

[13] هـ. س. پ، بەگواستنەوە لە ڕۆژنامەی "میللیەت"ەوە، ١٩٣٠/٨/٣١.

[14] هـ. س. پ، بەگواستنەوە لە ڕۆژنامەی "میللیەت"ەوە، ١٩٣٠/٩/١٩.

سیاسـەتی فەرامۆشـکردنی کـورد لـە تورکیـادا و تەنانـەت نکووڵـی کـردن لـە بوونیشـی؛ تاسـەرەتای هەشتاکان بـەردەوام بـوو، کاتـێ یەکـەم کەسـێتـی لیـبراڵی، لـەڕووی ئـابووری و فیکرییـەوە، بووبـە سـەرۆك حکومـەت و پاشـانیش سـەرکۆمار، ئەویش تۆرگوت ئۆزالە. ئۆزاڵ جگە لەو ڕیفۆرمە ئابووری‌یە گرنگانەی لە ئـازادیی ئـابووری‌دا ئـەنجامی داو، بەسـتنەوەی ئـابووریی تورکیـا بـە بـازاڕی جیهانی‌یـەوە و، پـەیڕەویکردنی سیاسـەتی کرانـەوەو کـارلێککردن لەسـەر ئاسـتی پەیوەندی‌یـە دەولیەکاندا، کە بەرجەستە بوونی ئەمەیان لە هاوپـەیمانێتی‌ی دەوڵی دا بـوو دژ بـە عـێراق دوای داگـیرکردنی کوەیـت، جگـە لەمانـە یـەکێك لـە ئـەدگارە سـەرەکیەکانی سیاسەتی ئۆزال لەسەر ئاستی ناوەوە بەخشینی مۆرکی شارستانی بوو بە ژیانی سیاسـیو فیکـری لـە وڵاتـداو، نزیکبوونـەوە لـە مەسـەلەی کـورد بـە بـیرێکی نـوێو ئەقڵیەتێکی هاوچەرخانەوە، ئەوەش لەڕێی بەدیهێنانی هەندێ مافی ڕۆشنبیرییان؛ وەکو ڕێگەدان بەوەی کە لە دەرەوەی کاروباری ڕەسمیدا بۆیان هەیە بە کوردی قسە بکەن. هەنگاوی باشیش لەم ڕووەوە ئەوە بوو کە ئۆزال لەڕێی نێوەندەوە، لەگەڵ پـارتی کرێکـارانی کوردسـتاندا دەسـتی بـە گفتوگـۆ کـردو، لـە ئـەنجامدا PKK لای خۆیەوە لە ١٧ی ئادار/ مارسی ١٩٩٣دا تەقەی ڕاگرت.ئەمە جگـە لـەوەی ئۆزال داوای کرد بە ئاشکرا گفتو گۆ لـە سـەر تـەواوی مەسـەلە گرنگـەکان لـە تورکیـادا بکـرێو، لەوانەش مەسەلەی پێکهێنانی فیدراڵیەتێك لەنێوان تورك و کورددا.

بەڵام ئەم دەسپێکە مژدە بەخشانە بە مـەرگی ئـۆزال(لـە ١٧ی نیسـان/ ئـەپریلی ١٩٩٣دا) کۆتاییـان هـات و، لەگـەڵ حکومەتەکـەی تانسـۆ چیللـەردا تونـدو تیژیـی سەربازی دەستی پێ کردەوە.

## دواکەوتن وجیابوونەوە

بەتایبەتی لەسەردەمی ئۆزالداو، لەسەرەتای هەشتاکانەوە دەسەڵاتدارانی تورکیا ویستیان لەگۆشـەنیگایەکی تـری ئابووری‌یـەوە لەمەسـەلەی کـورد نزیـك ببنـەوە، تـا ئـاگری ئـەو جیابوونەوەیـە دوابخـەن کەلەسـای بێدەرەتـانی و دواکـەوتن وهـەژاری ونەزانین ونەخوێندەواری وبێکاری دا بەرەو هەڵگیرسان دەڕۆیشت.

هـەر لـە ڕاگـەیاندنی کۆماری‌یـەوە پێشـکەوتنی ئـابووری–کۆمەڵایـەتی تورکیـای کردووە بە دووبەشی ناهاوتاوە: بەشێکی خۆرئاوایی پێشکەوتوو، کە ئاستی ژیان تیـایدا لەئاسـتی ژیـانی ئـەوروپا نزیکبۆتـەوەو، پیشەسـازیو مەڵبـەندی بازرگـانی

وسەنتەری ڕاگەیاندنیان تیا بڵاوبۆتەوەو، ژمارەی دانیشتووانیشی کەمە. ئەمەش تەواوی ناوچە خۆرئاواییەکانی تورکیا دەگرێتەوە. بەرامبەر نیوەیەکی خۆرهەڵاتی، کە ئەو ناوچانە دەگرێتەوە کەدەکەونە خۆرهەڵاتی ئەنقەرەی پایتەختەوە. کەتیایانداو لەژێر سایەی سیستمێکی فیودالی وخێڵەکی ی زاڵەوە؛ پەیوەندیی کشتوکاڵی ی دواکەوتوو هەیە، جگەلە زۆریی ژمارەی دانیشتووان و، نزمیی ئاستی گوزەران و فێرکردن. زۆربەی کوردەکانیش نیشتەجێ ی ئەم شوێنانەن.

لەوڕوانگەیەشەوە کەدواکەوتنی ئابووری وکۆمەلایەتی یەکێکە لە هۆیە سەرەکیەکانی "تیۆری جوداخوازی"ی کورد، پڕۆژەی گەشەدان بە باشووری خۆرهەڵاتی ئەنادۆڵ "گاپ" GAP هاتە گۆڕێ. لەناوەڕاستی هەشتاکانەوە کاری پەلە بۆ ئەوەکرا کە بڕبڕاگەی پشتی پڕۆژەکە دابنرێ؛ کەدروستکردنی بەنداوی ئەتاتورکە لەسەرئاوی فورات، بەوێستگەی کارەباو تونێلی ئاوەوە. ئەوەبوو لە تەمموز/یۆلیۆی١٩٩٢دا کاری بەنداوەکە و وێستگەکانی وزە ئەنجامدران، ئەوەندەش نەمابوو کاری تونێلە ئاوییەکانی شانلی ئورفەش تەواوبێت کە وەکو لق لەوێوە جیادەبوونەوە. بەرپرسە تورکەکان ئومێدیان وایە پڕۆژەی "گاپ" ئاستی ژیانی خەڵك لەناوچەی باشووری خۆرهەڵاتی ئەنادۆڵدا بگەیەنێتە ئاستی ناوچەکانی تری تورکیا. هەرچۆن ئومێدیان وایە کەپڕۆژەکە ئەو شەپۆلی کۆچەش بوەستێنێت کە بەرەو ناوچەکانی خۆرئاوای تورکیا لەئارادایەو، بۆتە مایەی گەلێ کێشەی کۆمەلایەتیو سیاسی لەشارە گەورەکاندا. شتێکی کارەساتباریشە گەر بڵێین "گرنگترین پەیوەندیی ناوچەی باشووری خۆرهەڵاتی ئەنادۆڵ بەناوچەکانی تری تورکیاوە پەیوەندیی کۆچە"[١٥]. لە ئامارێکیشدا کەلە شاری دیاربەکر ئەنجامدراوە، ٦٣٪ی خاوەنکاران و٦٦٪ی کەم دەرامەتان و٦١٪ی پارێزەران لەگەڵ ئەو بۆ چوونەدان کە بەرز کردنەوەی ئاستی ئابووریی هەرێمەکە مەیلی جوداخوازیی کوردی لاواز دەکات و یەکێتی ی خاکی تورکیا دەپارێزێت[١٦].

ژمارەکانیش ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە ڕێژەی خەرجکردن لەسەر وەبەرهێنانەکان، بەگوێرەی ژمارەی دانیشتووانی هەر هەرێمێك، لە ناوچەکانی باشووری خۆرهەڵات

---

[١٥] ئایتکین یڵماز، "کامڵبوونی کۆمەلایەتی، جیاکاری و مەسەلەی ئیتنی لە تورکیادا" "یەنی فوروم"، (ت٢ / نۆڤەمبەری ١٩٩٣)، ل١٧.

[١٦] ڕۆژنامەی "سەباح"ی تورکی ١٩٩٢/٧/٩.

دەگاتە ئەو پەڕی. ئەمەش لەنێوان ساڵانی ۱۹۸۳-۱۹۹۲ وبەپێی ئەم خشتەیەی خوارەوە[۱۷].

| ناوچە | ژمارەی دانیشتووان | ڕێژەی سەدی | وەبەرهێنانی حكومی (بەلیرەی توركی) | خەرجیی هەر تاكەكەسێك (بەملیۆن لیرە) |
|---|---|---|---|---|
| دەریای سپیی ناوەڕاست | ۷۰۲٦٤۸۹ | ۱۳ | ٦٦۱٤۷۳۸٥ | ۹,٤ |
| ئەنادۆڵی خۆرهەڵات | ٥۳٤۷٦٥۹ | ۱۰ | ۲۹۲۳۰۲۳۹ | ٥,٥ |
| دەریای ئیجە | ۷٥۹٥۲۲۱ | ۱۳ | ۱۱۲۱٦٦۸۳۹ | ۱٤,۸ |
| باشووری خۆرهەڵاتی ئەنادۆڵ | ٥۱٥۸۰۱۳ | ۹ | ٥۲۷۹۳۹۷۰ | ۱۰,۲ |
| ئەنادۆڵی ناوەوە | ۹۹٤۲۷۹۳ | ۱۷ | ۹۷۰٤۱۰۲۰ | ۹,۸ |
| دەریای ڕەش | ۸۱۰۷۲٥۳ | ۱٥ | ٤۸۲۲٤۷۸۲ | ٥,۹ |
| مەڕمەڕە | ۱۳۲۹٥٦۰۷ | ۲۳ | ۱۰٥۹۷٥۸۱۱ | ۸,۰ |

گەرچیدەوڵەت لە باشووری خۆرهەڵاتدا گەلێ سەرمایە وەبەردێنێت، بەڵام ئەو داهاتانەی لەناوچەكە دەستی دەكەوێت زۆر زیاترە لەوەی خەرجی دەكات، بەپێچەوانەی زۆربەی ناوچەكانی ترەوە، هەروەكو لەم خشتەیەی خوارەوە دەردەكەوێت كەژمارەكانی دەگەڕێتەوە بۆ ماوەی نێوان ساڵانی ۱۹۸٦-۱۹۹۰[۱۸].

| ناوچە | خەرجی(لیرەی توركی) | داهات(ملیۆن لیرەی توركی) |
|---|---|---|
| دەریای سپیی ناوەڕاست | ٤۳۳٤۲۱٦۰ | ٥۹٥۷۷۳٤٤ |
| ئەنادۆڵی خۆرهەڵات | ٤٦۰٥٥۰۷٦ | ۱۲۹٥۲۹۹۰ |
| دەریای ئیجە | ٦۰۸٤۸٦٤٤ | ۸۹٤۸۰۰۲۲ |
| باشووری خۆرهەڵاتی ئەنادۆڵ | ۳۲۰۸٦٦۷۰ | ۱۳۲۰۳۸۷٤ |
| ئەنادۆڵی ناوەوە | ۱۰۸٦۳۱۹۰٤ | ۱٦۰۹۹۹۸٤۷ |
| دەریای ڕەش | ٥۱۰۲۰۹۳٦ | ٤۳٦٥٥۱٤۹ |
| مەڕمەڕە | ۱۲۷٤۸٦٦۷۰ | ٤۰۷۷۱۹۰٤۱ |

(۱۷) "یەنی فوروم"، س. پ، ل۱۹.

(۱۸) هـ. س.ز پ. ل۱۷.

لــەماوەی نێــوان ١٩٩٠-١٩٩١یشــدا وەبەرهێنانــەکانی دەوڵــەت لەباشــووری خۆرهــەڵاتدا بەبــەراورد لەگــەڵ ســاڵەکانی پێشــتری ودواتــری گەیشــتە چڵەپۆپــە. باشووری خۆرهەڵات لەڕووی قەوارەی بەرهەمهێنانەوە لەساڵی١٩٩٠دا دوای هـەرێمی مەڕمــەڕە کەزۆربــەی وەبەرهێنانــەکانی دەوڵــەت بۆخــۆی دەبــات، پلــەی دووەمــی بەدەســتهێنا. ڕێــژەی وەبــەرهێنانیش لەباشــووری خۆرهــەڵاتدا لەســاڵی١٩٩٠دا گەیشـتە٢٢,٧ لەســەدی کـۆی وەبەرهێنانــەکانی پــاش هــەرێمی مەڕمــەڕە(کــە٣٣,٦ لەســەدای هێنــا). گــەرچی لەســاڵی ١٩٩١دا ئـەو ڕێژەیـە بـوو بـەنیوەو لـە باشـووری خۆرهــەڵاتدا گەیشــتە ١٢,٦ لەســەدا، بــەڵام دابــەزینی زۆر لــە نێــوان ســاڵانی ١٩٩٢و١٩٩٣دا ڕوویدا وڕێژەی وەبەرهێنان لە باشووری خۆرهـەڵات لـەو دوو ساڵەدا بووبــە ٢,٣و٣,٥ لەســەدا. دەکــرێ بەرزبوونــەوەی ئــەو ڕێژەیــە لــە هەردووســاڵی ١٩٩٠و١٩٩١دا بۆ چڕبوونەوەی پرۆسەی بیناکردنی بەنداوی ئەتاتورك بگەڕێنینـەوە، لەکاتێکا ساڵانی ١٩٩٢و١٩٩٣ توندوتیژیی ململانێی چەکدارانە لەنێوان جەنگاوەرە کوردەکان وسوپای تورکدا بووە هۆی ئـەوەی بەشـێکی زۆری ئـەو خەرجییـەی بـۆ باشووری خۆرهەڵات دیاری کرابوو لەودا خەرج بکرێ. بەرامبـەر ئەم دابەزینە زۆرەی وەبەرهێنانیش لەباشووری خۆرهەڵاتدا، ڕێژەی وەبـەرهێنان لەناوچەکانی خۆرئاوای تورکیـادا لەبەرزبوونــەوەدا بــوو(ســاڵی ١٩٩٢ئــەو ڕێژەیــە لەناوچــەی مەڕمــەڕە بــە ٧٠٪زیاتر بوو لەچاوساڵی ١٩٩١دا). ئەمەش خشتەیەکە ڕێژەی سەدیی دابەشکردنی وەبەرهێنانەکان لەتورکیادا بەپێی هەرێمەکان روون دەکاتەوە[١٩].

| هەرێم | ١٩٨٩ | ١٩٩٠ | ١٩٩١ | ١٩٩٢ | ١٩٩٣ |
|---|---|---|---|---|---|
| مەڕمەڕە | ٤١ر٢ | ٣٣ر٦ | ٣١,٢ | ٥٥ر٥ | ٤٧ر٤ |
| ئەنادۆڵی ناوەوە | ٨ر٥ | ٦ر٦ | ١٧,٥ | ١٣ر٨ | ١٧ر٠ |
| ئیجە | ١١ر٢ | ٨ر٧ | ١٨,٧ | ٩ر٦ | ١٠ر٦ |
| دەریای سپی ناوەڕاست | ١١ر٤ | ١١ر٧ | ١١,٦ | ٨ر٣ | ٨ر٩ |
| ئەنادۆڵی خۆرهەڵات | ٣ر٨ | ١٠ر٨ | ٤,٤ | ١ر٦ | ١ر٧ |
| باشووری خۆرهەڵاتی ئەنادۆڵ | ٨ر٢ | ٢٢ر٧ | ١٢,٦ | ٢ر٣ | ٣ر٥ |
| هەرێمی دیارینەکراو | ١١ر٣ | ٢ر٠ | ٧,١ | ١ر٩ | ٣ر٣ |

[١٩] بڕوانە گۆڤاری نوقتە" (٥-١١حوزەیران/ یۆنیۆی١٩٩٤).

جگە لە پەرەسەندنی ڕووبەڕووبوونەوەکانی سوپای تورك لەگەڵ PKKدا، دابەزینی وەبەرهێنان لە باشووری خۆرهەڵاتدا پەیوەندیی بەو قەیرانە ئابوورییەشەوە هەیە کە لە ئەنجامی جەنگی دووەمی کەنداوەوە پەیدا بوو و لە ئەنجامی گەمارۆی ئابووری لەسەر عێراق و، داخستنی بۆریی نەوتی-کەرکوك-یومروتالیق و، دابڕانی ئاڵوگۆڕی بازرگانی لە نێوان باشووری خۆرهەڵاتی تورکیاو عێراق و، نەبردنە سەری ئەو بەڵێنەی دەوڵەتە هاوپەیمانەکان دابوویان بە تورکیا بۆ قەرەبووکردنەوەی زەرەرو زیانەکانی لە جەنگی کەنداودا کە تانسۆ چیللەر لە پاییزی ١٩٩٣دا بە ١٦ملیار دۆلار خەملاندبووی، لە ئەنجامی هەموو ئەمانەدا تورکیا ملیارەها دۆلاری زیان لێ کەوت.

بڕیاری حکومەتەکانی تورکیاش لە سووربوون لە سەر" چارەسەری سەربازی" بۆ کێشەی کورد، کارەساتبار بووە بۆ سەر ئابووریی تورکیاو پرۆژەکانی وەبەرهێنان، بەتایبەتیش ئەوەی پەیوەندیی بە پرۆژەی"غاپ GAP"ەوە هەبووە.ئەو ئامارانەی لە کۆتایی ساڵی ١٩٩٣یشدا بڵاوکرانەوە ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە دەوڵەت لەوساڵەدا هەشت ملیار دۆلاری بۆ" شەڕی دژبە تیرۆر" خەرجکردووە. ئەم پارەیەش تەرخانکراوە بۆ جاشەکان و پۆلیس و خانووەکانیان و بەندیخانەو سیخوڕو ئۆپەراسیۆنەکانی راونانی پەکەکە لەو دیو سنووری (باکووری عێراق)ەوە، ئەمە جگە لەو قەرەبووانەی دەدرێ بەوانەی لەناوچەکانی باشووری خۆرهەڵاتدا کاردەکەن. هەروەها خەرجی سەربازیو کڕینی چەکیش زۆربووە، بەتایبەتیش فڕۆکەی هەلیکۆپتەر بۆ پرۆسەکانی پاکسازیی ئەو شاخانەی جەنگاوەرە کوردەکان کردوویانە بەپانەگە. تورکیا لەم ماوەیەی دواییدا ٤٠٠ فڕۆکەی هەلیکۆپتەری بەنرخی خەیاڵی کڕیوە. هەر فڕۆکەیەك لەچەشنی (سکۆرسکی) بە٨,٥ ملیۆن دۆلار، جۆری "_کۆبرا"ش بە٤ ملیۆن دۆلار. لەکاتێکا نرخی (سوپەر کۆبرا) ١٢ ملیۆن دۆلارەو کۆی هەمووی ٨ ملیار دۆلار دەکات. جگەلەوە هەر سەعاتێکی فڕینی (سوپەر کۆبرا) ٨٤٦٠ دۆلارو هی(سکۆرسکی) ٢٠٤٩ دۆلارو هی (کۆبرا)ش ٢٠٩٤ دۆلاری تێدەچێت. خۆئەگەر رۆژانە پەنجا فڕۆکە بۆماوەی دووسەعات هەڵسن، کە دۆخەکەش وایە، کۆی رۆژانە دەکاتە نزیکەی ١٨ ملیار لیرەی تورکی(١,٢٠٠ هەزار دۆلار) ئەگەر ئەو فڕینانەشی بخەینە سەر کە فڕۆکە"نەفاسە-النفاثة" کانیش ئەنجامی دەدەن؛ ئەوا کۆی خەرجی ڕۆژانە دەگاتە دوو ملیۆن و نیو دۆلار.[٢٠]

---

[٢٠] بڕوانە"کاروباری تورکی"-بەیروت، ژمارە١٠(زستانی ١٩٩٤)ل٢٢.

ئامارەکانی نەتەوە یەکگرتووەکانیش ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە ئەو تانك و زرێپۆشانەی ساڵی ١٩٩٣تورکیا لە ئەمریکاو ئەڵمانیای کڕیوە هێندەی ئەوەیە کە سوپای بەریتانی شکی دەبات و، زۆربەی ئەم چەکانە لەو شەڕانەدا بەکاردەهێنرێن کە لە ناوچەکانی باشووری خۆرهەڵاتدا ڕوودەدەن.[٢١]

کۆی خەرجی‌ی شەڕی ساڵی ١٩٩٣یش کە نزیکەی ٨ملیار دۆلارە بەرامبەر نیوەی بوودجەی پرۆژەی"غاپ"ە یانیوەی زیانەکانی تورکیایە لە جەنگی دووەمی کەنداودا، یا دوو هێندەی داهاتی گەشتوگوزاریی ساڵی ١٩٩٢، یان کۆی ئەو قەرزانەی دەرەوەیە کە لە ساڵی ١٩٩٢دا درانەوە، یان چارەکی بەرهەمی پیشەسازی‌و یانیش نیوەی کۆی شتە نێردراوەکانە.

هەروەها ئەو شەڕانەی نێوان سوپای تورك و جەنگاوەرانی PKKو، نەبوونی ئارامی و گرتنی ڕێگاکان لە باشووری خۆرهەڵاتداو، کۆچی زۆرە ملێی کوردەکان لەناوچە کوردنشینەکانەوە بۆ خۆرئاوای تورکیا، کاریگەرییەکی زۆریان کردە سەر سەراپای چالاکیی ئابووری لە ناوچەکانی باشووری خۆرهەڵاتداو، ئەو ناوچانەی دوچاری ئیفلیجی کرد. وە بەرهێنان وەستاو سەنتەرەکانی فرۆشتن و دابەشکردن بازاڕیان شکاو دایانخست، هەر چۆن زۆربەی لقی بانکەکانیش دایانخست و، کارکردن بە سەنەدو چەك نەماو خاوەن کارگەکان یان کارگەکانیان فرۆشت و یان بەیەکجاری دایانخست . ئەمە جگە لەوەی قەرزی حکومیش وەستاو ئەمەش بووە هۆی ئیفلیجکردنی سیاسەتی هاندانی وەبەرهێنان.

ڕازگری گشتی‌ی یەکێتی شارەوانی‌یەکانی هەرێمی"غاپ" ئەحمەد ئوزەر ئەو دۆخەی بە"ئیفلیجێکی ئابووری" وەسفکردو وتی"بڕیارە ئابووریەکانی ٥ی نیسان/ ئەپریڵ ی ١٩٩٣" کە داوای پاکسازیی دامودەزگاکانی کەرتی گشتییان کرد، پرۆژەی"غاپ" یان گەیاندە خاڵی وەستان. زۆربەی کاری بیناکردنەکان لە پرۆژەکەدا وەستان و کرێکارەکان مۆڵەت دران؛ لەبەرئەوەی دەوڵەت و پەیماندەران نەیانتوانی قەرزەکانیان بدەنەوە بە دەزگاکان، لە کاتێکا پرۆژەی"غاپ" تاقە بناغەی دابینکردنی پشتبەستن بە ئابووری‌یە وەك هۆیەك بۆ لابردنی نەبوونی هاوسەنگی لە نێوان

---

هەروەها گۆڤاری"نوقتە" (٥-١١حوزەیران/ یۆنیۆی١٩٩٤).

[٢١] گۆڤاری نوقتە" (٥-١١حوزەیران/ یۆنیۆی١٩٩٤).

هەرێمەکاندا. ئوزەر وایدەبینێ کە دەبووایە دەوڵەت پرۆژەی"غاپ" ی بخستایەتە دەرەوەی چواچێوەی بڕیارەکانی ٥ی نیسان/ ئەپریلی ١٩٩٣ەوە.

هەروەها رەفعەت تاشان کەبەر پرسێکی ژووری بازرگانیی باتمانە (لە باشووری خۆرهەلات) وێنەیەکی تاریکی باری وەبەرهێنانمان لەناوچەکەدا بۆ دەخاتە رووکاتێك دەڵێت:"هیچ جۆرە وەبەرهێنانێکی دەوڵەتی لە باتماندا نییە. وەبەرهێنانە تایبەتیەکان وەستاون. تەنانەت دەزگای نەوتی تورکیا بەدەنگمانەوە نایەت تا فەرمانگەکانی خۆی تازە بکاتەوە. تەنانەت ئەو باجانەی لەسەر ئەندامەکانمانە؛ ناتوانین وەریانبگرین".[٢٢]

بزووتنەوەی ئالوگۆڕی بازرگانیش لەنێوان خۆرئاوای ولات و باشووری خۆرهەلاتیدا لەم دووساڵەی دواییدا زۆر پاشەکشێی کردووە، کە ئەمەش زیاتر کەلەبەر دەخاتە ناوچە کوردنشینەکانی خۆرهەلات و ناوچەکانی خۆرئاوای تورکیاوە. هەر مانگێك تێدەپەڕێ قەوارەی ئەو پارانەی بۆ باشووری خۆرهەلات دێن ٧٪ تا ١٠٪ لەدابەزیندایە.

لەبەهاری ١٩٩٣دا مانگانە لەئەستەموولەوە ٢٢ لۆری دەگەیشتنە هەرێمەکە، دواتر دابەزی بۆ ١٦–١٧ لۆری لەمانگی ئاب/ ئۆگستۆسداو پاشتریش بوو بە١٢ لۆری لەئەیلول/ سێپتەمبەری هەمان ساڵدا. هەرچۆن بڕی ئەو شمەکانەش کەمبۆوە کەڕۆژانە لەئەستەموولەوە بۆباشووری خۆرهەلات دەنێردران. سەرۆکی کۆمەڵەی خاوەن هۆیەکانی گواستنەوە ئیرۆل ئۆزچیلیك دەڵێت: بڕی ئەو ئامرازە پێویستانەی ناوماڵ و ئامێری کارەبایی (بەتایبەتیش یەخچاڵ(سەللاجە)و جلشۆر) کەبۆباشووری خۆرهەلات دەنێردران، بەڕێژەی ٢٠٪ کەم بۆوەو، یەکێك لەگەورەترین کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنان و فرۆشتنی ئەو ئامرازانە کە (ئارچیلیك)ە زۆر سەنتەری خۆی لەناوچەکەدا داخستووە. هەروەها گەشتی ئۆتۆبوس لەئەستەموولەوە بۆهەرێم بەڕێژەی ٥٠٪ کەم بۆوە، ڕێژەی موسافیرانیش ٧٠٪، ڕێژەی دابینکردنی یەك لۆریش کەبۆهەرێمەکە دەچێت گەیشتە هەزار دۆلار. زۆربەی ئەولۆرییانەی کە بەرەو خۆرهەلاتیش دێن و شمەکیان پێیە، لەمسەرەوە پڕی دەکەن لەکەلوپەلی ئەو ماڵە کوردانەی کەخاوەنەکانیان بەرەو ناوچە خۆرئاواییەکان کۆچ دەکەن.

---

[٢٢] هـ.س.پ.

گەمارۆی ئابووریی سەپێنراو بەسەر عێراقیشدا گورزێکی کوشندەی لەبزاوتی لۆرییەکانی نێوان باشووری خۆرهەڵات و عێراق وەشاند. ئەوەبوو ژمارەی ئەو لۆرییانەی لەدەروازەی سنووریی خاپوور دەپەڕینەوە لە١٩٩٢دا بریتی بوو لە١٨٣ هەزار لۆری، بەڵام لەساڵی ١٩٩٣دا ئەو ژمارەیە بوو بە٤٣ هەزار لۆری. لەدابەزینی بەردەوامیشدایە. هەروەها ئامارەکان ئاماژە بۆئەوە دەکەن کەهەر بەنزینخانەیەك لەباشووری خۆرهەڵاتدا چل کرێکار کاری تیادەکرد (کرێکاری بەنزین و چێشتخانەو فیتەر)، واتە ئەم بەنزینخانانە سەرچاوەی گرنگی گوزەرانی دەیان هەزار کەس کەهەندێك ژمارەیان بەچوار سەد هەزار کەس دەخەمڵێنن. گەمارۆی ئابووری هات و لەپڕێکا بازرگانیی ئەو لۆرییانەو ڕێی وشکانیی نێوان ناوچەی باشووری خۆرهەڵات و عێراقی بڕی. ئەمانەش کۆمەڵێك فاکتەری ترن کەلەخزمەتی پارتی کرێکارانی کوردستاندان و ئاڵۆزیی زیاتر بەرەوتی کێشەی کورد دەدەن. بەمجۆرە بەخێوکردنی مەڕو ماڵات و ئاژەڵیش رووی لە کزی کرد. لەکاتێکا مەڕو ماڵات سەرچاوەیەکی بنەڕەتیی گوزەران بوو لەباشووری خۆرهەڵاتداو، بۆسوریاو عێراق و ئێران دەنێردرا، وای لێهات لەئێرانەوە دەهات.

لەم رووەشەوە کەرتی بانکی لەهەمووئەوانی دی زیاتر زیانی لێ کەوت لەناوچەکەدا. لەنێوان ساڵانی ١٩٩١ ١٩٩٣دا زیاتر لەشەست لقی بانکی داخراوە. ڕێژەی قەرزیش لە٤,٢٪ی سەرجەم سپێردراوی بانکەکان لەساڵی ١٩٩٢دا، دابەزی بۆ ٢,٧٪، هەرچۆن ئەو قەرزانەش کەبەجووتیارەکان دەدران لەسەرجەم قەرزە کشتوکاڵیەکانی تورکیا لەساڵی ١٩٩١دا لە٣,٩٪ بوو بە٢,٨٪ لەساڵی ١٩٩٢دا[٢٣].

ئەم رووبەڕووبوونانەوەی نێوان دەوڵەت و PKK زیانی بەکەرتی فێرکردنیش گەیاند. بگرە لەوانەیە لەهەموو بوارەکانی دی پتر زیانی لێ کەوتبێت. دەوڵەت پەکەکە تاوانبار دەکات بەڕێگرتن لەکاروباری ئەم کەرتە بەوەی گوایە مامۆستاکان تیرۆر دەکاو قوتابخانەکان دەسووتێنێ، تالاوەکان بکەونە سەرشەقام و، ئەمەش وادەکات راکێشانیان بۆ ناو ریزەکانی PKK ئاسان بێ و قین لەدەوڵەت بگرنە دڵ. بەپێی ئاماری حکومی ژمارەی قوتابخانە داخراوەکان لەئەنادۆڵی خۆرهەڵاتدا گەیشتۆتە ١٢٠٤ قوتابخانە. هەر لە پارێزگای دیاربەکردا ژمارەی قوتابخانە داخراوەکان بۆ

---

[٢٣] "کاروباری تورکی" ژمارە١٠(زستانی ١٩٩٤)ل٣٤-٣٥.

ساڵی خوێندنی ١٩٩٣ ١٩٩٤ گەیشتۆتە حەوسەد قوتابخانە، جگەلە ٣٨٣ قوتابخانەی دی کەپێشتر داخراون. ئەوەی ئەم بارەش خراپتر دەکات ئەوەیە کەزۆربەی مامۆستایان لەترسی ژیانی خۆیان قایل نابن لەوناوچانە دامەزرێن.

هەروەها ژیانی کۆمەڵایەتیش لەم دەڤەرەدا کەوتۆتە ژێر هەمان کاریگەرییەوە پەیوەندی لەنێوان خەڵك و دامودەزگاکانی دەوڵەتدا بەڕادەیەك کزو لاواز بووە کەخەڵکەکە زۆربەی کێشەو دەعوا پەیوەندارەکانیان بەتاوان و ناکۆکی لەسەر زەوی و زارو دزی و کڕین و فرۆشتنەوە دەبەنە لای بەرپرسانی ئەو لیژنانەی کەپەکەکە دروستیکردوون. هەرچۆن زۆربەی خەڵك لەباشووری خۆرهەڵاتدا پارەی کارەباو تەلەفۆن نادەن و هەر زووش شوێنە گشتییەکانیان، وەك چاپخانەو دەزگاو دوکان و بازاڕەکانیان دادەخەن و، خەڵك پاشنیوەڕوان و شەوان لەنێوان شارەکاندا هاتوچۆناکەن؛ مەگەر بۆکارێکی زۆر پێویست بێت. تەنانەت ئاهەنگەکانی خوازبێنی و شاییەکانیش بەیانیان دەگێڕرێن.

## سیاسەتی ناوخۆ

بەمجۆرە واپێدەچێت بزاوتی سەربازی و ئابووریی دەوڵەت لەبەردەم کۆسپ و لەمپەردا بێت و ئاسۆیەکی داخراوی لەبەردەمدا بێت، بەبێ ئەوەی لەلایەن دەسەڵاتدارانی تورکەوە هیچ هەنگاوێك بنرێ بۆکەلەبەر خستنە دیواری ئەستووری مەسەلەی کوردەوە.

بەڵکو بەپێچەوانەوە، دەوڵەت لەگەڵ سووربوونی لەسەر رەفتاری سەربازی بەرامبەر بەکورد لەوباوەڕەدابوو کەدەرفەت لەبارە بۆ تەواوکردنی تەوقی گوشار لەسەریان، بەڵام ئەمجارەیان لەسەرئاستی سەنگەری سیاسیی ناوخۆو پەرلەمانی. ئەوەبوو لە١٤ی تەمموز/ یۆلیۆی ١٩٩٣دا دەوڵەت پارتی کاری گەلی (HEP)ی هەڵوەشاندەوە کە١٦ نوێنەری بە بنەچە کوردی تیابوو، ئەم حیزبە بە شێوەیەکی فراوان، ڕوخساری سیاسیی ناوخۆی پارتی کرێکارانی کوردستان بوو. بەڵام ئەم نوێنەرانە بەر لەدەرچوونی بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی حیزبەکەیان دەستیان لەکارکێشابۆوەو حیزبێکی تازەیان دامەزراندبوو کەئەویش حیزبی (دیموکراسی) (DEP)ە.

نوێنەرانی ئەم حیزبەش هاوسۆزییان لەگەڵ PKK ناشارنەوەو، بگرە هەندێکیان بەئاشکرا چاویان بەعەبدوڵلا ئۆجەلان دەکەوێو، ناو بەناو بیروڕا دژ بەدەوڵەتی تورکیا دەردەبڕن و بە(دوژمن)[٢٤] ناوی دەبەن. زۆرجار ئەندامانی ئەم حیزبە کەوتوونەتە بەر مەترسیی تیرۆرەوەو، لەلایەن سەرکۆمار سولەیمان دیمیریل و سەرۆکی حکومەت تانسو چیللەرەوە بەهاریکاری لەگەڵ PKK تاوانبارکراون. بەمجۆرە دەوڵەت لەڕێی پەرلەمانەوە مافی پاراستنی نوێنەرایەتی (الحصانة النيابية)ی لەشەش نوێنەری کوردی سەربە حیزبی (دیموکراسی)و یەکێکی سەربەخۆ سەندەوە لە٢ی ئادار/ مارسی ١٩٩٤داو، پاش چەند رۆژێك بەتاوانی خیانەتکردن لەنیشتمان و ئەنجامدانی کاری دژ بەیەکێتیی دەوڵەت و کارکردن بۆ جیاکردنەوەی بەشێك لەخاکی تورکیاو دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی دەسگیرکران. لە١٦ی حوزەیران/ یۆنیۆی ١٩٩٤یشدا دادگای دەستووری بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی حیزبی "دیموکراسی"ی دا بەوتاوانەی کە چالاکیی جوداخوازییانەیان هەیەو ئەوەندەی نەبرد دوونوێنەریان گیران، لەکاتێکا پێنجی تریان لەدەرەوەی وڵات بوون و بڕیاریاندا نەگەڕێنەوە. بەڵام دادگای دەستووری ئەمجارەیان بڕیاریدا کەئەندامێتیی نوێنەرایەتیی نوێنەرانی حیزبی (دیموکراسی) کەوتووە.

ئەم گورزەی بەر بزووتنەوەی کوردی کەوت لەناو تورکیادا؛ لەکاتی هەڵبژاردنە گشتییەکانی شارەوانیدا بوو کەلەئادار/ مارسی ١٩٩٤دا ئەنجامدراو، حیزبی (رێگای راست)ی حوکمڕان (DYP) هەڵمەتی خۆی لەژێر دروشمێکدا دەستپێکرد(شەڕ دژ بەتیرۆر)(ی کوردی هەڵبەتە). . دروشمەکانی حیزبیش چ لەڕۆژنامەکان و، چ لەوتارەکانی چیللەردا، دەنگدانی بۆ(رێگای راست) بەدەنگدان بۆدژایەتیی تیرۆر لەقەڵەم دەدا: (دەنگ بەحیزبی (رێگای راست)بدە، بەوە گورز لەتیرۆر دەوەشێنیت)[٢٥]، (رێکخراوی جوداخوازان)یش هەروەکو حیزبی رێگای راست ئەم ناوەی بەسەر PKKدا دابڕیوە بەبێ ئەوەی ناوی بهێنێت، بەوە تاوانبار دەکات کەهەڕەشە لەیەکێتیی خاکی وڵات دەکات و رێ لەوەبەرهێنان و گەشتوگوزار دەگرێو پەیوەندییە ئابووریو

---

[٢٤] بڕوانە دەقی وتەی سەرۆکی حیزب یەشار قایا(کەنوێنەر نییە) لە کۆتاییەکانی ئاب/ ئۆگستۆسیدا لە باکووری عێراق،کە لە ڕۆژنامەی"حوریەت"ی ١٩٩٣/٨/٢٨دا بڵاوبۆتەوە.

[٢٥] بڕوانە نموونەی ڕرگەیاندنی حیزب لە سەر لاپەڕەیەکی تەواوی ڕۆژنامەی"میللیەت" ١٩٩٤/٣/٢١.

سیاسیەکانی دەرەوەی تورکیا تێکدەداتو، کۆسپ دەخاتە بەردەم کامڵبوونی لەگەڵ جیهاندا.

بەرامبەر بەو شتانەی دووچاری حیزبی دیموکراسی بوون، ئەم حیزبە بڕیاریدا لەهەڵبژاردنەکانی شارەوانیدا بەشداری نەکات. ئەم بڕیارەی حیزب بەنامەیەك لەقەڵەمدرا بۆ کۆمەڵگای دەولی تالەسەرێکەوە رووبەرووی پێشێلکردنی دیموکراسیەت ببنەوە لەتورکیاداو، لەسەرێکی تریشەوە هەوڵێك بوو لەلایەن خۆیانەوەو بەهاوئاهەنگی لەگەڵ PKKدا بۆقووڵکردنەوەی درزی عیلمانیەت- ئیسلام لەکۆمەڵگای تورکیدا لەڕێی پاوانکردنی دەنگە کوردیەکانی باشووری خۆرهەڵات، هەروەها لەشارەکاندا؛ بۆپالێوراوانی حیزبی (رەفاه)ی ئیسلامی کەسەرۆکەکەی نەجمەدین ئەربەکانە. هەرچۆن بردنەوەی (رەفاه) دەبێتە مایەی مەترسی لەتورکیاداو وا لەحکومەت دەکات ئەو گوشارە زۆرەی لەسەر کوردەکانە هەڵیبگرێتو زەمینە بۆچارەسەرێکی ئاشتیانەی مەسەلەی کورد خۆشبکاتو، وەرەقەی کوردی لەدەست (رەفاه) دەربهێنێتەوە، بەتایبەتیش کەئەم حیزبە داوای چارەسەرێکی ئاشتیانەی کێشەی کورد دەکا، گەرچی بەوردی پێشنیازەکانی خۆی لەم بارەیەوە دیاری ناکات[٢٦]. لەواقیعیشدا ئەمە رووی‌داو پالێوراوەکانی (رەفاه) تەواوی شارەوانیەکانی ناوچە کوردنشینەکانیان بردەوە. هەروەها لەشارە گەورەکانیش، بەتایبەتی لەئەستەموولو لەئەنقەرە؛ دەنگی کوردەکان فاکتەرێکی بەهێزی بردنەوەی پالێوراوە رەفاهیەکان بوو، ئەوشتەی بووە مایەی شۆك(صدمة)و ترس بۆحیزبە عیلمانیو نێوەندە حوکمڕانەکان.

### هۆکارە هەرێمیەکان:

پەرەسەندنی رووداوەکان لەدەوروبەری تورکیاداو پاش جەنگی کەنداو؛ کۆمەڵێك هۆکاری تری نیگەرانیی دەوڵەتی تورکیا بوو لەمامەڵە کردنی لەگەڵ گەلی کێشەداو، لەسەروو هەمووشیانەوە کێشەی کورد.

---

[٢٦] نوێنەرە حیزبی دیموکراسی مەحمود قیلیج لە سەرەتای نیسان/ ئەپریلی ڕابردوودا وتی کە حیزبی "ڕەفاه" گفت و بەڵێنی داوە کە ڕێز لە مافە کەلتوریو ئیتنیەکانی کورد بگرێت. بڕوانە ڕۆژنامەی"سەباح" ١٩٩٢/٤/٢.

ئەنقەرە سوریا دەخاتە سەرەوەی لیستی ئەو وڵاتانەی پشتگیری لەپەکەکە دەکەنو، سەرکردایەتیان داڵدەئەدەنو مەشق بەکادیرەکانیان دەکەن. تانسۆ چیللەر رەخنەی توندی لەسوریا گرت، بەتایبەتیش لەمانگی تەمموز/ یۆلیۆ و ت٢/ نۆڤەمبەری ١٩٩٣دا. ئەمە سەرباری ئەو کۆبوونەوانەی بەردەوام لەنێوان وەزیرەکانی ناوخۆو دەرەوەی هەردوو وڵاتدا دەبەستران‌و سەرباری ئەو رێکەوتنامە ئاسایشیانەی ئیمزا دەکران. رێکەوتنی غەزە ئەریحاش لە١٣ی ئەیلوول/ سێپتەمبەری ١٩٩٣دا هەلێکی ئاڵتوونی بوو بۆ تورکیا تادوور لەکاردانەوەی دەوڵەتە عەرەبییەکان پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ ئیسرائیلدا توندوتۆڵ بکات. بۆئەمەش لەنێوان ١٣و ١٦ی ت٢/ نۆڤەمبەری ١٩٩٣دا حیکمەت چەتین سەردانی ئیسرائیلی کردو، ئەمەش یەکەمجار بوو وەزیرێکی دەرەوەی تورکیا هەنگاوی وابنێت.

ئەوەی تازەش بوو لەم سەردانەدا ئەوەبوو چەتین پێشنیازی ئەوەی خستەبەردەم بەرپرسە ئیسرائیلیەکان تاپێکەوە بۆ قەڵاچۆکردنی (تیرۆری کوردی‌و تیرۆری سووریایی) هاوکاری بکەن. گەرچی ئیسرائیل لەبەر هەلومەرجی دانوستان لەگەڵ سوریادا ئەو هاوکارییەی رەت کردەوە، بەڵام کۆمەڵێك زانیاریی رۆژنامەوانی‌ی تورکیا باسیان لەوەکرد کەرێکەوتننامەیەکی نهێنی لەنێوانیاندا ئیمزا کراوە کەبریتی‌یە لە١٢ بەندو تایبەتە بەهاریکاریی ئیستیخباراتی لەنێوان ئیستیخباراتی تورکی(MIT)و موساددا بۆئاسانکاریی کاروبارەکانی (MIT) لە باشووری خۆرهەڵاتی ئەنادۆڵدا دژبە پارتی کرێکارانی کوردستان.(٢٧)

کاتێکش سەرۆکی ئیسرائیل حاییم وایزمەن لەکۆتایی ك٢/ینایەری١٩٩٤دا سەردانی تورکیای کرد، چیللەر ویستی پشتیوانی‌ی ئیسرائیل بۆخۆی بەدەستبهێنێت دژبە PKK، بۆیە ناوی حیزبوڵا(حزب الله)ی لوبنانیشی خستە سەر لیستی بزووتنەوە"تیرۆریستی"یەکان، بەڵام ئەم هەوڵانەی تورکیا لەگەڵ ئیسرائیل‌و سوریادا زۆر سوودی نەبوو. ئێستاش تورکیا سوریا تاوانباردەکات کەپشتیوانی لەPKK دەکات. ئیسرائیلیش تائێستا دان بەوەدا نانێت کەPKK رێکخراوێکی تیرۆریستی‌یە، ئەمەش بووەتە مایەی نیگەرانیی ئەنقەرە. وەختێ رۆژنامەوانە

---

(٢٧) بڕوانە"کاروباری تورکی" ژ ١١(بەهاری ١٩٩٤)، ل٢٥-٢٦.

تورکەکانیش پرسیاریان لەوایزمەن دەکرد سەبارەت pkk ، ئەو خۆی لەوە دەدزیەوە ناوی بنێت ڕێکخراوێکی تیرۆریستی وهەر هێندەی دەوت: (ئەوەی کاری تیرۆریستی بکات تیرۆریستە).

سەرچاوەی ئەم نیگەرانییەی تورکیاش بەتەنها هەڵوێستی ئیسرائیل نییە بەرامبەرPKK ، بەڵکوهەڵوێستێتی لەئاست دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردیش لە خۆرهەلاتی ناوەڕاستدا. لەکاتی سەردانەکەی چەتین دا بۆ ئیسرائیل؛ جوولەکەکان ئەوەیان دەربڕی کەپێیان خۆش نییە دوژمنایەتیی کوردەکانی خۆرهەلاتی ناوەڕاست بکەن. وایزمەنیش لەسەردانەکەیدا بۆ تورکیا خۆی لەو پرسیارە دزیەوە کەسەبارەت دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی لەخۆرهەلاتی ناوەڕاستدا لێی کراو وتی: (ئەوەندەمان کێشە هەیە سەبارەت بەدامەزراندنی دەوڵەتی فەڵەستین کەبەسمانە)[٢٨].

لێدوانیش سەبارەت دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی لەخۆرهەلاتی ناوەڕاستدا یەکێکە لە هۆیە سەرەکیەکانی نیگەرانیی تورکیا لەهەرێمەکەدا، سەرچاوەی ئەمەش ئەو گۆڕانکارییانەیە کە دوای دووەم جەنگی کەنداو ڕوویانداو بوونەمایەی دروستبوونی "دەوڵەتی فیدراڵی کوردی" لە ٤ت ١/ ئۆکتۆبەری ١٩٩٢دا لە باکووری عێراق.

تۆرگوت ئۆزاڵ وەکو هاوپەیمانێکی خۆرئاوا چووە دووەم جەنگی کەنداوەوە لەسەر بنەمای"یەکێك بدۆڕێنەو سیان بەرەوە"، بەلام ئەوەی پاشان ڕوویدا ئەوە بوو کە مەسەلەی کورد لە خۆرهەلاتی ناوەڕاستدا چووە قۆناغێکی نوێوە، کە بە بەراورد لەگەڵ ئەزموونەکانی ڕابردوودا دەشێ قۆناغێکی مێژوویی بێت. ئەو هێرشە سەربازیەی سەرۆکی عێراق سەدام حوسەین کردیە سەر کوردەکانی باکووری عێراق بووە هۆی کۆڕەویان لە بەهاری ١٩٩١دا بەرەو باشووری خۆرهەلاتی تورکیا کە ناوچەیەکی کوردنشینە. ئەم شەپۆلی کۆچەش لە سەرێکەوە ڕای گشتیی جیهانی بزواندو لە سەرێکی تریشەوە بە شێوەیەکی بەهێز ئامادەیی کوردی لە خۆرهەلاتی ناوەڕاستدا پیشانداو، ئەوەشی دەرخست کە تورکیا ولاتێکی فرە نەتەوەیە. ئەوەش بوو بە فاکتەرێکی گوشارو ئەنجامەکەشی بەوە شکایەوە کە سەرۆکی حکومەتی تورکیا سولەیمان دیمیریل دانی بە"واقیعی کورد" دا نا لەتورکیادا.

---

[٢٨] محەمەد نورەدین. تازە بوونەوەی پەیوەندییەکانی تورکیا – ئیسرائیل، ڕۆژنامەی"الحیاة" ١٩٩٤/٣/١٤.

کـۆڕەوی نیوملیـۆن کـوردی عـێراقیش بـۆ تورکیـا بـووە بەهانەیـەك بـۆ پێکهێنانی"هێزی چەکوش"ی فرە ڕەگەز لە بەهاری ١٩٩١داو جێگیربوونی لەتورکیادا بۆ پاراستنی کوردەکانی باکووری عێراق لە هێرشەکانی سوپای عێراق و، ناوچەی باکووری عـێراقیش کـە دەکەوێتـە سـەروو هێڵـی "٣٦"ەوە لـە فڕۆکـەی عـێراقی قەدەغـەکراو، ناوچـەی سـنووریی نێـوان عـێراق – تورکیـاش وەکـو ناوچەیـەکی ئاسایشی ڕاگەیەنرا، کەڕێ بە هیچ هێزێکی تورکیا نەدرێ تیایدا. لە ساڵی١٩٩٢یشدا یەکـەم پەرلـەمانی کـوردی لـە بـاکووری عـێراقدا هـەڵبژێردراو حکومـەتی کـوردی پێکـهێنراو تـانجیکی ئـەم هەنگاوانـەش لـە٤ی ت ١/ ئۆکتۆبـەردا بریتـی بـوو لـە ڕاگەیاندنی دامەزراندنی"دەوڵەتی فیدراڵی کوردی".

جا لەبەر ئەوەی کوردەکانی عێراق و کوردەکانی تورکیا سەر بە یەك نەژادو یەك کەلتوورن و لەڕووی جوگرافیەوە لە پەنا یەکدان(٢٩)، ئەنقەرە کەوتە چاودێریکردنی گۆڕانکارییـەکانی باکووری عـێراق و کاریگەرییـە چاوەڕوانکراوەکـانی لەسـەر بـەرەو پێشـەوە چوونـی مەسـەلەی کـورد لـە تورکیـادا. تورکیـاش لەبـەر ئـەوەی ئـەندامی پـەیمانی بـاکووری ئەتڵەسـی‌یەو لـە بـارێکدا نی‌یـە بچێتـە ڕوو بـە ڕوو بوونـەوەی ئاشکراوە لەگەڵ هاوپەیمانە خۆرئاواییەکانیدا کە پشتیوانی لە دامەزراندنی دەوڵەتی فیدراڵی کورد دەکەن لە باکووری عێراق؛ هەر بۆیە دیپلۆماسیەتی تورکیا هـەوڵیدا لەڕێی دوو دەسپێکی هەرێمی‌یەوە گەمارۆی ڕاگەیاندنی ئەو دەوڵەتە بدات.

ئـەوە بـوو هـەرپاش ڕاگـەیاندنی دەوڵـەتی کـوردی بـە ماوەیـەکی کـەم؛ وەزیـری دەرەوەی تورکیا حیکمەت چەتین پێشنیازی بەستنی کۆبوونەوەیەکی سێ قۆڵـی لە نێوان وەزیرانی دەرەوەی تورکیاو ئێران و سوریادا کرد بۆ لێدوان لەسـەر مەسـەلەی کورد لە عێراق دا. ئەوە بوو یەکەمین کۆبوونەوەی سێ قۆڵی لە ئەنقەرە لە ١٤ی ت ٢/ نۆڤەمبـەری١٩٩٢دا بەسـترا. یـەکێك لـە قسـەکەرانی تورکیـش بـەمجۆرە پـەیامی کۆبوونەوەکەی ڕاگەیاند:"ئێمە کە هێزی ئەسڵـی ناوچەکەین، ڕێ بە دروستبوونی هیچ قەوارەیەك نادەین تیایدا بەبێ ڕەزامەندی‌و ویستی ئێمە".

کۆبوونەوەی سێ قۆڵی وەزیرانی دەرەوەی ئەم سێ وڵاتە دووبارە بەستراوەیە. لەسەر ئەوە ڕێك کـەوتن کـەهیچیان مەسـەلەی کورد وەکو وەرەقەیـەکی گوشار دژ بە

یـەکدی بەکارنـەهێنن، هـەروەها دژ بـە گۆڕینـی سـنووری هــەرێمی بـن و، دژایــەتی دابەشکردنی عێراق بکەن. گەر ئەم هاو ئاهەنگیە لەئاستێکی نزمیشدا بەردەوام بێت؛ بێگومان کاریگەرییەکی زۆری لەسەر دیسپلینکردنی بارودۆخەکە دەبێت. دەسپێکی دووەمی دیپلۆماسیەتی تورکیا بەرامبەر ڕژێمی عێراق و سەدام حوسەینی سەرۆکی بوو، بە تایبەتیش دوای ئەو ڕاپۆرتە ئەمریکاییانەی دەربارەی سەربەخۆ بوونێکـی وردە وردەی کوردەکانی عێراقی دەکرد. هـەروەها دوای ئـەوەی وەفـدی ئـەمریکایی لەکۆبوونەوەیـەکی چوار قۆڵیدا لەگەڵ فەرەنساو بەریتانیاو تورکیادا لـە١٠ی ئـادار/ مارسی ١٩٩٤دا ڕایگەیاند کە دەبێ بە جیددی مامەڵە لەگەڵ مەسەلەی جیابوونـەوەی کوردەکـانی عـێراقدا بکـەن لـە چوارچێــوەی مــافی کەمینــەکان لــە دیــاریکردنی چارەنووســیاندا. هــەروەکو وەفدەکــە ڕایگــەیاند ئــەم مافــە کوردەکــانی ئــێرانیش دەگرێتـەوە. گـەرچی وەفدەکە تورکیای لەمەترسیی دابەشبوون دەرکـردو، داوای لـە تورکیا کرد چارەسەرێك بۆ کێشەی کوردی تورکیا بدۆزێتەوە؛ بەڵام ئەنقەرە متمانەی بەوە نەکردو، بگرە نیگەرانیەکەی زیاتر بوو.

ئاڵوگۆڕی سەردان لە نێوان بەرپرسانی تورکیاو عێراقدا بـەردەوام بـوو. ئـەوەی بـە لای تورکیاوە گرنگ بوو ڕێگرتن لـە دامـەزراندنی دەوڵـەتێکی کـوردی بـوو لـەباکووری عێراقداو، پاراستنی یەکێتی‌ی خاکی عێراق، بۆئەم مەبەستەش دەیویست زەمینـە بـۆ گفتوگۆیــەك خۆشــبکات لــەنێوان ســەدام حوســەین و ســەرکردە کوردەکــاندا تالــە چوارچێــوەی عــێراقێکی یــەکگرتوودا بگەنــە چارەســەرێك. گــەرچی ئــەمریکا ئــەم کرانەوەیەی تورکیای بەڕووی عێراقدا پێ ناخۆش بوو، بـەڵام تورکیـا هەرلـە سـەر ئـەو سیاسـەتەی بـەردەوام بـووە و پێناچێ وازیشـی لێبـهێنێت؛ لەبـەر ئـەوەی لەڕوانگـەی بەرژەوەندییــە نەتەوەییــەکانی تورکــەوەو، لــەڕووی ئاسایشــیو ئابووریـیــەوە بــە ڕێگایـەکی باشـی دەزانێت. ئەمـە جگـە لـەوەی ڕێکـەوتن لـەنێوان بەغدادو کوردەکـانی باکووری عێراقدا(گـەر چـی بـەم نزیکانـەش نـەبێت) دەبێتـە بیانوویـەك بـۆ تورکیـا تـا داوابکات"هـێزی چەکوش" کە لـە باشـووری خۆرهـەڵاتی تورکیادایـە بـۆ پاراسـتنی کوردەکانی عێراق لە هێرشەکانی بەغداد، نەمێنێت.

## نزیکبوونەوەی ئەمریکایی

"هێزی چەکوش" لەوکاتەوەی لەتورکیادا جێگیر کراوە[٣٠] تائێستاش مایەی مشتومڕی گەرمە لەناو وڵاتداو، هەیە بوونی ئەم هێزەی پێ باشەو، هەشە پێی خراپەو جاری واشە هەڵوێستەکان دەگۆڕین. ئەوانەی لەگەڵیدان دەڵێن ئەو هێزە زامنی ئەوەیە کە باکووری عێراق لە ژێر چاودێریدا بمێنێتەوە و، دەبێتە مایەی پتەوکردنی هاوپەیمانێتیی تورکیا – خۆرئاواو، هەروەها دەبێتە لەمپەرێك لەبەردەم هێرشەکانی عێراق و شەپۆلی کۆچی نوێ لە باکووری عێراقەوە بەرەو باشووری تورکیا.لە کاتێکا ئەوانەی دژین دەڵێن کەبوونی ئەو هێزە پێشێلکردنی سەروەریی تورکیایە و ڕێخۆشکەری دامەزراندنی دەوڵەتی کوردیی‌یە لە باکووری عێراق داو، لەمپەرە لەبەردەم پەیوەندیەکانی تورکیا بە هاوسێکانییەوەو، بەتایبەتیش ئێران و عێراق. لە پێشەوەی ئەم نەیارانەش بۆ بوونی هێزی چەکوش؛ نەجمەدین ئەربەکان سەرۆکی حیزبی"ڕەفاه"و، بوڵند ئەجەوید، سەرۆکی حیزبی"چەپی دیموکرات"ە.

ئەربەکان پێی وایە بوونی (هێزی چەکوش) بۆمەودایەکی دوور خزمەتی ستراتیژی PKK دەکات لەداواکردنیدا بۆکوردستانی گەورە. هەربۆیە پشتگیری جەنگاوەرانی دەکات. ئەجەویدیش سەرنجی داوە کە لەگەڵ سەقامگیربوونی (هێزی چەکوش) لەباشووری تورکیادا (تیرۆر)ی PKKرووی لەزیادی کردووە. هەروەها ئەربەکان لەسەرێکی ترەوە وایدەبینێت کە(هێزی چەکوش) ئامانجێکی تریشی هەیە، کەئەویش دامەزراندنی ئەرمینیای گەورەیە لەڕێی پارتی کرێکارانی کوردستانەوە. ئەم تێڕوانینەش لەگەڵ ڕاپۆرتی (لیژنەی لێکۆڵینەوەی کێشەکانی باشووری خۆرهەڵات)دا یەکدەگرێتەوە کە لەپەرلەمانی تورکیادا پێشکەشکراو، لەلایەن

---

[٣٠] هێزی چەکوش لە کۆتایی بەهاری ١٩٩١دا پێکهات وبریتی‌یە لە ١٨٢٢ ئەفسەروسەرباز بەمجۆرە:١٤٢١ ئەمریکی، ١٨٤ ئینگلیز،١٥٣فەرنسی،٧٤تورك. هەروەها ئەم هێزە خاوەنی ٤٨فرۆکەی جەنگی و١٦٢فڕۆکەی گواستنەوە(ئاواکس)و٩ هەلیکۆپتەرە کەلە دیاربوکر وئەنجەرلیك وسیلوپین. هەروەها ئەم هێزە لەشاری زاخۆ نووسینگەیەکی پەیوەندییان هەیە کە بریتین لە ٧ئەفسەری ئەمریکی و٣ی‌تورك و٢ی‌فەرنسی‌وئەفسەرێکی بەریتانی.

ئەندامانی لیژنەکەوە کەئەندامی پەرلەمان بوون دوای لێکۆڵینەوەیەکی مەیدانی ئامادەکراو، پێنج مانگی خایاندو لەکۆتایی ١٩٩٣دا بڵاوکرایەوەو تیایدا هاتووە کە: (تیرۆر لەلایەن چەند هێزێکی دەرەکیەوە بەشێوەیەکی رێکوپێك پشتگیری دەکرێ؛ کەئامانجی دووری سەربەخۆیی کەلتووریو ئۆتۆنۆمیو، دواتریش فیدراڵیەتە(بۆکوردە تورکەکان)و ئەرمینیای گەورەیە)[٣١].

بێگومان (هێزی چەکوش) جگەلەئەرکی چاودێریکردنی نەشونمای دەوڵەتی کوردی لەباکووری عێراقدا، ئامرازێکی لەباریشە کەشەرعیەتێکی نێودەوڵەتی بەئەمریکا دەدات بۆدەسخستنە ناو گۆڕانکارییەکانی ناوچەکەوە دوای کۆتاییهاتنی جەنگی دووەمی کەنداو. هەندێ زانیاریش کەلەحوزەیران/ یۆنیۆی ١٩٩٤[٣٢]دا بڵاوبوونەتەوە دەریدەخەن کەئەمریکا بەمەبەستی سەرگرتنی پلانەکانی خۆی؛ "سوود لەPKK" دەبینێت، ئینجا پروپاگەندە بڵاوبۆوە کەهەندێ لەئەفسەرانی (هێزی چەکوش) مەشق بەکۆمەڵێك کادیریPKK دەکەن لەباکووری عێراق. سەرنووسەری رۆژنامەی (تورکیش دەیلی نیوز) ئیلینۆر چیفیك ئەوە دەخاتە روو کەهەندێ لەدەرەجەدارانی سەرکردایەتیی سەربازیی توركیا ئەو زانیارییانەیان سەلماندووەو، ئەمەش (نیگەرانیەکی جیددی) لەنێو هێزە چەکدارەکانی تورکیادا دەوروژێنێ، هەربۆیە هەوڵدەدەن ئەو زانیارییانە ئاشکرا نەبن. هەروەها محەمەد ئەکیجی سکرتێری حیزبی گۆڕانی گەورە (BDP) ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کەکۆڕەوی چەند هەزار کوردێکی تورکیا بۆ باکووری عێراق لەترسی هێرشی تورکیا لەسەرەتاکانی ئایار/ مایۆی رابردوودا شتێکی تەگبیرکراو بوو، (هێزی چەکوش)یش لەگواستنەوەی ئەمانەدا فرۆکەکانی خۆی بەکارهێنا، بەڵکو هەرخۆشیان ئۆردوگایان بۆدابین کردن. نێوەندەکانی حیزبی برافی ناسیونالیستی توندرەو کەئەلب ئەرسەلان تورکیش سەرۆکایەتیی دەکات جەختی لەوەکرد کە(هێزی چەکوش) کۆمەك پێشکەش بەPKK دەکات. بەپێی هەندێ پروپاگەندەش دەگوترێ کەلەکاتی ئۆپەراسیۆنە سەربازیە فراوانەکەی تورکیادا دژ بەPKK لەپاییزی ١٩٩٢دا، پێنج کوژراویان دۆزیوەتەوە لەنێو تەرمی کوژراوەکانی پەکەکەدا کەخەتەنە نەکراون و دەڵێن رەگەزیان ئەمریکاییە[٣٣].

---

[٣١] رۆژنامەی "زەمان"ی تورکی، ١٩٩٣/١٢/٢.

[٣٢] گۆڤاری "نوقتە" (٥-١١حوزەیران/یۆنیۆ-١٩٩٤).

[٣٣] هـ. س. پ.

ئەوشتانەی سەبارەت بوونی پەیوەندی لەنێوان واشنتۆن و پەكەكەدا دەوترێن مەتەڵێكن كەگۆڕانكاریە مەیدانیەكان نایسەلمێنن. بەڵام بەپێی لێدوان و ئاماژەكانی هەردوولا دەشێ پەیوەندییەكی لەو جۆرە لەئارادابێ.

یەكەمین ئاماژەش بۆئەوە لێدوانەكانی سەرۆكی پەكەكە عەبدوڵڵا ئۆجەلان بوو كەسالێ و شتێك لەمەوبەر گوتی حیزب تەنانەت لەگەڵ ئەمریكاشدا پەیوەندیی هەیەو "لەڕووی سیاسیەوە فەرامۆشكردنی ئەمریكا ساویلكەییە". هەروەها ئۆجەلان ئاماژە بۆئەوە دەكات كەئەمریكا بەبەستنی پەیوەندی لەگەڵ PKKدا سوودی زۆر دەبینێت(ئێمە لەبارێكی زۆر گرنگداین بۆبەرژەوەندییەكانی ئەمریكا لەخۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا). ئۆجەلان بەزمانێك دەئاخڤێ كەتیایدا دەیەوێ هانی ئەمریكا بدات بۆ هەڵسوكەوت لەگەڵ پەكەكەو كوردی توركیاداو دەڵێت: (ئێمەین كەپێشەنگایەتیی كورد دەكەین، پەیوەندیی ئەمریكا بەبارزانیو تاڵەبانییەوە؛ پەیوەندییەكی دیاریكراوو بەرتەسكە)، هەروەها ئۆجەلان باس لەوەدەكات كەنوێنەرێكی خۆی ناردووە بۆواشنتۆن و لەوێ چاوی بەهەندێ ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەران و پیران كەوتووە، هەروەها وتویەتی: (لەسەر ئاستی جۆراوجۆر پەیوەندیمان لەگەڵ ئەمریكادا هەیە)[٣٤]. پێشتریش رایگەیاندووە كە(ئەڵمانیا فاشیستە، بەڵام ئەمریكا لیبراڵترە).

سەرۆكی پەكەكە پەی بەوە دەبات كەخوێندنەوەیەكی باشی گۆڕانكارییە جیهانیەكان پاش لێكترازانی یەكێتیی سۆڤێت ئەوە دەگەیەنێت كەدەبێ حیساب بۆ تاكلایەنیی سەركردایەتیی ئەمریكا بۆجیهان بكرێ. گەرچی جەخت لەوەش دەكات كەحیزبەكەی دەسبەرداری ئایدیۆلۆژیای ماركسی نابێت؛ بەڵام ئاگای لەوەشە كە(جووڵە كردن لەناو كۆمەڵێك قاڵبی سیاسیی وەستاودا بەرەو ئەنجامی گەلێ ترسناكمان دەبات). لێرەوە ئۆجەلان پێ لەسەر گرنگیی پەرەدان بەپەیوەندییەكان لەگەڵ هێزەكانی باكووری عێراق و دەوڵەتانی هاوسێ دادەگرێت، "بگرە تەنانەت لەگەڵ دەوڵەتە ئیمپریالیستەكانیشدا". ئەم بیرۆكەیەشی وەكو ئامۆژگارییەك بەئەندامانی حیزبەكەی دەڵێتەوە:

(پێویستە لەسەر هەڤاڵانمان دووربن لەقاڵبە وەستاوەكان و كوێرانە لەهیچ نزیك نەبنەوەو، بەرامبەر هیچ جۆرە پەیوەندییەك هەڵوێستی دژ وەرنەگرن)[٣٥].

---

[٣٤] بڕوانە گفتوكۆ لەگەڵ عەبدوڵا ئۆجەلاندا، رۆژنامەی"میللیەت"٢١و١٩٩٣/٣/٢٥ .

[٣٥] بڕوانە "دەنگی كوردستان"ژ ٢١(ئادار/مارس١٩٩٤)ل٣٧.

بەرامبەر بەمە توێژینەوەکانی پسپۆرە ستراتیژیيە ئەمریکاییەکان لەمەسەلەی کورددا لەتورکیادا، کەلەگەڵ هەڵوێستی حکومەتی تورکیادا یەك ناگرنەوە، هاوڕان لەگەڵ پسپۆری رووس لەکاروباری کورددا میخائیل لازاریڤ کەلەو کۆنگرە کوردیەی مانگی شوبات/ فبرایەری ١٩٩٤ لەمۆسکۆدا بەسترا داوای لەکوردەکانی تورکیا کرد کەچیدی ئەو (وشە سواوانە)ی وەك ئیمپریالیزم و ئیستعمار بەکارنەهێنن، چونکە ئەمریکاییەکان دژی ئەنقەرەن لەهەڵوێستیدا بەرامبەر کوردە تورکەکان[٣٦]. هەر لەم چوارچێوەیەدا رای هەریەك لەهنری بارکی و گراهام فۆلەرو مۆرتۆن ئەبرامۆفیچ و ئەیان لیسیر چوونیەکەو، هەموو ئەمانە رەخنە لەتورکیا دەگرن کەسیاسەتێکی سەربازیانەی بەرامبەر PKK دەگرێتەبەرو، داوایسەربەخۆیی کەلتووری بۆکوردو دامەزراندنی جۆرە فیدراڵیەتێك لەنێوان کوردەکان و تورکەکاندا دەکەن. هنری ج. بارکی کەمامۆستایە لەپەیمانگای خۆرهەڵاتی ناوەڕاست لەزانکۆی کۆڵۆمبیا، بەزمانێکی توندوتیژ دەدوێت و دەڵێت: (دەوڵەتێك لەتوانایدا نەبێ کێشە ئیتنیەکانی خۆی چارەسەر بکات، نابێ بەو هاوپەیمانەی جێی متمانەبێت بۆ دابینکردنی سەقامگیری و پارێزگاریی لایەنەکانی هاوسەنگی (  ) ململانێی ئیتنی لەتورکیادا وەکو بانگەشەیەکە بۆدابڕان لەکۆمەڵگای نێودەوڵەتی. ئامێز والا نەکردنیشی بۆچارەسەرێکی سیاسیانەی مەسەلەی کورد؛ بەشێوەیەکی زۆر خەتەرناك سنوور بۆ سەربەستیی بزاوتنی دەکێشێت و، بگرە هەڕەشە لەپەیوەندییەکانی بەخۆرئاواوە دەکات. بەمجۆرەش ئەو ناتوانێ ببێتە باوەپیارە(العراب)ی ستراتیژیی ئەمریکاو پەیمانی باکووری ئەتڵەسی لەخۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا). هەروەها بارکی ئەنقەرە لەوە ئاگادار دەکات کەبەردەوامبوونی لەسەر ئەو سیاسەتە سەربازیەی؛ کەسیاسەتێکە چارەسەری کێشەی کورد ناکات؛ وای لێدەکات هەرچی دەسکەوتی ئابووری و سیاسیی ئەم ساڵانەی دوایی هەیە لەدەستی بدات.

پێدەچێ گراهام فولەر، کەئێستا لەدەزگای (راند)ی ئەمریکایی بۆلێکۆڵینەوە-دا پسپۆرە، بەشێوەیەکی روونتر گوزارشتی لە(نیازەکان)ی ئەمریکا کردبێت، بەوەی دەڵێت کە واشنتۆن لەگەڵ چارەسەرێکدایە کەپێداویستیيە کەلتووری و ئیتنیەکانی

---

[٣٦] رۆژنامەی "الحياة" ١٩٩٤/٢/٢٤.

كورد دابین بكات، بەمەرجێ كارنەكاتە سەر هاوسەنگیی هێزەكان لەخۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا.

زۆر بەڕوونیش وێنەی ئەو چارەسەرە سیاسییە بۆ كێشەی كورد لە توركیادا دەكێشێت، كەئەویش دامەزراندنی (فیدراڵیەت) یان (ئۆتۆنۆمی)یە كەدان بەسەربەخۆیی كەلتووریی كورددا بنێت.

هەروەها مۆرتۆن ئەبرامۆفیچ كەباڵیۆزی پێشووی ئەمریكا بووە لەئەنقەرەو ئێستاش سەرۆكی دەزگای (كارنیجی)یە بۆلێكۆڵینەوە، لەو بڕوایەدایە كەدان نەنانێكی دڵسۆزانە بەواقیعی كورددا لەتوركیادا چارەسەرەكە ئاڵۆز دەكات، لەكاتێكا ئەو نووسەرەی لەگۆڤاری (فۆرین ئەفێرز)دا دەنووسێت دەڵێت كەسیاسەتی سەربازیانە دژی PKK لەمپەرە لەبەردەم توركیادا بۆئەوەی پەیوەندییەكانی خۆی لەگەڵ ئەوروپاو ئەمریكادا توندوتۆڵ بكات[٣٧].

لێرەدا پێویستە ئاماژە بۆئەوەش بكرێ كەحكومەتی توركیا لەو بڕوایەدایە كەPKK لەواشنتۆن نوێنەرایەتی خۆی هەیە كەقانی غولام سەرپەرشتیی دەكاتو، نوێنەرێكی حیزبی (دیموكراسی)ی هەڵوەشێنراو، مەحمود قیلیچ، لە١ی نیسان/ئەپریلی ١٩٩٤داو لەگەڵ كۆمەڵێك لێپرسراوی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریكاییدا بەشداریی كۆبوونەوەیەكیانی كردووە. توركیا ناڕەزایی خۆی بۆبەشداربوونی غولام لەكۆبوونەوەكەدا دەربڕی، بەڵام ئەمریكاییەكان وتیان كەغولام سەربە PKK نییەو وەكو وەرگێڕێك لەكۆبوونەوەكەدا بەشداری دەكات. ئەوەی جێی سەرنج بوو لەلێدوانەكانی قیلیچ دا لەو سەردانەیدا بۆواشنتۆن ئەوەبوو كە وتی؛ بەرپرسانی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریكا بەكەفوكوڵەوە پێشنیازی ئەوەدەكەن كەلەتوركیادا دەوڵەتێكی فیدراڵی وەك ئەو نموونە قوبرسییە پێكبێت كە(حیزبی دیموكراسی) داوای پراكتیك كردنی دەكات لەتوركیادا، مادامەكی توركیا وەكو نموونەیەك بۆكێشەی قوبرس سەیری دەكات[٣٨].

---

[٣٧] گۆڤاری "نوقتە" (٢٠-٢٦ئادار/مارس١٩٩٤).

[٣٨] ڕۆژنامەی"سەباح"ی توركی ١٩٩٤/٤/٢.

## ئەرمینیاو یۆنان و بولگاریا

لەوەتەی یەکێتی ی سۆڤێت لەبەریەك هەڵوەشاوەو ئەرمینیا سەربەخۆیی خۆی وەرگرتووە، تادێ تورکیا ترسی گەورەتر دەبێت لەهەوڵدان بۆزیندووکردنەوەی پەیمانی(سیڤەر)ی ساڵی ١٩٢٠ کەبڕیاری لەسەر دامەزراندنی دەوڵەتی ئەرمینیاو ئۆتۆنۆمی بۆکوردەکانی تورکیادا. ئەم ترس و نیگەرانیەش بەشێوەیەکی ئاشکراو لەسەر ئاستی بەرزی رەسمی خراوەتەڕوو.

دەزگاکانی راگەیاندنی تورکیا ناوبەناو ئاماژە بۆئەوە دەکەن کەهاوکاری لەنێوان ئەرمەن و پەکەکەدا هەیەو ئەرمینیا یارمەتی ی جەنگاوەرانی پەکەکە دەدات و داڵدەیان دەدات و چەکیان دەداتێ و ئازادیی هاتوچۆیان بۆ دابین دەکات. سولەیمان دیمیریل بەرۆژنامەیەکی روسیای راگەیاند (زانیاریمان هەیە کەپەکەکە لەناوچە جیاجیاکانی ئەرمینیادا هەیە)[٣٩].

هەروەها چیللەر لەپاییزی ١٩٩٣دا هاوسێکانی تورکیاو لەنێویاندا ئەرمینیای ئاگادار کردەوە کەچیدی هاریکاریی پەکەکە نەکەن، مادامەکی هەردوو کێشە سەرەکیەکەش (کەبریتین لە: ئەرمینیا داوای هەندێ زەوی و زاری تورکیا دەکات، هەروەها داوای لێدەکات بەرەسمی دان بەبەرپرسیاریی خۆیدا بنێ بەرامبەر کوشتارەکانی ساڵی ١٩١٥ کەدژ بەئەرمەن ئەنجامدرا) بێ چارەسەر ماونەتەوە؛ هەربۆیە پێدەچێ کێشەی کورد لەتورکیادا هەر بەردەوام بێ و وەکو برگەیەکی سەرەکیی خشتەی کاری پەیوەندییە دووقۆڵیەکانی ئەنقەرەو یەریڤان بمێنێتەوە.

هەروەها وەرەقەی کوردی چووتە نێو گەمەی کێبڕکێ ی نێوان ئەو دوو دوژمنە سەرسەختەوە: تورکیاو یۆنان. ئەوەبوو یۆنان رێ ی بەPKKدا لەپایتەختی یۆناندا دوو نوسینگە بکاتەوە، یەکەمیان لەژێر ناوی (لیژنەی هاوکاری لەگەڵ کوردستان) و دووەمیش لەژێر ناوی (نوسینگەی پەیوەندیبەستنی یۆنان و بەڵقانیەکان)و ئالآی کوردیش بەسەریانەوە هەڵکراوە. لەم رووەوە تورکیا (ئەوپەڕی نیگەرانیی خۆی

[٣٩] رۆژنامەی "الحیاة" ١٩٩٤/٣/١٢.

سەبارەت بەو نزیكبوونەوەیەی یۆنان لەPKK)[٤٠]كرد. قسەكەرێك بەناوی وەزارەتی دەرەوەی توركیا رایگەیاند كە كردنەوەی ئەو دوو نووسینگەیە (دژ بەیاسا دەولیەكانە كەدژ بەقەلاچۆكردنی تیرۆرن)[٤١] بەلام قسەكەرێك بەناوی وەزارەتی دەرەوەی یۆنانەوە وەلامی دایەوە(یۆنان دەوڵەتێكی دیموكراتەو ئەگەر رێكخراوێك ویستی ئالایەك بەرزبكاتەوە پێویستی بەئیزنی حكومەت نییە). مانگنامەی بەرخۆدان Berxwedanیش كەلەشاری كۆڵۆنیا لەئەڵمانیا بەتوركی دەردەچێت و لەPKKەوە نزیكە لەژمارەی رۆژی ١٥ی حوزەریران/ یۆنیۆی ١٩٩٤دا هەندێ هەواڵی سەبارەت بە(دیداری رەسمی)ی نوێنەری بەرەی رزگاریخوازی كوردستانی، باڵی PKK، لەگەڵ لێپرسراوانی یۆنانیدا بلاوكردەوە[٤٢].

هەروەها لەوشتانەی توركیا چاوەڕێی نەدەكرد، ئەو سەردانەی نوێنەری PKK لەئەوروپا(عەلی سابان) بوو بۆبولگاریا، كەلەلایەن یەكێك لەحیزبەكانی ئەوێوە بانگهێشت كرابوو لەسەرەتاكانی تەمموز/ یۆلیۆی ١٩٩٤دا.

وەختێ لەبارەی ئەم سەردانەوە لەسەرۆكی بولگاری"جیلیوجیلیف"یان پرسی، وتی:(لەدەوڵەتانی دیموكراتدا، هەر حیزبێك بۆی هەیە نوێنەری حیزبێكیدی بانگهێشت بكات). وەختێ باسی ئەوەش كرا كە حكومەتی توركیا PKK بەرێكخراوێكی تیرۆریست لەقەڵەم دەدات؛ وتی: (ئەمە مەسەلەیەكی ناوخۆیی توركیایە. ناسیونالیستە یوگوسلاڤیەكانیش بانگهێشت كراون وبۆ بولگاریا هاتوون). هەروەها جیلیف داوای "چارەسەرێكی سیاسی"ی مەسەلەی كوردی كرد لە ناو توركیادا و ئاماژەی بەوەدا كە دیموكراسیەت لە توركیادا پێشێلكراوەو وتی: "دەمانەوێ توركیا وڵاتێكی دیموكرات و سەقامگیر بێت". سەرنووسەری رۆژنامەی "حوریەت"ی توركی ئەرتغول ئۆزكوك سڵی لەوەكردەوە كە بولگاریاو یۆنانیش ببن بە "بیقاعێكی تر" (واتە وەكو دەشتی بیقاعی لوبنانیان لێبێت- كە هێزەكانی PKK تیایدا مەشق دەكەن-و-.)[٤٣].

---

[٤٠] رۆژنامەی"حوریەت" ١٩٩٤/٦/٩.

[٤١] رۆژنامەی "حوریەت" ١٩٩٤/٤/٧ .

[٤٢] رۆژنامەی Berxwedan ١٩٩٤/٦/١٥.

[٤٣] رۆژنامەی "حوریەت"، ١٩٩٤/٧/٦.

## ڕۆڵی ڕووسی

سەرەڕای ئەوەی تورکیا وەکو سەرەنێزەیەك وابوو لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئەتلەسی لەگەڵ یەکێتیی سۆڤێت دا لەکاتی جەنگی ساردا، بەڵام هەر لە ڕاگەیاندنی کۆماری تورکیاوە ساڵی ١٩٢٣ پەیوەندییەکانی تورکیا ڕووسیا گرژیی زۆری بە خۆیەوە نەدیوە. هەروەها گەرچی مۆسکۆی شیوعی پەیوەندیی لەگەڵ کوردەکانی عێراقدا هەبووە؛ بەڵام هەوڵی نەداوە کەناڵی ڕاستەوخۆ لەگەڵ کوردەکانی تورکیادا بکاتەوە.

لەگەڵ لێکهەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤێتدا؛ پەیوەندییەکانی نێوان ڕووسیاو کوردەکانی تورکیا قەڵەمبازێکی چۆنێتیانەی بەخۆوە بینی، ئەمەش لەچوارچێوەی بەکارهێنانی تەواوی وەرەقە شیاوەکانی هێزدا لە کێبەرکێی نێوان تورکیاو ڕووسیادا لەسەر ئاسیای ناوەڕاست و قەفقاس و بەڵقان. هەر بەڕاستیش داواکەی باڵیۆزی ڕووسی لە ئەنقەرە، ئەلبێرت چیرنیشیف، لەساڵی ١٩٩٣ دا، بۆ پشتبەستن بە "نموونەی یەکبوونی ڕووسیایی" وەك چارەسەرێکی کێشەی کورد لە تورکیادا، شتێکی سەمەرە بوو. هەروەها لێدوانەکانی سەرکردەی ڕاستی توندڕەو "ڤلادیمیر چیرنیۆڤسکی" پاش بردنەوەی لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی ڕووسیاییدا ساڵی ١٩٩٣، سەبارەت بە سڕینەوەی تورکیا و دامەزراندنی نیشتمانێك بۆ کورد لەسەر داروپەردووەکەی؛ بووەمایەی ترسی ئەنقەرە، لە ئاڕاستە تازەکانی ئەو بایە ڕووسیانەی بەرامبەر مەسەلەی کورد هەڵیانکردووە.

ئەم ترسانەی تورکیا زیاتربوون وەختێ یەکەمین کۆنگرەی کورد لە مۆسکۆ لە ٢٢ی شوبات / فبرایەری ١٩٩٤ دا بە چاودێرییەکی ڕەسمی لەلایەن وەزارەتی کاروباری نەتەوەکانەوە بەستراو، بەبەشداریی کۆمەڵێك لیژنەی سەر بە PKK، وەکو "لیژنەی کوردستان مۆسکۆ"و گۆڤاری "کوردستان ڕیپۆرت" کە حیزب لە لەندەن دەریدەکات. لە هۆڵی کۆنگرەکەدا هەردوو ئاڵای ڕووسیو کوردی هەڵکرانو، جێگری وەزیری کاروباری نەتەوەکانیش "ڤلادیمیر شیمشیرۆڤ"یش ئامادەی کۆنگرەکە بوو. لەسەرەتای کۆنگرەکەشدا نامەیەکی سەرۆکی PKK عەبدوڵا ئۆجەلان خوێنرایەوە کە

تیایدا داوای بەردەوامبوونی شەڕ دژ بە دەوڵەتی تورکیا دەکات و ئەو کۆنگرەیە لە مۆسکۆ بە "پشتیوانیەکی گەورە بۆ ئێمە"[٤٤] لەقەڵەمدەدات. بەیاننامەی کۆتایی کۆنگرەکەش داوا لە ڕووسیا دەکات پەیوەندیی ڕەسمی لەسەر بناغەی "هاوبەرژەوەندی" لەگەڵ بزووتنەوەی کورددا ببەستێت. لەم ڕووەشەوە جەمال قادر کە لەبەرەی ڕزگاریخوازی نیشتمانیی کوردستاندا بەرپرسە دەڵێت، کە ڕووسیا لە بەرژەوەندیایەتی پشتیوانی لە شەڕی کورد بکات بۆ بەدیهێنانی دەوڵەتی کوردی کە دەبێتە "زامنێکی دی بۆ پاراستنی سنوورەکانی ڕووسیاو باقیی وڵاتانی ئەندام لە خێزانی دەوڵەتە سەربەخۆکاندا"[٤٥] بەستنی ئەم کۆنگرەیەش لەمۆسکۆ بووە مایەی تووڕەیی تورکیا و سەرۆکەکەی، سولەیمان دیمیریل، کەئاواتی خواست"سەرکردایەتیی ڕووسی پەیوەندی لەگەڵ کورددا نەبەستێت".

هەندێکیش ئەم پشتیوانیەی ڕووسیا بۆ کورد والێکدەدەنەوە کە کاردانەوەیەکە بۆ پشتیوانیی ئەنقەرە لەبزووتنەوە جوداخوازەکانی چیچان وتەتەر وئەوانی دی لەناو ڕووسیادا. بەڵام دیمیریل ئەوە ڕەتدەکاتەوە کەتورکیا کەس دژی ڕووسیا هان بدات و، جەخت لەوە دەکاتەوە کە لەبەردەم نوێنەرانی گەلانی تورکیادا پێیان لەوە داگرتووە کە ئەوان"بەشێکن لەڕووسیا"[٤٦]

نزیکبوونەوە لەنێوان PKK وڕووسیادا هەر بەردەوام بوو و، دیدارە دوو قوڵیەکان کۆبوونەوەی کوردەکانی تورکیا دووبارە بوونەوەو لەنێویاندا پەرلەمانی کوردی لە مەنفا (پاییزی١٩٩٥) کەلە مۆسکۆی پایتەختدا بەسترا.

## فەرەنساو بەریتانیا

لەنێو دەوڵەتە ئەوروپییەکاندا، فەرەنسا لەڕێی هاوسەری سەرۆکی کۆچکردووی فەرەنسا"دانیال میتران"و، هەندێ دامەزراوی ناحکومیەوە، لەهەموویان زیاتر لەسەر بەرگریکردن لە مافە کەلتوورییەکانی کورد سوورە."مادام"(هەروەکو ڕۆژنامە

---

[٤٤] ڕۆژنامەی "الحياة"، ١٩٩٤/٢/٢٤.

[٤٥] ڕۆژنامەی "الحياة"، ١٩٩٤/٣/٢

[٤٦] ڕۆژنامەی "الحياة"، ١٩٩٤/٣/١٢.

تورکیەکان وای ناودەبەن) هەموو هەلێك دەقۆزێتەوە بۆ لۆمەکردنی سیاسەتی ئەنقەرە بەرامبەر کوردانی تورکیا. هەرئەویش هاندەرێك بوو بۆ ئەو ڕاگەیاندنەی کە لە ئادار /مارسی١٩٩٤دا هەندێ لەبراوەکانی خەلاتی نۆبل ئیمزایان کردو، تیایدا ڕەخنەی توندوتیژ لە سیاسەتی تورکیا بەرامبەر بەکورد دەگرن.

لە ٨ی حوزەیران/یۆنیۆی١٩٩٤دا، چەند کۆمەلەو ڕێکخراو ولیژنەیەکی بەرگریکار لە مافی مرۆڤ لەجیهاندا، بەیاننامەیەکیان لە ڕۆژنامەی"لۆمۆند"دا بلاوکردەوە کە نیولاپەڕەی ڕۆژنامەکەی داگیر کرد؛ بە ناونیشانی"تیرۆری دەولەت لە کوردستانی تورکیادا" . لە بەیاننامەکەشدا ناوی سەدان لادێ هاتووە لە ناوچە کوردنشینەکانی تورکیادا کە"سوپای تورکی وێرانی کردوون"، و دەسەلاتدارانی ئەنقەرە بەوە تاوانبار دەکات کە هەمان ئەو ڕەفتارەی لەگەل ئەرمەن و یۆنانیەکاندا کردوویەتی بۆ پاکسازیی ئیتنی لە چوارچێوەی پرۆژەی تورکیادابۆ"سەر لە نوێ بنیادنانەوەی ئیتنیانەی ولات"، بەرامبەر کوردیش هەمان ڕەفتاری کردووە. هەروەها بەیاننامەکە داوا لە ولاتە دیموکراتەکانی خۆرئاوا دەکات کە گوشار بخەنە سەر ئەنقەرە تا واز لەو ڕەفتارە بهێنێت و چارەسەرێکی سیاسی بۆ کێشەی کورد بدۆزێتەوەو، گەر ئەمەشی نەکرد ئەوا لە ڕووی سیاسی و دارایی و سەربازییەوە هیچ یارمەتیەکی نەدرێ.

بەرپرسە بەریتانیەکانیش بەردەوام داوای خۆیان بۆ ئۆتۆنۆمی بۆ کوردی تورکیا دووپات کردۆتەوە، لەوانەش داوای ژمارەیەکی زۆری ئەندامانی ئەنجومەنی لۆردەکان لە دانیشتنێکدا لە ٢٩ی ت٢/ نۆڤەمبەری ١٩٩٣دا؛ بۆ گوشار خستنە سەر تورکیا تا ڕێ بدات دەولەتێکی کوردیی سەربەخۆ دابمەزرێ. یەکێکیشیان وەها وەسفی پەکەکەی کرد کە دەیەوێ کوردەکانی تورکیا لەو"تووانەوە سیاسی"یە ڕزگار بکات کە"ئەنقەرە"[٤٧] دژیان ئەنجامیدەدات. وەزیری یارمەتیەکانی دەرەوەی بەریتانیاش، خانم ليندا چۆكەر، لە٢٧/٤/١٩٩٤دا نیگەرانیی زۆری خۆی سەبارەت بەو شێوازی ڕەفتارە پیشاندا کە کوردەکان لە باشووری خۆرهەلاتی تورکیادا دووچاری بوون و، وتی تورکیا بەم کارانەی"لە سەر ئاستی دونیا ناوی خۆی دەزڕێنێ و شیاویە

---

[٤٧] گۆڤاری "بازار پۆستاسی"ی تورکی، ١٢/ئادار/مارس ١٩٩٤.

دیموکراتیکــەکانی خــۆی لــە دەســت دەدات"[٤٨] گــەرچی ئــەڵمانیاش(هــەروەها فەرەنســاش) چالاکیــەکانی PKKی لــە نــاو خــاکی خۆیــدا قەدەغــە کــردووە،بــەڵام حکومەتەکـەی جـەخت لـەوە دەکـات کـە دەبـێ دان بـەمافی کوردەکـانی تورکیـادا بنرێ"بەر لە هەموو شتێکیش ئازادیی تەواوی دەربڕینی شوناسـی کـەلتوورییان" هەروەکو لە ٢١ی شوبات/ فبرایەری١٩٩٤دا لە بەیاننامەیەکی حکومەتدا هاتبوو.

هـەروەها لـە ١٠ی ئادار/ مارسـی ١٩٩٤دا بڕیـاری پەرلـەمانی ئـەورووپی تەنـها بـە ڕەخنــەگرتن لــەو بڕیــارەی پەرلــەمانی تورکیــەوە نەوەســتا کــە مــافی پاراســتنی پەرلـــەمانیان لـــە نوێنـــەرە کوردەکـــان ســـەندەوە، بـــەڵکو دوورتـــر ڕۆیشـــت ووتـی:"پەرلەمانەکـەمان دژ بـە هەڵوێسـتی حکومـەتی تورکیـا بەرامبـەر بـە نوێنـەرە کوردەکان دەوەستێت، ئەو نوێنەرانەی بەرگری لە بەرژەوەندیی گەلی کورد دەکەن و بـە شـێوەیەکی دیموکراسـییانە هـەڵبژێردراون، پەرلەمانەکـەمان داوا لــە حکومــەتی تورکیا دەکات دان بە مافە تایبەتیەکانی گەلی کورددا بنێت لە تورکیا"[٤٩].

هـەروەها بازنـەی گوشاری نێو دەوڵـەتی لـە سـەر تورکیـا زیـاتر دەبـێ لـە لایـەن دەسەڵاتدارانی ڕەسمیی دەوڵەتان و، لیژنەو ڕێکخراوە سەربەخۆکان و، دامەزراوە نێو دەوڵەتیەکانی وەکو ڕێکخراوی لێبوردنی نێو دەوڵـەتی(ئەمنیستی ئینتەرناشناڵ–و–)کـە لـە ڕاپۆرتێکیـدا بـە مێـژووی ٢٢ی حوزەیـران/یۆنیۆی١٩٩٤حکومــەتی تورکیـا بە"زۆربوونــی پێشـێلکردنی ترسـناکی مـافی مـرۆڤ و بـە تایبـەتیش لـە باشـووری خۆرهـەڵاتی تورکیادا" تاوانبار دەکات. لە ڕاپۆرتەکـەدا هـاتووە"سـەعات بەسـەعات بارودۆخەکە خراپتر دەبێت. هـەموو هەفتەیـەك خـەڵکێکی زۆر بـە تـاوانی پروپاگـەندە کـردن بـۆ جوداخوازیـی کـوردی دەگیرێن و دەخرێنـە بەندیخانـەوە. هـەموو ڕۆژێکیـش تیپەکانی مەرگ خەڵك دەکوژن. ڕاپۆرتەکە دەڵێت کە ٨٧١ دێ یا سـووتێنراون و یـان ڕاگوێزراون. بەڵام لە هەمان کاتدا ڕاپۆرتەکە دژی ئەو پێشێلکارییانەی مافی مرۆڤیش دەوەستێت کە هەندێ لایەنگری PKKئەنجامیان داوە، وەك کوشتنی خەڵکی مەدەنیو ڕۆژنامەوانو بەرپرسی سیاسیی.ناوچەکان[٥٠].

---

[٤٨] ڕۆژنامەی "الديار" ١٩٩٤/٤/٢٨.

[٤٩] گۆڤاری "نوقتە"، ٢٠–٢٦ئادار/مارس ١٩٩٤.

[٥٠] ڕۆژنامەی "النهار"، ١٩٩٤/٦/٢٣.

## هەندێ ئاماژە بۆ پاشەڕۆژ

گەرچی پێشبینیکردنی دۆزینەوەی چارەسەرێکی ڕیشەیی مەسەلەی کورد لە توركیادا لەم ساڵانەی داهاتوودا لە جێی خۆیدا نی‌یە، بەڵام هەندێ فاكتەرو ئاماژە هەن كەوامان لێدەكەن بڕوا بكەین بەوەی ئەم كێشەیە دەشێ لەماوەی ئایندەدا سەرەتای گۆڕانكارییەك لەهەڵسوكەوتی ڕەسمی توركیادا بەرامبەر بە كورد بهێنێتە ئاراوە.

### ئەم فاكتەرو ئاماژانەش بریتین لە:

١-لەناوتوركیادا زۆربە لەسەر ئەوە كۆكن كە هۆی ئەو قەیرانە ئابووری‌یە سەختەی دوچاری توركیاهاتووە بەتەنها ناگەڕێتەوە بۆ ئەو گەمارۆ ئابوورییەی بەسەر عێراقدا سەپێنراوەو داخستنی ئەو بۆری‌یە نەوتەی بە خاكی توركیادا تێدەپەڕێ‌و خراپی بەڕێوەبردنی حكومەتەكەی چیللەر،بەڵكو گرنگترین فاكتەر لەوەستانی ئەو پرۆژانەی وەبەرهێناندا؛ بەتایبەتیش پرۆژەی"غاپ"و، بێدەسەڵاتی لە هاوسەنگی‌داو، زۆربوونی قەرزەكانی دەرەوە(كەلە ٧٠ملیاردۆلار زیاترە)ئەو هەموو خەرجی‌یەیە كەبۆ"شەڕی دژبەتیرۆر"سەرفكراوە؛ واتە بۆ ئۆپەراسیۆنە سەربازییەكان دژبەPKKو، بەردەوامبوون لەسەر ئەم سیاسەتە سەربازییە بەتەواوەتی هەرەس بە توركیا دەهێنێت.لێرەوە دەبێ بۆ بەرگرتن لەو هەرەسە هەنگاو بنرێ،ئەوەش پەیوەندیی بە خەرجیە سەربازییەكانەوە هەیەو،بەمجۆرە دەبێ ڕادەی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵPKKدا كەم بكرێتەوە.

٢-سەركەوتنی حیزبی"ڕەفاه"ی ئیسلامی لەهەڵبژاردنەكانی شارەوانی ٢٧ی‌ئادار/مارس‌و هەڵبژاردنەكانی پەرلەمان ك١/دیسەمبەری ١٩٩٥دا، وەكو زەنگێكی نوێی مەترسی بوو بۆسەر دامودەزگاكانی ڕژێمی كۆماری‌و هەڕەشەكردن لە كۆڵەكەی سەرەكیی كەعیلمانیەتە.ئەمەش مەترسیەكە بەڕای كەمالیزم هیچی لە كێشەكانی دی كەمتر نی‌یە،لەپێش هەمووشیانەوە كێشەی كورد. لەوەش دەچێتPKKو"ڕەفاه" هاوبەرژەوەندی‌بن لەلاوازكردنی ئەم ڕژێمەی ئێستادا، كەلە توانایدا نی‌یە هەروا بەئاسانی بەجارێ ئەم هەموو كێشە ترسناكە لەخۆبگرێ.

هەر بۆیە دەشێ کەمکردنەوەی مەترسیی هەندێکیان کاری پێویست بێت،لەوانەش کێشەی کورد، ئەویش لەرێی هەنگاونانی ئیجابییەوە(گەرچی لەچاو قەوارەی کێشەکەشدا بچووك بێت)بەرامبەر مەسەلەی کورد.

لێرەوە گوشار بۆ سەر تورکیا زۆر دەبێ تا ئەو حاڵەتی نائاسایییەی لە ساڵی١٩٨٧ەوە بەسەر ناوچە کوردنشینەکاندا سەپێنراوە لابرێ‌و یاسایەکی نوێی بەڕێوەبەرایەتی خۆجێیی(الادارة المحلية) لەتورکیادا دەربکرێ کە دەسەڵاتی پارێزگاکان بەجۆرێك ڕەچاوبکات لە "ئۆتۆنۆمی"یەکی دیاریکراوەوە نزیك بێت.

٣-گۆڕەپانی سیاسیی ناوخۆی تورکیا سەبارەت بە مەسەلە جۆراوجۆرەکان جیاوازییەکی فرە لە هەڵوێستی حیزبەکاندا بەخۆیەوە دەبینێت. گەرچی زۆربەی ئەم هەڵوێستانە بەرامبەر بەکورد ئیجابی نین.

بەڵام دەشێ هەڵوێستە تاڕادەیەك ئیجابییەکانی حیزبی گەلی دیموکرات (کەدواتربوو بە گەلی کۆماری) ڕاست ناچاربکات هەندێ گۆڕانکاری لەسیاسەتیدا بەرامبەربە کێشەی کورد بکات. بەتایبەتیش کاتێ حیزبە ڕاستەکان ناچار دەبن ئیئتیلافی لەگەڵ بکەن. لەبەرئەوەی "حیزبی گەلی کۆمەڵایەتیی دیموکرات" ساڵانێکە بە ڕووی مەسەلەی کورددا کراوەتەوەو، لە هەڵبژاردنەکانی ١٩٩١دا لەگەڵ پاڵێوراوە کوردەکاندا هاوپەیمان بوو. ئەوانیش لەژێر چەتری ئەمدا بردیانەوە هێندەشی نەبردکە "پارتی کاری گەلی"یان دامەزراند، پاشانیش "حیزبیدیموکراسی"کە دواتر هەڵوەشێندرانەوە. زۆربەی جاریش سەرۆکی پێشووی حیزب "ئەرواڵ ئینۆنۆ" داوای لابردنی حاڵەتی طواریو هەڵوەشاندنەوەی "جاشێتی"و بەگشتیکردنی دیموکراسی ومافی مرۆڤی دەکرد. سەرۆکی ئێستاش"موراد قەرەیالچین"هەمان ڕێڕەوی گرتەبەرو، لە ٢٥ینیسان/ئەپریلی١٩٩٤دا داوای دامەزراندنی "پەیمانگای کوردەواری"یکرد و وتی: (پێویستە دانیشتووانی ئەم هەرێمە (باشووری خۆرهەڵات کەکوردی لێیە) کەسێتیو ناوو کەلتورو زمانی خۆیان بپارێزن و پەرەی پێ بدەن. هەر بۆ ئەم مەبەستە شتێکی سوود بەخشە کە پەیمانگایەکی کوردەواری بکرێتەوە) هەروەها داوای ئازادیی ناولێنانی منداڵان و شوێنەکانی کرد لە ناوچە کوردنشینەکاندا.[٥١]

---

[٥١] ڕۆژنامەی "حوریەت"، ١٩٩٤/٤/٢٦.

ئـەو هەڵوێســتە ئازایانــەی یــاڵچینیش هەڵوێســتێكی جــوان بــوو كــاتێ لــە كۆبوونەوەیــــەكی ئەنجومــــەنی ئاسایشــــی نەتــــەوەیی توركیــــا لــــە ٢٩ی‌حوزەیــران/یۆنیــۆی١٩٩٤دا نوانــدیو بەشــێوازێكی توندوتیــژ ســەبارەت بــە "باشــووری خۆرهــەڵات" دواو وتــی: (ئـەم بــارە"گوشــاری ســەربازی" نابــێ هــەروا بەردەوام بێ. دەبێ چارەسەرێكی بۆ بدۆزینـەوە. بـۆ ئـەوەی كـاتیش بەفیڕۆنـەدەین پێویسته هەندێ بڕیار بۆ چەسپاندنی دیموكراسی بدەین. زۆرلـەوە دواكـەوتووین. پروپاگەندە دژ بەتوركیا هەموو ئەوروپای تەنیوەتەوە). وەختێ سەبارەت هەڵوێستی سوپاش لەو قسەیە لێیان پرسی، لەوەڵامدا وتی: (ئەمە كاری سوپا نی‌یە).

ئەم"زمانە مەدەنی‌یە"ی قەرە یاڵچین لەگەڵ ئەو زانیارییانـەدا یەك دەگرێتـەوە كە ئاماژە بۆ كەمبوونـەوەی"مۆركی سەربازی"ی دەسەڵات دەكەن لـەڕێی ئامادەكردنی دەستوورێكی نوێوە كەوەكو ئێستا ڕەچاوی بوونی"ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی" نـەكات كـە ڕۆڵـی"حكومـەتی ڕاسـتەقینە"لـەوڵاتدا دەبینێـت. تـا جڵـەوی ئاراسـتەی سەربازیش لە دەوڵـەتداو لـە سـەنتەرەكانی دروسـتكردنی بڕیـاردابكرێ، كاریگـەریی ئیجابی‌ی بۆ دۆزینـەوەی چارەسەرێكی سیاسی‌ی مەسەلەی كورد لـەتوركیادا زیـاتر دەبێت.

٤- حكومـەتی توركیا زۆرباش دەزانــێ كـە بـەردەوامبوونی قۆنـاغی توندوتیـژی لەگـەڵ كوردەكاندا چ كاریگەرییـەكی سـەلبی‌ی بۆ سـەر پێگـەی توركیـا لـە سیسـتمی نــوێی جیــهان و، پەیوەندییــەكانی بەكۆمــەڵگای نێــو دەوڵــەتی و، بەتایبــەتیش بەیەكێتی‌ی ئەوروپاوە دەبێت كە ئەنقەرە دەیەوێ ببێت بەئەندام تیایدا.

بەرپرسە ئەوروپیـەكانیش بـەردەوامو لەهــەر بۆنەیـەكدا ئـەوە دووپـات دەكەنـەوە كەمەسـەلەی دیموكراسی و مـافی مرۆڤ دوو مـەرجی سـەرەكین بـۆ وەرگرتنـی توركیـا لەیــەكێتی‌ی ئــەوروپیدا. ئــەم دوو مەســەلەیەش دوو نــاون بــۆ كێشــەیەك،كەئــەویش كێشەی كوردە.پەرلەمانی ئەوروپیش هەڕەشەی لە توركیا كردووە كەلە ئەندامێتی‌ی دەخات ئەگەر نوێنەرە كوردەكان ئازاد نەكاتو مافی پارێزگارییـان بۆ نەگەڕێنێتـەوە. هـەروەها تـابێت گوشـاری ئـەمریكا لەسـەر ئەنقـەرە زیـاتر دەبـێ بــۆ چارەســەر كردنـی مەسەلەی كورد. توركیاش ناتوانێ تاسەر لەبەردەم ئەم گوشارانەدا خۆی ڕابگرێت.

ئایا ئەنقەرە مل بۆ ئەو گوشارانە دەدات، یان بەسەریاندا زاڵ دەبێت لەبەر ئـەوەی خۆرئاوا لە چوارچێوەی هەرێمیدا پێویستی بە توركیایە؟

# ٢-"فیل"ی تورکیو"مێش"ی کوردی

لەوەدەچێت قۆناغی پێکدادانی خوێنین، کە بە کوشتاری بینگۆل لە ٢٤یئایار/مایۆی١٩٩٣دا لەنێوان هێزەکانی تورکیاو هێزەکانی PKK دا دەستپێکرد؛ هەتا هەتایە بەردەوام بێت. سەرۆکی ئەرکانی تورکی دۆغان غوریش گفتیداوە لەماوەیەکی کەمدا "قاچیان بشکێنێت" (هی پەکەکە)، لەکاتێکا وەزیری ناوخۆ محەمەد غازی ئۆغڵو جەخت لەوە دەکات کە "بەم زووانە کۆتایی بەتیرۆردێت".

ئەو بەڵگەو ئاماژانەی کە بەو ئاڕاستەیەدا دەڕۆن کێشەی کورد لەتورکیادا بەکێشەیەکی سەربازیی پەتی لەقەڵەم بدەن؛ هێشتا بەهێزن. ئەمەش زاڵکردنی بۆچوونی دامو دەزگای سەربازیی تورکیاو ناسیونالیستە تورکە توندڕەوەکانە، لەنێویشیاندا سولەیمان دیمیریل، بەسەر ئەو بۆچوونانەی تردا کە داوای ئەوەدەکەن لەگۆشەنیگایەکی نەرم وکراوەی هاوچەرخانەوە مامەڵە لەگەل کێشەی کورددا بکرێ، کە بە داننان بە مافی ڕۆشنبیرییاندا دەستپێبکات تا دەگاتە گفتوگۆ کردن لەسەر شێوە کردەییەکانی "ژیانێکی هاوبەش" لەنێوان کوردوتورکدا، ئەمەش ئەوە بووکە سەرۆکی کۆچکردوو تۆرگوت ئۆزال بانگەشەی بۆ دەکرد.

پاش کوشتاری بینگۆل و، نەمانی بەرپرسێکی وەکو ئۆزال کە بانگەشە بۆ کرانەوەو گفتوگۆ بکات، بەر پرسە ئاسایشی(ئەمنی)یەکان هەستیانکرد هەلومەرجی لەباریان بۆ ڕەخساوە تا "شێوازی خۆیان" لەڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ جەنگاوەرە کوردەکاندا پراکتیک بکەن، بەتایبەتیش دوای ئەوەی سەرۆکی حکومەت تانسۆچیللەر هەر بە چەند ڕۆژێک پاش پێکهێنانی حکومەتەکەی(لەحوزەیرانی١٩٩٣)دا ڕووناکیی سەوزی دانێ، وەختێ بەسوپای وت: "کۆتایی بەمە بهێنن".

ئەوەبوو لە سەرەتاکانی تەمموز/یۆلیۆی١٩٩٣دا و ڕێک لە یانزدەی مانگدا؛ سەرۆکایەتی ئەرکانی تورکیا تواناکانی دەوڵەت بۆ ڕوو بەڕووبوونەوەیPKK ی خستە بەرچاوی سەرۆکی حکومەت وخاوەنکارە پایەدارەکان.

بە ڕاگەیاندنی"شەڕیسەراپاگیر"لە لایەن سەرۆکی PKK عەبدوڵا ئۆجەلانەوە. دژ بە دەوڵەتی تورکیا، ڕاپۆرتی سەرۆکایەتیی ئەرکان باس لەوەدەکات کە شەڕ دژبە پەکەکە نابێ بەتەنها شەڕێکی سەربازی بێت، بەڵکو پێویستە "سەراپاگیر"بێت.

ڕاپۆرتەکەی سوپای تورکیا لەبارەی توانای دارایيو سەربازیی(PKK)ەوە دەدوێت و دەڵێت کە دەرامەتی ساڵانەی ئەو حیزبە کوردیيە ١,١ تریلیۆن لیرەی تورکییە(ئەو دەمە دۆلارێك بە یانزدە هەزار لیرەی تورکیبوو). یۆنانیش دە ملیۆن دۆلاریان دەداتێ. بووجەی ساڵی ١٩٩٢ی(PKK) گەیشتە سەد ملیۆن دۆلار، لەلایەن زۆرهێزی دەرەوەشەوە کۆمەك دەکرێ. هەروەها ڕاپۆرتەکە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە(PKK)لەناو تورکیادا ٥٥٠٠-٦٠٠٠ جەنگاوەرو لەعێراقدا ٢٥٠٠-٣٠٠٠و لەئێراندا ٥٠٠-٨٠٠و لەلوبنان وسوریادا ٣٠٠-٤٠٠ جەنگاوەری هەیە کە سەرجەم دەکاتە ٩-١٠ هەزار جەنگاوەر.

بەرامبەر بەمەش بەرپرسێکی سەربازیی تورك؛ باری سەربازیی لەباشووری خۆرهەلاتی وڵاتدا خستەڕوو وتی ژمارەی هەلیکۆپتەرەکانی تورکیا بووە بەدووئەوەندە، کەئێستا ١١٥هەلیکۆپتەرە، بەڵام ژمارەی سەربازان بووەبە ٢٥ ئەوەندە، واتە ١٤٠هەزارسەرباز. ئەو بەرپرسە وتی تا سەربازێك دەکوژرێ، ٦,٣ جەنگاوەری پەکەکە دەکوژرێ. بەرپرسی ڕۆژنامەوانی لە سەرۆکایەتیی ئەرکاندا وتی لەتورکیادا زیاترلە ١١ڕێکخراوی جوداخوازهەیە.

دۆغان غوریشیش باسی شەڕەکان دەکات ودەڵێت: (لەڕێ بێ سیمەکانی جەنگاوەرانی PKK ەوە دەزانین کە خەریکن تەفروتوونا دەبن. لە شاخەکانی غبارونمازدا بەردمان بەسەر بەردەوە نەهێشتووە، بۆمبی٥٠٠ لیبرەیی(نزیکەی٢٥٠کغم)مان تێ گرتوون، کەکەس ناتوانێ بەرگەی بگرێ. پاش چەند مانگێك لاشەکانیان لەوێ دەبینن. بەپێی حیسابی خۆم لەماوەیەکی زۆرکەمدا قاچیان دەشکێنین. ئێمە لە سەر ئەوە زۆر سوورین. بەڵام ئەگەر نەتوانین لەتواناو کاریگەریيPKK کەم بکەینەوە؛ ئەوا ناچارین ئەحکامی عورفیی توندوتیژ بەسەر ناوچەکەدا ڕابگەیەنین).

لەسای ئەم هەلومەرجە سەختەدا کەلەلایەن سوپای تورکیاوە سەپێنراوە، لەناوەڕاستی تەمموز/یۆلیۆی١٩٩٣دا بیرۆکەی دروستکردنی تیپێکی تایبەت

هاتەگۆڕێ، تیپێکی شارەزا کە بتوانێ شەڕ لەگەڵ جەنگاوەرانیPKKدا بکات. ئەمەش بەمەبەستی ئەوەی پاڵ بەهەرچی سەربازەوە هەیە نەنرێ بۆ ناو شەڕێك کە پێویستی بەشێوازی تایبەت وتەکتیکی نوێی وەهایە کە لەگەڵ شێوازی شەڕی پارتیزانیدا بگونجێت کە پەکەکە پەنای بۆ بردووە، بەتایبەتیش لە شوێنە سەخت وقایمەکاندا.

لەڕووی ڕاگەیاندنەوە ئەم تیپەی بڕیارە پێکبهێنرێ، ناونرا"سوپای تایبەت"و"سوپای شارەزا".

وەزیری دەوڵەتیش یڵدیریم ئاقتۆنا لەبارەی سوپای تایبەتەوە دەڵێت کە بریتییە لە کۆمەڵێك یەکەی کۆماندۆ کەلە ناو سوپادا هەڵدەبژێردرێن، ویان لەوانەی خزمەتی سەربازییان تەواو کردووە ولەهەمان کاتدا توانای بەرزیان لە شەڕدا هەیە، ژمارەی ئەم یەکانە دەگاتە ٥٠-٦٠هەزار، بەشێکیان لەژێر سەرپەرشتیی سەرۆکایەتیی ئەرکانداو بەشێکی تریشیان لەژێر سەرپەرشتیی وەزارەتی ناوخۆو بەڕێوەبەرێتیی گشتیی ئاسایشدایە، ئەمانە دەسکەوتی فراوانیان هەیە، لەوانە مووچەی مانگانەیان کەدەگاتە بیست ملیۆن لیرە(نزیکەی ١٨٠٠تا٢٠٠٠دۆلار) لەگەڵ بیمەی تەواو بۆ خێزانەکانیان، هەروەکو سەرۆکی هەرێمی حاڵەتی طواری، ئۆنال ئەرکانیش دەڵێت ئەمانە دەچن بۆ شاخەکان تاوەکو چەکدارانی(pkk)بژین. خۆ ئەگەر بەهاوکاریی ئەمانە ڕەوتی کارمان خێراو بەردەوام بوو ئەوا پەکەکە شکست دێنێت ولەماوەیەکی زۆر کورتدا کاریگەرییان نامێنێت وکەسیان ناتوانێت بە ئازادی لە شاخەکاندا بێت وبچێت.

سەرۆکی حکومەتیش سوپای تایبەتی نوێی شوبهاندووە بەو"مێروانەی مێروویەکی وەکو(pkk)دەخۆن". هەروەها وتی ئەم سوپایە لە ڕەگوڕیشەوە(pkk)هەڵدەتەکێنێت.

بەمەبەستی بەردەوامیی باشترین شێوەی شەڕکردنیش دژی (pkk)حکومەتی تورکیا ماوەی کاری سەرۆکی ئەرکان"دۆغان غوریش"ی (لەئاب/ ئۆگستۆسی ١٩٩٣دا)بۆ ساڵێکی تر درێژ کردەوە؛ گەرچی کاتی خانەنشینکردنیشی بوو. هۆی سەرەکیی ئەم درێژ کردنەوەیەش-هەروەکو یڵدیریم ئاقتۆنا-دەڵێت بەدواداچوونی پراکتیك کردنی "پلانەگرنگەکان وستراتیژەکان"ە بەرامبەر جوداخوازەکان.

بڕیاری پێکهێنانی "سوپای تایبەت" بووە مایەی کاردانەوەی جیاوازی سەرکردەی حیزبەکان ونێوەندە تورکیاییەکان، کەدابەش بوون بەسەر لایەنگرونەیاردا.

لێرەدا هەڵوێستی سەرکۆمار دیمیریل هەڵوێستێکی زەقە کە دژبە پێکهێنانی ئەو سوپایە یەو دەڵێت "شەرکەس ئەدهەمێکی ترمان ناوێت" هەروەها سەرۆکی حیزبی "نیشتمانی دایك"یش مەسعودیڵماز لەگەڵ هەڵوێستەکەی دیمیریلدایە ودەڵێت: "لەتورکیادا یەك سوپا هەیە ونابێ سوپای تایبەت دروستبکرێ".

چیللەریش بە بەیاننامەیەك لە ١٤ی ئابی/ئۆگستۆس دا وەڵامی دانەوەو تیایدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کەسوپای تایبەت تیپێکی سەربەخۆ نییە، بەڵکو لە سوپاوجەندرمەو ئاسایشی گشتی پێکدێ و هەریەکەیان بەسەرکردایەتیی تایبەتی ی خۆیەوە بەستراوەتەوە.

بەرامبەر بەم نەیارانەش هەڵوێستی "ڕەفاه"و حیزبی بزاڤی نەتەوەیی (MHP) قوت بووەوە کە لایەنگری پێکهێنانی سوپای تایبەت بوون.

نەجمەدین ئەربەکان سەرۆکی حیزبی "ڕەفاه" برگەیەکی ئاخنییە پێشنیازەکانی خۆیەوە بۆ بەرەنگاریی "تیرۆری کوردی" ولە ١٢ی تەمموز/یۆلیۆدا داوای دامەزراندنی هێزێکی تایبەتی کرد کەدژیPKK بجەنگێت.

لە٢١ی تەمموز/یۆلیۆشدا سەرۆکی کۆمەڵەی پەرلەمانتارانی سەر بەحیزبی ڕەفاه "شەوکەت قازان" داوای لە سوپای تورکی کرد لە شەڕی دژبە (پەکەکە)و لەسەر سنوورەکان بکشێتەوەو تیپێکی تایبەت بۆ شەڕی(PKK) پێکبهێنرێ.

حیزبی بزاڤی نەتەوەییش بەسەرۆکایەتیی ئەلب ئەسلان تورکیش لەبەهێزترین لایەنگرەکانی دامەزراندنی سوپایەکی تایبەت بوو، بگرە واتە وات بڵاوبۆوە گوایە زۆربەی ئەوانەی دەیانەوێ لەم سوپایەدا کاربکەن لایەنگرانی "بزاڤی نەتەوەیین".

هەروەها سەرۆکی حیزبی "چەپی دیموکرات" بوڵند ئەجەوید؛ کە پێشتر سەرۆکی حکومەتیش بووە داوایکرد کاروباری ساوای ئاسایشی هەڵبگیرێ وهێزێکی ئاسایشی شارەزا پێکبهێنرێ.

بەقورسبوونی تای هەڵبژاردنی سەربازیو، هەوڵی بەردەوام بۆ پێکهێنانی سوپایەکی تایبەتی شارەزا کەبەرەنگاری(PKK) بێتەوە، حکومەتی تورکیا سەرقاڵی کۆمەڵێك کاروبارە کەلە گەمارۆدانو لاوازکردنی پەکەکەدا یارمەتیی دەدات.

رۆژنامەی"حوریەت"لەژمارە ٣١ی ئاب/ ئۆگستۆسی١٩٩٣دا باسیکردووە کەسەرۆکی حکومەت پرۆژەی کۆمەڵێك یاسای لە چوارچێوەی ئەو پلانەدا ئامادە کردووە کە رۆژنامەکە بە"پلانی کوردیانەی چیللەر" ناویدەباتو ئەمانە دەگرێتەوە:

١-هەرکەسێك یارمەتیپێشکەش بە"PKK" بکات یان پشتگیریی بکات یان هاوسۆزی لەگەڵیدا بنوێنێت بە داخستنی دەرگاو پەنجەرەو کوژاندنەوەی گڵۆپی کارەبایی؛ئەوا لەساڵێکەوە تا سێ ساڵ زیندانی دەکرێ.

٢-هەرکەسێك هاوکاری بکات لەداخستنی پەنجەرەو دەرگادا بۆ ماوەی ٦مانگ کاسبیی لێ قەدەغە دەکرێ، هەرکەسێکیش هاوکاری بکات لە کوژاندنەوەی گڵۆپە کارەباییەکاندا بۆ ماوەی شەش مانگ بەکارهێنانی هۆیەکانی گواستنەوەی لێ قەدەغە دەکرێ.

٣-ماوەی زیندانیەکەی دەکرێ بە دووئەوەندە؛هەرکەسێك لەدەرەوە لێدوانی وا بدات کەلە پلەوپایەی دەوڵەتو مەعنەویاتی دەوڵەت کەمبکاتەوە.

٤-درێژکردنەوەی ماوەی گرتنی ئەوانەی بەتیرۆر تاوانبار کراون.

٥-دەسگرتن بەسەر ئەو هۆیانەی گواستنەوەدا کەتیرۆریستەکان بەکاریاندەهێنن.

٦-پێکهێنانی دەزگای قەڵاچۆکردنی تیرۆرو، پشتگیریکردنی ماددیی لە گەنجینەو یانسیبو دیدارە وەرزشیەکانو باجی هاتوچۆوە.

٧-سزانەدانی ئەو کەسەی خۆی تەسلیم دەکاتو زانیاری سەبارەت چالاکیی تیرۆریستەکان بەدەستەوە دەدات.

٨- درێژکردنەوەی یاسای تۆبەکردن بۆ ماوەی دوو ساڵ لەم حاڵەتەدا.

شتێکی روونە کە بەندی سێیەمی ئەم پلانە دەربارەی ئەوانەی کەلە رێی لێدوانەکانیانەوە لە دەرەوەی وڵات لە پلەو پایەی دەوڵەتی تورکیا کەمدەکەنەوە؛ بە تایبەتی پەرلەمانتارەکانی حیزبی دیموکراسی(DEP ) دەگرێتەوە کە پێشتر حیزبی کاری گەلی(HEP)بوونو لەسەرەتای تەمموز/یۆلیۆی ١٩٩٣دا هەڵوەشایەوە،ئەم

پەرلەمانتارانـە هـەموو بۆنـەو هـەلێك لـەدەرەوەی توركیـا، لەئـەوروپا و ئـەمریكا و خۆرهەلاتی ناوەندا دەقۆزنەوە تا رەخنە لەسیاسەتی حكومەتی توركیا بگرن و تانەو تەشەر لەبنەماكانی دەولەتی توركیا بدەن.

هـەندێ لەپەرلـەمانتارە كوردەكـان حـیزبێكی سـەربەخۆیان پێكـهێنابوو كەئـەویش حـیزبی كـاری گـەلی بـوو، ١٦پەرلەمـانتاری تیـابوو.بـەلام دادگـای دەسـتووری رەفتـارو كردەوەی ئەم كەسانەی بە سەرپێچیكردن لە دەستوور لەقەلەمدا؛لەبـەر ئـەوەی خـەلك دژبە یـەكێتیی دەولـەت هـان دەدەن و بانگەشـە بـۆ جیـاوازیی رەگـەزو جوداخـوازی دەكـەن. پەرلـەمانتارە تازەكـان یەكـەم كۆنگـرەی حیزبـە تازەكـەیان"DEP " لـە٢٧ی حوزەیران/یۆنیۆدا بەست، واتە چەند رۆژێك بەرلـە هەلوەشـانەوەی حیزبـە كۆنەكـەیان بـەرەسمی لـە١٤ی تـەمموز/یۆلیـۆی١٩٩٣دا. حیزبەكـە ئـەم پەرلەمانتارانـەی لـەخۆ گرتـووە: ئەحمـەد تـورك، رەمـزی كارتـال، مـەحمود قیلیـچ، نیزامـوددین توغـوچ،نـایف غۆمیچ، زوبێر ئایدین، سری ساقیك، م.ئەمین سیفیر، سـەلیم سـاداق، ئۆرخـان دۆغـان، مەحمود ئۆیانیق، لەیلا زانا، خـەتیب دیجلـە، مـەحمود سـنجار، عـەلی یـەغیت، سـادات یـۆرت تـاش. هـەروەها هـەردوو ئـەندامی سـەربەخۆ موزەفـەر دیمـیرو مـەحمود علینـاك چوونەناو حیزبەوە و بەمجۆرە ژمارەیان بووبـە ١٨پەرلـەمانتار بەسـەرۆكایەتیی یاشـار قایا كەخۆی پەرلەمانتار نییە.

حـیزبی دیموكراسـی هـەروەكو حـیزبی كـاری گـەلی پێشـوو، بـە شـێوەیەك لـە شێوەكانی ململانێی لە نێوان دەولەتی توركیاو ئەوانەدا دروستكردووەكە داواكـاری مـافی كـەلتوری و سیاسـین بـۆ كـورد. بـەم پێیـە، چـالاكیی سیاسـیانەی حـیزبی دیموكراسـی لـە چالاكیی سـەربازییانەی پەكەكـە جیـا نابێتـەوە لـە بـەرگری كردنـدا لـە مەسـەلەكانی كوردەكـانی توركیـا، بگـرە دیـدارو چاوپێكەوتنـەكانی نێـوان ئـەم دوو حیزبە كە بە ئاشـكراو بـە نهێنـی ئـەنجامدەدرێن، شـتێك نییـە لـە خـەلك شـاراوە بێـت. یەشار قایا كە سەرۆكی حیزبەكەیە رۆژنامەیەكی رۆژانەی هەیـە"ئوزگـور گونـدەم" كـە لە ئەستەمبول دەردەچێت بە ئۆرگـانی كوردەكـانی توركیـا لـە قەلـەمدەدرێ. چـەند جـارێك هـەولدراوە ئـەم رۆژنامەیـە دابخـەن؛لەبـەر ئـەو نووسـینانەی كـەتیایدا دژبەدەولەت و بۆبەرگریكردن لە پەكەكە دەنووسرێن.

لەوەش دەچێت حیزبی دیموکراسی وەکو حیزبەکەی پێشووی، حیزبی گەلی کرێکاران دوچاری گوشاری ڕەسمی بێت، لەڕاستیشدا دوچاربووە. ئەوەش لەدوو ڕووداوی گرنگدا بەدەرکەوت: یەکەمیان تیرۆرکردنی یەکێك لەنوێنەرانی حیزب(محەمەدسنجار) بو بریندارکردنی نوێنەرێکیتر(نیزامەدین تۆغوچ)و، کوشتنی ئەندامی سەرکردایەتیی حیزب لەباتمان(مەتین ئوزدەمید)بوو، لە ٤ی ئەیلول/ سێپتەمبەری ١٩٩٣دا.

ڕووداوی دووەمیش گرتنی سەرۆکی حیزبەکە(یاشار قایا)بوو لە ١٧ی ئەیلول/ سێپتەمبەری ١٩٩٣دا وتوندکردنی لەبەندیخانە بە تۆمەتی بڵاوکردنەوەیبیروباوەڕی جوداخوازیانەی یاساغ کراو. ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەو وتەیەی لە کۆنگرەی یانزدەیەمی پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق (KDP)دا (بەسەرۆکایەتیی مەسعود بارزانی) لەکۆتاییەکانی ئاب/ئۆگستۆسی ١٩٩٣دا خوێندییەوە. هەردوو پەرلەمانتاری سەربەحیزبی دیموکراسیش، لەیلازانا وسادات یۆرت تاش لەگەڵ قایادا ئامادەی کۆنگرەکە بووبوون. لەو شتانەی لە وتەکەی قایادا هاتبوون و بووە هۆی دادگایی کردنی(لە"حوریەت"ەوە، ٢٨ی ئاب/ ئۆگستۆسی١٩٩٣): " بەدرێژایی ١٥٠ساڵی مێژووی کوردستان ئێمە سووکایەتیمان پێ دەکرێ. ئێمە ڕێز لە هەر کەسێك دەگرین کە لە پێناوی ئازادیی کوردستاندا کار بکات. حیزبەکەی ئێوە خاڵی قورسایی شەڕەکانمانە. ئەی برایانی ئازیزم، من لە تیندۆرۆك و ئاگری وڤان و بینگۆل ودیاربەکرو لای شێخ سەعیدی پیرانەوە هاتووم. من لە زیندانەکانی دیاربەکرەوە هاتووم. ئەگەر یەك نەگرین نەدۆست ونەدوژمن ڕێزمان لێ ناگرێت. لەهەولێرەوە تا دەرسیم(تونجیلی)نیشتمانی شەهیدانە. ئەمانە بۆ شەهیدبوون؟

ئەگەر کوردان براوهاوڕێی یەکدی نەبن، نە لەدەستی دوژمن ڕزگاریان دەبێت و نە کوردستانیش ناوی دەمێنێت.

دوژمن(تورکیا) فرۆکەی هەلیکۆپتەری کۆبرای هەیە. لە دڵی ئێمەشدا پێویستە برایەتیو خۆشەویستی ویەکێتی هەبێت. کاتێ دوژمن دەمانکوژێت جیاوازی لەنێوان(KDP)و(PKK)دا ناکات، بەڵکو دەڵێت:"ئەمانە کوردن".

لەباکووری کوردستاندا (واتە باشووری خۆرهەلاتی تورکیا) شەڕێکی گەورە هەیە. "هەڵەبجە"مان بیرنەچۆتەوە. بەلام لەباکووری کوردستانیش ئەی برایانی خۆشەویستم، شیرناخ وساری قامیش ودیغۆر هەیە.

ئەگەر لە پێناوی کوردستاندا یەك نەگرین، ئەوا دوژمنە تورك وعەرەب وفارسەکانمان لەپێناوی سازشدا یەك دەگرن(ئاماژەیە بۆ دیداری سێ قۆڵی تورکیاو سوریاوئێران)ئەی باشە ئیتر ئێمە بۆچی لە پێناوی کوردستاندا یەك نەگرین؟

دوژمنانمان نەیانتوانیوە بەزەبری چەك ڕاپەڕینەکانی کوردلە مێژووی کوردستاندا شکست پێ بهێنن. بەڵکو لەڕێی فڕوفێڵ وتەڵەکەبازییەوە دوژمنایەتییان لەنێوانماندا دروستکردووە.

بەمجۆرە لەژێر چەپۆکی تورك وعەرەب وفارسدا ماینەوە. ڕێیان لە کوردبوونمان گرت. ئازادی شتێکی گرانبەهایە. ئەوەتانێ ڕۆژانە لەچیاکانی کوردستاندا چل تاپەنجا شەهید دەدەین. کوردان سوێندی مەرگیان خواردووە. دەبا کفنەکەی منیش دیارییەك بێت لەڕێی نیشتماندا".

هێندەی نەبرد دەوڵەت گوشاری لەسەر حیزبی دیموکراسی زیاد کردو هەڵیوەشاندەوەو مافی پاراستنی لەسەر پەرلەمانتارەکانی هەڵگرت ولەئادار/مارسی١٩٩٤دا گرتنیوحوکمی زیندانیکردنی دان. لەپاڵ ئەو کارانەش کە دەوڵەت ئەنجامیان دەدات ومۆرکی سەربازی وئاسایشیوجەزاییو یاساییان بە خۆوە گرتووە، تانسۆچیللەر دەیویست لە گۆشەی ترەوە بڕوانێتە کێشەی کورد لەباشووری خۆرهەلاتدا، کەئەویش گۆشەی ئابووریو کۆمەلایەتییە. کاتێ لە٢٢و٢٣ی تەمموز/یۆلیۆدا سەردانی ناوچەکەی کرد؛ بەڵێنیبە دانیشتووانی دا کە باری ئابووری وکۆمەلایەتییان چاك بکات وسەرمایەگوزاریی باشی تیا بخاتە گەڕو شارەکانی ناوچەکە وەکو ئەستەمووڵ لێ بکات. هەندێ لەسەرکردەکانی تورکیش هۆی پەرەسەندنی توندوتیژیو لایەنگیریی دانیشتووانی ئەو ناوچەیە لەPKK دەگەڕێننەوە بۆ دواکەوتوویی باری ئابووری کەوا لە لاوە بێکارەکان دەکات بچنە ڕیزیPKK ەوە. ئەم بۆ چوونەش کە خۆی لە بوونی "کێشەیسیاسیکورد"و"داواکارییسیاسییکورد" گێل دەکات وایدەبینێت

كهچارهسهری ئهو كێشهیه له ڕێی پهرهپێدانی ئابووریی ناوچه كوردنشینه دواكهوتووهكانهوه دهبێت له خۆرههڵات وباشووری خۆرههڵاتیئهنادۆڵدا.

بهڵام یهكێك له ئاڵۆزترین ئهو كێشانهی ڕووبهڕووی حكومهتهكهی چیللهر ودهوڵهتی توركیا بۆتهوه ئهوهیهكه ناكۆكی لهسهر چۆنێتیی چارهسهركردنی كێشهی كورد زۆرهو بۆچوونهكان جۆراوجۆرن لهناو سهركردایهتیی توركیادا. ئهوهی دیمیریل دهیڵێت جیاوازه لهوهی چیللهرو ئهوهی ئهجهویدو ئهربهكان پێشنیازی دهكهن جیاوازه لهگهڵ داواكانی مهسعودیڵمازدا وبهمجۆره سولهیمان دیمیریلی سهركۆمار بهڕستهیهك تێڕوانینی خۆی دهردهبڕێت"مهسهلهیهك نییه ناوی مهسهلهی كورد بێت، بهڵكو مهسهلهی تیرۆره"(له ١٣یتهمموز/یۆلیۆ١٩٩٣دا)، "خوێندنیش بهزمانی كوردی دهبێته هۆی دابهشكردن وئێمهش دابهشكردنمان ناوێت".

## دیمیریل دهڵێت:

(بهرلهوهی لهڕهگوڕیشهوه كێشهی تیرۆر چارهسهربكرێ؛ ناتوانین دهرگای هیچ گفتوگۆیهك، یان مهسهلهیهكی ڕۆشنبیری بخهینهڕوو گهر دهست به گفتوگۆ بكرێ، مانای ههڵهیهكی گهورهیه. كێشهكه بهبێ هیچ قهرهبوویهك چارهسهردهكهین، ناشبێت توركیا بهرامبهر ٥ههزار چهكدار لاوازی پیشانبدات. گهڕان بهدوای چارهسهرێكی سیاسیدا لهم بارودۆخهدا ههڵهیه. پێویسته جیاوازی لهنێوان كوردهكان وتیرۆریستهكاندا نهكهین. ههمووان لهتوركیادا یهكسانن وئهوانهی خۆیان بهكورد له قهڵهم دهدهن لهههموو شوێنێكی توركیادا ههن ئهوانه برای ئێمهن. دهچنه ڕیزی سوپاوه. باج دهدهن، خهم وخۆشییان لهگهڵدا بهش دهكهین توركیا عیلمانییه. هیچ شتێك بهندهو خودا له یهكدی جیاناكاتهوه، ههموو كهسێك چیی بوێت دهتوانێ بیكات).

دیمیریلیش (له"میللیهت" ١٥ی ئاب/ئۆگستۆسی١٩٩٣)دا ئهوانه ئاگادار دهكاتهوه كه داوای لێدوان وگفتوگۆ لهسهر بیرۆكهی فیدراڵیزم دهكهنو دهڵێت: (ئهمه دهبێته"سیڤهر"ێكی دی)(ئهمهش ئاماژهیه بۆ پهیماننامهی سیڤهری ساڵی ١٩٢٠ كه

بڕیاری دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردیو هەروەها دەوڵەتێکی ئەرمەنی ی لە خۆرهەڵات وباشووری خۆرهەڵاتی تورکیا تیابوو).

پاشان لەکاتێکا دیمیریل(PKK) بە "میکرۆب"ناو دەبات، دژ بە "چارەسەری ئابووری"ی کێشەی کوردیشەو دەڵێت:

"لەچیاکان وشارۆچکە ولادێکاندا خەڵکانێکی چەکدار هەن لوولەی چەکەکانیان کردۆتە گەل وهاوولاتی ودەوڵەت وسەربازان وپۆلیس وپاسگەکان. مەسەلەکە لێرەدایە. دەوڵەتانیتر بۆ بەرەنگاریی مەسەلەیەکی وەهاچی دەکەن؟ مشتومڕ لەسەر چارەسەری سەربازی یان چارەسەری مەدەنی کارێکی بێسوودە. لەم حاڵەتەدا پێویست بە دوودڵی ناکات. ئەمریکا وبەریتانیاو ئەڵمانیا چی دەکەن؟ تورکیاش ئەوە دەکات کە ئەم دەوڵەتانە دەیکەن. ئایا هۆی کێشەکە دواکەوتوویی ئابووریيە؟ ئایا بە سەرمایەگوزاری لەناوچەکەدا کێشەکە بنبڕ دەبێت؟ بیرکردنەوە بەمجۆرە هەڵەیە عیسمەت ئینۆنۆ لە ساڵی ١٩٣٥دا ویستی لەڕێی سەرمایەگوزاری یەوە چارەسەری کێشەکە بکات، بەلام هەردوای دووساڵ، واتە ساڵی ١٩٣٧، یاخیبوونی دەرسیم سەریهەڵدا ئەمڕۆ دەوڵەت لە باشووری خۆرهەڵاتدا ئەوە دەکات کەلەناوچەکانی تری ولاتدا دەیکات لە پارێزگای شیرناخدا لادێیەك نییە ڕێگای بۆ نەکرابێت، ڕێوبان وکارەبایان هەیە کەواتە کێشەکە ئابووریی نییە. بەدرێژایی مێژوو لەسەر هێڵی بینغۆل-تونجیلی(دەرسیم)-شیرناخ- سوریا ئەم ڕووداوانە هەر هەبوون. ئەو ئۆپەراسیۆنانەی لەچیاکاندا دەکرێن دەکەونە سەر ئەم هێڵە هیچ چارێکی ترنییە جگە لەوەی کە دەبێ ئەمانە چەك بکرێن. ئێوەش گەرباسی چارەسەرێکی تر دەکەن؛ ئەوە ورەی هێزە چەکدارەکانمان دەڕووخێنێت وئەوکات ئەوانیش دەڵێن: "مادامەکی چارەسەری دی هەیە، بۆچی خوێنی خۆمان بڕێژین؟ "

دیمیریل بەردەوام دەبێت ودەڵێت:

"ئەگەر چارەسەرێکی تر هەیە، توخوا پێم بڵێن چیيە. بەلام قسە ناکەن. خۆئەگەر دەڵێن چارەسەرەکە دانیشتنە لەگەڵ ئەمانە(pkk)و گفتوگۆ کردنە و، ئەوەیە کە پارچەیەك لەخاکی تورکیایان بدرێتێ وفیدرالیزم پێکبهێنرێ، ئەمە واتە "سیڤەر"ێکیدی. من داوام لە سوپا کردووە چی ی لەتوانادایە بیخاتەگەڕ بۆ

کۆتاییهێنان بەم بارە. چەکدارەکان (هی‌پەکەکە) دەتوانن لەیەك کاتدا ٥٠موشەك بهاوێژن. هەرچی چەکی عێراق ولوبنانە بۆئێرەیان هێناوە. ئەم چەکانە چۆن گەیشتنە ئێرە؟ چارەسەرەکردنەکە تەنها لە پاکسازیی ئەو چیایانەدایە.

پێویستە لە سەرچاوەی ئەم"میکرۆب"ە بگەڕێین. سەرچاوەی ئەم میکرۆبە باکووری عێراق ولوبنان وسوریایە ٢٧٠کم سنوورمان لەگەڵ تورکیادا هەیە. ئەم سنوورە بەجۆرێك دادەخەین، ناهێڵین یەك دلۆپە ئاو بچێت بەودیوا. بەلام هەندێ ناوچەی شاخاوی هەن کە هەورازەکانی ڕێ لەوە دەگرن توند سنوورەکە بگرین، ئەوانە لەوێوە هەر دەتوانن بێن وبچن ".

ئینجا دیمیریل لەسەرچاوەی پشتیوانیی دارایی وچەك وتفاقی(PKK) دەپرسێت "لەم بارەیەوە لەگەڵ هیلمۆت کۆل وحافزئەسەددا قسەم کردووە". سەرۆکی تورکیا دەڵێت کەدەکرێ لەماوەیەکی‌کەمدا بەشێوازی سەربازییانە کێشەیPKK چارەسەربکرێ "بەلام تورکیا دەوڵەتێکی دیموکراتەو دەیەوی لەچوارچێوەی یاسادا بجووڵێتەوە. دەوڵەتی تورکیا دەوڵەتێکی دیموکراتی حقوقی‌یەو ناتوانێ بەشێوەیەکی تر ڕەفتاربکات. ناتوانین شێوازەکەی موورادپاشای ئەببار** بەکاربهێنین.

---

** شەرکەس ئەدهەم سەرکردەیەکی تورکە لەساڵی ١٩٢٠دا هەندێ میلیشیای بەناوی "سوپای سەوز"ەوە دروستکرد تاببێتە پاڵپشتێك بۆ سوپای تورك بە سەرۆکایەتیی مستەفا کەمال لە ڕووبەڕووبوونەوەیدا لەگەڵ هێرشی یۆنانیدا بۆ ئەزمیر.بەلام ئەم"سوپا سەوزە"ئەوەندەی نەبرد بووبە ئامرازێك بۆ خزمەتکردنی شەرکەس خۆی لەسەر حیسابی سوپاکەی مستەفا کەمال.ئیتر مستەفا کەمال هیچی بۆ نەمایەوە ئەوەنەبێت کە"سوپای سەوز"ی هەڵوەشاندەوەو شەرکەس ئەدهەمیش هەلات.

(**) موراد پاشای ئەبباریان (بیرهەڵکەن) یان (قۆیۆجوموراد پاشا) شکۆدارێکی تورك بوو لەساڵی ١٦١١دا لەدیاربەکر کۆچی دوایی کرد. ساڵی ١٥٦٧والی یەمەن بوو. بەلام دواتر لەبەندیخانەی (یەدی کولە) لەئەستەمووڵ زیندانی کرا، لەبەرئەوەی بەکۆکردنەوەی سەروەت و سامان تاوانبارکرا. ساڵی ١٦٠٥ کرا بەوەزیرو پاشان سەرداری مەجەڕستان. لەبەرئەوەی دەسەلاتداران لەوبڕوایەدا بوون کەئەو دەتوانێ جەلالیەکان لەئەنادۆڵدا سەرکوت بکات؛ کرا بە(سەدری ئەعزەم)و نازناوی (قۆیۆجو) (بیرهەڵکەن)ی درایە، لەبەرئەوەی یەخسیرە جەلالیەکانی فڕێ دەدایە ئەو بیرانەوە کەخۆی بەتایبەتی بۆی هەڵدەکەندن، پاشان

خۆ ئەگەر بەقسەی کەسانێك بکەین کەدەڵێن "گوێ مەدەنە یاساو کۆتایی بەم کارە بهێنن"ئەوا لەگێرمەو کێشە دەترسین، ترسەکەمان لێرەدایە.

تێڕوانینی تانسۆچیللەریش لەتێڕوانینی دیمیریل زۆر جیاوازنییە بۆ کێشەی کوردو پێدادەگرێت ودەڵێت (لەتورکیادا کێشەی کورد نییە، بەڵکو کێشەی تیرۆر هەیە) وسوپا سەرپشك دەکات"کۆتایی بەم بارە" بهێنێت‌و، بەڵکو ئەو(PKK)ی‌بە "مێش"یا"هەنگ"شوبهاند وەختێ وتی:"شەڕ لەگەڵ تیرۆردا لە شەڕی لۆزەندەرێك دەچێت لەگەڵ هەنگێکدا. ژمارەی تیرۆریستانیش لە ٥-١٠هەزار چەکدار تێناپەڕێت. هێزی دەوڵەتیش فرسەخ بە فرسەخ ئەوانە دەپێچێتەوە. نابێ مەسەلەی تیرۆر لە چوارچێوە تەسکەکەیدا وەربگرین. ئەمە شەڕێکە لە نێوان فیل و مێشدا. دەبێ لە نێوان تیرۆرو گەلدا جیاوازی بکەین و ئێمە سوورین لەسەر دژایەتیکردنی تیرۆر". هەروەها ئەو دەڵێت کە هیچ مانایەکی نییە ئەوە بڵێینەوە کە:"من تورکم و تۆ کوردیت". بەڵام سەرەڕای هەموو ئەمانەش تانسۆ چیللەر هەوڵدەدات"کەلەبەر" بخاتە دیواری قەیرانەکەوەو بەمەش ئەوە دەخاتەوە بیر کە سەرۆکی کۆچکردوو تورگۆت ئۆزال بانگەشەی بۆ دەکرد. هەروەکو ئاشکرایە، ئۆزال یەکەم بەرپرسی ڕەسمیی تورکیا بوو پرکێشیی کرد بیرۆکەی"فیدرالیەت" بۆ گفتوگۆی ئاشکراو وەرگرتنی بڕیاری گونجاو بخاتە ڕوو، ئیدی ئەو بڕیارە بە ئەرێ بێ`ت یان بە نەرێ. کە ئەمەش بووە هۆی لێشاوی هێرش و ڕەخنە لە سەری لە لایەن ناسیۆنالیستە تورکەکانەوە. ڕاگەیاندنەکەی عەبدولاّ ئۆجەلانیش بۆ ئاگر بەستی یەك لایەنە لە ١٧ی ئادار/ مارسی ١٩٩٣دا، یەکێك بوو لە بەروبوومەکانی ئەو"سیاسەتی کرانەوە" ئۆزالیە.

چیللەریش شوێن پێی ئۆزال هەڵدەگرێت و لە ١٢ی تەمموز/ یۆلیۆی ١٩٩٣دا پێشنیاز دەخاتە بەردەم سەرکردەکانی وڵات کە گفتوگۆ لەسەر خوێندنی زمانی کوردی بکرێ وەکو بابەتێکی ئازاد لەقوتابخانەکانی ناوچە کوردنشینەکاندا،هەروەها ڕێپێدان بەپەخشی تەلەفزیۆنی و رادیۆیی بەزمانی کوردی. هیچ سەرکردەیەکی

---

بۆشەڕی ئێران چوو، بەڵام هەردوو سوپای عوسمانیو ئێرانی نەچوونە شەڕەکەوە. موراد پاشا لەساڵی ١٦١١دا وەختێ سوپاکەی لەزستاندا بەرەو دیاربەکر گەڕایەوە، کۆچی دوایی کرد.

حیزبەکان لەمەدا پشتگیری تانسۆچیللەری نەکرد. هەموو دژایەتییان کرد،بێگومان لەسەروو هەمووشیانەوە سەرکردەکانی سوپا،ئەوەبوو سەرچاوەیەکی باڵا لەسوپادا بەبێ ئەوەی ناوی خۆی بەرێت رایگەیاند کەئەم پێشنیازەی چیللەر ناپەسەندو رەتکراوەیەو نابێتە هۆی بەرگرتن لە تیرۆرو،داخوازییەکانی PKK ناهێنێتەدی، چونکە ئەوان داوای کوردستانێکی سەربەخۆ دەکەن(جمهوریەت٢٠ی تەمموز/یۆلیۆی١٩٩٣).

رۆژنامەی "جمهوریەت(٢٦ی تەمموز/یۆلیۆی١٩٩٣) لەسەر زمانی وەزیرێکی حکومەتەوە کەناوی خۆی نەهێناوە بڵاویکردەوە کەپلانەکەی چیللەر کە رەتکرایەوەو خرایە سەر رەفە ئەم بەندانەی دەگرتەخۆ:

١-رێگەدان بەپەخشی رادیۆیی و تەلەفزیۆنی بەزمانی کوردی.

٢-رێگەدان بە خوێندنی زمانی کوردی لە قوتابخانەکاندا وەکو بابەتێکی ئازاد.

٣-دامەزراندنی کۆڕی زمانی کوردی.

٤-دامەزراندنی کۆڕی مێژووی کورد.

بەمجۆرە راکان لەنێوان پەنابردنەبەر رێگاچارەی سەربازییانەو داننان بەمافی رۆشنبیری و رێگاچارەی ئابووریدا بەیەکدا دێن و ئاژاوەیەکی بێوێنەیان خوڵقاندووە. لەنێوان هەڵوێستە ناکۆکەکانی چیللەرو، هەڵوێستە توندڕەوەکانی سەرکۆمار سولەیمان دیمیریل و، هەڵوێستە دیارەکانی سوپادا، حیزبەکانی تر بەم شێوەیە بۆچوونی خۆیان بۆ چارەسەری کێشەی کورد یان"کێشەی تیرۆر"دەخەنە ڕوو:

حیزبی"نیشتمانی دایك" وایدەبینێ کە مەسەلەکە دراوەتە دەست ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی تابڕیاری گونجاو بدات، هەروەها بەهیچ جۆرێك لەگەڵ ئەوەدا نییە کە دانوستان لەگەڵ(PKK)دا بکرێ و،دەڵێت دەبێ لەو "هێزە دەرەکیانە"ش بدرێ کەپشتیوانی لە(PKK) دەکەن. گەرچی هەندێ نێوەندی تورکی لەچەند لێدوانێکی تایبەتیدا ئاماژەیان بۆ ئەوە کردووە کەبە گەیشتنی"حیزبی نیشتمانی دایك" بەدەسەڵات مەسعود یڵماز ئەوە ئاشکرا دەکات کە ئێستا"دەیشارێتەوە"

کەئەویش فیدرالیزمە وەکو چارەسەرێك بۆ کێشەی کورد، یلماز خۆیشی لەکاتی هەڵمەتی هەڵبژاردنی پەرلەماندا لەپاییزی ١٩٩٥دا کرانەوەیەکی دیاری بەرامبەر بەمەسەلەی کورد پیشان دا. هەروەها پاش پێکهێنانی حکومەتی ئیئتیلافیش لەگەڵ حیزبی ڕێگای ڕاستدا لەئاداری ١٩٩٦دا جەختی لەم کرانەوەیە کردەوە. بەڵام تاحکومەتەکەی لەسەرەتای حوزەیرانی ١٩٩٦دا هەڵوەشایەوە هەوڵی نەدا هیچ یەکێك لە پێشنیازە ئیجابیەکانی جێبەجێ بکات.

بەڵام حیزبی دیموکراتی گەلی کۆمەڵایەتی زیاتر بڕوای بە چارەسەرێکی "دیمۆکراسیانە"ی کێشەکە هەیە، سەرباری هەڵوێستە توندڕەوەکانی سەرکردەی پێشووی حیزب "ئەردال ئینۆنۆ".

نەجمەدین ئەربەکانیش سەرۆکی حیزبی "رەفاه"ی ئیسلامی بەم شێوەیە بۆچوونی خۆی بۆ چارەسەری کێشەی کورد دەخاتە ڕوو(لە ١٢ی تەمموز/یۆلیۆی١٩٩٣دا):

١-پێکهێنانی برایەتیەکی ئیسلامییانە.

٢-دامەزراندنی ڕژێمێکی بەداد (ی ئیسلامی).

٣-لابردنی "هێزی چەکوش"(کە بۆ پاراستنی کوردەکانی عێراق دروستکراوەو لەباشووری خۆرهەڵاتی تورکیادایە)

٤-لابردنی گەمارۆی ئابووری لەسەر عێراق.

٥-مەشق پێکردنی ئەو کەسانەی لەباشووری خۆرهەڵاتدا کارمەندن.

٦-پێکهێنانی هێزی تایبەت بۆ شەڕکردن دژبەتیرۆر.

٧-پێکهێنانی دەزگایەکی ئیستخباراتی بەهێز.

٨-جێبەجێکردنی بەرنامەیەکی تایبەتی گەشەپێدان لەباشووری خۆرهەڵات.

٩-لابردنی حاڵەتی طوارىء کە تائێستاش سەپێنراوە.

١٠-چەکدارکردنی هێزی ئاسایش بەچەك و تفاقی نوێ.

١١-پێکهێنانی لیژنەیەکی بەدواداچوونی پەرلەمانی ی خاوەن دەسەڵات.

١٢-لابردنی ڕژێمی جەورو ستەم.

"رەفاه" دژبەوەشە خوێندن و پەخش بەزمانی کوردی هەبێت، چونکە ئەوە"بەرلە وەدیهاتنی برایەتیی ئیسلامی مەیلی جوداخوازی بەهێز دەکات"(رۆژنامەی"زەمان" ۲۲ی تەمموز/یۆلیۆ۱۹۹۳).

حیزبی "بزاڤی نەتەوەیی" توندڕەویش بەهیچ جۆرێك دان بە شوناسی کوردیدا نانێت و ڕێگەنادات پەخشی تەلەفزیۆنی بەزمانی کوردی هەبێت لەبەرئەوەی" کاتێ قەرەبوویان دەدەینێ کێشەکەمان گەورە تر دەبێت".

هەروەها داوای دامەزراندنی هێزێکی تایبەتی تەواو دیسپلینکراوی سەد هەزار کەسی دەکات بۆ کۆتاییهێنان بەکێشەکە. ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی حیزبەکەش جەمال ئەنگین یۆرت(ینی دوشنبە ی تەمموز/یۆلیۆی۱۹۹۳) دەڵێت"کوردەکان میللەتێکی جیانین و لەڕووی ژیارییەوە بەشێکن لە میللەتی تورك. هەربۆنموونە جەژنی نەورۆز جەژنێکە هیهەموو کۆمارە تورکییەکانە. کوردەکان لەگەڵ تورکدا لەنەریت و بیروباوەڕدا هاوبەشن". وتیشیکە پشتگیریی سەرەکیی(PKK)لەئەرمینیاوەیە و بەمەبەستیدامەزراندنی ئەرمینیای گەورەیە.

بولند ئەجەویدیش کەسەرۆکی حیزبی"چەپی دیموکرات"ە ڕاپۆرتێکی سەبارەت ڕێگەچارەکانی"کێشەی تیرۆر" خستەڕوو(میللیەت ١٤ی تەمموز/یۆلیۆی۱۹۹۳)بەم شێوەیە:

١-سەرچاوەی زیادبوونی تیرۆر ئەو قەوارەیەیە کە هاوپەیمانان لە باکووری عێراقدا دایانمەزراندووە(دەوڵەتی کوردی لەوێ)و دەبێ نەمێنێت.

۲-سووك کردنی گەمارۆ لەسەر عێراق.

۳-ئەنجامدانی کاری پێویست لەکاتی خۆیدا دژبە ئەرمینیا کە یارمەتی(PKK)دەدات.

٤-لابردنی کاروباری تەقلیدیی ئاسایش و سیستمی جاشێتی لە دێهاتەکانداو پێکهێنانی هێزێکی ئاسایشی کارامە.

٥-بەکارنەهێنانی چەکی کوشندە، تەنها لە حاڵەتی ناچاریدا نەبێت.

٦-ئەنجامدانی کاری ئابووری و ئاسایشیی پێویست.

۷-دەستکردنەوە بەخوێندن لە قوتابخانەکاندا لەڕێی دروستکردنی "خەوتنگەی ناوخۆ"و لەسای پاراستنی ئاسایشیدا.

٨-دامەزراندنی تۆڕێکی پەیوەندیی بەهێزو پێشکەوتوو.

٩-رەچاو نەکردنی دەستپێوەگرتن لە بواری پیشەسازیو پەیوەندیکردندا.

١٠-دەستگیرکردنی ئەو کەسانەی بە هاوکاریو بەرتیلدان بە(PKK)تاوانبارن.

١١-هاوکاری لەگەڵ دەوڵەتانی ترو ئینتەرپۆڵدا بۆ لەناوبردنی قاچاخچێتیی کەرەسە سڕکەرەکان(المخدرات) لەلایەن (PKK)ەوە.

١٢-زیاتر بایەخدان بەو وەبەرهێنانەی کەدەبنە هۆی لەناوبردنی بێکاریو دامەزراندنی چاکسازیی کشتوکاڵی بەرلەتەواوکردنی پرۆژەی گاپ(GAP)بۆ گەشەدان بە باشووری خۆرهەڵاتی ئەنادۆڵ.

هەروەها ئەجەوید دەڵێت(لەمیللیەت دا٢٢ی تەمموز/یۆلیۆ) گەمارۆی سەپێنراو بەسەر عێراقداو پچڕاندنی پەیوەندیی ئابووری لەگەڵیدا، زەمینە بۆ بێکاریو دواکەوتنی ئابووری خۆشکردووە لە باشووری خۆرهەڵاتی تورکیاداو(پەکەکە)ش ئەمەی قۆستۆتەوە. بەمجۆرە لاوان خۆیان لەژێر گوشاری سێگۆشەیەکدا دەبیننەوە: دەوڵەتو دەرەبەگو تیرۆر.

ئەو راپۆرتەی کەئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی تورکیا(MGK)ش لە کۆتاییەکانی تەمموز/یۆلیۆی١٩٩٣دا ئامادەی کردبوو جیّی سەرنج بوو، ئەم راپۆرتە ئۆباڵی دواکەوتوویی ناوچەکانی باشووری خۆرهەڵاتو خۆرهەڵاتی ئەنادۆڵی خستبووە ئەستۆی حکومەتە حوکمڕانەکانەوە هەرلە ساڵی(١٩٨٢)ەوەوە تا ئێستا هەروەها راپۆرتەکە رەخنەی لە پلانەکانی حکومەتەکانی تورگوت ئۆزال گرتبوو(بەبیّ ئەوەی ناوی بهێنێت).

مانەوەی ناوچەکانی خۆرهەڵاتو باشووری خۆرهەڵات (واتە ئەو ناوچانەی هاوسنوورن لەگەڵ سوریاو عێراقو ئێرانو نەخچەوانو ئەرمینیادا)لەبارێکی ئابووریو کۆمەڵایەتیو فێرگوزاریی خراپداو،بەوەشەوە کە رۆژانە خوێنی تیا دەڕژیّ، لەلایەکەوە دانیشتووەکانی هان دەدا بەرەو خۆرئاوای تورکیاو هەندەران کۆچ بکەنو، لەلایەکی تریشەوە جیاوازیی ژیاریی گەورە لەنێوان ناوچەکانی خۆرئاواو دەریای ئیجەو تراقیاو نێوان ناوچەکانی باشوورو خۆرهەڵاتدا دروستدەکات.

هەربۆیە سەیرنییە وەزیری ناوخۆ(محەمەد غازی ئۆغلۆ) لەلێدوانێکیدا بڵێت:

چوون بۆ خۆرهـەڵات وەکـو چـوون بـۆ نـاو ئـاگر وایـە. ئـەو پۆلیسـەی لەناوچـە خۆرهەڵاتیەکانیشـدا دادەمـەزرێ؛ ئەوپـەڕی هـەوڵدەدات نـەچێتو لـەوێ دەسـت بەکارنـەبێت. بـەڵام ئەوانـەی لـە ناوچـەکانی خۆرئـاوا دادەمـەزرێن، بەرلـەوەی فرمانەکەیان بەنووسراویش پێ بگات؛ خۆیان رادەکەن بۆ ئەوێو دەست بەکاردەبن" (مەیدان ١١ی تەمموز/یۆلیۆ ١٩٩٣) پارێزگاری مەرسین چەتین بیرمیك دەڵێت (مـەیدان ٢٠ی تـەمموزی/ یۆلیـۆ) رۆژانـە لەناوچـەکانی خۆرهـەڵاتو باشـووری خۆرهـەڵاتی ئەنادۆڵـەوە نزیکـەی ١٥٠-٢٠٠کـەس روومـان تـێ دەکـەنو هەمووشـیان هاوسـۆزن لەگەڵ(PKK)دا.

(مـاهر قاینـاق)یـش کەیەکێکـە لـە سـەرکردەکانی حـیزبی"گۆڕانـی مـەزن" بەسەرۆکایەتیی ئایدین عەدنان مەندریس بەمجۆرە بۆچوونی حیزبەکەی دەربـارەی کێشـەی کـورد دەخاتـە روو،(زەمـان١١ی تـەمموز/یۆلیـۆی١٩٩٣): "مەسـەلەکە لـە باشووری خۆرئاوادا لەرێی"باڵادەستی"و کۆنترۆڵکردنو زاڵبوونی سوپای تورکیاوە بەسەرPKKدا نایەتەدی،بەڵکو ئەمە سەرلەنوێ دروستکردنەوەی نەخشەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستەو، "مەسەلەی کورد"یش بەتەنها ئامرازێکە بۆ ئەو ئامانجە بەکاردەهێنرێ. با وای دابنێین دەوڵەت توانی بەهەر شێوەیەك بێت بەسەر(PKK)دا زاڵ بێت. بەڵام ئەو هێزانـەی دژمـانن پـەنا دەبەنـە بـەر رێگـەی‌تر، لەوانـە ناکۆکیی‌سـوننە-عەلـەوی. مەسـەلەکە لـێرەدا ئەوەیـە کـە ئـەمریکا دەیـەوێت بەرژەوەندییـە نەوتیـەکانی خـۆی لەخۆرهـەڵاتی ناوەڕاسـتدا بپـارێزێت.هەربۆیـە واشـنتۆن لـەڕێی بـەکارهێنانی کوردەکانـەوە وەکـو ئـامرازێك ویسـتی لـە عـێراق رزگـاری بێـت. لـەم گۆشـەنیگایەوە دەبینین کە ئەوپەڕی هەڵەیە مەسەلەی کوردبە"مەسـەلەیەکی سەربازی" بزانین، بۆیـە دەبێ رێگەچارەیـەکی سیاسیانە بدۆزینـەوەو بەئـەمریکا بڵێین:"ئێمـە دەزانـین کەلـەم ناوچەیەدا بەرژەوەندیت هەیەو دەیپارێزیت". بەڵام گەرشتەکە وەکو پێویست نەبوو؛ هەڵەیـە گـەر وابزانین دوژمنەکـەمان(PKK)یـە. نـەء دوژمنەکـەمان ئەمریکایـە. ئێمەلـە باشـووری خۆرهـەڵاتدا بـە هاوپەیمانێتی‌یـەکی سیاسـیی نێودەوڵـەتی لەبـەردەم وتنی"بەڵێ"یان "نەخێر"داین".

هەروەها بەبۆچوونی قایناق ئەو شێوازە سەربازییەی پەیڕەو کراوە؛ شێوازی قەلاچۆکردن لەلایەن سوپاوە،هەرگیز سەرکەوتوویی بەدەست ناهێنێت، لەبەر ئەوەی هەندێ لە توێژەکانی گەل پشتیوانیلە(PKK)دەکەن. تەنانەت گەر(PKK) بەڕێگەی سەربازیش لەناوببرێ؛ئەوا "بەرەنگاریی سیاسی" هەر بەردەوام دەبێت.

هەروەها قایناق لۆمەی هەندێ"هێزی تر"ی کرد نەك"ئاپۆ"(عەبدوڵا ئۆجەلان) لە تێکدانی ئەو ئاگربەستەی لەبەهاری ١٩٩٣دا رایگەیاند. قایناق دەڵێت؛ لەتورکیادا هێزی ترهەن، بەتایبەتیش سوپا کەلەگەڵ چارەسەری سیاسیدا نین. لەبەر ئەوەی وادەزانن کە چارەسەری سیاسی دەبێتە مایەی ئەوەی "نرخ"ی بدرێ و دواجار دەبێتە هۆی دابەشبوونی تورکیا. تورکیا ناچارە، لەکاتێکا(PKK) زێدەڕۆیی کرد؛ بەدوای چارەسەرێکدا بگەڕێت کەبەرژەوەندییەکانی ئەو هێزانە لەبەرچاو بگرێت کە لەپشت (پەکەکە)وەن. بەڵام هێشتا ئاسۆی تورکیا نەیتوانیوە(PKK)تێپەڕێنێت. ئەمەش مەسەلەیەکی خەتەرناکەو بوونی سوپایەکی بەهێزو حکومەتێکی قایم لەشەڕدا چارەسەر نی یە.

(ماهر قایناق)یش کە پرۆفیسۆرەو پێشتر لە دەزگای موخابەراتی تورکیا(MIT)دا کاری کردووە داوای ئەوە دەکات سیستمی جاشێتی و حاڵەتی طواریءو"هێزی چەکوش" لابرێن.

پەیوەستی ی مەسەلەی کورد لەناو تورکیادا بە هاوسەنگی یە هەرێمی و دەولیەکانەوە پاش دووەم جەنگی کەنداوو هەڵوەشانەوەی سۆڤێت و پەیدابوونی دەوڵەتی کوردی لە باکووری عێراق و سەربەخۆیی ئەرمینیا و گەڕانەوەی ناکۆکیەکانی نێوان ئەرمەن و تورك دوای حەفتا ساڵ لە خامۆشی؛ بەهێزترو ئاشکراتربووە.

لەئەدەبیاتی سیاسی تورکدا ئێستا"ئەرمینیا"بەگرنگترین سەرچاوەی پشتیوانیکردن لە (PKK) دەژمێردرێ. بوڵند ئەجەوید، هەروەکو دەزانین لەکاتی پێویستدا هەڵوێستیکردەیی دژبە ئەرمینیا هەبێت. هەروەها نەجمەدین ئەربەکانیش هەر ئەوە دووپات دەکاتەوە کە ئەرمینیا پشتگیریی(PKK) دەکات بۆ بەدیهێنانی ئەرمینیای گەورە. نووسەری رۆژنامەی"زەمان"ی ئیسلامیش سولەیمان قوجەباشی وەها باس لە کوردایەتی دەکات کە بەشێك بێت لە "ئسوڵیەتێکی مەسیحیانە" کە

ئامانجی دابەشكردنی توركیاو دامەزراندنی ئەرمینیاو ئیسرائیلی گەورەیە لە ناوچەكەدا. هەروەها دەڵێت:كورد ناچێت هێرش بكاتە سەر كێڵگەیەك‌و پەنجا كەسی تیا بكوژێت‌و كێڵگەكەش بسووتێنێت. ئەمە ئیشی كورد نییە. بەڵكو ئەمە ئیشی ئەرمەنە كەدەیانەوێ تۆڵەی رابردوو بسێننەوە.

وەزیری ناوخۆی توركیاش محەمەد غازی ئۆغڵو جەخت لەوە دەكاتەوەو دەڵێت (جمهوریەت٦ ی ئاب/ ئۆگستۆس): "ئەوەی چەكدارەكان دەیكەن لەو كوشتارانە دەچێت كە ئەرمەن دەیانكرد. ئەوان دەڵێن(كوردەكان)دەوڵەتی كوردستان دادەمەزرێنن. بەڵام ئامانج دامەزراندنی ئەرمینیای گەورەیە".

سەبارەت پەیوەندییە هەرێمیەكانی(PKK)یش، رۆژنامەی"حوریەت"(١٦ی تەمموز/یۆلیۆی١٩٩٣) بڵاوی كردەوە كەلە كۆتایی ساڵی(١٩٩٢)دا هێزی سوپایی توركیا بڕیاریدا ئۆردوگا سەربازییەكانی كوردەكان لەدەشتی بیقاع بۆردوومان بكات،چاوەڕێی بڕیاری سیاسیی تایبەت بەوەش بوو.

رۆژنامەكە لەسەرزاری سەرۆكی ئەركانی توركیاوە دۆغان غۆریچ بڵاویكردۆتەوە كەهێزی سوپایی توركیا كاتی خۆی بۆ ئەوە سەركۆمار تورگوت ئۆزال‌و سەرۆكی حكومەت سولەیمان دیمیریل ی ئاگادار كردەوەو رەزامەندیی خۆیان پیشانداو"دوو پۆل فڕۆكەی ئێف-١٦مان بۆئەوە تەرخانكردو چاوەڕێی فەرمان بووین. بەڵام لە دوا ساتدا وەزارەتی دەرەوە نارەزایی خۆی خستە ڕوو، لەبەر ئەوەی فڕین بە ئاسمانی دەوڵەتانی تردا كێشەی نێودەوڵەتیمان بۆ دەخوڵقێنێت". هەروەها ڕۆژنامەكە دەڵێت هەڵوێستی سوریا ئاشكرایە كە ڕێ بە فڕۆكەی جەنگی توركیا نادات بە ئاسمانیدا تێپەڕێت، لوبنانیش هەروەها. دەمێنێتەوە ئەوەی كە بەبێ مۆڵەت خواستن بە ئاسمانی لوبناندا تێپەڕین.

بیرۆكەی لێدانی بنكەكانی(PKK ) لە بیقاعی لوبنانی وەكو هەواڵێكی ڕۆژنامەوانیانە زوو زوو دووبارە دەبۆوە. بەڵام ئەوە یەكەمجار بوو لەسەر زاری بەرپرسێكی سەربازیی باڵای توركەوە بگوترێ.

وەختێ پەردە لەسەر ئەم هەواڵەش هەڵماڵرا كە واتە وات سەبارەت هەندێ پلانی توركیا بڵاوبۆوە بۆجێبەجێكردنی كوشتن و تیرۆركردنی سەركردەكانی(PKK )، بە

تایبەتیش کە پەرەسەندنی چالاکیەکانیان لەناو تورکیادا ڕەنگدانەوەی خراپی بۆ سەرباری دەروونیی خەڵك هەبووە.

گوشاری دەروونیش لەزیادبووندایە بۆ ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنێکی گەورە دژبە(PKK)، بەتایبەتیش کاتێ خەڵکی دەپرسن:" چۆن ١٤٠هەزار سەرباز ناتوانن ١٠هەزار جەنگاوەری کورد لەناو بەرن؟".

دەشگوترێ، هەرچەندە ئاشکراش نەکراوە، کەتورکیا دوو سەرکردەی ڕێکخراوی نهێنیی ئەرمەنی(ASALA)ی لە دەشتی بیقاع تیرۆرکردووە.

هەروەها ناوبەناو باسی ئەوەش دەکرێ کە تورکیا لەدەرەوەی سنوورەکانی خۆیداو وەکو ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانی ئیسرائیل دژبە سەرکردە فەلەستینییەکان؛ ئۆپەراسیۆنی سەربازی ئەنجامبدات.

ئەوەندەی پەیوەندی بەمەشەوە هەبێت ڕۆژنامەی"حوریەت"(١٣ی تەمموز/یۆلیۆی ١٩٩٣)بڵاویکردەوە کە سەرۆکایەتیی ئەرکانی تورکیا لەگەڵ چیللەرو ئەندامانی حکومەتدا باسی لە هەوڵدان بۆ کوشتنی سەرکردەکانی(PKK) کردووەو لەسەروو هەمووشیانەوە عەبدوڵائوجەلان(ئاپۆ) بەمەبەستی سنوور دانانێك بۆ چالاکیەکانی ئەو حیزبە.

ئیدی بە بەدوورگرتنی هەر کتوپڕییەك؛ ڕووبەڕووبوونەوەی ئاشکرا لەنێوان دەوڵەتو پارتی کرێکارانی کوردستاندا لە "هەرێمی سوور"دا تائەوپەڕی توندوتیژی بەردەوام دەبێتو،سەرکردە سەربازییەکانی تورکیش لە جێبەجێکردنی ئۆپەراسیۆنی سەربازیی دەرەوەی سنوورەکان درێخی ناکەن، هەروەکو لەپاییزی ١٩٩٢دا لەباکووری عێراقدا ڕوویدا،یان ئەنجامدانی هەڵمەتی ڕامالینی گەورە، وەکو هەڵمەتی٣٥هەزار سەربازی تورك بۆ باکووری عێراق لەئادار–نیسانی١٩٩٥دابە مەبەستی"بنجبڕکردنی"بنکەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان. خۆ ئەگەر پارتی کرێکارانی کوردستان توانیی شکست بە ئامانجی دیاریکراوی دەوڵەتی تورك بهێنێتو، ململانێکە بەردەوام بوو؛ ئەوا ڕەنگدانەوەی ئەوە لەسەر باری سیاسیی ناوخۆی تورکیاو، چۆنێتیی مامەڵەکردنی ڕەسمی لەگەڵ کێشەی کورددا دەبێتە

مەسەلەیەکی ناچاری‌و، ئەو دەمە گۆڕەپانی تورکیا لەم ئاستەدا بۆ گۆڕانکاریی بنەڕەتی دەڕەخسێت.

# ٣- ئۆزالو کورد: کام فیدراڵیزم؟

راپۆرتێك کەسەرۆکی تورکی کۆچکردوو تورگوت ئۆزال بەدوومانگ بەرلەمەرگی ئامادەی کردبوو و بۆ سەرۆکی حکومەتی ئەوسا (سولەیمان دیمیریل)ی ناردبوو، دان بەوەدا دەنێت کەمەسەلەی کورد لەتورکیادا دەگەڕێتەوە بۆکۆتاییەکانی سەردەمی عوسمانیو، لەپانزدە ساڵی یەکەمی سەردەمی کۆماریدا وەکو (مەسەلەیەکی گرنگ) هاتە ئاراوە. ئەو راپۆرتە کەمۆری (زۆر نهێنی- زۆر تایبەت)ی لێ دراوە باسی ئەوە دەکات کەپێویستە چارەسەرێك بۆئەم مەسەلەیە بدۆزرێتەوە تاتورکیا نەبێت بەدەوڵەتێکی لاوازو نائارام.

ئەوەی لەم راپۆرتەدا جێی سەرنجە(کەبۆیەکەمجار لە١٢ی ت٢/ نۆڤەمبەری ١٩٩٣دا، واتە حەوت مانگ دوای مەرگی ئۆزال بلاوبۆوە) ئەوەیە کەلەو چارەسەرانەدا کەبۆکێشەکە پێشنیازی کردوون؛ نەلە دوورو نەلەنزیکەوە ئاماژەی بۆیەکێك لەبەناوبانگترینو گرنگترین بیرۆکەکانی ئۆزالی تیانییە؛ کەبووە مایەی مشتومڕێکی درێژخایەن، ئەویش بانگەشەکەی بوو بۆدامەزراندنی فیدراڵێك لەنێوان کوردو تورکداو گفتوگۆکردنی ئاشکراو گشتی لەسەریو گەیشتن بەبڕیاری گونجاو لەم بارەیەوە.

بلاوکردنەوەی ئەم راپۆرتە خاڵییە لەبیرۆکەی فیدراڵیەت؛ لەسەرێکەوە سێبەرێك لەسەر چەمکی فیدراڵیزم لای ئۆزال دروستدەکاتو، لەسەرێکی تریشەوە بەپەیامێك لەقەڵەم دەدرێ بۆئەو لایەنو دەنگانەی ئاماژە بۆ پێویستیی گرتنەبەری رێگەی پێشکەوتووتر- هیچ نەبێ لەڕووی رۆشنبیرییەوە- دەکەن بۆچارەسەرکردنی کێشەی کورد.

دەروازە بۆتێگەیشتنی گەوهەری چەمکی ئۆزالی بۆ فیدراڵیزم لەوەدایە ئەوە بیربخەینەوە کەئەم بیرۆکەیە بۆیەکەمجار دوای لێدانی عێراقو دابەشکردنی بوو بۆناوچەی کوردنشینو شیعەنشینو سوننە نشین. بەڵکو سەرەتاکانی سەرهەڵدانی بیرۆکەی فیدراڵیزم بەماوەیەکی کەم پاش داگیرکردنی عێراق بۆکوەیت هاتەگۆڕێ، وەختێ سەرۆکی تورکی کۆچکردوو ویستی یاریبە بەوەرەقەی کەمینە ئیتنیو

مەزهەبیـەکان بکـات و، کاتـێ بـەرەسمی سـەبارەت (کۆمـەڵگای عـەرەبی و کـوردو تورکمان و سریان) لەوێ دوا. بەدوایدا ئەوە هات کەبە(نەخشەی ئـۆزال) ناسـراوەو عێراق بۆ چەند دەوڵەتێکی بچووک دابەشدەکات. پاش ئەمەیش سووک کردنی هەندێ کۆت و پێوەندی دەسـتووری بەسەرداهات لەبەهاری ١٩٩١دا سـەبارەت قسـەکردن و بڵاوکردنـەوە بـەزمانی کـوردی لـەناو تورکیـادا، بەتایبـەتیش پـاش هێرشـە سەربازییەکەی سەدام حسـەین بۆسەر کوردەکانی باکووری عیراق و راونانیان بەرەو خاکی تورکیا.

هەرلەو دەمانەدا بیرۆکەی (عوسمانیەتی نوێ) بڵاوبۆوەو هەروەها ئەگەری ئەوەی کـەتورکیا لـەدەرەوەی سـنوورەکانی خۆیـدا رۆڵـی ئـابووری و سیاسـی ببینێـت. جگەلەدووەم جەنگی کەنداویش؛ لێکهەڵوەشانەوەی ئۆردوگای شیوعیش بەتایبەتی لەبەڵقانداو لێکترازانی یەکێتی سۆڤێت؛ زەمینەیان بۆبەرجەستەکردنی ئەم بیرۆکەیە خۆشکرد.

ئۆزال زۆر خۆی بەباکووری عێراقەوە خەریك کردو، پەیوەندیی توندوتۆڵی لەگەڵ هەردوو سەرکردەی کورد جەلال تاڵەبانی و مەسعود بارزانی بەست و چاویشی هەر لەسـەر.. نـەوتی موسـڵ- کـەرکوك بـوو کەبۆرییـەکانی بـەخاکی تورکیـاداو بـەرەو بەندەرەکانی لەکەنداوی ئەسکەندەرون دا دەچوون.

ئامانجی ئۆزال لـەم بیرۆکەیـەی بۆدامـەزراندنی فیدراڵیـەتێك؛ ئـەوەبوو کەناوچـە نەوتینـەکانی بـاکووری عـێراقیش بگرێتـەوە، بـەجۆرێك کەئـەم فیدراڵیەتـە لـەنێوان تورکەکانی تورکیا لەلایەك و کوردەکانی تورکیا و عێراق لەلایەکی تردا بێت. بەڵام ئەم فیدراڵیەتە بە تەنها ئەم دوولایەنە ناگرێتەوە؛ بەڵکو ئەم سیناریۆیەی کەهـەندێ جار ئۆزال نەیدەشاردەوەو ئاشکرای دەکرد (کۆمـەڵێك ناوچـە)ی تریشـی دەگرتـەوە وەك باکووری قوبـرس و نەخچـەوان. هـەروەها بۆسـنە- هەرسـك و مـەقدۆنیاو ئـەلبانیاش دەچوونە ناوبازنەی کاریگەریی سیاسی ئەم فیدراڵیەتەوە، لەگەڵ هـەوڵی کاوەخۆش بۆ زیادکردنی کۆماریە تورکەکانی قەفقاس و ئاسیای ناوەڕاست.

ئەم (ئەوراسیا)یەی کەئەستەمووڵ دەبووە سەنتەری سیاسـی بۆی و، ئەنقـەرەش وەکو پایتەختی (تورکیای بچووك) دەمایەوە؛ لەکۆمەڵێك ئایدیاو پرۆژەدا بەرجەستە ببوو و ئۆزال هەنگاوی پەلەی بۆدەنا.

ئۆزال بیرۆکەی دروستکردنی ناوچەی هاریکاریی ئابووریی دەریای رەشی خستەڕوو، بەخستنەسەری بازاڕێکی هاوبەشی تورکیو، هێڵێکی هاریکاری لەبەڵقان کەلەئەدریاتیکەوە تادەریای رەش درێژ دەبێتەوە(بەدوومانگ بەرلەمردنی)، ئەمە جگەلەبیرۆکەو پرۆژەی تری بەر لەسەرهەڵدانی بیرۆکەی عوسمانیەت، وەکو بۆریی ئاوی ئاشتی بۆ دەوڵەتانی عەرەبو ئیسرائیل، هەروەها پرۆژەی (گاپGAP) تاببێتە سەبەتەی خۆراکی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست.

کەواتە بیرۆکەکەی ئۆزال تەنها کوردەکانی تورکیای نەدەگرتەوە، کە(دڵۆپێك لەدەریا)ی ئەو فیدراڵیەتە پێشنیازکراوەیان پێکدەهێنا. وەختێ بەتەنها باس لەکێشەی کورد لەناوتورکیاشدا دەکرا، بیرکردنەوەی ئۆزال رێچکەیەکی تری دەگرتەبەر کەیەکی نەدەگرتەوە لەگەڵ کرانەوەکەیدا بەڕووی مەسەلەی کورددا و، دامەزراندنی فیدراڵێك لەنێوان هەردوو کۆمەڵگای کوردو تورکدا، بەجۆرێك کەهەردوولا لەسەر دوو رووبەری جوگرافیی دیاریکراو لەتەواوی مافە رۆشنبیریو سیاسیەکانیان بەرخوردارین.

لە ٦و٧ی ئەیلول/سێپتەمبەری ١٩٩٢دا، ئوزال (کەئەودەمە سەرکۆماربوو)لە سەردانێکیدا بۆ باشووری خۆرهەڵاتی تورکیا داوایکرد پێنج سەد هەزار کەس (یکورد) یەکسەر لەناوچەکانی باشووری خۆرهەڵاتەوە بگوێزرێنەوە بۆ ناوەڕاست وخۆرئاوای تورکیا و، ئەوەی خستەڕوو کە یارمەتیی هەر کەسێك دەدات بیەوێت ئەو ناوچە شاخاوییانە کە وەکو خۆی وتویەتی– "ژیان تیایدا سەختە" جێ بهێڵێت وبەرەو "خۆرئاوای تورکیا"بڕوات کە– هەروەکو خۆی وتویەتی– "ژیان تیایدا باشترە". کاتێ لێشیان پرسی ئایا سیاسەتێکی ڕەسمیی ڕاگوێزان لە ئارادایە، وەڵامیدایەوە: "بەبێ ئەوەش، کۆچێکی بەردەوام هەیە".

ئوزال لەو ڕاپۆرتەدا کەلە سەرەتادا ئاماژەمان پێدا باسی ئەوە دەکات کە "چارەسەر"ی کێشەی کورد لەتورکیادا لەڕێی"چۆڵکردنی وردە وردەی شوێنە بچووکەکانی نیشتە جێبوون"ەوە دەبێت لە دێهات وکێڵگە شاخاویەکاندا بۆ ئەوەی ڕێیەکانی ناردنی کۆمەك بۆ پارتی کرێکارانی کوردستان بگیرێو لەو بنکانەیان بێ بەش بکرێن کە خۆیانی تێدا دەشارنەوەو ئازووقەی تیادەخەن وجێی گومان نین. لە کاتێکا دەبێ ڕێ لەم دانیشتووانە (کەکوردن)بگیرێ تا بۆ ناوچە شاخاوییەکانیان

نەگەڕێنـــەوە، دەبـــێ بەرامبـــەر بەمـــە وردە وردە ناوچـــە شـــاخاوییەکانی باشـــووری خۆرهەڵات چۆڵ بکرێن تا ژمارەی ئەوانەی دەمێننەوە بەتەنها ٢-٣ملیۆن کەس بن، دواتر ئەمانیش بەشێوەیەکی بەرنامە بۆ دارێژراو وبەپێی پلانێك بەسەر ناوچەکانی خۆرئاوای تورکیادا دابەشبکرێن، تا وەکو ئێستا لەناوچەو گەڕەکی نزیك بەیەکی ناوشارەکاندا پێکەوە کۆنەبنەوە هەرچۆن ئێستاله ئەدەنەو مەرسین وئەزمیرو ئەنتالیا وتەنانەت لە ئەستەمووڵیشدا ئەوە دەبینین بۆ ئەوەی ئەم کۆمەڵبوونەیان نەبێتـەوە مایەی سەرچاوەی ئاشوب وتوندوتیـژی وگـەڕەلاوژە، کەلـە بنـەڕەتدا هۆیەکـەیان بێکاریو هەژارییە.

ئـەم پلانـە ئـەو هەڵمـەتی"بـەزۆر ڕاگوێـزان"ەمـان دەهێنێتـەوە بـیر کـە دوای ڕاپەڕینەکانی کوردی تورکیا لە بیستەکان وسـییەکاندا دەوڵـەتی تورکیا بەرامبـەر کوردەکـان کـردی وتـا سـاڵی ١٩٥٠ بـەردەوام بـوو، واتـە تـا ئـەو دەمـەی ژیـانی دیموکراسیانە دەسـتیپێ کـردو گـەلێ لـە ڕاگوێـزراوان گەڕانـەوە بـۆ هـەوارو دیـاری خۆیان.

لـەو کاتـەوەی "دەوڵـەتی بچووکـی"فیدراڵـی"ی کـورد لـە بـاکووری عـێراقدا ڕاگەیەندراوەو، مەسەلەی ئەرمەن هاتۆتەوە گۆڕێ، تورکیا ترسی لەوە هەیە پەیمانی "سـیڤەر"(١٩٢٠) بێتـەوە ئـارا کـەدان بـە ئۆتۆنۆمـی هـەندێ ناوچـەی باشـووری خۆرهـەڵاتی ئـەنادۆڵدا دەنـێو، بەشـێك لـەخاکی تورکیـا دادەبـڕێو بەئـەرمینیاوەی دەلکێنێت. بەردەوامبوونی کێشەی کوردیش بەم شێوە پڕلەتوندوتیژیو دڕندایەتیو خوێنڕشتنەی کەساڵانێکە لە ئارادایە؛ کۆمەڵێك ئەنجامی ترسناکی بۆسەر دەوڵەتو کۆمـەڵگا دەبێـت لـەتورکیاداو، ترسناکترینیشـیان فراوانبوونـی بازنـەی جیاکـاریی ئیتنییە لەنێوان کوردوتورکدا. هـەندێ زانیـاریش ئاماژە بەوە دەدەن کە پەکەکـەش هەڵمەتێکی"پاکسازیی ئیتنی"ی دژبە تورکەکانی باشووری خۆرهـەڵات ئەنجامداوە. لەچەپەکانـەوە بیگـرە تائیسـلامیەکان (بەتایبـەتیش حـیزبی"ڕەفـاه")، پێشـتریش بەچەند ساڵێك، دەوڵەتی تورکیا هەوڵی سڕینەوەی شوناسی کوردیی سەدان لادێی باشـووری خۆرهـەڵاتی ئـەنادۆڵو هەندێناوچـەی تـری تورکیـای دا. ئـەم ململانـێ چەکدارانەیـەش لـەنێوان ئـەم دوو لایەنـەدا بووەتـە هـۆی ئیفلیجکردنـی نەشـونمای ئابووری لە تورکیادا. ئامارە نیمچە ڕەسمیەکان ئەوە دەردەخەن کە٣٠٪ی بووجەی

دەوڵەت تەرخان دەكرێ بۆ شەڕ دژبە پەكەكە، ئەمە جگە لەوەی كەرتی گەشتوگوزار دوچاری نسكۆی گەورە بووە لە سۆنگەی هەڕەشەكانی پەكەكەوە بۆ سەر ئەم كەرتە. هەروەها ئەم هەڕەشەیە پرۆژەی"گاپ"یشی گرتۆتەوە كەوا لەناوچە كوردنشینەكاندا. جگە لەوەی بەردەوامبوونی كێشەی كورد كارێكی كردووە ئەنقەرە فریا نەكەوێت بایەخی پێویست بە گۆڕانكارییە هەرێمیەكان بدات و ئەمەش لەلاوازبوونی قەڵەمڕەوی توركیادا لێرەولەوێ رەنگی داوەتەوە.باشترین بەڵگەش بۆ گرنگی "سڵەمینەوە لە كێشەی كورد" لای سەركردە توركەكان جەختكردنی بەرپرسانی تورك بوو لەوتووێژەكانیاندا لەگەڵ ئیسرائیلدا لەسەر لایەنی ئاسایشی پەیوەست بە"قەلاچۆكردنی تیرۆری كوردی" كە هەروەكو وەزیری دەرەوەی پێشووی توركیا حیكمەت چەتین دەڵێت؛سوریای لە پشتەوەیە. بەمەش بەرپرسان رۆڵی توركیا لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستداو بەتایبەتیش دوای رێكەوتنامەی غەزە-ئەریحا بەهەڵواسراوی و ناڕوونی دەهێڵنەوە. هەروەها كێشەی كورد یەكێك بوو لەو فاكتەرە سەرەكیانەی بیانووی دا بە توركیا تا لە٢٣ی شوبات/فبرایەری ١٩٩٦دا رێكەوتنی سەربازی لەگەڵ ئیسرائیلدا ئیمزا بكات.

ئەنجامە خراپە كەڵەبووەكانی كێشەی كورد لەسەر واقیعی توركیا چ لەڕووی كۆمەڵایەتی و ئابووریەوەو هەروەها شكستی هەوڵە سەربازییەكان بۆ بنجبڕكردنی رەگو ریشەی كێشەكە، وای لە هەندێ سیمبوڵی ئینتلجنسیای تورك كردووە دوورتر بڕۆن لە خستنەڕووی چارەسەردا، هەربەمەبەستی رزگار بوون لەوەی سولەیمان دیمیریل ناوی ناوە"بەڵای گەورە". هەندێ لەرۆژنامەوانانی سیاسی ناسراوی وەك ئۆرتوغرول ئوزكوك و ئۆكتای ئەكشی و ئەحمەد ئاڵتان بێ دوودڵی لەگەڵ ئەوەدان كەلە جیابوونەوەی ناوچەكانی باشووری خۆرهەڵات لە توركیا بكۆڵرێتەوە وەك"چارەسەرێكی ریشەیی" بۆ كێشەكە، ئەمەش لەوەوە هاتووە كە بەشێكی گرنگی داهاتەكانی دەوڵەت بە خۆڕایی لەناوچە كوردنشینەكاندا خەرج دەكرێ، لەكاتێكا ئەگەر لە"خۆرئاوای توركیا"دا خەرج بكرێ هەركەسێك لەساڵێكدا سێ ئەوەندەی بەركەوت(دخل)ی زیاد دەبێ،لە دووهەزارەوە دەبێ بە شەش هەزار دۆلار لە ساڵێكدا. ئەم رۆژنامەوانانە وای بۆ دەچن كەئەوە هیچ مانایەكی نییە كە رووبەری توركیا شتێك گەورەتر یان بچووكتربێت؛ ئەگەر ئەوە ببێتە مایەی زیان بۆ پاشەڕۆژی و رێ لە

پێشكەوتن و نەشونمای بگرێت. بەڵكو ئەحمەد ئاڵتان پەیدابوونی پیاوێكی وەكو"ئاپۆ"(عەبدوڵا ئوجەلان) كە داوای جیابوونەوەی دەكات؛بە" بەزەییەكی خودایی" لەقەڵەم دەدات بۆ توركەكان؛ لەبەر ئەوەی ئەو جیابوونەوەیە دەرفەت بۆ توركەكان دەڕەخسێنێت كە ژیانێكی تێروتەسەلترو پڕبەخششتر بژین.

خوازیارانی جیابوونەوە لەنێو بیرمەندە توركەكاندا وای بۆ دەچن كە جیابوونەوە هیچ كاریگەرییەكی نەگەتیڤانە ناكاتە سەر ئەوەی "لە توركیادەمێنێتەوە". چونكە توركیا خۆی لەبنەڕەتداو لەتەواوی بوارە ئیتنی و چینی و ئایدیۆلۆژییەكانداو لەنێوان ناوچە خۆرئاواییە پێشكەوتووەكان و ناوچە خۆرهەڵاتیە دواكەوتووەكاندا؛ دوچاری لێكترازان و جیاوازی بووە. بەڕای ئۆكتای ئەكشی مەسەلەی مانەوەی جیابوونەوەی كوردستان لە توركیا بەبێ چارەسەر؛شتێكی ناسروشتییە، هەر بۆیە داوای ئەوە دەكات مەسەلەكە بنبڕبكرێ، لەهەردوو حاڵەتدا دەبێ مەسەلەكە بۆ هەتا هەتایە بەلایەكدا بخرێ. خۆئەگەر لە ئەنجامی ریفراندۆمێكەوە( لەنێو كوردەكانی توركیادا) دەركەوت كەكوردەكان جیابوونەوەیان دەوێت؛ ئەوا ئاكشی دەڵێت: پێویستە پێیان بوترێ"برایانی ئازیز، هانێ ئەوە ناوچەكەو، گردبەگردی بۆ خۆتان".


پاشان مەسەلەی پێشنیازكردنی بڕیار لەسەر چارەنووس لەڕێی ریفراندۆمێكەوە كە چاودێری نێودەوڵەتی ی تیابێت، دووگرفتی بۆكوردەكان تێدایە. یەكەمیان ئەوەیە كەلە كاتی جیابوونەوەدا چارەنووسی ٦٠٪یان، واتە نزیكەی ٨٪ملیۆن(لەكۆی ١٢ملیۆن) ڕوون نابێت، چونكە لە خۆرئاوای توركیادا دەژین و یائەوەتا دەبێ ببن بەهاووڵاتی ی بیانی و یائەوەتا دەبێ بگەڕێنەوە بۆ دیاری خۆیان. گرفتی دووەم كە ڕووبەڕووی كوردەكانی "دەوڵەتی نوێ"دەبێتەوە ئەوەیە كە دەكەونە ناوەڕاستی دەوروبەرێكەوە كە دژ بە سەربەخۆبوونیانن، هەر لە سوریاو عێراقەوە بگرە تائێران وتەنانەت ئەرمینیاش كەڕەنگە لەگەڵ ئەم دەوڵەتە نوێیەدا بكەوێتە مشتومڕی تاڵەوە(نالێین شەڕ)، چونكە ئەرمەنەكان لەڕووی مێژووییەوە بەشێكی زۆری كوردستان بە هی ئەرمینیای گەورەی دەزانن.

لەلایەكی ترەوە هەندێك هەن بانگەشە بۆ ئەوە دەكەن كە كێشەی كورد لە چوارچێوەی مافەكانی مرۆڤ ودیموكراسی دا چارەسەر بكرێ. ئەم بانگەشەیەش داوایئەوە دەكات كە لەو چەمكە بكۆڵرێتەوە كەكۆماری توركیای لەسەر دامەزراوە


بەوەی کۆمارێکی "تورکییە" (واتە بۆ ڕەگەزی تورکە)و کەمینەی ئیتنیی تیانییە، بەڵکو هی ئایینیی تیایە. واتە هەموو، بە ئەرمەن وکوردو یۆنانیوعەرەبەوە، تورکنو زۆربەیان موسڵمانن و کەمینەیەکیشیان یا مەسیحیو یان جوولەکەن. یەکەمین هەوڵیش بۆ خۆنەبەستنەوە بەو چەمکەوە کەپەیمانی لۆزان بەرجەستەی کرد، قبووڵ نەکردنی ئەو پەرلەمانتارانە بوو کە بەبنەچە کوردن لە پاییزی ١٩٩١دا بۆ سوێندخواردن بە "گەلی تورکی مەزن" کە دروشمە بەناوبانگەکەی ئەتاتورکمان بیردەخاتەوە "چ بەختەوەرییەکە بۆئەو کەسەی دەڵێت، من تورکم".

کاتێ نووسەری ئەمریکایی فرانك پیریز دەڵێت تاقە چارەسەری کێشەی کورد بریتییە لە بەدیهێنانی دیموکراسیو بەخشینی مافی سیاسیو ڕۆشنبیری بەکوردەکان؛ ئەمە ئەو بناغە "تورکی"انە هەڵدەتەکێنێتەوە کە کۆماریی لەسەر دامەزراون وپەیمانی لۆزان هەڵدەوەشێنێتەوەو پەیمانی سیڤەرمان بیردەخاتەوە. بەڵام ئەو ئاڵتەرناتیڤە فیدراڵییەی کەسەفیری پێشووی ئەمریکا لەئەنقەرە "مۆرتن ئەبرامۆفیچ" بانگەشەی بۆ دەکرد؛ لەگەڵ بەردەوامبوونی سیاسەتی کەمالیدا هەڵناکات. لەکاتێکا بەردەوامبوونی سیاسەتی ڕووبەڕووبوونەوەی چەکدارانە تورکیا دەخاتە بەردەم هەندێ هەڵبژاردنی سەختەوە. بەخۆڕاییش نییە وەختێ توژەرەوەی ناسراوی ئەمریکایی لەدەزگای "ڕاند" گراهام فولەر دەڵێت دەشێ یەکێك لەو هەڵبژاردنانە ئەوەبێت کەتورکیا ناچاربێت "گۆڕینی سنوورەکان قبووڵ بکات".

تورکیا کە بە جیابوونەوەی کوردەکان کۆمەڵێك داهاتی سەرەکی وەکو ئاوو نەوت وخەڵووزوفۆسفات ومەنگەنیزی لەدەست دەچێت، پێناچێت ئامادەبێت واز لە هەوڵەکانی کارتێکردن وبەکارهێنانی دەسەڵاتی بهێنێت، ئیدی چ لەڕێی چەکی ئاووسنووری هاوبەشیەوە لەگەڵ عێراق وئێران وتەنانەت سوریاوئەرمینیاش. لەگەڵ بەردەوامبوونی ئەقڵیەتی توندڕەوانەی کەمالیزمیشدا، لەوە ناچێت کوردەکانی تورکیا جگەلە کۆمەڵێك مافی ڕۆشنبیری کە زیاتر لە ئۆتۆنۆمییەوە نزیکە، هیچی دی بەدەست بهێنن، بەو هیوایەی دوایئەوە ببنە هاووڵاتیەکی یەکسان بەوانیدی، لە دەوڵەتێکی حقوقیی دیموکراتدا کە بنچینەکەی هۆشیارییەکی هاووڵاتییانەیە کە بەڕاستی دەبێتە "بەزەییەکی خودایی" بەئاڕاستەی مرۆڤ بوون نەك ئیتنیەت، بەئاڕاستەی یەکبوون نەك جیابوونەوە، لەنێوان "ئاپۆ"ی کوردان و "بابی تورکان"دا.


بولگاریا
دەریای ڕەش
گورجستان
سینوب
ئەستەمبول
یۆنان
ئەرمینیا
ئەنقەرە
ئێران
ئیزمیر
دیار بەکر
ئەنتالیا
ئەدەنە
دەریای
سپی ناوەڕاست
سوریا
عیراق


توركیا
ئیتالیا
فەرەنسا
سووریا
عێراق
قەفقاس



دەریای رەش
دەریای قەزوین
قارس
باكو
سووریا
دیمەشق
عێراق
بەغدا
موسڵ
دیجلە
فورات
بەسرە
ئێران
كوردستان

# ٤-یەشار کەمال لە"کەشوهەوای کوردی"دا

"مەسەلەکەی یەشارکەمال" گەلێ پرسیارو بابەتی پەیوەنداری بە پیشەی نووسینەوە لەتەواوی لایەنەکانیدا وروژاند. ئەم مەسەلەیە لە ٩ی ک٢/ینایەری١٩٩٤دا دەستی پێکرد، کاتێ گۆڤاری"دیرشبیگل"ی ئەڵمانی کەهەفتانە دەردەچێت وتارێکی یەشارکەمالی بڵاوکردەوە کە ناونیشانەکەی"شاڵاوی درۆ"بوو، تەوەری وتارەکەش واقیعی مەسەلەی کورد بوو لەتورکیاداو، تیایدا بەزمانێکی توندوتیژ رەخنەی لەتێڕوانینی دەسەڵاتدارانی تورکیا و رەفتاریان دژبە هاووڵاتییە کوردەکان لە باشووری خۆرهەڵاتدا گرتبوو.لەکاتێکا یەشار کەمال دەڵێت ژمارەیەکی کەم لە کوردەکان داوای دەوڵەتی سەربەخۆ دەکەن، دەپرسێت:"بەڵام ئایا ئەمە مافێکی سروشتیی خۆیان نییە؟" لەوەشدا پشت بە جاڕنامەی مافی مرۆڤ دەبەستێت کە دیاریکردنی چارەنووسی میللەتان بەمافی ئەو میللەتانە خۆیان دەزانێت. یەشار کەمال لەم وتارەیدا رەفتاری هێزەکانی ئاسایشی تورکیا لە ناوچە کوردنشینەکاندا دەشوبهێنێ بەرەفتاری جارانی ئەمریکا لە ڤیەتنام؛ هەر لە وشكو برنگ کردنی زۆنگاوەکانو سووتاندنی داروداری دارستانو لادێکان تا دەگاتە راگوێزانی دانیشتووان. هەروەها دەڵێت کە ئەو کردەوانەی ئەمڕۆ دەکرێن گەلێ دڵڕەقانەترن لەوەی کاتی خۆی موراد پاشا قۆیوجو(بڕوانە پەراوێزی بەشی پێشوو) دەیکرد. یەشار دەڵێت کاتی خۆی نەدارو دارستانیان دەسووتاندو نە ونبووان سەربازانی هەڵاتوویان دەکوشت.

یەشار کەمال دەسەڵاتی تورکیای بەوە تاوانبار کرد کە کوردەکان رادەگوێزێو لادێکان دەسووتێنێتو جەنگی دژبەکوردی بەرپا کردووە، هەروەها وتی:"لەوانەیە ئەنقەرە لەتوانایدابێت دەریاکە وشك بکات؛ بەڵام ناتوانێت ماسییەکە بگرێت"، ئەمەش ئاماژەیە بۆ لێدوانێکی سەرۆك ئەرکانی پێشووی سوپای تورکیا دۆغان غۆریش سەبارەت بەوەی"پێویستە" دەریاکە وشك بکەین ئینجا ماسییەکە بگرین،(واتە پارتیکرێکارانی کوردستان). رەخنەکانی یەشار کەمال دەگەنە ترۆپك وەختێ دەڵێت:"هەرلەساڵی ١٩٢٣ەوە دەزگایەکی سەرکوتکردنی وەها لە کۆماری تورکیادا دامەزراوە دژبە کوردەکان، کەبەرگەگرتنی ئەستەمە". هەروەها وتی کەتورکیا بەمجۆرە، لەڕێی سڕینەوەی زمانو کەلتوری کوردییەوە ناتوانێ پێ بخاتە

سەدەی بیست ویەکەوە، ئەوەشی ڕەت کردەوە کە لە تورکیادا دیموکراسی هەبێت وئاماژەی بەوەدا کە ئەوروپا چیدی باوەڕیبە دیموکراسیەتی تورکیا نەماوەو کاتی خۆیشی لەبەر بارودۆخی جەنگی ساردو دژایەتیکردنی یەکێتی‌ی سۆڤێت ناچاربووە گوێ نەداتێو چاوی لەوە بپۆشێت.

ئەم وتارەی یەشارکەمال وەکو بەنزینێك بوو بکرێ بەسەر ئاگری بارودۆخی ناوەوەی تورکیادا کە هەر خۆیشی شپرزە بوو، بەتایبەتیش ئەوەندەی پەیوەندیی بەکێشەی کوردەوە هەبێت و، وێنەی تورکیای لەدەرەوە ناشرینتر کرد لەڕووی مافی مرۆڤەوە. هەروەها کاتێ یەشارکەمال لەلایەن دەسەلاّتدارانی تورکیاوە بۆ لێپرسینەوە بانگ کراو تاوانی "جوداخوازی"یشی درایە پاڵ کە تاوانێکە سزاکەی پێنج ساڵ زیندانی کردنە، زیاتر سەلماندی کە دیموکراسیەت و ئازادیی ڕادەربڕین و فیکر "لەرزۆك"ە لەتورکیادا. ڕەخنەگرانی یەشار کەمال هەرزوو بلاّوکردنەوەی ئەم وتارەیان لەلایەن یەشار کەمالەوە لەئەوروپادا بەستەوە بەو"خۆزگە شاراوە"یەی نووسەر بۆ وەرگرتنی خەلاّتی نۆبڵ! ئێمە لەو بڕوایەداین کەلایەنێکی گرنگی ئەم مەسەلەیە لەو مشتومڕەدا پشتگوێ خرا کەلە ناو تورکیادا ڕوویدا، ئەویش مەسەلەی پابەندبوونی ژیاریانەی نووسەرە، کەلە چوارچێوەی هەندێ گۆڕانکاریدا هات کە دواتر ئاماژەی پێ دەدەین.

وتارەکەی یەشار کەمال بەرلەهەموو شتێك مەسەلەی دیموکراسیو ئازادیی بیروڕای لەناو دەوڵەتێکدا خستەڕوو کەبەردەوام خۆی واپیشان داوە لەناو ئەو ولاّتانەی دەوروبەریدا لە خۆرهەلاّتی ناوەڕاستو ئاسیای ناوەڕاستدا نموونەیە. ئەم وتارەی یەشار کەمالیش؛ کە نووسەرێکە لە خۆرئاوادا ناوبانگی هەیە، وەکو گورزێکی بەهێزو، هێندەی دەیان هێرشی راگەیاندن بوو بۆ سەر وێنەی دیموکراسیەت لەتورکیادا لای"جیهانی ئازاد". لێرەوەیە کە دەسەلاّتدارانی تورك کاردانەوەی توندوتیژیان هەبوو و، بەرلە هەموانیش کاردانەوەکەی سەرۆکی حکومەت تانسۆ چیللەر بوو کەئەو "درۆ"یانەی یەشار کەمالی رەت کردەوە کاتێ وتی:" ئازادیی بیروڕا هەیە. هەرکەسێکیش چی‌ی دەوێت بابینووسێت. بەلاّم هەندێ ڕاستی هەن دەبێ دەرك بکرێن" هەروەها بێئەوەی ناوی بهێنێت یەشار کەمالی بە" قول رووت" ناوبرد کاتێ وتی: "ئەو شتەی "قول رووتەکان" داوایدەکەن بۆ کشانەوەی لەشەڕ دژبە تیرۆر، کۆمەڵێك تێڕوانینن کەلەمانای ململانێ دژبە تیرۆر تێناگەن". یەکێك لەپەرلەمانتارەکانی حیزبی حوکمڕانیش بەمجۆرە وەلاّمی یەشار

کەماڵی دایەوە:" ئایا ئەگەر لەتورکیادا رژێمێکی سەرکوتکەر هەبێت؛ یەشار کەمال دەیتوانی بەوجۆرە قسان بکات؟" هەروەها وەلامی سەرنووسەری رۆژنامەی "حوریەت"یش پڕلە ئەفسوس و جەخار بوو سەبارەت بە وتارەکەی یەشارکەمال و رووی دەمی دەکاتە ئەو نووسەرەو دەڵێت:" ئێمە نەوەی "حەمەدۆك"ین. بەکتێبەکانی تۆ گەورە بووین و شانازیمان بەسەرکەوتنە جیهانیەکانتەوە کردووەو، لەدڵی خۆماندا دامانناویت. بەلام ئەم ولاتە شایانی ئەو سوکایەتی‌یە نی‌یە کە پێت کردووە. راستە لەم ولاتەدا کێشەی دیموکراسی و مافی مرۆڤ و کەموکورتی‌دی هەیە. بەلام رەوابین بە. کتێبەکانی تۆ لەو سەردەمانەشدا فرۆشراون کە هیچ دیموکراسیەتێکیان تیا نەبووە. ئێمە چاوەڕێمان نەدەکرد مەسەلەکان تا ئەو رادەیە گەورە بکەیتەوە.

بەرامبەر بەمەیش، گەلێ سیاسەتمەداران و ئەدیبان لەمەسەلەی دیموکراسی و ئازادییەکاندا بەرگرییان لە یەشار کەمال کرد. ئەوە بوو سەرۆکی "بزاڤی دیموکراسیی نوێ" جیم بۆینەر ناڕەزایی خۆی بەرامبەر خنکاندنی دەنگەکان و سنووردانان بۆیان پیشان دا؛ بەچاوپۆشین لەوەی ئایا تا چەند لەگەڵ ئەو دەنگەدایە یان لەگەڵیدا نی‌یە. هەروەها رۆماننووسی ناسراو ئۆرخان بامۆك پرسیی:" ئایا هەروەکو بینەرێك بین و تەماشا بکەین چی لە تورکیادا روودەدات؟ یەشار ئەو شتەی سەبارەت ولات وت کە لەهەموو شتەکانی دی راستترە". زلفی لیفانیلیش کە مۆسیقا زانێکی بەناوبانگەو پالێوراوی پێشووی سەرۆکایەتیی شارەوانی ئەستەموولەو بەجیاوازیی چەند دەنگێکی کەم ئەو پۆستەی بەدەست نەهێنا، نموونەی سەبارەت دیموکراسیی هەندەران هێنایەوەو وتی: دوای ئەوەی ئەڵمانیا کرا بەدووبەشەوە برتۆڵدبریشت ئەڵمانیای خۆرهەلاتی هەڵبژارد، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا کتێبەکانی لە قوتابخانەکانی ئەڵمانیای خۆرئاوادا قەدەغە نەکران و بگرە بە رێزێکی زۆرەوە سەیردەکران، لەبەرئەوەی بریخت واتە ئەڵمانیا. هەروەها وتی: کاتێ کەسە نزیکەکان لە سەرۆکی کۆچکردووی فەرەنسا "شارل دیگۆل"ەوە ساڵی ١٩٦٨ پێیان وت تاجان پۆڵ سارتەر بگرێت لەبەرئەوەی رۆڵی لەڕووداوەکانی قوتابیاندا هەبووە، دیغۆل وەلامی دانەوە: ناتوانین بیگرین، وەختێ ئەوان سەریان سووڕماو وتیان: بەلام تۆ فەرەنسایت، دیغۆلیش لەوەلامیاندا وتی:ئاخر میسۆسارتەریش هەر فەرەنسایە. گەرچی لیفانیلی بەراشکاوی نەیدرکاندووە کەمەبەستی لەم نموونەیە چی‌بووە( بێگومان مەبەستەکە روون و ئاشکرایە، بەلام ترسەکە لە دیموکراسیەتی تورکیایە)، بەلام تورکیاش ئەو کەسە لەسێدارە نادات کەبڵێت: ئاخر خۆ یەشار بەگیش هەر تورکیایە.

خـاڵی دووەمیـش لـە"مەسـەلەی یەشـارکەمال"دا نـەژادی ژیارییانـەی نووسـەرو ڕادەی گوزارشـتکردنێتی لـەوە لـە پێکهاتـەی مـەعریفی و بەرهـەمی داهێنەرانـەیدا. ئاشکرایە کە یەشار کەمال بە نەژاد کوردەو خەڵکی دێیەکی پارێزگای ئەدەنەیـە، بەڵام خێزانەکەیان لەکاتی جەنگی یەکەمی جیهانیدا چوو بۆ خۆرهەڵاتی تورکیا و رووی کردە چقور ئاڤا کە ئەو دەمەو بەتایبەتیش لە بیستەکان و سیەکاندا پڕبوو لە یاخیانی دژبە دەوڵەت، وەختێ لە ساڵانی پەنجاکاندا سەرگەرمی کاری رۆژنامەوانی بوو لێکۆڵینەوەی سەبارەت بە جووتیاران و کرێکاران و هەژارانی ئەنادۆڵ دەنووسی. بەڵام مۆرکە هیومانستیەکەی کارەکـانی بەشـێوەیەك لـە شـێوەکان مەسـەلەی کـورد بوونـی نەخسـتۆتە روو، ئەمـەش وای لـە عەبدوڵا ئۆجـەلان کـرد یەشـار کـەمال بـەوە تاوانبار بکات کە" لەگەڕان بەدوا نەژادی مێژوویی خۆی و ئەو هۆکارانە رادەکات کە بوونەتە مایەی دۆخی ئێستای و، بترسێت لەوەی یادەوەرییەکانی خۆی بنووسێتەوە" هەروەها ئۆجەلان دەڵێت کە"کورد" لەئەدەبی یەشار کەمالدا"ئەبستراکت" و "لاوازە"، هـەروەها ئـەو دەربـارەی ژان و ئازارەکـانی کـورد و ئـەو هەوڵانـەی نەنووسـیوە کـە ویسـتوویانە رەگـو ڕیشـەی مێـژووی کـەلتووریان هەڵکێشـن، ئەمـەش بەلایـەوە کەموکورتی‌یەکە و نابێتە مایەی ئابڕوومەندیی ئەو، یڵماز گونای، لەکوردبوونـەوە لـەو نزیکترە.

نەبوونی ئـەو" ڕەهـەندە کوردیـە" لـە نووسـینەکانی یەشـار کـەمال دا وایکـرد بڵاوبوونـەوەی ئـەو دوا وتـارەی لـەگۆڤاری"شبیگل"دا شتێکی سـەیرو تاسێنەر بێـت بەلای تورکانـەوە، چ سیاسـەتمەداران و چ ئـەدیبان و رۆژنامەنووسـانیش . لێرەشـدا پرسیارێك دێتە پێشێ: ئایا چی لە یەشار کـەمالدا گـۆڕاوە؟ ئایا گەڕانەوەیە بۆ رەگو ڕیشە؟ یان کاریگەریی ئەو شتەیە کە عەبدوڵا ئۆجەلان لەسەری نووسی، ئـەو پیـاوەی بەزیندوویی یان بەمردوویی لەلایەن دەوڵەتی تورکیاوە داوای سـەری کـراوە؟ هـەندێ کـەس سـەرنجی ئـەوەیان داوە کـە یەشـار کـەمال لـە وتارەکـەیدا وەکـو بزووتنـەوەی خەڵکێکی قوربانیدەر ناوی پارتی کرێکارانی کوردستانی هێنـاوە، لەکاتێکا ئەنقەرە ئـەم حیزبـە بـە" ڕێکخراوێکـی تیرۆریسـتی جوداخـواز" لـە قەڵـەمدەدات کـە داوای دەوڵەتێکی کوردیی سەربەخۆو جیالە تورکیا دەکات. جگـە لـەوەی سـەرنج دراوە کە یەشار کەمال لەوتارەکەیدا نەیوتووە"تورکیا"، بەڵکو ئـەو زاراوەیـەی بـەکارهێناوە کە

پەکەکە بەکاری دەهێنێت، ئەویش"کۆماری تورکیا"یە. لەم بارەیەشەوە سەرنووسەری"حورییەت" دەڵێت کە شێوازو زاراوە لەم سەردەمەدا بەشێکە لە بیروباوەڕ جیانابێتەوە.هەربۆیە ئەویش(یەشار کەمال) خۆی وەکو لایەنگرێك راگەیاندووە". هەر لەراستیشدا، یەشار کەمال پاش وتارەکەی "دیرشبیگل" یەشار کەمالەکەی پێشوو نییە. لە جەرگەی ئەم زریانەی دواییشدا گەر لێی بپرسن چۆن خۆی دەناسێنێت، وەڵام دەداتەوە:"من نووسەرێکی تورکم کە ئەسڵم کوردە". لێرەداو لە پەراوێزی ئەم مەسەلەیەشدا، ئاماژە بۆ ئەوە دەکەین کە بەناوبانگترین گۆرانیبێژی ئێستای تورکیا ئیبراهیم تاتلیسەو، بەناوبانگترین ژنە ئەکتەر(وگۆرانیبێژ) کە هولیائەفشارەو، بەناوبانگترین دەرهێنەری سینەمای کۆچکردوو یڵماز گونای، هەموو بەڕەچەڵەك کوردن.

خاڵی سێیەم و دوا خاڵیش کە "مەسەلەکەی یەشار کەمال" خستییەوە روو ئەوەیە کە ئەم بەناوبانگترین نووسەری تورکیایە ٢٢ ساڵە بۆ خەڵاتی نۆبڵ پاڵێوراوە. زۆریش لەوانەی ویستیان هاندەری نووسینی ئەم وتارە لای یەشار کەمال و بڵاوکردنەوەی لە گۆڤارێکی بیانیدا بگەڕێننەوە بۆ ئەوەی گوایە ئەو لەرێی سوکایەتی کردن بە دەوڵەتی تورکی و هەرانانەوەوە دەیەوێ خەڵاتی نۆبڵی بدرێتێ. یەکێك لە رۆژنامەوانە بەناوبانگە تورکەکان، کەناوی ئەمین چولاشانە، وتی دوای بڵاوبوونەوەی ئەم وتارە یەشار کەمال دەتوانێ بەئاسانی خەڵاتی نۆبڵ وەربگرێت"کێ دەزانێت؟ لەوانەیە لە ئەوروپا گرەنتییەکی وەهایان پێدابێت. ئەمە شەرمە،کەس نییە (لەپێناوی خەڵاتێکدا) وڵاتەکەی خۆی واناشرین بکات"، پاشان بەشێوەیەکی گاڵتەجاڕانە بەیەشارکەمال دەڵێت:"خوا حەزبکات خەڵاتی نۆبڵت دەدەنێ و بەناوی "پارتی کرێکارانی کوردستان"یشەوە وەریدەگریت، چونکە ئەوە شایانی گەورەیی تۆیە."، هەروەها ئورتوغرول ئوزکوك دەپرسێت ئاخۆ ئەو وتارە پەیامێك نییە بۆ هەندێ لایەن و شوێنی دیاریکراو بۆداواکردنی خەڵاتی نۆبڵ؟ ئینجا بەیەشار دەڵێت:" ئێمە لەو بڕوایەداین کەتۆ لەرێی سوکایەتی ناسنامەی وڵاتەکەتەوە شایانی خەڵاتی نۆبڵیت، نەك لەرێی سوکایەتی پێکردنیەوە. ئێمە لەدڵی خۆماندا"نۆبڵ"ێکمان بەتۆدابوو کەزۆرلەو "نۆبڵ"ەی دی گرنگترو بەنرختربوو بەداخەوە،ئەو وتارەت وێنەی مەزنی تۆی لەبیرو زەینی ئێمەدا شێواند.. خۆزیا ئەوەت دەزانی!".

یەشار كەمالیش وەڵامی ئەمانە دەداتەوەو دەڵێت:"هەرچییەك دەڵێن بابیڵێن. ئایا من لەبەر خاتری"نۆبڵ" نكوولی لەتوركیا دەكەم؟ نەخێر. من مرۆڤێكم سەربەم كەلتوورەمو، بەزمانو خوێنی خۆمەوە پەیوەستم،بە كەلتووری گەورەی ئەنادۆڵەوە پەیوەستمو زۆر ڕێزی لێ دەگرم. من لەساڵی ١٩٧٣وە پاڵێوراوێكی ڕەسمیو هەمیشەیی خەڵاتی نۆبڵم،واتە هەرلەو كاتەوە یەكێتی نووسەرانی سویدو ئەكادیمیای زانستەكانی سوید منیان بۆ ئەو خەڵاتە پاڵاوتووە. ئەمەش پاڵاوتنێكە تامردن بەردەوام دەبێت. تۆلستۆی تامرد بۆ ئەو خەڵاتە پاڵێوراو بووو وەریشی نەگرت.من ئەو خەڵاتەم پشتگوێ خستووە، دەنا دەمێك بوو لەتوانامدابوو وەریبگرم. من نەمبیستووە ئەو سەدان كەسەی خەڵاتی نۆبڵیان وەرگرتووە نكووڵیان لەوڵاتەكانی خۆیان كردبێت. ئیدی بۆچی بۆ وەرگرتنی ئەو خەڵاتە من بەوە تاوانبار دەكەن؟ وەك وتم من٢٢ساڵە بۆ ئەو خەڵاتە پاڵێوراوم".

پاش ئەو باهۆزەی وتارەكەی یەشار كەمال وروژاندیو، ئەو هاوگیانییە فراوانەی لەناو توركیادا لەلایەن زۆربەی بیرمەندانەوە بەرامبەری پیشاندرا، پێدەچێ ئەم ڕۆماننووسە توركە بەئەسڵ كوردە بیەوێ لەتوندی زمانەكەی كەمبكاتەوەو، ئەوەبوو لە كۆتاییەكانی شوبات/فبرایەری ١٩٩٤دا ڕایگەیاند كە دژی دابەشكردنی توركیایەو لەگەڵ ئەو"مۆزاییك"ەدایە كە لەئەنادۆڵدایە. هەروەها ئەوەی ڕەتكردەوە كە جیاوازی لەنێوان توركەكانو كورداندا هەبێ لەتوركیادا(؟)و، وتی پارتی كرێكارانی كوردستان كەمینەیەكی كەم لەناو كورداندا پێكدەهێنن. بەڵام لەسەر ئەوە سوور بوو كە كێشەی كورد بەتوندوتیژی چارەسەر ناكرێو، وتی كە وشك كردنی دەریا كە بۆ گرتنی ماسییەكە هەڵەیەكی گەورەیە.

یەشار كەمال وتارەكەی خۆی نووسیو ڕۆی. بەڵام پرسیارەكە لێرەدایە:ئایا ئەو وتارەی هەڵوەستەیەك بوو لەگەڵ ویژدانی خۆیداو نەژادی ئەسڵیدا، یان بەتەنها" وێستگەیەكی تێپەڕ"بوو بۆ"نۆبڵ"ێك كە شایانێتی،

بەڵام بەڕای عەزیز نەسین(لەگفتوگۆیەكدا كەلە ساڵی ١٩٨١دا ئێمە لەگەڵیدا سازمان كرد) ئەوە خەڵاتێكە شایستەی ئەوەی مرۆڤ لە پێناویدا تەقەللابدات.

# بەشی چوارەم

# گەشەپیدان لەخزمەتی سیاسەتدا

# ١-پرۆژەی گەشەپێدانی باشووری خۆرهەڵاتی ئەنادۆڵ (GAP)

لە٢٦ی تەمموز/ یۆلیۆی ١٩٩٢دا بەنداوی ئەتاتورك بیناکرا کە بە بەردی بناغەی پرۆژەی گەشەپێدانی باشووری خۆرهەڵاتی ئەنادۆڵ دادەنرێ، کە لەشێوە کورتکراوەکەیدایە "گاپ" (GAP) دەناسرێ.
سەرەتای کارکردن لە بەنداوی ئەتاتورك و، وێستگەی بەرهەمهێنانی کارەباکەی، بۆنەیەکی تربوو بۆ وەبیرهێنانەوەی پرۆژەی "گاپ" و، ئەو کێشەو گرژییانەی لەپەیوەندییە هەرێمیەکاندا بۆ تورکیای خوڵقاند، بەتایبەتیش لەگەڵ سوریاو عێراق دا.
بەنداوی ئەتاتورك لەئەوروپاو خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا گەورەترین بەنداوەو، بە یەکێك لەگەورە بەنداوەکانی جیهانیش دادەنرێ. یەکێکە لە١٣ پرۆژەکەی گاپ و، گەورەترین بەنداویشێتی لە٢٢ بەنداوەکانی.
پرۆژەی "گاپ" یش لەبنەڕەتدا بیرۆکەی سولەیمان دیمیریل بوو، کەپێشتر سەرۆکی حکومەت و ئێستاش سەر کۆمارە، لەبەرئەوەی لەسەرەتاشەوە پرۆژەکە بڕیاری ٧ بەنداوی دابوو، بۆیە ناونرا "بووکی حەوت گوارە". بەنداوی ئەتاتورکیش سێیەم بەنداوە لەسەر رووباری فورات لەناو تورکیادا. دوو بەنداوەکەی تر بریتین لەکیبان کەساڵی ١٩٦٦ لەلایەن سەرۆکی حکومەتی ئەوکاتە سولەیمان دیمیریلەوە بەردی بناغەی دانراو، هەروەها بەنداوی قەرەقایا کەهەر سولەیمان دیمیریل ساڵی ١٩٧٦ بەردی بناغەی دانا. لەکاتێکیشا سولەیمان دیمیریل نەخشەی بۆئەوە دەکێشا کەهەر خۆی بەردی بناغەی بەنداوی ئەتاتورك دابنێت لەساڵی ١٩٨١دا؛ بەسەرکردایەتیی کەنعان ئیفرین کودەتایەکی سەربازی لە١٢ی ئەیلول/ سێپتەمبەری ١٩٨٠دا رووی‌دا کە بووە هۆی رووخانی حکومەتەکەی دیمیریل و، کەنعان خۆی بەردی بناغەی بەنداوی ئەتاتورکی دانا.
لە رێکەوتە سەیرەکانیش ئەوەیە، ئەو کەسەی ئەم پەردەی کردەوە وەختێ لەتەمموز/یۆلیۆی ١٩٩٢دا تەواوبوو، سولەیمان دیمیریل خۆی بوو کە وەکو سەرۆکی

حکومـەت هەلبژێردرایــەوەو، لــەرێ و رەسمــی کردنــەوەی پردەکەشــدا ســەرکردەی کودەتاکەو سەرۆکی پێشووی تورکیا کەنعان ئیفرین ئامادەبوو.

پــرۆژەی "گــاپ" لــەمێژووی تورکیــادا لــەرووی خــەرجی و مــاوەو چاوەنواریی‌ـەوە بەگەورەترین پرۆژە دادەنرێ. ئەم پرۆژەیەش بریتی‌یە لەدروستکردنی کۆمەلێك پردو وێستگەی کارەبایی و کۆمـەلێك کـەنالی ئاوو ئاودێری لەوبەشـەی هــەردوو رووبــاری دیجلەو فوراتدا کەدەکەونە خاکی تورکیاوە.

ئـەو ناوچانـەی سـوود لـەم پرۆژەیـەش دەبینـن وەختـێ تـەواو دەبـێ، ناوچـەکانی باشووری خۆرهەلاتی ئەنادۆلە، کەزۆرینەکەی کوردنشینە، ئەو ناوچانەش بریتین لە دیاربەکرو سەعرت و ماردین و ئادی‌یمان و شانلی و ئۆرفەو غازی عەنتاب.

## یەکەم: ستراتیژییەکانی گەشە پێدان

پەخشنامە (نشرة)ی رەسمیی تایبەت بەپرۆژەی "گاپ" ستراتیژی‌یە سەرەکیەکانی گەشـەپێدان و ئامانجـەکانی، لەهــەموو ئاســتەکانی کشــتوکالی و پیشەســازیدا بــەم شێوەیە دیاریدەکات:

**1- ستراتیژی‌یە سەرەکیەکانی گەشەپێدان:**

أ- پــەرەدان و رێنومـایی دانـان بـۆ ســەرچاوەکانی ئــاوو خــاك، بەشـێوەیەك کــە لەخزمەتی ئاودێری و شارەکان و پیشەسازی‌دا بێت.

ب- بـەڕێوەبردنی باشـتری دامودەزگـا کشـتوکالیەکان و باشـتر وەبـەرهێنانی خــاك بەهۆی پراکتیکە کشتوکالیەکانەوەو لەرێی شێوازو رووەکە جۆراوجۆرەکانەوە.

ج- هــاندانی ئــەو پیشەســازییانەی پشــت بــەگۆڕین (التحویــل) دەبەســتن لــەرێی رووکردنە ئەو کارو بەرهەمانـەی پشـت بەسـەرچاوە خۆمالیـەکانی وەکـو دانەوێلـەو بەروبوومە کشتوکالیەکان دەبەستن.

د-پێشکەشکردنی خزمەتـە کۆمەلایەتیـەکان بـەجۆرێك کـە لەگـەل پێداویسـتیەکانی خـەلکی ناوچەکـەدا بگونجێـت، رەخسـاندنی هەلومـەرج و هــاندەریش بـۆ دنــەدانی کارمەندو ئیدارییەکان تا لەسەر ژیان و کاریان بەردەوام بن.

## ٢- ستراتیژیە کشتوکاڵیەکانی گەشەپێدان:-

*أ- لەشتە گشتییەکاندا:*

(١) رەچاوکردنی تواناکانی ئاودێری لەو شوێنانەدا کەهەلومەرجی خراپ بۆ کشتوکاڵ بەسەریاندا زاڵە.

(٢) پەرەدان بەکاری ئامێرە کشتوکاڵیەکان لەنێو پێکهاتەیەکی گونجاوداو بۆ دابینکردنی پەینەکان و دەرمانە کشتوکاڵیەکان و کەرەسەکان و پێداویستیەکانی ئاودێری.

(٣) دابەشکردنی باشی بەرووبوومە کشتوکاڵیەکان و لەکاتی خۆیدا، چ لەرووی چەندیتی و چ لەرووی چۆنیتییەوە.

(٤) چاك کردنی سیستمی موڵکداری زەوی.

(٥) پەرەدان بەهەلومەرجەکانی خۆشکردنی بازارو سیستمی نرخ بۆ پشتگیری جووتیارەکان.

*ب- لەبواری ئاودێریدا:*

(١) دیاریکردنی بەرووبوومە سەرەکیەکان و پشتیوانیکردن لێیان لەرێی رەچاوکردنی هەلومەرجە ژینگەییەکانی کشوکاڵ و فاکتەری بازار دروستکردنەوە.

(٢) هاندانی زۆری بەرهەمهێنان لەرێی رێکخستنی کرێکانی ئاودێری و جێگیرکردنی رەوتی بزاوتی بەرهەمەکان.

(٣) رێکخستنی ریزی ئەو جووتیارانەی لەبواری ئاودێریدا کاردەکەن و کۆکردنەوەیان لەدەزگای وەهادا کە بۆ شێوەکانی ئاودێری رێنماییان بکات.

*ج- لەبواری پەروەردەکردنی گیانەوەراندا:*

(١) باشکردنی جۆری مەرو ماڵات لەری کوتانی دروستکراو یان سروشتییەوە.

(٢) باشکردنی پەروەردەکردنی گیانەوەران لەرێی بەرهەمهێنانی ئالیکی بەپیت و رواندنی رووەکە ئالیکیەکان و چاککردنی لەوەرگەکانەوە.

(٣) پەرەدان بەخزمەتگوزارییە بەیتەرییەکان.

(٤) باشکردنی شوێنە گشتیەکان بە مەبەستی پەرەدان بەبەرهەمی گیانەوەران.

*د- لەبواری پەروەردەکردنی ماسیو دارو دارستاندا.*

(١) هاندانی پەروەردەکردنی ماسی لەدەریاچەی بەنداوەکاندا.

(٢) زیادکردنی شوینی تروکاندنی گـەرای ماسـیو بەرهەمـهینانی بەچکـە ماسـیو ریکخستنی کاروباری بازار دروستکردنیو، نرخدانانو پیشکەشکردنی خزمەتی پیویست بۆ پشتیوانی لەبەرهەمهینانو پەروەردەکردنی ماسیدا.

(٣) سـەرکردنە سـەر کاری رواندنـی دارو درەخـتو باخـەوانی لـەو ناوچانـەی دەوری بەنداوو ناوچە دارستاناویەکانیان داوە.

**٣- ستراتیژیە پیشەسازییەکانی گەشەپیدان:**

أ- دەسنیشانکردنی ئەو پیشەسازییانەی پشـت بـەناردن بـۆ دەرەوە دەبەسـتن و لەخزمەتگوزارییـــە نیشتمانیەکانیشـــدا بـــەکاردەهینرینو، یارمـــەتیدان بـــۆ پەرەپیدانی لەچەند قۆناغیکدا.

ب- پـەیرەویکردنی ئامرازەکـانی خسـتنەکار (التشـغیل) وبەرهەمـهینانو توانـای پـەیداکردنی قـەرزو شـیوازەکانی بەگەرخسـتنی وەبـەرهینان بـۆ پیشەسـازیيە زیندووەکـانو، هەلسـەنگاندنیان لـەرووی کرانەوەیانـەوە بـەرووی بازارەکـانی دەرەوەدا.

ج- خســتنەگەری پیشەســازییەکانی ســتراتیژی لەهــەر شــاریك لەشــارە تــازە پیگەیشتووەکاندا، پاش رەچاوکردنی تاقیکردنـەوەی بەراوردکارییانـەی شوینەکانو تایبەتمەندیتیەکانیانو پەیوەندیی هەر شاریك بەوی ترەوە.

د- باشکردنی رۆلی دەزگا گشتییە پەیوەندیدارەکان.

ه- هـاندانی وەبەرهینانـە خۆمالیـەکان لـەریی پیشکەشـکردنی قـەرزو زانیـاریو یاریدەی پزیشکیەوە.

## دووەم: ئامانجەکانی گەشەپیدان

پلانەکە ئامانجەکانی ئەو گەشەپیدانەی کە ئومید وایە پرۆژەی گاپ بەدیبهینیت؛ بەمجۆرە دیاری دەکات:

### ١- ئامانجە گشتیەکانی گەشەپیدان:

أ- بەرزکردنەوەی ئاستی دەرامەت لەناوچەی پرۆژەکەدا، لەرێی پەرەدان بەژیرخانی ئابوورییەوە، لەبەرئەوەی ئەوە دەبیتە هۆی کەمکردنەوەی جیاوازی لەنیوان ناوچەی پرۆژەکەو ناوچەکانی تری تورکیادا.

ب- بەرزکردنەوەی ئاستی کارو توانا لەناوچە دیهاتیەکاندا.

ج-کارکردن بۆ سووك کردنی قورسایی زۆربوونی دانیشتووان لەشارە گەورەکاندا، لەرێی ناردنی کریکارەوە لەویوە بۆ ناوچەی پرۆژەکە.

د- بەشداربوونی ناوچەکە لە گەشەپیدانی نیشتمانیدا، لەرێی هاندانی ناردنی بەرهەم بۆ دەرەوەو سەقامگیرکردنی کۆمەلایەتیو نەشونمای ئابووری لەناوچەکەدا بەهۆی وەبەرهینانی سەرچاوە سروشتیەکان تیایدا.

### ٢-ئامانجە کشتوکالیەکانی گەشەپیدان:

أ- بەرزکردنەوەی ئاستی دەرامەت لەناوچە دیهاتیەکاندا، لەرێی چاککردنی کشتوکال و جۆراوجۆرکردنی چالاکیەکانی جووتیاریو کشتوکال.

ب- دەستەبەرکردنی پشتیوانیی پیویست بۆ پیشەسازیی پشتبەستوو بەکشتوکال.

ج-هەولدان بۆ زیادکردنی دەرفەتی کارو کەمکردنەوەی دیاردەی کۆچ لەناوچەکەوە بۆ دەرەوەی ناوچەکە.

د-بەشداریکردن لەباشیتیی جۆری بەرهەمە نیردراوەکان.

**٣-ئامانجە پیشەسازییەکانی گەشەپیدان:-**

**أ- زیادکردنی خۆشگوزەرانیی کۆمەلگاو هاندانی هاوولاتیان بۆ رووکردنە ئەو ناوچەیە، بەمەبەستی ئەنجامدانی رۆلیکی کاریگەر لە گەشەی ئابووریدا لەلایەکەوەو، هەولدان بۆ پیشخستنی لەرووی فیرکردنەوەو زیادکردنی دەرفەتی فیربوونی قوتابخانەیی و پیشەیی لەلایەکی ترەوە.**

**ب- بەشداریکردن لەنەهیشتنی جیاوازیو خراپ دابەشکردنی داهاتدا لەناوچەکەدا، ئەمەش لەرێی فراوانکردنی روبەری کاری لیزانانەو بەرهەمهینەرانەوە.**

**ج-بەشداریکردن لەبەدیهینانی ئامانجە نیشتمانییە نەخشە بۆ کیشراوەکان بۆ هاندانی ناردنی بەرهەم بۆ دەرەوەو زۆرکردنی یەدەکی بیانی و داهاتو دەرامەت.**

**ئەم ئامانجانەی پرۆژەی "گاپ" فراوانیی تۆری بەنداوو تونیل و ویستگە کارەباییەکانی پیشان دەدات. هەروەها بەپێی پلانە رەسمیەکە پرۆژەکە ٢١ بەنداوو ١٧ ویستگەی کەهرۆمائی دەگریتەوە لەسەر رووباری دیجلەو فورات، لەسەرەتای سالی ١٩٨١ەوە دەستی پێکردووەو وا چاوەروان دەکرێ سەرەتای سالی ٢٠٠٥ تەواوبیت.**

## سێیەم: پرۆژەکانی "گاپ"

**ئەو سیانزدە پرۆژەیەی دەچنە چوارچیوەی "گاپ" ەوە ئەمانەن[٢]:**

**١-<u>بەنداوی ئەتاتورک:</u> ئەلقەی سەنتەرییە لە پرۆژەی گاپ داو گرنگترین و قەبەترین دامەزراویتی. لەسالی ١٩٨١دا بەردی بناغەی دانراو لە٢٤ی تەمموز/ یۆلیۆی ١٩٩٢دا لەگەل ویستگە کەهرۆمائیەکەیدا کرایەوە. بۆ ئاهەنگی کردنەوەکەی لە٢٩ دەولەتەوە بەرپرسان بەشداربوون، لەوانە سوریاو کوەیتو بەحرەین و ئوردون و عومان، جگە لەسەد دیپلۆماتو هەموو لایەنەکانی چینی سیاسی فەرمانرەواو ئۆپۆزسیۆن لەتورکیادا[٣].**

---

[٢] ه.س.پ

[٣] سەبارەت وردودرشتی ئاهەنگی کردنەوەکە، بڕوانە: رۆژنامەی "تورکیا" ١٩٩٢/٦/٢٥.

بەنداوی ئەتاتورك دەكەویتە سەر رووباری فورات، بەدووریی ٢٤كم لەشاری بۆزۆفاو ٦٢كم لەشاری شانلی ئۆرفەوە. بەسێیەمین بەنداوی جیهان لەقەلەم دەدرێ لەرووی قەوارەی بنكەكەیەوە كە ٨٤,٥ ملیۆن م$^{3}$ یە.

پاش بەنداوی تاربیلا لەپاكستان (١٤٩,٩٦١ملیۆن م$^{3}$) و بەنداوی بیك لە ئەمریكا (٩٢ملیۆن م$^{3}$) . هەروەها بەنداوی ئەتاتورك لەرووی بەرزییەوە (١٩٠م)[٤] هەشتەمین بەنداوەو، لەرووی قەوارەی ئاوەوە لەدەریاچەكەیدا پانزدەیەمین بەنداوەو، لەرووی بەرهەمهینانی وزەی كارەباییشەوە هەژدەیەمین بەنداوە.

تا كۆتایی سالی ١٩٩١ خەرجیەكانی ئەم بەنداوە گەیشتۆتە ١١ تریلیۆن و سێسەد ملیار لیرەی توركی[٥]و، چەند تریلیۆنیكی تریشی تێدەچیت تا بەشە جۆراو جۆرەكانی تەواو دەبیت.

كردنەوەی ئەم بەنداوە سالیك دواكەوت. هەروەها دەستكردن بەبەرهەمهینانی وزەی كارەباییش تیایدا دواكەوت؛ چونكە ئاوی دەریاچەكەی نەگەیشتبووە ئاستی پیویست بۆ پرۆسەی بەرهەمهینانەكە.

ژمارەی ئەو كریكارانەی لەسالی ١٩٨٨دا لەدروستكردنی بەنداوەكەدا كاریان كردووە ٧٥٣١ كریكار بووە. لەگەڵ بەرەو تەواوبوونیشیدا ئەم ژمارەیە بووە بە ٢٠٦٣ كریكار. لەكاتی بیناكردنیدا ٤٨ كریكار گیانیان لە دەست داوە، ٢٣یان لەكاتی توونیل لیداندا، ئەمە بەگویرەی ئەو ژمارانەی بەریوەبەری پرۆژەی خەرجیی شانلی ئۆرفە "ئۆنیریلماز" رایگەیاندوون.

ویستگەی كەهرۆمائیی بەنداوەكە ٢٤٠٠ میگا وات بەرهەمدینێ، واتە سێیەكی ئەو وزەیەی كەچاوەروانكراوە پرۆژەی "گاپ" بەرهەمی بینیت. ژمارەی دایناموٚ تۆربینییەكانی ویستگەكە ٨ دانەیە؛ كەهەریەكیكیان ٣٠٠ میگاوات دەدات. وزەی بەرهەمهینانی كارەبای بەنداوەكەش سالانە ٨,٩ ملیار كیلۆوات دەبیت. بەلام ئەو

---

[٤] بروانە "لۆزەندەرەكەی توركیا" ، لیكۆلینەوەیەكە لە نووسینی ئیحسان دۆرت قاردیش لە رۆژنامەی "حوریەت" ١٩٩٢/٧/٢٥ ، ئەمەش ژمارەیەكە جیاوازە لەو ژمارەیەی لەپلانە رەسمیەكەدا هاتووە كە١٧٦م.

[٥] ه.س.پ

دوو یەکەیەی بەو دواییە دروستکراون سالی ٢.٢ ملیار کیلۆوات بەرهەمدینن. وەختێ هەموو وزەی بەنداوەکە کەوتە کار ریژەی ١,٢٨ لەکۆی وزەی تورکیا پیکدینن.

لەدەریاچەی بەنداوی ئەتاتورکەوە ئاو بەتونیلەکانی شانلی ئورفەدا دەروات؛کە دوو تونیلن، گەورەترین دوو تونیلی ئاوی جیهانیش، دریژەی هەر یەکیکیان ٢٦,٤کم، چیوەی ناوەوەیان ٧,٦٢مەترە. توانای تەوژمی ئاویش پیایاندا یەکسان دەبێ بەتوانای تەوژمی رووباری قیزیل ئیرماك، کەهەمووی دەکەویتە تورکیاوەو دەچیتە دەریای رەشەوە لەنیوان هەردوو شاری سینۆب و سەمسونەوە، بەدریژایی ١٣٥٥کم و، کۆمەلیك بەنداوی لەسەرە.

ریژەی رۆیشتنی ئاو لە هەردوو تونیلەکەدا ٣٢٨م$^3$ یە لەسەعاتیکدا. ئاوی یەکیك لەم دوو تونیلە دەشتەکانی حەران ئاو دەدات و ئەوی تریشیان دەشتەکانی شانلی ئورفە، ئەم زەوییانەش گەلێ بەپیت و فەرن و ناسراون بەبەرزاییەکانی ولاتی نیوان دوو رووبارەکە. تونیلەکانی شانلی ئورفە ٤٧٦٣٧٤ هیکتار زەوی ئاو دەدەن، تیایاندا ٣٢٧٧٢٥ هیکتار بەسوود وەرگرتن لەهیزی راکیشانی زەوی ئاودەدرین و، ١٤٨٧٤٩هیکتاریشی لەرێی ترومپاوە.

بەلام بەشەکانی تری پرۆژەی یەکەم کەبریتین لەبەنداوی ئەتاتورك و ویستگە کەهرۆمائیەکەی سیستمی تونیلەکانی شانلی ئورفە ئەم پرۆژانە دەگریتە خۆ:

ویستگەی کەهرۆمائیی شانلی ئورفە بەهیزی ٥میگاوات و بەوزەی کارەبایی ١٢٤ملیۆن کیلۆوات سەعات لەسالیکدا.

- پرۆژەی شانلی ئورفە حەران، کە ١٤٧٨٦٦هیکتار زەوی ئاو دەدات.
- پرۆژەی سیفیرك حەلوان، کە ١٦٠١٠٥ هیکتار ئاودەدات.
- پرۆژەی ماردین جیلان بینار، کە ٣٢٨٦٠٨ هیکتار ئاودەدات.
- پرۆژەی بوزوڤا کە ٥٥٣٠٠ هیکتار زەوی ئاودەدات.

**٢-پرۆژەی قەرەقایا:**

ویستگەیەکە سەر بە بەنداوی قەرەقایایە لەسەر رووباری "فورات" لەقەزای "جوغوش" و هیزی ویستگەکە ١٨٠٠ میگاوات و ٧ملیار و ٣٥٤ ملیۆن کیلۆوات

سەعاتێك لەساڵێکدا وزەی کارەبا بەرهەمدێنێت. بەڵام ئەم بەنداوە بەرزی‌یەکەی ۱۷۳ مەترەو، دەریاچەکەی ۹٫۵ملیار م$^3$ ئاو دەگرێت‌و بۆ بیناکردنی هەیکەلی بەنداوەکە ۲ملیۆن م$^3$ کۆنکرێت بەکارهاتووە.

**<u>۳-پرۆژەی فوراتی سنوور:</u>**

ئەم پرۆژەیە بریتی‌یە لەبەنداوی بیریجیك‌و وێستگە کەهرۆمائیەکەی کە بەهێزی ٦٧٢ میگاوات کاردەکات‌و، وزەی کارەبایی ۲ملیارو ٥١٨ ملیۆن کیلۆوات سەعاتێك لەساڵێکدا بەرهەمدێنێت.

هەروەها بەنداوی قەرەقامیش‌و وێستگە کەهرۆمائیەکەی کە بەهێزی ۱۸۰میگاوات کاردەکات‌و، بڕی ٦٥٢ ملیۆن کیلۆوات سەعاتێك وزەی کارەبایی لەساڵێکدا بەرهەمدێنێت.

**<u>٤-پرۆژەی سروج بازایکی:</u>**

بڕی ۱٤٦٥۰۰ هیکتار زەوی ئاو دەدات‌و ئەبێ لەساڵی ۱۹۹۹دا تەواوبێت (واتە ئەبێ ئێستا تەواو بووبێت و-)

**<u>٥-پرۆژەی ئەدی یامان کاهتا:</u>**

بریتی‌یە لە ٥ وێستگەی کارەبایی‌و ٤ بەنداو و کۆمەڵێك ترومپاو، بەهێزی ۱۹٦میگاوات کاردەکات. بڕی ٥۰۹ ملیۆن کیلۆوات سەعاتێك وزەی کارەبا لەساڵێکدا بەرهەمدێنێت‌و، ۷۷٤۰۹هیکتار زەوی ئاودەدات.

**<u>٦-پرۆژەی ئەدی‌یامان غوکسۆ- ئەرابان:</u>**

ئەم پرۆژەیە ۷۱٥۹۸ هیکتار زەوی ئاودەدات‌و ئەبێ ساڵی ۱۹۹٦ تەواوبووبێت.

**<u>۷-پرۆژەی غازی عەنتاب:</u>**

بریتی‌یە لە۳بەنداوو چەند ترومپایەك و ۸۹ هەزار هیکتار زەوی ئاو دەدات.

**<u>۸-پرۆژەی دیجلە کەراڵ قیزی:</u>**

بریتی‌یە لە:

-بەنداوی کەرال قیزی لەسەر رووباری دیجلە، وێستگە کەهرۆمائیەکەی بەهێزی ۹۰میگاوات کاردەکات‌و بڕی ۱٤٦ ملیۆن کیلۆوات سەعاتێك وزەی کارەبایی لەساڵێکدا بەرهەمدێنێت.

-بەنداوی دیجلەو، وێستگە کەهرۆمائیەکەی بەهێزی ١١٠ میگاوات کەبڕی ٢٩٨ ملیۆن کیلۆوات سەعاتێك وزەی کارەبا لەساڵێکدا بەرهەمدێنێت. ئەم پرۆژەیە رووبەری ١٢٦٠٨٠هیکتار زەوی ئاو دەدات.

**٩-پرۆژەی باتمان:**

ئەم پرۆژەیە ٣٧٧٤٤ هیکتار زەوی ئاو دەدات، وێستگەکەشی بەهێزی ١٨٥ میگاوات کاردەکات و بڕی ٤٨٣ ملیۆن کیلۆوات لەساڵێکدا وزەی کارەبا بەرهەمدێنێت.

**١٠-پرۆژەی باتمان سیلوان:**

رووبەری ٢١٣٠٠هیکتار زەویی کشتوکاڵی ئاو دەدات. وێستگە کەهرۆمائیەکەشی بەهێزی ٣٠٠ میگاوات کاردەکات و بڕی ملیارو ٥٠٠ ملیۆن کیلۆوات لەساڵێکدا وزەی کارەبایی بەرهەمدێنێت.

**١١-پرۆژەی غەرزان:**

رووبەری شەست هەزار هیکتار زەوی ئاودەدات، وێستگە کەهرۆمائیەکەشی بەهێزی ٩٠میگاوات کاردەکات و بڕی ٣١٥ ملیۆن کیلۆوات سەعاتێك لەساڵێکدا وزەی کارەبایی بەرهەمدێنێت.

**١٢-پرۆژەی ئیلیسۆ:**

وێستگە کەهرۆمائیەکەی بەهێزی ملیارێك و دووسەد ملیۆن میگاوات کاردەکات و، وزەیەکی کارەبایی بەبڕی ٣ملیارو ٨٣٠ ملیۆن کیلۆوات - سەعاتێك، لەساڵێکدا بەرهەمدێنێت.

**١٣-پرۆژەی جەزرە:**

بەنداوێك و وێستگەیەکی کەهرۆمائی دەگرێتەخۆ کەبەهێزی ٢٤٠میگاوات کاردەکات و ملیارێك و ١٠٨ملیۆن کیلۆوات سەعاتێك، لەساڵێکدا وزەی کارەبایی بەرهەمدێنێت. هەرچۆن ئەم پرۆژەیە ئاودانی دەشتی سیلوپی دەگرێتەوە، کە رووبەری زەوییە ئاودراوەکانی ٣٢ هەزار هیکتارە، ئەمە جگە لەئاودانی ٨٩ هەزار هیکتار زەوی لەنیوان نەسیبین و جەزرەو ئیدیل دا.

## پرۆژەی باشووری خۆرهەڵاتی ئەنادۆڵ

| | | | |
|---|---|---|---|
| کۆ بەرهەمی هەریمی( | ١٩٨٥ | ٢٠٠٥ | ریژەی گەشەسەندن٪ |
| بەملیار لیرەی تورکی) | ٨٤٤٢ | ٣٧٥٦٢ | ٧,٧ |
| کشتوکاڵ | ٣٢٣٩ | ٨٦٧٢ | ٤,٩ |
| پیشەسازی | ١٣٢٤ | ٨٩٢٨ | ١٠,٠ |
| بینا | ٦٢٨ | ٢٢٤٦ | ٦,٦ |
| خزمەتگوزاری | ٣١٥٠ | ١٧٧١٦ | ٩,٠ |
| ژمارەی دانیشتووان | ٤٣٠٤٠٠٠ | ٩٢٨٤٠٠٠ | ٣,٩ |
| دانیشتووانی شارەکان | ٣١٤٨ | ٦٢٩٩ | ٥,٥ |
| دانیشتووانی دێیەکان | ٢١٥٦ | ٢٩٨٦ | ١,٦ |
| کریکاری | ١٥٢٨٠٠٠ | ٣٣٢٤٠٠٠ | ٤,٠ |

| تایبەتمەندیتی‌یە هونەریەکانی بەنداوی ئەتاتورك | |
|---|---|
| قەوارەی بەنداو | ١×١٠$^{٣}$م$^{٣}$ |
| ریژەی ئاوی رۆیشتوو (ساڵانە) | ٢×١٠$^{٦}$م$^{٣}$ |
| رادەی نزمی عەمبارکردن | ×١٠$^{٦}$م$^{٣}$ |
| قەوارەی عەمبارکردن کەبۆ بەکارهینان دەشێ | ×١٠$^{٦}$م$^{٣}$ |
| قەوارەی عەمبارکردنی گشتی | ×١٠$^{٦}$م$^{٣}$ |
| رووبەری دەریاچەکە | ٨کم$^{٢}$ |
| رووبەری حەوزی سەرفکردن | ٩٢کم$^{٢}$ |
| بەرزیی لەبناغەوە | ١٦٢م |
| بەرزیی لە ئاوەرۆی رووبارەکەوە | ١٦٦م |
| دریژیی لووتکەکە | ١٦٦م |
| بەرهەمی کاری هەر داینامۆیەك | ١٥,٧٥٠ڤۆلت |
| لەرینەوە | ٥٠ هیرتز |

| | |
|---|---|
| خیرایی<br>ژمارەی ئەدیپتەرەکان | ١٥٠ خـــــــول/<br>لەدەقیقەیەکدا<br>٢٤ |

| تایبەتمەندیتی‌یە هونەریەکانی ویستگە کارەباییەکەی ئەتاتورك | |
|---|---|
| پانی | ٤٩م |
| بەرزی | ٥٥م |
| درێژی | ٢٥٧م |
| قەوارە | ٢٤٠,٠٠٠م$^{٣}$ |
| ژمارەی دایناموٚ توٚربینیەکان | ٨ |
| وزەی هەر داینامۆیەك | ٣٠٠میگاوات |
| وزەی گشتیی ویستگەکە | ٢٤٠٠میگاوات |
| وزەی بەرهەمهێنانی کارەبا | ٨,٩×١٠$^{٩}$ |
| پانی لووتکەکە | کیلۆوات/سەعاتیك/ ساڵانە |
| بەرزیی لووتکەکە (لەرووی دەریاوە) | ١٥م |
| بەرزیی ئاوەڕۆی رووبارەکە (لەرووی دەریاوە) | ٥٤٩م |
| رادەی نزمی بەرزیی ئاوەکە (لەرووی دەریاوە) | ٣٣٢م |
| رادەی باڵای بەرزیی ئاوەکە (لەرووی دەریاوە) | ٥٢٦م |
| وزەی هەر ئەدیپتەریك | ٥٤٢م |
| گرژیی هاتنە ناوەوە – گرژیی دروستبوو | ١٠٥,٠٠٠کیلۆڤۆلت |
| | ١٥,٧٥٠ ٣٨٠,٠٠٠ |
| | ڤۆلت |

گەشەپیدانی پیشەسازی: پیشەسازیی چاوەروانکراو

ئەوانەی لەگەنم دروست دەکرین: ئارد، ماکەرۆنی

لۆکە: هەللاجی، هۆنین، چنین، جلوبەرگ

رۆنی خۆراکی: رۆنی کاڵ، رۆنی پالیوراو، ئالیك

بەرهەمهاتووی مەرو ماڵات: گروون، پیستە خۆشکردن، لە قوتووکردن، چەرم، شیر

**شوناس لە چەند هەلبژاردنیکیدا**

**کەرەسەی بیناکردن: بەرد، قیرو خشت، بۆری**

**پیشەسازیتر: چاپو بلاوکردنەوە**

| گرنگترین بەرهەمە کشتوکالیەکان (١٠٠٠تەن) | | |
|---|---|---|
| بەرهەم | ١٩٨٦ | ٢٠٠٥ |
| گەنم | ١٨٨٢ | ٣٢٧٠,٢ |
| جۆ | ١٠٧١,٨ | ١٦٢٤,٦ |
| لۆکە | ١٧٧,١ | ٤٧٧,٨ |
| سەوزە | ١١١٩,١ | ٢٢٠٥,٩ |
| گولەبەرۆژە | ٦ | ٩١,٦ |
| پاقلەی سۆیا | – | ١٥٨ |
| کونجی | ١٨,٧ | ٧٠,٣ |
| گۆشت | ٧٨,٥ | ١٦٣,١ |
| شیر | ٤٠٩,٤ | ١٧١٨,٣ |

# X

## چوارەم: لایەنە پۆزەتیڤیەکانی پرۆژەی "گاپ"

سولەیمان دیمیریل ئەو هیوایانەی تورکەکان بەتەواوکردنی پرۆژەی "گاپ" هەیانە بەمجۆرە گوزاشت لیدەکات:

"پرۆژەی گاپ" سیمبولی شەری کراوەیە لەگەڵ بیکاری و هەژاری و نەداریدا"[٦].
تورگۆت ئۆزالیش لەوە زیاتر رۆییوەو، کۆمەلیك دەلالەتی میژوویی بەپرۆژەکە داوە وەختێ لە٢٤ی تەمموز/یۆلیۆی ١٩٩٢ داو لەکاتی کردنەوەی بەنداوی ئەتاتورکدا وتویەتی: "ئەم دەسکەوتە سیمبولی رووبەرووبوونەوەمانە لەگەڵ ئەو میژووەدا کە شکستی ئیمەی لەئاست خۆرئاوادا بەخۆوە بینیوە، هەر لەو کاتەوە لەبەردەم ڤیەننادا پاشەکشەمان کرد تا ئیستا". ئۆزال هەموو تورکیا دەخاتە پاشەرۆژەوە وەختێ دەلیت: "بەئیزنی خوا، سەدەی بیست و یەك سەدەی تورکیا دەبیت"[٧].

پرۆژەی "گاپ" کە دیمیریل لەبارەیەوە وتویەتی کەژو کیوان نابرێ؛ بەلکو چاخ دەبرێ، یەکەمین پرۆژەی گەشەپیدانی هەریمییە لەتورکیاداو، یەکیکە لەگرنگترین پرۆژە هەریمییە گۆرینکارەکان لەجیهاندا، چ لە رووی کشتوکالی و چ لەرووی پیشەسازی و وزەو چ لەرووی گۆرینە کۆمەلایەتی و سیاسیەکانەوە.

ئەو ئەنجامانەی وا چاوەروان دەکرێ لەپرۆژەی گاپ بکەونەوە ئەمانەن:

—دوو ئەوەندە کردنی داهاتی تاکە کەس.

—بەرپاکردنی شۆرشیکی کشتوکالی بە زیادکردنی بەرهەمهینانی لۆکە بەسێ ئەوەندەو گەنم بەدوو ئەوەندەو، زیادکردنی تەواوی بەروبوومە کشتوکالیەکانی دی.

—کردنی باشووری خۆرهەلاتی ئەنادۆل بەمەلبەندیك بۆ ناردنە دەرەوەی بەرهەمی کشتوکالی لەخۆرهەلاتی ناوەراستدا.

—بەستنەوەی هەریمەکە بەدەریای رەشەوە لەرێی تۆریك رێوبانی وشکانی فراوانەوە.

—هاندانی خاوەن سەرمایەکان بۆ سەرمایە گوزاری لەهەریمەکەدا.

—هینانە ئاراوەی ژیرخانی تەندروستی و پەروەردەیی و نیشتەجێیی و گەشتوگوزاری و کانزایی.

---

[٦] "حوریەت" ١٩٩٢/٧/٢٧.

[٧] "تورکیا" ١٩٩٢/٧/٢٥.

هەروەها وا بڕیارە "گاپ" کۆمەلیك دەرفەتی کار (٥ملیۆن دەرفەتی کار) بۆ لاوە بیکارەکان دابین بکات و، کیشەی بیکاری سووك بکات و، دەستەبەری خۆشگوزەرانی بیت بۆ هەریمەکە، بەرادەیەك کەئاستی نەشونمای بگاتە ئاستی نەشونمای کەرتی خۆرئاوای تورکیا، کەئەمەش دەبیتە هۆی بەرگرتن لەگەورەبوونی کیشەیەکی دی کەئەویش کۆچە لەدیهاتەوە بۆ شار لەسەریکەوەو، لە بەشی خۆرهەلاتی باشووریشەوە بۆ بەشی خۆرئاوای تورکیا لەسەریکی ترەوە.

گەرچی قسەکردن لەسەر گۆڕانی کۆمەلایەتیش زووە، بەلام خەریکە سەرەتاکانی ئەو گۆڕانە لەنەرمیی پەیوەندیی نیوان هۆزەکان و ناکۆکی لەسەر سەرچاوەی ئاوو زەوی‌وزار دا دەردەکەویت.

هەروەها پڕۆژەی "گاپ" دەبیتە مایەی تیکشکانی ئەو بونیادە فیودالە بالا دەستەی لەئارادایەو، بووژانەوەی چاوەڕوانکراوی پیشەسازی کۆمەلیك گۆڕان لەکارو بەرهەمهینان و بالادەستیی سەرمایەدا دەهینیتە پیشەوە.

دەشی ئەو ژمارانەی ئیستا وینەیەکی باشترمان بدەنی بۆ ئەو گۆڕانکاری‌یە کۆمەلایەتی و ئابوورییانەی کەچاوەڕوان دەکری پڕۆژەی "گاپ" بەدییانبهینیت. بەراوردیکی نیوان واقیعی شاری ئەستەمبولی خۆشگوزەران و پیشکەوتوو و نیوان شاری شیرناك کەنموونەی دواکەوتوویە لەباشووری خۆرهەلاتی ئەنادۆلدا (شارو لادیکانی تری هەریمەکە باریان لەو باشتر نی‌یە) ئەم دیمەنەی خوارەوەمان پیشان دەدات:

–لە شیرناك هەر دەهەزار کەس ٣ئۆتۆمۆبیلیان بەردەکەوی لەکۆی ئەو ئۆتۆمۆبیلانەی لەوی هەیە، بەلام لەئەستەمبول ٧٨٥ ئۆتۆمۆبیلیان بەردەکەویت.

–هەرکەسیك لەشیرناك ٥٣ کیلۆوات – سەعاتیك لەسالیکدا کارەبا سەرف دەکات، بەلام لەئەستەمبول ٢٧٨کیلۆوات.

–کۆی سپاردەکان (الودائع) لەبانکەکاندا ٧٩هەزار لیرەی تورکی (١١دۆلار)ە بۆ تاقە کەسیك لە شیرناك، بەرامبەر ٤٦٥٥٠٠٠ لیرەی تورکی (نزیکەی ٦٦٦دۆلار) بۆ تاقە کەسیك لەئەستەمبول.

–هەر دەهەزار کەس لەشیرناك لەکۆی رۆژنامە فرۆشراوەکان ١٣٤ رۆژنامەیان بەردەکەوی بەرامبەر بە ١٦٤٢ رۆژنامە لەئەستەمبول.

–ژمارەی بەشداربووانی تەلەفۆن لەشیرناك ١٣٢ تەلەفۆنە بۆ هەر دە هەزار كەس بەرامبەر ٢٣٢٧ تەلەفۆن بۆ دە هەزار كەس لەئەستەموول.

ئامانجی "گاپ" سرینەوەی ئەو وێنە خەمناكەیە كە لەباشووری خۆرهەلاتدا هەموو بوارەكانی ژیانی گرتۆتەوە. وەزیری نیشتەجێكردن و ئاوەدانكردنەوە ئونور قومبارجی دەلێت نابێ هەر لەرووی دەسكەوتی مالیەوە بروانینە "گاپ"، بەلكو وەكو پرۆژەیەك بەرەو كاملكردنی توركیاو، كۆمەلێك لایەنی سیاسیشی هەیە. لەوانە ئومێدی نەهێشتن و رێكخستنی گرژیی دانیشتووان نەك هەر لەنێوان چینەكاندا، بەلكو لەنێوان هەردوو عیراقی تورك و كوردیشدا. ئۆزال خۆیشی ئاماژەی بۆ ئەوە كرد وەختێ وتی بەنداوی ئەتاتورك سیمبولی یەكێتیی توركیاو یەكریزیی رۆلەكانیتی[٨]، وەختێ رۆژنامەوان وەجیهی ئونال دەسكەوتەكانی "گاپ"ی ژمارد ئاماژەی بەوەدا كە گاپ دەبێتە هۆی لاوازبوون و بەلكو سرینەوەی "تیرۆری جوداخوازانە" كە گرنگترین كێشەیە رووبەرووی توركیا بووبێتەوە، وەكو ئەو دەلێت[٩]. هەموو حیزبە سیاسیەكانی توركیاش لەسەر ئەوە كۆكن كە "گاپ" دەبێتە مایەی خولقاندنی رەنگدانەوەی پۆزەتیڤی بۆ كەمكردنەوەی رادەی گرژیی ئیتنی لەناو توركیادا.

## پێنجەم: لایەنە نەگەتیڤیەكانی "گاپ"

پرۆژەی "گاپ" كەئامانجی گۆرینی توركیایە بۆ "كالیفۆرنیایەكی نوێ" و گێرانەوەی رۆژانی دێرینی ولاتی نێوان دوو رووبارەكە[١٠]، لەوانەیە دوچاری گێروگرفت و كێشەی وەها ببێت كەنەك تەنها ناوخۆی توركیا بەلكو هاوسێكانی توركیاش بگرێتەوە.

ئەو پەندە توركیەی دەلێت "مۆم بەشی خوارەوەی خۆی رووناك ناكاتەوە" دەقاودەق بەسەر پرۆژەی "گاپ"دا دەچەسپێ. ئەو رایەی دەلێت ژێر خانێك كە

---

[٨] "حوریەت" ١٩٩٢/٧/٢٥.

[٩] "توركیا" ١٩٩٢/٧/٢٦.

[١٠] ه.س.پ.

لەتوانایدا بیت سوود لەپرۆژەی "گاپ" ببینیت هیشتا تەواو نەبووەو نائامادەیە، جێی ڕەتکردنەوەی خەلکانیکە هەر لەسەرۆکی حکومەتەوە کەبەنداوی ئەتا تورکی بەجگەرە شوبهاندبوو: "جگەرەکەتان داو شقارتەکەتان نەدا، گەر شقارتە نەبێ جگەرە هیچ سوودیکی نییە"(11) لیرەشدا شقارتەکە بریتییە لە ژیرخانی پیکهاتوو لەتۆری کەنالەکان و پەیمانگاکانی مەشقی پیشەیی و ئامادەکردنی ئەندازیاران و تەکنیکاران. هەربۆیە دیمیریل نیگەرانی خۆی پیشان دا لەدواخستنی سوود وەرگرتن لەپرۆژەکەو داوایکرد لەکارەکەدا پەلە بکری و سەرلەنوێ هیزو توانای بۆ کۆبکریتەوە.

لەگەڵ بەرەو پیشەوە چوونی پرۆژەی "گاپ" دا، مەسەلە کردەییەکان دەست بەدەرکەوتن دەکەن. سەرباری ئەو لیکۆلینەوانەی دەزگا پەیوەندیدارەکان بەپەروەردەکردن و هاتوچۆو کۆچ بۆ شارو نیشتەجیکردن و کەنالەکانی ئاودیری و ئاوی خواردنەوەو پیشەسازی ئەنجامی دەدەن؛ لەبەرنامەی "گاپ" دا رەچاوکراون، بەلام ئەو زانیارییانەی لەبەردەستدان و بەریوەبەرانی پرۆژەکە پەردەی لەروو رادەمالن مایەی نیگەرانین، چونکە لەناو خەلکی ناوچەکەدا کەسانی رۆشنبیرو خاوەن ئەزموون و زانیاری نین و، شارەوانیەکان خەلکی پسپۆر شك نابەن، نە لەشارو نە لەلادێ، هەروەها ژیرخانەکانیش لەئارادا نین. هەروەها روونیش نییە، وەختێ بەرهەم زۆربوو، بۆ کوێ دەبرێ. سەبارەت ئەمانەش یەکیك لەبەرپرسانی "گاپ" دەلیت "زەمەن دژی ئیمەیە، پیویستە زەمەن رابگرین و بۆ بەرژەوەندیی خۆمان بیخەینەگەر"(12).

تۆژەرەوەی ئەمریکایی دەیڤید جۆدسۆن دەلیت، لەباشووری خۆرهەلاتی ئەنادۆڵ چاوت بەهەموو کیشەیەکی کۆمەلایەتی دەکەویت؛ کورد، عەرەب، بیکاری، ترس لەتیرۆر، کۆچ بۆ شار، زۆربوونی دانیشتووان، "مەکۆیەکی کیشەیە بەمانای وشە"(13). جگە لەم کیشانە؛ تۆژەرەوە باس لەراستییەك دەکات کەیەکیك لەو کیشانە

---

(11) "حوریەت" ١٩٩٢/٧/٢٧.

(12) "حوریەت" ١٩٩٢/٧/٢٥.

(13) رۆژنامەی "گون آیدن" ١٩٩١/٢/٢٦.

پیکدینیت کەرووبەرووی پرۆژەی "گاپ" دەبیتەوە، ئەویش کیشەی ئەقلیەتی دواکەوتووی دانیشتووانە لەمامەلەکردنیاندا لەگەڵ مەسەلەیەکی زانستی ی "سادە" دا. ئیدی چۆن دەکریٚ رووبەرووی کیشەی زانستی ی نویٚ ببنەوە کەپیویستی ی بەئەزموونو ئامادەگی و ئەقلیەتیك هەیە کەدەبیٚ بەنەوە حیسابی بۆ بکریٚ نەك بەسالانی مەشق؟ جۆدسۆن باس لەوە دەکات کەپاریزگاری ئۆرفە زیائەدین ئەقبۆلۆت موختارەکانی سەدو پەنجا دیٚی کۆکردۆتەوەو، پزیشکیکی بەیتەری باسی زیادکردنی زاووزیٚی ئاژەلی بۆ کردوون: "پرۆژەی گاپ بری ئالیك لەزەوی وزارە ئاودراوەکاندا دەکات بەدوو ئەوەندە، ئەوەش دەبیتە مایەی بەرەو پیشبردنی پەروەردەی گیانەوەران. بۆ پەرەدان بەپەروەردەی گیانەوەرانیش پیویستە پەنابەرینە بەر کوتانی دەسکرد. بەلام خەلکانیك ئەوە بە شتیکی نەگونجاو دەزانن لەگەڵ بیروباوەری ئایینی و دابونەریتیاندا. دەبیٚ مەسەلەکە بەشیوەیەکی هاوچەرخانە چارەسەری بۆ بدۆزینەوە. دەبیٚ خۆمان لەو هەلویستانە رزگاربکەین کەلەداب و نەریتەوە سەرچاوە دەگرن.

ئەرکیکی گەورەی سەرشانی ئافرەتانیشمانە کە ئەم پرۆژەیە بەرەو پیش بەرن. دەبیٚ سەرەتا بەوە قانعیان بکەین. لەبەرئەوەی پیاوان خەریکی کاری ترن، هەردەبیٚ ئەوان ئەو کارە ئەنجامبدەن. جا لەبەرئەمەو، بەمەبەستی بەرەو پیشبردنی پرۆژەکە؛ دەبیٚ مەشق بەئافرەتانمان بکەین تا لەسەر کوتانی دەسکرد "بۆ گیانەوەران" رابین"[١٤].

پاش کۆبوونەوەکە تۆژەرەوە ئەمریکاییەکە بۆ کۆمەلیك موختار قسەی کرد کەپییان وتبوو: هەلەیە گەر وابزانن دەتوانن لەریٚی کوتانی دەسکردەوە گا بکەن بەمانگا.

هەروەها یەکیك لەموختاری دیکان کەئەندازیارە سەبارەت هەندیٚ لایەنی نیگەتیڤیانەی پرۆژەی "گاپ" دواوەو وتویەتی کە بەکارهینانی پەیینە کیمیاییەکان، تا ماوەی ٥ساڵ ئەنجامی باشی لیٚدەکەویتەوە، بەلام لەسالی شەشەمدا زەویەکە هیچ بەرهەمیك بەدەستەوە نادات. هەروەها ئاماژە بۆ نەزانینی چۆنیتی ی بەکارهینانی پەیینی کیمیایی دەکات.

---

[١٤] هـ.س.پ.

لە کاتیکا یەکیك لەخاوەن زەویوزارەکان، کەئەویش موختاری دێیەکە دەلیت؛ ئەوەی لە هەموو شتیکی دی گرنگترە چاککردنی زەویوزارەکان "الاصلاح الزراعي" ە، چونکە ئەو یاسایەی لەسالی ١٩٧٦دا دەرچووە بە یاسایەکی دی پووچەلکراوەتەوە کە لە١٩٨٤دا دەرچووەو، خاوەنی زەویوزارەکان مولکەکانیان لەدەست داوە. دەشلیت: "پرۆژەی گاپ پرۆژەیەکی باشەو دەبیتە مایەی خۆشگوزەرانی بۆ ناوچەکە، بەلام ئیمە زەویوزار شك نابەینو دەبێ ببین بەکریکار لای ئەو دەولەمەندانەی کە لەئەنقەرەو ئەستەموولەوە دین". سەرۆکی پیشووی حکومەتیش بولند ئەجەوید هەمان تیروانینی هەیەو دەلیت "گاپ" بەپیچەوانەی راوبۆچوونی باوەوە، بونیادە دەرەبەگایەتیەکە لەنیو نابات، بەلکو جیاوازییەکە لەنیوان دەولەمەندانو هەژاراندا زیاتر دەکات؛ چونکە پرۆژە گەورەکانی ئاودیری پیویستی بەسەرمایەی گەورە هەیە، ئەمەش دەبیتە هۆی سەرهەلدانی چینیکی پاوانخوازتر لەخاوەن زەویوزارەکان.

مەسەلەیەکی تریش، کەدەشێ جێی پرسیاری زۆربیت، ئەویش ئەو واتە واتەیە کەدەلین عەرەبەکان لەباشووری خۆرهەلاتی ئەنادۆلدا زەویوزاریان کریوە. بەلام پاریزگاری ئەوێ زیائەدین ئەقبۆلوت ئەو پروپاگەندەیە رەتدەکاتەوەو دەلیت: "من ئاگام لەشتی وا نییە، لەو بروایەشدا نیم شتیك هەبێ بەناوی کرینی زەویوزار لەلایەن عەرەبەکانەوە. مەسەلەکە پەیوەندیی بەهەندێ هاوولاتیی تورکەوە هەیە کە بە عەرەبی قسە دەکەن (واتە ئەسلیان عەرەبە). ئەگینا ئەستەمە یەك مەتری چوارگۆشە لەخاکی خۆمان بەبیگانە بفرۆشین"[(١٥)].

وەختێ بانکی دەولیش قایل نەبوو لەپارە خستنە پرۆژەی "گاپ"ەوە بەشداریبکات، ئەوە کاریکی راستەوخۆی کردە سەر باری ئابووریی ناوەوەی تورکیا. تورکیا ناچاربوو بۆ جیبەجیکردنی پرۆژەکە پشت بەداهاتە خۆییەکانو کادیرەکانی خۆی ببەستیت، هەر لەپسپۆرانو ئەندازیارانو کریکارانەوە. کە ئەمەش بووە هۆی بەرزبوونەوەی ریژەی هەلاوسان بەرادەی ٧٠-٧٥ لەسەدا، لەسەرەتای سالی ١٩٩٢دا.

---

(١٥) هـ.س.پ.

## شەشەم: ڕەهەندی کوردی لە پرۆژەی "گاپ"دا

وەکو باسمان کرد پرۆژەی "گاپ" دەکەویتە ناوچەیەکەوە کەزۆربەی دانیشتووانی کوردن و پرە لەگیروگرفت و ناکۆکیی خوینین لەنیوان کوردەکان و جەنگاوەرەکانیاندا لەلایەک و، لەنیوان تورکەکان و هیزەکانی ئاسایشدا لەلایەکی ترەوە، تەواوی حیزبەکانی تورکیاش لەسەرئەوە کۆکن کەخراپیی باری ئابووری و کۆمەلایەتی لەباشووری خۆرهەلاتی ئەنادۆلدا یەکیکە لەگرنگترین هۆیەکانی زەقبوونەوەی "جوداخوازیی کوردی" لەسەریکەوەو، هەروەها کۆچی کورد لەو ناوچەیەوە بەرەو خۆرئاوای تورکیا لەسەریکی ترەوە. جائیدی ئەو کۆچەش چەند کیشەی کۆمەلایەتی لیدەبیتەوە لەشارە گەورەکاندا، بەتایبەتیش زۆربەی ئەوانە ئەو هەژارانەن کە لەدەوروبەی شارەکاندا دەمیننەوە کە هیندە نابات دەبن بەسەرچاوەی توندوتیژی و تاوان و، دەشی بگۆرین بۆ ناکۆکیی کورد - تورکیش. بەرپرسە تورکەکانیش جیاوازی دەکەن لەنیوان ئەو بەشەی ناوچەکە کەپرۆژەی گاپی تیدەکەویت و ئەو ناوچانەی تر کەدەکەونە خۆرهەلاتی ئەنادۆلەوە، بەتایبەتیش ناوچەی "سیگۆشە" کە کە هاوسنوورە لەگەل عیراق و ئیرانداو، وەک ئۆزال دەلیت ژیان لەوی سەختەو بواری کار دەگمەنەو، لەبری ئەوەی ئۆزال داوابکات پرۆژەکە ئەو ناوچانەش بگریتەوە، دەبینین داوا لەخەلکەکەی دەکات بەرەو "خۆرئاوای تورکیا" کۆچ بکەن کە تیایدا هەلومەرجی ژیان باشترە[16]. لەم قسەیەشدا ئاماژەیەکی شاراوە هەیە بۆئەوەی کەبەرزکردنەوەی ئاستی ژیان هۆکاریکە بۆ کەمکردنەوەی گیانی ناسیونالیستانە لای کورد. لەئاماژە پیدانیکیشدا بۆ ئەوەی کەناوچەی "گاپ" لەبەردەم خۆشگوزارەنیی ئابووری و سەقامگیریی کۆمەلایەتی و ئەمنی و سیاسیدایە، سەرۆکی حکومەت، داوا لەدانیشتووانی ناوچەی (سیگۆشە) دەکات بۆکۆچکردن؛ بەلام نەک بۆ قوولایی خۆرئاوای تورکیا؛ بەلکو بۆ ناوچەی "گاپ" و نیشەجیبوون لەوی[17].

---

[16] بروانە: "حوریەت" ٧-١٩٩٢/٩/٨.

[17] هـ.س.پ.

بێگومان گاپ بە رەهەندە کشتوکاڵی و پیشەسازیی و بازرگانییەکانییەوە بناغەیەکی پێویست بۆ گۆڕانکاریی ریشەیی لەکۆمەڵگایەکدا کەدەچێتە قۆناغی پیشەسازیی و بەشداریکردنی زیاتری ئافرەتانەوە لەکارداو کارلێکەوە لەرێی ئاڵوگۆڕی بازرگانییەوە لەگەڵ ناوچەو توێژی کۆمەڵایەتیی دیی و وڵاتانی دەوروپشتدا. بەڵام ئەو ئەنجامانەی لەگۆڕانکارییەکانی ئەم دواییەی جیهان کەوتنەوە پاش لێکهەڵوەشانەوەی یەکێتیی سۆڤیت؛ دەریانخست گیانی نەتەوەیی، کە بەتوندی سەریهەڵداوە، سنووریك بۆ هەژاریی و دەولەمەندی نازانێت. واتە گیانی نەتەوەیی لای میللەتە دەولەمەندەکان هیچی کەمتر نییە لەگیانی نەتەوەیی لای میللەتە هەژارەکان. ناکۆکیی ئیتنیش لەتورکیاو چیکۆسلۆڤاکیاو بەلجیکاو کەنەداو کۆمەلێك نموونەی جیاواز لەرووی ئاستی کۆمەڵایەتیی و ئابووریییەوە بۆ یەك حاڵەتی ناکۆکیی ئیتنی دەخەنە روو.

## حەوتەم: "گاپ" لەرووی هەریمی (ئیقلیمی) یەوە

یەکێك لەو هۆیە سەرەکیانەی وای لەبانکی دەولی کرد بەشداری لەپارە تەرخانکردن بۆ "گاپ" دا نەکات ئەوەیە کە ئەم پرۆژەیە هۆیەك بوو بۆ ناکۆکییەکی هەریمی کەلایەنێکیان بریتیبوو لەتورکیاو لایەنەکەی دی لەسوریاو عیراق. هەروەها ژاپۆنیش قایل بوو قەرزێك بەبری ٦٠٠ ملیۆن دۆلار بدات بەمەرجێك کیشەی ئاو لەنێوان ئەو سێ دەولەتەدا چارەسەربکرێ[(١٨)].

جگە لەئامانجە هەریمیەکانی پرۆژەی "گاپ"، لایەنی عەرەبی وایدەبینێ کەهۆی سەرەکی لەپشت ئەم پرۆژەیەوە بریتییە لەبەکارهێنانی ئاو وەکو چەکێك و، گرتنەوەی ئەو ئاوە ناوبەناو وەکو هۆیەکی گوشارکردنە سەر هەردوو حکومەتی (سوریاو عیراق) تا دەستی یارمەتی بۆ ئەو جەنگاوەرە کوردانە دریژنەکەن کەبەرای حکومەتی تورکیا لەخاکی ئەو دوو دەولەتەدا مەشقدەکەن و هێرش دەبەن. هەروەها ئەم پرۆژەیەی تورکیا دەچێتە نێو رەوتی کارتەکانی هێزی هاوسەنگییەوە، بەتایبەتیش لەگەڵ گەشەسەندنی رۆڵی هەریمیی عیراقدا (بەر لە شکستی لەدووەم جەنگی کەنداودا).

---

(١٨) "الحياة" ١٩٩٢/٥/٢٢.

هەروەها پرۆژەکەی سەرۆکی تورکیا تورگۆت ئۆزال سەبارەت بە"ئاوی ئاشتی" کەبریتی بوو لەراکیشانی دوو بۆری ئاو بۆ خۆرهەلاتی ناوەراست تادەگاتە کەنداو و سوود وەرگرتنی ئیسرائیل لەبۆرییەکەی خۆرئاوایان، رەهەندیکی تری لەرەهەندەکانی "گاپ" ئاشکرا کرد، چونکە پرۆژەی "ئاوی ئاشتی" پیشنیازی ئەوە دەکات بۆ دەولەتە عەرەبییەکان لەئاوی هەردوو روباری سەیحان و جەیحان ئاوی خواردنەوەی پێ بفرۆشیت کەدەکەونە باکووری خۆرئاوای کەنداوی ئەسکەندەرونەوە. بەلام رەتکردنەوەی ئەو پیشنیازە لەلایەن سعوودیەوە لەبەر گرانی و لەلایەن سوریاوە لەبەرئەوەی ئیسرائیل سوودی لێدەبینیت؛ وای لەتورکیا کرد لەسەر تەواوکردنی پرۆژەی "گاپ" بەردەوام بێ و، ئاو لەعیراق و سوریا بگریتەوە بۆ پرکردنەوەی دەریاچەکانی بەنداوە تازەکانی. ئەم ئاو گرتنەوەیە لەلایەن تورکیاوە، وەکو هەندێ نیوەندی عەرەبی بۆی دەچن، دەشێ ئاماژەیەکی گوشار خستنە سەربیت بۆ قبوولکردنی پرۆژەی "ئاوی ئاشتی".

لەگەڵ دەسپیکردنی وتوویژی ئاشتیشدا لەنیوان ئیسرائیل لەلایەك و سوریاو ئوردون و لوبنان و فەلەستینیەکان لەلایەکیترەوە، لەپاییزی ١٩٩١دا، بەرپرسە تورکەکان، بەتایبەتیش سەرۆکی حکومەت سولەیمان دیمیریل هەلویستی سەرنجراکیشی سەبارەت بەئاوی دیجلەو فورات هەبوو، بەناوبانگترینیشیان ئەو کۆنگرە رۆژنامەوانییە بوو کە سولەیمان دیمیریل لە٢٤ی تەمموز/ یۆلیۆی ١٩٩٢دا بەستی و تیایدا لەوەدوا کەتورکیا مافی تەواوی لەئاوی دیجلەو فوراتدا هەیە تا دەگاتە ئەو دوو خالەی لیوەیانەوە لەسنوور تیدەپەرن و سوریاو عیراق پەیوەندییان بەو ئاوەوە نییە[19]. سوریاش جگە لەوەی ئەم لیدوانەی بەناکۆك زانی لەگەڵ نەریتە نیو دەولەتیە تایبەتەکان بە رووبارە سنووربرەکان، وای لیکدایەوە کەهەولیکە بۆ گوشار خستنە سەری تا لە دانوستانەکانیدا لەگەڵ ئیسرائیل نەرمی بنوینیت.

ئەوەی لەو کۆنگرە رۆژنامەوانیەی دیمیریل دا هات پەردەی لەسەر لایەنیکیتری خواستەکانی تورکیا هەلمالی کەئەویش گۆرینەوەی نەوتە بەئاو. دیمیریل وتی: "ئیمە دەلیین سەرچاوەکانی ئەو ئاوانە هی تورکیان. سەرچاوەکانی نەوتیش هی ئەو

---

[19] ئاژانسی دەنگوباسی ئەنادۆڵ، ١٩٩٢/٧/٢٤.

دەولەتەن کەتیایدا هەلدەقولین، ئیمە دەربارەی نەوتی ئەوان نەمانوتووە "بەشمانی تیدایە" هەروەها زەوی‌وزاریش، ئەوان زەوی‌وزاری خۆیان هەیەو ئیمەش زەوی‌وزاری خۆمان هەیە. ئیمە نالیین کە لەم زەوی‌وزارانەدا هاوبەشین"[٢٠].

سەرچاوەکانی سوریا دەلین دوای تەواوکردنی پرۆژەی "گاپ" ئەو برە ئاوەی دەگاتە سوریا ٤٠٪ کەم دەبیتەوە، ئەوەی دەشگاتە عیراق ٨٠٪ کەم دەبیتەوە.

وەکو نیوەندە خۆرئاواییەکانیش دەلین ئەمە دەبیتە هۆی هەلگیرسانی شەری ئاو لەنیوان ئەو لایەنانەدا. بەلام ئەو لیدوان‌و ریکەوتنامانەی لەنیوان ئەم لایەنانەدا هەیە لە قەوارەی ئەو وینە نەگەتیڤەی واقیعی پەیوەندییەکانی نیوان تورکیاو سوریاو عیراق کەمدەکاتەوە.

تورکیا بەلینی داوە گەر سوریاو عیراق پشتیوانی لە (PKK) نەکەن لەچرکەیەکدا ٥٠٠م$^3$ ئاو بۆ هەردوولا بنیریت. کاتیکیش پرسیار لەوە کرا کەئایا پرۆژەی گاپ دەرگا لەسەر قەیرانی ئاو لەخۆرهەلاتی ناوەراستدا دەکاتەوە، سولەیمان دیمیریل وەلامی دایەوە: "پرۆژەی "گاپ" مەسەلەیەکە لانی کەم بیست سالە لەئارادایە. بەشی یەکەمی پرۆژەکە بەنداوی کیبانە. گەر نەشیببوایە هیچ نەدەبوو. ٢٦سالە دەستپیکراوەو ١٨سالیشە کراوەتەوە. بەنداوی قەرەقایاش ١٨سالّ بەسەر دەسپیکردنیدا تیپەریوەو ٦ سالیش بەسەر کردنەوەیدا. هەروەها بەنداوی ئەتاتورکیش کەتا ئیستا نەبۆتە مایەی قەیران؛ سالّو نیویکە ئاو گلّ دەداتەوە. ئیدی بۆچی لەئایندەدا قەیران دروستدەکات. هیچ قەیرانیك روونادات"[٢١].

پەیوەندیی مەسەلەی "گاپ" و ئاو بەمەسەلە سیاسیەکانی تورکیاوە چ لەسەر ئاستی ناوخۆیی‌و چ لەسەر ئاستی هەریمی بووەتە شتیکی بەلگەنەویست. ئەنقەرە هەرکاتیك ویستبیتی سەبارەت بەکوردەکان یان هەر شتیکی دی سوریا بۆ هەلویستیك ناچاربکات؛ یەکسەر هەرەشەی گرتنەوەی ئاوی کردووە[٢٢]. ئەمەش

---

[٢٠] ه.س.پ

[٢١] ه.س.پ.

[٢٢] لەنموونە رۆژنامەوانیەکانی ئەمە، ئەو وتارەی رۆژنامەوانی ئیسلامی عومەر ئۆزتورکمان لەرۆژنامەی "تورکیا" دا لە ١٩٩٢/٩/٣دا نووسیویەتی‌و داوا دەکات ئەنقەرە ئاو لە سوریاو

لەسەردانەکەی وەزیری ناوخۆی تورکیا عیسمەت سیزغین لەنیسان/ ئەپریلی ١٩٩٢داو سەردانەکەی وەزیری دەرەوەی تورکیا حیکمەت چەتین بۆ دیمەشق لە ئاب/ ئۆگستۆسی هەمان سالدا دەرکەوت، دوای هەریەکیك لەو سەردانانە ریکەوتنیکی تازە لەسەر مەسەلەی ئاوو ئاسایشی سنوور ئیمزاکرا(٢٣). بەرای تورك، وەختێ تورکیا ئاوی دیجلەو فورات دەخاتە ژیر چاودیریی خۆیەوە ئەوە نابیتە هۆی بیبەشکردنی هاوسیکانی لەئاو، بەلأم لەسەر ئەم هاوسییانەش پیویستە کەهەست بەگرنگیی مەسەلەی "تیرۆر" یش بکەن لای رای گشتی تورك.

ئالتەرناتیڤی ریکەوتن شەرە، ئەوەش لەبەرژەوەندیی هیچ لایەکدا نییە. نەلایەنە عەرەبەکان کەئیستا رووبەرووی ئیسرائیل بوونەتەوە بیر لەو شەرە دەکەنەوەو، نە تورکیاش دەیەویت مەسەلەی کورد بگەیەنیتە ئاستیکی نوێی وەها کە هەرەشە لەقەوارەو یەکیتیی ناوەوەی تورکیا بکات.

ئەوانەی دەلین چەسپاندنی ئاشتیەکی عەرەبی ئیسرائیلی لەتوندیی قەیرانی ئاو لەنیوان تورکیاو سوریاو عیراقدا کەمدەکاتەوە بەهەلەدا نەچوون. بەلأم چارەسەری هەمیشەیی لەنیوان عەرەبو تورکدا دامەزراندنی هاریکارییەکە لەسەر بناغەی پەیوەندیو بەرژەوەندییە هاوبەشەکان کەژمارەشیان کەم نییە، بەدوور لەو مەسەلە تازەو کتوپرانەی لەمیژووی نوێدا دینە ئاراوە.

---

عیراق بگریتەوە تا لە مەرجەکانی خۆی ناچاریان بکات "ئەوکات قایلدەبن تەنانەت بەپرۆژەکەی ئۆزالیش لەمەر "ئاوی ئاشتی"یەوە، بگرە سعودیەش بۆ ئەنجامدانی ئەو پرۆژەیە قانع دەکەن.

(٢٣) بروانە: "حوریەت" ، ١٩٩٢/٨/١٣.

# ٢-باهۆزێك لەئاوی "گاپ" (GAP) دا

تیروانینی هەردوو لایەنی توركیو عەرەبی (سوریاو عیراق) بۆ كیشەی ئاوی فوراتو دیجلە بووەتە شتیكی دیارو ئاشكرا.

توركیا وایدەبینیت كەمافی سروشتیی خۆیەتی سوود لەئاوی خۆی ببینیتو بۆ كەس نییە بریار لەسەر چۆنیتیی بەكارهینانی ئەو ئاوە لەلایەن توركیاوە بدات؛ چونكە ئەوە بەپیشیلكردنی سەروەریی توركیا لەقەلەم دەدات؛ لەبەرئەوەی ئەو دوو روبارە هی توركیان. لەكاتیكا سوریاو عیراق ئەو دوو روبارە بەدوو روباری نیو دەولەتی دەزانن، هەربۆیە توركیا مافی ئەوەی نییە بەئارەزووی خۆی پرۆژەی ئاو لەسەر ئەو دوو رووبارە ئەنجامبدات بەرلەوەی پیشوەخت رەزامەندیی ئەو ولاتانە بەدەست بهینیت كە ئەو دوو روبارە بەخاكیاندا تیدەپەریت. واتە مەسەلەكە "تەرخانكردن"ی بەشی هەریەكیك لەو ولاتانە نییە لەئاوی ئەو دوو روبارە، بەلكو "هاوبەشی"یانە لەو ئاوەدا. بیگومان توركیاش ئەم تیروانینەی پێ قبوول نییە.

٥٠٠م$^{٣}$

لەسالی ١٩٨٧دا توركیا بەپێی پرۆتۆكۆلیك كە لەگەڵ سوریادا ئیمزای كردبوو بەلینیدا كە لەچركەیەكدا بری ٥٠٠م$^{٣}$ لەئاوی فورات بۆ سوریاو عیراق رەت بكات. تائیستاش نازانرێ بۆچی ئەو برە دیاریكراو كێ دیاریكرد. هەندێ لەپسپۆران دەلین سەرۆكی حكومەتی ئەوسای توركیا تورگۆت ئۆزال ئەو برەی دیاریكردووە. بەلكو سەرۆكی ئیستای توركیا سولەیمان دیمیریل لەكاتی سەرۆكایەتیكردنی حكومەتدا ئەم برەی بەبریكی "چۆنیتی كیفی" وەسفكرد. چونكە ئەو ژمارەیە ٥٠٠م$^{٣}$ لەمانگی ئاب/ ئۆگستۆس و ئەیلول/ سیپتەمبەردا هەرخۆی دادەبەزیت بۆ ٢٥٠م$^{٣}$، لەكاتیكا پرۆتۆكۆلەكە پێ لەسەرئەوە دادەگریت كەتوركیا دەبێ بری ٥٠٠م$^{٣}$ ئاو رەت بكات. ئەمەش ژمارەیەكە بەردەوام دەبیت تا ئیمزاكردنی ریكەوتنامەیەكی نوێو كۆتایی پیهینەر كە سوریا بۆ وەدیهینانی گوشار دەخاتە سەر توركیا، بەلام توركیا سستی دەنوینیت.

لەبەرئـــەوەی ســـوریاش متمانـــە بـــەتوركیا ناكـــات، دلنیـــا نیـ‌یـــە لـــەوەی توركیـــا لەرەتكردنی بری ٥٠٠م[3] ئاودا بەردەوام دەبیت. ئەگـەر لـەرووی تەكنیكیـەوە بروانینـە مەسـەلەكە؛ هیـچ شـتیك مایـەی تـرس نیـ‌یـە بـۆ توركیـا لـەوەی ریكەوتنامەیـەك لەمـەر ئاوەوە ئیمـزا بكـات. چونكـە توركیـا نـاتوانیت ریّ لـەوە بگریـت بەیـەكجاری ئـاوی فورات و دیجلـە بـۆ سـوریاو عـیراق نـەچیت. ئەمـە لـەرووی هونەریـ‌یـەوە ئەسـتەمەو تەنانەت لەرووی هاوسەنگیی نیو دەولەتیشەوە. بۆیە ریكەوتنامەیەك كەتوركیا باش بیری لیّكردبیتەوە ئەنجامی پۆزەتیڤی‌ی لیّدەكەویتەوە. بەلاّم ئەو كیشە ئەمنیەی كە توركیـــا بەرامبـــەر كوردەكـــان بەدەســـتیەوە دەنـــالینیت و تاوانبـــاركردنی ســـوریا بەپشـتگیریكردنی پـارتی كریكـارانی كوردسـتان (PKK) بووەتـە لەمپـەریك لەبـەردەم ریكـەوتنیكی لـــەوجۆرەدا. لەبەرئـــەوەی بەرپرســـە توركـــەكان وایدەبینـــن كەبـــەبیّ چارەسـەركردنی كیشـەی PKK رای گشـتیی توركیا بـۆ ریكـەوتنیكی لـەوجۆرە قـانع ناكریّ. بگرە گەلیّ نیوەند هەن كەدەیانەویّ ئاو وەكو چەكیك بەرامبەر ئەو دەولەتانە بەكاربهینریّ كەپشتگیری لە pkk دەكەن.

لـــەم رووەوە ســـوریا گرەنتـــی‌ی داوە كـــە "پشـــتگیری لـــەتیرۆر ناكـــات". هـــەر لەوبارەیەشـەوە دوو ریكەوتنامـەی ئـەمنی ئیمـزا كـردووە، بـەلاّم ئـەو ریكەوتنانـە لەواقیعدا كاریـان پیّنەكراوە. پاشـان ئیمزاكردنـی ریكەوتنامەیـەكی لـەوجۆرە لەگـەلّ سوریادا بەیەكجاری كارتی ئاو لەدەستی توركیا دەردەهینیت.

## عاسی بەرامبەر فورات

لـە ئاسـت ئەگـەری كەمكردنـەوەی ٥٠٠م[3] لەئاوی فورات، سوریا بەنداویك لەسـەر روبـاری عاسـی دروسـتدەكات. روبـاری "عاسـی" یـش لـە لوبنانـەوە هـەلدەقولیت و بەرلەوەی برژیتە كەنداوی ئەسكەندەرونەوە بەخاكی سوریادا تیدەپەریت. گرتنـەوەی ئاوی عاسی دەبیتە هـۆی وشـكبوونی ملیۆنیك و ١٩٣دیكار زەوی لەدەشتی "عـەمیق Amik" داو زۆربوونی پەتا لەناوچەكەدا. ئەو دەمە سوریاش وەكو لوبنـان بـۆ هەمیشـە سوود لەئاوی عاسی دەبینیت بۆ ئاودیری. لەم حالەتەشدا هاوینان بەهیچ جۆریك ئاو بۆ توركیا ناچیت و لەناو توركیادا روبارەكـە وشك دەكات. بـەمجۆرە سـوریا نـاهیلیت ئاو بۆ لیوای ئەسكەندەرون بچیت كەداوایدەكات و بەمەش پەیامیك ئاراستەی توركیـا دەكات كەئەمەیە: "ئەگەر ئاوی فورات بگریتەوە، منیش ئاوی عاسی دەگرمەوە".

## پرۆژەی گاپ

GAP فاکتەریکە هەرچی هاوسەنگیی ئەو ناوچە پر کیشەیە هەیە؛ قلپی دەکاتەوە. ئەمە گەورەترین پرۆژەشە لەسەرەتای دامەزراندنی تورکیاوە بیتەدی.

رووبەری GAP کەهەشت پاریزگا دەگریتەوە لەگەلێ دەولەتی ئەوروپی گەورەترە. بەتەواو بوونیشی رووبەری زەوی‌یە ئاودراوەکان دەگاتە ٨,٥ ملیۆن هیکتار (نزیکەی ١٩٪ی رووبەری زەوی‌یە ئاودراوەکان لەتورکیادا)، ١١٨ملیار کیلۆوات/ لەسەعاتیکدا بەرهەمدەهینرێ، واتە ٢٢٪ی وزەی هایدرۆکارەبایی تورکیا. لەهەموو ئەوانەش گرنگتر "بەختەوەری" بۆ هەریمیك دابین دەکات کەتا ئیستاش دەولەت نەیتوانیوە بەوشیوەیەی دەیەویت ریکیبخات.

گاپ لە ١٣ پرۆژە پیکدێ لەسەر رووباری فورات و دیجلەو، بەنداوو کەناڵ و ئەنباری ئاو و شتی تریش دەگرنە خۆیان. هەروەها دروستکردنی ٢٢ بەنداوو ١٩ ئیستگەی هایدرۆکەهرۆمائی لەبەرچاو گیراوە. گرنگترینیان هەردوو بەنداوی ئەتاتورك و قەرەقایایە. تورکیاش بایەخیکی زۆر بەم پرۆژەیە دەدات، بەجۆریك کەبەرپرسیکی تورك "فروخ ئەنیك" وتویەتی بەنداوی ئەتاتورك خیراترین بەنداوی جیهانە لەدروستکردنیداو، تونیلی ئۆرفەش دریژترین تونیلی جیهانە.

### گاپ: لایەنە باش و خراپەکان

رۆژبەرۆژ ئومید بەپرۆژەی "گاپ" زیاتر دەبیت، ئەو خالەی ئەو خەلکانەش زیاتر پیی لیدادەگرن ئەوەیە کەگوایە ئەنجامدانی ئەو پرۆژەیە "چارەسەریك بیت بۆ تیرۆر". ئامانجی ئیستای GAP بەستنەوەی ناوچەی باشووری خۆرهەلاتە بە ئابووریی ولاتەوە. بەمەش بنەمای ماددیی پیکدادانەکانی ناوخۆ لەنیو دەچیت.

وا چاوەرێ دەکرێ وەختێ GAP چووە قۆناغی کارەوە دەرفەتی کارکردن لەکەرتی گشتیدا بۆ ٩١هەزار کەس برەخسینیت. "گاپ" کە وا رەچاودەکرێ ئەرکەکەی داینەمۆیانە بیت، لەداهاتوودا هەریمەکە (واتە باشووری خۆرهەلاتی تورکیا) بە ناوچەکانی تری ولاتەوە دەبەستیتەوە.

بەڵام كۆمەلیك گومان لەم بارەیەشەوە هەیە. بۆ نموونە "گاپ" ٢٥٠ هەزار دەرفەت بۆ كار دەرەخسینیت. لەسەدا دووی ئەم دەرفەتانە (واتە ٥ هەزار كەس) ٣٠,٥٪ی كۆی گشتی دەبەن. لەكاتیكا ١٥٠٠ دەرفەت لەبوارەكانی بەریوەبردندا دەست بەسەر ١٧,٥٪ی كۆی گشتیدا دەگرن. بەدەربرینیكی دی ئاغاكانو سەرۆك عەشیرەتەكان دەبنە خاوەنی زەوییە ئاودراوەكان. ئەمەش دەبیتە هۆی دروستكردنی جیاوازیی كۆمەلایەتیو ناریكی لەهاوسەنگیدا. ئەوسا خاوەن زەویو زارە گەورەكان دەست بەسەر كەنالەكانی ئاودیریدا دەگرنو ئەوكات خاوەن زەوییە بچووكەكان تەنانەت یەك كەنالیش بۆ ئاوەدانی زەوییەكانیان شك نابەن. واتە "شەریكی ئاو"ی نوێ دەست پیدەكات.

لەم روانگەیەوە هەندێ لەزانایان وایدەبینن كە"گاپ" ئامانج ناپیكیتو دەبیتە سەرچاوەی ناكۆكیی نوێ. بەلام وەزیری نیشتەجیكردنو كۆمەلە هاریكارییەكان پرۆفیسۆر ئونور قومبارجی باشی لەگەل ئەم بۆچوونەدا نییەو دەلیت كە ئەم مەسەلەیە تایبەت نییە بەباشووری خۆرهەلاتەوە، بەلكو بەهەموو توركیاوە، هەروەها دەلیت "هەلەیە بیر لەوە بكەینەوە كەهەموو ئەو پارانە دەچنە گیرفانی چەند كەسیكەوە، "گاپ" سوودیكی زۆری بۆ هەریمەكە دەبیت".

مەترسییەكیتر كە دەشێ لەجیبەجیكردنی "گاپ" بكەویتەوە، ئەویش ئەو قاتوقرییەیە كە لەئەنجامی ئاودانی زۆری زەویوزارەكانی هەریمەوە پەیدادەبیت. چونكە ئەگەر سیستمیكی ئاودیریی چاودیریكراو لە"گاپ" دا نەبیتو ئەوانەی كاری ئاودیرییەكە ئەنجامدەدەن زانیاریی تەواویان نەبیت؛ ئەوا بەكارهینانی زیادەرۆ دەبیتە مایەی زریو نەزۆكی لەبوارەكانی كشتوكالدا.

هەروەها سەربارى "گاپ" باس لەوەش دەكرێ كە گەلێ رووبەری كشتوكالی بەبێ ئاو دەمیننەوە. هەلمینی زۆر لەهەریمەكەدا دەشێ ببیتە هۆی كەمكردنەوەی بری ئاو و نەگەیشتنی بەشوینە پیویستەكان، لەبەرئەوەی تۆری ئاودیری لە"گاپ" دا لەسەر بنچینەی كەنالی دانەپۆشراو دەبیت. هەروەها كیشەیەكی تریش دیتە گۆرێ كەهەر پەیوەندیی بەكەنالە دانەپۆشراوەكانەوە هەیە، ئەویش نەبوونی لیكۆلینەوەی پیویستە سەبارەت رادەی پیداویستیی رووەكەكان بەئاو.

ئـەم مەسـەلەیەش تـا ئـەو رادەیـە مەسـەلەیەكی جیددیـیە كـە سـەرۆكی ژووری ئەندازیارە كشـتوكالیەكان "ماهـیر گۆربـیز" لـەلیدوانیكدا لـەمانگی ك١/دیسـەمبەری ١٩٩٣دا وتی؛ پرۆژەی ئەو كەنالەی كە لەحەران دروستدەكرێ پیویستی بەگفتوگۆی زیـاتر هەیـە. دەشـلیت كـە لەگـەڵ واقیعـی زانسـتیانەدا بـۆ بەرهـەمی كشـتوكالی بەخـەرجیی كـەمتر نـاگونجیت و كۆمـەلیك كـەناڵ كـراون بـەدریژی ٣٢٥–٥٠٠مـەتر، لـەكاتیكدا دەبووایە دریژییان ١٥٠–١٨٠ مەتر بووایە. ئەمـەش دەبیتـە هـۆی زیـاتر بەهەلم بوونی ئاوەكەو بەفیرۆچوونی.

بەپێی قسـەی سـەرۆكی گشـتیی كۆمەلـەی جوتیارە توركـەكان ٩٥٪ی رووبـەری زەوی‌وزارە ئاودراوەكـانی توركیـا بـەپێی سیسـتمی ئـاودیریی رووبـانەپۆشـراو ئـاودەدرێ، كەئەمـەش دەبیتـە هـۆی بـەفیرۆدانیكی زۆری ئـاو. بـەجۆریك كـەنیوەی ئاوەكـە لـەم سیستمە بەكاربراوەدا بەفیرۆ دەچیت. هـەمان سیسـتمیش لـە"گـاپ" دا پراكتیك دەكرێ.

كیشـەیەكی تریـش كەپـەیوەندیی بـە كەنالـەكانی ئـاوەوە هەیـە ئەوەیـە كـەزۆر بەسستی و خاوی دروستدەكرین. خۆگەر وابروات ئەوا سەد سالیان دەویت تـا تـەواو دەبن.

بەرامبـەر بـەم كیشـانەش كـەدوچاری "گـاپ" هـاتوون، بـەلام زنجـیرەی ئـەو دەسكەوتانەی بەتەواوبوونی لێی دەكەونەوە لەبن نایەت:

–ئەو هەریمە كەلانكی كۆمەلیك ژیاری كۆنە، دەبیتە بەهەشتیكی گەشتوگوزاری.

–سـەرلەنوێ زانكـۆی حـەران دادەمەزریتـەوە بۆ پشتگیریكردن لەكـەرتی گشـتی و تایبەت.

–بایـەخیكی زۆر بـەهاتوچۆی نـاوەوەو دەرەوەی هـەریم دەدرێ، ئەمـەش بـۆ رووبەرووبوونـەوەی پیداویسـتیی جوولـەی گواسـتنەوەی بەرهـەم و هاتوچۆكـەران كەژمارەیان لەزیادبووندا دەبیت. ئیستا كار لەدروستكردنی ریێ وشكانیی گـەورەدا دەكرێ لەنیوان دەریـای رەش و هـەریمی "گاپ" و لـەنیوان شـانلی ئۆرفە ئەدەنـە مەرسین دا.

–تۆڕی هاتوچۆی هیلـی ئاسنینیش فـراوان دەبێ و هەریـەك لەبـەندەری مەرسین و ئەسـكەندەرون پـەرەیان پـێدەدرێ، هـەروەها پـرۆژەی دروسـتكردنی فرۆكەخانـەی نویش لەهەریمەكەدا بەدەستەوەیە.

-لەسای پرۆژەی "گاپ" دا هەندێ لەلایەنە ئابووریەكانی هەریم دەگاتە ئاستی توركیاو، بگرە لەهەندێ بواردا زیاتریش دەروات.

بەكورتی، توركیا لەباریكدایە پەیوەندیی بەپاشەڕۆژی "گاپ" ەوە هەیە. ئەو نرخەی بەرامبەریشی دەدرێ هەرچەندێ بێت؛ هەر كۆتایی دێ. بەڵام مێژووی كۆتاییهاتنی گرنگە؛ لەبەرئەوەی تیرۆر كەرۆژ بەرۆژ لەزیادبووندایە یەك یەك خەونەكان لەباردەبات.

## "گاپ" كەی تەواو دەبێت؟

"گاپ" كە توركیا گەلێ قوربانیی لەپێناودا دا، بەدەست كۆمەلێك كێشەی ئابووریەوە دەناڵێنێت. هۆی یەكەمی ئەم كێشانەش ئەوەیە كە ئەم پرۆژەیە بەتەنها پشت بەتواناكانی توركیا خۆی دەبەستێت، ئەو پرسیارەی یەكسەر بەزەیندا ختوورە دەكات ئەوەیە: "باشە، بەڵام بۆ؟" وەزیر قومبارجی باشی لەوەڵامدا دەڵێت: "ئەگەر لەرێی تواناكانی خۆمانەوە ئەوەمان نەكردایە، كۆمەلێك كۆسپمان لەرێی هێزەكانی دەرەوە بۆ دروست دەبوو". بەپلەی یەكەم تونێلی ئۆرفە كە شادەماری "گاپ"ە بەدەست كێشەی داراییەوە دەناڵێنێت، ئەم تونێلە دەشتی حەران ئاو دەدات، كۆمپانیای ئاق یینار كەكاركردن تیایدا وەستا. ئەو كۆمپانیایە داوای لەبانكی گەشەپێدان كرد قەرزی بداتێ، بەڵام بانكەكە بۆ ماوەیەكی زۆر وەڵامی نەدایەوە. بەپشتیوانیی دەولەت كرێدرا بەكرێكارانی تونێلەكە. بەڵام رێی تێناچێت تونێلەكە تابەر لەهاوینی ١٩٩٤ تەواوبێت گەرچی خەلكی ناوچەكە لەوە زیاتر ناتوانن چاوەرێ بكەن.

جگە لەكاریگەریی هاوسەنگییەكانی ناوەوە لەسەر "گاپ" ، هاوسەنگیەكانی دەرەوەش رۆڵی خۆیان هەیە. تا هەنگاوەكان بۆ جێبەجێكردنی "گاپ" خێراتر بەرەو پێشەوە بچن؛ مەسەلە پەیوەندیدارەكان بەتیرۆرەوە زیاتر دەبن و پەیوەندییەكان لەگەڵ سوریادا لەپاشەكشێدا دەبن.

دۆغۆ ئەرغیل كە لەكۆلیجی زانستە سیاسیەكانی زانكۆی ئەنقەرەدا مامۆستایە پەیوەندییەكی راستەوخۆ لەنێوان تیرۆرو مەسەلەی ئاودا بەدی دەكات.

ئەو دەڵێت: "لەکاتیکدا سوریا پەیرەویی لە سیاسەتیك دەکرد کەخوازیاری نەبوو، پەنای دەبردە بەر شێوازی تیرۆریستانە. پەیامەکەش (لەلایەن تورکیاوە) ئەوەبوو کەدەکرێ نرخیکی گەورەی ئەوە بدەن. هەر بۆ ئەم مەبەستەش سێجار ئاوی لەسوریا گرتەوە، تا ئەو پەیامەی خۆیان پێبگەیەنیت".

سوریا ترسی ئەوەی هەیە تورکیا رۆژیك لەرۆژان بەتەواوەتی ئاوی فوراتی لێبگریتەوە. ئەم ترسە لەگەڵ جیبەجیکردنی پرۆژەی "گاپ" دا زیاتر بوو. کاتێ سوریاش داوایکرد ئاوی فورات لەنیوانیاندا بەشبکەن؛ تورکیا وەڵامی دایەوە: "ئاو لەگەڵ کیدا بەشبکەم؟ ئاو ئاوی منە. هەر خۆشم ئەوەندەت دەدەمێ کەپێویستت پێی هەیە". سوریاش کەهیزەکەی ئەوەندە نییە لەگەڵ تورکیادا بچیتە ناو شەریکی سەربازییەوە؛ بۆیە پشتگیری لەو ریکخراوانە دەکات کە نەیاری تورکیان. ئەم راستیەی کە هەندێ بەرپرسی گەورە دەریانبری، هەستی دوژمنایەتیکردنی لای تورکەکان بەرامبەر سوریا زیاتر کرد.

زەحمەتە تورکیا لەم مەسەلەیە دەست هەلبگریت، بەلام بەرەیەك دژ بەتورکیا پەیدا دەبیت جیهانی عەرەبی خۆی ئامادە دەکات تا یەك هەلویستی هاوبەش دژ بەتورکیا وەربگرن. بگرە دەلین ئیسرائیل پشتیوانی لەم بەرەیە دەکات. لەکۆنگرەی "ئاو وەکو توخمیکی گەشەپیدانو هاریکاری لەخۆرهەلاتی ناوەندا" کە لەنیوان رۆژانی ٤و٨ی ت١/ئۆکتۆبەری ١٩٩٣دا لەئەنقەرە بەسترا، کۆمەلیك پسپۆری ئیسرائیلی داوایان لەتورکیا کرد رێبدات ئاوی زیاتر بۆ سوریا بچیت.

تورکیا کەدژی ئەو بۆچوونەی ئەوانە وەکو وەلامیك بۆئەوە پیشنیازی پرۆژەی ئاوی ئاشتیی کرد، ئەمەش پرۆژەیەکە لەسەریکەوە تورکیا لەخۆرهەلاتی ناوەندا بەهیزتر دەکاتو، لەسەریکی تریشەوە ئەوە بۆ تورکیا دابین دەکات کەئاو بەرامبەر نرخ بدات نەك بەخۆرایی.

## پرۆژەی ئاوی ئاشتی:

بۆ یەکەمجار تورگوت ئۆزال لەئادار/مارسی ١٩٨٧ دا پیشنیازی پرۆژەی ئاوی ئاشتیی کرد. بەپێی ئەم پرۆژەیە تورکیا دەبێ ٦ملیۆن م$^3$ لەکۆی ١٦ملیۆن م$^3$ ئاو کە رادەی ئاوی رۆیشتووی رۆژانەی هەردوو رووباری سەیحانو جەیحانە، لەرێی دوو هیلی بۆرییەوە بۆ هەندێ لەولاتانی خۆرهەلاتی ناوەند بنیریت.

هیلی یەکەم دریژییەکەی ٢٦٥٠کم و دەگاتە سعودیە، دووەمیشیان دریژییەکەی ٣٩٠٠کم و دەگاتە ولاتانی کەنداو. بەوەدیهاتنی ئەم پرۆژەیە وای لێدێ ئاوی خواردنەوەی تەواوی ولاتانی خۆرهەلاتی ناوەند دەکەویتە ژیر چاودیریی تورکیاوە. ئەمەش هیزیکە تەنانەت تاقە زلهیزی جیهانیش، واتە ئەمریکا شکی نابات.

پرۆژەی بۆرییەکانی ئاشتی وەکو بیرۆکەیەك پرۆژەیەکی سەرسورهینە، بەلام وەختێ دەبینین ئەستەمووڵ بەردەوام بەدەست قەیرانی ئاوو کارەباوە دەنالینیت؛ گومان لەواقعیەتی ئەم پرۆژەیە دەکەین. جگە لەمەش کۆسپی دەرەکی لەبەردەمیدا زۆرن:

بەر لە هەموو شتیك ئیسرائیل نیگەرانە لەوەی بەخاکی ولاتە عەرەبیەکاندا ئاوی پێبگات و دەیەوێ لەرێی دەریاوە ئاو لەئەنبارە ئاوەکانی مانافگات لەکەنداوی ئەنتالیا بکرێ کە لەتەواوبووندایە. جگە لەوە عەرەبەکان دژ بەوەن ئاو بگاتە ئیسرائیل. پاشان عەرەبەکان پرۆژەی بۆرییەکانی ئاشتی رەتدەکەنەوە، لەبەرئەوەی ئاسایشی ئاویان دەخاتە مەترسییەوە.

هەروەها پیداویستیەکانی ناوچەکە بۆ ئاو زیاتر لەبواری کشتوکاڵو پیشەسازیدایە، لەکاتیکا پرۆژەی بۆرییەکانی ئاشتی بەرەو ئاوی شفە دەچیت. ئەم دەولەتانەش بەوجۆرە پیویستیان بەئاو نییە. سەرباری ئەوانەش گرفتی دارایی لەریدایە.

ئیماراتی عەرەبی بەگەرمیەوە ناروانیتە ئەم پرۆژەیەو بەگرانی دەزانێ بەشداریی تیا ناکات.

کۆمپانیای BROWN ROOT ی ئەمریکایی سالی ١٩٨٧ خەرجیی یەك مەتر سیجای ئاوی هیلە خۆرئاواییەکەی بۆرییەکانی ئاشتی بە٨٧ سەنت خەملاند؛ لەکاتیکا خەرجیی مەتریك سیجا لەهیلەکەی خۆرهەلات گەیشتە ١,٣٠دۆلار.

وەزیری وزەی کارەباو داهاتی دەولەتی ئیمارات حامید ئەلعەویس لەپاییزی ١٩٩٣دا وتی کە ئەو نرخانە بەرزنو شیرینکردنی ئاوی دەریا پینج جار هەرزانترە. ئیماراتی عەرەبیو دەولەتانی تری کەنداو ٧٠٪ی پیداویستیەکانیان لەرێی ئیستگەکانی شیرینکردنی ئاوی دەریاوە دابین دەکەن. سەد ملیار دۆلار لە٤٥ ئیستگەی شیرینکردنی ئاوی دەریادا سەرف کراوە. دەکرا بەم پارەیە ٥ پرۆژەی بۆریی ئاشتی ئەنجامبدرێ، نەك پرۆژەیەك.

## ئیران و "ئاوی ئیمان"

ئیران کەچاودێریی تورکیا دەکات لەهەولدانیدا بۆ زیادکردنی دەسەڵاتی لە ناوچەکەدا لەرێی بۆرییەکانی ئاشتیەوە؛ هەروا دەستەو ئەژنۆ دانەنیشتووە. ئیران پرۆژەیەکی ئاوی خستەروو کەبە"ئاوی ئیمان" ناسرا. ئەمەش بریتییە لەهیلیکی بۆری کەدرێژییەکەی ٤٠٠کم و لەڕووباری "قارون" ەوە تا "قەتەر" درێژ دەبیتەوەو خەرجیەکەی بە١٣ ملیار دۆلار خەملینراوە. بەڵام هەلویستی نەگەتیڤانەی سعودیە بەرامبەر بەم پرۆژەیە لەوانەیە کاریگەریی لەسەر ئەنجامدانی هەبیت.

هەروەها عەرەبستانی سعودی (سعودیە) لە ریزی ئەو دەولەتانەیە کەنایانەوێ ببینن تورکیا کارتی ئاوی بەدەستەوە بیت. هەر بۆیە ملیارەها دۆلار لەئیستگەکانی شیرینکردنی ئاوی دەریاو دەرهینانی ئاوەکانی ناوزەوی بۆ ئاودیری خەرجدەکات. بەڵام سەرچاوەکانی ئاوی ناو زەوی چەند سالیکی تر وشك دەکەن و زەوی‌وزارەکان دەکەونە بەر هەرەشەی سویربوون (شۆری)و بەیاری.

بەکورتی هیچ دەولەتیك نایەوێ لەمەسەلەی ئاودا خۆی بەتورکیاوە ببەستیتەوە. هەربۆیە دەبێ پرۆژەی بۆرییەکانی ئاشتی چاوەرێی ئەو شیوەیە بیت کەتیایدا پرۆژەکانی هاریکایی هاوبەش لەخۆرهەڵاتی ناوەنددا دەگیرسینەوە.

### عەرەب بۆچی پرۆژەی بۆرییەکانی ئاشتی رەتدەکاتەوە؟

ئەو هۆیانەی وا لەعەرەبەکان دەکەن تیروانینیکی نەگەتیڤیانەیان بۆ پرۆژەی بۆرییەکانی ئاشتی هەبیت بریتین لە:

١-روون نەبوونەوەی ئەوەی ئایا ئەو ئاوە لەئاییندەدا بەشی تورکیا خۆی دەکات.

٢-تیگەیشتنی هەلە لە پرۆژەکە.

بەو دواییە هەندێ بۆچوون هاتنەگۆڕێ کەگومان لەوە دەکەن تورکیا ئاوی زیادەی هەبیت، بەتایبەتیش گەر بری ئەو ئاوە بەرێژەی ژمارەی دانیشتووان و زیادبوونیان بەراوردبکرێ. شارە گەورەکانی وەکو ئەنقەرەو ئەستەمووڵ و ئەزمیر بەردەوام پیویستییان بۆ ئاو لەزیادبووندایە. زیادبوونی بەردەوامی ژمارەی دانیشتووانی

شارەکان لەسەر حیسابی لادێ وا دەکات ریژەی بەکاربردنی ئاو لەشاردا زیاتر بیت. ئامارەکانیش پیشان دەدەن کەئادەمیزادی هاوچەرخ ٣٠ئەوەندەی ئەو ئادەمیزادە ئاو سەرف دەکات کەلەبارودۆخیکی دواکەوتوودا دەژی.

بەم پێیە ناوچەی دەریای ئیجەو کەنارەکانی دەریای ناوەراستو ناوچە گەشتوگوزارییەکانی دی دوو ئەوەندە زیاتر ئاو لەناوچەکانیتری تورکیا بەکاردەبەن، لەکاتیکا زۆربەی سەرچاوە گرنگەکانی ئاو دەکەونە باشووری خۆرهەلاتی ئەنادۆلەوە کەتەنها ١/١٠ی سەرجەمی دانیشتووانی لێیە.

بۆیە شتیك نییە جێی قەناعەت پیکردن بیت تورکیا ئاو بەدەرەوە بفرۆشیت؛ لەکاتیکا زۆر ناوچەی ناو تورکیا خۆی لەئاو بیبەش بیت.

گفتوگۆ لەسەر ئەمەش دروست بوو کەپیویستە بۆریی ئاو لەسەیحانو جەیحانەوە بۆ ناوچەکانی خۆئاوای تورکیا ببریت؛ نەك بۆ دەرەوەی تورکیا.

بەلام بەنیسبەت هۆی دووەمیشەوە کەپەیوەندیی بەتیروانینی نەگەتیڤیانەی عەرەبەوە هەیە بۆ پرۆژەکە، ئەوەیە کە ئەو پرۆژەیە لەگەلْ خۆیدا مەترسیی زیادبوونی دەسەلاتی تورکیا لەناوچەی خۆرهەلاتی ناوەنددا دەهینیت. بەرپرسە تورکەکان گلەیی لەوە دەکەن کەتیگەیشتنی هەلە بۆ پرۆژەکە هەیە.

هەروەها دەلین ناهیلن عەرەب بێ ئاو بیت، بەلام ئەوان ئەم بارە رەچاو ناکەن. تابیت گومان لای عەرەبەکان زیاتر دەبیت لەنیازی تورکیا بەوەی پرۆژەی بۆرییەکانی ئاشتی وەکو پرۆژەی گاپ؛ وەك چەکیکی سیاسی بەکاربهینیت. سوریاش رۆلیکی سەرەکی لەبەرجەستەکردنی ئەم هەلویستە عەرەبییەدا دەبینیت. ئەمرۆش لەهەر کەسیك بپرسیت بیروبۆچوونی سەبارەت سوریا چییە، تارادەیەك وەلامەکەی ئەمە دەبیت:

"سوریا پشتگیری لەپارتی کریکارانی کوردستان دەکات، کەواتە بائاوی لێبگرینەوە،ئەگەر ملیشی نەدا ئەوا با بۆردوومانی بکەین".

## پرۆژەی قەرەیالچین:- لە"ئاوی ئاشتی" یەوە بۆ "ئاشتیی ئاو"

پرۆژەی بۆرییەکانی ئاشتی لەدۆخیکدایە کەزەحمەتە ئەنجامبدرێ، چونکە ئەم پرۆژەیە بەستراوەتەوە بەمتمانەی نزیکەی دە دەولەتەوەو ئەمەش لە ئیستادا ناکرێ، بۆیە دەتوانین بلیین لانی کەم لەحالی حازردا پرۆژەیەکی نشوستخواردووە.

بەڵام مادامەکی سەرچاوەکانی ئاو لەژێر دەستی تورکیادان و، مادامەکی هێشتا کێشەی ئاو چارەسەر نەکراوە، بۆیە تورکیا هەر مشووری پرۆژەی تری نوێ دەخوات.

جێگری سەرۆکی حکومەت‌و، سەرۆکی پارتی گەلی کۆمەڵایەتی‌ی دیموکرات (SHP) موراد قەرەیالچین، پرۆژەیەکی ئامادەکرد کە لە دوو قۆناغ پێکدێ بۆ پێکهێنانی سیاسەتێکی کشتوکالیانەی هاوبەش لەخۆرهەڵاتی ناوەندا.

پرۆژەکەی یالچین زیاتر لەسەر کێشەی بەکارهێنانی ئاوە نەك دابەشکردنی، بۆیە لەپرۆژەی بۆرییەکانی ئاشتی گشتگیرترە.

ڕێك کەوتن لەسەر چەمکی بەکارهێنانی سوود بەخشانەی ئاو، هەروەکو قەرەیالچین دەڵێت، وامان لێدەکات ناوی ئەم بیرۆکە پرۆژەیە بنێین "ئاشتی ئاو" کە لەسێ قۆناغ پێکدێ:

<u>قۆناغی یەکەم:</u> بەستنی کۆنگرەیەکی ئاوو کشتوکال لەخۆرهەڵاتی ناوەندا لەکۆتاییەکانی ١٩٩٤و١٩٩٥دا کە تورکیاو سوریاو عێراق و دەولەتانی تری پەیوەندیدار بەشداریی تیا بکەن.

<u>قۆناغی دووەم:</u> پێکهێنانی سەنتەرێکی زانیاریی‌و پەیوەندیکردن سەبارەت ئاو لەنێوان ئەم دەولەتانەدا.

<u>قۆناغی سێیەم:</u> هەر دەولەتەو بەگوێرەی پێداویستیەکانی بۆ کشتوکاڵ ئاوی بەربکەوێت.

قەرەیالچین وای بۆ دەچێت کەسەرچاوەی بنەرەتی‌ی ئاشتی یان تێرۆر لەخۆرهەڵاتی ناوەندا پشت بەهاریکاری سەبارەت بەئاو دەبەستێت، نموونەش بۆئەوە ئەو ڕێکەوتنامەی خەلووزە بوو کە بوو بەرێگایەك بەرەو یەکێتی‌ی ئەوروپا.

هەروەها قەرەیالچین دەڵێت: "سیاسەتەکانی کشتوکالی هاوبەش‌و، سیاسەتەکانی وزەی هاوبەش‌و، سیاسەتەکانی ژینگەی هاوبەش‌و، بارودۆخی ئاشتی‌ی هاوبەش دەشێ ببێتە مایەی بازارێکی خۆرهەڵاتی ناوەندی هاوبەش.

ئەمەشە کەمن ناوی دەنێم: "ئاشتی‌ی ئاو". تورکیا بەو پێگەیەی کە لەناوچەکەدا هەیەتی‌و بەو توانایانەی کەهەیەتی‌و بەو ئاستەی پێشکەوتنی، دەتوانێ ڕۆڵێکی بزوێنەر بۆ دەسپێکردن بەم پرۆسەیە ببینێت".

## پترۆلی عەرەب و ئاوی خوا

ئەوەی کە رەنگە ببیتە مایەی پیکدادان لەخۆرهەلاتی ناوەندا ئاوە نەك نەوت. تەوقەکەش بەدەوری تورکیادا قورستر دەبیت، لەسەریکەوە ئەستەموول داوای ئاو دەکات و، لەسەریکی ترەوە سوریا.

ولاتانی ناوچەکە ئاو شك نابات تالە ئاودیریدا پشت بەکەنالە روو دانەپۆشراوەکان ببەستیت، کەدەبیتە هۆی بەهەلمبوون و بەفیرۆدانی نیوەی بری ئاوەکە.

GAP کە لەناوچەکەدا زۆر شتی گۆریوەو دەگۆریت، لەگەل خۆیدا دەولەمەندی و هیز بۆ تورکیا دەهینیت و، لەبری ئەو ئاوەش کەمدەکاتەوە کە ریّ دەدات بۆ دەرەوەی سنووری بروات.

لەماوەی دووردا، تورکیا زیاتر لە"گاپ" ئەنجام دەدات. بەهۆی پیداویستیە ناوخۆییەکانیشەوە سوود لەو رووبارانە دەبینیت کەدەرژینە کەنداوی بەسرەوە. ئەمەش واقیعیکە خۆی دەسەپینیت.

تورك ئاوی هەیەو، عەرەبیش نەوت. یەکەم شتیش بەخەیالی مرۆدا دیت ئالوگۆرە، بەلام عەرەب بەوە قایل نابن و دەلین: "پترۆلی عەرەب بەئاوی خوا بگۆرینەوە؟".

لەکۆتاییدا دەلیین "بۆمبی ئاو" لەحالەتی تەقینەوەدایەو کەس نازانیّ کەی دەتەقیتەوە. یان ئاو تورکیا دەکات بە"مەزنترین هیز"ی خۆرهەلاتی ناوەند، یان دەبیتە هۆی شەریکی هەریمی.

## بیروڕای هەندێ لەبەرپرسان و پسپۆڕان.
## سەبارەت بەگاپ

وەزیری کۆمەلەکان و نیشتەجیکردنی تورکیا پرۆفیسۆر ئونور قومبارجی باشی:
لەوانەیە ٥٠٠م$^{٣}$ کەم بکریتەوە.

***پرسیار: ئەوەندەی پەیوەندیی بەلیپرسراویتیی وەزارەتەکانەوە هەیە؛ لەچ بواریکدا لەپرۆژەی گاپ دا بەدەست گرفتی گەورەوە دەنالینن؟***

وەڵام: بەلای ئیمەوە، لەئیستادا تونیلی ئۆرفە زۆر گرنگە. بەنداوی ئەتاتورك وەکو ئەوە وایە تەواو بووبیت. تونیلی ئۆرفەش بەریژەی ٩٥٪ ی تەواو بووەو دەبووایە لەمانگی ئایار/ مایۆی ١٩٩٣دا لە یەکەمین یەکەی تونیلەکانەوە ئاو برۆیشتایە. بەڵام کۆمپانیای "ئونالْ ئەقبینار" کارەکەی وەستاند. زەحمەتە لەئایار/مایۆی ١٩٩٤ یشدا تەواوبیت. بەلیندەرەکەی گرفتی دارایی هەیە. بەڵام لەداهاتوودا گرفتی تایبەت بەتونیلی ئۆرفە نابیت.

***پرسیار: ئایا "گاپ" هاوسیکانمان دەخاتە باریکی دژوارەوە؟***

وەڵام: شتیك نییە ناوی ئەوە بیت کەسوریا لەئاو بیبەش بکەین. لەئیستادا لەچرکەیەکدا ٥٠٠م$^{٣}$ ئاو ئەدەین. لەوانەیە ئەم برە ئاوە لەئایندەدا کەم بیتەوە. بەم ئاقارە گۆڕانیك روونادات. ئیمە شتیك ناکەین لەرووی ئاوەوە دراوسیکانمان بخاتە تەنگانەوە..

**

پرۆفیسۆر ماهیر قایناق، بەرپرسیکی پیشووی ئیستیخباراتی تورکیا:

***پرسیار: ئایا دەکرێ تورکیا ئاوەکەی وەك چەکیکی سیاسی بەکاربهینیت؟***

وەڵام: من دژی ئەوەم ئاو وەکو چەکیکی سیاسی بەکاربهینرێ. پیویستە تورکیا ئاوەکە بەشیوەیەکی عادیلانە بەسەر ناوچەکەدا دابەشبکات. دەشبێ لەگەڵ دەولەتانی ناوچەکەدا هاوکاریی هاوبەشی هەبیت. لەهەموو قۆناغیکدا مەرج نییە سنوورە سیاسییەکان سنوورە ئابوورییەکان پیکبهینن. لیرەشدا قسە لەسەر سنوورە ئابوورییەکانە، ئەبێ ئەوە باش روون بیتەوە.

***پرسیار: بەرای تۆ، هیچ پەیوەندییەك لەنیوان ئاوو تیرۆردا هەیە؟***

وەلام: من لەو بروایەدا نیم سوریا پشتیوانی لەتیرۆر بکات. لەبەرئەوەی ریی تیناچیت سوریا پەیرەوی لەسیاسەتیك بکات کە سەقامگیریی ناو تورکیا تیکبدات. نائارامیو پەشیویی نیو تورکیا کاری دەولەتە گەورەکانە؛ نەك بچووکەکان.

***پرسیار: ئایا پرۆژەی بۆرییەکانی ئاشتی بەپرۆژەیەکی واقعی لەقەلەمدەدەیت؟***

وەلام: من پرۆژەیەك بە واقعی نازانم تا عەرەبستانی سعودی بروات. بەلام ئەوە بەواقعی دەزانم کۆمەلیك پرۆژە هەبن دابەشکردنی ئاوی فوراتو دیجلە بەسەر ناوچەکەدا دابین بکەن.

**

پرۆفیسۆر دکتۆر یۆکسیل ئینان، ئەندامی دەستەی فیرکاریی زانکۆی (غازی)

***پرسیار: لەگۆشە نیگای یاسای نیو دەولەتیەوە باری فورات چۆنە؟***

وەلام: رووباری فورات لەباری ئاوە سنوور برەکاندایە. یەکەمین بەلگەنامەی حقوقیی پەیوەندیدار بەئاوە سنوور برەکانەوە لەماددەی سییەمی میساقی مافو ئەرکە ئابوورییەکانی دەولەتاندا ئەو بنەمایانەی دیاریکرد، ئەو میساقەی لەسالی ١٩٧٤دا کۆمەلەی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان بریاری لەسەردا. بەپیی ئەو بریارە بۆ هەر دەولەتیك هەیە بەوشیوەیەی کەدەخوازی سوود لەو سەرچاوە سروشتییانە وەربگری کەپەیوەندیدارن بەدوو ولاتەوە؛ بەمەرجیك نەبیتە مایەی زیان لەبەرژەوەندییە رەواکانی دەولەتەکەیتر.

***پرسیار: هەلویستی دراوسیکانمان لەئاست ئەم پراکتیکە نیو دەولەتیەدا چییە؟***

وەلام: دراوسیکانی باشوورمان، سوریاو عیراق، لەهەلویستی ناکۆك بەو پراکتیکە نیو دەولەتیەن کەناومان هینا، ئەو هەولانەمان بینی کە لەکاتی دروستکردنی بەنداوی کیباندا لای دەزگا نیو دەولەتیەکان دران.

لەئەنجامی ئەم هەولانەدا، سالی ١٩٦٦ تورکیا لەکاتی پرکردنەوەی بەنداوەکاندا بەلینی بەدەزگا داراییەکان دا کەری بە بریکی دیاریکراوی ئاو بدات تا بتوانی (واتە تورکیا) قەرزیکی بەبری چل ملیۆن دۆلار دەست بکەویت. هەمان بەلین لەکاتی

بیناکردنی بەنداوی قەرەکایادا بەجێهینرا. بەڵام بەنیسبەت GAP ەوە بارەکە تەواو جیاوازە. چونکە جیهانی عەرەبی هەموو پیکەوە دژ بەتورکیا وەستانەوە، بەتایبەتیش لەکاتی بیناکردنی بەنداوی ئەتاتورکداو نەیانهیشت لەلایەن دەزگا داراییە جیهانیەکانەوە قەرز بە تورکیا بدرێ.

***پرسیار: ئایا ئەو برە ئاوەی تورکیا رێی پێدەدات؛ بەشی هاوسیکانی باشووری دەکات؟***

وەڵام: گەرچی ٨٩٪ی ئاوی فورات لەتورکیاوە هەلدەقولیت؛ بەڵام داواکارییەکانی دراوسیکانمان نابەجین. تەنانەت بری ٥٠٠م[٣] واتە ٥٦٪ی ئاوی فورات. بەرای من ئەو برە ئاوەی کەئیستا تورکیا رێی پێدەدات ئاوردانەوەیەکی زۆر گرنگە لەبەرژەوەندیی دراوسیکانی باشوورمان. بەڵام ئەوان لەم پەیامەی تورکیا تینەگەیشتوون.

***پرسیار: رات چییە سەبارەت بەکارهینانی ئاو وەك چەکیکی سیاسی؟***

وەڵام: من لەگەڵ ئەوەدا نیم ئاو وەکو چەکیك لەخۆرهەڵاتی ناوەندو جیهاندا بەکاربهینرێ. ئەگەر ئاومان وەکو چەکیك دژ بەدراوسیکانی باشوورمان بەکارهینا، ئەوە دەبیتە بەلگەیەك بۆ سەلماندنی ئەو پروپاگەندانەی کەجیهانی عەرەبی لەسەر ئاستی نیودەولەتی دژ بەتورکیا دەیکەن.

**

پرۆفیسۆر دۆغۆ ئارغیل، مامۆستا لە زانکۆی ئەنقەرە

***پرسیار: ئەی هەلویستی تورکیا لەچۆنیتیی بەکارهینانی دیجلەو فوراتدا بەراست دەزانیت؟***

وەڵام: وڵاتی دۆلی رافیدەین یەکیکە لەمەلبەندە ژیارییە سەرەکیەکان و بەرهەمی دیجلەو فوراتە.

ئیمە زۆر بیر لەوە ناکەینەوە. ئەم ئاوانە چەند هی ئیمەن ئەوەندەش سنووربرن. پیویستە خۆمان لەوە گیل نەکەین. ئەگەر لە عەرەب بپرسیت، دەلین ئاوی عەرەبە. چونکە ئەو وڵاتانە بەبێ ئەو ئاوە بوونیان نییە.

***پرسیار: ئایا پرۆژەیەکی وەکو پرۆژەی ئاوی ئاشتی قابیلی ئەنجامدانە؟***

**وەلام: شارە گەورەکانی تورکیا، وەکو زەویو زارە کشتوکالیەکانی، بێ ئاون. واتە مەسەلەکە مەسەلەی ریکخستنیکی خراپە تا ئەوپەری. هەربۆیە پرۆژەی ئاوی ئاشتی شتیکی قانعکەر نییە. بیگانەکان دەلین: "ئیوە ئاوتان هەیە، بەلام سەیری پیداویستیەکانی خۆتان ناکەن، چۆن پرۆژەیەکی لەوجۆرە ئەنجامدەدەن؟!" ئیمە ئاو ناخەینە بوارەکانی ژیانمانەوە. ئیمە میللەتیکین لەژیر گوفەکی سەرەنویلکەکاندا دەمرین. پرۆژەی بۆرییەکانی ئاشتی لەکاتی خۆیدا نەهاتەدیو، ئەوە پرۆژەیەکە لەروانگەیەکی ئایدیۆلۆژییەوە دەولەتان لاواز دەکات. ئەو پرۆژەیە ئەمرۆ قابیلی ئەنجامدان نییە. کەی ئارامی بالی بەسەر خۆرهەلاتی ناوەندا کیشاو دەولەتان بەنیازی پاکەوە چوونە هاریکارییەکی هاوبەشەوە؛ ئەوکات پرۆژەکە قابیلی ئەنجامدان دەبێ.**

**

**موراد قەرەیالچین، جیگری سەرۆکی حکومەتی تورکیاو سەرۆکی پارتی گەلی کۆمەلایەتی دیموکرات** SHP

***پرسیار: ئایا تۆ وایدەبینیت کەهەر بەراستی کیشەی ئاو لەنیوان تورکیاو دراوسیکانیدا هەبیت؟ یان هەندێ نیوەند بەزۆر ئەم کیشەیە دروستدەکەن؟***

**وەلام: لەنیوان تورکیاو دراوسیکانیدا کیشەیەك نییە کەلەئەنجامی بەکارهینانی ئاوەوە پەیدابووبیت. بەلام لەخۆرهەلاتی ناوەندا بەکارنەهینانی تەکنۆلۆژیای گونجاو بۆ ئاو بووەتە هۆی کیشە.**

**ئیستاکە کیشەی راستەقینەی ئاو لەخۆرهەلاتی ناوەندا هەیە. ئەوەی پیویستە بکرێ بەرنامە ریژییە بۆ بەکارهینانی ئاو لەم ناوچەیەدا. ئامانجی سەرەکی دەبێ ئەمە بیت. لەسالانی سەدەی بیستویەکیشدا کیشەی بەکارهینانی ئاو قەیراناویتر دەبیت. ئیمەش بۆ چارەسەرکردنی ئەم کیشەیە، پلانیکی سێ قۆناغی بەباش دەزانین: کۆبوونەوەی دەولەتانی خۆرهەلاتی ناوەند لەکۆتاییەکانی ١٩٩٤ یان ١٩٩٥دا، تورکیاش دەتوانێ ئەو دەولەتانەی دی بانگهیشت بکاتو لەم رووەوە**

دەسپیشخەری بکات. پاشان لەقۆناغی دووەمدا دامەزراندنی تۆڕیکی ئالوگۆڕکردنی زانیاری سەبارەت مەسەلەی بەکارهینانی ئاوو کشتوکاڵ. لەقۆناغی سییەمیشدا دانانی پلانیکی کشتوکالی.

***پرسیار: ئایا پرۆژەی ئاوی ئاشتی پرۆژەیەکی واقیعی‌یە؟***

وەڵام: ئەم پرۆژەیە بریتی‌بوو لە گەران بەدوا چارەسەریکی نیازپاکانەدا بۆ کیشەی ئاو لەخۆرهەڵاتی ناوەندا. ئەمەش پیشنیازیك بوو لەگەرمەی وتوویژەکاندا سەبارەت قەیرانی ئاو خرایە روو و پشتگیریشی لیکرا. پرۆژەی ئاوی ئاشتی بەتەنها ئامانجی دابەشکردنی ئاوبوو. ئەمەش بەرای من بەس نی‌یە؛ لەبەرئەوەی کیشەکە ئەوە نی‌یە. کیشەکە ئەمرۆو لەئاییندەشدا بریتی‌یە لەبەکارهینانی ئەقلانیانەی سەرچاوەکانی ئاو لەلایەن دەولەتانی خۆرهەڵاتی ناوەندەوە.

لەبەرئەوەی لەکشتوکالیشدا ئاو زۆر بەکاردەهینری، بۆیە وا پیویست دەکات مشووریك بخوری‌و لەهەمان کاتدا کیشەکانی وزەو کشتوکاڵو ئاو تیایدا رەچاوبکری‌و لەماوەیەکی دیاریکراویشدا.

***پرسیار: ئایا دەبی توركیا ئاو وەکو چەکیکی سیاسی بەکاربهینیت؟ ئەگەر بەکاریشیهینا بەرئەنجامەکانی چی دەبن؟***

وەڵام: توركیا تا ئیستا ئاوی وەکو چەك بەکارنەهیناوەو بەکاریشناهینیت. ئەو بەکارهینانەش بەراست نازانم. دەمینیتەوە بلیم ئیمە ئاومان زۆر نی‌یەو، ئەو توانایانەش نی‌یە کەبەگویرەی ویستمان بەکاری‌بهینین*.

---

* ئەم لیکۆلینەوەیە لەلایەن سادات لاچینیرو گوفین ئوزالبەوە ئامادەکراوەو لەرۆژنامەی "میللیەت"ی رۆژانی ٢،٣،٤،٥،٦،٧ی شوباتی ١٩٩٤دا بلاوبووەتەوە.

# ٣-ئابووری تورکیا لەماوەی حەفتا سالدا

لـە٢٩ی ت١/ئۆکتۆبـەری ١٩٩٣دا تورکیا بەبۆنـەی تیپـەرینی حـەفتا سـالّ بەسـەر راگـەیاندنی کۆماریدا ئاهـەنگی گیرا ئەمـەش ئـەو رۆژەیـە کـە تورکـەکان کردوویانـە بەجەژنی نیشتمانی.

کۆمـاری تورکیـا لەسـەر داروپـەردووی ئیمپراتۆریـەتی رمـاوی عوسمانیـەکان دامەزرا، نە هـیزو نـە پیشەسـازیو نـە بازرگـانیی هـەبوو. لـەماوەی حـەفتا سـالداو لـەکۆتایی هەشـتاکانو سـەرەتای نـەوەدەکاندا تورکیـا بـوو بـە ولاتیکـی "نموونـە" لەرووی ئابووریو سیاسـییەوە بـۆ "دراوسـیکانی" و هـەروەها کـەمیك دوورتـر بـۆ خۆرهەلاتی ناوەندو ئاسیای ناوەندو بەلقان. ململانـیّی عـەرەب ئیسرائیلو، شـەری نـاوخۆی لوبنـانو، ریفۆرمـە ئابوورییـەکانی تورگـۆت ئـۆزالو، پاشـانیش لیکهەلوەشـانەوەی یـەکیتیی سـۆڤیت، هـەموو ئەمانـە بەشـداربوون لەپارچـە پارچەکردنی فاکتەرەکانی هیزیکی سەرەکیی ئابووریی تورکیا کە بەپەیرەویکردنی پیودانەکانی خۆرئاوا لەبەرهەمهیناندا، توانیی هـەنگاویك لەبازنـەی جیهانی سیّیەم بچیتـە دەریّ. تورکیـا دەیتوانـی لـەبواری ئـابووریدا زیـاتریش پیشـبکەویت گـەر لەهەندیّ کیشەو دیاردە خۆی رزگار بکردایە کەبەدلنیاییەوە بوون بەکۆسپ لەبەردەم خۆزگـەو خـەونی سـەرکردەکانیا. لـەم کیشـانەش گرژیـی ئیتنـی نـاوخۆ لـەنیوان کوردەکـانو تورکـەکاندا، زۆربوونـی ژمـارەی دانیشـتووان، ریبـازی عەسـکەرتاریەت کەکۆتو پیوەند دەخاتە بەردەم ئازادیو دیموکراسیو، هەر لەسەرەتای دامەزراندنی کۆمارییەوە تائیستاش هەر بەردەوامە.

پاش حەفتا سالّ لەدامەزراندنی، کۆماری تورکیا ئیستا خۆی لـەخالی ناوەراسـتدا دەبینیّو ماوەی نیـوان ئـەوو ئەگـەرەکانی پیشکەوتنو شان بەشان رۆیشتنی لەگـەلّ ئاسـۆکانی سـەدەی بیسـتویەکدا؛ یەکسـانە بەهــەمان مـاوەی لەگـەلّ ئەگـەرەکانی چەقبەستنو کەوتنە نیـو گیـژاوی دەردەسـەریو بـەفیرۆدانی بـەردەوامی داهاتـەکانیو رووبەرووبوونەوەی مەترسیی جیددی لەسەر قەوارەو رژیمو میللەتەکەی.

پاش حەفتا ساڵ، لەوانەیە بەراوردی ئابووری لەنیوان سەرەتاکانی کۆماریو ئیستایدا شتیکی راست نەبیت، لەسەریکەوە لەبەر زۆریی ئەو ماوەیەو، لەسەریکی تریشەوە لەبەر ئەو پیشکەوتنە زانستیە گەورەیەی لەم سێ دەهەیەی دواییدا روویداوە. بەڵام ئەو ئامارانەی بەبۆنەی یادی حەفتا سالەی راگەیاندنی کۆمارییەوە بلاوکرانەوە ئەو دینامیکیەتە دەسەلمینن کەتەواوی بوارە ئابوورییەکان بەخۆیانەوە بینیوە؛ بەتایبەتیش لەم سالانەی دواییدا. ئەمەش ئەو هاندەرە بوو کەوای لەسەرۆکی کۆچکردوو تورگۆت ئۆزالو هەندیکی دیکرد دروشمی زۆر گەورە لەمەر رۆلی تورکیاو پیگەی لەسەر ئاستی نیو دەولەتی بۆ سالان و دەهەکانی ئایندە بەرز بکەنەوە.

ئەوەی گومانیشی لێناکرێ ئەوەیە کەمتمانەی تورکەکان بەئابووریی ولاتەکەیانو باوەریان بەتوانای چوونە ناو بازنەی کیبەرکیوە لەگەڵ هیزگەلیکی خۆرئاوایی گەورەی وەکو ئەلمانیاو فەرەنساو بەریتانیادا، بەشیوەیەکی زۆر راستگۆیانە لەهەنگاویاندا بۆچوونە ناو یەکیتیی گومرگییەوە لەگەڵ کۆمەلەی ئەوروپیدا لەسەرەتای سالی ١٩٩٦دا بەرجەستە بوو. ئەم یەکیتییەش رووبەرووبوونەوەی کیبەرکێ لەگەڵ بەرهەمی پیشەسازییانەی ئەوروپیدا بەسەر ئابووریی تورکیاداو بەتایبەتیش بەسەر کەرتی پیشەسازیدا دەسەپینیت.

## ئاماژەکانی ئابووریی تورکیا لەماوەی ٧٠سالدا

### بازرگانی دەرەوە

قەوارەی بازرگانیی دەرەوە لەسالی ١٩٢٣ وە تا ئیستا ٢٧٣ جار زیادی کردووە. قەوارەی بازرگانی لەسالی ١٩٢٣دا ١٣٧,٦ ملیۆن دۆلار بوو. لەکاتیکا لەکۆتایی سالی ١٩٩٢دا گەیشتە ٣٧,٥ملیار دۆلار. داهاتیش بەرادەی ٢٦٣جارو هەناردەش بەرادەی ٢٨٩جار زیادی کرد.

## دۆلار

نرخی دۆلاری ئەمریکایی بەبەراورد لەگەڵ لیرەی تورکیدا لەماوەی حەفتا سالدا ۷۷۰۰جار بەرز بۆتەوە. لەسالی ۱۹۲۳دا نرخی سەرفکردنی دۆلار ۱,٦۷ لیرەبوو. لە کاتیکا ئەم نرخە لەپاییزی ۱۹۹۳دا گەیشتە نزیکەی ١٤ هەزار لیرە. (لەبەهاری ۱۹۹٦یشدا نزیکەی حەفتا هەزار لیرە).

## قەرزی دەرەوە

قەرزی عوسمانیەکان هەروەکو لۆزان دیارییکرد لەسالی ۱۹۲۳دا ۱۲۹ ملیۆن و ۳٤۸ هەزارو ۹۱۰ لیرەی ئالتوون بوو. بریاردرا تورکیا ۸٤,٥۹۷,٥۰ ملیۆن لیرەی بداتەوە. ئەگەر ئەوە بخەینە لاوە کە تورکیا بەمیراتی لەدەولەتی عوسمانییەوە بۆی مایەوە؛ ئەوا لەدەهەی پەنجاکانەوە قەرزی دەرەوەی تورکیا تا دەهات زیاتر دەبوو، لەکاتیکا لەسالی ۱۹٥۰دا ئەو قەرزە نزیکەی ۳۷۳ ملیۆن دۆلار بوو، لەکۆتاییەکانی ۱۹۹۳دا گەیشتە ٦۰ملیار دۆلار (لەبەهاری ۱۹۹٦یشدا گەیشتە نزیکەی ۷٥ملیار دۆلار). واتە نزیکەی ۱٥۹جار زیاتر بووە. لەسالی ۱۹٥۰دا هەر تاقە کەسیك ۱۸دۆلاری لەقەرزی دەرەوە بەردەکەوت، بەلام لە۱۹۹۳دا گەیشتە هەزار دۆلار.

## هەلاوسان

لەسەرەتای سەردەمی کۆماریدا بەدریژایی ۱۹سالْ نرخی کەرەسەی جوملە لەیەك ئاستدا مایەوە، هیندەی نەبرد لە۳سالدا نرخەکان دابەزین، ئەوەش لەسالانی ۱۹٤٤و ۱۹٤٥و ۱۹٥۰دا. جگە لەوەش هەلاوسان بەشیوەیەکی بەردەوام هەر هەبووە، بەلکو لەسالانی ۱۹٤٦و ۱۹۸۰دا گەیشتە سێ ژمارە، لەکۆتایی سالی ۱۹۹۲دا ریژەی هەلاوسان گەیشتە ٦٦٪ و لەکۆتایی ئەیلول/ سیپتەمبەری ۱۹۹۳دا گەیشتە ٦۸,۲۰٪و لەکۆتایی ۱۹۹٥یشدا گەیشتە ۱٥۰٪.

## دانیشتووان

ژمارەی دانیشتووانی تورکیا سالی ۱۹۲۷، ۱۳,٦ملیۆن کەس بوو، سالی ۱۹٥۰ بوو بە ۲۰,۹ملیۆن. پاشان سالی ۱۹۸٥ بوو بە٥۰,٦ ملیۆن کەس، سالی ۱۹۹۰یش گەیشتە ٥٦٤ملیۆن.

واش چاوەڕوان دەکرێ لەسالی ٢٠٠٠ دا ژمارەکە بگاتە ٧٠ملیۆن کەس. لەنیوان ساڵانی ١٩٢٧و ١٩٣٥دا ژمارەی دانیشتووان بەریژەی ٢,١١٪ بەرزبۆوە، لەنیوان سالی ١٩٤٠و١٩٤٥یشدا ئەو ریژەیە دابەزی بۆ ١,٠٦٪، لەنیوان ساڵانی ١٩٥٥و١٩٦٠یشدا ریژەکە بەرز بووەوە بۆ ٢,٨٥٪، لەنیوان ساڵانی ١٩٨٠ ١٩٨٥یشدا (معدل)ی ساڵانەی زۆربوونی دانیشتووان گەیشتە نزیکەی ٢,٤٩٪و لەنیوان ١٩٨٥-١٩٩٠یشدا گەیشتە ٢,٧٪.

## بەرهەمی پیشەسازی

سالی ١٩٥٠ قەوارەی بەرهەمی پیشەسازی گەیشتە دوو ملیار لیرەی تورکی. لەسالی ١٩٩٢یشدا ئەو ژمارەیە بەنرخی ١٩٨٨گەیشتە ٩٨,٤ تریلیۆن لیرە.

## ژمارەی کۆمپانیاکان

ژمارەی کۆمپانیا دامەزرینەرەکان لە٢٦٣وە لەسالی ١٩٦٣دا بوو بە١٧٩٤٢ کۆمپانیا لەسالی ١٩٩١دا. لە نۆ مانگی یەکەمی سالی ١٩٩٣یشدا ژمارەی کۆمپانیا تۆمارکراوەکان گەیشتە ٣٢٩٠٢ بە سەرمایەیەك بری ٩ تریلیۆنو ١٠١,٤ملیار لیرە بوو.

## کەرتی کشتوکاڵ

رووبەری زەویوزارە کشتوکالیە بەکاربراوەکان لەسالی ١٩٤٨دا ١٣,٩ملیۆن هیکتار بوو، سالی ١٩٩٢ بەرزبۆوە بۆ ٢٤ ملیۆن هیکتار.

## بەرهەمهینانی گەنم

سالی ١٩٢٥ قەوارەی بەرهەمهینانی گەنم ملیۆنیكو ٧٥,٣ هەزار تەن بوو. لەسالی ١٩٩٢دا گەیشتە ١٩,٣ملیۆن تەن.

**بەرهەمهینانی گۆشت**

سالی ١٩٣٦ بەرهەمهینانی گۆشت نزیکەی ٥٧,٥هەزار تەن بوو. بەلام سالی ١٩٩٢ گەیشتە ملیۆنیك و ٦٧٣هەزار تەن.

**تراکتۆر**

سالی ١٩٥٢ ژمارەی تراکتۆرە بەرهەمهاتووەکان ١٣٤١٥ تراکتۆر بووە، بەلام سالی ١٩٩١ گەیشتە ٤٠٤٣٧٦ تراکتۆر.

**بەرهەمهینانی کارەبا**

بەرهەمهینانی کارەبا لە ٣٩٦,٩ ملیۆن کیلۆوات لەسەعاتیکدا لەسالی ١٩٤٠ دا گەیشتە ٦٥ ملیار کیلۆوات- لەسەعاتیکدا لەسالی ١٩٩٢دا.

**ریگاوبان**

دریژیی ریگا قیرتاوکراوەکان لەسالی ١٩٦٣دا ٥٨٥٤١کم بوو. لەسالی ١٩٩٢دا گەیشتە ٣٦٨٦٧٧کم.

لەسالی ١٩٢٣یشدا دریژیی هیلە ئاسنینەکان ٣٧٥٦کم بوو. بەلام لەسالی ١٩٩١دا گەیشتە ٨٤٢٩کم.

**بەرهەمهینانی ئۆتۆمۆبیل و ئۆتۆبوس (پاس)**

ژمارەی ئۆتۆمۆبیلی بەرهەمهاتوو لەسالی ١٩٣٣دا ١٩٥٧ئۆتۆمۆبیل بوو. بەلام لەسالی ١٩٩١دا گەیشتە ١,٨٦٤,٠٠٠ ئۆتۆمبیل.

ژمارەی ئۆتۆبوسیش لەهەمان ئەو دوو سالەدا لە٣١٥وە بوو بە٦٨٩٧٣ ئۆتۆبوس.

**بەرهەمهینانی بەردی خەلووزین**

لەسالی ١٩٢٣دا ٦٠٤,٤هەزار تەن بوو، لەسالی ١٩٩١یشدا گەیشتە دوو ملیۆن و ٧٦١هەزار تەن.

## بەرهەمهینانی پەترۆڵ

سالی ١٩٥٥ بەرهەمی پەترۆڵ ١٧٨,٥هەزار تەن بوو، لەسالی ١٩٩٢دا گەیشتە ٤,٢٨١ملیۆن تەن.

## داهاتی گەشتوگوزار

سالی ١٩٦٣ داهاتی گەشتوگوزار لەتوركیادا ٦و٧ ملیۆن دۆلاربوو، لەسالی ١٩٩١دا گەیشتە ٢,٦ملیار دۆلار. لەسالی ١٩٩٣یشدا قەراربوو بگاتە ٥ملیار دۆلار.

**خشتەی ژمارە (١)**

| سال | هەناردە | داهات |
|---|---|---|
| ١٩٢٣ | ٥٠ | ٨٦ |
| ١٩٣٠ | ٧١ | ٦٩ |
| ١٩٥٠ | ٢٦٣ | ٢٨٥ |
| ١٩٧٠ | ٥٨٨ | ٩٤٧ |
| ١٩٨٠ | ٢٩١٠ | ٧٩٠٩ |
| ١٩٩٠ | ١٢٩٩ | ٢٢٣٠٢ |
| ١٩٩٢ | ١٤٧١٥ | ٢٢٨٧٦ |
| ١٩٩٣ | ١٥٣٤٥ | ٢٩٤٢٨ |
| ١٩٩٤ | ١٨١٠٦ | ٢٣٢٧٠ |

**خشتەی ژمارە (٢) كۆماری توركیا بەژمارە**

| جۆر | ساڵ | نرخ یا ژمارە | ساڵ | نرخ یا ژمارە |
|---|---|---|---|---|
| نان (كغم) | ١٩٣٣ | ٨قرش | ١٩٩٣ | ٩,٠٠٠لیره |
| پەنیر(كغم) | ١٩٣٣ | ٥٦قرش | ١٩٩٣ | ٥٠هەزار لیره |
| بەرهەمهینانی گەنم (تەن) | ١٩٢٥ | ١,٠٧٥ملیۆن | ١٩٩٢ | ١٩,٣٠٠ملیۆن تەن |
| بەرهەمهینانی گۆشت (تەن) | ١٩٣٦ | ٥٧,٥٠٠هەزار | ١٩٩٢ | ١,٦٧٣ملیۆن تەن |
| بەرهەمهینانی تراكتۆر (ژمارە) | ١٩٥٢ | ٣١,٣٧٦هەزار | ١٩٩١ | ٧٠٤هەزار |
| بەرهەمهینانی كارەبا (كیلۆوات سەعاتیك) | ١٩٤٠ | ٣٩٦,٩ملیۆن | ١٩٩٢ | ٦٥ملیار |

## شوناس لە چەند هەلبژاردنیکیدا

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ئۆتۆمۆبیل (ژمارە) | ١٩٣٣ | ٤,٢٥٧هەزار | ١٩٩١ | ١,٨٦٤ملیۆن |
| خەلووز (هەزار/تەن) | ١٩٢٣ | ٤,٤٠٦هەزار | ١٩٩١ | ٢,٧٦١ملیۆن |
| نەوت (هەزار/تەن) | ١٩٥٥ | ١٧٨٥٠٠هەزار | ١٩٩٢ | ٤,٢٨١ملیۆن |
| داهاتی گەشتوگوزار (ملیۆن دۆلار) | ١٩٦٣ | ٧,٦ملیۆن | ١٩٩٣ | ٥ملیار |
| رووبەرە کشتوکالیەکان (بەهیکتار) | ١٩٦٨ | ١٣,٩٠٠ملیۆن | ١٩٩٢ | ٢٤ملیۆن |

# ٤-یەکیتیی گومرگی لەگەڵ "یەکیتیی ئەوروپا"دا

واپێویست دەکات تورکیا لانی کەم دوو ساڵ یا سێ ساڵ چاوەڕێبکات، تا بۆی دەربکەویت کە ئەو پێخۆشبوونەی بە ئیمزاکردنی ریکەوتنامەی یەکیتیی گومرگی لەگەڵ "یەکیتیی ئەوروپا"دا کە لە٦ی ئادار/مارسی ١٩٩٥دا روویداو لە١٩٩٦/١/١دا جیبەجێکرا؛ لەجێی خۆیدایەتی یان نەء. لەبەرئەوەی زۆربەی پسپۆرە ئابووریيە تورکەکان رایان وایە کە ئەم ریکەوتنامەیە "هەنگاویکە لەنادیاردا" چونکە لیکۆلینەوەی گشتگیرو ورد سەبارەت سوودو زیانەکانی بۆ سەر ئابووریی تورکیا نەکراوە.

پاشان ئەو "نرخ"ەی ئەنقەرە بەلینیدا بەرامبەر بەپەکخستنی ئەسینا لەبەکارهینانی مافی ڤیتۆدا دژ بە ریکەوتنامەکە بیدات؛ هیشتا سنوورەکانی روون و دیارنین و، لەوانەشە ئەو نرخە گران بکەوێ و هەموو ئەو چەرمەسەرییە بەردەوامە نەهینیت کە لە ١٩٦٣ وە تورکیا بەدەستیەوە دەنالینیت تا ئەندامیتیی تەواو لەیانەی ئەوروپیدا بەدەستبهینیت.

بەئەندامبوونی تورکیا لەیەکیتیی گومرگی ئەوروپادا گەلێ مەسەلە لەسەر ئاستی ناوخۆو هەروەها لەسەر ئاستی پیگەو رۆلی ئیقلیمی و رۆلی لەجیهاندا دەوروژینیت، گەرچی هەندێ هەلبژاردنی تریش هەن لەبەردەم تورکیادا (ریکخراوی هاریکاریی ئابووریی دەریای رەش، جیهانی تورکی، جیهانی ئیسلامی) بەلام لەدونیایەکدا کە بەردەوام دابەشبوون لەنیوان دەولەتانی پیشکەوتوو و دەولەتانی دواکەوتوودا لەزیادبووندایە، "هەلبژاردنی ئەوروپایی" لەهەموویان ئەقلانیتر دیتە بەرچاو.

**یەکیتی ی گومرگی چ سوودیکی بۆ تورکیا دەبیت؟**

یاساکانی یەکیتی گومرگی لەنیوان دەولەتەکانی یەکیتیی ئەوروپادا باجی هەلگرتووە، ئەمەش دەبیتە هۆی دابەزینی نرخی بەرهەمە ئەوروپاییەکان، بەتایبەتیش ئۆتۆمۆبیل و ئامرازەکانی ناوماڵ لە بازارەکانی تورکیادا،

ئەمەش پیشەسازە تورکەکان ناچاردەکات نرخی بەرهەمەکانیان دابەزینن. لەهەموو ئەمانەشدا بەکار بەری تورك سوودمەند دەبیت.

هەروەها نرخی ئەو ئامیرو دەزگایانەش دادەبەزێ کە بۆ وەبەرهینانە دەرەکیەکانی ناو تورکیا پیویستن، ئەمەش گوروتینیکی تری دەداتێ. ئەو دەمە وەبەرهینەرە ژاپۆنیو ئەوروپیەکان پەنا دەبەنە بەر تورکیا کەهیزی کار تیایدا هەرزانە؛ تا بیکەنە بنکەیەك بۆ ئەو پیشەسازییانەیان کەئاراستەی بازارەکانی ئاسیای ناوەراستو خۆرهەلاتی ناوەندو، ئەوروپا (بەنیسبەت ژاپۆنەوە) دەکرێ. بەمجۆرە تورکیاش هەم سوود لە وەبەرهینانەکانی دەرەوە وەردەگرێو هەم لە بەگەرخستنی هیزی کریکارانی تورك لەو پرۆژانەداو، ئەمەش تارادەیەك کیشەی بیکاری کەمدەکاتەوە.

لەکاتیکیشدا کردنەوەی سنوور گواستنەوەی تەکنۆلۆژیای پیشکەوتووی ئەوروپا ئاساندەکات کە بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی بەرهەمهینانو خزمەتگوزاری لەتورکیادا پیویستە، لەگرنگترین ئەو سوودانەی لە یەکیتیی گومرگیەوە دەکەویتەوە زیاتر برەودان بەفرۆشتنی بەرهەمەکانی تورکیا بەولاتانی یەکیتیی ئەوروپا، لە چاو ولاتانی تری جیهانی سێو بەتایبەتیش بەولاتانی خۆرهەلاتی دوور.

گەورەترین قازانجکەریش لەم رووەوە کەرتی چنینو جلوبەرگی ئامادە دەبیت کەبەرهەمەکانیان باش و هەرزانن، بەتایبەتیش کاتێ زانیمان کە ٣٦,٦٪ی هەناردەکانی تورکیا هی ئەم کەرتەنو سالانەش پینج ملیار دۆلار داهاتی هەیە. خۆگەر یەکیتیی گومرکی نەبیت ئەوا ئەوروپا ناچار دەبیت لە ولاتانی باشووری خۆرهەلاتی ئاسیاوە شت بهینیت کەجلوبەرگە ئامادەکراوەکانی لەهی تورکیا، باشترو هەرزانتریشن. بۆ نموونەش کرێی سەعاتیکی کریکاری تورك لەکەرتی چنیندا ٣,٣ دۆلارە، بەلام لە ئەندونیسیا ٠,٣٤ دۆلارە. لەچینو هندستانو پاکستان لەوەش کەمترە. یەکیتیی گومرگی کەرتی چنینو جلوبەرگی ئامادە لەتورکیادا رزگار دەکات لەرووی کیبەرکیوە لەگەلْ هاوچەشنەکانیدا لەخۆرهەلاتی دووردا.

سەرباری ئەوە تورکیا دەتوانێ سوود لەو یارمەتیە ئەوروپیە دیاریکراوانە ببینیت کە بریارە بەچەند جاریك بیدریتێو بە٢تا٣ ملیار دۆلار خەملینراون. ئەمەش خالیکە کە تورکیا زۆر بایەخی پێدەدات چونکە قەرەبووی ئەو زیانە چاوەروانکراوانەی

پێدەداتـەوە کـە لەهـەندێ کـەرتدا لـێدەکەوێو هـەروەها هـەندێ کـەرتی تریشـی پێبەرەو پیشەوە دەباتو گەشەیان پێدەدات. لەم بوارەشدا ئیمری گونینسای کە گەورە راویژکاری سەرۆکی حکومەت تانسۆچیللەرەو (لەئادارو حوزەیرانی ١٩٩٦دا) وەزیری دەرەوە بووە؛ داوا دەکات ئـەوروپا بەرامبـەر توركیا ئـەوە بکـات کـە ولآتـە یەکگرتووەکان بەرامبەر مەکسیك کردی؛ واتە ئەو یارمەتییانە بەیەك جار پیشکەش بـە توركیـا بکـات؛ نـەك بەچـەند جـاریك، کەئەمـەش متمانـە بـۆ بـازاری توركیـا دەگەرینیتەوەو سنووریك بۆ رادەی هەڵاوسان دادەنیت، ئەمە لەگەڵ ئەوەشدا هەروەك پسـپۆریکی ئـەمریکاییش رای وایـە کـە یـەکیك لەهۆیـە گرنگـەکانی دوا قـەیرانی ئابووریی مەکسیك نەمانی متمانەیە بەدەسەڵاتە سیاسییەکە.

لەوانەیە ئەمەش تاقە رووی هاوبەش بیت لەگەڵ قەیرانی ئابووریدا لەتورکیادا.

بەرامبـەر بەمـەش، یەکـەمین ئـەنجامی نەگـەتیڤ کـەتورکیا بـەهۆی یـەکیتیی گومرکییـەوە لەگـەڵ "یـەکیتیی ئەوروپا"دا دوچاری دیت گریمانـەی بەرزبوونـەوەی ریژەی بیکارییە. زۆربەی راپۆرتە ئابوورییەکانی توركیا ئەوەیان پیشاندا کە ٥٥٪ی کارگە بچووکەکانو ٥٣٪ی کارگە مام ناوەندییەکانو ٤٣٪ی کارگە گەورەکان، لەبەر کەموکورتیی تەکنۆلۆژیو، دواکەوتوویی ژیرخانو بەریوەبردنو، خەرجیی زۆر؛ لە توانایـاندا نـابیت لەگـەڵ ولآتـانی یـەکیتیی ئـەوروپیدا کیبـەرکێ بکـەن. وەسـتانی نیوەی کارگەکان لە بەرهەمهینان واتە دەرکردنی دەیان هەزار کریکار لە ئیشەکانیانو قەبەبوونی کیشەی بیکاری کە لەسالی رابردوودا لە١٥٪ تیپەری. بیگومان رەنگدانەوە نەگەتیڤەکانی ئەم گۆرانەش بەئاشکرا بەسەر سەقامگیریی کۆمەڵایەتیو سیاسیەوە دەبیـت. حیزبـەکانی ئۆپۆزسـیۆنیش، بەتایبـەتیش حـیزبی "رەفـاه" (ی ئیسـلامی) بێسـێو دوو ئـەم گرژیـیـە کۆمەڵایەتییـە دەقۆزنـەوە بـۆ لاوازکردنـی حکومـەتو وروژاندنـی توورەیـی خـەلك. بـەڵام بیدەسـەڵاتیی ژمارەیـەکی زۆر لـەو کارگانـە لەکیبـەرکیدا دەشـێ ببیتـە هـاندەریك بـۆ کۆبوونـەوەیان لـەکۆمپانیا یـان کارگـەی گەورەدا. بەڵام لەسەر ئاستی کەرتەکان؛ کەرتی ئاسنو پۆڵاو پاشانیش ئۆتۆمۆبیل دەکەونە ژیر کاریگەریی ئەم یەکیتییە گومرگیەوە؛ لەبەرئەوەی ناتوانن لەو بوارانەدا لەگەڵ پیشەسازیی ئەوروپاییدا کیبەرکێ بکەن.

هەروەها یەکیتیی گومرگی، بەتایبەتیش لەقۆناغی یەکەمیدا کار لەسەقامگیریی نرخـەکان دەکـات، ئەمـەش دەبیتـە هـۆی زیـادبوونی ریـژەی هەڵاوسـان. هـەرچۆن

لەمەودای دووردا دەشێ هیزی كیبەركێی توركیا لەهەندێ بواردا لاوازبیت، ئەمە گەر بیتو هاندەرەكانی توركیا بۆ وەبەرهینان نەگاتە ئەو ئاستەی كەولاتانی یەكیتی ئەوروپا دابینی دەكەن.

هەروەها نەهیشتنی باجی گومرگ لەگەل ولاتانی یەكیتی ئەوروپاییداو پراكتیك كردنی "تەعریفە"ی گومركی ئەوروپایی لەسەر ولاتانیتردا لەلایەن توركیا خۆیەوە، دەبیتە هۆی ئەوەی توركیا سالانە سێ ملیار دۆلار لەدەست بدات.

رەنگە گرنگترین لایەنە نەگەتیڤیەكانی یەكیتی گومرگیش ئەوەبیت كەتوركیا خۆی لەبەرئەوەی لەیەكیتی ئەوروپاییدا ئەندام نییە، لە سەنتەری بریاری ئابووریدا نییەو، بەبێ ئەوەی لەدارشتنی بریاردا بەشداربیت هەرچییەك بریاری لەسەر دەدرێ ناچارە جیبەجێی بكات، بەتایبەتیش ئەوەی پەیوەندیی بەبریارەكانی پەیوەندیدار بەولاتە جیهانیەكانی ترەوە هەیە كەبەلای توركیاوە گرنگن. ئەم لایەنەش دەبیتە مایەی رەخنەگرتن لەحكومەت لەلایەن ئۆپۆزسیۆنەوە؛ كە ئەمە بە كەموكورتی لەقەلەم دەدەن لە سەربەخۆیی بریاری نیشتمانیو، چەمكی سەروەرییەوە.

لەنیوان كاریگەریی لایەنە پۆزەتیڤو لایەنە نەگەتیڤەكانی یەكیتی گومرگی لەسەر باری ئابووری كۆمەلایەتی لەناوخۆی توركیاداو، لەقۆناغی بەر لەگەیشتن بە ریكەوتنیك؛ دانوستان لەبارەیەوە گۆرا بۆ ململانێیەك لەنیوان توركیاو ولاتیكی سەر بەیەكیتی ئەوروپایی، واتە یۆناندا. ئەم ناكۆكییە توركی یۆنانییەش لەرووی راگەیاندنەوە كەوتە پیش گەوهەری مەسەلەكەوە كەیەكیتی گومرگییە. لەوەش دەچیت یۆنان لەوەدا زۆر سەركەوتووبوبیت كە زانیویەتی چۆن پرۆسەی لیكیشانەوە (رووتاندنەوە ابتزاز) یەك بەریوە دەبات تا ئەو رادەیەی بەجۆریك كاردەكاتە سەر ئەنقەرە كەدەشێ بەلینەكانی دوایی رەنگدانەوەی خراپی بۆ سەرباری جیۆستراتیژیی توركیا هەبیت.

**ئاشكرایە كەدوو گرێی سەرەكیی ناكۆكیی نیوان توركیاو یۆنان بریتین لە:**

قوبرسو ناكۆكی لەسەر ناوچەی ئیجە، لەرووی دەریاییو ئاسمانیو كشانی كیشوەرییەوە. ئەنجامی وتوویژەكانیش بەسەركەوتنیكی گرنگ بۆ یۆنان لەقەلەمدەدرێ. ئەوەندەی پەیوەندیی بەمەسەلەی قوبرسەوە هەبیت؛ ئەسینا توانیی

لەسالی ١٩٩٦دا رەزامەندیی یەکیتی ئەوروپایی بەدەست بهینیت بۆ دەستپیکردن بە وتوویژ لەگەڵ "کۆماری قوبرس"دا بەمەبەستی بوونە ئەندامی لەیەکیتی‌ی ناوبراودا. یەکیتی‌ی ئەوروپاییش بەبێ‌جیاوازی‌کردن لەنیوان واقیعیکی یۆنانی‌و واقیعیکی تری تورکی لەخاکی قوبرسدا سەبارەت قوبرس ئاخافت. بوونە ئەندامی قوبرسیش لەیەکیتی‌ی ئەوروپاییدا واتە بوونە ئەندامی قوبرسی دانپیانراو لەرووی نیو دەولەتیەوە کەئیستا نوینەری لایەنی یۆنانە لەلایەن قوبرسیەکانەوە، بەلاّم لەگەڵ تەواوی زەوی‌وزارەکانی جەزیرەشدا. ئەمەش واتە دووجار دەسهەلگرتنی تورکیا لەقوبرس:

یەکەمیان کاتێ بەرهەلستی‌ی ئەو وتوویژانەی نەکرد کە بەمەبەستی بوونە ئەندامی قوبرس لەیەکیتی‌ی ئەوروپاییدا ئەنجامدران. دووەمیشیان وەختێ بەیاننامەی یەکیتی‌ی ئەوروپایی ئاماژەی بە"کۆماری قوبرس"ی دابەشنەکراوو دانپیانراو دا لەبریارە نیو دەولەتیەکاندا، ئەمەش مانای وایە قوبرسی‌یە تورکەکان لەو وتوویژانەدا مافیان دەفەوتێ کەلەئایندەدا لەنیوان نیقۆسیاو یەکیتی‌ی ئەوروپاییدا ئەنجامدەدرین. هەموو ئەمانەش دەسبەرداربوون لەریکەوتنەکانی زوریخ‌و لەندەن دەگەیەنێ کەبەگویرەیان هیچ تیرەیەك لەقوبرس بۆی نی‌یە بچیتە دەزگایەکی نیو دەولەتیەوە کەلەهەمان کاتدا تورکیاو یۆنان تیایدا ئەندام نەبن. ئەمە بەسەر یەکیتی‌ی ئەوروپاییشدا دەچەسپێ کەیۆنان تیایدا ئەندامە، بەلاّم تورکیا نەء. خۆ ئەگەر لەئایندەدا کۆسپ‌و تەگەرەی تورکیایی نەبیت؛ ئەوا قوبرس بەرەو ئەوە دەچیت ببیتە کۆماریکی یۆنانی کەتورکەکانی بەتەنها وەکو کەمینەیەك هەندێ مافی دیاریکراویان هەبیت‌و هیچی‌دی. پیدەچێ تورکیاش کەوتبیتە ئەو تەلەیەوەی کە بۆی نرایەوە. هەرپاش چەند رۆژیك لەئیمزاکردنی ریکەوتنامەی یەکیتی‌ی گومرکی، وەزیری دەرەوەی تورکیا موراد قەرەیالچین رایگەیاند کە ئەگەر کیشەی قوبرس بەر لەئەندامبوونی لەیەکیتی‌ی ئەوروپاییدا چارەسەرنەکرێ؛ ئەوا تورکیا قوبرسی باکوور دەخاتە سەرخۆی.

وەزیری دەرەوەی فەرەنساش، کەئیستا سەرۆکایەتیی یەکیتی‌ی ئەوروپایی دەکات ئەم لیدوانانەی بەناکۆك زانی لەگەڵ شەرعیەتی نیو دەولەتیداو، جەختی لەسەر یەکیتی‌ی قوبرس کردەوە.

بیگومان ئەو دەسهەلگرتنانەی تورکیا سەبارەت مەسەلەی قوبرس لەنیو تورکیادا دەبیتە مایەی کاردانەوەی نەك بەتەنها ئیسلامیەکان؛ بەلکو ناسیونالیستەکانیش کەزۆربەن. هەمووشیان لەو بروایەدان کەچیللەر ئەو مەسەلەیەی "فرۆشت" کە لەسالی ١٩٧٤ ەوە ئەمان نرخیکی گرانیان لەپیناویدا دا.

لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانین بلیین کەکیشەی قوبرس بەرەو چارەسەر دەچیت، گەرچی روون نییە چۆن، بەلام ئەوەمان زیاتر بۆ دەسەلمێ کاتێ زانیمان واشنتۆنیش لەودیو پەردەوە رۆلیکی سەرەکیی لەقەناعەت پیکردنی ئەنقەرەدا بینیوە تا دەسبەرداری هەلویستەکانی بیت سەبارەت قوبرس، بەرامبەر بەلابردنی ڤیتۆ لەسەر بوونە ئەندامی تورکیا لەیەکیتیی گومرگیدا، گەر "کۆماری قوبرس"یش لەیەکیتیی ئەوروپاییدا بەئەندام وەربگیرێ، ئەوا یۆنان جێی شانازیی دەبیت کە هاوپەیمانیکی بەهیزی نەیاری تورکیای لەناو یەکیتیی ناوبراودا دەبیت. ئەمەش هەر دەسکەوتیکی یۆنانییە لەسەر حیسابی تورکیا.

بەلام سەبارەت بەناکۆکی لەسەر ناوچەی ئیجە، ئەو زانیارییانەی لەئەنقەرەوە بەدەستکەوتوون ئاماژە بەوە دەدەن کە ئەسینا توانیویەتی "گفت"یکی وا بەچنگ بهینیت کەتورکیا بەشیوەیەکی باشتر بروانیتە داواکەی یۆنان لەمەر گواستنەوەی ناکۆکی لەسەر ئیجە بۆ دادگای نیودەولەتی لەلاهای، پیشتر تورکیا ئەم داوایەی رەتدەکردەوە، لەبەرئەوەی ئەو حوکمەی کەدادگا دەیدات دەشێ لەبەرژەوەندیی یۆنان بیت. ئیمزاکردنی یەکیتیی گومرگی بووە هۆی ئەوەی رێ لەوەبگریت کە پەیوەندییەکانی نیوان تورکیاو یۆنان زیاتر روولەگرژیبن، بەتایبەتیش تورکیا هەرەشەی کرد کەئەگەر بیتو ڤیتۆی یۆنانی بەردەوام بیت؛ ئەوا ئەویش رێ لەکەشتییە یۆنانیەکان دەگریت لەبەندەرەکانی تورکیاوە کەلوپەل هەلگرن و هەروەها رێ لەهاتنی پیاوانی ئایینی یۆنان دەگرێ تا بۆ ئەنجامدانی رێو رەسمی ئایینی بۆ تورکیا بین، ئەمە جگە لەسەپاندنەوەی ڤیزا بەسەر گەشتیارە یۆنانیەکاندا کەسالی ١٩٨٨ ئۆزال نەیهیشت، سەرەرای هەموو ئەمانەش تورکیا هەرەشەی کرد کە زیاتر پشتگیری لەمەکدۆنیا و ئەلبانیا دەکات.

پەرلەمانی ئەوروپایی بۆ قایلبوونی لەسەر یەکیتیی گومرکی ئەوەی کرد بەمەرج کەدەبێ تورکیا لەبواری مافی مرۆڤدا دۆسیەی خۆی باش بکاتو گۆرانکاری بەسەر

کۆمـەلێك لەبابەتــەکانی دەسـتووردا بـهێنێت کەبوونەتـە کـۆت‌و پێوەنـد لەبـەردەم ئـازادی‌دا. گـەرچی ئـەو گۆڕانکارییانــەی کەپەرلـەمانی توركیـا لــەهاوین‌و پـاییزی ١٩٩٥دا ئەنجامیدان ریشەیی نـەبوون؛ بەڵام حـەزی ئەوروپاییـەکان بـۆ بـەهێزکردنی پێگــــەی تانســــۆچیللەر لەهەڵبژاردنــــە پەرلەمانیــــەکانی ٢٤ی ك١/١٩٩٥داو، دوورخستنەوەی تورکیا لەهەڵویستی نەیاری بەرامبەر خۆرئاوا، وایان لەپەرلـەمانی ئـەوروپایی کـرد ئـەو مەرجانـەی پێشـوویان ئافـەرۆز بکـەن‌و دەنـگ بۆئــەوە بـدەن کەتورکیا لەیەکێتـی‌ی گومرگـی‌دا ببێتـە ئـەندام. ئەمـەش لـە١٤ی ك١/١٩٩٥دا؛ واتـە دەرۆژ بەر لـەکاتی هەڵبژاردنـە پەرلەمانیـەکان بـوو کەبەدەسـتیوەردانی راسـتەوخۆی کاروبـاری نـاوخۆی توركیـا لەقەڵـەم درا. ئەمـەش ئـەو هەڵبژاردنـە بـوو کـە چیللــەر دۆڕانی‌و حیزبی رەفاهی ئیسلامی بردییەوە.

ویـرای ئەمـەو، سـەرباری "بـەها ناهاوبەشـەکان"، یەکێتی‌ی ئەوروپایی یـەکێتی‌ی گومرگــی‌ی لەگـەڵ تورکیـادا سـازکرد. ئـەم هـەنگاوەش پێداویسـتیەکانی سیسـتمی نـوێ‌ی جیـهانی دانـەبراوە. بەتایبـەتیش دوای ئــەوەی رازگــری گشــتی‌ی پــەیمانی باکووری ئەتلەسی، ئیسلام‌و بزاڤە فەندەمینتالیستەکانی بە مەترسـی‌ی سـەرەکی بـۆ سەر ئەو پەیمانە زانی، لەم چوارچیوەیەدا پەیمانەکە دەستی بەسیاسـەتی گرتنـەخۆو رووبەڕووبوونــەوەی ئـەم "مەترسـی"یـە کـرد. بۆیـە بـۆ وتوویــژ لەگـەڵ دەوڵــەتانی باکووری ئەفریقادا دەسپێشخەریی کرد. ئیدی لیرەوەیە کەشتیکی وا ناکرێ تورکیا زیاتر بخاتـە هەڵویسـتی دژ بـەخۆرئاواوە، ئـەو خۆرئاوایــەی چـاوی لەجموجوڵـەکانی رووسیا لەقەفقاسدا پۆشی‌و، بەدریژایی چوار ساڵ بەری لەهێرشـی سربەکان نـەگرت لەبۆسـنەداو، قـەرەبووی تورکیـای نـەکردەوە لــەو زیانانــەیدا کەلەئـەنجامی شــەری کـەنداوەوە لــێ‌ی کـەوت‌و، پشـتیوانی لەجیابوونـەوەی کوردەکـانی عـیراق دەکـات. ئەمانەش هەموو کۆمـەلێك گۆڕانکـارین کـەرۆلی تورکیایـان لەدەوروبـەرە هەرێمیەکـەی خۆیدا لاواز کردووە. لیرەوە واشنتۆن چ لەگەڵ ئەنقـەرەو چ لەگـەڵ ئەسـینادا هـەولیدا تــا ڤیتــۆ لەســـەر بەئــەندامبوونی تورکیــا لەیــەکێتی‌ی گومرگـــی‌دا هـــەلبگیرێ، لەئاماژەیەکیشدا بـۆ رۆلـی تورکیا لەرووبەرووبوونـەوەی فەندەمینتالیسـتەکان، چ لـە نـاو تورکیـاو چ لەخۆرهـەڵاتی نـاوەندا، جیگری وەزیـری بـەرگریی ئـەمریکا جۆزیـف نیـای بـەر لەسـێ مـانگ رایگـەیاند کـە "تورکیـا ئـەمرۆ بـۆ ئیمـە زۆر گرنگـترە لـەرۆژانی

جەنگی سارد. ئەم گرنگییەش بەتەنها لەپیگەی جیۆسیاسییەوە نەهاتووە، بەلكو لەوەشەوە رژیمیكی دیموكراتی عیلمانیيە".

بەلام توركیا نابێ چاوەرێ بیت لەئایندەدا هەنگاوی زیاتر بنرێ بۆ نزیك كردنەوەی لەئەوروپا. كاتێ راویژكاری ئەلمانیی كۆچكردوو فیلی برانت بەبالیۆزی توركیای لە بۆن (ئونور ئویمین) ی وت كە "ئایین كۆسپیكی گەورەیە" لەبەردەم بوونە ئەندامی توركیا لەیەكیتیی ئەوروپاییداو، هەروەها كاتێ سەرۆكی پیشووی كۆنسولیەتی ئەوروپاییش "جاك دیلور" وتی كە "ئەوروپا مەسیحیيە" دوو ئاماژەی ئاشكرا بوون بۆئەوەی كە ریكەوتنامەی یەكیتیی گومركی لەگەڵ یەكیتیی ئەوروپاییدا ئەوپەری شتە كە توركیا لە"رەوتی ئەوروپاییانە"یدا پێی بگات. ئەوە جێی ئەفسوسیشە ئەوەیە كە توركیا نرخیكی زۆر گەورەی بەرامبەر "دوا" هەنگاویك نا كە ئەنجامەكەشی دیار نیيە، بیگومان لیستی ئەو نرخەش لەم سنوورەدا ناوەستیت.

# بەشی پێنجەم

# جوولەكەی تورك یان توركی جوولەكە؟

# ١-جووله‌كه‌ له‌ توركیادا:
# كۆمه‌ڵێك زانیاریی دراوو ئامارو ناو

له‌ ساڵی ١٤٩٢دا شای ئه‌راگونی فردیناندو شاژنی قشتاڵی ئیزابیل توانییان ئیسپانیا له‌ ده‌ستی موسڵمانه‌كان بسه‌ننه‌وه‌. له‌و ساڵه‌دا میرنشینیی غه‌رناته‌ خۆی به‌ده‌ست هێزه‌ مه‌سیحیه‌كانه‌وه‌دا، ئیسپانیاش ده‌ستی به‌ پاكسازیی وڵات كرد ته‌نانه‌ت له‌ موسلمانه‌كان و هه‌روه‌ها جووله‌كه‌ش كه‌ سه‌رپشكی كردن له‌ نیوان دوو شتدا: یان ئه‌وه‌تا ده‌بێ ئایینه‌كه‌ی خۆیان بگۆڕن، یانیش ده‌بێ ئیسپانیا جێبهیلن. به‌شی زۆری جووله‌كه‌كان بریاریان دا ده‌ست له‌ جه‌ربه‌زه‌یی هه‌لگرن و خۆیان دوچاری ژیانی تاراوگه‌ نه‌كه‌ن، بۆیه‌ له‌ ئایینی جووله‌كه‌ هه‌لگه‌رانه‌وه‌و بوون به‌ مه‌سیحی. به‌ڵام زۆربه‌ی ئه‌وانه‌ی كه‌ به‌ شیوه‌یه‌كی نهینی هه‌ر له‌سه‌ر ئایینی خۆیان مانه‌وه‌؛ به‌ڵام به‌ رواله‌ت ببوون به‌ مه‌سیحی، له‌ دادگا كاسۆلیكی‌یه‌ پیرۆزه‌كانی پشكنین دا ژیانیان له‌ده‌ست دا.

به‌ڵام ئه‌وانه‌ی كه‌ ئه‌وه‌یان په‌سه‌ند كرد كه‌ جووله‌كانه‌ بمرن وه‌ك له‌وه‌ی ببنه‌ مه‌سیحی كه‌ ژماره‌شیان نزیكه‌ی سێ سه‌د هه‌زار كه‌س بوو، بریاریان دا كۆچ بكه‌ن؛سه‌رباری مه‌ترسیه‌كانی ریگاو بانه‌كان و تاڵانی له‌سه‌ر ده‌ستی دزه‌كان، یان له‌ برسانا و له‌ نه‌خۆشیانا مردن. دواجاریش ژماره‌یه‌كی زۆریان گه‌یشتنه‌ ئیتالیاو به‌لقان، ئه‌وانه‌ی گه‌یشتنه‌ توركیاش له‌سه‌د هه‌زار جووله‌كه‌یه‌ك زیاتر بوون، له‌ ساڵی ١٨٩٢یشدا، واته‌ له‌ یادی چوار سه‌د ساڵه‌ی كۆچی جووله‌كه‌كاندا له‌ ئیسپانیاوه‌، یه‌كیك له‌ شاعیره‌ جووله‌كه‌كان نووسیی: "ئه‌وه‌ی له‌سه‌ر ئاینی خۆی مایه‌وه‌، به‌ رووت و قووتی چووه‌ نیو ئه‌سته‌موولەوه‌، بۆ یه‌كه‌مجاریش گوییان لیبوو پییان ده‌وتن: "ئیوه‌ كۆچه‌رن، به‌خیرهاتن".

وه‌ختێ جووله‌كه‌كانی ئیسپانیا به‌ره‌و ده‌وله‌تی عوسمانی چوون، ئه‌م ده‌وله‌ته‌ قۆناغی دامه‌زراندنی تیپه‌راندبوو و چووبووه‌ قۆناغی فراوانبوون و گه‌شه‌سه‌ندنه‌وه‌. ئه‌و میژوونووسانه‌ی ده‌رباره‌ی جووله‌كه‌كانی توركیاش نووسیویانه‌ وایده‌بینن كه‌

گرنگترین پشتیوانە (رصید) یەك ئەو جوولەكانە لەگەڵ خۆیاندا بۆ توركیایان برد، دوای ئەوەی سەروەت و سامانی خۆیان لەدەست دا؛ بریتی بوو لە زانست و زانین. ئەمانە هەموو پیشەزان بوون و لە پیشەسازی و بازرگانیدا دەستیان هەبوو و، لە پیشەسازیی چەكیشدا پسپۆڕ بوون. هەر بۆیە ئەم شارەزاییەیان خستە ڕاژەی دەوڵەتی عوسمانیی‌یەوەو، بە تایبەتیش لە بواری چاپ و چنین دا، بە جۆرێك كە دوای پەنجا ساڵ لە پەیدابوونی چاپخانەی گۆتەنبێرگ یەكەمین چاپخانە چووە ناو وڵاتی عوسمانیەكانەوە.

شارەزابوونی جوولەكە لە زمانە خۆرئاواییەكاندا و مەیلیان بۆ بازرگانی و ئەزموونیان لە كاروباری دارایی و ئاڵوگۆڕی پارەداو پەیوەندییان لەگەڵ دەوڵەتانی تردا؛ بواری بۆ ڕەخساندن تا جۆرە كاری دەوڵەتی بگرنە دەست؛ لە قۆناغێكدا كە قۆناغی پەرەسەندنی پەیوەندی بوو لەگەڵ دەوڵەتانی ئەوروپادا.

لە كەشوهەوایەكی وەها لە باردا جوولەكەكان لەناو دەوڵەتی عوسمانی‌دا دەستیان بەكاروباری ژیانی خۆیان كرد. بە جۆرێك كە سەدەی شانزدەیەم بە "قۆناغی زێڕین" ی مێژووی جوولەكە لە توركیادا دەژمێردرێ.

لەم سەدەیەداو لە كاتێكا جوولەكەكانی ئەوروپا بە دەست چەشنەها چەوسانەوەو سەركوتكردنەوە دەیاننالاند، جوولەكەكانی دەولەتی عوسمانی لە سای موسلمانەكاندا بە ژیانیكی تەواو جیاوازی پر لە لیكبوردن و بەخشش ئاشنا بوون.

لەم قۆناغەدا كەسانیك لەنیو جوولەكەكاندا هەلكەوتن كە لە ژیانی دەولەتی عوسمانیدا رۆلی دیاریان گیرا. لەمانە "یاسیف ناسی" كە لە دایكبووی پورتوگالەو سەر بە خیزانیكی جوولەكەبوو كە بوون بە مەسیحی. بەرلەوەی لە دەولەتی عوسمانیدا ببیتە كارمەند؛ یاسیف ناسی بە "دۆن جوانی میگیز" دەناسراو سەرقالی كاروباری دارایی و ئالوگۆری پارەبوو، هەروەها خاوەنی چەند كۆمپانیایەكی بازرگانیی دەریاوانی بوو. هەر بۆیە سەروەت و سامانیكی زۆری هەبوو، لەنیوەندە سیاسییەكانی ئەوروپاشدا پلەو پایەی خۆی هەبوو. بەپێی دۆكیومنتەكانی موشیە هامون سەرۆكی پزیشكەكانی سولتان، میگیز لە سالی ١٥٤٤دا چوو بۆ ئەستەمووڵ و ناوی خۆی نا "یاسیف ناسی" بەهۆی ئەو كۆمپانیانەوەی كە هەیبوون، هەروەها ئەو پەیوەندییانەیەوە كە لە ئەوروپادا دایمەزراندبوون زانیاریی "ئیستیخباراتیانە"ی

دەخستە بەردەست دەسەڵاتی عوسمانی و، وەكو "راوێژكار"ێك لە كۆبوونەوەكانی "دیوان"دا بەشداریی دەكردو راپۆرتی سەبارەت باری دارایی‌و ئابووریی دەوڵەتانی ئەوروپاو ریكخستنە سەربازی و سیستمە جەنگیەكانیان پێشكەش دەكرد.

جوولەكەكانی ئەستەمووڵ لەرووی پلەو پایەوە شانیان لە شانی "سەدری ئەعزەم" و وەزیرەكان دەداو، لە بیست پیشەی جیاوازدا كاروبارییان بەرێوە دەبردو، وەكو چینی ناوەراستی ئەمرۆ ببوون بە ئەلقەی گەیەنەری توێژەكانی كۆمەڵ.

لەگەڵ پاشەكشێی رۆڵی/ گەشەسەندنی/ عوسمانیەكاندا؛ رۆڵی دەسەڵاتی جوولەكەكانیش رووی لە كزی كرد، ئەمەش لە سەرەتای سەدەی حەڤدەیەمدا روویدا، بە تایبەتی دوای سەرهەلدانی بزاڤە "رزگاریخواز"ەكانی جوولەكە كە بانگەشەیان بۆ ئەوە دەكرد تا جوولەكە بگەرێنەوە بۆسەر زەمینی بەلین پیدراویان لە فەلەستین، ئەمەش بووە مایەی گرژییەك لە پەیوەندییەكانی عوسمانی-جوولەكەدا و، بگرە هەندێ لە سولتانەكانی وەكو مورادی سێیەم دەیوت: "چی دەبیت ئەگەر سەری هەموو ئەمانە بپەرێنین؟"

ئیدی بەمجۆرە جوولەكەكان لە دەولەتی عوسمانیدا چوونە قۆناغی "دارمان" ەوەو ئەم بارە بۆ هەردوو سەدەی هەژدەو نۆزدە درێژەی كیشاو تا سەرەتای سەدەی بیستەم هیچ كاروچالاكیەكیان نەما.

ئەگەر بروانینە سەدەی هەژدەیەم، دەبینین لە شاریكی وەكو ئەزمیردا لە كۆی ٥ هەزار خیزانی جوولەكە بەتەنها پینجسەد خیزان خاوەن دوكان بوون. لە كاتیكا خیزانەكانی دی روویان كردۆتە سوالكردن (هەزار خیزان) یان هەندێ ریگا چارەی سادەی دی بۆ گوزەران. هەروەها جوولەكەكانی ئەستەمووڵ و ئەدرنە، كە زوربەیان سوالكەرو قاچاخچی و كۆلهەلگرو دیوەرە بوون. بەلكو تەنانەت حاخامەكانیش "لە هەژارییەكی سەختدا دەژییان".

لە هۆیەكانی پاشەكشێی رۆڵی جوولەكە عوسمانیەكان گەشەسەندنی رۆلی ئەرمەنیەكان لە دەولەتدا لەسەر حسابی پلەو پایەی جوولەكەكان لە ئابووری بەرێوەبردندا.

لە سالی ١٨٩٣داو لەگەڵ سەرەتای سەردەمی "ریكخراوەكان"دا، جوولەكەكان كە رابەریكیان نەبوو، لەژیر رابەرایەتیی ئیبراهام دۆكامۆندۆدا كۆبوونەوە. ئەم كابرایەش

وەکو "رۆچیلدی خۆرهەڵات" بوو، بانکداریکی زۆر دەولەمەند بوو، هەولیدا بەرامبەر "لوبی‌ی ئەرمەنی" پیگەی کۆمەلەکەی خۆی پتەو بکات.

جوولەکەکان لە بزووتنەوەی "یەکیتی‌ی تورکی" دا رۆلیکی گرنگیان بینی، بەرادەیەك دوای سالی ١٩٠٨ هیچ ئەندامیك نەبوو لەو ریکخراوەدا ناموسلمان یان نا تورك بێ جگە لە جوولەکەکان. هەروەها کۆمەلیك جوولەکەی ناسراو لە بزووتنەوەی "تورکە لاوەکان"دا لە سالۆنیك رۆلی دیاریان بینی، لەوانە" ئەلبیرت فوا، لیون گاتینیو، ئەشیر سالم، ئیبراهام گالانت، ئیمانۆیل قەرەسو.

پاش دامەزرانی کۆماری تورکیا، پەیمانی لۆزان دانی بە مافەکانی ئەو کەمینانەدا نا کە لە تورکیا مابوونەوە، لەوانەش کەمینەی جوولەکە. بەلام ئەم پەیوەندییەی نیوان جوولەکەو تورك کە بەردەوام لەتازە بوونەوەدا بوو بەهۆی پروپاگەندەی زایۆنیستیەوە نەما، هەروەها بەهۆی سەپاندنی "باجی بوون"ەوە، کە باجیك بوو هەموو باجدەرانی دەگرتەوە. بەلام ناوەکان بەپیّی ئایینەکانیان تۆمار کرابوون. ریژەی سەپینراو بەسەر موسلمانەکاندا ٥٪بوو، کەچی لەسەر جوولەکەکان ١٠٪ بوو، ئەم باجە بوو بەهۆی ئەوەی جوولەکەکان هەرچییەکیان هەیە بیفرۆشن تا بتوانن بیدەن، تا نابوود بوون. ئەوەی باجەکەشی نەدەدا؛ دەنیردرا بۆ ئۆردوگایەکی سەنتەری لە "عیشق قالە" و دەگیرا. بە کورتی جوولەکەکان لە تورکیادا گورزیکیان خوارد کە هەرگیز لەوەوپیش نەیانخواردبوو.

بە دۆرانی ئەلمانی نازیست لە جەنگدا و سالی ١٩٤٤ باجی بوون لابرا. بەلام ئاسەوارەکانی لەسەر کۆمەلی جوولەکە لەناو تورکیادا مایەوە. لەگەلّ دامەزراندنی دەولەتی ئیسرائیلیشدا لە سالی ١٩٤٨دا، جوولەکەکان؛ بە تایبەتیش چینی ناوەراست و زیاتریش هەژارەکان تورکیایان جیهیشت و بەرەو دەولەتی نویّ بەریّ کەوتن. لە کۆی هەشتا هەزار جوولەکە لە سالی ١٩٢٧دا، بە تەنها سی‌هەزاریان لی مایەوە لە کۆتایی چلەکاندا.

ئەو جوولەکانەی لە سەردەمی کۆماریداو تا دامەزراندنی ئیسرائیل لە تورکیادا مانەوە دەستیان دایە وەبەرهینانی پیشەسازی، بە رادەیەك لە سالی ١٩٤٢دا لە پیشەسازیی کوتالّ و کاوچۆك و گۆرەویی گرانبەهاو ئاوریشم و چەترو جزمەو دەبباغی‌دا دەستیکی بالایان هەبوو. هەروەها لە کاتی جەنگی دووەمی جیهانیدا

جوولەکـەکان لـە ئەسـتەمووڵ خـاوەنی کۆمپانیایـەکی کەشـتی و دوانـزدە کارگـەی ئاوریشم بوون. ئەمانەش هـەموو لـە رووی داراییـەوە پشتبەسـتوو بوون بـە دەزگـای "پەیمانی جیهانیی جوولەکە" کە یارمـەتی‌ی گـەورەی بۆ پشتیوانیی باری ماددی و مانەویی جوولەکە لە جیهاندا پیشکەش کردووە.

پـاش دامـەزرانی دەولـەتی ئیسـرائیل و ریـك لـە نیـوان سـالانی ۱۹۵۰-۱۹۸۰دا جوولەکە تورکـەکان بـەردەوام و هـەموو ساتیك بـە خۆیـان و جانتایـەکی سـەرشـانەوە ئامادەبوون بۆ کۆچ بـەرەو ئیسـرائیل. هـەر بۆیـە لـەم ماوەیـەدا وەبـەرهینانی گرنگیـان ئـەنجام نـەداوە. لەگـەڵ ئەوەشـدا ۸۰٪ ی کـەرتی چنـین لـە تورکیـادا و لـە سـالانی حەفتاکاندا هەر بەدەستی جوولەکەوە بووە.

ئەو باجی بوونـەی باسمان کرد بووە هـۆی ئـەوەی جوولەکـەکان نـەتوانن کـاری وەبـەرهینانی "سـەقامگیر" لـە تورکیـادا ئـەنجامبدەن، بـەلکو دەسـتیانکرد بـە وەبەرهینانی سـەرمایەکانیان لـە کەرتـە "بـزۆك-متحـرك" ەکـاندا.بـەلام ئەمـەش رێی لـەوە نـەگرت کـە کۆمـەلیك کەسیتی‌ی جوولەکە لـەزۆر بـواری پیشەسـازی و دەزگـا و کەرتەکاندا لەپیشەوە بن. لەو کەسیتییانەش برنار ناحوم کە لە سالی ۱۹٤٤دا لەگـەڵ کۆمەلـەی "قـوچ" دا دەسـتی‌بەکار کـردو پیشـەنگی پیشەسـازیی ئۆتۆمۆبیـل بوولـە تورکیادا. هـەروەها ئەلبیر بیلین کە لە سالی ۱۹٥٦دا کۆمـاریکی بـەناوی "کیمیـاتیك" ەوە دامەزراندو، پیشەنگی پیشەسازییە کیمیاییەکان بوو. پاشان پـەیدابوونی کـەرتی پروپاگەندە بەهۆی رۆلی ئیزیدۆر بارۆخەوە کە خاوەنی یەکەم کۆمپانیای پروپاگەندە بوو کە فەرەنسایی‌یەك لە سالی ۱۹۰۸دا لە تورکیا دایمەزراندو بۆ سالانیکی زۆر تاقە کۆمپانیـای پروپاگـەندە بـوو لـە تورکیـاداو، تـا ئیسـتاش کاریگـەریی خـۆی هەیـە. هـەروەها ئیلـی ئاجیمان بە "باوکی پروپاگەندەی تورکیایی" دادەنرێ؛ کە شیوازی نـوێی لـە پروپاگـەندەدا داهینـاو، خـاوەنی کۆمپانیـای "ماناجـانس"ە کـە بـە سەرەکیترین کۆمپانیاکانی پروپاگەندە دەژمیردرێ.

هـەروەها هـەردوو بـرا فیتـالی و ئـەلبیرهاکۆ پیکەوە دەزگـای "هـاکۆ"ی جلوبـەرگی ئامادەیـان دامـەزراند، کـە بەرهەمـەکانی لـە باشـیدا شـان لـە شـانی بەرهەمـە خۆرئاواییـەکان دەدات. بـەلام جاد عەمبـەر غیریش خـاوەنی ۸۰٪ی بـازاری نـاوخۆی شفرەکانی (**Perma- Sharp**)ە کە بەرهەمی بۆ تەواوی جیهان دەچیت.

یەکیك لە جوولەکەکانی تورکیا سەبارەت  بە باری ئەمرۆی جوولەکە لە تورکیادا دەلێت کە ژمارەیان بە بیست هەزار کەس دەخەملێنرێ کە دوو هەزاریان لە دەولەمەندییا شان لە شانی دەولەمەندەکانی ئەوروپا دەدەن. لە پاڵ ئەوەشدا کە هەندیکیان بەلای رای گشتیی تورکیاوە ناسراون وەك: جاك قەمحی و ئیسحاق ئەلئەتون و فیتالی هاکۆ؛ ژمارەیەکی زۆری تریان هەیە کە کاردەکەن و نەناسراون. ئەوانی تریش سەر بە چینیناوەراستن و سەرگەرمی بازرگانی و چاپ و پاریزەری و ئەجزاخانەگەری (صیدلة) و کاری تری لەو جۆرەن. زۆربەی ئەمانە لە گەرەکەکانی "غیرەت تەپە" و "کورتولوش" و "شیشلی" و "غوزتەپە" ی ئەستەمووڵ دەژین. نزیکەی ٥٠٠-١٠٠٠ جوولەکەی "هەژار"یش هەن کە لە گەرەکەکانی شیش خانەو بەلات و فینیز دەژین.

لە هەشتاکانی ئەم سەدەیەدا (واتە سەدەی بیست-و-) ئەو جوولەکە خاوەن کاروپیشانەی کە لەسالآنی رابردوودا خۆیان لەرای گشتی بەدوور گرتبوو خۆیان خستە روو. لەمانەش هەردوو دامەزرینەری کۆمەلەی "ئالارکۆ": ئیسحاق ئەلاتۆن و عوزیر قارح و، دامەزرینەری کۆمەلەی "برۆفیلۆ" جاك قەمحی. ئیسحاق ئەلاتون وینەیەکی نائاسایی بۆ خۆی دروستکردووە کە وەکو "دیموکراسیخوازیکی سۆسیالیست" خۆی پیشانداوە و بۆ پشتگیریی ئەم بارەیشی لە زۆربەی پەیوەندییە نیو دەولەتیەکانی تورکیادا رۆلی "نیوەند"ی بینیوە. عوزیر قارحیش بەوە ناسراوە کە لە دەیان کۆمەلەو ریکخراودا کاری کردووە و لە دەزگاکانی راگەیاندندا نووسیویەتی و هەلویستی راشکاوی هەبووە و دەرگای بۆ رۆژنامەکان لەسەر پشت بووە. جاك قەمحیش "مەلبەندی گەشەپیدانی ئابووری"ی دامەزراند کە یەکیکە لە کاریگەرترین دەزگاکان و پشتیوانیکی گەورەی کۆمەلەی ئەوروپایی لە تورکیادا. هەروەها کورەکەشی کە ناوی جیفی قەمحی‌یە لەو کۆمەلآنەدا کە بەشداریی تیایاندا کردووە سەرکەوتنیکی گەورەی بەدەستهیناو وەکو نوینەری حیزبی "ریگای راست"یش لە ئەستەموولدا هەلبژیردرا. بنەمالەی قەمحی لە دامەزراندنی "مەلبەندی تورکیای تەکنۆلۆژی"دا رۆلیکی دیاریان هەبوو.

لەپاڵ ئەم چالاکی‌یە "کۆمەلآیەتی"انەی جوولەکەکان و لە هەشتاکاندا، وەکو ئیسحاق ئەلاتۆن دەلیت "خالی وەرچەرخان" لە بواری ئابووریدا روویداو

جوولەکەکان وازیان لە مەیلە کاتیەکانیان هیناو لە کەرتە "نەگۆڕ"ەکاندا دەستیان بە وەبەرهینان کرد.

بەڵام رووداوی گەورە لە میژووی جوولەکەی تورکیادا لە سالی ١٩٨٩دا رووی‌دا، کاتێ جاك قەمحی "مەلبەندی سالی پینجسەدەمین"ی دامەزراند، کە ناوەکەی لە تیپەربوونی ٥٠٠ ساڵ بەسەر کۆچی جوولەکەدا لە ئیسپانیاوە بۆ تورکیا وەرگیراوە. ئامانجی ئەم مەلبەندەش هەروەکو لە بەیاننامەی دامەزراندنیدا هاتووە بە گشتیکردنی تیروانینی مرۆڤدۆستانەی تورکە بۆ جیهان، هەرچۆن لەسەریکی تریشەوە سیمبولیکە بۆ ئەوەی کە ئەو برینانەی باجی بوون دروستی کردن وا بەرەو ساریژ بوون دەچن. دامەزراندنی ئەم مەلبەندە کەلەبەریکی خستە نیو ریزەکانی جوولەکەوە. چونکە بەرای هەندیکیان کردنەوەی ئەم مەلبەندە باری جوولەکە دەخاتە بەرچاوو هەندێ نیوەندیان دەکات بە نیشانەیەك بۆ دوژمنانیان. بەڵام ئەوانەی لایەنگری "خۆ ئاشکراکردن"ن ئەوە بە دەرفەتیکی زۆر گونجاو دەزانن وەکو سوپاس و پیزانینی جوولەکەی لە قەلەم دەدەن بۆ تورکیا، بەرامبەر بەوەی ٥٠٠ ساڵ لەوەوبەر گرتنیە خۆی.

دووان لە پیشەنگانی جوولەکەکانی تورکیا چۆن دامەزراندنی "مەلبەندی سالی پینجسەدەمین" و باری جوولەکە لە تورکیادا بەگشتی هەلدەسەنگینن؟

## جاك قەمحی: (سەرۆکی "مەلبەندی سالی پینج سەدەمین")

–هەندێ لە هاوریيانمان لەگەڵ ئەوەدا نەبوون بە بۆنەی یادی پینجسەد سالەی هاتنی جوولەکەوە بۆ تورکیا ئاهەنگ بگیرین. گەرچی ژمارەی ئەو هاورییانە کەمن، بەڵام ئیمەش کاتێ کاریك دەکەین؛ چاوەرێی ئەوەنین هەموو لەگەلماندا بن. ئەمانە رایان وابوو کە پیویست ناکات بە بۆنەی یادی ٥٠٠ سالەی کۆچەوە جوولەکەکان کە تا ئیستا بە بیدەنگی ژیاون؛ئاوەها کتوپرو بەو قەوارەیە خۆیان ئاشکرا بکەن. لەبەرئەوەی دوژمنایەتیکردنی جوولەکە کەلای زۆربە هەیە، بووەتە هۆی کاردانەوەیەکی خراپ لەسەر چالاکی‌یە زۆرەکانمان. بەڵام من بەش بە حالی خۆم لەگەڵ ئەو بۆچوونەدا نیم. ئیمە کە ریمان گرتۆتە بەر بۆ ئەوەیە کاری باش بکەین. ئاسانیش نی‌یە بە تەنها خۆمان ئەم کارە بکەین. بۆیە داوای یارمەتیمان لە دەولەت

کرد. چونکە ئەوەی ئیمە دەیکەین لە هەمان کاتدا پروپاگەندەیەکە بۆ تورکیاش. ڕاست نی‌یە کە دەوترێ گوایە ئیمە بە پارەی دەولەت پروپاگەندە بۆ جوولەکە دەکەین. تەواوی ئەو پارانەی لە بیناکردنەوەی کەنیشتەی جوولەکان و پرۆژەی تری لەو بابەتەدا خەرجکراون هی جوولەکەکان خۆیان بوون. پشتگیریی دەولەت تەنها لە ناساندن و ڕاگەیاندنی نیو دەولەتیدایەو بەس، جگە لە هەندێ چالاکیی دی. من هەرگیز وروژاندنی ئایینیك یان نەتەوەیەك دژ بە ئایینیك یان نەتەوەیەکی دی بە شتیکی ڕاست نازانم. جوولەکەکان بەشیك بوون لە کۆمەلی تورکی. بۆ نموونە من هاوسەرەکەم تورکیکی موسلمانە. ئایا ئیستا دەتوانین دوو جوولەکە لەناو هەزار کەسدا جیابکەینەوە؟. ئەمە ناکرێ. چونکە شتیك نی‌یە کە جوولەکە لە کۆمەلی تورکی جیا بکاتەوە. بەلام خەلکانیك هەن یەکیتی‌ی ڕیزەکانی جوولەکەیان پێ خۆش نی‌یە. ئەم یەکیتی‌یەش شتیك نی‌یە مایەی شەرم بیت؛ بەلکو مایەی شانازی‌یە و، نموونەیەکە بۆ ئەوانی تر. هەروەها من ئەوەش بە ڕاست نازانم زاراوەی "کۆمپانیایەکی جوولەکە" یا "خاوەنکاریکی جوولەکە" بەکاربهینرێ. کۆمپانیاکەمان "پرۆفیلۆ" یان کۆمپانیای "ئالارکۆ" دوو کۆمپانیای جوولەکەن؟ نەخیر. بەلکو دوو کۆمپانیای کراوەن لەبەردەم گەلدا.

## ئەلبیریلین: (سەرۆکی کۆمەلەی خاوەن پیشە کیمیاییەکان لە تورکیادا)

–یادی ٥٠٠ سالەی کۆچ و، ئەو مەلبەندەی بەم بۆنەیەوە دامەزراوە کۆمەلیك پرسیار سەبارەت بە جوولەکەکان دەوروژینن، وەکو: بە دریژایی ئەم ٥٠٠ سالە جوولەکە چی‌ی کردووە؟ چۆن ژیاون؟ لە تورکیادا مافی هاوولاتیتی بە جوولەکەکان دراوە، بەلام لەگەل ئەوەشدا بە بیدەنگی ژیانی خۆیان بردۆتە سەرو بەبێ ئەوەی دەست لە سیاسەت وەربدەن.

بۆ ئەوەی خۆیان لە دەولەتیش دووربگرن دەستیان دایە بازرگانی‌و پیشەسازی و لەجۆرە گۆشەگیرییەکدا ژیان. لە فرۆشیاریانەوە تا دەورو دراوسیکانیان لە ژینگەیەکدا ژیان کە هەمووی لە جوولەکە پیکهاتبوو.

هەر بۆ نموونە: لە مالی ئیمەدا باوکم و دایکم بە فەرەنسی دەدوان، کە لە قوتابخانە فیری بووبوون. منیش زمانی تورکیم فیری دایکم دەکرد. ئەو دەمە

ئافرەتی جوولەکە بە پیویستی نەدەزانی فیری تورکی بیت. لیرەدا ئەو پرسیارە دیتە پیشەوە کە ئایا دەرگاکانی دەولەت بە رووی جوولەکەدا داخرابوون. پیویستە لە "مەلبەندی پینجسەد ساله" گفتوگۆ لەسەر ئەمە بکریٚ. بەلاٚم سەرباری ئەم گۆشەگیرییەش جوولەکە مەیلی بەلای تورکدا هەبووە. دوای ئەوەی سالونیك کەوتە دەستی یۆنانییەکان، باوکم هات بۆ ئەستەموول و ژیانی لەگەلْ تورکدا بردە سەر. ئەو کات دروشمی"هاوولاٚتی دەبیٚ بە تورکی قسە بکات" بەرزکرابۆوە. بە بروای هەمووانیش هەرچی بازرگانییە لە دەستی جوولەکەدا بوو. بەلاٚم ئەم بروایە گەر لەجیٚی خۆشیدا بووبیت، "باجی بوون" تارادەیەکی زۆر لە رۆلی جوولەکەی لە بازرگانیدا کەمکردەوە. باوکی گەرچی هەژاریش بوو کەچی ئەم باجە ئەویشی گرتەوە. دەبووایە دوو هەزار لیرەی بدایە، ئەگینا چارەنووسی زیندانیکردن بوو لە مەلبەندی کۆکردنەوەی جوولەکە لە "عیشق قالە". "باجی بوون" و مەلبەندی "عیشق قالە" دوو نیشانەن کە لە یاددا ناسررینەوە. بەلاٚم خۆگەر ئەلمانیەکانیش بهاتنایەتە تورکیاوە دەیانکردین بە سابوون.

کاتیٚ سالی ١٩٤٦ قوتابخانەی ئامادەیی "غەلتەت سەرای"م تەواو کرد، دەرامەتی مالەوەمان بەشی ئەوەی نەدەکرد بچمە زانکۆ. تەواوی مەرجەکانی وەرگرتنی مافی خویندنم هەبوو، کەچی دەبووایە ئیفادەم لە دائیرەی ئاسایشیشەوە هەبووایە. بەریوەبەری ئاسایش پیٚی ووتم: "تۆ چ سوودیکت هەیە بۆ نیشتمان، ئیفادەت نادەمیٚ" و لە ژوورەکەی دەری کردم. من زۆر ترسام و نەمتوانی وەلاٚمی بدەمەوە. دواتر کابرایەکی دەولەمەندی جوولەکە خەرجیٚی خویندنەکەمی گرتە ئەستۆی خۆی و توانیم بچمە زانکۆ. گەرچی بەریوەبەری ئاسایش هەر فەرق و جیاوازیی دەکرد، بەلاٚم من هەمیشە وەکو تورکیك تەماشای خۆم دەکرد.

## دەسەلاٚتی جوولەکە لە دەزگاکانی هەردوو لۆزەندەری کەرتی تایبەتی تورکی "وەهبی قوچ" و "عومەر سابانجی"

وەهبی قوچ و حاجی عومەر سابانچی (کە هیچیان جوولەکە نین) بە دوو لۆزەندەرەکەی کەرتی تایبەت و گەورەترین دوو دەولەمەندی تورکیا دەژمیردرین. لەبەرئەوە شتیکی ئاساییە لە پلەو پایە ئیدارییە گرنگەکانی دەزگاکانیاندا کەسانیکی جوولەکە ببینینەوە.

یەکێك لەو فرۆشیارانەی هەر لە سەرەتاوە وەهبی قوچ لە دەزگاکەیدا دایمەزراند "لاهیبا ئەلمولکی"ی جوولەکە بوو. سی ساڵ خزمەتی تیا کرد (واتە تا مردنی). کاتێ وەهبی قوچ "کۆمپانیای بە کۆمەلی وەهبی قوچ و هاوبەشەکانی" دامەزراند، کە یەکەم کۆمپانیا بوو لە ئەستەمووڵ، کەس تیایدا زمانیکی بیانیی نەدەزانی، هەر بۆیە قوچ چاوی خستە سەر "ئیسحاق ئەلتاییف"ی جوولەکە کە سەرۆکی کۆمپانیای بیکەر بوو. ئەلتاییف ١٥٪ی بەشەکانی کۆمپانیاکەی بەرکەوت و، کاروبارەکانی کۆمپانیاکەی لەگەڵ ئەوروپادا بەریوەدەبردو، دوای ئەویش، جوولەکەیەکی دی هاتە کۆمپانیاکەوە کە ئیسرائیل مینیشیە بوو و بۆ ساڵانیکی زۆر لای قوچ کاری کرد. هەروەها جوولەکەکان گەورەترین پشتیوانی قوچ بوون لە پیشەسازیی ئۆتۆمۆبیلدا کە بۆ یەکەمجار لە سالی ١٩٢٨دا دەستی دایە، پاش ئەوەی لە کۆمپانیای "فۆرد"ەوە وەکالەتیکی بەدەستهینا. قوچ بۆ ئەم کارە بە دوا بەریوەبەریکی باشدا دەگەرا و بۆ ئەم مەبەستە لەگەڵ "برنار ناحوم" دا ریك کەوت، کە لە سالی ١٩٤٤دا لای برایان "بورلا" لە کاروباری ئۆتۆمۆبیلسازی و پیداویستیەکانیدا کاری کرد. هەروەها هەردوو کورەکەی ناحومیش لای قوچ کاریانکردو، هەندێ لە دەزگاکانیان بۆ بەریوەبرد.

"برتی قەمحی"یش کە جیگری سەرۆکی ئۆتۆمۆبیلسازی بوو، یەکیك بوو لەو جوولەکانەی زۆر سوودیان بە قوچ گەیاند لە بواری پەیوەندییەکانیدا بە دونیای دەرەوە. برتی قەمحی پاش ئەوەی لەگەڵ ئیلی بورلادا بەینیان تیکچوو، لەرێی برنار ناحومەوە پەیوەندیی بە کۆمەلەی قوچەوە کرد. برتی قەمحی کە وەکو بەریوەبەریکی گشتی لە کۆمپانیای "ستاندارت بیلدیە"دا دەسبەکار بوو، کەرتی پاسکیلسازیی لە کۆمپانیای قوچ دا دامەزراند.لە پشتیوانە گەورەکانی تری قوچ ئیسحاق دی ئەسکینازیس. قوچ تا سالی ١٩٨٧، واتە تا کاتی خانەنشینکردنی لەسەر ئەو کارانەی بەردەوام بوو.

بەڵام حاجی عومەر سابانجی هەر لە سەرەتای ژیانیەوە لەلایەن جوولەکەکانەوە پشتگیری کراوە. کاتێ سابانجی لە قەیسەریەوە بەرەو ئەدەنە چوو، خۆی بەرامبەر دەسەڵاتی خاوەنکارە جوولەکەکاندا بینییەوە. کارگەی رۆنی "غلیدۆ" کە تاقە کارگە بوو لە ناوچەکەدا، هی "رافیل غلیدۆ"ی جوولەکە بوو. هەروەها بازرگانانی لۆکەش

هـەر جوولەکـە بـوون، وەکـو: مویـزو، ئـەلبیر ئـەمادۆو، فیتـال ئەسـکینازی و، جـاك نـاتۆس. لەبـەر ئـەو قازانجـە زۆرەی کـە کارگــەی رۆنەکـەش لـە دووەمـین جـەنگی جیهانی‌دا بەدەستی دەهینا، سابانجی ویستی بیکریتـەوە، بەلام بۆی نەچووە سەر. بۆیە بریاری‌دا کارگەیەکی تری رۆن دابمەزرینیت؛ بەلام بەخت یاری رافیـل غلیـدۆ نەبوو بۆیە کارگەکەی خۆی فرۆشتەوە بە سابانجی، ئەو کارگەیەی ئەمرۆ بە "مارسا" ناسراوە.

لـەو سـالانەدا سـابانجی کارگەیـەکی دەزووی کرییـەوە کــە هــی خاوەنکـاریکی جوولەکە بوو. گرنگترین دەزگای چنین لە تورکیادا "مەلبەندی بەرهەمە چنراوەکان" جوولەکەیەك بەریوەی دەبرد کە ناوی نەسیم کاسادۆ بوو، کە ببوە ئەفسانەیەك لە پیشەسازیی چنین دا، هەرخۆی بریاری لەسەر بەرهەمەکەو رەنگی و بری بەرهەمەکە دەداو لە سەرفکردنیشیدا سەرکەوتنی بەدەست هینا. سابانجی پیشنیازی کرد کە دوو هیندەی مووچەکەی مەلبەندی بەرهەمە چنراوەکانی دەداتێ، ئەویش قایل بوو و بووە هـۆی ئـەوەی چەند هـەنگاویکی گـەورە کۆمپانیاکـەی سـابانجی بـەرەو پیشـەوە بەریت. سابانجی لەگـەڵ هـەردوو جوولەکـە داریـۆ لیفـی و یاشـار چیکفـا شـفیلی‌دا پیشەنگی پیشەسازیی دەزووی نایلۆن بوون لە تورکیادا.

## جوولەکەی جیهانی و کەنالی تەلەفزیۆنیی SHOW T.V

لە راپۆرتیکدا کە سەرۆکایەتیی موخابەراتی تورکی ئامادەیکردبوو، بەشیکی لە گۆڤـاری "ئیکـی بینیـە دۆغـرو" دا بلاوکرابـۆوە هـاتووە کــە کـەنالی تەلــەفزیۆنی‌ی تورکیی تایبەت SHOW T.V. بووەتە مایەی نیگـەرانیی ئاسایشـی تورکیـا، ئەمـەش لەبـەر جـۆری ئـەو بەرنامــە هــەوالئامیزو ئاسـاییانەی پەخشــی دەکـات و، هــەروەها ئەوانــەی ســەرمایەیان بـۆ خسـتۆتە گـەر، کـە پـەیوەندارن بـە نیوەنــدە پارەدارەکانی جیهانی‌یەوە. زۆربەی بەرنامەکانی ئەم کەنالە لە سەریکەوە هەولدەدات شتی سیاسی بوروژینیت و، لە سـەریکی تریشـەوە لـەریێی زنجیرەو فلیمـی رووتـەوە دەیەویێ چیژی گشتی بشیوینیت.

هەروەها راپۆرتەکە باسی ئەوە دەکات کە ئەمریکا ئـەو تیمـەی هینـاوە بۆ تورکیـا کـە سەرپەرشـتیی کەنالەکـە بکـات. راپۆرتەکـە بـەمجۆرە سـەبارەت ئـەدگارەکان و پەیوەندییەکانی تیمە سەرپەرشتیارەکە دەکات:

ئیدۆل ئاق سۆی: پارەداریكی گەورەیە، لە فەرەنساو ئەمریكاداچەند بانكیكی هەیە و، لەوەوە ناوی دەركرد كە پارەداری جوولەكە رۆچیلد پشتیوانیی دەكرد، ئەمە جگە لە پشتیوانیی چالاكیيە زایۆنیستیەكان.

كۆمپانیای "پرۆفیلۆ" : هی جوولەكەی توركی ناودار جاك قەمحیيە، كە لە هەمانكاتدا سەرۆكی "مەلبەندی پینجسەدەمین ساڵ"ی جوولەكەیە.

جیهان قوماندریت: خاوەنی كۆمپانیای "گراندیك"ن. جیفی قەمحی (كوری جاك قەمحی) پەیوەندیی بە هیزی لەگەڵ ئەو خیزانەدا هەیە كە خاوەنی كۆمپانیاكەن و لە سویسرا دەژین. ئەم خیزانە جوولەكەن.

ئەحمەد مونیر ئیرتیگۆن: لەلایەن كۆمەلەیەكی پارەداری جوولەكەوە پشتگیری دەكریێ كە خاوەنی كۆمەلیك دەزگای بەرهەمهینانی تەلەفزیۆنی و مۆسیقایی و سینەمایین لە ئەمریكادا.

راپۆرتەكە دەلیت كە بربراگەی پشتی ئەم تیمە "ئیدۆل ئاق سۆی"ە، ئەوانی تریش هەموو خاوەنی كۆمپانیای ترن لە ئەمریكادا، لەوانە بەتەنها جیفی قەمحی خۆی شەش كۆمپانیای هەیە.

سەرچاوەیەكی نزیكیش بە ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی توركیا دەلیت كە دامەزراندنی كەنالی SHOW T.V. لە چوارچیوەی ئەو هەوڵانەدایە كە ئەمریكاو كۆمەلە پارەدارە جوولەكەكان دەیدەن بۆ كاریگەری خستنە سەر ناوخۆی توركیا، لەپاش جەنگی كەنداوەوە.

## پەیوەندییەكانی توركیا-ئیسرائیل :

### چەند ویستگەیەك لە دواساتدا

لە سالی ١٩٩٢ەوەوە پەیوەندییەكانی نیوان ئەنقەرەو تەلئەبیب بەرەو باشی چوون. ئەم بەرەو پیشچوونەش خۆی لە چەند ویستگەیەكدا دەبینیتەوە كە دیارترینیان سەردانەكەی سەرۆكی ئیسرائیل حاییم هرتزۆگ بوو بۆ توركیا لە ناوەراستی مانگی تەمموز یۆلیۆی ١٩٩٢دا.

لە راستیدا پەیوەندیی نیوان توركیا و ئیسرائیل هەر لە زووەوە پەیوەندییەكی باش بووە، بەلام نەخراوەتە روو. تەنانەت سەر وەختێ كە پەیوەندییە

دیپلۆماسیەکانیشـیان لەسـەر ئاسـتی نوینەرایـەتی بـوو (نـەك سـەفارەت   و–)، هەردوولا پەیوەندییان لەسەر ئاستیکی بەرز لەگەلّ یەکتردا هەبوو. دکتۆر حەسەن قونی، مامۆستای پەیوەندییە نیو دەولەتیەکان لە کۆلیژی زانستە سیاسیەکانی ئەنقەرەدا، توندو تۆلبوونی ئەم پەیوەندییەی تورکیا لەگەلّ ئیسرائیلدا دەگەرینیتەوە بۆ دوو مەبەست:

یەکەم: بەلای خۆدا راکیشانی لوبی‌ی جوولەکەی جیهانی، بە تایبەتیش لە ئەمریکادا، دژ بە لوبی‌ی ئەرمەنی و یۆنانی.

دووەم: ئارەزووی تورکیا بۆ چوونە ناو بازارەکان و دامەزراوە داراییەکانی جیهان، کە لە یانەیەك دەچیت؛ کلیلەکەی ئیسرائیل بیت.

بەلاّم بەلای ئیسرائیلەوە، هەندێ نیوەندی تورکیا ئەم هەنگاوانەی نزیکبوونەوە بە حەزی دەولەتی عیبری لە قەلەم دەدەن بۆ چوونە ناو دەڤەری ئاسیای ناوەراستەوە، کە حاییم هیرتزۆگ بە "دەڤەری مەزن" ناوی بردووە. تاقە ولاّتیش کە دەتوانێ ئاسانکاری بۆ سەرمایە گوزاریی جوولەکە لە ولاّتانی ئیسلامیی ئاسیای ناوەراستدا بکات، تورکیایە. ئەوەی کە دەبیتە مایەی ئاسانکاریش بۆ هاوکاریی نیوان تورکیاو ئیسرائیل نەرمی نواندنی عەرەبە لە هەلویستە توندەکانیاندا بەرامبەر ئیسرائیل و هەروەها گوشاری ئەمریکا.

ریچارد ئارمیتاجیش، کە نوینەری سەرۆك جۆرج بوش و ریکخەری پەیوەندییەکانی ئەمریکا بوو لە مەسەلەی خۆرهەلاّتی ناوەندو یارمەتی‌ی کۆمەلەی دەولەتە سەربەخۆکاندا، لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانی‌دا کە لە ٢٩ی تەمموزی ١٩٩٢دا لە قودسی داگیرکراو بەسترا، پەردەی لەسەر لایەنیکی تری ئامانجەکانی هاوکاریی ئەم دواییەی نیوان تورکیا–ئیسرائیل هەلمالی ووتی ئامانجی سەرەکیی ئەمریکا لە ئاسیای ناوەراستدا "ئیفلیجکردنی ئسولیەتی ئیسلامی"یە کە ئیران رابەرایەتیی دەکات و، تیگەیاندنی ئەم گەلانە لەوەی کە ئیسرائیل لە ریٚی ئەزموونەکانیەوە لە توانایدایە دەستی یارمەتی بۆ پەرەدان بە پرۆژە کشتوکالیەکان لەو ولاّتانەدا دریژ بکات کە بەدەست کەمئاوی‌یەوە دەنالینن. بۆ رووبەروو بوونەوەی دەسەلاّتی ئیرانیش تورکیا وەکو دەولەتیکی موسلمانی عیلمانی، باشترین ئامرازەو، دەتوانێ ئەوە پیشانی گەلانی ئاسیای ناوەراست بدات کە دیموکراسی و ئیسلام دوو شتی

بەیەك ناكۆك نین، بەڵام پیشكەوتنی ئەم گەلانە لە چوارچێوەیەكی عیلمانیدا بۆ بەرژەوەندیی ئەمریكاو ئیسرائیل زۆر گرنگن، هەروەها ئارمیتاج دەڵیت كە ئیسرائیل و توركیا تا ئیستا تاقە نموونەی پرۆژەی هاوبەشن.

گۆڤاریكی توركیش لەم بارەیەوە دەڵیت: گەرچی لەسەر ئاستیكی كورتخایەن بەرژەوەندییەكانی توركیاو ئیسرائیل تەبان، بەڵام لەسەر ئاستیكی دوورتر ئەو تەباییە نامینیت؛ چونكە هەریەكیك لەو دوو وڵاتە دەیەویت خۆی لەو نیوەدا خاوەن دەسەڵات بیت.

## هەولدان بۆ "جوانكردنی" وینە

ئەوەی سەرنج دەدریٚ ئەوەیە كە هەندیٚ نیوەندی راگەیاندنی كاریگەر هەن لە توركیادا هەولدەدەن وینەی جوولەكەی توركیا لەبەردەم رای گشتیدا "جوانبكەن" بەو بیانووەی جوولەكە توركەكان لە هەموو شوینیك بەرگری لە بەرژەوەندییەكانی توركیا دەكەن. ئەم مەسەلەی "جوانكردن"ەش لە پەنجەرەی ناسكترین كیشەكانەوە بەلای رای گشتییەوە دیتە پیشەوە، گرنگترینیشیان پەیوەندی لەگەڵ ئەرمەن و یۆنانیەكاندایە، كە دوژمنی میژوویی توركن، تا دەگاتە كیشەی كورد. ترۆپكی هەولی قەناعەتپیكردنی توركەكانیش بە رۆلی "نیشتمانیانە"ی جوولەكە خۆی لەوەدا دەبینیتەوە كە جوولەكەكان ئەو كوشتارانە بە درۆ دەخەنەوە كە ئەرمەن توركیا تاوانبار دەكات بەئەنجامدانیان لە سالی ١٩١٥داو دەڵین ئەوە بەتەنها "قسەی بیٚسەرو بەرەو هیچی دی". ئەمە ئەو شتەیە كە سیلڤیۆ ئۆڤادیا گەورە نووسەری رۆژنامەی "شالوم" كە لە ئەستەموول دەردەچیت و بە زمانحالی ئەو بیست هەزار جوولەكەیە لە قەلەمدەدریٚ كە لە توركیادا دەژین دەیلیت و نووسیویەتی:

"بەدلنیاییەوە هەندیٚ شت لە ئەنادۆڵ رووی داوە، بەڵام ئەم رووداوانە دوو دیویان هەیە، لە كاتی رووداوەكاندا كیٚ بەهیزتر بووە؛ ئەو بووە بە خاوەن بریار. ئەو ئەرمەنیانەی لە بازاری قابالی چارشی لە ئەستەموول زەرەنگەر بوون چییان بەسەر هات؟ هیچیان لی هات؟ ئایا گیران و لەسیدارە دران؟ نەخیر، شتیكی لەمجۆرە رووی نەدا. ئەگەر بەراستی لە ئەنادۆڵدا كوشتار هەبووایە؛ ئەو كوشتارە زەرەنگەرەكانی ئەستەموولیشی دەگرتەوە. بەڵام لەبەرئەوەی ئەم مەسەلەیە بە شیوەیەكی تەواو

دەرنەكەوتووە، بۆیە بڕواناكەم ئەوەی روویدابیت كوشتار بووبیت، نە دژ بە ئەرمەن و نە دژ بە تورك، ناكرێ لەسەر ئەوە ریك بكەوین كە ئەوەی روویداوە كوشتار بووە. ئەمە شتیكە میژوو نەیسەلماندووە".

چەتین یەتكینیش كە رۆژنامەوان و نووسەریكی ئەكادیمیستە، دەیەوێ رۆلی باشی جوولەكە توركەكان و پشتگیرییان بۆ دەولەت و نیشتمان بسەلمینێ، واتە بە پیچەوانەی هەلویستی ئەرمەنی و یۆنانی‌یە توركەكانەوە. یەتكین دەلیت لە كاتی یەكەم جەنگی جیهانیدا زۆربەی جوولەكەكان پشتیوانییان لە توركیا كردو ئەوەیان خستە روو كە ئەم خاكە نیشتمانی ئەوانە.

لەگەل ریكەوتنامەی ""مۆندرۆس" دا لە ٣٠ی ت١/ ئۆكتۆبەری ١٩١٨دا بە ئاشكرا دوژمنایەتیی نیوان یۆنانیەكان و ئەرمەن لەلایەك و توركەكان لەلایەكی ترەوە كەوتە روو. هەر ریك رۆژیك دوای ئەوە، ئەرمەنیەكانی توركیا ئالای دەولەتانی هاوپەیمانیان بەرز كردەوە و لەسەر شەقام و كۆلانەكان هەلیانواسی. لە كاتیكا یەك جوولەكە جگە لە ئالای توركیا هیچ ئالایەكی تری بەرز نەكردەوە، بەلكو یەتكین دەلیت هەندێ جوولەكە كە لە ریزی هیزەكانی توركیادا دژ بە هیزی یۆنانی دەجەنگان، وەختێ دوای یەكەم جەنگی جیهانی بەشیك لە خاكی توركیایان داگیر كرد؛ بریندار كران.

هەروەها جوولەكە توركەكان لە كۆنگرەی لۆزان دا بەرامبەر بە كەمایەتیەكانی دی جەختیان لە توركایەتیی خۆیان كردەوە. لە كاتیكا وەفدی توركیا هەندێ جوولەكەشی تیا بوو؛ ئەرمەنیەكان لە زۆر وەفدی دژ بە وەفدەكەی توركیادا بەشداربوون. كاتێ پەیمانی لۆزانیش مافی فیربوونی بە كەمایەتیەكان بەخشی بە زمانی توركی، ئەرمەنی و یۆنانیەكانی توركیا خویندنیان بە زمانی خۆیان پەسەند كرد.

هەندیك كەسیش ئەم ناكۆكیەی نیوان جوولەكە لەلایەك و یۆنانی و ئەرمەنیەكان لەلایەكی ترەوە بۆ كیبەر كێی میژوویی نیوانیان دەگەریننەوە لە سەردەمی عوسمانیەكاندا. چونكە ئەو دەمە بەرزبوونەوەی یەكیكیان لەسەر حیسابی باری خراپی ئەوی تریان بوو. بگرە میژوونووسیكی جوولەكە كە ناوی "ئیسرائیل زینبرغەر"ە وایدەبینێ كە ئەو سەركەوتنانەی دەولەتی عوسمانی دژ بە دەولەتی

مەسیحی بەدەستیهیناون "سزایەکی یەزدانی"ە چونکە جوولەکەکان لەناو دەولەتی مەسیحیدا باریکی گەلی خراپیان هەبوو، بۆیە "خوا تورکەکانی دەسنیشانکرد تا جوولەکەکان لە ستەمی مەسیحی رزگار بکەن".

هەردوو میژوونووسی تورکی جوولەکە، یەتکین و میم کەمال ئۆکە دەلین جیددیترین کاریك سەبارەت بە رەگوریشەی میژووی تورك کرابیت سێ جوولەکەی بیگانەی پسپۆر لە بواری میژووی تورکدا کردوویانە، کە یەکیکیان ئەرمینیۆس فامبیرییە کە ئاماژەی بەوە داوە میژووی تورك لە ئاسیادا لانی کەم دەگەریتەوە بۆ دوو هەزار سال بەر لە زایین. میم کەمال ئۆکە دەلیت: "دەبێ ناوی فامبیری وەکو دۆستیکی تورك و زانایەکی راستەقینە بهینرێ کە بەرگریی لە بالایی ژیاری تورکی کردووە بەرامبەر بە ژیاری ئەوروپا".

ئەم هەولانە بۆ "بەباق و بریقکردن"ی وینەی جوولەکە لە تورکیادا بە تەنها لە بواری میژوو و فیکردا قەتیس نەماوە، بەلکو دریژ بۆتەوە بۆ ناو پەیوەندییە هاوچەرخەکانی نیوان تورك و جوولەکە لەولاتانی ترداو لە سەروو هەمووشیانەوە ئیسرائیل، ئەم هەولانە خۆیان لە قەرەی شتە وردو درشتەکان و رەفتاری تایبەتیی هەندێ کەسی ناوداری ئیسرائیل دەدەن. ئەوەبوو کاتێ سەرۆکی ئیسرائیل عازەر وایزمان لە کۆتایی ك٢/ ینایەری ١٩٩٤دا چوو بۆ تورکیا، یەکیك لە رۆژنامە گەورەو بلاوەکانی تورکیا وینەی هاوسەرەکەی وایزمانی بلاوکردەوە لە کاتیکا دەستی خستۆتە سەر شانی میردەکەی ئەم وینەیەشی ناونابوو "بەزەیی هاوسەر". هەروەها رۆژنامەیەکی دی سیفەتی شۆخیتیی خستبووە پال وایزمان و نووسیبووی: "ئیسرائیلییە شۆخەکە".

پاشان هەروەکو چۆن هەلمەتی "جوانکردنی وینە" زۆر مەسەلەی گرنگ دەگریتەوە، وەکو لای ئەرمەنی و یۆنانیەکان بینیمان. بەهەمان شیوە لە رۆژنامەگەریی تورکیدا زاراوەی "نموونە" و "تەرز- النمط"ی ئیسرائیلی دەخریتە روو بۆ چۆنیتیی مامەلە کردن لەگەل کۆمەلیك مەسەلەی گرنگدا وەکو مەسەلەی کوردو مەسەلەی هەلاوسانی ئابووری. بۆ نموونە کاتێ باس لە پلانەکانی حکومەت دەکرێ بۆ لیدانی پارتی کریکارانی کوردستان و سەرانی ئەو حیزبە، ئاماژە بۆ "نموونەی ئیسرائیلی" لە پاکتاوکردنی سەرانی فەلەستیندا دەکرێو دەوترێ کە دەکرێ هەمان رێ بۆ پاکتاو کردنی عەبدوللا ئۆجەلان و هاوریکانی پەیرەو بکرێ.

کاتێ قسەش لەسەر هەڵاوسانی ئابووری دەکرێ، دیسانەوە "نموونەی ئیسرائیلی" دیتە گۆڕێ، تا ئەو رادەیەی لەم دواییەدا "کۆمەلەی پیشەسازان و خاوەنکارانی تورك" حاکمی بانکی سەنتەریی ئیسرائیل "جاکوب فرانکل" یان بانگهیشت کرد تا لەبارەی "نموونەی ئیسرائیلی"یەوە لە ریگرتن لە دارمانی ئابووری بۆیان بدوێ کە دە ساڵ لەمەوبەر ئەوان پەیرەوییان کرد.

وەختێ باس لە مەسەلەی ئاوو پەیوەندیی بە سەروکارەوە لەگەڵ سووریادا دەکرێ، یەکسەر ئەو پرۆژەیە دیتە ئارا کە تورکیا دەیەوێ بەهۆیەوە بچیتە سەدەی ئایندەوە و ببیتە هیزیکی هەریمیی کاریگەر، کە ئەویش پرۆژەی "گاپ"ە بۆ گەشەدان بە باشووری خۆرهەڵاتی ئەنادۆڵ، کە تورکەکان بایەخیکی فرەی پێ دەدەن. لەم بوارەشدا دیسانەوە پەنادەبریتەوە بەر "نموونەی ئیسرائیلی" لە رووی تەکنۆلۆژیاو کشتوکالەوە.

هەروەها بەردەوام دەنگە رەسمیەکان و راگەیاندنەکان، چ لەسەر ئاستی سەران و وەزیران، ئەوە دوو پاتدەکەنەوە کە تاقە دوو دەولەتی دیموکرات لە خۆرهەڵاتی ناوەندا بریتین لە تورکیا و ئیسرائیل.

لە نیوان هەولەکانی بەباق و بریقکردنی وینەی جوولەکەی تورکیاو جوولەکەی ئیسرائیل دا، تورکیا لەسەر رەوتی دابرانی لە دەوروبەرە ئیسلامیەکەی بەردەوامەو، وینەیەك بۆ عەرەب لەناو تورکیادا نامینیتەوە جگە لە وینەی ئەو عەرەبەی کە بە سواری حوشترەوە دەگاتە ئەوروپا، یان ئەو عەرەبەی لە دەرمانخانەکانی ئەستەموولدا بەدوا خۆراکی شاژنی هەنگدا دەگەریت، و یان ئەو عەرەبەی کە لە بازارەکانی "عوسمان بەگ"دا بەدوا جلوبەرگی سەیرو سەمەرەدا دەگەریت.

| ساڵ | ژمارە (بە هەزار) |
|---|---|
| ١٩٣٥ | ٧٨,٧٣٠ |
| ١٩٤٥ | ٢٦,٩٦٥ |
| ١٩٥٥ | ٤٥,٩٩٥ |
| ١٩٦٠ | ٤٣,٩٢٩ |
| ١٩٦٥ | ٣٨,٢٦٧ |
| ١٩٧٣ | ٣٦,٠٠٠ |
| ١٩٩٢ | ٢٦,٠٠٠ |

**ئەو کۆمپانیانەی سەر بە جوولەکەن لە تورکیادا**

| ناوی کۆمپانیا | پلەو پایەی لە: کەرتی گشت و تایبەتدا | پلەو پایەی لە: کەرتی تایبەتدا |
|---|---|---|
| Profilo | ٢٧ | ١٤ |
| ALARKO | ١٤٤ | ١٠٥ |
| پیشەسازیی گۆرەویی ئەستەمووڵ | ١٩٢ | ١٤٨ |
| Teksiplil | ٢٠٨ | ١٦٢ |
| Derby | ٢٣٦ | ١٨٥ |
| Vakko | ٢٨٩ | ٢٣٣ |
| Emboy | ٣١٩ | ٢٥٩ |

**گرنگترین ٤٧ خاوەنکاری جوولەکە لە تورکیادا**

| ناو | ناوی کۆمپانیا یا جۆری کار | ناو | ناوی کۆمپانیا یا جۆری کار |
|---|---|---|---|
| جاك قەمحی | Profilo | هنری بینازۆس | YO-Pi |
| ئیسحاق ئەلاتۆن | Alarko | مەتین نڤارۆ | بنێشت |
| عەزیز قارح | Alarko | | |
| برنار ناحۆم | دەزگای"قوچ" | ئیسحاق حامی | مریشکە مەنی |
| یاکۆ رۆسۆ | خاوەن بانك | سەلمون ر. غلیو | رۆنی غلیو |
| جاك عەمبەرغیر | Perma Sharp | مویر ئەلبێر ئەرمادا | بازرگانی لۆکە |
| فیتالی هاکو | Vakko | فیتال ئەسکینازی | بازرگانی رۆنی لۆکە |
| حیاتی رۆزنتال | Scrikss | جاك ناتۆس | بازرگان |
| مۆریس یەحیا | Scrikss | نەسیم کاسادۆ | سەنعەتی کوتاڵ |
| | | داریۆ لیڤی | سەنعەتی دەزوو |

**شوناس له چه‌ند هه‌ڵبژاردنێکیدا**

| | | | |
|---|---|---|---|
| دەزووی Islon | یاشا چکیفا شفیلی | Scrikss | ئەفرام میترانی |
| وێنەگر | عیزەت کەهریار | سەنعەتی کیمایی | ئەلبێر بیلین |
| Tolsan | مۆریس لیڤی | سەنعەتی کیمایی | ڕۆفائیل میمی |
| ئاسنەمەنی | سەلمون حەبیب | Manajans Thomson | جیفی میدینا |
| هەناردەمەنی | ڕۆزا سرفاتی | Manajans Thomson | ئیلی ئاجیمان |
| وەکالەتی شتهێنان | سامۆیل سامی سیسا | GRIFIKA-LINTOS | سادات سیالۆم |
| وەکالەتی شتهێنان | لازار دیمیش عەلام | کۆمپانیای راگەیاندن | ئیزیدۆر باڕۆخ |
| وەکالەت | لازار دیمیش عەلام | GISLAVED | ئا. کۆهین |
| ڕۆنگۆر | یەعقوب ئەلمەلیك | DERBY | رافائیل تۆریل |
| Korozaplastik | رافائیل دۆفینیاس | Penty | د. بیلمین |
| Emboy Tekstil | ئیرۆل لۆدریلك | دەزوو | بیندکۆهین |
| دەزووی Emateks | بەنسیون ئیلنیکافی | وردەمەنی | ئا. بینیت |
| Elektroporselen | بەنسیون بینتو | Beybi | ئەلبیرلیڤی |
| چاپخانەی Samo | جاك کۆهین | Ortel | جاکی ئیبراهیم زادە |
| | | برایان بۆرلا | لۆری فرید بۆرلا |

# ٢-بزاڤی ماسۆنیەت لە تورکیادا (ئێستا)

جان ئەرباچ (وشەی "جان" لە تورکیدا بە مانای "روح" یان "دەروون" دێ، لە ١٨ی نیسان/ ئەپریلی ١٩٩٢ەوەوە لە کۆبوونەوەیەکی ماسۆنیانەی فراواندا نازناو یان پلەی "مامۆستای گەورە"ی پێ درا. هەربۆیە بە سەرۆکی ئەو ڕێکخراوە دەژمێردرێ. ئەو پێشتر هەموو پلەکانی ماسۆنیەتی بڕیوە، هەر لە پلەی یەکەوە لە ٢٧ی ئادار/ مارسی ١٩٥٩ەوە تا گەیشتۆتە ئەم پلەیە. باوکیشی بەر لەدایکبوونی جان بە چوار ڕۆژ بوو بە ماسۆنی. بەڵام کوڕەکانی جان ئەرباچ خۆی ماسۆنی نین.

ئەوەی تازەیە لە سەردەمی ئەرباچدا ئەوەیە کە ئێستا ماسۆنیەتی تورکی وەکو جاران بزاڤێك یا کۆمەڵەیەکی نهێنی نییە، وەکو ماسۆنیەتی جارانی تورکیاو گەلێ وڵاتی تری جیهان. ئێستا بزاڤی ماسۆنیەت لە تورکیادا دروشمی "نەرمونیانی" و کرانەوەی بەرزکردۆتەوە تا بزانێ ئایا لەسەر هەقە یان نەء.

ماسۆنیەتیش لە تورکیادا مێژوویەکی دێرینی هەیەو ناوی لەگەڵ زۆر ڕووداوی مێژوویی گرنگدا دێ، بە تایبەتیش لە کۆتاییەکانی سەردەمی عوسمانیەکاندا، وەختێ سەرانی "ئیتیحاد و تەرەقی" بە ماسۆنیەت تاوانبار کران و بەوەی کە لە لابردنی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەمدا لەسەر حوکم لە ساڵی ١٩٠٩دا دەستیان هەبوو. هەروەها ناوی ماسۆنیەت لەگەڵ زایۆنیزم و یەهودیەتیشدا هاتووەو، پاشتریش لەگەڵ ئیسرائیلدا وەختێ لە ساڵی ١٩٤٨دا دامەزرا. تا ئەمڕۆش لە تورکیادا باس لەو پەیوەندییانە دەکرێ. زۆرجار ڕۆژنامەکانیش لە تورکیادا هەندێ هەواڵ و ڕووداو بڵاودەکەنەوە کە سەبارەت بە پەیوەندیی ماسۆنیەت بە زایۆنیزم و ئیسرائیلەوە دەدوێن.

لە گەڕانەوەیەکیشدا بۆ مێژووی بزاڤی ماسۆنیەت لە تورکیادا، جان ئەرباچ دەڵێت کە سەرەتاکەی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٧٣٨ کاتێ لە ناوچەی "غەڵتە" دا لە

ئەستەمووڵ کۆڕێك دامەزرا. لە ساڵی ١٧٧٣یشدا لە شاری ئەزمیر کۆڕێکی دی دامەزرا. بەڵام یەکەمین کۆمەڵەی ماسۆنیی ڕاستەقینە لە ساڵی ١٨١٦دا دامەزرا، فەرمانڕەوای ئەوسای میسر حەلیم پاشا لەژێر ناوی "شووراى عالی عوسمانی"دا دایمەزراند. بەڵام ئەوەندەی نەبرد بە هۆی ناکۆکیەکانی سوڵتانەکانی عوسمانیەوە لەگەڵ خدێوەکانی میسردا کۆمەڵەکە داخرا. دواتر بەردەوامبوو تا ٢٥ی حوزەیران/ یۆنیۆی ١٩٠٩کاتێ "برا" (هەروەکو ماسۆنیەکان خۆیان وای پێ دەڵێن) میر عەزیز حەسەن پاشا "شووراى باڵای میسر"ی کرد بە کۆڕی گەورەو ناوی نا "مەشرقی ئەعزەمی عوسمانی". لەگەڵ ئەم کۆڕەدا نزیکەی ٦٥ کۆڕی دی لە ناوچەکانی تری ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا دامەزران.

لەگەڵ بچووکبوونەوەی سنووری دەوڵەتی عوسمانی پاش یەکەمین جەنگی جیهانی، ژمارەی کۆمەڵە ماسۆنیەکان لە تورکیادا کەم بووەوە. لە ساڵی ١٩٢٦ یشدا ناوی "مەشرقی ئەعزەمی عوسمانی" گۆڕا بۆ "کۆمەڵەی باڵای تورکیا". لە ساڵی ١٩٣٥یشدا ٣٠ کۆمەڵەی ماسۆنی هەبوون، واتە لەو ساڵەدا کە ئەتاتورك تەکیەو خانەقا ئایینیەکانی داخست کە وڵاتیان تەنیبۆوە. ئەم هەنگاوەی ئەتاتورك لەلایەن ماسۆنییە تورکەکانەوە زۆر پشتگیری کرا، بە تایبەتیش ئەو کات وەزیری ناوخۆ "شوکری قایا" برا واتە ماسۆنی- بوو، هەروەها زۆر لەوانەش کە دەوری ئەتاتورکیان دابوو "برا" بوون. پاشان هەموو لەسەر ئەوە ڕێك کەوتن کە کۆڕە ماسۆنیەکان خۆیان دەسپێشخەری بکەن و چالاکیەکانی خۆیان ڕابگرن، تا بە مەبەستی سیاسی بەکارنەهێنرێن، ئەمەش لە بەیاننامەیەکدا لە ٩ی ت١/ ئۆکتۆبەری ١٩٣٥دا ڕاگەیەنرا. هێندەی نەبرد ماسۆنیەتی تورکی دوای ١٣ ساڵ لەژێر ناوی "کۆڕی ماسۆنیی تورکیا"و بە هەوڵەکانی "برا" میم کەمال ئۆکە چالاکیەکانی خۆی دەستپێکردەوە.

لەساڵی ١٩٥١دا "کۆڕی گەورە" دامەزرا و ماسۆنیەکان هەمان ئەو بینایانەیان بەکارهینایەوە کە لە ساڵی ١٩٣٥دا هەیانبوو؛ بەو سیفەتەی کە ئەو کات کۆمەلەکانیان لەلایەن حکومەتەوە دانەخراوە.

## بونیادی کۆمەڵە ماسۆنیەکان

کۆڕە ماسۆنیەکان لە تورکیادا نایاسایی و نهێنی نین، بەڵکو کۆمەڵەی ماسۆنی وەکو تەواوی کۆمەڵەکانی دی، لەلایەن یاساوە ڕێی پێدراوە. لە کاتێکا جاران کاری نهێنی هۆیەك بوو بۆ پاراستنی گیانی ئەندامە ماسۆنیەکان؛ ئەوا ئەمڕۆ هەموو "برا"یەك دەتوانێ بە ئاشکرا ماسۆنیەتی خۆی ڕابگەیەنێت.

کۆمەڵەی ماسۆنیی تورکیاش دەرگای بەرامبەر هەموو پیاوێك (نەك ئافرەت) والآیە کە ٢١ ساڵی تەواو کردبێت و "بە نیشتمان و خێزانەوە پابەند بێت و باوەڕی بە میللەت هەبێ و خاوەن ڕەوشتێکی جوان بێت و بە تاوانێك مەحکوم نەکرابێت"مایەی شەرمەزاری بێت" و بە ئارەقەی ناوچەوانی نانی خۆی پەیدا بکات و خاوەن هزرێکی ئازادو ڕۆشنبیر بێت" وەکو پرنسیپەکانی کۆمەڵەکە ڕایدەگەیەنێت.

ئەنجومەنێکی بەڕێوەبردنیش کۆمەڵەکە بەڕێوە دەبات کە پێی دەوترێ "ئەنجومەنی گەورە" و هەر دوو ساڵ جارێك هەڵدەبژێردرێ. سەرۆکی ئەنجومەنی بەڕێوەبردنیش بریتی‌یە لە "مامۆستای گەورە"، ئەندامانی ئەنجومەنەکەش بریتین لە"کارمەندە گەورەکان"

تازە ئەندامیش بەسێ پلەدا تێدەپەڕیت: شاگرد و یاریدەدەرو مامۆستا. "شاگرد" (بە تورکی: چیراك) ئەو کەسەیە کە "ڕێی ماسۆنیەت هەڵدەبژێریت" و بە گوێرەی پرنسیپە ماسۆنی و بنەما ئاکارییەکانی ڕەفتار دەکات و، خۆی لە هەڵە پاك دەکاتەوەو هەوڵدەدات لە کەموکورتی و خەوشەکان خۆی بەدوور بگرێت.

بەڵام "یاریدەدەر" (بە تورکی: کالفا) هەوڵدەدات زۆر لە خودی خۆیەوە نزیك بێت و، سنوورێك بۆ تەماعەکانی خۆی دابنێت و، ئەوەی پێویستە ئەوە فێر بێت تا لەناو خۆیدا بەدوا ڕێگای ڕەندیدا بگەڕێت.

"مامۆستا"ش (بە تورکی: ئوستاد) لە چوارچێوەی خۆشەویستیەکی برایانەدا دەیەوێت لەگەڵ خەلکیدا تەبابێت. ئەمەش پێویست بەوە دەکات چۆن مافەکانی خۆی بەلاوە مەبەستە، بەو جۆرەش مافەکانی خەلکی دی بپارێزێت و، هەولبدات ببێتە ئادەمیزادێکی نموونەیی‌و، ڕەزامەندیی خەلك بەدەستبهێنێت.

## ٨ هەزار ماسۆنی

لقەکانی کۆمەلەی ماسۆنی پییان دەوتریّ "کۆر" و دەبیّ هەر کۆریك لانی کەم لە ٣٠ "برا" پیکهاتبیت. ژمارەی ئەم کۆرانەش ئیستا لە تورکیادا نزیکەی سەد کۆرەو، ژمارەی ماسۆنی‌یە تورکەکانیش دەگاتە هەشت هەزار پیاو. وەکو هەموو کۆمەلەیەکی تریش هەر ئەندامیك مافی دەست لەکارکیشانەوەو جیابوونەوەی هەیە، هەروەها دەرکردنی ئەندامیش هەیە. لە بونیادە تەقلیدییەکەی ماسۆنیەتیشدا بەتەنها پیاوان هەن. بەرای ماسۆنیەکان هۆی ریگە نەدان بە ئافرەت بۆ بوونە ئەندام دەگەریتەوە بۆ بارودۆخی دژواری کارکردن لە رابردوودا. بەلام لەگەلّ ئەوەشدا هاوسەرانی ئەندامەکان لە کۆبوونەوەکانی کۆمەلەکەدا لەگەلّ میردەکانیاندا بەشداری دەکەن و لە هەندیّ بواردا یارمەتییان دەدەن. بەلام بۆیان نی‌یە ببنە ئەندام لە کۆمەلەکەدا.

زۆر باسی ئەوەش دەکریّ کە هاوکاریی ماددی لە نیوان ئەندامانی ماسۆنیەتی تورکیدا هەیە، هەر بۆ نموونەش کاتیّ "برا"یەك دەمریّ کۆمەلەکە بری ٣ ملیۆن و ٥٠٠ هەزار لیرەی تورکی (نزیکەی ٣٠٠ دۆلار) بە خیزانی کۆچکردووەکە دەبەخشیّ.

ئۆندە ئاقتاچیش کە ماسۆنی‌یەکەو وەکو رۆژنامەوانیك لە سالانی ١٩٧٧تا ١٩٨٢ لە ئەسینا کاری دەکرد دەگیریتەوە کە لە رۆژانی سەرەتای کارەکەیدا لە ئەسینا پیویستی بە پینج هەزار دۆلار بوو تا ئۆتۆمۆبیلیك بکریت. مووچەکانیش لە تورکیاوە درەنگ دەگەیشتن. بۆیە بە ریکەوت ئەمە بۆ "برا"یەکی یۆنانی باسدەکات، ئەویش لە ماوەی شەوو رۆژیکدا ئەو پارەیەی بۆ پەیدا دەکات.

## پەیوەندی لەگەلّ یۆنان و ئیسرائیلدا

ئەم هاوکارییە ماددییە تارادەیەکی زۆر مەسەلەی پەیوەندی لە نیوان کۆرە ماسۆنیەکانی جیهاندا دەوروژینیت. بە نیسبەت تورکیاشەوە، پەیوەندیی کۆری گەورەی ماسۆنیەکان بە کۆری ماسۆنیەکانی یۆنان و ئیسرائیلەوە.

ئۆندە ئاقتاچ کە پلەی "مامۆستای سرقایم" ی لە کۆڕی ماسۆنیی توركیادا هەیە؛ ماسۆنییە تورکەکان بەوە تاوانبار دەکات کە "خائینی نیشتمانن" و بەرژەوەندییەکانی ماسۆنیەت دەخەنە سەروو بەرژەوەندییەکانی تورکیاوە. هەربۆیە ئاقتاچ دەستی لەکارکیشایەوە؛ دوای ئەوەی هەستیکرد "ئەندامیتیییەکەی بێ سوودە" و بەمجۆرەش رووداوەکە دەگیڕیتەوە:

"لەنیوان سالانی ١٩٧٧ و ١٩٨٢دا لە ئەسینا نوینەری رۆژنامەوانی بووم، لەوێ لەناو هەر ئۆتۆمۆبیلیکی تاکسیدا کە سەردەکەوتم نەخشەیەکی قوبرسم دەبینی کە تیایدا لە ناوچەی تورکەکانەوە لە باکوورەوە خوین دەرژیتە ناو باشوورەوە، لەژیر وینەکەشدا نووسراوە "لەبیرمان ناچیتەوە". هەمان وینەم لە گۆڤاری Psigorasدا بینی کە کۆری گەورەی یۆنان دەریدەکات. ماسۆنییە یۆنانیەکان پروپاگەندەیان بۆ مەسەلەی قوبرس دەکرد و دەیانویست لە بانکدا حیسابیك بۆ کۆکردنەوەی پارە بۆ "مەسەلەکە" بکەنەوە. لە کاتیکا بەپێی پرنسیپەکانی ماسۆنیەتی جیهانی، کارکردن لە سیاسەتدا تاوانە."

ئاقتاچ دواتر دەلیت کاتێ گەرایەوە بۆ تورکیا مەسەلەکەی بۆ "مامۆستای گەورە" بەرزکردەوە، بەلام لە وەلامی مامۆستا سەری سوورما وەختێ وتی: "بۆچی بەشتی هیچەوە خۆت خەریك دەکەیت؟" ئەمەش واتە هەولی شاردنەوەی چالاکیی "ناسیونالیستیانە"ی ماسۆنییە یۆنانیەکان لەسەر حیسابی بەرژەوەندییە ناسیونالیستیەکانی تورکیا. ئاقتاچ جەخت لەوە دەکات کە ئەزموونی لە بواری دیپلۆماسیدا ئەوەی بۆ سەلماندووە کە کۆری گەورەی تورکیا بەرژەوەندییەکانی ماسۆنیەت دەخاتە سەروو بەرژەوەندییەکانی دەولەتەوەو، هەروەها پەیوەندی لە نیوان کۆرە ماسۆنیەکاندا لە جیهاندا نەگۆرە، چونکە ئاقتاچ خۆی کە لە کۆری ماسۆنیی تورکیادا ئەندام بوو، لە کۆری "پارثنیون"لە ئەسیناشدا بۆ پلەی "مامۆستا" بەرزکرایەوە. بەم بۆنەیەشەوە لە ئەسینادا ئاهەنگ سازکرا. هەروەها کاری ماسۆنیانەی لە ئەسینادا لەرێی کۆری ماسۆنیی یۆنانەوە بەردەوام بوو. ماسۆنییەکی تری تورکیش لایەنیکی تری پەیوەندیی نیوان ماسۆنییە تورکەکان و ئیسرائیل ئاشکرا دەکات.

ئـەوەتانێ "یۆجیـە قـاترجی ئۆغلـۆ" کـە لـە وەزارەتــی تەندروسـتـیـی تورکیـادا فەرمانبـەر بـوو، پیشـتریش لـە رادیـۆو تەلـەفزیۆنی تورکیـادا کـاریدەکرد دەلیـت ماسۆنیەکانی تورکیا سویندی دلسۆزییان بۆ ئیسرائیل خواردووە. قاترجی ئۆغلۆ کە بیست ساڵ زیاتر لە ماسۆنیەتدا خزمەتی کردووە و پلەکەی چواردەیە دەلیت هەندێ لـە ماسـۆنیـیە تورکـەکان لـە هـەمانکاتدا لـە کـۆرە ماسـۆنیەکانی ئیسـرائیلدا ئـەندامن. قاترجی ئۆغلۆ کـە وینەیەك دەکات بـە بەلگـە بـۆ قسـەکەی لـەو بروایەدایـە کـە جـاك قەمحی پیشەنگی جوولەکەکانی تورکیا (کە ژمارەیان نزیکەی ٢٦ هەزارە) کە لە ك٢/ ینایـەری ١٩٩٣دا لـە ئەسـتەمووڵ خـەریکبوو تـیرۆر بکـرێ، لـە هـەمانکاتدا سـەرۆکی کـۆری "نــوور" ە لــە تەلئــەبیب، بــەمجۆرە ئــەو ســویندی بــۆ دەولــەتی ئیســرائیل خواردووەو، ئەمەش سەرپیچیکردنە لە یاسای کۆمەلەکان لە تورکیادا.

## ماسۆنیەت و ئەتاتورك

مستەفا کەمال ئەتاتورك لای ماسۆنیـیە تورکـەکان تـا رادەی پەرسـتن پلـەو پایـەی بـەرزە. ئـەتاتورك لای ئـەوان "گـەورەی گەورەکانمانـە" کـە تەکیـەو خانـەقا ئـایینی و ئیسلامیەکانی داخست. ماسۆنیـیە تورکەکان ساڵانە لە ٢٩ی ت١/ ئۆکتۆبـەر (جـەژنی نیشـتمانـیی تـورك) و لـە ١٠ی ت٢/ نۆڤەمبـەر (یـادی کۆچـی دوایـی ئـەتاتورك) دا سـەردانی گۆرەکـەی دەکـەن. لـە ٢٩ی ت١/ ئۆکتۆبـەری ١٩٩٣دا، "کـۆری ماسـۆنیـیە تورکــەکان" بــە رابەرایــەتیی "مامۆســتای گــەورە" جــان ئاربــاچ ســەردانی گــۆری ئەتاتورکیان کردو ئارباچ ئەم وتەیەی لە دەفتەری میوانەکاندا نووسی:

"ئەی ئەتاتورکی نـەمر، ئـەی مایـەی بوونمـان، وا لـە یـادی حـەفتا سـالەی کۆمـارە عیلمانیەکـەماندا، کـە ئاسـەواری دانسـقەی تۆیـە، ئیمـەی ماسـۆنیـیە تورکـەکان هاتووینەتە لات، ئیمە کـە بـەردەوام لەگـەلتا دەژیـن، وا ئـەمرۆش دووپـاتی دەکەینـەوە کە هەرچیەك رووبدات ئیمە ریگاکەی تۆ بەرنادەین. ئەرکی پیرۆزی ئیمە ئەوە دەبیت

بەرۆحمان ئەو رووناکی‌یە بپاریزین کە تۆ هەلتکردو بەرەو پاشەرۆژی بەرین. لەگەڵ ریزی بێ‌پایانماندا".

لە ١٠ی ت٢/ نۆڤەمبەری ١٩٩٣یشدا ماسۆنیەکان هەموو بە یەکەوە سەردانی گۆڕەکەی ئەتاتورکیان کردو، ئەو کات ئۆندە ئاقتاش کە دواتر وازی لە ماسۆنیەت هینا، لە دەفتەری سەردانەکاندا وەکو ماسۆنی‌یەك ئەمەی نووسیی:

"ئیمە لەو زانست و کتیب و پرنسیپانە لانادەین کە بە پیرۆزیان دەزانین. دریژە بەو ئۆپەراسیۆنەش دەدەین کە بە "هاتای" (یان "خەتای" واتە لیوای ئەسکەندەرون) دەستییپیکرد، بەبێ ئەوەی موسڵ و کەرکوك (لە عیراق) و دوانزدە دوورگەکە (کە لە دەریای ئیجەن و سەربە یۆنانن) لە یاد بکەین. ئیمە ئامادەین لەو ریێەی تۆدا گیانمان بەخت بکەین. لەبەرئەوە لە ئارامگاکەتدا ئاسوودە بە".

ئەم ئاقتاشە پاشتر ئەو رستە بەناوبانگەی خۆی وت: "من زۆر پەشیمانم لەوەی ماسۆنی بووم".

لە سەردەمی ئازادی و دیموکراسی و هەرەسی ئایدیۆلۆژیاکان و، بالاّ دەستی‌ی سیستمی جیهانی خۆرئاوادا؛ دەشێ بزاڤە ماسۆنیەکان جەسوور تر بن لە کاری ئاشکرادا و ئەمەش بەو قۆناغە نوێیەدا دیارە کە ماسۆنی‌یە تورکەکانی پیایدا تیدەپەرن. بەلاّم ئەو رۆلەی کە بزاڤە ماسۆنیەکان لە میژووی نوێو هاوچەرخدا بینیویانە و، بە تایبەتیش هیندەی پەیوەندیی بە میژووی عوسمانی و عەرەبەوە هەیە؛ هیشتا بە تەواوەتی پەردەی لەسەر هەلنەمالراوەو تا سالاّنیکی زۆر بواری هەلکۆلین و پشکنینی تیا دەبیت. گەر ئاشتی‌ی عەرەب–ئیسرائیل بیتە دی؛ دەشێ بارودۆخیکی بابەتی برەخسینێ بۆ هەلمالینی پەردە لەسەر گەلێ نهینی‌و شتی شاراوە، بە تایبەتیش ئەو شتانەی پەیوەندییان بە ماسۆنی‌یە عەرەبەکانەوە هەیە. ئیدی گەر بژیت دەیبینیت.

## ٣-"شالوم" حالەتیك لە رۆژنامەیەکدا

گەر یەکیك بیەویت ناونیشانی رۆژنامەیەك یان گۆڤاریك بدۆزیتەوە، ئەوا بەهۆی ئەو تابلۆیەوە کەبەسەر بیناکەوە هەلدەواسرێ یان بەرووی دەروازەکەیەوە، دەتوانێ بیدۆزیتەوە، بەلام زۆربەی دانیشتووانی شەقامی "عەتیە" کە شەقامیکی تەسکەو دەکەویتە گەرەکی "تەشویقیە"وە لە ئەستەمووڵ رەنگە نەزانن کە لە نهۆمی سەرەوەی بینای کۆنی "بۆلار"دا نووسینگەی رۆژنامەیەك هەیە. تەنانەت لە تابلۆی سەر دەرگاکەشیدا ناوی رۆژنامەکە نییەو تەنها ناوی ئەو کۆمپانیایە هەیە کە دەریدەکات، ئەویش کۆمپانیای "گوزلەم" (GOZLEM)ە.

ئەو رۆژنامەیەش رۆژنامەی "شالوم"ە کە زمانحالیکی نارەسمیی جوولەکەکانە لە تورکیا کە ژمارەیان خۆی لە ٢٥ هەزار کەس دەدات و زۆربەیان لە ئەستەمووڵ نیشتەجین. ئەمانە پاشماوەی دەیان هەزار جوولەکەن کە دوای کەوتنی ئەندەلوس لە سالی ١٤٩٢دا بە ناچاری ئیسپانیایان جیهیشت و، دادگاکانی پشکنینی مەسیحی پییان راگەیاندن کە یان دەبێ ببنە مەسیحی و یان دەبێ ولات جێبهیلن، ئیدی ئەوەبوو زۆربەیان کۆچیان هەلبژارد بەرەو ئەورووپاو، بە تایبەتیش بەرەو ئیتالیاو، گەلیکیان لە سەرەتای ناوەراستەکانی سەدەی شانزدەدا گەیشتنە ئاستانەی پایتەختی دەسەلاتی عوسمانی.

دەولەت دەرگاکانی بۆ خستنە سەر پشت و، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی پلەو پایەی بەرز بەدەستبهینن. بۆ پیناسەکردنی "شالوم" لەلاپەرەی یەکدا هاتووە کە "هەفتەنامەیەکی سیاسی و رووناکبیرییە" هەموو رۆژانی چوارشەممەیەك دەردەچیت، وینەی کۆتریکیشی تیایە کە بە دەنووکی چلە زەیتوونیکی گرتووە وەکو سیمبولیك بۆ ناوی رۆژنامەکە واتە "ئاشتی"، کە بە عیبری پێی دەلین "شالوم".

لە هۆلی بچووکی چاوەروانیدا، کۆمەلیك کتیب و بلاوکراوەی تایبەت بە جوولەکە تورکەکان و ئیسرائیل بە زمانی تورکی و ئینگلیزی لەسەر رەفەکان دەبینرێ. دەشێ

ئەوە نیشانەیەك بێت بۆ وابەستەیی جوولەكە توركەكان بە دەوڵەتی ئیسرائیلەوە؛ یان حەزو ئارەزوویەكی زۆر بۆ پاراستنی تایبەتمەندیتیەكانی جوولەكە لە تەواوی دونیادا، كە ئەمەش بووەتە هۆی نەتوانەوە یا تێكەڵ نەبوونی تەواویان لەگەڵ ئەو گەلانەدا كە لەناویاندا ژیاون. لێكدانەوەی یەكەمیان بێ بناغە نییە كاتێ دەبینین باری سیاسی لە ئیسرائیل و پەیوەندییەكانی نێوان توركیاو ئیسرائیل رووبەرێكی زۆری رۆژنامەكە دەگرن. هەروەها لێكدانەوەی دووەمیش جێی خۆی دەگرێت وەختێ دەبینین رۆژنامەكە لەهەر ژمارەیەكیدا لاپەرەیەك یان دوو لاپەرە بۆ زمانی یەهودیی ئیسپانی (Judeo-Espanyol) تەرخاندەكات، كە تا ئیستاش هەندێ جوولەكەی تورك قسەی پێدەكەن، ئەم زمانە كاریگەریی ئەو زمانانەی بە سەرەوەیە كە لە دەوروبەری توركیان، وەكو توركی و یۆنانی.

ئەوەی لە مێژووی رۆژنامەی "شالوم"دا جێی سەرنجە؛ ئەوەیە كە بە بەراورد لەگەڵ زۆربەی رۆژنامەكانی تری توركیادا زوو دامەزراوەو، هەروەها هاوكات بووە لەگەڵ دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسرائیلدا. جوولەكە توركەكان لە مێژووی خۆیاندا گەلێ رۆژنامەیان دەركردووە، بەڵام رۆژنامەی "شالوم" و كاتی دەرچوونی لە ١٩٤٧داو بەردەوامبوونی تا ئەمڕۆ گوزارشت لە شتێكی دیكە دەكات. ئەم رۆژنامەیە ئەفرام لیۆن دایمەزراند بە مەبەستی گەیاندنی زانیاری بەو جوولەكە توركانەی بە زمانی توركی دەدوێن. تا ساڵی ١٩٨٣، واتە كە نەخۆشی پەكیخست هەر خۆی دەریدەكرد. دوای ئەوەی بۆ ماوەی سێ مانگ وەستا، سەر لەنوێ دەستی بە دەرچوون كردەوە؛ بەڵام ئەمجارەیان بە كۆمەڵ دەركرا نەك تاقە كەسێك لە دەركردنی بەرپرسیار بێت. بۆ ئەم مەبەستەش كۆمپانیای "گوزلەم" ی چاپ و پەخش كە خاوەنەكەی كابرایەكی جوولەكەیە "ئیزیدر باروٚخ" كارەكەی گرتە ئەستۆ، سەرنووسەرەكەشی سیلڤیۆ ئۆفادیایە كە لاویكی كراوەو راشكاوەو جەخت لە پابەندبوونی خۆی بە نیشتمان واتە بۆ توركیای دایك دەكاتەوە، سەرباری هەموو ئەو ئاسانكارییانەی ئیسرائیل بۆ ئەو جوولەكانەی دابین دەكات كە لە جیهانەوە بەرەو ئیسرائیل كۆچ دەكەنەوە. شتێكی سەیریش بوو كاتێ ئۆفادیا ئەوەی دركاند كە بەشێكی زۆری جوولەكە توركەكان زمانی عیبری نازانن. بەڵام وتی كە تاقە قوتابخانەی جوولەكە كە لە ئەستەمبوولەو لە ئەزمیر لقی هەیە، ئیستا هەفتانە شەش سەعات وانەی زمانی عیبریی تیا دەوترێتەوە. ئەوانەش كە هیشتا زمانی یەهودیی ئیسپانییان لەبیر نەچۆتەوە؛ بەڵام كەمێك بە قورسی پێی دەئاخڤن؛ ڕێژەیان دەگاتە

١٠٪ یــان ١٥٪ی جوولەکــەکانی تورکیــا، رۆژ بــە رۆژیـــش ژمــارەی ئەمانـــە لـــە کەمبوونەوەدایە لەبەر نەبوونی خویندن بەو زمانـە یـان نـەبوونی کتێبـی ریزمـان و کەمی بەکارهینانی زمانەکە خۆی لە هەندێ ناوچەی بەلقاندا.

لە سیلڤیۆ ئۆفادیا دەپرسین بۆچی رۆژنامەکە هەفتانە دەردەچیت نەك رۆژانە، لە وەلامدا دەلیت کاتی خۆی ئەزموونی دەرکردنی رۆژنامەی رۆژانە بە زمانی تورکی و سەبارەت بە جووە تورکەکان، یان رۆژنامەی تری ئەرمەنی و یۆنانییەکان هەبووە. ئەمرۆش دوو رۆژنامە هەن کە بە زمانی یۆنانی و ئەرمەنی دەردەچن. بەلام بەهەزار حالْ یەکی ٧٠٠ تا ٨٠٠ دانەیان لی بلاودەبیتـەوە. مەبەسـت لـە دەرکردنـی ئـەم رۆژنامانەش بۆ کەمایەتییە ناموسلمانەکان سەر لەنوێ بلاوکردنەوەی ئەو وتارانەیە کە لە رۆژنامە تورکیـە رۆژانـەکانی وەکـو رۆژنامـەی "حورییـەت" و هـی تـردا بـلاو دەبنەوەو ئەوان لی تیناگەن. بەلام بۆ جوولەکە تورکەکان سوودیکی نییە؛ چونکە هەموویان زمانی تورکی دەزانن و رۆژنامە رۆژانە تورکیـەکان دەکـرن، بۆیـە ئاسـان نییە رۆژنامەیەکی رۆژانە دەربکرێ، چونکە توانای بەرهەمهینانی هەوالیش نییە. لیرەوە ئۆفادیا دەلیت بایەخ بە هەوالەکانی جوولەکە لە تورکیاو ئیسرائیل و جیهاندا دەدەن.

## ئەوانەی "شالوم" دەخویننەوە کین و سەر بە تویژیکن؟

ئۆفادیا لە وەلامدا دەلیت: چوار هـەزار و دووسـەد بەشـدارمان لـە رۆژنامەکـەدا هەیـە، حەوتسـەدیان لـە دەرەوەی تورکیایـە، لـە ئـەمریکاو ئیسـرائیل و فەرەنسـاو سویسـراو ئیتالیـا و ئینگلتـەرە و هتـد. باقییەکـەی لـەناو تورکیادایـە، ٢٥٠ی بـۆ دەرەوەی ئەسـتەمبولەو ئـەوەی تریشـی کـە دەمینیتـەوە واتـە ٣٥٠٠ دانـە هـی بەشدارانی ناو شاری ئەستەمبولە. وا مەزەنەش دەکرێ کە ٧٪ یا ٨٪ی بەشدارەکانی ئەستەمبوڵ جوولەکە نەبن. دەشێ ئەم بایەخدانەش لە ئەنجامی ئەوەوە هاتبیت کە خەلکانیك هەن دەیانەوێ هەندێ زانیاریی میژوویيان سەبارەت بە جوولەکە هەبیت، بـە تایبـەتیش پـاش دامـەزراندنی "مەلبـەندی پینجسـەدەمین سـالْ" (کـە لـە سـالی ١٩٩٢دا دامەزرا بە بۆنەی یادی پینجسەد سالەی کۆچی جوولەکەوە لە ئیسپانیاوە بۆ دەولەتی عوسمانی). بەلام لە دەرەوەی تورکیادا ئەوەی جێی سەرنجە ئەوەیە کە

لاپەرە یەهودی-ئیسپانی‌یەکەی رۆژنامەکە لە هەندێ زانکۆی ئەورووپیدا دەخوێنرێ. هەروەها لە هەندێ زانکۆی ئەمریکاشەوە بەشدار هەن. دیسانەوە لەناوەوەی توركیاشدا هەندێ بزاڤی ئیسلامی‌ی توركی توندرەو هەن کە لە رۆژنامەکەماندا بەشدارن، وەکو رۆژنامەی "زەمان"ی ئیسلامی.

لێی دەپرسین سەبارەت ژمارەی ئەو کەسانەی لە ئیسرائیلەوە بەشدارییان لە رۆژنامەکەدا کردووە، لە وەڵامدا دەڵیت نزیکەی ٢٥٠-٣٠٠ کەسن، کە زوربەیان جوولەکەی بە ئەسڵ تورکن کە زمانی تورکی دەزانن. بەڵام لە وڵاتە عەرەبیەکانەوە تەنها بەشداریك هەیە کە ئەویش لە لوبنانە.. کاتیك چاویکی خیراش بە رۆژنامەکەدا دەخشینین، دەبینین زۆربەی ئەوانەی تیا دەنووسن، جگە لە دووسێ ناو، بریتین لە جوولەکە تورکەکان، هەروەها هەندێ لەو وتارانەی کە نووسەرە تورکەکان لە رۆژنامە تورکییەکانی تردا دەینووسن و پەیوەندییان بە جوولەکە یان ئیسرائیلەوە هەیە دیسانەوە بڵاو دەکرینەوە.

لەم رۆژنامەیەدا تیمیك لە نووسەرانی جوولەکەی تورك کاردەکەن. تیاشیدایە جوولەکە نی‌یە، موسلمانە، میژوونووس یان رۆژنامەوانەو خەلکی ئەزمیرو ئەنقەرە یا ئەستەمووله. ئۆفادیا دەڵیت "گرنگ گروپەکە نی‌یە؛ بەلکو بابەتەکە".

ئۆفادیا نکوولی لەوە دەکات رۆژنامەکە لەلایەن ئیسرائیلەوە پشتگیریی لێ بکرێ. بگرە نکوولی لەوە دەکات تەنانەت لەلایەن جوولەکە تورکەکانەوە یان هەر گروپیکی تریشەوە پشتیوانیی لێ بکرێ. وەکو پیشتر وترا رۆژنامەکە لەلایەن کۆمپانیایەکی تایبەتی‌یەوە دەردەکرێ کە ئەویش کۆمپانیای "گوزلەم"ەو پارەی بەشدارەکان پشتیوانیتی. بەڵام ئۆفادیا باس لە "کاریگەرییەکی مەعنەوی"ی ئیسرائیل دەکات پاش سەرکەوتنی لە جەنگەکەی ١٩٦٧داو "بەهیزکردنی پیگەی نیو دەولەتی‌ی، بووە هۆی بەهیزکردنی پیگەی جوولەکە تورکەکان لە تورکیاداو، وایان لێهات رۆلیان پەیدا کرد. کاتێ بالویزی نوێی ئیسپانیاش بۆ تورکیا دیت سەردانمان دەکات، لەبەرئەوەی کەلتوریکی هاوبەش لەنیوان جوولەکەکانی ئیسپانیادا هەیە. جگە لەوەی لەگەڵ بالویزی ئیسرائیلدا لە تورکیادا چاوپیکەوتنمان دەبیت. هەرچۆن بۆ نموونە وەختێ بۆ فەرەنسا دەچم، لەوێ سەردانی بالویزخانەی تورکیا دەکەم". هەروەها ئۆفادیا سەبارەت مەسەلەی نیشتمانپەروەری و دووفاقیتی (ئیزدیواجیەت) دەدوێ و

دەلیت هەر جوولەکەیەك بگریت دەتوانێ بگەریتەوە بۆ ئیسرائیل و رەگەزنامەی ئیسرائیلی وەربگریت، بەلاّم "ئیمە بەر لە هەر شتیك تورکین، ئینجا جوولەکە یا موسلمانین".

کاتیکیش لییدەپرسین کوێ بە نیشتمانی دایك دەزانیت، تورکیا یان ئیسرائیل؟ ئۆفادیا لە وەلاّمدا دەلیت: "تورکیا. هەست و سۆزم و خویندنم لە تورکیاو بە زمانی تورکی بووە. لە مالەوەش هەموو خوو و هەلسوکەوتیکمان تورکانەیە.." هەمان ئەم پرسیارە سەبارەت بە شوناسی جوولەکە تورکەکانیش وروژینرا وەختێ هەولی تیرۆری رابەری گروپی جوولەکەکان لە ئەنقەرە درا کە ناوی پرۆفیسۆر یۆدیۆرۆم بوو و لە زانکۆی "حاجە تەپە" مامۆستا بوو، هەولی تیرۆرکردنەکەشی لە ناوەراستی حوزەیران/ یۆنیۆی ۱۹۹۳دا درا، لەم بارەیەوە یۆرۆم وتی کە کوری بنەمالەیەکە ۵۰۰ سالە لە تورکیادا دەژین: "لە ئەنقەرە لە دایکبووم، بە ریکەوت ئایینی من جوولەکەیە. نکوولی لە ئایینەکەم ناکەم، بەلاّم من شانازی بەوەوە دەکەم کە بەشیکم لە میللەتی تورك. من خزمەتی ئەم میللەتەم کردووەو لە پیناوی پیشکەوتنیدا تیدەکۆشم. وەکو مرۆڤیکیش کە لە بواری ئابووری و فیرکردندا رۆلی خۆم بینیوە دەزانم کە مافی خۆم و هی خیزانەکەشمە کە لەسەر ئەم خاکە بژین. باپیرەشم لە دایکمەوە لە چاناق کالەدا شەهید کرا" (لەکاتی جەنگی رزگاریخوازیی نیشتمانی و پاش یەکەمین جەنگی جیهانی).

بەردەوام ئەم جۆرە رووداوانە بە پەیوەندیی جوولەکە تورکەکان بە ئیسرائیلەوە دەبەسترینەوە. بەلاّم دوای دەسپیکردنی پرۆسەی ئاشتی لەنیوان عەرەب و ئیسرائیلدا ئەم گومانانە کالّ بوونەوە.

سیلڤیۆ ئۆفادیاش ئەمە دەسەلمینیتەوە کاتێ نکوولی لەوە دەکات لەلایەن بزاڤە ئیسلامییەکانەوە لە تورکیادا هەرەشەی لی کرابیت.

وەختێ لە هەلبژاردنەکانی شارەوانیی ۲۷ی ئادار/ مارسی ۱۹۹٤یشدا حیزبی "رەفاه" بە زۆرینەی دەنگ بردییەوە، ئۆفادیا یەکیك بوو لەو دە رۆژنامەوانەی بۆ یەکەمین کۆنگرەی رۆژنامەوانی بانگ کران کە "رەفاه"پاش سەرکەوتنی بەدەستیهینا. هەر چۆن سەرانی "رەفاه" بە بۆنەی جەژنی فصح ی جوولەکەوە دەچنە کەنیشتەو هەروەها بۆ پیرۆزبایی دەچنە مالی ئۆفادیاش.

لیرەشدا ئەو پرسیارە دیتە پیشێ کە ئۆفادیا سەبارەت بۆچوونی بۆ گۆڕانی پەیوەندییەکان دەیکات لە نیوان ئیسرائیل و تورکیادا کاتێ "رەفاه" دەسەلاتی گرتە دەست، ئەوە دەلیت: "پەیوەندییەکان لاواز دەبن. گەرچی ئەو دەسەلاتەی ئیستا لە روانگەی بەرژەوەندیی تورکیاوە پەیوەندیی لەگەڵ ئیسرائیلدا بەستووە. کاتی چیللەر (سەرۆکی حکومەتی پیشوو)یش سەردانی ئیسرائیلی کرد؛ بۆ فەلەستین و میسریش چوو". ئۆفادیا نیگەرانیی خۆی لەوە پیشان دەدات کە ئیسلامییەکان دەسەلات بگرنە دەست "نەك بەو سیفەتەی کە جوولەکەیە، بەلکو وەکو عیلمانییەك. لیرەشدا دەبێ لە گۆشە نیگایەکی سیاسییەوە نەك ئایینییەوە، لە گۆشە نیگایەکی دیموکراسییانەوە بروانینە مەسەلەکە. چونکە ریبازی سیاسی، نەك ئایین، پەیوەندیی نیوان خەلك دیاریدەکات." گەرچی پەیوەندییە ئابوورییەکانی نیوان تورکیا-ئیسرائیل بەرادەیەکی زۆر نییەو، قەوارەی بوودجەی بازرگانیی لەنیوان ئەو دەولەتەدا ناگاتە ٢٥٠ ملیۆن دۆلار سالانە، بەلام کەرتی گەشتوگوزار لەم ریسایە بەدەرەو ژمارەی گەشتیارەکانی ئیسرائیل بۆ تورکیا نزیکەی ژمارەی گەشتیارەکانی ئەلمانیایە. لە کاتیکا ئۆفادیا ژمارەی گەشتیارەکانی ئیسرائیل بۆ تورکیا بە سێسەد هەزار گەشتیار دەخەملینیت لە سالیکدا، بەلام ئەو ژمارەیەی رۆژنامەی "شالوم" لە ژمارەیەکیدا بلاویکردۆتەوە ئاماژە بەوە دەدات کە لە چارەکی یەکەمی سالی ١٩٩٥دا بە ریژەی ٣٣,٩٪ لە چاو چارەکی یەکەمی سالی پیشوویدا گەشتیاری ئیسرائیلی بۆ تورکیا زیادی کردووە. هەر لە مانگی نیسان/ ئەپریلی ١٩٩٣دا نزیکەی ٢٣ هەزار گەشتیاری ئیسرائیلی بەرامبەر ٢٥ هەزار گەشتیاری ئەلمانی بۆ تورکیا هاتبوون. دیدارو یەکتر بینینە سیاسییە راستەوخۆکانی نیوان سەرانی تورکیاو ئیسرائیلیش زیاتر هانی کەرتی گەشتوگوزاری‌دا. ئۆفادیا دەلیت زیادبوونی ژمارەی گەشتیارە ئیسرائیلیەکان بۆ تورکیا ژمارەیەکی زۆر لە کارگوزارە تورکەکانی لە شوینە گەشتوگوزارییەکان بە تایبەتیش لە ئەنتالیا هان دا بەرەو دەریای ناوەراست بچن تا فیری زمانی عیبری ببن.

بۆ ئەو مەبەستەش ژووری بازرگانیی ئەنتالیا خولیکی فیربوونی زمانی عیبریی کردەوە. هەروەها ئۆفادیا دەلیت زۆربەی فرۆشگاو موغازەکان لە ئەنتالیادا تابلۆی دوکانەکانیان بە عیبری دەنووسن و پرن لە گەشتیارو بازرگانی ئیسرائیلی، هەروەکو

چۆن ناوچەی "عوسمان بیگ" لە ئەستەمووڵ پڕە لە بازرگانی عەرەب. کۆمپانیای "گوزلەم"یش کە رۆژنامەی "شالوم" دەردەکات، بە راستی بیر لە کردنەوەی خولی فیربوونی زمانی عیبری دەکاتەوەو، بۆ ئەو مەبەستەش چاوەڕێی رەزامەندیی وەزارەتی رۆشنبیریی تورکیایە.

لە پانۆرامایەکی خیرایی پەیوەندیی جوولەکە تورکەکان بە سەرانی تورکیاوە؛ ئۆفادیا دەلیت؛ جوولەکەکان لە حیزبە راستڕەوەکانی وەکو "ریگای راست"و "نیشتمانی دایك" ەوە نزیکترن، "گەرچی جیاوازیی گەورە لەنیوان حیزبەکانی راست و چەپدا لە تورکیا نەماوە". لەگەڵ ئۆزالدا "کرانەوە بە رووی جوولەکە تورکەکاندا دەستپیکرد لە سەردەمی کرانەوەی تورکیادا بە رووی جیهاندا.. لەهەر روویەکیشەوە بنوارین، ئۆزال لە هەموو سەرکردەکانی دی زیاتر کەسیتییەکی فرەلایەن بوو. لەسەریکەوە پیاویکی ئاییندار بوو، لە سەریکی تریشەوە لەهەموو ئەوانی تر لیبرالتر بوو. بە ئاسانی توانیی هەموو شتیکی توند رەوانە ئەنجامبدات و تیاشیاندا سەرکەوتوو بوو". هەروەها ئۆفادیا دەربارەی چیللەر دەلیت: "شتی زۆر خراپی نەهینا، بەڵام باری حیزبی باش نییە". ئۆفادیا لەو باوەڕەشدایە کە کیشەی کورد لە تورکیادا بە چەك چارەسەر ناکرێ، بەلکو دەبێ ئەو چارەسەرە سیاسی و گشتگیر بیت، چ لە رووی داننان بە کەلتووری کوردەکانداو، ئامادە سازی بۆ بووژاندنەوەی ئابووری. هەمان شتیش بە نیسبەت خۆرهەلاتی ناوەندو ناکۆکییەکانیەوە "گەر باری ئابووری لە غەززە باشتر بووایە، باری سیاسیش بە پیچەوانەی ئیستایەوە دەبوو".

## ٢-تۆرانیەتی نوێ: کۆمەڵەی دەوڵەتان یان "یەکێتییەکی سۆڤێت"ی تورکی؟

یەکێك لە دەرەنجامەکانی هەرەسی یەکێتی سۆڤێت و هەڵوەشانەوەی سەرهەڵدانەوەی توندی گیانی نەتەوایەتی ناوچەیی بوو، کە سەرباری ژمارەی کەمیشیان، داوای سەربەخۆیی و جیابوونەوەیان کرد لە چوارچێوەی سنوورێکی تایبەتیدا. ئەم دیاردەیەش لە بەڵقان و قەفقاسدا تەشەنەی کرد، هەروەها لە هەندێ وڵاتی ژیار پێشکەوتووی وەکو کەنەداو بەلجیکاش، وەك چۆن وڵاتگەلێکی وەکو ئیسپانیا و بەریتانیا و فەرەنساو ئیتاڵیاشمان لەبیر ناچێتەوە.

هاوتەریب لەگەڵ ئەم دیاردەیەدا، هەندێ بیروڕای "کۆکەرەوە" هاتنەوە ئارا کە سنوورەکان تێدەپەڕێنن و ئامانجیان دامەزراندنی کۆمەڵگای هاوبەشی گەورەیە. لەوانە بانگەشەکەی "ئەلیکساندەر سۆلجنیتسن" بۆ پێکهێنانی "یەکێتی سلاڤی" لە نێوان ئەو وڵاتانەدا کە بە زمانە سلاڤیەکان دەئاخڤن. هەروەها ئەو بانگەشانەی لە هەندێ ناوەندی ناو تورکیاو کۆمارە ئیسلامیە بە نەژاد تورکەکانەوە دەکران بۆ دامەزراندنی یەکگرتوویەك بۆ تورکەکانی جیهان بە جۆرێك کە یەکگرتووی تۆرانیمان بیر دەخاتەوە، کە هەرگیز نەهاتە دی، کاتێ لەم بارەیەوە لە بەرپرسانی کۆماری تورکیاشیان دەپرسی، بە توندی نکوڵییان لێ دەکرد.

لە ڕاستیشدا ئەم ڕەتکردنەوە توندە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی وەختێ بیرۆکەی تۆرانیەت، سەدەیەك لەمەوبەر پەیدا بوو؛ بووە مایەی وتووێژو لێدوانی جۆراوجۆر لەسەر ئاستی "تورکۆلۆجی" و سیاسیش. نەیارانی تورکیش کردیان بە بیانوویەك بۆ ترساندنی نێوەندە "شارستانە"کانی جیهان و، تاوانبارکردنی تورك بە ڕەگەز پەرستی لە ئیتنەوە سەرچاوە گرتوو.

ئەوەی ئاشکرایە ئەوەیە کە بزاڤە نەتەوەییەکان لە سەرەتای سەدەی نۆزدەیەمەوە لە ئەوروپا و ڕووسیادا چڕبوونەوە. هەر ئەو دەمە هەردوو "کۆمەڵەی سلاڤی" و "کۆمەڵەی جەرمەنی" پەیدا بوون، یەکەمیان بووە هۆی کاردانەوەی ئەو گەلانەی کە

سلاڤ نین و لەو ناوچانەدا نیشتەجێن کە سلاڤ زۆرینەیان پێکدەهێنێت. لەو بیرۆکانەی ڕێی خۆیشیان کردووە بیرۆکەی "تۆران" بوو، ئەوەی سەیرە ئەم بیرۆکەیە لە ناوەندی کۆمەڵێ زاناوە لە مەجەڕستان (هەنگاریا) پەیدا بوو، ئەمانە کەوتبوونە ژێر کاریگەریی ئەو بۆچوونەوە کە نەوەی خێڵە کۆنەکانی "هون"ن، شانازییان بەمەوە دەکردو هەوڵیاندا ئەم بیرۆکەیە بە هەموو ئەو ناوچانەدا بڵاوبکەنەوە کە تورکەکان و مەغۆل و فین-ئۆغۆرو مەجەڕییەکان تیایاندا نیشتەجێن.

تۆران بە مانا جوگرافییەکەی، سەر وەختێ ناوی دەشتێك بووە لە باکووری خۆرهەڵاتی ئێران کە کاریگەرییەکی گرنگی لەسەر ئەفسانەو کارە ئەدەبییەکان جێهێشتووە. داستانی "شانامە"ی فیردەوسیش نموونەیەکی ئەو کارانەیە. بەڵام هێندەی پەیوەندیی بە مانا سیاسییەکەیەوە هەبێت؛ ئەوا شاعیر و بیرمەندی ناسیونالیستی دیاری تورك زیاء غوك ئەلب دەڵێت "تۆران نیشتمانی ڕاستەقینەی هەموو تورکە، لە ڕابردوداو لەوانەیە لە ئایندەشدا".

ئەم بیرۆکەی تۆرانیەتە کە زانایانی تورکی مەجەڕستان هێنایانە گۆڕێ؛ لای گەلانی تورك کە بەسەر هەردوو ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و ڕووسیدا دابەش ببوون؛ بە گەرمیەوە پێشوازی کرا. شتێکی سروشتیش بوو کە ئەم مەسەلەیە لە ڕووسیادا بایەخی گەورە بە خۆیەوە ببینێت. چونکە بیرۆکەی تۆرانیەت لایەنی سیاسیی "بوونی تورکی" لە ڕووسیادا زۆر بەرەو پێشەوە برد. ئەوە بوو لە نیمچە دوورگەی قەرەمدا، بیرمەندی تورك ئیسماعیل بەگ غاسپیرالی، کە لە ساڵی ١٨٨٣ەوە لە قەرەم ڕۆژنامەی "تەرجومان"ی دەردەکرد دروشمی "یەکێتی لە زمان و لە هزرو لە کاردا"ی بەرز کردەوە.

بەڵام عەلی بەگ حوسێن زادە ئەو شاعیرە بوو کە لە ڕێی قەسیدەی "تۆران"ەوە کە لە نەوەدەکانی سەدەی نۆزدەهەمدا نووسیی، یەکەم بەردی بناغەی تۆرانیەتی سیاسیی دانا؛ وەختێ ڕوو لە مەجەڕستانیەکان دەکات و دەڵێت:

*"ئێوە، ئەی خەڵکی مەجەڕستان*
*خەڵکێك هەیە برامانە*
*زێدی هاوبەشی باووباپیرانیشمان.. تۆرانە"*

هەربۆیە هەردوو بیرمەند یوسف ئاقچۆراو زیاء غوك ئەڵب، عەلی بەگ حوسێن زادەی شاعیر بە یەکەم تۆرانی دەزانن.

تیۆرەی تۆرانیەت بوو بەو بناغەیەی ناسیونالیزمی تورکیی لەسەر بنیاد نرا، لای ڕۆشنبیرە عوسمانیەکان و بە تایبەتیش لای "تورکە لاوەکان"پاش ئەوەی لە ساڵی ۱۹۰۹دا دەسەڵاتیان گرتە دەست. بەمجۆرە تۆرانیەت ڕێی لەبەردەم دێڕە شیعرێکی مێژوویی شاعیر زیاء غوك ئەڵبدا خۆشکرد کە تیایدا دەڵێت:

***نیشتمانی تورك نە تورکیاو نە تورکستانە***

***نیشتمانی ئێمە وڵاتی مەزن و ئەبەدی: تۆرانە***

بەڵام هزری تۆرانی نەیتوانی هەرگیز ببێتە ئایدیۆلۆجیای ڕەسمیی دەسەڵاتی عوسمانی. چونکە بەڕای بیرمەندانی عوسمانیی ئەو کاتە، تۆرانیەت مانای یەکخستنی گەلانی تورك بووە لەژێر ئاڵای خەلافەتی عوسمانیدا کە ئەو دەمە گەلانی ئیسلامیی غەیرە تورکیشی گرتۆتەوە. لەبەرئەوەی دەسەڵاتی عوسمانیش بەڕای بیرمەندانی تورك لە ناو ڕوسیادا، تاقە دەسەڵاتێك بووە "لە توانایدا بێت" لە کۆیلایەتیی ڕووسیا ڕزگاریان بکات، بۆیە لایەنی لێکدانەوەیەکی عوسمانیانەیان بۆ تۆرانیەت گرت.

### تۆرانیيە ڕەسەنەکان

تۆرانیيە ڕەسەنەکان هەولیاندا پەرە بە تیۆرەکەیان بدەن و جەخت لەوەش بکەن کە تاقە شتیك بتوانێ تورکان و گەلانی تورك یەك بخات ئیتنە. تۆرانیەتیش ڕۆلیکی گرنگی لە بەیەکەوە گریدانی ئەم گەلانەو بیرمەندەکانیدا بینی، تەنانەت زیاء غوك ئەلب وتی: "گەر تۆرانیەت نەبووایە بەم خیراییە تورك تەشەنەی نەدەکرد".

ئاگری جەنگی یەکەمی جیهانی گورزی لە لایەنگرانی بیرۆکەی تۆرانیەت وەشاند، لەبەرئەوەی تاقە پشتیوان و دەرگای هیوای تۆرانیەکان بە رووخانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی رووخا لە کاتی ئەو جەنگەداو، عوسمانیەکان زەویوزاریکی زۆریان لەدەست داو ئەمەش ڕەنگدانەوەیەکی خراپی بۆسەر هیزو شکۆی تورکەکان هەبوو لە جیهاندا. بەڵام کۆمەلیك فاکتەری تریش لە شکستی بانگەشە کردن بۆ پیکهینانی کۆمەلەی تۆرانیاندا رۆلیان هەبوو. لەو فاکتەرانە پەرەوازە بوونی گەلانی تورك و

دابەشبوونیان بەسەر ڕووبەرێکی جوگرافیی فراوانی پارچە پارچەی بڵاودا کە ڕێ لە هەر هەوڵێکی دروستکردنی هاوئاهەنگییان دەگرێ. پاشان پێشکەوتنی نەتەوەییانەی سەربەخۆی هەریەکێك لەم گەلە تورکانە بەجیا، جیاوازیی کۆمەڵایەتی و فیکریی وەهای لە نێوانیاندا دروستکردووە کە بواری بۆ بیروبۆچوونی دی خۆشکردووە و، بەمجۆرە تۆرانیەت لە توانایدا نەماوە ببێتە تاقە بیرۆکەو شێوەی نزیکبوونەوە لە نێوان ئەم گەلانەدا.

لێرەوە ئەو شتە پەیدا بوو کە پێی دەڵێن "تۆرانیەتی نوێ" بە تایبەتیش لە ناوچەی قەفقاس (زیاتریش ئازەربایجان). تایبەتمەندێتیی ئەم بزاڤە نوێیەش هاریکاریی نێوان گەلانی تورکە لەسەر بناغەی یەکسانی؛ نەك لەسەر بناغەی تووانەوەیان لەناو یەکتریدا لە ساڵی ۱۹۱۸یشداو وەکو ڕەتکردنەوەیەك بۆ بانگەوازێکی کۆمەڵەی "ئیتیحاد و تەرەققی"ی قەفقاسی کە لە ک۲/ینایەری هەمان ساڵدا دامەزرا بوو، بۆ ئەوەی موسڵمانەکانی قەفقاس بچنە تورکیاو لەژێر ئاڵای خەلافەتی عوسمانیدا بژین و، پاش گەیشتنی لەشکرێکی عوسمانی بە سەرکردایەتیی نوری پاشا بۆ کەنجەی پایتەختی کاتیی ئازەربایجان لە ئایار/ مایۆی ۱۹۱۸دا، بیرمەندێکی ئازەربایجانی کە ناوی ن. یوسف بەگلییە ڕووی لەلایەنگرانی چوونە ژێر باڵی تورکیای کردو وتی: "لەوانەیە لەشکری تورکی بێنە ئازەربایجان و دەشبێ بێن. بەڵام خاڵێك هەیە مایەی مەترسیمانە. با تورکەکان دەست لەوە هەڵبگرن کە لە ئەستەموولەوە فەرمانڕەوایی ئێمە بکەن. تورکە عوسمانیەکان برا گەورەی تورکە ئازەرییەکان و برا گەورەی ئێمەن، بەڵام لە ئەستەموولەوە حوکمی باکۆ ناکرێ".

سەرەتای سەرهەڵدانی مەیلی "ناسیونالیزمی ناوچەیی" (لای گەلانی تورك) کە لەگەڵ کۆتایی یەکەمین جەنگی جیهانیدا دەستی پێکرد، پاش دامەزراندنی "یەکێتیی سۆڤێتی زیاتر ڕەگی داکوتاو قووڵبۆوە، لەبەرئەوەی سەرکردایەتیی شیوعی، بە تایبەتیش سەرکردایەتیی ستالینی پەیڕەویی لە سیاسەتی دابەشکردن و هاوێرکردن و تاراوکردن کرد دژ بە کەمایەتیەکان. بۆ نموونە بە مەبەستی ئەوەی پەیوەندییەکانی ئازەربایجان لەگەڵ تورکیادا بپچڕێنێت لەڕێی تورکانی بورجالی و ئاهیسکاوە لە جۆرجیا، تەواوی ئاهیسکەکان و هەندێ لە بورجالیەکان بۆ قازاقستان و ئۆزبەکستان دوورخرانەوە. بگرە لە ساڵی ۱۹٤٤دا پلانێك بۆ دوورخستنەوەی

زۆربــەی دانیشــتووانی ئازەربایجــان بــۆ قازاقســتان داڕێــژرا. مۆســکۆش هـــەوڵیدا پەیوەندییە ڕۆشنبیرییەکانی نێوان کۆمارە تورکەکانی یەکێتی سۆڤێت بۆ ئاستێکی زۆر نـزم دابـەزێنێت و، یـاریی بە هەستی نەتەوایـەتییان دەکـرد بـەوەی نەیدەهێشـت ناوی تورکی بەکاربهێنن و، ئەلفوبێکانیانی گۆڕی بـە ئـەلفوبێی کـیریلی (سـلاڤی). ئەمە جگە لەوەی هەموو جۆرە گوشارێك دەخرایە سەر ڕۆشنبیرە ناسیونالیستەکان و بـەوە تاوانبـار دەکـران کـە "بـەکرێگیراوی تورکیـا"ن و بانگەشـە بـۆ یەکگرتوویـەکی تورکی دەکەن.

ئەمەش یەکێك بوو لەو فاکتەرانەی وای لە تۆرانیەت کرد لە بنەما سەرەکیەکانی خۆی دووربکەوێتەوە. لە بەرنامەی حیزبی "یەکسانی" ئازەربایجانی دا لـە ساڵی ١٩٣٦دا بانگەشە هەیە بۆ ئەوەی ئازەربایجان ببێت بە "دەوڵەت"ێك و هەوڵبدات لە تورکەکانی دی نزیکببێتەوە. هەندێ لە سەرکردە ناسیونالیستەکانیش، بە تایبەتی محەمەد ئەمین ڕەسول زادە دەستی بە بانگەشە بۆ "تۆرانی نوێ" کـرد بەوەی تورکـەکان دەوڵـەتی تایبـەت بـە خۆیـان هـەبێت و پـەیوەندیی نێوان ئـەو دەوڵەتانە توندو تـۆڵ بێـت. ئـەم بیرکردنەوەیەش ئەوە پیشان دەدات کە تۆرانیەت چووەتە قۆناغێکی نوێوە.

لەماوەی حەفتا ساڵ حوکمی سۆڤێتیدا، گیـانی ناوچەییانـەی ناسیونالیزمی تورکـی نەشونمای کردو، ئەدەبی خۆماڵیش زیاتر پەرەیسەند. وەختێ یـەکێتیی سـۆڤێتیش هەرەسـیهێنا؛ بەئاشـکرا ئـەم جیاوازییانـە لـەنێوان گـەلانی تورکـدا کەوتنـــە ڕوو. پێشبینیەکەی زیـاء غوك ئەڵپیش هاتە دی کە وتی: "ئەو کاتـەی تەتـەرو ئۆزبـەك و قەرغیز دەبنـە خـاوەن ڕۆشـنبیریی جیـاواز، ئەوسـا دەبنـە میللـەتی لەیـەك جیـاواز و هیچیان لەیادا نامێنێتەوە تەنها ناوی خۆیان نەبێت".

سـەربەخۆ بوونـی دەوڵـەتە ئیسـلامی–تورکـەکان لـە یـەکێتیی سـۆڤێت و، گەڕانـەوەی پـەیوەندیی ئازادیـان لەگـەڵ تورکیـادا، دیسـانەوە مەسـەلەی تۆرانیـەتی وروژانـدەوە. بـەڵام بـەو شـێوە نوێیـەی کـە لـە نووسـینەکانی بیرمـەندە تورکـەکانی نـاو تورکیـاو "جیهانی تورکی" دا دەردەکەوێ؛ ئـەو ترسـە لـە دامـەزراندنی یەکگرتوویـەکی تورکی لەسـەر بناغەیـەکی ڕەگـەز پەرستانە. دەڕەوێنێتـەوە. ئەم شـێوە نوێیـەی "یـەکێتیی تورکـیی شـێمانەکراو" هەریـەك لـە "ڕێکخـراوی کۆنگـرەی ئیسـلامی" و "کۆمەڵـەی وڵاتـانی عـەرەب" و "کۆمەڵـەی ئـەوروپایی" و ئـەمریکا بـە نموونـە دەهێنێتـەوە. لـە

کاتێکیشدا ئەم شێوە ڕێکخراوانە بۆ کاری هاوبەش هەن، ئیدی چ ترسێك لەوە نییە کە "کۆمەڵەی وڵاتانی تورك" مەترسی لەسەر هاوسێکانی دروستبکات.

ئەم ترسە لە "تۆرانێکی نوێ"، لە ساڵی ١٩٨٩دا، هەردوو بیرمەندی ئەرمەنی زۆری بالایان و ف. گریگۆریان لە گوزارشتیان لێکرد کاتێ وایاندانا گەر هەرێمی قەرەباغ بخرێتە سەر ئەرمینیا، ئەوە ڕێ لە دامەزراندنی تۆران دەگرێ. بگرە ڕاگەیاندنی ئەرمەنی ئەو پردەی سیدیریك (کە لەسەر ڕووباری ئاراسە) و تورکیا بە نەخچەوانەوە دەبەستێتەوە، ناوی نا "پردی تۆران". ئاشکرایە کە نەخچەوانیش کۆمارێکی ئۆتۆنۆمی سەر بە ئازەبایجانە، بەڵام لەڕووی جوگرافیەوە پێوەی نەلکاوە، چونکە زەوییەکانی ئەرمینیا لە یەکتری جیایان دەکاتەوە.

بۆیە ئازەربایجان و نەخچەوان، لەهەر پڕۆژەیەکی "یەکێتییەکی تورك"دا لە ئایندەدا دەبنە "هۆی بەستنەوە"ی "خۆرهەڵاتی تورکی" (لە ئاسیای ناوەڕاست و قەفقاس) و "خۆرئاوای تورکی" لە تورکیاو قوبرس و بەڵقاندا. هەروەها ئازەرییەکان ئەرمەن بەوە تاوانبار دەکەن کە مەسەلەی قەرەباغیان دروستکردووە بۆ ئەوەی ئەو یەکگرتنەوە تورکیە ڕوو نەدات و، داوا لە جیهانی تورکی دەکەن کە مەسەلەی هەرێم بکەن بە یەکەم مەسەلەی چارەنووسسازیان، نەك بە تەنها ناکۆکیەکی ئازەری–ئەرمەنی.

بانگەشەکەی سەرۆکی تورکیا تۆرگوت ئۆزال بۆ ئەوەی سەدەی ئایندە ببێتە سەدەی تورکان و، پێشنیازەکەی وەزیری دەرەوەی تورکیا حیکمەت چەتین بۆ ئاڵوگۆڕی زەوی و زار لە نێوان ئەرمینیاو ئازەربایجاندا؛ بە جۆرێك کە ئەرمینیا لەڕێی وشکانییەوە بە قەرەباغەوە ببەسترێتەوە، نەخچەوانیش بە ڕێیەکی وشکانیی تر بە ئازەربایجانەوە ببەسترێتەوە، نیشانەن بۆ ئارەزووی زیندووکردنەوەی تۆرانیەت، گەرچی لەسەر هەندێ بنچینەی نوێش بێت.

بەڵام ئەوەی لە یەکەم کۆنگرەی لووتکەی تورکیدا ڕوویدا، کە لە ٣٠–٣١ ت١/ ئۆکتۆبەری ١٩٩٢دا بەسترا، ئەو ناکۆکی و جیاوازییە قووڵانە پیشاندەدات کە لە نێوان گەلانی تورکدا هەیە. ئەوەبوو هەندێ لە سەرانی ئاسیای ناوەڕاست ئۆزالیان بەوە تاوانبار کرد کە دەیەوێ تورکیا بکات بە ڕووسیایەکی دیو، ئەو کات سەنتەری دەسەڵات لەبری ئەوەی مۆسکۆ بێت؛ ئەنقەرە دەبێت.

هەروەها هەندێ لە سەرانی دەوڵەتانی تری تورك کە لە کۆنگرەکەدا بەشدار بوون هەموو جۆرە یەکبوونێکیان لەسەر بناغەی ئیتن و ئایین ڕەتکردەوە. خۆگەر گوێگرتنی سەرانی دەوڵەتانی تورك (جگە لە سەرۆکی ئازەربایجان)یش لە ڕێی

وەرگێڕانی ڕاستەوخۆوە بۆ ڕووسی؛ بەڵگەیەك بێت بۆ سیاسەتی "بە ڕووسی کردن– الترویس"ی کەلتووری کە مۆسکۆ بە درێژایی ٧٠ ساڵ دژی گەلانی تری غەیرە ڕووس لەناو یەکێتی‌ی سۆڤێتدا ئەنجامیدا، هەروەها ئاماژەشە بۆ ئەوەی کە ڕێگا لەبەردەم "یەکێتی‌یەکی تورکی"دا درێژو ئاڵۆزو دڕکاوی دەبێت و، گەڕان بە دوای شێوەی تری هاوکاریدا، لەسەر تەرزی "کۆمەڵەی وڵاتانی عەرەب" باشترە، جگە لە هەوڵدان بۆ پتەوکردنی پەیوەندییە دوو قۆڵیەکان.

ئەوەی وا دەکات ئەم شێوەیەی دواییشیان پەسەندتر بێت، تەقەللای بەردەوامی تورکیایە بۆ بوونە ئەندامی لە کۆمەڵەی ئەوروپاییداو، خەونی بۆ ئەوەی ببێتە بەشێك لە بەهاو ئایدیاکانی خۆرئاوا، سەرباری ئەو نائومێدییانەی کە دووچاریشی بوون. مەسعود یڵماز، کاتێ کە سەرۆکی حکومەتی تورکیا بوو؛ جارێکیان ڕایگەیاند کە پێویستە لەسەر تورکیا یان ببێتە بەشێك لە ئەوروپاو جیهانی ژیاری، یان ئەوەتا دەبێ بچێتە دەرەوەی مێژووەوە.

ئەگەر گۆڕانیش بەسەر ئەم بۆچوونەدا نەیەت لای بژاردەی تورکی، ئەوا چاوبڕینی بەردەوام لە ئەوروپا مەسەلەی "تۆرانیەتی نوێ" ناباتە پێشەوەو، هەر دەوڵەتێکی تورکی بەجیا بەدوای هەڵبژاردنی تایبەتی‌ی خۆیدا دەچێت، بە تایبەتیش لەبەرئەوەی ئامادەنین سەنتەرێکی هەژموون بە سەنتەرێکی تری هەژموون بگۆڕنەوە، کە دەشێ ببێتە ڕەهەندێکی ئیتنی کە مایەی ترسی هاوسێکان بێ، هاوسێکانیش زۆرن، یان ببێتە مایەی نەهێشتنی ئەمن و ئاسایش. ئەمەش مەترسی بۆ هەمووان دروستدەکات.

# ٣-ململانێی ئەلفوبێكان و شفرەی توركی

هێشتا كاروانی گەرانی ئەو شەش كۆمارە ئیسلامییەی لە یەكێتیی سۆڤێت جیابوونەوە بەدوا شوناسدا هەر بەردەوامە. كۆمەڵێك فاكتەری ئابووریو رۆشنبیری و سیاسیش دەستیان لە دەسنیشانكردنی ئەو شوناسەدا هەیە، بە جۆرێك كە دەشێ لە دایكبوونی نوێشیان هەروەكو ئەوەی یەكێتیی سۆڤێتی پێشوو ناچاری بێت و، ئەم كۆمارە تازە سەربەخۆیانە بچنە گێژاوێكی نوێی وەهاوە كە بیانگەرێنێتەوە بۆ خاڵی سەرەتا.

ئەلفوبێی نووسینیش یەكێكە لەو بوارە سەرەكیانەی كە سروشتی ئەو هەڵبژاردنە سیاسیە دەخاتە روو كە دەوڵەتانی ئاسیای ناوەراست لە گەرانیاندا بەدوا شوناس و ئیستاو پاشەرۆژیاندا دیاریی دەكەن. ئەلفوبێ یەكێكە لەو بوارانەی ململانێ لەسەر دەسەڵات لە ناوچەكەدا و لە نێوان كۆمەڵێك هێزی بنەرەتیدا كە لە رووی بنەماو خۆزیاوە جیاوازن، لەسەروو هەمووشیانەوە توركیاو ئێران و عەرەبستانی سعودی.

گەرچی ئەو ململانێ بەردەوامە هێشتا نەگەیشتۆتە دیاریكردنی دوا هەڵبژاردن سەبارەت بەوەی كام یەك لەم ئەلفوبێیانە دەبێتە ئەلفوبێی پشت پێ بەستراوی دەوڵەتانی ئاسیای ناوەراست پێكەوە؛ یان بەجیا، بەڵام ئەوەی جێی سەرنجە چربوونەوەی جووڵانەوەی توركیایە بەرامبەر بەم دەوڵەتانەو ئازەربایجان لەژێر چەتری پەیوەندیی ناسیونالیستیدا.

ئەنقەرە توانیی لە چەند كۆبوونەوەیەكدا هەندێ دەوڵەتی توركی كۆبكاتەوە، چ لەسەر ئاستی سەرۆكایەتی یان وەزارەت و یان پسپۆرایەتی. بوونی دە هەزار قوتابیش لە دەوڵەتانی توركیی جیاجیاوە لە توركیادا بە مەبەستی خوێندن لە پەیمانگاو زانكۆكان نیشانەیەكە لە نیشانەكانی بەهێزكردنی قەڵەمرەوی توركی لەنێو ئەو دەوڵەتانەدا.

یەكێك لەو نیشانانەی تریش كە مانای خۆیان هەیە ئەوەیە كە ئاژانسی هاوكاریو گەشەپێدانی توركی (TIKA) كەسەر بە وەزارەتی دەرەوەی توركیایە، توانیی لە

٨ی ئادار/ مارسی ١٩٩٣دا نوێنەری شەش كۆماری ئیسلامیی تورك لە ئەنقەرە كۆبكاتەوە، ئامانجی ئەم كۆبوونەوەیەش ڕێك كەوتن بوو لەسەر بەكارهێنانی یەك ئەلفوبێ بۆ كۆمارە توركەكان.

لە كۆتایی ئەو كۆبوونەوەیەدا كە دوو ڕۆژی خایاند، نوێنەرانی:ئۆزبەكستان و، توركمانستان و، قەرغیزیاو، قازاقستان و، ئازەربایجان و توركیا، توانییان پێكەوە پرۆژەیەك بۆ ئەلفوبێیەكی توركی نوێ بهێننە پێشچاوی خۆیان كە لە ٣٤ پیت پێكهاتووە.

ئەم ئەلفوبێیە تازەیە كە ناونرا "ئەلفوبێی توركی‌ی هاوبەش" هەمان ئەو ئەلفوبێ لاتینی‌یەیە كە لە ساڵی ١٩٢٨ەوە تا ئێستا لە توركیادا بەكاردەهێنرێ و لە ٢٩ پیت پێكهاتووە، بەڵام پێنج پیتی تازەشی خراوەتە سەرو بەمە بووە بە ٣٤ پیت.

پیتە تازەكانیش بریتین لە :

X بەرامبەر بە پیتی H ی توركی.

Q كە لە گوتندا لە K دەچێت و، بۆ نموونە لە نووسینی وشەیەكی وەكو "باكۆ" BAQU دا بەكاردەهێنرێ.

W بەرامبەر بە پیتی V توركی.

N پیتێكی سووك كراوەی N ە.

Ə بەرامبەر پیتی E.

بەڵام ئەم پیتەی دواییان بووەتە مایەی نیگەرانی پسپۆڕان، هێندەی پەیوەندیی بە بەكارهێنانی كۆمپیوتەری‌یەوە هەبێت. هەرئەوەندە ڕێكەوتنامەكە ئیمزا كرا سەبارەت بە ئەلفوبێی نوێ، سەر كۆماری توركیا (ی كۆچكردوو) تۆرگوت ئۆزال لەوە ئاگاداركراو، ئەویش بەڕادەیەك پێی خۆش بوو كە یەكسەر پێشنیازی كرد ڕۆژی ١٠ی ئادار/ مارس (ڕۆژی ئیمزاكردنی ریكەوتنامەكە)ی هەموو ساڵیك بكرێ بە "جەژنی زمان". ئەوەبوو وەزارەتی دەرەوەی توركیا بڕیاری ریكەوتنامەكەی نارد بۆ وەزارەتی پەروەردە تا ڕەزامەندیی خۆیانی لەسەر بنووسن و پاشانیش سەر كۆمار ڕەزامەندیی خۆی لەسەری دەربری.

کاردانەوەی زمانناسان  لە تورکیادا لە ئاست ئەم ئەلفوبێ نوێ پێشنیازکراوەدا جیاواز بوو.  لە کاتێکا هەندێکیان لە ڕوانگەیەکی زانستی‌ی پەتی‌یەوە لە بارەیەوە دوان، هەندێکی تر بۆچوونی سیاسی بەسەر هەڵوێستیاندا زاڵبوو، ئەوە بوو "ناسیونالیستە"کانی تورك پشتگیرییان لێکرد کەچی ئیسلامییەکان دژی وەستانەوە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە خاڵێکی تریش چووە سەر "کارنامە"ی ململانێ‌ی فیکریی کراوە لە تورکیادا.

دکتۆر سەماع بارۆدچۆ کە نوێنەری تورکیا بوو بۆ ئیمزاکردنی ڕێکەوتنامەکە، وتی کۆمارە تورکەکان بە حەزو ویستی خۆیان ئەم ئەلفوبێیەیان هەڵبژارد و، هیچ جۆرە گوشارێك نەخراوەتە سەر ئەو کۆمارانە و هەروەها وتی: "شفەرەی کیریلیەت گورزی لە زمان و ئەلفوبێکانی  کۆمارە تورکەکان وەشاند، بە جۆرێك کە، بۆ نمونە، قەرغیزەکان ناتوانن ئەو شتانە بخوێننەوە کە ئۆزبەکەکان بە کیریلی دەینووسن. دوا شفرە ئێمە چەقاندمان و تەواوی ئەو جیاوازییانە دەسڕینەوە".

شفرەی تورکی بە شێوەیەکی خێرا وا لە کۆمارە تورکەکان دەکات ئەلفوبێ‌ی لاتینی بەکاربهێنن، بە مەرجێك لەسەر هەڵوێستی خۆیان بمێننەوە. بۆ نموونە قازاقستان لەگەڵ بەکارهێنانی ئەلفوبێ‌ی نوێدا نەبوو، پاشان پاشگەزبۆوەو ڕێکەوتنامەکەی ئیمزا کرد.  کۆمارە تورکەکان قایل نەبوون ئەو ئەلفوبێ‌یەی تورکیا خۆی بەکاربهێنن کە لە ٢٩ پیت پێکهاتووەو، سووربوون لەسەرئەوەی کە  دەبێ پیتی تری بخرێتە سەر، تورکیاش بە ناچاری‌یەوە قایل بوو، تا ئەوە بوو ئەلفوبێ‌ی ٣٤ پیتی پێکهات.

مێژوونووس و پرۆفیسۆری تورك محەمەد سەرای کە  لە بواری زمانەوانیدا کاری کردووە، دەڵێت: "عەرەبەکان ژمارەکانی  خۆیان گۆڕی، بەلام زمانی نووسینیان یەك زمانە، ئێمەی تورکیش پێویستە یەکێتیی زمانمان بپارێزین" هەروەها  بەڕای سەرای ئەلفوبێ‌ی لاتینی بۆ کرانەوە بە ڕووی جیهان و تەکنۆلۆجیای پێشکەوتوودا پێویستەو، دەڵێت کە پرۆسەی یەکخستنی زمانە تورکیەکان لە ساڵێکەوە تا دوو ساڵ دەخایەنێت.

لە ئەنجامەکانی یەکبوونی زمانە تورکیەکان، گەر بە تەواوی سەربگرێت، زیادکردنی کاریگەریی زمانی تورکیە لە جیهاندا. ئەو کات دووسەد  ملیۆن تورك داوا دەکەن کە زمانی تورکی لە نەتەوە یەکگرتووەکان و  ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکانی تردا بە ڕەسمی بناسرێ.

بارۆدچۆ بە پێویستی دەزانێت کە هەندێ دەقی نووسراو بە ئەلفوبێی نوێ بۆ منالآنی قوتابخانە سەرەتاییەکان دابنرێ و چاپخانەی بۆ تەرخان بکرێ و فەرهەنگ بۆ یەکخستنی ئەو زاراوانە بنووسرێ و بەمجۆرە "دووەم شۆڕشی زمانەوانی"دێتە دی. بەو پێیەی "یەکەم شۆڕشی زمانەوانی" ئەوە بوو کە ئەتاتورك لە ساڵی ١٩٢٨دا ئەلفوبێی عەرەبی‌ی لە زمانی تورکیدا گۆڕی بە ئەلفوبێی لاتینی.

سەروەت تورغوتیش کە جێگری سەرۆك حیزبی بزاڤی نەتەوەیی (MHP)ە کە ئەلب ئەرسەلان تورکیش سەرۆکایەتیی دەکات پێ لەسەر ئەوە دادەگرێت کە حیزبەکەی ئەوان ڕۆڵی سەرەکییان هەبووە لە زیادکردنی پیتەکاندا بۆ ٣٤ پیت، ئەمەش دەبێتە مایەی دەوڵەمەند کردنی زمانی تورکی. پێویستیش ناکات ئەوانی دی بترسن. "براکانمان لە کۆمارە تورکیەکاندا یەکپارچەیی خاکی نیشتمانیان ناوێت، بەڵکو یەکێتی‌ی زمان و ڕۆشنبیری. بۆیە مەسەلەی ئەلفوبێ زۆر گرنگە. ئەمەش بۆ تورکیا سوودمەندە، لەو ڕووەوە کە لەم دەوڵەتانەدا بازاڕێك بۆ خۆی دروستبکات. من تێناگەم، نەك لە زمان و ئەلفوبێی تایبەت بە حیزبی "ڕەفاه" (ی ئیسلامی) خۆی، بەڵکو لەوەی بۆچی هەوڵدەدات پشت بە زمانی عەرەبی دەبەستێت".

لێرەشدا فەتحوڵا ئەرباشی نوێنەری حیزبی "ڕەفاه" لە ناوچەی "ڤان"دا دەڵێت گۆڕینی پیتەکان بۆ لاتینی لە بیستەکاندا، بریتی بوو لە پرۆسەیەك بۆ ناچارکردنی تورکیا. زمانی دێرینی زانست لەم وڵاتە (تورکانەدا) عەرەبی بووە. سەمەرقەندو بوخارا دوو مەڵبەندی ئیسلامیی گرنگ بوون، جا بۆ ئەوەی ئەم وڵاتانە لە کەلتورو کەلەپووری خۆیان دابڕن (لەلایەن ڕووسەکانەوە) ناچار کران ئەلفوبێی کیریلی بەکاربهێنن. ئێستاش لەگەڵ ئەلفوبێی لاتینیدا هەمان شتیان دەوێت. ئێمە لەگەڵ ئەوەداین کە لە تەواوی جیهانی ئیسلامیدا ئەلفوبێی عەرەبی بەکاربهینرێ، گەرچی بۆ ئەوەش هەر زۆر گرنگە.

سیفگی ئوزەل کە خانمیکی ئەندامە لە کۆڕی زمانی تورکی‌دا لەو بروایەدا نی‌یە کە پیویست بە زیادکردنی پینج پیتی زیاد دەکات . لەبەرئەوەی ئەو پیتە نوییانەی شۆرشی پیت لە سالی ١٩٢٨دا لەگەڵ خۆیدا هینانی، وەکو پیتی sc، زۆر کیشەیان دروستکرد کە بێ چارەسەر مانەوە. ئەم کیشانەش جاریکی دی دەگویزرینەوە بۆ ئەو کۆمارە تورکانە. ئەمەش دەبیتە مایەی ئاژاوە.

گومان لەوەدا نییە كە "ئەلفوبێی توركیی هاوبەش" (ی نوێ) دەبێتە مایەی كاردانەوەی هەریەك لە ئیران و عەرەبستانی سعودی و، بایەخی تەواو بە لایەنی سیاسیی ئەم مەسەلەیە دەدەن.

بەرپرسانی تورك لە نامەیەكدا بۆ شای عەرەبستانی سعودی، شافەهد، ئەوەیان راگەیاندووە كە هەولدان بۆ بلاوكردنەوەی ئەلفوبێی عەرەبی خزمەتی ئامانجەكانی ئیران دەكات لە ئاسیای ناوەراستدا. لە ئەنجامی ئەوەشداو بە كۆششی ئەنقەرە پرۆژەی ناردنی ئامیری چاپی عەرەبی بۆ كۆمارە ئیسلامیە توركەكان وەستا، كە بانكی گەشەپیدانی ئیسلامی (كە توركیاش لە بەریوەبردنیدا بەشدارە) بەتەما بوو بیاننیریت.

ئەو نامە زۆرانەی كە نیردران بۆ شا فەهد ئەو كیبەر كییەیان وەبیر هینایەوە كە لە نیوان عەرەبستانی سعودی و ئیراندا هەیەو، داوایان لی كرد چیدی كۆشش نەكات ئەلفوبێی عەرەبی بلاوبكاتەوە.

لەم بارەیەشەوە زانراوە كە پرۆژەی ناردنی ئەو ئامیرانەی چاپ كە باسمانكردن بایی شەست ملیۆن دۆلار بووەو، دانرابوون بنیردرین بۆ ئازەربایجان و قەرغیزیا و قازاقستان و توركمانستان و ئۆزبەكستان و تاجیكستان.

هەندێ سەرچاوەی نزیك لە وەزارەتی دەرەوەی توركیاش ئاماژەیان بەوەدا كە ئەم جۆرە پرۆژانە لە سیستمی بانكدا رەچاو نەكراون. خۆگەر پیویست بێ ئەمجۆرە چالاكییانەش ئەنجامبدرین، ئەوا بۆ ئامیری چاپ بە ئەلفوبێی لاتینی تەرخاندەكرێ، نەك هی تر. بەم پێیە پرۆژەكە وەستا. ئەگەر ئەو كۆمارانەش بەیەكجاری پشتیان بە ئەلفوبێی نوێی هاوبەش بەست، وا چاوەروان دەكرێ توركیا ئامیری تازەیان بۆ بنیریت.

هەر ئەو كۆبوونەوەیەی كە بریاری لەسەر ئەلفوبێی نوێدا، داوایكرد هەندێ گروپی كاری بەردەوام پیك بین، كە بریتی بن لە پسپۆران لە ئەلفوبێو رینووس و ئامۆژگاریدا بۆ یەكەمین كۆنگرەی لووتكەی دادێ بۆ سەرانی كۆمارە توركەكان و، دەربرینی رەزامەندی لەسەریان.

هەروەها توركیا بەتەمای چەند پرۆژەیەكی پەیوەندیدارە بە ئەلفوبێی لاتینی لای "توركەكانی دەرەوە" و بە بری ٧٢٠ ملیار لیرەی توركی (نزیكەی ٨٠ ملیۆن دۆلار)

بە مەبەستی ناردنی ئامیری چاپ و تەواوی ئەو شتانەی دی کە پێویستن بۆ گۆڕینی ئەلفوبێ بە لاتینی و گۆڕینی کەرتی چاپەمەنی. خەرجییەکانی ئەوەش دەگاتە ٥٠٠ ملیار لیرە، دوو سەدو بیست ملیارەکەی تریشی تەرخانکراوە بۆ هەولەکانی قازاقستان بۆ گۆڕینی ئەلفوبێکەیان و لەو پرۆژانەی تریش کە ئاراستەی تورکەکانی دەرەوە دەکرین:

- ٢٠٠ ملیۆن لیرە بۆ ناردنی ٢٥ هەزار ئامیری چاپ بۆ بەکارهێنانی لە قوتابخانە سەرەتاییەکانی تورکە گاگا ووزەکاندا لە مۆلداڤیا.
- ٧ملیار لیرە بۆ خۆسازدان بۆ بەرنامەی پراکتیزە کردنی گۆڕینی ئەلفوبێو مەشقپێکردنی ئەوانەی پێیان سپێردراوە ئەم کارە لە ئۆزبەکستان جێبەجێ بکەن.
- ٧,٥ ملیار لیرە بۆ پێداویستیەکانی کۆمارە تورکەکان لە بواری راگەیاندن و کاروباری تردا.
- ٢,٧٠٠ تریلیۆن لیرەی تورکی بە مەبەستی دامەزراندنی چاپخانە بە پیتی لاتینی و مەشقپێکردنی کادیرانی تەکنیکی لە کۆمارە تورکەکاندا.

ململانێ لەسەر دەسەڵات لە ئاسیای ناوەراستدا هەر بەردەوامە. بواری ئەلفوبێش یەکێکە لە بوارەکانی ئەم کێبەر کێیەو، ئەوەی کە سیاسەت لە یەکتریی دادەبڕێ، دەشێ زمان کۆیبکاتەوە، چ لەناو تورکەکان خۆیانداو، چ لە ناو لایەنگرانی ئەلفوبێی عەرەبی‌دا.

# بەشی حەوتەم

# خۆرهەڵاتی ناوەندی نوێ:
# فایلە کراوەکان

# ١-توركيا چ ڕۆڵێکی هەیە لە داڕشتنی سیستمی هەرێمیی نوێدا؟

دەتوانین سەبارەت کام تورکیایە بدوێین؟ سەبارەت کام سیستمە هەرێمییە نوێیەش؟ سەبارەت تورکیای سەر بە خۆرهەڵاتی ناوەند یان تورکیای سەر بە بەلْقان، یان ئەو تورکیایەی سەر بە جیهانێکی تورکی‌یە کە لە ئەدریاتیکەوە تا شووڕای چین درێژ بۆتەوە، یان تورکیای باوەپیارەی پێکهێنانی ڕێکخراوی ئابووری بۆ هاریکاریی نێوان دەوڵەتانی دەریای ڕەشدا؟ ئایا ئێمە سەبارەت تورکیای موسڵمان دەدوێین، یان سەبارەت تورکیای عیلمانی؟ سەبارەت تورکیای ئەندام لە ڕێکخراوی کۆنگرەی ئیسلامی‌دا یان ئەندام لە پەیمانی باکووری ئەتڵەسیدا؟ ئەی ئێمە دەربارەی کام سیستمی هەرێمیی نوێ دەدوێین؟ دەربارەی ئەو سیستمەی کە ململانێی عەرەب-ئیسرائیل بەلایەکیدا دەخات؟ یان ئەو سیستمەی کە هەندێ شتی تریش دەگرێتە خۆی، وەك مەسەلەی نەوت و سەرچاوەکانی وزەو، مەسەلەی ئاوو بزاڤە ئسوڵیەکان و مەسەلەی کوردو مەسەلەی سنووری نێوان عەرەب و دەوڵەتانی دراوسێ؟

تورکیا هەموو ئەمانەیە کە باسمانکردن. سیستمی نوێی هەرێمیش هەموو ئەو شتانەیە کە باسمانکردوون و باسیشمان نەکردوون. ئەگەر ئەوە ڕاست بێت کە تورکیا لە داڕشتنی سیستمی هەرێمیی نوێدا ڕۆڵی هەیە، ئەوەش ڕاستە کە سیستمی هەرێمیی نوێش ڕۆڵی لە داڕشتنەوەی تورکیایەکی نوێدا هەیە. سەرەتا لە هەڵبژاردنە هەرێمیەکانی تری تورکیاوە دەستپێدەکەین، تا دواتر هەڵبژاردنی خۆرهەڵاتی ناوەند لە شوێنی خۆیدا دابنێین.

هەڵبژاردنە هەرێمیەکانی تورکیا بەسەر پێنج تەوەری سەرەکیدا دابەش دەبن: یەکێتیی ئەورووپایی، کۆمارە تورکەکان، ڕێکخراوی هاریکاریی ئابووریی دەریای ڕەش و ڕێکخراوی هاریکاریی ئابووری (ئیکۆ)و، خۆرهەڵاتی ناوەند.

### ١-هەڵبژاردنی ئەوروپا:

هەر لە ڕاگەیاندنی کۆماری‌یەوە لە ساڵی ١٩٢٣دا ئەتاتورك هەڵبژاردنەکانی تورکیای دیاری کرد؛ داخراوی بە ڕووی دەورووبەری پێشوودا و لە سەرکردنی کڵاوی ئەورووپایی. جگە لە هەندێ شتی لاوەکیش هێڵە سەرەکیەکانی کەمالیزم تا ئێستاش

هەر بەردەوامە، چ وەك پەیڕەوو چ وەك پراكتیك. (یەكەمین ڕێكخراوی گەورەی خۆرئاوایی كە توركیا چووە ناوی پەیمانی باكووری ئەتلەسی بوو لە ساڵی ١٩٥١دا. بەڵام لە ڕووی ئابوورییەوە ئەوروپای هەڵبژارد، بەوەی لە ١٢ی ئەیلول/ سێپتەمبەری ١٩٦٣دا ڕێكەوتنامەی ئەنقەرەی لەگەڵ كۆمەڵەی ئەورووپاییدا ئیمزا كرد. لە ٦ی ئادار/ مارسی ١٩٩٥ یشدا، ئیمزاكردنی ڕێكەوتنامەی یەكێتیی گومرگی لەگەڵ "یەكێتیی ئەوروپایی"دا بە بۆچوونی ئەنقەرە وەك هەنگاوێكی بەر لە كۆتایی بوو بۆ بوونە ئەندامی تەواو لەم یەكێتییەدا.

لە چاوپیاخشانێكی ئامارییانەشدا بۆ واقیعی پەیوەندییە ئابوورییەكان لە نێوان توركیا و خۆرئاوادا دەبینین لەسەدا ٤٥-٤٦ی جووڵانەوەی بازرگانیی دەرەوەی توركیا لە ساڵی ١٩٩٤دا لەگەڵ وڵاتانی یەكێتیی ئەورووپاییدایەو، ئەو ڕێژەیە دەگاتە لەسەدا ٦٠-٦٦یش ئەگەر ڕێكخراوی ئابووری بۆ هاریكاری و گەشەپێدان (OECD) لەبەرچاو بگرین.

زۆربەی سەرانی توركیش بوونە ئەندامی توركیا دەبەستنەوە بە پێنانە سەدەی بیست و یەكەوە. بەتەنها سەرانی حیزبی "ڕەفاه"ی ئیسلامی لەگەڵ ئەم بۆچوونەدا نین.

بەڵام كێشەی توركیا لە هەڵبژاردنی ئەوروپادا، بەرگەگرتنی زۆرانی ئابووری نییە، وەكو توركەكان واپیشانیدەدەن، بەلكو ئەوەیە كە ئەوروپای مەسیحی پێی قبووڵ نییە توركیا ببێتە بەشێك لێی. گەرچی ئەوروپا بۆ ڕەتكردنەوەی توركیا گەلێ بەهانەی هەیە، لەوانە كەموكوری لە دیموكراسیداو پێشێلكردنی مافی مرۆڤ و سەركوتكردنی كوردەكان و هەڵاوسانی ئابووریو، شتی تریش.

بەڵام فاكتەری ژیاریش، كە لە بنەڕەتدا مەسەلەی ئایینە، بە ئاشكرا لەسەر زمانی هەندێ لە سەرانی ئەوروپاوە ڕادەگەیەنرێ. ئەوەتا ڕاوێژكاری ئەلمانیی كۆچكردوو فیلی برانت باسی "كۆسپی ئایینی" دەكات بۆ بوونە ئەندامی توركیا لە یەكێتیی ئەوروپاییدا، هەروەها سەرۆكی پێشووی كۆنسولداری (المفوضیة)ی ئەوروپایی جاك دیلۆر ئاماژە بۆ (ئەوروپای مەسیحی) دەكات و، وەزیری پێشووی فەرەنساییش جان فرانسوا دینیۆ لە كتێبێكیدا كە ساڵی ڕابردوو (واتە ١٩٩٦-وەرگێر-) دەریكرد بە ناوی "ئەوەی باوەڕم پێیەتی" دەڵێت ئەوروپا تا ساڵی ١٤٥٣ (ساڵی فەتحی قوستەنتینیە) بەتەنها زاراوەیەكی جوگرافی بوو، هەروەها دەڵێت: "لەو كاتەوەی توركەكان ئەستەموولیان فەتح كرد ئەوروپا بووە زاراوەیەكی سیاسی. ویڕای تێپەڕبوونی ٥٤١ ساڵیش هێشتا توركەكان لەناو ئەوروپادا مایەی قبوولكردن نین" هەڵویستی لەمجۆرەش زۆرن.

**٢-كۆمارە توركەكان:**

ڕێك مەبەستمان لەو كۆمارە موسڵمانانەیە كە بە توركی دەدوێن و ساڵی ١٩٩١ لە مۆسكۆ جیابوونەوەو سەربەخۆییان وەرگرت. ئەمانەش بریتین لە:

ئازەربایجان (لە قەفقاس) و ئۆزبەكستان و قازاقستان و توركمانستان و قەرغیزیا (لە ئاسیای ناوەڕاستدا). ئەم كۆمارانە لە ڕووی داهاتی وزەوە زۆر دەوڵەمەندن، بە تایبەتیش نەوت و گازی سروشتی. پاش هەڵوەشانەوەی یەكێتی‌ی سۆڤێت، توركیا ئەم جیهانە توركی‌یەی "دۆزییەوە"و كەوتە باسكردنی پەیوەندییەكانی زمان و ئیتن و ئایین لە نێوان گەلانی توركدا. سەرۆكی كۆچكردووی توركیا تۆرگوت ئۆزال ڕابەرایەتیی بیرۆكەی یەكێتی‌ی جیهانی توركی‌ی كرد كە لە "ئەدریاتیكەوە تا شوورای چین" درێژ دەبێتەوە، هەنگاوی كردەییشی نا تا پرۆسەی بەرجەستەكردنی "یەكێتی‌ی چارەنووس" سەربگرێ، توانیی لە ٣٠ی ت١/ ئۆكتۆبەری ١٩٩٢یشدا یەكەمین كۆنگرەی لووتكە بۆ سەرانی دەوڵەتانی تورك ببەستێت لە ئەنقەرە. وتەی كردنەوەی كۆنگرەكەش كە لەلایەن ئۆزالەوە خوێنرایەوە وەكو "بەیاننامەی توركی‌ی یەكەم" وابوو، چونكە تیایدا داوای دامەزراندنی ناوچەیەكی ئابووریی هاریكاری كردبوو لە نێوان وڵاتە توركەكاندا و لابردنی گومرگ و ئازادیی هاتوچۆی خەڵك و سەرمایەو خزمەتگوزاری و دامەزراندنی بانكێك بۆ وەبەرهێنان و گەشەپێدان و پەرەدان بە ژێرخان و دانانی ئەمانەتێكی گشتی بۆ بەدوادا چوونی ئەم كاروبارانە. ئۆزال لەو وتەیەیدا ئەوەی تۆمار كرد كە "پەیوەندیی تایبەتی لە نێوان ئەم گەلە توركانەدا هەیە كە سەرچاوەكەی مێژوو و زمان و كەلتووری هاوبەشە"، تا گەیشتە ئەوەی دروشمە بەناوبانگەكەی خۆی خستە ڕوو: "ئەگەر هەڵە نەكەین سەدەی بیست و یەكەم سەدەی تورك دەبێ". لە١٨-١٩ی ت١/ئۆكتۆبەری ١٩٩٤یشدا، كۆنگرەیەكی تر بۆ سەرانی وڵاتانی تورك بەسترا كە تیایدا وتووێژ لەسەر هاریكاریی ئابووری كرا، گەرچی لە ئاستی خەون و ئامانجدا نەبوو.

دامەزراندنی ناوچەیەكی هاریكاریی ئابووری لەنێوان كۆمارە توركەكاندا كارێكی زۆری دەبێ بۆ بەهێزكردنی پێگەی توركیا لە دەوروبەرە هەرێمیەكەیدا. بەڵام سێ كۆسپی بنەڕەتی هەن كە ڕێ لەوە دەگرن ئەم هاریكاری‌یە زۆر بچێتە پێشەوە.

كۆسپی یەكەم، بونیادی ئابووری و سیاسی و ژێرخانی فرە دواكەوتووی كۆمارە توركەكان (كە پێویستیان بە وەبەرهێنانی گەورەو ماوەیەكی زۆرە كە دەشێ چەند دەهەیەك بخایەنێت، تا بەرەو پێشەوە بچن).

کۆسپی دووەم، توانای ئابووریی سنووورداری تورکیا کە وا لە تورکیا دەکات نەتوانێ یارمەتیی گەورە پێشکەش بەو کۆمارانە بکات یان سەرمایەیان تیادا وەبەربهێنیت. (کە ئەمەش هانی ئەو وڵاتانە دەدات روو لە دەولەتە دەولەمەندەکانی وەکو وڵاتە یەکگرتووەکان و ژاپۆن و ئەلمانیاو، تەنانەت ئیسرائیلیش بکەن. ئەو قسەیەی سەرۆکی قازاقستانیش نور سولتان نزار بایيف بەناوبانگە کە بە خاوەنکاریکی گەورەی تورك دەلیت: "ئێوە پرۆژە دەهێنن بەڵام پارە ناهێنن، لە کاتیکا بیانییەکان پرۆژەو پارەش دەهێنن".

کۆسپی سێیەمیش، گەرانەوەی رووسیایە بۆ ئەنجامدانی رۆلی زلهێز لە دەوروبەرە سۆڤیتیەکەی جاراندا لە رێی چەند هەنگاویکەوە، وەکو دامەزراندنی یەکیتیی دەولەتە سەربەخۆکان کە هەموو کۆمارە تورکەکان تیایدا ئەندامن، هەروەها بەکارهێنانی کەمایەتییە رووسیەکان، کە لە هەندێ کۆماری تورکدا نیوە دەبن، وەکو چەکیك دژ بە وەستانەوە بە رووی مۆسکۆداو، نانەوەی پەشێویو ئاژاوە لە هەندێ لەم کۆمارانەدا بۆ ئاسانکردنی ئەم گەرانەوەیە کە بە شێوەیەکی نائاشکرا رەزامەندی ئەمریکاشی لەسەرە.

### ٣-ریکخراوی هاریکاریی ئابووری دەریای رەش:

ئەم ریکخراوە ئەو وڵاتانە دەگریتەوە کە بەسەر دەریای رەشدا دەروانن و، بریتین لە: تورکیا، رووسیا، ئۆکرانیا، جۆرجیا، مۆلداڤیا، بولگاریا، رۆمانیا، جگە لە سێ وڵاتی تری هاوسێیان کە ئازەربایجان و ئەرمینیاو یۆنانن. باوە پیارەی ئەم ناوچەیەش سەرۆکی کۆچکردوو تۆرگوت ئۆزال بوو کە لە سالی ١٩٨٩دا ئەم بیرۆکەیەی خستە روو. یەکەم کۆبوونەوەی نوینەرانی ئەم وڵاتانە لە ٣ی شوبات/ فبرایەری ١٩٩٢ لە ئەستەمولدا بەسترا. پاشان ئۆزال توانیی یەکەمین کۆنگرەی سەرانی ئەم وڵاتانە لە حوزەیران/ یۆنیۆی ١٩٩٢دا لە ئەستەمووڵ ساز بکات، کە بریاری لەسەر "راگەیاندنی ئەستەمووڵ"دا، ئامانجی ئەم راگەیاندنەش دروستکردنی هاریکارییە لە نیوان وڵاتە بەشدارەکاندا و لەهەموو ئاستەکاندا. گەرچی ئەم هاوکارییە دەکرێ سوودبەخش بیت، بەڵام جیاوازیی بیروبۆچوونی سیاسی لەنیوان ئەندامانی ئەم ریکخراوەدا رێ لە کاری چالاکیان دەگریت. (هیچ گومانیکیش نییە کە تورکیا، کە خۆی خاوەن بیرۆکەکەیە، لە هەموویان زیاتر سوود لەو چالاکییانە دەبینیت لە ناوچەکەدا).

### ٤-ریكخراوی هاریكاریی ئابووری (ECO):

ئەم ریكخراوە لە سالی ١٩٦٤دا لە نیوان توركیاو پاكستاندا دامەزرا، بەلآم تا سالی ١٩٨٤ نیمچە لەكاركەوتوو بوو. لە شوبات/ فبرایەری ١٩٩١یشدا ئەم ولآتانە، دوای هەلوەشانەوەی یەكیتی‌ی سۆڤیت هەولیاندا چالاك ببنەوەو هەندێ لە ولآتانی ئاسیای ناوەراست و ئەفغانستانیشیان وەرگرت. سەرباری ئەو كۆبوونەوە ناوبەناوانەی كە ریكخراوەكە لەسەر ئاستی سەرانی ئەو ولآتانە دەیبەستیت، بەلآم نەیتوانیوە وەكو هیزیكی هاریكاریی ئابووری بوونی خۆی بسەپینیت. توركیا خۆیشی لەبەرهەندێ گرژی و كۆمەلیك وردەكاریی تر بە جیددییەوە نەیدەروانی‌یە ئەم ریكخراوە. لەو كۆبوونەوەی لووتكەیەشدا كە لە زستانی ١٩٩٥دا سازكرا، سەرۆكی توركیا سلیمان دیمیریل لەسەر پلان بۆ كۆمەلیك پرۆژەی گەورەو دریژخایەن قایل نەبوو.

### ٥-دەربارەی هەلبژاردنی خۆرهەلآتی ناوەند:

كاتێ مستەفا كەمال ئەتاتورك دروشمی "ئاشتی لە نیشتماندا ئاشتی لە جیهاندا" ی بەرز كردەوە؛ قۆناغیكی نوێی بۆ داخراوی بە رووی خۆدا بنیات دەنا لە پیناوی پاراستنی ئەو قەوارە تازەیە لەو ئاشوب و پەشیوییانەی ناوچەی خۆرهەلآتی ناوەندیان تەنیبۆوە.

وەختێ ئەنقەرەش بۆچوونە ناو ریكخراوە دەولیەكانەوە دەسپیشخەریی كرد، مەترسیی شیوعیەت پیوانەیەك بوو بۆ ئەو هەلبژاردنانەی. لە نیوان بوونی بە ئەندام لە پەیمانی باكووری ئەتلەسیدا و سەرهەلدانی بزاڤی رزگاریخوازیی عەرەب لە پەنجاكاندا؛ ئەنقەرە لە بەرەی دژی خەباتی عەرەبدا بوو لە پیناوی سەربەخۆیی و رزگاربوونیان لە پاشكۆیەتی، چ لە خۆرهەلآتی ناوەندو چ لە باكووری ئەفریقادا. ئەم گرژی‌یەی نیوان عەرەب-توركیش بووە مایەی دابرانی پتری توركیا، كە لە مستەفا كەمالەوە دەستییپیكردبوو، هەوەها بووە هۆی زیاتر ئافەرۆز كردن و كەمتر تیكەلآو بوون لە هەموو ئاستەكاندا. بە هەرەسی یەكیتی‌ی سۆڤیت و بزاڤی نەتەوەیی عەرەب، كەوتنە رووی خۆرهەلآتی ناوەند لەبەردەم هەژموونی ئیسرائیل-ئەمریكادا، توركیا هەر لە بەشداربوونی ئۆزالەوە لە دووەم جەنگی كەنداودا، هەولیدا لە سیستمی خۆرهەلآتی ناوەندی چاوەروانكراودا رۆلیكی هەبیت.

سەبارەت بەو ڕۆڵەی کە تورکیاش بە ئومیدە لە سیستمی خۆرهەلاتی ناوەندی چاوەروانکراودا هەیبیت، لەسەر ئەم خالانە هەلوەستە دەکەین:

## ١-سەبارەت پەیوەندییەکانی تورکیا-خۆرهەلاتی ناوەند:

پاش حەفتا سالّ دابران، شتیکی سروشتییە کە دەبینین پەیوەندییە ئابوورییەکانی تورکیاو ولاتانی عەرەب لە چاو ئەو هەلومەرجانەی لە ئارادان و پیگەی نزیکی جوگرافیایی و فاکتەرە هاوبەشەکانی تری نزیکبوونەوە؛ کزو لاوازن. ئەگەر بروانینە ئاماری نیوەی یەکەمی سالی ١٩٩٤، کە نزیکەی ریژەی تەواوی سالی ١٩٩٤ە، دەبینین ریژەی هەناردەکانی تورکیا بۆ تەواوی ولاتانی عەرەب ١٣٪یە لە کۆی هەناردەکانی، لە کاتیکا ریژەی شمەکە هاتووەکان بۆ تورکیا لە ولاتانی عەرەبەوە ١٠٪یە لە کۆی شمەکە هاتووەکان بۆی. خۆ ئەگەر ئیران و ئیسرائیلیش بخەینە سەر ئەم ئامارە، ئەو ریژەیە ئەوەندە زیاد ناکات و هەناردەکانی تورکیا بۆ ولاتانی عەرەب و ئیران و ئیسرائیل بە هەمووی دەگاتە ١٥٪ی کۆی هەناردەکانی بەرامبەر بە ١٢,٥٪ی شمەکی هاتوو لە ولاتە عەرەبییەکانەوە.

لە بەراوردیکی خیراشدا بە ئاماری سالی ١٩٩٠، واتە بەر لە دووەم جەنگی کەنداو، دەبینین کە هەناردەکانی تورکیا بۆ ولاتانی عەرەب لە چاو سالی ١٩٨٩ (لە ئەسلەکەدا هەر سالی ١٩٩٠ نووسراوە، بەلام دیارە کە هەلەیەو ئیمە بە مەزەنە سالی ١٩٨٩مان داناوە–وەرگیر–) دا لە ١٩٪وە کەم بۆتەوە بۆ ١٣٪ی کۆی هەناردەکانی بۆ دەرەوە. وەك چۆن ریژەی شمەکە هاتووەکانیش بە ١٣٪وە بووە بە ١٠٪.

بە لە بەرچاوگرتنی کەمی بری ئالوگۆری بازرگانی و بگرە پاشە کشیشی، سەیرکردنیکی وردتر واقیعیکی کارەساتاویترمان پیشاندەدات لە پەیوەندییە ئابوورییەکانی عەرەب–تورکیادا، ئەویش ئەوەیە کە بەشی زۆری ئەو ئالوگۆرە بازرگانییە لەگەلّ دوو یان سیّ ولاتی عەرەبیدایە. هەروەها بەشی زۆری پیداویستیە هاتووەکانیش بۆ تورکیا بریتی بووە لەیەك کەرەسە کە ئەویش نەوتە.

لە سالی ١٩٩٠دا، ٥٩٪ هەناردەکانی تورکیا بۆ ولاتانی عەرەب تەنها بۆ سیّ ولات دەچوو: عیراق(٣٢٪) و سعودی (١٧٪) و لیبیا (١٠٪). زۆربەی ئەم کەرەسانەش بریتی بوون لە بەرهەمەکانی چنین و کەرەسەی خواردەمەنی. هەروەها بەرامبەر بەمەش (٨١,١٪) ی شمەکە هاتووەکان بۆ تورکیا لە ولاتانی عەرەبەوە، تەنها لە سیّ دەولەتەوە بووە کە ئەمانەن: عیراق (٤٩,٢٪) و لیبیا (٢١٪) و عەرەبستانی سعودی (١١,٩٪). تەواوی ئەم کەرەسانەش لە بەروبوومەکانی نەوتن.

له سالی ١٩٩٤یشدا، ئەم وینەیه هیندە گۆرانی بەسەردا نەهات، تەنها ئەوە نەبێ کە عیراق بە هۆی ئابلووقەی ئابوورییەوە لەسەری، لە ئامارەکاندا ئامادەگی ی نەبوو. بۆیە (٥٠٪) هەناردەکانی تورکیا تەنها سێ ولاّتی عەرەبی گرتەوە کە ئەمانەن :

عەرەبستانی سعودی (٣٠٪) و سوریا (١١,٩٪) و میسر (٨,٢٪)، لە کاتیکا (٨٢,٩٪) ی کەرەسە هاتووەکان بۆ تورکیا لە ولاّتانی عەرەبەوە تەنها سێ ولاّتی گرتەوە کە ئەمانەن: عەرەبستانی سعودی (٥٣,١٪)، ئیمارات (١٦,٣٪) کە جێی عیراقی گرتبۆوە بۆ کەرەسەی نەوت، هەروەها لیبیا (١٣,٥٪).

لە ئامارێکیشدا کە لەلایەن ئینستیتۆی ئاماری دەولەتەوە کراوە لە ئەنقەرە، دەبینین کە (٨١-٨٣٪)ی کەرەسە هاتووەکان بۆ تورکیا لە ولاّتانی عەرەبەوە بریتییە لە کەرەسەی نەوتین، چ لە سالی ١٩٩٠دا و چ لە سالی ١٩٩٤دا. بە کورتی، ئەگەر کەرەسەی نەوت لە تەرازووی بازرگانیی عەرەب-تورکیا دەربکەین، ئەوا ئەستەمە بتوانین باسی جوولاّنەوەی ئالوگۆری بازرگانی لە نیوان ئەم دوو لایەنەدا بکەین.

بیگومان ئەمەش وینەیەکی کارەساتاویی واقیعی پەیوەندییەکانی نیوان دوو گەلە کە بە دریژایی ٤ سەدەی تەواو چارەنووسیکی هاوبەشیان هەبووە.

هەروەها واقیعی پەیوەندییە ئابوورییەکانی نیوان تورکیا-ئیسرائیلیش بەو شیوەیە نییە کە دەزگاکانی راگەیاندن زلی دەکەنەوە. بۆ نموونە لە نیوەی یەکەمی سالی ١٩٩٤دا قەوارەی هەناردەکانی تورکیا بۆ ئیسرائیل زیاتر نییە لە قەوارەی هەناردەکانی بۆ ولاّتیکی بچکۆلەی وەکو لوبنان، ئەو قەوارەیەش ٦٧ ملیۆن دۆلارەو نزیکەی ٦,٧٪ی سەرجەم هەناردەکانی تورکیایە بۆ ولاّتانی عەرەب. هەروەها کەرەسە هاتووەکان بۆ تورکیا لەلایەن ئیسرائیلەوە لە هەمان ماوەدا نزیکەی ٤٨ ملیۆن دۆلارە، واتە بە تەنها ٤,٤٪ی سەرجەم کەرەسە هاتووەکان بۆ تورکیا پیکدینیت لەلایەن ولاّتە عەرەبەکانەوە.

## ٢-لە چوارچیوەی رۆلی تورکیادا لە خۆرهەلاّتی ناوەندا :

**دەتوانین لەسەر ئەم خالاّنە بوەستین:**

أ-کۆتایی شەری ساردو هەلوەشانەوەی یەکیتیی سۆڤیت ئەو رۆلە تەقلیدییەی تورکیای نەهیشت کە وەکو سەرەنیزەیەکی ئەتلەسی بوو دژ بە شیوعیەت، بەلاّم کۆتاییشی بەو رۆلە نەهینا، بگرە دەتوانین بلیین ئیستا رۆلی تورکیا گرنگتر و گشتگیر ترو ئالۆزتر بووە لە جاران، چ لە بەلقان و قەفقاس و ئاسیای ناوەندو، چ لە خۆرهەلاّتی ناوەندیشدا.

ب-دووەم جەنگی کەنداو و ئەو هەلومەرج و ئەنجامانەی لێی کەوتنەوە، بۆ یەکەمین جار پاش حەفتا ساڵ وای لە تورکیا کرد ببێتە توخمێکی سەرەکی و بەشێکی بنچینەیی لە گەمەی میللەتاندا لە خۆرهەڵاتی ناوەندا. ئەمەش بە هۆی هەردوو فاکتەری نەوت و، ئاسایشی نەتەوەیی تورکەوە، کە دەرئەنجامی نەمانی دەسەڵاتی بەغدان لە ناوچەکانی باکووری عیراقدا و، هەروەها دروستبوونی بناغەیەك بۆ قەوارەیەکی کوردی لەوێ کە راستەوخۆ کاریگەریی لەسەر باری جیۆستراتیجی تورکیا هەیە.

ج-دەسپێکردنی دانوستانی ئاشتی لە نێوان عەرەب و ئیسرائیلداو، دانپیانانی هەندێك بە قەوارەی ئیسرائیلدا و، ئەگەری گەیشتن بە ڕێکەوتنامەیەك لە نێوان سوریاو لوبناندا لەلایەکەوە و ئیسرائیل لەلایەکی ترەوە، دەرفەت بۆ تورکیا دەرەخسێنن تا لە پەیوەندییەکانیدا لەخۆرهەڵاتی ناوەندا بەسەر گەلێ سلکردنەوەو گرژیدا زاڵبێت.

د-سیستمی نوێی خۆرهەڵاتی ناوەندی پێشبینیکراو سیستمێکە کە ئیسرائیل تیایدا باڵا دەست دەبێ و درێژەی سیستمی نوێی جیهانی دەبێت کە ئەمریکا تیایدا باڵادەستە. بەمجۆرە قەوارەی ڕۆڵی تورکیا لەو سیستمە نوێیەی خۆرهەڵاتی ناوەندا تا رادەیەکی زۆر بە ستراتیجی ئەمریکا-ئیسرائیلەوە بەستراوەتەوە.

## ٣-هۆکارە دیاریکەرەکانی ڕۆڵی تورکیا لە سیستمی نوێی خۆرهەڵاتی ناوەندا.

### أ-هۆکارەکانی هێزی خۆیی:

سەرباری سێ کودەتای سەربازی لە ساڵانی ١٩٦٠و١٩٧١و ١٩٨٠ داو، سەرەرای کۆمەلێك خلتە و پلتە لە دەستوورە یەك بە دوایەکەکانداو هەروەها لە یاساو لە میکانیزمی بڕیارداندا، تورکیا دەتوانێ لافی ئەوە لێدات کە لە خۆرهەڵاتی ناوەندا خاوەن یەکەمین ئەزموونی دیموکراسییە، بە تایبەتی لە هەلبژاردنەکانی ساڵی ١٩٤٦ەوە. لە ڕوانگەی تورکیاشەوە ئەم ئەزموونە بەردەوامە بەرەنگاربوونەوەیەکە بۆ "ڕژێمە دیکتاتۆرەکان" لە ناوچەکەدا، وەکو تورکەکان خۆیان دەلێن. ئەم ئەزموونەش گرنگیی ئێستای لەوەدایە کە لەگەڵ باهۆزی گۆڕاندایە بەرەو دیموکراسی پاش

هەرەسی رژیمە شیوعیەکان و، هەروەها لە روانگەی ئەمریکاشەوە دیموکراسیەتی تورکیا وەکو نموونەیەکی دژ بە نموونەی ئیسلامی لە ئیراندا بایەخی خۆی هەیە.

تورکیا لە رێی ئەو ئەزموونە ئابوورییە سەرکەوتووەیەوە کە بە بریارەکانی ٢٤ی ك١/ ینایەری ١٩٨٠ بۆ گۆران بۆ ئابووریی بازار دەستی پیکرد، دەتوانێ ببیتە نموونەیەك لەم شەپۆلی گۆرانەدا بۆ ئابووریی بازار لە خۆرهەلاتی ناوەندا (هەروەها لە قەفقاس و ئاسیای ناوەراست و بەلقان و دەریای رەشدا). خۆ ئەگەر تورکیا بچیتە یەکەی گومرگی یەکیتیی ئەوروپاییەوەو، بتوانێ بۆریی نەوتی ئازەربایجان بە خاکیدا تیپەربکات؛ ئەوا ئابووریی تورکیا چ لە دەوروبەریداو چ لە خۆرهەلاتی ناوەندا دەبیتە فاکتەریکی فرە کاریگەر. هەروەها سامانی ئاویشی وایلیدەکات خۆی خاوەنی دوا قسە بیت لە بواری بریاردان لەسەر چارەنووسی کیشەی ئاو لە خۆرهەلاتی ناوەندا، (ئەوە بوو میوانداریتیی یەکەمین کۆبوونەوەکانی سەبارەت بە وتوویژ لەسەر کیشەی ئاو کردو چەند لایەن تیایدا بەشداربوون)، بۆ ئەمەش سێ ریگای لەبەردەمدایە.

١-فرۆشتنی ئاوی رووبارە تایبەتەکانی تورکیا، وەکو پرۆژەی بۆرییەکانی ئاشتیی هەردوو روباری جەیحان و سەیحان و پرۆژەی فرۆشتنی ئاوی روباری مانافغات لای کەنداوی ئەنتالیاوە و بە تانکەری دەریایی.

٢-بەشداریکردن لەگەڵ سوریا و عیراقدا لە کۆمەلیك پرۆژەی هاوبەشدا لەسەر روبارەکانی دیجلەو فورات و عاسی.

٣-بەکارهینانی ئاو وەکو چەکیك لە کاتی پیویستدا و لە چوارچیوەی گوشار خستنە سەر سوریاو عیراقدا. گەرچی تورکیا بە رەسمی ئەوە رەتدەکاتەوە کە نیازی هەبیت ئاو وەکو چەکی سیاسی بەکاربهینیت، بەلام دەزگاکانی راگەیاندنی تورکیا زۆرجار ئاماژە بۆ ئەو جۆرە بەکارهینانە دەکەن. هەروەها هیزە چەکدارەکانی تورکیا، کە گەورەترین سوپای وشکانیی ئەتلەسییە، بە ژمارەو تفاقیەوە، کارتیکی گوشارە بۆ دیاریکردنی قەوارەی رۆلی هەریمیی تورکیا لە ئایندەدا. ئەو ئۆپەراسیۆنە قەبەیەی تورکیاش کە لە ئادار/ مارسی ١٩٩٥دا لە باکووری عیراقدا ئەنجامیدا، هەروەکو "پەیام"یکی بەهیز وایە بۆ زۆربەی دراوسیکانی تورکیا لە خۆرهەلاتی ناوەندا.

جگە لەوەی توركیا بە هۆی داهاتە مرۆییەكانەوە بلۆكیكی گوشاری بەهیز پیكدینیت. ژمارەی دانیشتووانی توركیا ئیستا (١٩٩٦) نزیكەی ٦٣ ملیۆنە كە سالأنە بە ریژەی ٢,٨-٣٪ زیاد دەكەن و بە جۆریك كە سالی ٢٠٠٠ ژمارەیان دەگاتە ٧٠ ملیۆن كەس كە ٧٥٪ یان لە خوار ٣٥ سالأنەوەن، هیزی كاری توركیاش لە ٢٠ ملیۆن كەس تیدەپەریت.

## ب-توركیا لە ستراتیجی ئەمریكادا لە خۆرهەلأتی ناوەنددا:

وەك چۆن توركیا لە ستراتیجی رووبەرووبوونەوەی ئەمریكا لەگەڵ شیوعیەتدا بەردیكی بناغە بوو، ئەمرۆش داوای لیدەكریّ بەرامبەر "دوژمنی تازە"ی خۆرئاوا كە ئیسلامی ئسولیيە و سالارەكەشیان ئیرانە؛ هەمان رۆڵ ببینیت. ستراتیجناسە ئەمریكاییەكان رایان وایە كە نموونەیەكی دیموكرات لە توانایدا بیت لە گەمەی سیاسیدا ئیسلامیەكان لەخۆ بگریت، هەروەكو توركیا، دەبیتە "چەك"یك بەرامبەر رژیمی ئیرانی، هەروەها توركیا وەكو نموونەیەكی عیلمانی باشترین پەرژینی جوگرافی و سیاسيیە لەبەردەم تەشەنەكردنی بزاڤە ئسولیەكاندا لە خۆرهەلأتی ناوەندەوە بۆ ئەوروپا.

جگە لەوە توركیا بالیكی "ئامادە" و گویرایەلە ئەوەندەی پەیوەندیی بە بەرژەوەندییە نەوتیەكانی ئەمریكاوە هەبیت لە عیراق و قەفقاس و ئاسیای ناوەندا لە ئایندەدا.

## ج-توركیا لە ستراتیجی ئیسرائیلدا:

گەرچی توركیا یەكەم ولأتی موسلمانە كە لە ٢٨ی ئاداری ١٩٤٩دا دانی بە قەوارەی زایۆنیدا ناو، ئەو ولأتەیە كە زۆرجار دژی مەسەلە عەرەبیە پەیوەندیدارەكان بە ململانيّی عەرەب-ئیسرائیل وەستاوەتەوە، بەلأم پەیوەندییەكانی توركیا-ئیسرائیل، بەدەر لە هاوئاهەنگیی ئاسایشی لە نیوان ئەم دوو دەولەتەدا بەویيّیەی هاوپەیمانی خۆرئاوان، لە رووی ئابوورییەوە شتیكی وای بە خۆیەوە نەدیوە پیّی بلین قۆناغی ئالتوونی یان تەنانەت زیویش.

هەروەكو باسیشمان كرد قەوارەی ئالوگۆری بازرگانی لە نیوان ئەم دوو ولأتەدا ویرای ئەو پیشكەوتنەی بەخۆیەوە دیویەتی؛ نەگەیشتۆتە قەوارەی ئالوگۆری نیوان توركیا و دەولەتیكی بچووكی وەكو لوبنان لە ناوچەكەدا. بە بروای ئیمە یەكیك لە

هۆکارەکانی پیشنەکەوتنی پەیوەندییە ئابوورییەکان لە نیوان ئەم دوو دەولەتەدا بە گویرەی پیویست؛ رای گشتی‌ی تورکیایە کە بووەتە کۆسپ لە بەردەمیدا.

بە زەحمەت دەتوانین بلیین رۆلی تورکیا لە خۆرهەلاتی ناوەندا بە شیوەیەك بووە کە لای ئیسرائیل پەسەند بووبیت. ئەمەش لە کتیبەکەی وەزیری دەرەوەی ئیسرائیلدا شەمعون پیریز "خۆرهەلاتی ناوەندی نویّ"دا بە ئاشکرا دەردەکەویّ، هەروەها لە لیدوانی گەلی لە سەرانی ئیسرائیلدا.

لە کتیبەکەی پیریزدا تورکیا شوینیکی بچووك و پەراویزی‌ی هەیەو لەو چوارچیوە هەریمی و ئاسایشی و ئابوورییانەدا کە پیشنیازیان دەکات (بروانە ئەو بەشەی کتیبەکەی کە تایبەتە بەمە) هیچ ئامادەگیەکی نیە. تەنانەت کاتیّ لە مەسەلەی ئاودا بە شیوەیەکی جیدی باسی تورکیا دەکریّ، پیریز گومان لەوە دەکات تورکیا لە توانایدا بیت لەم رووەوە رۆلیکی کاریگەر ببینیت. تەنانەت پرۆژەی بۆری‌یەکانی ئاشتیش، کە دەلیـن بۆ ئەوەیە ئیسرائیل بەر لە دەولەتانی عەرەب سوودی لی وەربگریّ، بەرای پیریز لە "ئیستگەکانی دلۆپاندن-محطات التقطير-باشتر نی‌یە".

(لاپەرە ١٤٦-١٤٧-١٤٨ی کتیبەکەی پیریز) لای پیریز رۆلی تورکیا وەکو بەشیك لە ژیرخانی هۆیە وشکانی و ئاسنینەکانی گەیاندندا بە دریژی کەناری خۆرهەلاتی دەریای ناوەراست خۆی دەبینیتەوە. (لەگەل ئەمەشدا، لە چەند لیدوانیکی پیریزو هەندیّ لە سەرانی تری ئیسرائیلدا وەکو هاوپەیمانیك دژ بە ئسولیەت باس لە تورکیا دەکریّ، گەرچی هاوکاری دژی "تیرۆر" لە خۆرهەلاتی ناوەندا شتیکە ئەم دوو لایەنە پیکەوە کۆدەکاتەوە، بەلام لیکدانەوەیان بۆ چەمکی تیرۆر جیاوازە. ئەوەی تورکیا بە "تیرۆری کوردی"ی دەزانیّ، ئیسرائیل بەوەی لە قەلەم نادات.

### د-تورکیا لە ستراتیجی عەرەبیدا:

تورکیا لە دەرەوەی هەر ویناکردنیکی عەرەبیدایە بۆ سیستمی نویّی هەریمی. بەلام پەیوەندییە میژوویی و رۆشنبیری و ئایینی‌یە هاوبەشەکان و، توانستی دروستکردنی پەیوەندیی واقیعی‌ی پشتبەستوو بە بەرژەوەندییە ئابوورییەکانی هەردوولا، دەبنە بناغەیەکی هیز بۆ هەموو لاو گەلی خەرجیش کەمدەکەنەوە. لەم

بوارەشدا مەسەلەی هاریکاری لە رووی ئاوو وزە (بە تایبەتیش نەوت) و خواردەمەنی و شتی لەم چەشنە دیتە پیشەوە. (تورکیا ٧٠٪ی پیداویستیە نەوتیەکانی لە ولآتانی عەرەب وەردەگریّ و ئەمەش بە ١٥ ملیۆن تەن مەزەنە دەکریّ لە سالیکدا لە کۆی ٢١ ملیۆن تەن کە لە سالی ١٩٩٤دا وەریگرتووە. بەلآم هەولەکانی تورکیا بۆ تیپەراندنی بۆریەکانی نەوتی ئازەربایجان و قازاقستان بە خاکیدا، گەر سەر بگریّ، لەوانەیە ببیتە هۆی ئەوەی کە چیدی ئەو کەرەسەیەش لە ولآتانی عەرەبەوە وەرنەگریّ).

## ٣-کۆسپەکانی بەردەم رۆلی تورکیا لە خۆرهەلآتی ناوەندی نویدا

سەرەرای ئەو لایەنە باشانەی تورکیا شکیان دەبات، کۆمەلیك کۆسپ هەن کە دەشیّ کاریگەرییەکی /نەگەتیڤانەیان/ بۆسەر رۆلی تورکیا هەبیت لە سیستمی نویّی هەریمیدا. ئەم کۆسپانەش دابەشدەبن بۆ کۆسپی ناوخۆی تورکیاو کۆسپ لە هەریمەکەدا.

### ١-هەندیّ کۆسپی ناوخۆی تورکیا:

لەسەر ئاستی سیاسی، کۆمەلگای تورکیا لە گەلی رووەوە بەدەست دابەشبوونی وەهاوە دەنالینیّ کە ریّ لەهەر گوژمیك یان بزاوتیکی تورکیا دەگریّ تا ببیتە بەشیك لە خۆرهەلآتی ناوەند، لە رووی ئایدیۆلۆجیەوە لە نیوان عیلمانی و ئیسلامیەکاندا، لە رووی مەزهەبیەوە لە نیوان سوونەو عەلەویەکاندا کە سیّیەکی دانیشتووان پیکدەهینن، لە رووی ئیتنی‌یەوە لە نیوان تورکەکان و کوردەکاندا کە پینجیەکی دانیشتووان پیکدەهینن. (مەترسیی ئەم دابەشبوونانەش ئەوەیە کە ناوبەناو شیوەیەکی خوینین بە خۆیانەوە دەگرن، بە تایبەتیش مەسەلەی کوردو ململانیّی سەختی نیوان دەولەت و پارتی کریکارانی کوردستان.

جگە لەم دابەشبوونانەش، یان وەکو دەرەنجامی هەندیکیان، کۆمەلیك ناکۆکی‌ی بەهیز سەبارەت هەلبژاردنەکانی تورکیا و شوناسی ژیاریی دینە گۆریّ، ئایا شوناسی تورکیا ئەورووپاییە یان تورکیە (سەر بە جیهانی تورکە) و یان ئیسلامی‌یە.

نەبوونی روانینیکی ستراتیجی‌ی دیاریکراویش لای ئەنقەرە بەرامبەر تەواوی مەسەلەکانی دەوروبەرە هەریمیەکەی یەکیکە لە هۆیە ریگرەکان لەبەردەم تورکیادا کە وایلیدەکات نەتوانیّ لەو دەوروبەرەدا رۆلیکی کاریگەر ببینیت.

سەبارەت بە بواری ئابووریش، وێڕای نیشانە پۆزەتیڤ و دینامیکیە بەهێزەکانی ئابووریی تورکیا، دیمەنەکە ڕەشترەو مایەی بەدبینی‌یە.

بەر لە هەموو شتێك ناڕێکی‌یەکی بنەڕەتی لە ئابووریی تورکیادا هەیە، کە خۆی لەو جیاوازییەدا دەبینێت کە لە نێوان کەرتەکان و ڕێژەی بەشداریکردنیاندایە لە داهاتی نەتەوەییدا. ڕێژەی ئەوانەی لە کەرتی کشتوکاڵدا کاردەکەن ٤٥,٨٪ی کۆی هێزەکانی کارە، لە کاتێکا ڕێژەی بەشداریکردنی ئەم کەرتە لە بەرهەمی نەتەوەییدا لە ١٥٪تێناپەڕێت.بەرامبەر بەمەش ڕێژەی کرێکارانی کەرتی پیشەسازی نزیکەی ١٥,٦٪ بەلأم ڕێژەی بەشداریکردنیان ٢٦,٥٪ە. هەروەها تورکیا بە دەست کێشەی کۆچی زۆریشەوە دەناڵێنێت لە لادێوە بۆ شار. هەر لە دە ساڵی دواییدا ڕێژەی دانیشتووانی شار لە ٤٣,٩٪وە بوو بە ٥٩٪ لە کۆی ژمارەی دانیشتووان کە ٦٠-٦٣ ملیۆن کەسە، لە کاتێکا لە ساڵی ١٩٢٧دا ئەم ڕێژەیە ٢٤٪ بوو.

گەرچی هۆی ئەمەش زۆرە و لەوانە ناڕێکی لە بەرنامە ڕێژیی ئابووریداو، مەسەلەی کورد، بەلأم لە ئەنجامەکانی؛ دروستکردنی کێشەی وەهایە کە ڕەنگدانەوەی خراپی بۆسەر بونیادی کۆمەڵایەتی و زۆربوونی هەژاریو ئاشوب و کاری توندو تیژی لە شارەکاندا دەبێت. ئەمە جگە لە بەرزبوونەوەی ڕێژەی بێکاری کە بەپێی ئامارە ڕەسمیەکان لە ساڵی ١٩٩٤دا خۆی لە ٨,٥٪ دەدات، لە کاتێکا بەپێی ئاماری یەکێتی‌ی کاری تورکیا ئەو ڕێژەیە دەگاتە ١٩,٨٪، واتە نزیکەی چوار ملیۆن و نیو بێکار.

سەرباری ئەو قەڵەمبازەی کە تورکیا لە هەشتاکاندا لە بواری گەشەکردندا بە خۆیەوە بینی‌ی، دووەم جەنگی کەنداوو ئەو زیانانەی لە تورکیا کەوتن لە ئەنجامی ئەو جەنگەوە، کە تا ئێستا بە ١٥-٢٠ بلیۆن دۆلار خەمڵێنراون، ڕەنگدانەوەیەکی خراپیان لەسەر گەشەسەندنی ئابووری هەبوو. لەگەڵ بەردەوامبوونی جەنگدا لەگەڵ پارتی کرێکارانی کوردستان و، هەوڵە سەختەکان بۆ جووڵاندنی دامودەزگاکانی کەرتی گشتی، لە ساڵی ١٩٩٤دا ڕادەی گەشەسەندنی ئابووری پاشەکشێیەکی ترسناکی وەهای بە خۆیەوە بینی کە لە دووەم جەنگی جیهانی‌یەوە تورکیا بە خۆیەوە نەیبینیبوو، گەیشتە ٦,١٪ واتە لە چاو ساڵی ١٩٩٣دا ١٣,٤ خاڵ چوو بووە دواوە.

بەپێی ئامارەکانی نیسان/ ئەپریلی ١٩٩٥یش، بەرهەمی نەتەوەیی ناپەتی (غیر الصافی)ی تورکیا لە ساڵی ١٩٩٤دا لەچاو ساڵی ١٩٩٣دا بە بڕی ٢٧٪ پاشەکشێی بەخۆوە دیوە. پاش ئەوەی ئەم بەرهەمە لە ساڵی ١٩٩٣دا کە ژمارەی دانیشتووان ٥٩ ملیۆن و ٤٩١ هەزار کەس بووە ١٧٨ بلیۆن دۆلار بووە، لە ساڵی ١٩٩٤دا کە دانیشتووان ٦٠ ملیۆن و ٥٧٦ هەزار کەس بووە دابەزیوە بۆ ١٣٢ بلیۆن دۆلار. واتە لە کاتێکا ژمارەی دانیشتووان ١,٨٪ زیادی کردووە، بەرهەمی نەتەوەیی ٢٧٪ دابەزیوە، واتە نزیکەی ٤٦ بلیۆن دۆلار. ڕێژەی مامناوەندیی داهاتی ساڵانەی تاکە کەسێکیش لە ٣٠٠٤ دۆلارەوە لە ساڵی ١٩٩٣دا بووە بە ٢١٩٢ دۆلار لە ساڵی ١٩٩٤دا.

هەرچۆن ڕێژەی هەڵاوسانی ئابووری لەم ساڵانەی دواییدا بە ڕادەیەکی زۆر بەرز بۆوەو، لە ماوەی حکومەتەکەی چیللەردا بە جۆرێك ڕیکۆردی شکاند کەتورکیا بە درێژایی حوکمی کۆماری بە خۆیەوە نەیدیبوو و، لە ساڵی ١٩٩٤دا لە ١٥٠٪ تێپەڕی، لە کاتێکا وەختێ چیللەر دەسەڵاتی گرتە دەست لە ماوەی بەر لە هاوینی ١٩٩٣دا ٦٠٪ بوو. هەروەها قەرزی دەرەوە بارێکی قورسی لەسەر توانا ئابوورییەکانی تورکیا دروستکردووە (کە بەردەوام لە زیادبووندایە، لە ٤١ بلیۆن دۆلارەوە لە ساڵی ١٩٨٩دا، بۆ ٤٩ بلیۆن لە ساڵی ١٩٩٠دا، بۆ ٥٥ بلیۆن لە ١٩٩٢دا، تا دەگاتە ٦٧ بلیۆن لە ١٩٩٤داو ٧٣ بلیۆن لە سەرەتای ١٩٩٦دا).

### ٢-کۆسپی هەرێمی:

هێندەی نەماوە تورکیا لەنێو تەواوی دەوڵەتانی دونیادا، ببێتە تاقە دەوڵەتێك کە هاوسێیەتی باش نییەو بگرە دوژمنایەتیئامێزیشە لەگەڵ وڵاتانی دراوسێدا. جگە لە جۆرجیا، تورکیا کێشەی ڕاستەقینەو بگرە تا ڕادەی گرێ کوێرەشی هەیە لەگەڵ یۆنان و ڕووسیاو ئەرمینیاو بولگاریا و سوریاو عێراق و ئێراندا. دەشتوانین بە شێوەیەکی وردتر ئەم کێشانە بەمجۆرە دیاریبکەین:

لەگەڵ بولگاریادا: ناکۆکی لەسەر واقیعی کەمایەتیی تورك لە بولگاریاداو بە تایبەتیش پاش هەوڵی بە بولگاری کردنیان لە ناوەڕاستی هەشتاکاندا، هەروەها سەبارەت بۆسنێو، گومان لە تازەکردنەوەی ڕۆڵی عوسمانی لە بەڵقاندا.

لەگەڵ یۆناندا: ناكۆكی لەسەر دەریای ئیجە، لە رووی ئاسمانی و ئاوی هەریمی و كشانی كیشوەرییەوە، هەروەها لەسەر قوبرس و، لەسەر كەمایەتی‌ی تورك لە تراقیای خۆرئاوا، تا دەگاتە باكووری خۆرهەڵاتی یۆنان.

لەگەڵ رووسیادا: ناكۆكی لەسەر دەسەڵات لە قەفقاس و ئاسیای ناوەراست و لەسەر نەوتی ئازەربایجان و تیپەرینی بە دەربەندەكانداو، رۆڵی توركیا بەرامبەر گەلانی تورك لەناو رووسیای یەكگرتوو خۆیداو هەروەها لەسەر مەسەلەی كورد.

لەگەڵ ئەرمینیادا: لەسەر قەرەباغ و تاوانباركردنی توركیا لە كوشتاری سالی ١٩١٥ دژی ئەرمەن و، داواكردنی قەرەبوو و هەروەها زەویوزار لەناو توركیادا.

لەگەڵ ئیراندا: گرژیی مەزهەبی و گومانی سیاسیو، ناكۆكیی ئایدیۆلۆجی و ململانێ لەسەر دەسەڵات لە قەفقاس و ئاسیای ناوەراستدا.

لەگەڵ عیراقدا: ناكۆكی لەسەر دەسەڵاتی هەریمیو، لەسەر مەسەلەی موسڵ- كەركوك و، ئەو شتانەی پەیوەندییان بە مەسەلەكانی سنوورو نەوت و ئاوەوە هەیە.

لەگەڵ سوریادا: ناكۆكی لەسەر كیشەی كوردو ئاوو لیوای ئەسكەندەرون.

خەریكبوونی توركیا بە كۆمەلیك كیشەی هەریمیەوە وایلیدەكات نەتوانێ گرنگی بە رۆلیكی كاریگەرانە لە ناوچەیەكدا بدات، لەوانەش خۆرهەڵاتی ناوەند. پاشان هەر رۆلیكی كاریگەرانەی توركیا لە خۆرهەڵاتی ناوەندا ناتوانێ بەسەر ئەو كیشانەدا بازبدات كە هەیەتی لەگەڵ هەردوو دەولەتی عەرەبی دراوسێی كە سوریاو عیراقن، ئەو كیشانەش ئاسان نین، گەرچی چارەسەركردنیشیان ئەستەم نییە. بەرای ئیمەش نەك بە تەنها لایەنیكی ئایندەی رۆلی توركیا لە ناوچەكەدا؛ بگرە چارەنووسی قەوارەی توركیا خۆیشی بەم كیشانەوە بەستراوەتەوە، بە تایبەتیش كیشەی كورد.

جگە لەمانە، ترسی ئیسرائیل لە كیبەركێی ئابوورییانەی توركیا؛ لەمپەریكی گەورەیە بۆ رۆلی بنچینەیی توركیا لە سیستمی نوێی هەریمیدا. چونكە ئیسرائیل لە سای بەجیهینانی پرۆژەكانیدا قایل نابیت توركیا رۆلیكی دیاری هەبیت؛ تەنها ئەوە نەبیت كە پاشكۆیەكی ئەم بیت كە خۆی بە رابەری ئەم سیستمە نوێیە دەزانیت. سەرۆكی حكومەتی توركیا تانسۆ چیللەرو سەرانی توركیش بەهەلەدا چوون گەر بە پیچەوانەی ئەمە بیریان كردەوە و وایانزانی ئیسرائیل بە تەنها دەروازەیەكە كە توركیا لیوەی دەچیتە ناو خۆرهەڵاتی ناوەندی نویوە. بگرە گەر

توركيا وا بروانێ و، كيشەی عەرەب-ئيسرائيليش يەكلا نەكريتەوە، دوچاری مەترسيی وا دەبيت كە بە تەنها لە قازانجی ئيسرائيلدا دەبيت.

خۆرهەلأتی ناوەند لە قۆناغيكی نوێو خەتەرناكی ميژوويدايە، كە قۆناغی پاش يەكەم جەنگی جيهانيمان بير دەهينيتەوە. پرۆسەی يەكلاكردنەوەی كيشەی عەرەب-ئيسرائيليش بەتەنها توخميكە لە توخمەكانی نەخشەی نوێ. ئيمەش وايدەبينين كە پيگەی توركيا لە دەوروبەری جيۆپۆليتيكی‌ی خۆيدا، وەستاوەتە سەر گەلی تەوژم و هۆكار. دەشێ ئەنقەرە بەوپەری هيزەوە بەلای هەلبژاردنی رەسمی و ئاشكرا كراوی خۆيدا بيشكينيتەوە؛ كە هەلبژاردنی ئەوروپايە. بەلأم ناتوانێ لە دەوروبەرەكانی تری قوتار بيت، بە هەموو تايبەتمەندی و كيشەكانيەوە. بە بۆچوونی ئيمەش، مەزنی‌ی توركيا يان مەرگەساتی بەستراوەتەوە بە ديالەكتيكی كارليكی ئەقلأنی و پۆزەتيڤانە لە نيوان هەلبژاردن و دەوروبەرەكانی تردا.

# ٢-ئۆزال و مەسەلەی موسڵ و کەرکوك

رەنگە بۆ ئەوە زوو بێت کە پەی بە تەواوی ئەو رووداو و راستیانە بەرین کە پەیوەندییان بە قەیرانی دووەمی کەنداو و ئەو جەنگەوە هەیە کە بە شکستیکی گەورەی سوپای عیراقی کۆتایی هات؛ بەڵام خەریکە وردە وردە لیرەو لەوێ پەردە لە رووی شتەکان هەلدەمالرین. شتیکی ئاشکراشە کە تورکیا یەکیك بوو لەو دەولەتانەی لە هاوپەیمانیتیی خۆرئاوایی دژ بە عیراقدا بەشداریی کرد، گەرچی بە شیوەیەکی راستەوخۆ هیزەکانی لەم جەنگەدا بەشدارییان نەکرد، ئەمەش ئەو شتە بوو کە دواتر سەرۆکی کۆچکردووی تورکیا تورگوت ئۆزال لی پەشیمان بۆوە؛ لەبەرئەوەی چەند ملیۆن دۆلاریکی لەدەست چوو، کە ئەگەر هەندێ سەربازی تورکی بۆ بیابانی عەرەبستانی سعودی بناردایە دەولەتانی کەنداو دەیاندایە. پاش داگیرکردنی کوەیت لەلایەن عیراقیشەوە، هەلمەتیکی پروپاگەندەی فراوان لە تورکیادا سەریهەلدا بۆ قۆستنەوەی رووداوەکان و بە ئاراستەی "گەراندنەوە"ی ناوچەکانی موسل و تورکیا، کە هیشتا خەلکانیك هەن بە بەشیك لە خاکی تورکیای دەزانن، گەرچی پەیمانی حوزەیران/ یۆنیۆی ١٩٢٦ لە نیوان عیراق و تورکیا و ئینگلتەرەدا بە تەواوی ناکۆکیی تورك-ئینگلیزیان برانەوەو ئەنقەرە بە رەسمی دانی بەو سنوورانەی ئیستای نیوان عیراق و تورکیادا ناو، هەروەها بەوەشدا کە موسڵ-کەرکوك بەشیکن لە خاکی عیراق.

پیدەچێ بەرپرسانی تورك لە کاتی قەیرانەکەی کوەیتدا لەو کەشوهەوایە دوورنەبووبن کە شەپۆلیك وتارو لیکۆلینەوەی بلاوکراوە لە رۆژنامە تورکیەکانی ئەوسادا دەربارەی "مەسەلەی موسڵ-کەرکوك" خولقاندیان. ئەوەی بووە هۆی زیاتر چەسپاندنی ئەو باوەرەش بلاوکردنەوەی ئەو شتە بوو کە ناونرا "نەخشەی ئۆزال" لە پاییزی ١٩٩٠دا، ئەو نەخشەیەش عیراق دەکات بە سێ دەولەتی بچووکەوە: دەولەتیکی عەرەبیو، کوردیو، تورکمانی لە چوارچیوەی یەکیتییەکی فیدرالیداو، بەکاربردنی زاراوەی "گەلانی عیراقی" لەلایەن سەرۆکی تورکیاوە. بەلام تۆرگۆت

ئۆزال کە خوازیاری ئەوە بووە عیراق ببێ بە سێ دەولەتەوە، مەبەستی لەوە ئاسانکاری بووە بۆ دامەزراندنی ئەو شتەی من ناوی دەنێم "فیدرالیزمی ئۆزالی" کە دەیەوێ باکووری عیراق، بە کوردو تورکمانەوە بخریتە سەر تورکیاو فیدرالیزمیکی تورك-کورد (تورکی و عیراقی) دابمەزرێ و، بەوەش بە بەردیك لە چۆلەکەیەك زیاتر بکوژیت. یەکەم شت ناوچەی موسڵ-کەرکوك ی دەولەمەند بە نەوت بخریتە سەر تورکیا، بەوەش تورکیا کە تاقە دەولەتی گەورەیە لە خۆرهەلاتی ناوەندا بێ نەوتە، ئیدی لێی بیبەش نابیت. کاتێ تورکیاش توانی بە خۆرایی یان بە نرخیکی کەم نەوت دابین بکات، بەرای تورکەکان وایلیدەکات ببیت بە ژاپۆنی خۆرهەلاتی ناوەند، بەمەش دەبێ بە (ئەمەشیان چۆلەکەی دووەمە) دەولەتیکی هەریمیی مەزن و کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر خۆرهەلاتی ناوەندو ئاسیای ناوەراست-قەفقاس دەبیت. ئەم فیدرالیزمەش، وەك ئامانجی سێیەم، رێ لەوە دەگریت دەولەتیکی کوردی لە باکووری عیراقدا دابمەزرێ، کە لەگەڵ لیدان و وردوخاشکردنی عیراقدا لەلایەن خۆرئاواوە ئەگەری دامەزراندنی زیاتر دەبوو. هەروەها "فیدرالیزمی ئۆزالی" دەبووە چارەسەریك بۆ کیشەی کوردانی تورکیا کە لە کاتی راگەیاندنی کۆمارییەوە لە سالی ١٩٢٣دا تەنگی بە دەولەت هەلچنیوە. هەروەها ئۆزال ئامادەبوو وردە وردە بە رووی مافە رۆشنبیرییەکانی کورددا بکریتەوە، ئەوە بوو لە بەهاری سالی ١٩٩١دا ریگەیدا لە قسەکردن و نووسین و گۆرانی وتن دا زمانی کوردی بەکاربهینرێو، دواتریش بانگەشەی بۆ ئەوە کرد کە بە ئازادی لە نیوان کوردەکانی تورکیا و تورکەکانیدا گفتوگۆ لەسەر مەسەلەی "فیدرالیزم" بکرێ، هەر ئەویش رۆلی سەرەکیی هەبوو لەو ئاگر بەستەدا کە مانگیك بەر لە کۆچی دوایی ئۆزال، سەرۆکی پارتی کریکارانی کوردستان عەبدوللا ئوچەلان رایگەیاند. گەرچی سەرۆکی کۆچکردووی تورکیا بە ئاشکرا باسی لە مەسەلەی موسڵ-کەرکوك نەدەکردو، نکوولیی لەوە دەکرد "پلانیکی عوسمانی" لە ئارادا بیت.بۆ دەسگرتن بەسەر ئەو ناوچەیەی لە "ئەدریاتیکەوە تا شوورای چین" دریژ دەبیتەوە، بەلام لاپەرەو گۆشەکانی رۆژنامەکانی تورکیا سیخناخ بوون لە "بیرو بۆچوونی ئۆزالی" کە هەندێ لە کەسیتییە نزیکەکانی دەیانخستە روو و لیکیاندەدایەوە.

ئەگەر بشگەرییینەوە بۆ چەند مانگی سەرەتای دووەم قەیرانی کەنداو، دەبینین تورکیا زیاتر لە سەد هەزار سەربازی لەسەر سنوورەکانی عیراق مۆڵ دا بەو نیازەی باکووری داگیر بکات، بە موسڵ-کەرکوکیشەوە، ئەمە گەر هاتوو لەلایەن عیراقەوە هیرش کرایە سەری. تەنانەت جاریکیان ئۆزال باسی ئەوەی کرد ئەگەر کوەیت پاریزگایەکی عیراقی بیت، سەروەختیکیش هەموو عیراق سەر بە دەولەتی عوسمانی بووە.

یەکەمین نیشانە بەهیزەکانی بایەخدانی ئۆزالیش بە مەسەلەی موسڵ-کەرکوك لەو وتارەدا بەدەرکەوت کە رۆژنامەوانی تورك جەنگیز چاندار لە مانگی شوبات/ فبرایەری ١٩٩١دا بڵاوی کردۆتەوەو باس لە سەرقالبوونی ئۆزال دەکات بە "کۆکردنەوەو ئامادەکردنی ئەو بەلگەنامانەی تایبەتن بەو قۆناغە میژووییە" کە دەگەریتەوە بۆ سالی ١٩٢٥ کە یەکیکیان دەلیت دەبێ ویلایەتی موسڵ بچیتەوە سەر تورکیا "کە بەر قەرارترین دەولەت و بەهیزترینە لە رووی ئابوورییەوە" و، دانیشتووانی غەیرە عەرەبیش، وەك کوردەکان و تورکمان و کلدان و یەزیدیەکان وهتد... حوکمی تورکیایان لە حوکمی پادشایەتیی عەرەب پێ پەسەند تره هەروەکو چاندار دەلیت پشت بەم بەلگەنامەیەو هیتر دەبەستیت بۆ سەلماندنی ئەوەی کە بەرژەوەندیی هاوبەش لە نیوان کوردەکانی عیراق و تورکیادا هەیە، بۆیە گەلی هۆی یاسایی و میژوویی هەن بۆ دروستکردنی پەیوەندیی نزیك لە نیوان ئەوان و تورکیادا لە ئایندەدا.

دووەم جەنگی کەنداو کۆتایی هات و هیزە هاوپەیمانەکان گەرانەوە ولاتەکانی خۆیان، بەلام تورکیا بۆ داگیرکردنی موسڵ-کەرکوك هەنگاوی نەنا. هەروەها لە دەزگاکانی راگەیاندنیشدا ئەو بایەخەی جارانی بە مەسەلەی موسڵ نەما؛ گەرچی بۆنی نەوتەکەی لەزۆر وتاری رۆژنامەوانی دیت.

## بۆمبی میژوویی:

لە رۆژی ٦ی مانگی تەمموز/ یۆلیۆی ١٩٩٤دا مەسەلەی هەلویستی ئۆزال لە موسڵ-کەرکوك بە گەرمی هاتەوە ناو مەیدانی راگەیاندنی تورکیا، ئەمە هاوکات بوو لەگەڵ ئەو شتەی رۆژنامەوان لە رۆژنامەی "حورییەت"دا (تۆفان تۆرینچ) پەردەی لەسەر لاداو وەکو "بۆمبیکی میژوویی" لەم مەسەلەیەدا خالی لەسەر پیتەکان دانا.

تۆرینچ باس لەوە دەکات کە مانگ و نیویک بەر لە بۆردوومانی هاوپەیمانان بۆ عیراق لە ١٥ی ک٢/ ینایەری ١٩٩١دا، کۆبوونەوەیەکی سێقۆلی لە نیوان سەر کۆمار تورگوت ئۆزال و سەرۆکی حکومەت یلدیریم ئاقبۆلۆت و سەرۆکی ئەرکانی سوپا نەجیب تۆرۆمتای دا بەسترا. لەم کۆبوونەوەیەدا ئۆزال بەمجۆرە دەستی بە قسە کرد:

*"لەو بروایەدا نیم سەدام لە کوەیت بکشیتەوە. لەبەرئەوە لە رۆژانی ئایندەیەکی نزیکدا ئۆپەراسیۆنە ئاسمانیەکان دەستیپیدەکات، زۆریش رێی تیدەچیت عیراق بەردی بەسەر بەردەوە نەمینیت. بیگومان ئەمە بۆ خەلکانیکی زۆر جێی ئەفسوسە. بەلام ئەم کابرا شیتە بەکەس نایەتە سەر رێی راست".*

ئۆزال کەمیك بیدەنگ بوو و دەموچاوی گرژ بوو، ئاقبۆلۆت تۆرۆمتای بە گەرمیەوە گوییان بۆ قسەکانی شل کردبوو، ئۆزال لەسەر قسەکانی بەردەوام بوو و وتی:

*"دوای ئۆپەراسیۆنە ئاسمانیەکان، ئەگەریکی زۆر هەیە کە هیزە هاوپەیمانەکان دەست بە ئۆپەراسیۆنی زەمینی بکەن تا کوەیت لە عیراقیەکان پاك بکەنەوە، ئەم ئۆپەراسیۆنەش بە کەوتنی سەدام کۆتایی دیت. ئینجا باش گوێ بگرن، بزانن دەلیم چی . من دەلیم.."*.

لیرەدا دیسانەوە ئۆزال بیدەنگ بوو، سەیریکی سەر زەوییەکەی کردو کەمیك وەستا. خامۆشییەکی وەها بالی بەسەر هۆلەکەدا کیشابوو کە ئۆقرەی لە ئادەمیزاد دەبری. پاشان بەردەوام بوو و وتی:

*"سەیرکەن، من دەلیم هەر ئەوەندە هیزە هاوپەیمانەکان پییان نایە ناو خاکی عیراقەوە، با ئیمەش لە باکوورەوە بچینە ناو عیراقەوە تا دەگەینە موسل و کەرکوك".*

*هەرئەوەندە ئۆزال ئەم قسانەی لە دەم هاتنە دەر، ئاقبۆلۆت و تۆرۆمتای وەك ئەوەی بۆمبیك فریدرابیتە ژوورەکەوە، ئەبلەق بوون. ئۆزال بۆ ئەوەی هیوریان بکاتەوە خیرا وتی:*

"یەکسەر دژی قسەکەم مەوەستنەوە. من دەپرسم: ئایا ئیمە ناتوانین لە هەمان ساتدا بچینە ناو باکووری عیراقەوە؟ ئایا دەتوانین بگەینە موسل و کەرکوك؟ دەکرێ قسە لەسەر ئەمە بکەین؟"

ئینجا زیاتر روونی کردەوە:

*"واتە من دەلیم: ئەگەر ئەو کارە بکەین، شتیکی خراپ ناکەین؟.*

یەکەمجار تۆرۆمتای وەڵامی دایەوە و وتی:

*"سەرۆکی بەریز، بەرای من هەلەیەکی زۆر گەورەیە بچینە ناو باکووری عیراقەوە. لەبەرئەوەی ناتوانین بە ئاسانی لی‌ی دەرچین. جگە لەوەش، ئەگەر چووینە ئەوێ، ناتوانین بۆ ماوەی دوو هەفتە زیاتر پشتیوانیی لۆجستی بۆ یەکەکانمان دابین بکەین. ئەو توانایەمان نی‌یە. بۆیە ئەنجامدانی ئەم ئۆپەراسیۆنە شتیکی راست نی‌یە".*

ئینجا ئۆزال رووی کردە سەرۆکی حکومەت تا بزانێ ئەو دەلێ چی، ئەویش وتی:

*" جەناب، بە بروای من ئەنجامدانی ئەم کارە سەرکیشی‌یە. ئەمە دەبیتە مایەی هەرەشە لە میللەتەکەمان. ئامانج دەرکردنی سەدامە لە کوەیت. بۆ ئەم مەبەستەش ئیمە تەواوی بریارەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان جیبەجێ دەکەین. قوربانیشمان زۆر داوە. بە راستی نازانم خۆمان بخەینە سەرکیشی‌ی ترەوە".*

کاتێ ئاقبۆلۆت قسەکانی خۆی تەواو کرد، چیدی ئۆزال نەیویست دریژە بە قسەکانی خۆی بدات. دواتریش ئۆزال هەمان بیرۆکەی خستە بەردەم هەندێ بەرپرسی دی بەلام هیچ کاردانەوەیەکی باشی نەبینی. ئیدی بە چاکی نەزانی بیرۆکەکە بخاتە بەردەم "ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی" کە بە "دروستکەری بریار"ی سەرەکی دادەنرێ لە ولاتداو سەرانی هیزی چەکدارو سەر کۆمارو سەرۆک حکومەت و هەندێ لە وەزیرە گرنگەکانیشی تیایە.

بەلام ئۆزال ناو بەناو لە بارەی ئەم بیرۆکەیەوە بۆ بەرپرسان دەدواو دەیوت:

*"ئەگەر ئەو کارە بکەین کوردەکانی باکووری عیراق و هەروەها پارتی کریکارانی کوردستانیش دینە ژیر رکیفی ئیمەوە. جگە لەوە ئەو کات دەتوانین سەر لەنوێ داوای مافی خۆمان بکەین لە نەوتەکەی موسڵ و کەرکوکدا کە چەند سالە لیمان زەوت کراوە".*

سەرۆک حکومەتی پیشوو و سەرکردەی حیزبی "نیشتمانی دایک" مەسعود یلماز دەگیریتەوەو دەلیت پاش هەلگیرسانی ئاگری جەنگی کەنداو ئۆزال بە مەبەستی عەمەلیاتی پرۆستات چوو بۆ هیوستن لە ولاتە یەکگرتووەکان، لەوێ بۆ ماوەی سێ سەعات بە تەنیا لە ژوورەکەیدا لە نەخۆشخانە لەگەلیدا بوو. یلماز دەلیت ئۆزال نهینی‌یەکی سەرسورهینی لا درکاندووە، ئەویش ئەوەیە کە "لەو بارەیەوە لەگەڵ سەرۆک (ی پیشووی ئەمریکا) جۆرج بووش دا ریکەوتووە".

ئەو زانیارییانەی ئەو کاتەش دزەیان کردبوو وایاندەگەیاند کە ئەو شتانەی لەو دیدارەی ئۆزال-بووش دا باسکراون پەیوەست بوون بە نەخشەیەکەوە سەبارەت باکووری عیراق. زۆریش ڕێی تێدەچیت کە ئەو نهێنی‌یە بریتی بووبیت لە قایلبوونی بووش بەوەی توركیا موسڵ و کەرکوك داگیر بکات.

یلماز نایەوێ ئەو نهێنی‌یە سەرسورهێنە بخاتە ڕوو، لەبەرئەوەی بەرای ئەو پەردە لادان لەسەر ئەو نهێنی‌یە مەترسییەکی گەورەی بۆسەر پەیوەندییەکانی دەرەوەی توركیا هەیە. شتێکی باشە لێرەدا ئەوەش وەبیر بهێنینەوە کە گۆڤاری "نوقتە"ی تورکی، لە گەرمەی لیدوانیکدا سەبارەت نەخشەیەك لە نیوان ئەنقەرەو واشنتۆندا سەبارەت باکووری عیراق، لە ناوەڕاستەکانی ئەیلول/ سیپتەمبەری ۱۹۹۰دا لە بالیۆزی ئەمریکا لە ئەنقەرە (مۆرتون ئەبرامۆفیتس) دەپرسیت کە ئایا ئەو پروپاگەندەیەی کە لە بارەی ڕیکەوتنیکی نهێنی‌یەوە لە ئارادایە لە نیوان تورکیا و ئەمریکادا، کە دەبێ بەپێی ئەو ڕیکەوتنە موسڵ و کەرکوك بدرین بە تورکیا، تا چەند ڕاستە. ئەبرامۆفیتس لە وەڵامەکەیدا نکوولی لەو زانیارییانە دەکات، بەڵام بە دوایدا دەڵیت: "واشنتۆن دژی ئەوەیە کوردستانیکی سەربەخۆ دابمەزرێ".

لەبەرئەوەی ئۆزالیش لەو کۆبوونەوەیەدا کە بە تەنها خۆی و سەرۆکی حکومەت ئاقبۆلۆت و سەرۆکی ئەرکانی سوپا تۆرۆمتای ئامادەیبوون، ئەو "نیاز"و بیروبۆچوونانەی خۆی خستە ڕوو؛ کەواتە دیارە یەکیکیان مەحزەری ئەو کۆبوونەوەیەی کە لە کۆتاییەکانی ت٢/ نۆڤەمبەری ۱۹۹۰دا کەشفکردووە، بە تایبەتیش لەبەرئەوەی ئەو دووانە لەگەڵ ئۆزالدا تیکچوون، چونکە پشتیوانیی لە مەسعود یلماز کرد بۆ سەرۆکایەتیی حیزبی "نیشتمانی دایك" و دواتریش بۆ سەرۆکایەتی حکومەت لە کۆتاییەکانی بەهاری ۱۹۹۱دا دژی ئاقبۆلۆت، یلمازیش لەو ڕوو بەڕوو بوونەوەیەدا بردییەوە. هەروەها ئۆزال پاش کۆبوونەوەی ناوبراو بە ماوەیەکی کەم تۆرۆمتای لەسەر سەرۆکایەتیی ئەرکان لابرد، لەبەرئەوەی لە هەڵویستیدا بەرامبەر بە جەنگ ناکۆك بوون. بەو کارەشی؛ یەکەمین سەر کۆماری

تورکیا بوو جەسارەت بکات سەرۆکی دەزگای عەسکەری، کە پاسەوانی قەوارەو رژیمە، لەسەر کار لابەریت.

ئۆزال مرد، زۆر نهینیشی لەگەڵ خۆیدا برد، بەڵام نهینی کە لە نیوان دوو کەس تیپەری؛ متمانەی کەمدەبیتەوە. ئەوەی لەو مەحزەرە سێ قۆلیەش دزەی کردووە، کە دووانیان هیشتا لە ژیاندان و، یەکیکیان کە ئاقبۆلۆتە کاری سیاسی دەکات و، دووەمیان کە تۆرۆمتایە، خەریکی نووسینەوەی بیرەوەرییەکانیتی، سەلمینەری ئەو پروپاگەندانەن کە سەبارەت نەخشەکانی ئۆزال بۆ داگیرکردنی موسڵ و کەرکوك. ئەمەش سەلمینەری ئەو قسەیەیە کە دەلیت ریکەوتنامەی هەمیشەیی و بەردەوام نییە لە میژووداو، دوا قسەش هەمیشە هی تەرازووی هیزەکانە.

# ٣-دیمیریل و مەسەلەی دەسکاریکردنی (یان راستکردنەوەی) سنوور لەگەڵ عیراقدا

ئەوەی سەرۆکی تورکیا سلیمان دیمیریل لە ١ی ئایار/ مایۆی ١٩٩٥دا لێی دوا سەبارەت بە "دەسکاریکردنی" سنووری عیراق–تورکیا لەبەر هەندێ هۆی ئەمنی و، ئاماژەکردنی بۆ ئەوەی کە مووسڵ "هیشتا هەر سەر بە تورکیایە "، شتیکی بێ وینەیە لە میژووی نوێی تورکیاداو، پەیوەندییە هەریمیەکانی تورکیاش دەخاتە بەردەم کۆمەلیك ئەگەر کە دەشێ سەختترین و ترسناکترین ئەگەر بن لە کاتی دامەزراندنی کۆماری تورکیاوە لە سالی ١٩٢٣دا.

لیدوانەکانی دیمیریل لە راگەیاندنیکی وەزارەتی دەرەوەی تورکیادا لە ٤ی ئایار/ مایۆی ١٩٩٥داو، کشانەوەی دوا سەربازی تورك لە باکووری عیراق و، کۆتاییهاتنی ئۆپەراسیۆنی سەربازیی "پۆڵا"، نیشانەی بەلگەنەویستن بۆ سەرەتای دەسپیکردنی ئۆپەراسیۆنیکی "پۆڵای سیاسی"ی گەورە و فراوان، چ زوو بیت یان درەنگ. چیدی لەمەودوا ناتوانین باس لە گومان و، پیشبینی و واتە وات بکەین سەبارەت هەلویستی تورکیا لەم مەسەلەیەو، لەو مەسەلانەش کە پەیوەندییان بە باری هەریمی تورکیاوە هەیەو، لە سەروو هەموو ئەمانەشەوە مەسەلەی ئاوو، ناکۆکی لەسەر دەریای ئیجە لەگەڵ یۆناندا. ئەوەی لە ٥ی ئایار/ مایۆی ١٩٩٥یشدا دەربارەی هاوهائەنگی لە هەلویستە پەیوەندیدارەکان بە مەسەلەی "سەر لەنوێ دانانەوەی سنوور" لە نیوان دیمیریل و سەرۆکی حکومەت تانسۆ چیللەردا باس کرا، بەوپەری روونی و ئاسانی مانای "راگەیاندنی جەنگ"یکی کراوەو گشتگیرە لەلایەن ئەنقەرەوە بۆسەر هاوسیکانی.

ئیستا مەسەلەی موسڵ بە تەنها مەسەلەیەك نییە پەیوەست بێ بە میژوو و میژوونووسانەوە. تاقە جیاوازیش لە نیوان دیمیریل و سەر کۆمارانی پیشووی تورکیادا ئەوەیە کە ئەم بە ئاشکرا ئەوەی راگەیاند. تا ئەوە وەکو بەلگەنامەیەکی میژوویی لێبیت سەبارەت نیازەکانی تورکیا بەرامبەر هەندێ ولاتی هاوسێی، کە

زۆربەشیان دوژمنین. لە کاتیکا سەرۆکی کۆچکردوو تۆرگوت ئۆزال بیرۆکەکانی خۆی لە ریی کەسانی ترەوە دەخستە روو، بەبێ ئەوەی بیانگریتە ئەستۆی. پاش ئەوەی دیمیریلیش لەم لیدوانانەی دواییدا؛ دەرکەوت کە ئارەزووی تورکیا بۆ داگیرکردنی باکووری عیراق بەشیکە لە بەرنامەو ستراتیجی سیاسەتی دەرەوەی تورکیاو، ئەم شتانەش بەلگەی ئەوەن:

کاتێ ئۆپەراسیۆنی سەربازیی "پۆلا" لە باکووری عیراقدا دەستییپیکرد، هەندێ لە چاودیرانی تورك ئەمەیان بەدوا ئەلقەی دووەمین جەنگی کەنداودانا. جێی باسیشە کە دەزگاکانی راگەیاندنی تورکیا هەر لە یەکەم ساتی داگیرکردنی کوەیت لەلایەن عیراقەوە لە ئاب/ ئۆگستۆسی ١٩٩٠دا دەستیان بە هەلمەتیکی بەر فراوان کرد کە تیایدا پییان لەسەر "تورکیتی"ی لیوای موسڵ-کەرکوك کردو، بۆ ئەوەش پەنایان بردە بەر ئەو شتانەی بە بەلگەو دۆکیومنتیان دەزانی، لە سەروو هەمووشیانەوە ئەو بەلینەی کە دامەزرینەری کۆماری تورکیا مستەفا کەمال ئەتاتورك بەو پەرلەمانتارانەی دا کە تووڕە بوون و ناقایل بوون بەو پەیمانە سێ قۆلیەی لە نیوان ئینگلتەرەو تورکیا و عیراقدا بەستراو، لە سالی ١٩٢٦دا ئەو سنوورەی ئیستای نیوان عیراق و تورکیای دیاریکرد، لەو بەلینەدا دەلیت کە دەبێ "لە کاتی گونجاودا" موسڵ بخەینەوە سەر تورکیا، "کاتێ کە تیایدا بەهیز دەبین و دەتوانین دەست بەسەر موسلدا بگرین".

هەر رۆژیك بەر لە هەلگیرسانی ئاگری جەنگی کەنداویش لە ١٥ی ك٢/ ینایەری ١٩٩١دا، ئۆزال لە وتاریکی بەئاگاهینانەوەدا کە ئاراستەی سەرۆکی عیراقی سەدام حسینی کرد، بۆ یەکەمجار عیبارەتی "گەلانی عیراقی" بەکارهینا.

هەر دوای ئەوە ئەو شتە بلاوبۆوە کە ناونرا "نەخشەی ئۆزال" و داوای ئەوە دەکات کە عیراق بکرێ بە سێ دەولەتەوە: عەرەبی، کوردی، تورکی. وەك چۆن هەندێ لەو کەسانەی لییەوە نزیك بوون وایانبلاوکردەوە کە سەر گەرمی کۆکردنەوەو ئامادەکردنی ئەو بەلگەنامە میژوویی و قانوونیانەیە کە دەیسەلمینیت موسڵ سەر بە تورکیایە و هەروەها "بەرژەوەندیی هاوبەش" لە نیوان تورکیا و کوردەکانی عیراقدا هەیە. ئۆزال خۆیشی لە کاتی دووەم قەیرانی کەنداودا ئەوەی دووپات دەکردەوە کە "هەر هەرەشە کردنیك بۆسەر یەکپارچەیی خاکی عیراق، دەبیتە مایەی نیگەرانیەکی

سروشتی بۆ ئیمە". پاش دوو هەفتەش لە دەسپیکردنی جەنگەکە، ئۆزال ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە گۆڕانی جوگرافیایی لە ناوچەکەدا روو دەدات و وتی: "پاش ئەم قەیرانە خۆرهەلاتی ناوەند وەکو خۆی نامینیتەوە. لیرەشدا مەبەستم لە جوگرافیای ناوچەکە نی‌یە".

بەلام خەتەرناکترین نهینی کە قەیرانی کەنداو لەناوخۆیدا حەشاری دابوو، لە ٦ی تەمموز/ یۆلیۆی ١٩٩٤دا دەرکەوت، چونکە روون بۆوە کە ئۆزال هەر بەراستی دەیویست لیوای موسل-کەرکوك بخاتە سەر توركیا. سەرۆکی کۆچکردوو ئەم پلانەی لە کۆبوونەوەیەکی داخراودا خستە روو کە لەگەل سەرۆکی ئەوسای حکومەت یلدیریم ئاقبولوت و سەرۆك ئەرکان نەجیب تۆرۆمتایدا بە مانگ و نیویك بەر لە هەلگیرسانی ئاگری جەنگەکە بەستبووی. بەلام ئەو پلانە لەلایەن ئاقبۆلۆتەوە رەت کرایەوە و بە "هەلەیەکی سیاسی"ی لە قەلەم دا، لە کاتیکا تۆرۆمتای لەبەر هەندی هۆی تەکنیکی پی‌ی قبوول نەبوو و وتی: "ناتوانین بۆ دوو هەفتە زیاتر پشتیوانی لۆجستی بۆ یەکەکانمان دابین بکەین".

سەرۆکی حیزبی "نیشتمانی دایك" مەسعود یلمازیش، کە ئەو کات لە ئۆزالەوە نزیك بوو، "نهینی‌یەکی ترسناك"ی لایە کە پەیوەندیی بەم مەسەلەیەوە هەیەو، دەرخستنی ئەو نهینی‌یە دەبیتە هۆی دروستکردنی "مەترسی بۆسەر پەیوەندییەکانی دەرەوەمان"، پیدەچی ئەو نهینی‌یەش پەیوەندیی بە قایلبوونی سەرۆکی پیشووی ئەمریکاوە هەبی بۆ داگیرکردنی موسل-کەرکوك لەلایەن توركیاوە. دوای جەنگی کەنداویش ئۆزال هەر بیری ئەوانەی دەوروبەری خۆی دەخستەوە کە "ئەگەر بیتو ئیمە ئەو کارە بکەین کوردەکانی باکووری عیراق و، هەروەها پارتی کریکارانی کوردستانیش لەژیر رکیفی خۆماندا دەبن. جگە لەوە دەتوانین دیسانەوە داوای مافە زەوتکراوەکانی خۆمان بکەینەوە لە موسل-کەرکوك بە دریژایی ئەم چەند سالە"

دوای دەسپیکردنی ئۆپەراسیۆنی "پۆلا" لە کۆتاییەکانی ئاداری ١٩٩٥دا سەرۆکی ئەرکانی پیشووی توركیا تۆرۆمتای کە دژی دەستیخستنی توركیا بوو لە ناوەوەی عیراق لە سالی ١٩٩١دا، بە بیانووی گونجاویی هەلومەرجی هونەریی پیویست، پشتیوانی‌ی لی کرد. بەر پرسیکی سەربازیی پایە بەرزی تورکیش جەخت

لەوە دەکات کە "ئارەزووی ئۆزال بۆچوونە ناو باکووری عیراقەوە لەبەر چەند کۆسپیکی تەکنیکی نەهاتە دی، تورکیاش لە ١٩٩١ەوە بۆ پرکردنەوەی ئەو کەلینانەو نەهیشتنی ئەو کەمو کوورییانە مەشق دەکات، بۆ ئەوەی دوای چوونە ناو باکووری عیراقەوە لە ماوەی دوو هەفتەدا ئامانجەکانی خۆی بپیکیت". بۆیە ئەو ئۆپەراسیۆنە سەربازییەی کە سوپای تورکیا لە پاییزی ١٩٩٢دا ئەنجامیدا، دژی جەنگاوەرانی پارتی کریکارانی کوردستان.

لە باکووری عیراقدا، جۆرە مەشقیك بوو بۆ ئۆپەراسیۆنیکی "پۆلا" کە دەشێ ئەویش مەشقیکی دی بیت بۆ ئۆپەراسیۆنیکی دریژخایەنترو بەرفراوانتر لە ئایندەدا. ئەمجۆرە "مەشقانە" لە ئەقلیەتی سەربازیی تورکیدا ئامادەن وەختێ هەندێ لە راڤەکارانی تورك ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە ئەنقەرە دەیویست بە شیوەیەکی سەربازییانەی راستەوخۆ دەست بخاتە ناو ئەو پەشیوییانەی لە سالی ١٩٦٣دا لە قوبرس لە نیوان دوو تیرەی یۆنانی و تورکیدا روویدا، بەلام نەبوونی ئامادەباش لای سوپای تورکیا بۆ ئەو جۆرە هیرشە، ناچاریکرد بۆ سالی ١٩٧٤ی دوابخات.

پاش ئەوەو، لەگەل دەسپیکردنی ئۆپەراسیۆنی "پۆلا"دا سەر لەنوێ لە هەندێ دامودەزگای راگەیاندنەکانی تورکیادا باسی "پرۆژەی موسل" هاتەوە ئاراو، لەوانەش بانگهیشتکردنی سەرۆکی عەشیرەتی گەورەی کوردی (سورچییەکان) لە باکووری عیراقدا "عومەر سورچی" بۆ دامەزراندنی "ویلایەتی موسل" کە لەژیر چاودیریی تورکیادا بیت و عەرەب و کوردو تورکمان بگریتە خۆی.

### *هەندێ ئاقاری سەلبی*

چاودیرەکان وایدەبینن کە لیدوانەکانی دیمیریل بۆ "دەسکاریکردن"ی سنوور لەگەل عیراقدا نیشانەی هەندێ ئاقاری سەلبی و خەتەرناکن لە سیاسەتی دەرەوەی تورکیادا. پیش هەموو شتیك ئەوە پیشیلکردنیکی زەقی میساق و پەیمانە یاساییە دەولیەکانە. پاشان بەپێی پەیمانی ٥ی حوزەیران/ یۆنیۆی ١٩٢٦ مەسەلەی موسل بە شیوەیەکی یاسایی کۆتایی پێهینراوەو، تیایدا ئەنقەرە دان بەو سنوورەی ئیستای نیوان تورکیاو عیراقدا دەنیت. بۆیە داوای دەسکاریکردنی ئەم سنوورانە، پیشبینیکردنی روو بە رووبوونەوەی خەتەرناکە. تورکیاش هەموو ئەو کارتانە بەکاردەهینیت کە شکیان دەبات، لە نیویشیاندا کارتی ئاوو تورکمانە عیراقیەکان، تا گوشار بخاتە سەر بەغداد و ئارەزووەکانی خۆی بەدیبهینیت.

داوای دەسکاریکردنی سنوور نیشانەیەکی سەلبی‌یە بۆ ئەو ئاراستەیەی کە دەشێ مەسەلەی ئاو لە نیوان تورکیاو عیراق و سوریادا بیگریتە بەر.

بە تایبەتیش کە ئەنقەرە ئەم دەسکاریکردنی سنوورەی بە ستۆتەوە بە هەندێ هۆی ئەمنی‌ی وا بەستە بە ئۆپەراسیۆنەکانی پارتی کریکارانی کوردستانەوە کە بەوە تاوانبار دەکرێ کە دیمەشق پشتگیریی تەواوی لیدەکات. دیمیریلیش کە داوای ئەو دەسکارییانە دەکات، هەر خۆی خاوەنی ئەو لیدوانانەیە کە لە نیوەندە عەرەبییەکاندا زۆر بە خراپ کەوتنەوە، ئەو لیدوانانەی سەبارەت سەروەریی تورکیان بەسەر ئاوی هەردوو روباری دیجلەو فوراتەوە. ئەوەی ئیستاش بە چرپە دەگوترێ یان دەزگاکانی راگەیاندن دەیخەنە روو سەبارەت نیازی تورکیا لە بەکارهینانی ئاودا وەکو چەکیك دژ بە سوریا و عیراق، لەمەودواو دوای ئەو لیدوانانەی دیمیریل لە بارەی سنوورەوە؛ لایەنە عەرەبەکان بە جیددی بایەخی پێدەدەن.

هەروەها داوای دەسکاریکردنی سنوور لە نیوان عیراق و تورکیادا سیاسەتیکی جیددیی تورکیای گەرەکە بەرامبەر کەمایەتی‌یە تورك یا موسلمانەکان لە هەندێ ولاتانی هاوسێی تورکیادا، بە تایبەتیش بولگاریا و یۆنان و قوبرس، بگرە سوریاش. هەر لە بولگاریادا ملیۆنیك کەس زیاتری تیایە کە بە نەژاد تورکن. ئەوە بوو لە ناوەراستی هەشتاکاندا تورکیا رایگەیاند کە ئامادەیە لە دەست چەوساندنەوەی شیوعیەکان بیانپاریزیت. لە یۆنانیش زیاتر لە ١٥٠ هەزار هاوولاتی‌ی بە نەژاد تورك هەیە کە لە ناوچەی تراقیادان (باکووری خۆرهەلاتی یۆنان). زۆرجار ئەنقەرە باس لە باری "ناهەموار"یان دەکات. لە عیراقیشدا تورکەکان قسە لە زیاتر لە ملیۆنیك تورکمان دەکەن، بە تایبەتیش لەناوچەی نەوتاویی کەرکوك، تەنانەت ئۆزال داوای دەولەتیکی سەربەخۆی بۆ کردن.

پاشان ئەم لیدوانانەی دیمیریل دەبیتە مایەی وروژاندنی گومان و سلکردنەوە لای دراوسیکانی تورکیا، لە بولگاریا و یۆنانەوە بیگرە تا دەگاتە سوریاو عیراق و ئیران و، ئینجا ئەرمینیا و جۆرجیاو رووسیاو تەنانەت ئۆکرانیاش، کە ئەمەش ترسی چوونە ناو پیشبرکییەکی چەکداریی بەر فراوانی لی دەکەویتەوە. مەسەلەکە بە تەنها ترسیش نی‌یە،بەلکو راستیەکی راگەیەنراوە لەسەر زمانی بەرزترین بەرپرسی دەولەتی تورکیاوە. کێ ئەوە مسۆگەر دەکات کە تورکیا "لە کاتی گونجاودا" داوای

نیمچە دوورگەی قەرەم، یان بەشیك لە یۆنان و بولگاریا ناكاتەوە. ئۆزال هەر خۆیشی لە كاتی قەیرانی كەنداودا رایگەیاند كە ئەگەر كوەیت بەشیك بووبیت لە عیراق، ئەوا سەر وەختێ هەمو عیراق "عوسمانی" بووە.

## فایلی كراوە

داوای دەسكاریكردنی سنوور نیشانەی واقیعیكی ترسناكی دی بوو، ئەویش ئەوەیە كە هیشتا فایلی یەكەم جەنگی جیهانی دانەخراوە، بگرە دەتوانین بلیین دیسانەوە ئەو فایلە كرایەوە. ئەو مەسەلانەی پەیوەندیشیان پیوەی هەیە لە قۆناغیكی دواتردا زیاتر دەوروژینرین. چونكە ئەم داواكردنەی موسلّ لەلایەن ئەنقەرەوە وا لە ئەرمەنیەكان دەكات زیاتر سووربن لەسەر ئەو داوایانەیان كە هیشتا كۆسپن لە بەردەم بە ئاساییكردنەوەی پەیوەندییەكانی ئەرمینیا-توركیادا. ئەوان داوا لە توركیا دەكەن دان بە كوشتارەكانی سالی ١٩١٥دا بنێ كە دژیان ئەنجامیداو، قەرەبوویان بداتەوەو، ئەو زەویوزارە میژووییانەی ئەرمەنیش بگەرینیتەوە كە دەكەونە باكووری خۆرهەلاّتی توركیاوەو بەپێی پەیمانی سیڤەری سالی ١٩٢٠ مولكی ئەوانن، بەر لە چەند سالیكیش سەرۆكی ئەرمینیا تیر بترۆسیان داوای ئەم زەوییانەی كردەوە.

هەروەهائەم لیدوانانەی دیمیریل وا لە سوریا دەكات زیاتر لە هەولّ و كۆششیدا بەردەوام بیت بۆ وەرگرتنەوەی لیوای ئەسكەندەرون كە لە سالی ١٩٣٩دا فەرەنسا خستیەیە سەر توركیا، واتە ١٤ سالّ دوای ئەوەی موسلیان بە رەسمی خستە سەر عیراق. ئەوەش لە ریكەوتنامەیەكدا كە توركیا ئیمزای كردووە، لە كاتیكا سوریا لایەنیكی رەسمی نەبووە لە هیچ ریكەوتنیكدا بۆ ئەوەی ئەسكەندەرون بخەنە سەر توركیا، بۆ ئەم مەبەستەش نە ئیمزای كردووەو نە قایل بووەو، تا ئیستا هەمان هەلویستی هەیە. ئیستاش لە نەخشە رەسمیەكانی سوریادا لیوای ئەسكەندەرون بەشیكە لە سوریا. ناو بەناویش لە لیدوانەكانی بەرپرسانی سوریادا باس لە عەرەبیتی‌ی لیوای ئەسكەندەرون دەكرێ، بۆ نموونەش ئەو لیدوانەی لە سالی ١٩٩٠دا وەزیری راگەیاندنی سوریا محەمەد ئەسكەندەر بۆ رۆژنامەیەكی قوبرسی دای و تیایدا وتی: "یەكلاكردنەوەی مەسەلەی ئەسكەندەرون هیشتا هەر ماوە، ئەم

مەسەلەیە هەرگیز بەلایەکدا نەخراوە"، هەروەها جەختی لەوە کردەوە کە دیمەشق بەردەوام ئەم ناوچەیەی بە  خاکی عەرەب" لە قەلەمداوە.

تەنانەت تورکەکان خۆشیان پێیان سەیربوو لە کۆنگرەیەکدا کە پەیمانگای ئاشتیی ئەمریکایی لە واشنتۆن لە ١ی حوزەیران/ یۆنیۆی ١٩٩٤دا سازی دابوو، کۆمەلێك پسپۆڕیش لە سوریاو تورکیا و ئەمریکاو وڵاتانی ترەوە بەشدارییان تیا کردبوو؛ ئەم باسە لە بارەی "پێگەی نوێی تورکیا لە خۆرهەڵاتی ناوەندا"وە وروژێنرا. ئینتباعی رۆژنامەوانی ناسراوی تورکیاش محەمەد عەلی پیران کە لە کۆنگرەدا بەشدار بوو، ئەوە بوو کە پێویستە تورکیا خۆی بۆ زیندوو کردنەوەی ئەم مەسەلەیە ئامادە بکات.

بەرامبەر بەمەش، ئەو پرسیارەی کە پێویستی بە وەڵامە ئەوەیە کە ئەگەر ئەو لیدوانانەی دیمیریل جیددی بن، ئەی کەواتە بۆچی لە ماوەیەکی کەمتر لە ماوەی چاوەڕوانکراودا هێزەکانی تورکیا لە باکووری عیراق کشانەوە؟ بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە دەبێ سەرەتا ئاماژە بۆ ئەوە بکەین کە ئۆپەراسیۆنی "پۆڵا" گەورەترین ئۆپەراسیۆن بوو لە مێژووی کۆماری تورکیادا  هێزەکانی تورکیا لە دەرەوەی سنوور تۆماری بکەن. دەشێ لە رووی تەکنیکیشەوە "مەشقێك" بوو بێت سوودی لێ وەربگیرێ بە هەر هەولیکی تری ئایندەدا  بۆ ئۆپەراسیۆنیکی بەر فراوانتری وەها کە بگاتە بیرە نەوتەکانی کەرکوك.

لە سەریکی تریشەوە، پیدەچێ حیسابەکانی ئەنقەرە لەگەڵ گۆڕانکاریەکاندا ویك نەهاتبیتەوە. چونکە لە یەکەم رۆژی ئۆپەراسیۆنەکەدا  کۆکبوونیکی دەولی و هەریمی هەبوو بۆ هاندەرەکانی  ئەم ئۆپەراسیۆنە. بەڵام بە تیپەربوونی کات، بەرهەلستی بۆ ئەو جووڵانەوە سەربازییانەی تورکیا رووی لە زیادبوون کرد، تا وای لی  هات جگە لە واشنتۆن هیچ لایەك لایەنگیریی نەدەکرد. ئەمەش وای لە  سەرانی تورك کرد چاو بە پلانەکانیاندا بخشیننەوە، تا گەیشتنە ئەوەی زوو بکشینەوە. دەرەجە دارانی سوپای تورکیش هەستیانکرد ئۆپەراسیۆنەکە ئەنجامی بەرچاوی نەبووە لە پاکتاوکردنی پارتی کریکارانی کوردستانداو، مانەوەیان لە باکووری عیراقدا وایان  لیدەکات باشتر بکەونە بەر شاڵاوی شەری پارتیزانی لەلایەن جەنگاوەرەکانی **PKK** ەوە، کە سەرباری هیرشە قورسەکانی ئۆپەراسیۆنەکەش، ئەوان توانییان ریکخستنی بنەرەتیی خۆیان بپاریزن.

## نەوت و ئێران و کورد

لە گەرمەی ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکەی تورکیادا. کۆمەلێك گۆڕانکاریی مەغزادار روویانداو لە گەڵ رووەوە. ئەوە بوو ئەنجومەنی ئاسایشی نیو دەولەتی بریاری ژمارە ٩٨٦ی دەرکرد کە رێ بە عیراق دەدات هەموو شەش مانگ جارێك بایی دوو بلیۆن دۆلار نەوت بنێریتە دەرەوەو بەو پارەیە خواردن و دەرمان بکرێ و، چارەکی ئەوەش بۆ کوردەکانی باکووری عیراق تەرخان بکرێ.

بەپێی ئەو ریکەوتنامەیەی ناونرا "نەوت بەرامبەر بە خۆراك". ئەم بریارەش واتە سەر لەنوێ ناردنی نەوتی عیراق بۆ دەرەوە بە بۆرییەکانی کەرکوك-یومۆرتالیکی لای بەندەری ئەسکەندەرونەوە، کە دەبیتە مایەی دەسکەوت بۆ تورکیا چ لە رووی نەوت و چ لە رووی پارەوە و، بەشداربوون لە کۆمەکی دارایی پلانە دەولی و تورکیاییەکان لە باکووری عیراقدا. ئەنقەرە ئومیدی بەوە بەستبوو کە بەغداد لەژێر گوشاری بوونی سەربازیی تورکیادا مل بۆ بریارەکە کەچبکات و، بەوە ئەو دەسکەوتانە وە چنگ بهێنیت. بەلاّم بە رەتکردنەوەی بریارەکە لەلایەن بەغدادەوە هیواو ئاواتی تورکیا هەرەسیهینا. دواتر لیدوانەکانی دیمیریل بۆ پەردەپۆشیی ئەم شکستە و، وەکو دەستپێکردنەوەیەکی جۆرە گوشاریکی دی بۆسەر بەغداد دران، بە مەبەستی گەیشتن بە شیوە ریکەوتنێکی تر کە بەشێك لە نەوتی عیراق بۆ ئەنقەرە مسۆگەر بکات و راپۆرتە ئابوورییەکانیش ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە تورکیا ئەوپەری پیویستی بە نەوت هەیە لە سالاّنی ئایندەدا تا پرۆسەکانی گەشەپیدان ئەنجام بدات.

هەروەها چاودیرەکان سەرنجیان داوە کە لیدوانەکانی دیمیریل لە گەرمەی ئەو سیاسەتەی ئەمریکادا هات کە ئامانجی لە خۆگرتن (احتواء)ی ئێران بوو. دیاریش بوو کە واشنتۆن دەیویست هەرچی ئەو کارتانەی لەبەر دەستدان دژ بە ئێران بەکاریانبهێنیت، هەر لە برینی بەشەکەی(٥٪) لە ریکەوتنی نەوتدا لەگەڵ ئازەربایجان و، قەدەغەکردنی هەر جۆرە مامەلەیەکی بازرگانیی ئەمریکا لە گەلیدا، تا دەگاتە ریگرتن لە هەر جۆرە هاریکارییەکی ئەتۆمییانە لە نیوان ئێران-رووسیادا.

ئەم داوایەی دیمیریل بۆ چاك کردنی سنوور لەگەڵ عیراقدا مانای چاککردنی سنوور لەگەڵ ئێران و سوریاشدا دەگەیەنێ. ئەمەش واتە شکاندنەوەی تای

تەرازووەکە بەلای بەرژەوەندیی تورکیادا لە ناوچەکەدا، ئەمەش لە سەریکەوە هەرەشە بۆسەر بەرژەوەندییە هەریمیەکانی ئیران دروستدەکات و، لە سەریکی تریشەوە بۆسەر یەکپارچەیی خاکی، بە تایبەتیش هیندەی پەیوەندیی بە کوردستانی ئیرانەوە هەیە کە هاوسنووری کوردستانی تورکیا و کوردستانی عیراقە.

ئەم نیگەرانیەی ئیرانیش لەم سیاسەتە فراوانکارییەی تورکیا بووە هۆی ئەوەی کە کۆبوونەوەی ئاسایی نیوان وەزیرانی دەرەوەی ئیران و تورکیا و سوریا نەبەستریّ، کە بریاربوو لە ٢٨ی نیسان/ ئەپریلی ١٩٩٥دا لە ئەسفەهان بیّو، بۆ کاتیکی دیارینەکراو دواخرا.

هەروەها هەندیّ لە چاودیران وایدەبینن کە داوای دەسکاریکردنی سنووری تورکیا لەگەڵ عیراقداو، کشانەوەی سوپای تورکیا لە باکووری عیراق لە هەمان کاتدا، وەکو پەیامیکی تورکیایە بۆ کوردەکانی عیراق کە ئەو کشانەوەیەی تورکیا بە لاوازی لە قەلەم نەدەن و، لە رووی ئەمنییەوە لەگەڵ تورکیادا هاوکاری بکەن. هەروەها ئاماژەدانیکی تریشە پییان بۆ ئەوەی بیر لە دامەزراندنی دەولەتیکی کوردی نەکەنەوە، لەبەرئەوەی ئەگەر باکووری عیراق بیەویّ بە دابران لەگەڵ بەغدادا پیشبکەویت؛ ئەوا یان دەبیّ راستەوخۆ ببیتە پاشکۆی تورکیا و یان لەژیر رکیفی ئەودا بیت.

## چیللەرو رووداوەکانی میژوو

چاودیرەکان گەیشتنە ئەوەی کە ئەم خواستەی ئەنقەرە بۆ چاککردنی سنوورو بردنی بۆ "بناری شاخەکان" لەبەر هۆی ئەمنی، تا جەنگاوەرانی PKK دزە نەکەن، بیانوویەکی لاوازەو مایەی برواپیکردن نییە، لەبەرئەوەی بەشیکی زۆری مەیدانی شەرەکانی نیوان سوپای تورك و کوردەکان دەکەویتە ناو خاکی تورکیا خۆیەوە، جگە لەوەی سنووری جوگرافیایی ناتوانیّ ریّ لە دزەی جەنگاوەرانیك بگریّ کە وەك سەرۆکی ئەرکانی تورکیا ئیسماعیل قەرەدای دەلیت: "وەکو دانەی برنج" بلاوبوونەتەوە. باشە ئەگەر هۆی ئەو داواکردنە بۆ دەسکاریی سنوور بیانوویەکی ئەمنییە؟ ئەی گەر هاتوو ئەو بیانووە نەما؟ ئایا ئەو کات تورکیا دەچیتەوە بۆ سنوورەکەی جارانی؟ تورکیا، هاوکات لەگەڵ ئەم لیدوانانەی دیمیریلدا خۆی بۆ

قۆناغێکی خەتەرناکی مامەلەکردن لەگەڵ هەندێ مەسەلەی ناسکدا ئامادە دەکات، وەك مەسەلەی سنوور. دیمیریل تا شوێنێك چووە کە تەنانەت ئۆزالیش نەیگەیشتێ. بەلأم-بەرای زۆر کەس- ئەم دووانە هیچیان نەکرد جگە لەوەی "شارە زەردەواله"یەکیان وروژاند کە یەکەمجار بە تورکیا خۆیەوە دەدات.

کاتێ سەرۆك وەزیران چیللەر ئۆپەراسیۆنی "پۆلا"ی بە "بلیفین"یکی نوێ شوبهاند، توانجی ئەوەیان لێگرت کە ئاگاداری رووداوەکانی میژوو نییە. لە کاتیکا رووداوی "بلیفین" لە سالی ١٨٧٧دا روویداو بووە هۆی شکستیکی گەورەی سوپای عوسمانیو، بە دیلگرتنی سەرکردەی سوپا "غازی عوسمان پاشا" لەلایەن سوپای رووسەوە، کە ئەمەش بوو بە سەرەتایەك بۆ رزگارکردنی بولگاریا. بەلأم ئەوەی ئیستاش ترسی لێ دەکرێ ئەوەیە کە حیسابە نوێیە هەلەکانی ئەنقەرە ولأتەکە بەرەو بلیفینیکی تر راپیچکات، ئیدی ئەوسا گرنگ نابێ کێ "غازی عوسمان پاشای تازە" دەبێ: دیمیریل یان چیللەر؟.

# ٤-پەیوەندییەکانی نێوان تورکیا و سوریا

"کۆمەڵــەی سیاســەتی دەرەوەو بــەرگری" (DSA)ی ســەر بــە "وەقــف" ی لێکۆڵینەوەی سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان" (SISAV*) لە کۆتاییەکانی ساڵی ١٩٩٣دا راپۆرتێکــی ســەبارەت بــە پەیوەندییــەکانی تورکیــا-ســوریا ئامــادەکرد کــە هێڵــە سەرەکیەکانی لە رۆژنامەی "میللیـەت"دا لـە رۆژانـی ٢٣و ٢٤و ٢٥و ٢٦و ٢٧ی ك٢/ ینایـەری ١٩٩٤دا و لەلایـەن یـەکێك لـە بەشـداربووانی ئامادەکردنیـەوە کـە بـاڵیۆزی خانەنشین "فاخیر ئالاچام"ە بڵاوکراوەتەوە.

## "کۆمەڵەی سیاسەتی دەرەوەو بەرگری" DSA کێیە؟

لە ساڵی ١٩٨٩دا دامەزراوەو ئەم ناوانەی تیایە:

وەزیری دەرەوەی پێشوو خەیرەدین ئارکمین-سەرۆك.

وەزیری دەرەوەی پێشوو وەحید خەڵەف ئۆغلۆ.

باڵیۆزی خانەنشین ھ. فاخیر ئالاچام.

باڵیۆزی خانەنشین فایەق مەلیك.

ئەمیراڵی خانەنشین و پەرلەمانتاری پێشوو سزائی ئورکنۆت.

ژەنەراڵی خانەنشین و باڵیۆزی پێشوو حەسەن ساغلام.

ئەمینداری پێشووی وەزارەتی دەرەوە و باڵیۆزی خانەنشین ئەرجومەند یاووز ئالب.

ژەنەراڵی خانەنشین و بالیۆزی خانەنشین سورەییا یۆکسیل

هەروەها ئەم کۆمەڵەیە بەپێی بابەتی پێویست داوا لە لێکۆڵەرەوان دەکات بچنە ریزیـان. هـەر لـەم چوارچێوەیەشـدا بـاڵیۆزی پێشـوو و بەڕێوەبــەری تۆژینــەوەکانی خۆرهــەڵاتی نـاوەندو بــەڵقان "ئیســماعیل سویســاڵ"ی بانگهێشــت کــرد تــا لــە ئامادەکردنی راپۆرتی "پەیوەندییەکانی نێوان تورکیا و سوریا"دا بەشداری بکات.

---

* وقف الدراسات السياسية و الاجتماعية

ئـەی "وەقـف"ی لێکۆڵینــەوە سیاســی و کۆمەڵایەتیــەکان SISAV کێــن کــە "کۆمەڵەی سیاسەتی دەرەوەو بەرگری" بەشێکە لێی؟

ئەم "وەقف"ە لـە سـاڵی ١٩٧٩دا بـە مەبەستی ئامـادەکردنی تۆژینــەوە سـەبارەت مەسـەلە سیاسـی و کۆمەڵایەتیـەکانی تـورك و، پێشکەشـکردنی ئەنجامــەکانی ئــەم تۆژینەوانـە بـەڕای گشـتی و ئاگادارکردنـەوەی دەسـەڵاتە بەرپرسـەکان لـە چارەسـەرە پێشنیازکراوەکانی ئەو مەسەلاتە، دامەزراوە.

ئەم "وەقف"ە لـە نـاو تورکیـاو دەرەوەیـدا تۆژینـەوەکانی ئـەنجامدەدات و کـۆڕو کۆبوونەوە ساز دەکات و، لە چوارچێوەی ئامانجەکانیدا ڕاوێژ پێشکەشدەکات و، لە چالاکیی دەزگای تردا کە لە چەشنی خۆیشی نین بەشداری دەکات.

ژمارەی ئەندامانی ئەم "وەقف"ە ٧٨ ئەندامەو پرۆفیسۆر دکتۆر مەمدوح پاشـا سـەرۆکایەتیی دەکـات. لـە ڕاپۆرتەکەشـدا هـاتووە کـە بۆیـە ئـەنجامدراوە چونکـە لێکۆڵینەوەیـەکی جیـددی نی‌یـە سـەبارەت پـەیوەندیی نێـوان ئـەو دوو وڵاتـەو، لەبەرئەوەی کە سوریا ئەو وڵاتەیە کە وەکو کلیل وایـە بـۆ وەدیـهێنانی ئاشـتی لـە خۆرهـەڵاتی ناوەندداو، لەبەرئەوەی مەسەلەی ئاسایش (PKK) و ئاو بەردەوام لـە پەیوەندییـەکانی نێوان ئەم دوو وڵاتـەدا دەردەکەون، جگـە لـەوەی مەسـەلەی ئـاو لـە ناوچەکەدا بایەخێکی زۆر بە خۆیەوە دەبینێ. دواجار ڕاپۆرتەکە ئەنجامەکان دەخاتە ڕوو و کۆمەڵێك پێشنیازیش بۆ یەکلاکردنەوەی پەیوەندییە دوو قۆڵیەکان دەخاتە بەر چاو.بۆ ئەوەی ڕاپۆرتەکەش بە شێوەیەکی واقیعبینانە وەڵامی ئەو کێشانە بداتەوە کە دوچاری پەیوەندییەکانی تورکیا و سوریا بوون، تیمـی ئامادەکـەری ڕاپۆرتەکـە یەکێك لە ئەندامەکانی خۆی بۆ سوریا ناردو لەوێ کۆمەڵێك گفتوگۆی لەگەڵ جێگری سەر کۆمارو وەزیری ڕاگەیاندن و وەزیـری دەوڵـەت بـۆ کاروبـاری دەرەوەو ڕازگـری گشتیی وەزارەتی دەرەوە و سەرۆکی ژووری بازرگانیی سوریا و نێوەندی زانکۆیی و بەرپرسانی ڕاگەیاندن ئەنجام دا، ئەمە جگە لە سازدانی گفتوگۆ لەناو تورکیا خۆیدا.

پێویستیش ناکات بڵێین کـە ئـەم ڕاپۆرتـە دەربڕی بیروڕای دانـەرانێتی. بـەڵام بـە دیاریکردنی چاوگەکانی گرژی و ئەو پێشنیازانەی دەیانخاتە ڕوو هەنگاوێکی گرنگ پێکدێنێت بۆ کردنەوەی دەرگای لێکۆڵینەوەی ڕاشکاو لەسەر پەیوەندییەکانی نێوان تورکیا و سوریادا و، بەشداریکردنی نێوەندە فیکری و ئابووری و سیاسیەکان و، ئەو شێوەیەی کە بە باشی دەزانن بۆ نزیکبوونەوە نەك هەر لە نێوان تورکیا و سوریادا، بەڵکو لە نێوان تورکیاو نیشتمانی عەرەبیشدا بە گشتی.

م.ن

****

راپۆرتی "پەیوەندییەکانی نیوان سوریاو تورکیا" لە چوار بەش پیکدیت، بەشی یەکەم دەربارەی میژووی سوریاو باری ناوخۆیەتی، بەشی دووەم دەربارەی ئەو فاکتەرە میژوویی و هەنووکەییانەیە کە کاریگەرییان لەسەر پەیوەندییەکانی نیوان ئەم دوو ولاتە هەیە. لە بەشی سێیەمیشدا رەنگدانەوەی ئەم گۆرانکارییانەی دوایی جیهان و خۆرهەلاتی ناوەند دەخوینینەوە لەسەر پەیوەندییەکانی نیوان سوریا و تورکیا، لە کاتیکا بەشی چوارەم تەرخانە بۆ ئەنجام و پیشنیازەکان.

## یەکەم: باری ناوخۆی سوریا

لەم بەشەدا کۆمەلیك زانیاری سەبارەت بە کاریگەریی هەردوو سەردەمی عوسمانی و فەرەنسایی لەسەر پیکهینانی سیاسەتی ناوخۆی هەنووکەیی سوریاو، بونیادی کۆمەلگاکە و، جیاوازییە ئیتنی و ئایینیەکان و، حیزب و بزاوتە سیاسییەکان و، کودەتا سەربازییەکان و، پراکتیزەی دیموکراسی و، ئەزموونی کۆماری عەرەبی یەکگرتوو و، خەونی سوریای گەورەو هیزە چەکدارەکانی سوریا دەخوینینەوە.

بە شیوەیەکی گشتی سورییەکان هۆی دواکەوتوویان دەخەنە ئەستۆی ئیدارەی عوسمانیەکان، لەبەر ئەم هۆیانە:

دابەشکردنی سوریا لە سالی ١٩٢٠دا بەسەر چوار دەولەتدا، کە ئەمانەن:

حەلەب، دیمەشق، لازقیە و شاخی دروز، و ئۆتۆنۆمی بۆ سەجەنقی جەزیرەو ئەسکەندەرون. لە سالی ١٩٢٥دا حەلەب و دیمەشق بوون بە یەك، بەلام دەولەتەکانی دی هەروەکو خۆیان مانەوە تا لە سالی ١٩٣٦دا هەموویان بوون بە یەك. دامەزراندنی ئیسرائیل دەرگای گومانی لای سوریا بەرامبەر بە خۆرئاوا کردەوەو لەگەلیدا بەرامبەر بە تورکیاش، بۆیە ریی رزگاربوونی لە جەمال عەبدولناسرو یەکیتیی سۆڤیتدا دەبینییەوە.

٨٥٪ی دانیشتووانی سوریا (کە ئەکاتە ١٣ ملیۆن) موسلمانن. ٦٣٪یان سوننەن و ١٢٪ یان عەلەوی و ٣٪یان دروزن و، ئەوانی تریش ئیسماعیلی و شیعەو یەزیدین. زۆربەشیان بە عەرەبی دەئاخڤن.

بەلام مەسیحیەکان نزیکەی ١٠٪ پیکدینن و ناکۆکیی مەزهەبیش لە ناویاندا هەیە. زۆربەی مەسیحیەکان ئەرمەنی و سریانی و موارنەن. ٦٠٪ ی عەلەوییەکان لە لازقیەو دەوروبەری دەژین.

پاش سالی ١٩٤٣ حیزبی نیشتمانی بەهیزترین حیزب بوو، له کاتی ئینتیدابی فەرەنساییشدا به دزییەوە چالاکیی خۆی دەنواند. بەرامبەر بەم حیزبە حیزبی گەل دەرکەوت. تا کودەتا سەربازییەکانیش ئەم دوو حیزبە له گۆرەپاندا بوون.

پاش ماوەیەکی کەم کودەتا سەربازییەکان وەکو بەرەنجامیکی شکستی عەرەب بەرامبەر ئیسرائیل (له سالی ١٩٤٨دا) دەستیانپیکرد. یەکەم کودەتا ئەوەی حوسنی ئەلزەعیم بوو له سالی ١٩٤٩دا، پاشان کودەتاکەی سامی ئەلحەناوی له هەمان سالدا، هەروەها کودەتاکەی ئەدیب ئەلشیشەکلی له سالی ١٩٥١دا. سالی ١٩٥٤یش شیشەکلی له دەسەلات دوور خرایەوەو تا سالی ١٩٥٨ ژیانیکی دیموکراتی سنووردار له ئارادا بوو. لەم ماوەیەداو لەو هەلبژاردنانەدا که ئەنجامدران ئەستیرەی حیزبی بەعس درەوشایەوە.

سالی ١٩٥٨ یەکیتی‌یەك له نیوان میسرو سوریادا دروست بوو، بەلام له سالی ١٩٦١دا لیك جیابوونەوەو حوکمەتیکی راسترەو پیکهات. سالی ١٩٦١ له هەلبژاردنەکاندا حیزبی گەل بردی‌یەوە، بەلام کودەتایەك له سالی ١٩٦٢دا به پشتیوانی‌ی عەبدولناسر حکومەتیکی چەپرەوی هینایه سەر دەسەلات. سالی ١٩٦٣ حکومەتیکی عەسکەری لەژیر سەرپەرشتی‌ی حیزبی بەعسدا دەسەلاتی گرته دەست. بەلام به دریژایی سی سالی دوایی ناکۆکیی نیوان بالەکانی ناو بەعس نەوەستا، تەنانەت هاتنی گروپیکی چەپیش بۆسەر دەسەلات له سالی ١٩٦٦دا هەر نەیوەستاند و سەرباری شکستی حوزەیران/ یۆنیۆی ١٩٦٧. لەم ماوەیەدا کاریگەریی سۆڤیت زۆر بوو و رۆلی چەپەکان و شیوعیەکان لەزیادبووندا بوو. له ت٢/ نۆڤەمبەری ١٩٧٠دا وەزیری بەرگریی ئەو کات حافز ئەلئەسەد توانیی ئەم ناکۆکی‌یه به سوودی خۆی بشکینیتەوە و تا ئیستاش هەر ئەو لەسەر حوکمە و لەسای ئەودا سوریا لەوەتەی سەربەخۆبووە له هەموو کات زیاتر سەقامگیریی بەخۆوە دیوە.

## دووەم: گرژی له پەیوەندییەکاندا لەگەل تورکیادا

بەهۆی ئیدارەی عوسمانیەکانەوە که چوار سەدەی خایاند، تیروانینی سوریا بۆ تورکیا پرە له گومان. دواتریش بەهۆی خستنە سەری لیوای ئەسکەندەرون بۆسەر تورکیا و لایەنگیریی تورکیا بۆ بریاری دابەشکردنی فەلەستین و پاشان دانانی به ئیسرائیلدا و، دروستکردنی پەیوەندیی دیپلۆماسی لەگەلیداو، پەرەدان به

پەیوەندییەکانی (تورکیا) لەگەڵ خۆرئاواداو، چوونە ریزی کۆمەڵەی رۆژئاواوەو، پەیوەندیی باشی لەگەڵ عیراقداو، بەکارهینانی ئەم پەیوەندییانە بۆ بەرژەوەندیی عیراق لە ململانییدا لەگەڵ سوریادا، لەبەر هەموو ئەم هۆکارانە سوریا لە تورکیا دوورکەوتەوە.

بەرامبەر بەمەش، ئەوەی تورکیای نیگەران کرد نزیکبوونەوەی زۆری سوریا بوو لە یەکیتیی سۆڤیت و لایەنگیریی سوریا لە یۆنان و قوبرسە یۆنانیەکان لە مەسەلەی قوبرسدا، ئەمانە کاریگەرییەکی نەگەتیڤیانەیان کردە سەر پەیوەندیی نیوان تورکیا و سوریا.

لە حەفتاکان و هەشتاکاندا دوو هۆکاری تر هاتنە ناو پەیوەندییەکانی نیوان ئەم دوو وڵاتەوە، یەکەمیان نیگەرانیی سوریایە لە پرۆژەی GAP کە تورکیا خەریکی ئەنجامدانیتی و زنجیرەیەك بەنداو لەسەر روباری فورات دروستدەکات، ئەوەی کە وایکردووە تورکیا لە توانایدا بیت لە ئایندەدا بە تەواوەتی ئاو لە سوریا بگریتەوە. هۆکاری دووەم پشتیوانیی سوریایە لە نیوەی دووەمی هەشتاکاندا لە پارتی کریکارانی کوردستان (PKK) بەو ئومیدەی ببیتە گوشاریك بۆ گۆڕینی هەلویستی تورکیا لە مەسەلەی ئاو، گەرچی سوریا خۆی دژی بیرۆکەی دامەزراندنی دەولەتیکی کوردیشە. بریاری تەرخانکردنی ٥٠٠م$^{3}$ لە چرکەیەکدا لە سالی ١٩٨٧دا دیمەشقی دلنیا نەکردووەو، ئەو لە میانی پشتیوانییەوە بۆ PKK دەیەوێ مەسەلەی ئاو لە "تەرخانکردن"ەوە بگۆڕێ بۆ "هاوبەشی".

### سێیەم: گۆڕانکاریيە جیهانییەکان

بیگومان گرنگترین گۆڕانکاری لە جیهانداو هەروەها لە ناوچەکەدا هەرەسی شیوعیەت و لیکهەلوەشانەوەی یەکیتی سۆڤیت و، گۆڕانی جیهان بۆ یەکەمین جار لە دووەم جەنگی جیهانیيەوە، لە جیهانیکی دوو جەمسەرییەوە بۆ جیهانیکی تاکجەمسەری. ئەم گۆڕانکارییە تا رادەیەکی زۆر کاری کردە سەر هەلومەرجی سیاسیی ناوخۆی ئەو دەولەتانەی پەیوەندییان لەگەڵ سۆڤیتدا بەتین بوو. بیگومان سوریاش ئەو دەولەتەیە کە هەموو ئەوانی دی زیاتر دەکەویتە ژیر ئەو کاریگەرییەوە. چونکە سوریا جگە لە دۆستایەتیی پر ئەمەك و بەردەوامی بۆ یەکیتی سۆڤیت لە چوارچیوەی سیاسەتی سۆڤیتیدا لە ناوچەکەدا رەفتاری دەکرد.

لە گۆشە نیگای پەیوەندییەكانیشەوە لەگەڵ توركیادا، سیاسەتی لایەنگرانەی سوریا لە سۆڤیت سوودمەند بووە لەو رووەوە كە ئاسایشی خۆی دژ بە سیاسەتی توركیا مسۆگەر كردووە بەو پێیەی توركیا بەشێك بووە لە هاوپەیمانیتی ی خۆرئاواو، لە قۆناغی رووبەروو بوونەوەدایە لەگەڵ ئیسرائیل. ئەمەش هیوای حیزبی بەعسی زۆر دەكرد بۆ رزگاركردنی لیوای ئەسكەندەرون كە بە بەشێك لە "نیشتمانی عەرەب"ی دەزانێ. بەڵام ئەم سیاسەتە سوریای هان دەدا تا روو بەرووی توركیا و چالاكیەكانی بوەستیتەوە لە گەلی بواردا كە بە پلەی یەكەم سوودی بۆ یەكیتیی سۆڤیت هەبووە.

هەلویستی سوریاش لە مەسەلەی قوبرس نموونەیەكی زۆر روونی پیادەكردنی ئەو سیاسەتە تەواو لایەنگرەی سوریایە بۆ سۆڤیت.

بەهۆی ئەم سیاسەتەشەوە، یەكیتیی سۆڤیت بۆ یەكەمجار توانیی بە شیوەیەكی كاریگەرانە بچیتە ناو خۆرهەلاتی ناوەندەوەو بۆ بەرژەوەندیی خۆی كار لە سیاسەتی ئەم دەولەتانە بكات.

لە سای ئەم هەلومەرجەدا، لیكهەلوەشانەوەی یەكیتیی سۆڤیت و، گۆرانكارییەكان لە بلۆكی سۆشیالیستیدا سوریای تووشی هیدمە (صدمە) كرد. كەوتنی پشتیوانی سەرەكیی سیاسەتی دەرەوەشی دوچاری گۆشە گیرییەكی كرد، چ لەسەر ئاستی گشتی و چ لەسەر ئاستی پەیوەندییەكانی لەگەڵ توركیادا. جگە لەوە، سوریا كە پارەو چەكی لە سۆڤیت وەردەگرت، و دوچاری گەلی گرفت بوو لە رووی دابینكردنی تفاقەوە بۆ ئەو چەكانەی شكی دەبات، هەروەها چیدی نەیدەتوانی سوود لەو قەرزانە ببینێ كە پێی دەدرین.

وەكو دەرەنجامیكی هۆیە دەرەكی و ناوەكیەكانیش، سوریا ئیستا لە سیاسەتی دەرەوەیدا پشت بە هیزی تایبەتیی خۆی دەبەستیت، ئەم بارودۆخە گۆراوەش وایلیدەكات، لەم جوولانەوە تەنیایەیدا، بەوردی حیساب بۆ ئەو مەترسییانە بكات كە لەهەر هەنگاویكیدا دیتە رێی. رەفتاری سوریا لە دووەم جەنگی كەنداودا نیشانەیەكی زەق و روون بوو بۆ كاریگەریی نائامادەگیی یەكیتیی سۆڤیت، هەروەها ئەو هەلویستەی سوریا هەیبوو لە ئاست بەیاننامەی هاوبەشی فەلەستین-ئیسرائیل (غەزە-ئەریحا-یەكەمجار-م.ن) و هەلویستی نەرمی بەرامبەر دەسپیكردنەوەی

دانوستانی ئاشتی لەگەڵ ئیسرائیلدا نیشانەیەکی تربوو بۆ ئەو گۆڕانە گرنگەی لە سیاسەتی دەرەوەی سوریدا روویدا.

لە سای ئەم بارودۆخە تازەیەدا، ڕێی تێناچیت بە شیوەیەك لە شیوەکان گۆڕان لە سیاسەتی سوریادا لە پەیوەندییەکانی لەگەڵ تورکیادا روونەدات.

لیرەدا راپۆرتەکە سەبارەت ئالۆزیی قۆناغی دوای حافز ئەلئەسەد دەدوێ‌و، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە شوناسی ئەو کەسەی کە دەسەلات دەگریتە دەست هیندەی پەیوەندیی ئەوسای حیزبی بەعس و سوپا و کەرتەکانی تری کۆمەلگاو پیگەی تەواوی لایەنەکان لە پیکهاتەی ئایندەدا گرنگ نابیت.

هەروەها راپۆرتەکە پیشبینیی ئەوە دەکات کە لەسەر هەردوو ئاستی ئابووری‌و سیاسی ریبازە لیبرالەکان لەزۆربووندا بن. ئەم قۆناغەش دەشێ وا لە سوریا بکات زیاتر بە گۆڕانکارییەکانی ناوخۆیەوە خەریك بیت.

نەمانی پاریزگاریکردنی سوریا لەلایەن یەکیتیی سۆڤیتەوەو، گۆڕانەکانی خۆرهەلاتی ناوەند وای لیدەکەن سیاسەتی خۆی بەپیێ توانا خودییەکانی خۆی بپیویت و بەس، لە ئەنجامی ئەمەشدا لە پەیوەندییەکانیدا لەگەڵ تورکیادا سوریا دەکەویتە بەردەم کۆمەلیك هەلویستی نەرمترو بەسلترەوە.

بەلام ئەو هەلویستانە مانای ئەوە نییە کە سوریا دەسبەرداری داواکارییەکانی دەبێ لە تورکیا، یان تورکیا کە رۆژ بە رۆژ لە بەهیزبووندایە دەبیتە سەرچاوەی هەرەشە بۆ سوریا.

- لەگەڵ ئەوەشدا هەلویستی سوریا لە ریکەوتنی فەلەستین-ئیسرائیل ئیجابی بوو. لە هۆیە سەرەکییەکانی ئەوەش نەمانی هۆکاری یەکیتیی سۆڤیتی پیشووە. لەگەڵ بەردەوامبوونی لیکگەیشتنی ئەمریکا-ئەوروپا-رووسیاش، سوریا دەزانێ کە ناتوانێ بە تەنها خۆی کۆسپ بخاتە ڕێی پرۆسەی ئاشتییەوە.
- بەهۆی ئەو هیزە عەسکەرییەی لە سۆڤیتەوە بەدەستی هیناوەو، هەروەها بەهۆی زیرەکیی سەرۆك حافز ئەلئەسەدەوە، سوریا بووە بە ولاتی-کلیل لە پارسەنگییەکانی خۆرهەلاتی ناوەندا. لە کاتیکا هۆکاری یەکەم

نەماوە، سوریا بە تەنها لەرێی سیاسەتی لیزانانەی ئەسەدەوە دەتوانێ ئەو دۆخەی خۆی بپاریزیت، چونکە هەلومەرجی پاش ئاشتی گەرەکی بە سەرچاوەی ئابووریی دەولەمەند و، تەکنۆلۆژیای پیشکەوتووە. لەم حالەتەشدا سوریا کە قایل نابیت لە ریزەکانی دواوە بمینیتەوە، کۆمەلیك مەسەلە دەهینیتە پیشەوە کە لەکاتی ناکۆکیدا لەگەڵ ئیسرائیل دا بەو شیوەیە نەبووە، وەکو مەسەلەی ئەسکەندەرون و ئاو.

- هەروەها هەلەیە گەر وا بزانین دەرچوونی رووسیا لە ناوچەکەو زالبوونی ئەمریکا، دۆخیکی بەردەوامە. لەبەرئەوەی رووسیا، ویرای پیویستی بە پشتیوانیی ئابووریی خۆرئاوا، هەولدەدات رۆلیك ببینیت (گەرچی وەکو جارانیش نەبیت) لە خۆرهەلاتی ناوەندا. زۆریش رێی تێدەچیت کە یەکەم دەولەتی پشتیوان بۆ رووسیا-دیسانەوە- سوریا بیت. هەرچۆن رووسیاش پیویستی بە پشتیوانیی هیزی سوریا دەبیت لە سەر سنوورەکانی باشووری تورکیا، بەو جۆرەش گوشاری رووسیا بۆسەر باکووری تورکیا سوودی بۆ سوریا تیایە. لەبەرئەوەی دوژمنایەتیی نیوان عەرەب و ئیسرائیلیش بە چوونە ناو وتوویژی ئاشتی و لە شەوو رۆژیکدا کۆتایی نایەت، بۆیە لە دەرەوەی ئەمریکادا هاوپەیمانیك بۆ عەرەب هەر پیویست دەبیت.
- بۆیە رێی تێناچیت پاش ئاشتیی عەرەب-ئیسرائیل گۆرانیکی ریشەیی لە پەیوەندییەکانی نیوان سوریاو تورکیادا رووبدات. بە پیچەوانەوە، ئاشتیی عەرەب-ئیسرائیل وا لە سوریا دەکات هەلویستەکانی بەرامبەر تورکیا توندتر بیت.
- وا پیشبینی دەکرێ دوای ئاشتیی نیوان عەرەب-ئیسرائیلیش، ئیسرائیل هەر پیویستی بە پەیوەندیی توندو تۆڵ بیت لەگەڵ تورکیادا. بەلام لەوانەیە کیبەر کێی بازرگانی لە نیوان تورکیاو ئیسرائیلدا لە ناوچەکەدا رەنگدانەوەیەکی سەلبیی بۆسەر پەیوەندییە سیاسیەکانی نیوانیان.

## كاریگەری ئەمریكا

- دامـــەزراندنی ئیســـرائیل و جـــەنگی ١٩٦٧و لــــە دەســـــتدانی بەرزاییـەكانی جـۆلان كۆمــەلیك هۆكـاری سـەرەكی بـوون لــە دیـاریكردنی سیاسەتی دەرەوەی سوریادا. دیمەشقیش پەیرەویی لە سیاسـەتی "دوژمنی دوژمنم دۆستمە"ی كردو، لەسەر ئەو بناغەیـەش سوریا بەرامبـەر خۆرئاوا و توركیا كە ئەندامە لە پـەیمانی ئەتلەسیدا هەلویستی نواند. ئەمـەش مۆركی زۆربەی هەلویستە عەرەبیەكان بووە.
- ئەمرۆ سوریا دەیەوێ وا پیشانبدات كە دەولەتیكی واقیعیـیە، بۆیە هەوڵ دەدات پەیوەندییەكانی خۆی لەگەڵ خۆرئاوادا ئاسایی بكاتـەوە، دوور لــە گوتــەزاكانی پیشـكەوتووخواز–دواكــەتووخواز، هـــەروەها هـــەولدەدات لیبرالیەتیكی زیاتر بخاتە ئابووریی خۆیەوە.
- هــەر لــە روانگــەی گوتــەزای "دوژمنـــی دوژمنـــم دۆســـتمە"وە وا پیشبینی دەكرێ پـەیوەندیی هاریكاری لە نیوان سوریاو ئـیراندا بـەردەوام بیت، بەمجۆرەش پیشبینیـی ئەوە ناكرێ پـەیوەندیی سـوریا لەگـەڵ عیراقدا باش بیت كە كیبەر كێی لەگەلدا دەكات لە پیناوی "سوریای مەزن"دا.
- بوونی ئەمریكا بە تاقە زلهیزی جیهان دۆخەكـەی لـە نیـوان سـوریاو میسـردا گــەراندەوە بــۆ بــاری ئاســایی خــۆی، لــە كاتیكــا ئــەوەبوو پــاش ریكەوتنامەی كامب دیڤید لە یەكتری جیا ببوونەوە. هەروەكو چۆن سـوریاش لەبەرئەوەی گۆشە گیرە پیویستی بـە میسـر هەیـە، میسـریش هەسـتدەكات پیویستی بەوە هەیە لەگەڵ سوریادا هاوكاری بكات، چونكە سوریا تاقە ولاتە كە بتوانێ هەرەشە لە پرۆسەی ئاشتی بكات لە خۆرهەلاتی ناوەندا.

## چوارەم: هەندێ ئەنجام

**أ-ئەو فاكتەرانەی دوژمنایەتیەكەیان بەهیزتر كرد**

هـەروەكو لـە سـەرەتای راپۆرتەكـەدا هـاتووە، سـوریا سیاسـەتیكی دوژمنكارانـەی بەرامبــەر بەرژەوەندییــەكانی توركیـا گرتــە بــەر. لــە تــەواوی كــۆرو كۆبوونــەوە دەولیەكانیشـدا، هــەندێ جـار بـە ئاشـكراو هــەندێ جـاریش بـە نـهینی دژی توركیـا وەستاوەتەوە. لـە شەستەكانداو پاش جەنگی ١٩٦٧، توركیـا ویسـتی لـە جیـهانی عەرەب نزیكبیتەوە، بە تایبەتیش پاش گۆشەگیربوونی لە مەسەلەی قوبرسدا.

بەڵام ئەوە نەبووە هۆی گۆڕینی هەلویستی سوریا و ئەو دەولەتە عەرەبیانەی تر کە وەکو ئەو بیر دەکەنەوە.

پاش ئەوەی لە سالی ١٩٧٠دا سەرۆك ئەسەد دەسەلاتی گرتە دەست، هەندێ ئاماژەیدا کە نیشانەی ئارەزووی بوو بۆ پەرەدان بە پەیوەندییەکان لەگەڵ تورکیادا. لەسەر ئاستی وەزیرانی دەرەوەو سەرۆکایەتیی حکومەت سەردان لە نیوانیاندا ئالوگۆرکرا. لەم ماوەیەدا باسی مەسەلەی ئەسکەندەرون پشتگوێ خرا. بەلام قۆناغی ئەسەد گەلێ گرژیی گرنگیشی بەخۆیەوە دیوە، لە پیشەوەی ئەم گرژییانەش مەسەلەی ئاو کە لەم سالانەی دواییدا گوشاری بۆسەر پەیوەندییەکانی نیوان ئەم دوو ولاتە دروستکرد. لەگەڵ دەسپیکردن بە ئەنجامدانی پرۆژەی GAPیش مەسەلەی ئاو بەندی یەکەمی گرنگی پیدانەکانی سوریای بەرامبەر تورکیا پیکهینا.

ئەگەر لە روانگەی تورکیاشەوە سەیری مەسەلەکەمان کرد، ئەم خالانە دەردەکەون:

- سوریا تەماعی لە خاکی تورکیادا هەیە، لەوانەش لیوای ئەسکەندەرون.
- لە تیزە سەرەکیەکانی بەعسدا سنووری نیشتمانی عەرەب دەگاتە کیوەکانی تۆرۆس لەناو تورکیادا.
- سوریا بەردەوام چالاکیی ریکخراو دژ بە تورکیا ساز دەکات.
- ئەو تیرۆریستانەی پاش کودەتای ١٢ی ئادار/ مارسی ١٩٧١ هەلاتن، پەنایان بۆ سوریا برد.
- ریکخراوی تیرۆریستانەی ئەرمەنی ئەزالا ASALA، لەلایەن سوریاوە پشتیوانییەکی ماددی و مەعنەوی دەکریێ. هەروەها سوریا هەندێ ئاماژەی جیددیی داوە سەبارەت بەستنەوەی مەسەلەی ئاو بە برینی پشتیوانی لە PKK.

لە پاڵ ئەم هەلویستە هەلە و دوژمنکارانەیەی سوریا بەرامبەر تورکیا، گەلێ هەلویستی تورکیا بەشداربوون لە ئالۆزکردنی پەیوەندی لەگەڵ سوریادا.

پەیرەویکردنی سیاسەتیکی نادەربەستانە بەرامبەر سوریا لەلایەن تورکیاوەو بە دریژایی سالانیکی زۆر؛ وای لە ئەنقەرە کرد بۆ زانیاری سەبارەت سوریا پشت بە

ئیسرائیل و ئەمریکا ببەستیت، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی لەو رووەوە کەمو کورتی بهێنیت، جگە لە ئاراستەکردنی ئەم زانیارییانەش بە ئاراستەیەکی دیاریکراو. هەروەها تورکیا هەولی پیویستی نەداوە بۆ دامەزراندنی پەیوەندییەکی ئابووری و بازرگانیی توندو تۆڵ لەگەڵ سوریادا. هەموو ئەمانە بوونە تەگەرە لە رێی دروستبوونی کەشو هەوایەکی پر متمانەو، پەیوەندییەك کە لە ئاستیکی پیویستدا بیت لە نیوان ئەم دوو وڵاتەدا.

ئایندەی پەیوەندی لە نیوان سوریاو تورکیادا، وەکو ئەمرۆ دیتە پیشچاو، بەستراوەتەوە بە راگرتنی پشتیوانیی PKK لەلایەن سوریاوە (کە تورکیا خوازیاریتی)و، دابەشکردنی ئاوی فورات لە بەینیاندا (کە سوریا خوازیاریتی).

سەبارەت بە مەسەلەی ئاوەکە، تورکیا بە گویرەی پرۆتۆکۆلی تەمموز/ یۆلیۆی ١٩٨٧ پەیمانی داوە کە لە چرکەیەکدا بری ٥٠٠م$^3$ ئاوی فورات بۆ سوریا بنیریت.

کە ئەوەش دەکاتە ٥٠٪ی ئاوی فورات لە سالیکدا. بەڵام سوریا وای پیشانداوە کە بەو برە قایل نییە (لەوانەیە هەر بە مەبەستی خۆ بە هەرزان بە دەستەوەنەدانەوەبێ)و داوایکرد پرنسیپی "تەرخانکردن" بگۆرێ بە "دابەشکردن"، لە بەرئەوەی ئەوە لەگەڵ یاسا دەولیەکاندا ناگونجیت، بەڵام تورکیاش پێی لەسەر ئەوە داگرت کە بەردەوامبوونی سوریا لەسەر پشتگیریی PKK هەلویستیکە لەگەڵ پرۆتۆکۆلی ناوبراودا ویك نایەتەوە.

سوریا کە بە رەسمی رایدەگەیەنێ دژی ئەوەیە دەولەتی کوردستانی سەربەخۆ دابمەزرێ، لەسەر پشتیوانیکردنی PKK بەردەوامە، لەبەرئەوەی دلنیایە لەوەی تورکیا شتیکی وا بە کوردەکان نادات تا ببیتە سەر مەشقیك بۆ کوردەکانی سوریا. بەرامبەر بەمەش تورکیا دردۆنگە لەوەی ریکەوتنامەی "دابەشکردن"ی ئاوی فورات ئیمزا بکات، تا پرۆژەکانی لە بەرهەمهینانی کارەباو ئاودیریدا نەکەونە بەر هەرەشەو، تا ئەوەش نەبیتە دەسپیکیك لە یاسا دەولیەکاندا، هەروەها لە بەستنەوەی مەسەلەی ئاویشەوە بە مەسەلەی PKK نیگەرانە، ئەمەو جگە لە نیگەرانیی بۆ ئەوەی کە سوریا ئەو بەشەی پرۆتۆکۆلەکەی ١٩٨٧ کە تایبەتە بە باری ئاسایش جێبەجێی نەکردووە.

تورکیا لەبەر دوو هۆی یەکەم هەقی خۆیەتی نیگەران بیت، لە کاتیکا ئیمە بەرامبەر بە بەستنەوەی ئاو بە ئاسایشەوە بەر پرسین. هەلویستی سوریا لە خالی دوایی پەیوەستە بە جیبەجینەکردنی بەلینەکان سەبارەت بە مەسەلەی ئاو.

## ب-چەند پێشنیازێك

له ئامادەکردنی پێشنیازدا بۆ دامەزراندنی پەیوەندی لە نێوان تورکیاو سوریادا لەسەر بناغەیەکی ئیجابی، رەچاوکردنی هەندێ فاکتەری لاوەکی سوودی خۆی هەیە:

١-فاکتەری یەکەم پەیوەندیی بەو بارودۆخەوە هەیە کە لە هەردوو وڵاتەکەدا هەن. ئەگەر لەم روانگەیەوە سەیر بکەین، دەبینین سوریا کە ئیستا لە پاریزگاریی یەکیتی سۆڤیتی پیشوو بیبەشەو، هیشتا متمانەی ئەمریکاو خۆرئاواشی بەدەست نەهیناوە، وڵاتیکە تا رادەیەکی زۆر گۆشەگیرە. لەم دواییەدا دیدارو چاوپیکەوتن لەگەڵ ئەمریکادا دەستی پیکرد.

بۆیە وا دەبینرێ کە پیویستە سوریا لە پەیوەندییەکانیدا لەگەڵ تورکیادا رەفتاری وردتر بیت. بەڵام سەبارەت بە تورکیا، دەبینین کە بارودۆخە جیهانی‌یە گۆڕاوەکان و نەبوونی سەقامگیری لە ناوچەکەداو کاری تیرۆریستی لە باشووری رۆژهەڵات (ئەنادۆڵ)و زەنگی مەترسی لە ئابوورییەکەیدا، وای بەسەردا دەسەپینیت کە پەیوەندییەکانی دۆستانە بێو هاوسییەتی‌ی لەگەڵ تەواوی دراوسیکانیداو، هەروەها لەگەڵ سوریادا باش بیت.

٢-فاکتەری دووەم، پەیوەندیی بە دۆخی ئیستای پەیوەندییەکانی نیوان ئەو دوو وڵاتەوە هەیە. دەشتوانین دۆخی ئیستای پەیوەندییەکانی نیوان ئەو دوو وڵاتە. بەم شیوەیە پوختە بکەین:

- پەیوەندییەکان بەدەوری تەوەری مەسەلەی ئاسایش و مەسەلەی ئاودا دەسووڕینەوە.
- ناکرێ لە پەیوەندییە دەولیەکاندا تیرۆر وەکو هۆیەکی گوشار خستنە سەر بەکاربهینرێ. هەروەها هەرەشەی برینی ئەو ئاوانەی سنوورەکان دەبەزینن یان کەمکردنەوەیان شتیکە لەگەڵ پرنسیپە دەولیەکاندا ناگونجیت.
- سەرباری ئەو ریکەوتنانەی لە سالی ١٩٨٧ەوە سەبارەت ئاسایش و ئاو لە نیوان ئەم دوو وڵاتەدا ئیمزا کراون، لایەنیکیان (کە سوریایە) بەپێی

ئـەو ڕێکەوتنانـە هەلسـوکەوتی نـەکردووە، هـەروەها ئـەوی تریشـیان (واتـە تورکیا) ئینتیباعیکی وای بەدەستەوە داوە کە دەیـەوێ لـە بەلینـەکانی خـۆی بدزێتـەوە. لـە ڕاسـتیدا سـوریا لـە پشـتیوانیکردنی PKK بـەردەوام بـوو، هـەروەها تورکیـاش، ئـەو بەلینـەی نـەبردە سـەر سـەبارەت بـە ئیمزاکردنـی ڕێکەوتنامەیـەك لـە بـارەی ئـاوەوە بـەر لـە کۆتاییـهاتنی سـالی ١٩٩٣. ئـەم دۆخەش زیاتر متمانەی نیوان ئەو دوو لایەنەی نەهیشت.

٣-فاکتـەری سێیەم، پەیوەسـتە بـەو ڕێگایـەوەی لە ئامادەکردنی پیشـنیازەکاندا ڕەچاو دەکرێ.

یەکەم: دەبێ گرنگـی بـەو شتانە بدەیـن کـە ئامـاژە بـۆ ئـەوە دەکـەن کـە نیگـەرانیی سـوریا بەرامبـەر بـە ئیمـە نیگەرانی‌یـەکی نابەجێیـە. هاوکـات لەگـەڵ ئەمەشـدا دەبـێ پەیرەوی لە هیلیکی ڕافزییانە بکەین و، بزانین کە سوریا ئـەو هیـزە پیویسـتەی نی‌یە تا لافەکانی بەرامبەر تورکیا بەدیبهینیت و، ئـەم ڕیگایـە بگرینـە بـەر لـە دروسـتکردنی پەیوەندیدا لەگەلیداو لەسەر بناغەیەکی سروشتی. هەروەها دەبێ ڕێ لەوە بگرین کە فاکتەری بیانی کاریگەری لەسەر ئەو پەیوەندی‌یە بکات و، بـە جۆریك بیت کـە تەنها لەسەر بناغەی بەرژەوەندی هەردوو وڵاتەکە بیت و دوور لە کاریگەریی هیزی دی.

دووەم: نابـێ ڕێکەوتنـەکانمان لەگـەڵ سـوریادا بەتەنـها لـە چوارچیـوەی لایـەنی ئـەمنی‌دا قـەتیس بکـەین. لەبەرئەوەی بەتەنها ئەمـە بـەس نی‌یـە بـۆ چارەسـەرکردنی کیشەکان.

سێیەم: دەبـێ دوور بکەوینـەوە لـەوەی کـە بـە شـیوەیەکی ڕاسـتەوخۆ یـا ناڕاستەوخۆ مەسەلەی ئەمن و ئاو پیکەوە ببەستینەوە.

لە کۆتاییشدا دەبێ هیچ ڕێکەوتنامەیەك یان بەیاننامەیەکی هاوبەش ئیمزا نەکرێ کـە قـابیلی جیبـەجیکردن نی‌یـە. چونکـە ئـەم دۆخـە لـە ئیمزانـەکردنی هیـچ جـۆرە ڕێکەوتنامەیەك خراپترە.

لـە سـای ئـەم بارودۆخـەدا، وا باشـترە گرنگـی بـە ئیمزاکردنـی ڕێکەوتنامەیـەکی سیاسیی گشتگیر بدرێ لەگەڵ سوریاداو، هەولەکانیش بەم ئاراستەیە بەگەر بخرین. ئـەم ڕێکەوتنامەیـە دەبـێ لـە پـاڵ بـەلیندان بـە ڕیزگرتـن و داننـان بـە سـنوورەکانی

ئیستادا، پەرەدان بە پەیوەندییە سیاسیو ئاوی و ئابووری و بازرگانی و رۆشنبیرییەکان دابین بکات و، بایەخ بە چارەسەرکردنی کیشە ئەمنیەکان بدات و، بە متمانەوە تەگبیری پیویست بۆ ناکۆکیەکان لەگەڵ سوریادا بکات بە جۆریك کە چیدی دووبارە نەبنەوەو، کۆمەلیك بنچینە بۆ هاریکاریی هاوبەش لە ئایندەدا مسۆگەر بکەن. بە دەربرینیکی دی ریکەوتنیکی لەمجۆرە لە نیوان تورکیاو سوریادا دەبیّ ببیتە کلیلیك بۆ پەیوەندیی بنیاتنەرو سەقامگیر. جیّی ئومیدیشە کە ئەم تیروانینە لەسای ئەم بارودۆخەی ئیستادا وەلامی بەرژەوەندییەکانی سوریاش بداتەوە.

تایبەتمەندیتیەکی تریش هەیە کە لەم بوارەدا گرنگیی خۆی هەیە، ئەویش هەلبژاردنی ساتە وەختی ئەو ریکەوتنامەیەیە لەگەڵ سوریادا. بە دەربرینیکی تر ئایا پیویستە تورکیا دوای کۆتاییهاتنی پرۆسەی ئاشتی و وتوویژەکانی ئاشتی لە نیوان عەرەب و ئیسرائیل و نزیکبوونەوەی ئەمریکا-سوریا بۆ ئەو ریکەوتنە دەسپیشخەری بکات، یان بەر لەوە؟

بە بروای ئیمە، بەر لە دامەزراندنی بناغەی نزیکبوونەوەی سوریا-ئەمریکا، پیویستە تورکیا ئەوە دیاری بکات کە دەیەویّ چی لە سوریا وەربگریّ و چی بداتیّو، بە زووترین کات و بەوپەری خیرایی هەولبدات لە تەواوی بوارەکاندا پەیوەندییەکانی لەگەڵ سوریادا ئاسایی بکات. ئەگینا کاتیّ مەترسیی ئیسرائیل نەماو، لە پەیوەندییەکانیدا لەگەڵ ئەمریکادا بەشی دیاری کرا، ئەوا ئەوسا داواکاریی لە تورکیا زیاتر دەبیت، ئەمەش ئەگەریکە بەردەوام لە ئارادایە.

## ٥- پەیوەندییەکانی
## تورکیا-ئیسرائیل: لە ڕووی سیاسی و ئابوورییەوە

تورکیا یەکەمین دەولەتی موسلمان بوو کە لە سالی ١٩٤٨دا دانی بە ئیسرائیلدا نا. کەچی لەگەڵ ئەمەشدا پەیوەندییەکانی تورکیا-ئیسرائیل نەگەیشتە ئاستیکی وەها لە رووی هاوئاهەنگی سیاسیو هاریکاریی سەربازی و ئالوگۆڕی بازرگانییەوە کە بتوانین پێی بلیین ئاستیکی باش، یان تەنانەت ئاستیکی ئاسایی. گوشاری رای گشتی ناوخۆ (ی ئیسلامی) و قەیرانی ئابووریو بارودۆخی هەریمی، کۆمەلیك هۆکار بوون کە بوونە مایەی ئەوەی کە تورکیا وەکو هاوپەیمانیکی ئیسرائیل دژ بە عەرەب دەرنەکەوێ. بگرە تورکیا، هەر لە زووەوە، بە تایبەتیش لە دوژمنایەتیکاریەکەی سالی ١٩٦٧وە لە زۆر بۆنەدا هەلویستی لایەنگرانەی لەگەڵ عەرەب و هەلویستی دوژمنانەی دژ بە ئیسرائیل نواندووە. لەو هەلویستانەشی، جگە لە دژایەتیکردنی ئیسرائیل لە داگیرکردنی خاکە داگیرکراوە عەرەبیەکان و قودسی خۆرهەلات، لایەنگیریی لەو بریارەی نەتەوە یەکگرتووەکان کە لە سالی ١٩٧٤دا زایۆنیزمی بە جولانەوەیەکی رەگەز پەرستانە لە قەلەم دا، پاشان دەنگ نەدانی بۆ بریاری هەلوەشاندنەوەی هەمان بریار لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە لە سالی ١٩٩٢دا. هەروەها تورکیا هەر بە راگەیاندنی دەولەتی فەلەستینی لە سالی ١٩٨٨دا یەکسەر دانی پیاناو، لەیەك کاتیشدا لە کۆتاییەکانی سالی ١٩٩١دا ئاستی پەیوەندیی دیپلۆماسیی خۆی گەیاندە پلەی بالیۆز لەهەر یەك لە دەولەتی فەلەستین و دەولەتی ئیسرائیل و، لەمەی دواییاندا ئونور غوکجەی کرد بە بالیۆز.

### دوو هیڵ لە سیاسەتی دەرەوەدا

پاش کودەتای عەسکەریی ١٢ی ئەیلول/ سیپتەمبەری ١٩٨٠ کە حکومەتەکەی سلیمان دیمیریلی رووخاند، لە نیوەندە سیاسی و دیپلۆماسیەکانی تورکیادا دوو هیڵ بەرامبەر سیاسەتی دەولەت لە ئاست ئیسرائیل و عەرەبدا پەیدا بوو: هیلیکیان لەگەڵ پەرەداندا بوو بە هاریکاری لەگەڵ ئیسرائیلدا، هیلەکەی تریشیان لەگەڵ ئەوەدا بوو کە پەیوەندی نەبێ یان گەرهەشبوو بە رادەیەکی زۆر کز بیت.

لەوانەی لەگەڵ هیلی پەرەدان بەو پەیوەندییانەدا بوون؛ رازگری گشتیی ئەوسای وەزارەتی دەرەوە کامەران غورین و، بالیۆز لە واشنتۆن شوکری ئیلیکداغ و، بالیۆز لە نەتەوە یەککگرتووەکان جۆشکون قیرجا (کە لە سالی ١٩٩٥دا بۆ ماوەی دوو مانگ لە پاییزدا پۆستی وەزارەتی دەرەوەی وەرگرت). لە کاتیکا وەزیری دەرەوەی تورکیا لەوسادا ئیلتیر تورکمان لەگەڵ ئەوەدا بوو کە بە تەواوی پەیوەندی لەگەڵ ئیسرائیلدا بپچرینریّ و لەگەڵ عەرەبدا پەیوەندی بەهیز بکریّ.

بۆچوونەکەی وەزیری دەرەوە لەو روانگەیەوە بوو کە پەیوەندی لەگەڵ عەرەبدا دەبیتە هۆی ئەوەی تورکیا بە نرخیکی هەرزان نەوتی پیویستی دەستبکەویت و، زۆربەی هەناردەکانی خۆی بۆ ولاتانی عەرەب بنیریت، ئەمە جگە لەوەی کە لە مەسەلەی قوبرسیشدا هەلویستی عەرەب بەلای خۆیدا رادەکیشیت. هەروەها تورکمان رای وابوو کە رۆلی جوولەکە لە واشنتۆندا بەو جۆرە نییە کە باسدەکریّ و پاشان ئیسرائیلیش بە گەرمی دەروانیتە سیناریۆی دامەزراندنی دەولەتی کوردستانی سەربەخۆ لە خۆرهەلاتی ناوەندا، وەکو ئەمریکا نەخشەی بۆ دەکیشیت.

بەرامبەر بەمەش هیلی پەرەدانی پەیوەندی لەگەڵ ئیسرائیلدا دژ بە دروستکردنی دۆستایەتی نەبوو لەگەڵ ولاتانی عەرەبدا. بەلام ئەوانەی سەر بەم هیلەن لەو بروایەدان کە عەرەب نیازی دۆستایەتییان نییە. ئەوەتانیّ سوریا داوای زەوی دەکات (ئەسکەندەرون) و عیراق و پەرە بە نیازە "دوژمنکارییەکان"ی دەدات.

عەرەبستانی سعودیش ئەو رژیمە عیلمانییەی تورکیای پیّ خۆش نییەو میسریش دەمیکە هەستدەکات لەگەڵ تورکیادا لە کیبەرکیدایە. عەرەبەکان بە شیوەیەکی گشتی ئەو "گریّ"یەیان لاماوە کە بۆ چەند سەدەیەك ملکەچی حوکمی عوسمانیەکان بوون. هەموو ئەم فاکتەرانەش مایەی هەرەشەن بۆسەر ئەمنی تورکی، بۆیە وا پیویست دەکات تورکیا پەیوەندییەکی باشی لەگەڵ ئیسرائیلدا هەبیّ، کە لە روانگەی پیداویستییە جیۆستراتیجیەکانەوە و هەروەها لە روانگەی باشکردنی پەیوەندییەوە لەگەڵ ئەمریکادا پیویستە بۆ روو بە رووبوونەوەی "تیرۆری ئەرمەنی". بەمجۆرە و پاش ١٢ی ئەیلول/ سیپتەمبەری ١٩٨٠ هەلویستەکان ناتەباو ناکۆك بوون.

وەزیری دەرەوە ئیلتید تورکمان مەسەلەکەی خۆی گەیاندە سەرۆکی دەوڵەت و سوپا کەنعان ئیڤرین و، ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی کە هەر چوار سەرکردەی هێزەکانی تیایە. لە یەکەم کۆبوونەوەی ئەنجومەنیشدا تورکمان مەسەلەی پچڕاندنی تەواوی پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئیسرائیلدا خستە روو، بەڵام داواکەی بە کۆی پێنج دەنگ رەت کرایەوە. بەڵام دواتر تورکمان کاریگەریی کردە سەر ئیڤرین و توانیی پلەی نوێنەرایەتیی دیپلۆماسی لەگەڵ ئیسرائیلدا دابەزێنێ بۆ ئاستی سکرتێری دووەم. بە تەنها رازگری ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی حەیدەر سالتیك دژی ئەم بڕیارە وەستایەوە. رازگری دەرەوەش غورین راستەوخۆ دوای ئەوە دەستی لە کارکیشایەوە.

بەمجۆرە دەتوانین بڵێین کە لە ساڵانی هەشتاکاندا، سەرباری سەردانی نهێنیی ئارییل شارون بۆ ئەستەمووڵ لە هاوینی ١٩٨٦دا، پەیوەندییەکانی تورکیا-ئیسرائیل سست و مردوو بوو.

لەگەڵ کۆتایی جەنگی ساردو هەرەسی سۆڤیتداو، لەگەڵ دانپیانانی یاسر عەرەفات لە ساڵی ١٩٨٨دا بە ئیسرائیلداو، لەگەڵ دەسپێکردنی دووەم جەنگی کەنداوو، دەسپێکردنەوەی وتووێژی ئاشتیی عەرەب-ئیسرائیل لە مەدرید لە هاوینی ١٩٩١دا ریکەوتنی ئۆسلۆ لە ساڵی ١٩٩٣دا، هەلو مەرج لە باربوو بۆ جووڵاندنی پەیوەندیی نیوان ئەنقەرەو تەلئەبیب. تورکیاش سیاسەتێکی هاوسەنگی لەگەڵ عەرەب و ئیسرائیلدا گرتە بەر، بە جۆرێك کە نەیدەویست وا خۆی پیشانبدات کە حەز بە پتەوکردنی پەیوەندی لەگەڵ ئیسرائیلدا دەکات، بەلکو ئەو پەیوەندییە بە شێوەیەکی تەریب لەگەڵ نزیکبوونەوەی عەرەب-ئیسرائیل دەرۆیشت. بەو شێوەیە تورکیا لە پێشەوەی ئەوانە بوو کە دانیان بە دەوڵەتی "فەلەستین"دا نا.. کاتێ لە ساڵی ١٩٨٨دا راگەیەنرا، پاشانیش ئاستی پەیوەندیی دیپلۆماسیی خۆی دوای ریکەوتنی ئۆسلۆ، لەگەڵ فەلەستین و ئیسرائیلدا گەیاندە پلەی باڵیۆز.

## PKKو ئاو

ئەوەی کە هەندێ نیوەند هان دەدا بۆ پتەوکردنی پەیوەندی لەگەڵ ئیسرائیلدا؛ بەردەوام لە بەرژەوەندیی ستراتیجیی هاوبەشەوە سەرچاوە ناگرێ، بەلکو وەکو

هەوڵ و تەقەللایەکە بۆ دۆزینەوەی  چارەسەری هەندێ کیشەی بەردەوام و ئالۆز کە هەرەشە لە چارەنووسی تورکیا دەکەن، لە سەروو هەمووشیانەوە  کیشەی کوردو، بە تایبەتیش چالاکیە چەکدارانەکانی پارتی کریکارانی کوردستان PKK .

ئەو سەردانەی بریار بوو وەزیری دەرەوەی تورکیا حیکمەت چەتین لە کۆتاییەکانی تەمموز/ یۆلیۆی ۱۹۹۳دا بیکات بۆ ئیسرائیل و، بە هۆی هیرشی ئیسرائیلەوە بۆ باشووری لوبنان نەکرا، بۆ ئەوە بوو کە بە وردی تیایدا باس لە توانای هاریکاریی ئیسرائیل بۆ تورکیا بکرێ لە شەریدا دژ بە PKK. واش پیشبینی دەکرا کە هەریەك لە سەرۆك وەزیرانی ئیسرائیل (ئەوسا) ئیسحاق رابین و وەزیری دەرەوە شەمعون پیریز کۆمەلیك  زانیاریی گرنگیان بدایە بە چەتین، ئەمەش بەپیّ‌ی قسەی بەرپرسیك لە وەزارەتی دەرەوەی ئیسرائیلدا.

لە سەرەتاکانی ئاب/ ئۆگستۆس (۸ تا۱۱) ی ۱۹۹۳شدا سەرکردەی هیزی ئاسمانی‌ی ئیسرائیل هزری بۆدینگەر سەردانیکی نهینی (کە رۆژیك بەر لە تەواوبوونی ئاشکرا بوو)ی ئەنقەرەی کردو تیایدا وەزیری بەرگریی تورکیا نەڤزات ئیازو سەرۆکی ئەرکانی سوپا دۆغان غۆریش و خاوەن داوەتنامەکەش کە سەرکردەی هیزی ئاسمانی‌ی تورکیایە (خالس بورهان) ی بینی. هەندێ نیوەندی دیپلۆماسیش رایانگەیاند کە سەردانەکە سەبارەت بە توانای هاریکاریی هاوبەش بووە دژ بە  پارتی کریکارانی کوردستان PKK و، ئەو سەرکردە ئیسرائیلیەش کۆمەلیك زانیاریی داوە بە تورکیا لە مەر بنکەکانی PKKەوە لە دەشتی بیقاعی لوبنانی.هاوکات لەگەڵ ئەمەشدا هەندێ واتە واتی رۆژنامەوانی لە تورکیادا بلاّوبوونەوە سەبارەت بە ئامادەکردنی پلان و نەخشە کیشان بۆ کوشتنی  سەرۆکی PKK عەبدوللاّ ئوجەلان، بەو شیوەیەی کە پیشتر ئیسرائیل بەرامبەر هەندێ سەرکردەی  فەلەستینی لە لوبنان و تونس ئەنجامیداوە.

پرۆفیسۆر دۆغو ئارغیلیش کە مامۆستای زانستە سیاسیەکانە لە روانگەیەکی سیاسیەوە باس لە گرنگیی هاریکاری لە نیوان تورکیا و ئیسرائیلدا دەکات، بەوەی دەلیت ئیسرائیل هاوپەیمانیکی  سروشتی‌ی تورکیایە، لەبەرئەوەی نەیارانی تورکیا لە هەمانکاتدا نەیارانی ئیسرائیلیشن. هەروەها ئارغیل ترسی لەوە هەیە ئاشتی‌ی عەرەب–ئیسرائیل رەنگدانەوەیەکی  سەلبی‌ی لەسەر پیگەی تورکیا هەبێ، ئەو کات

توركیا لە بری ئیسرائیل دەبێ بە یەكە دوژمنی عەرەب. هۆی ئەمەش دەگەڕێنیتەوە بۆ كیشەی ئاو لەگەڵ سوریاو عیراقدا، لەبەرئەوەی توركیا –بەرای ئەو– جلەوی شتەكانی بە دەستەوەیە، چونكە سەرچاوەكانی ئاو لای ئەوە.

**بەرژەوەندییە بازرگانیەكان**

بەڵام زۆربەی توركە لایەنگرەكانی هاوكاری لەگەڵ ئیسرائیلدا لە گۆشە نیگای بەرژەوەندییە ئابوورییەكانی توركیاوە پێ لەسەر گرنگیی ئەو پەیوەندییە دادەگرن.

دكتۆر حەسەن قونیش، كە لە پەیوەندییە دەولیەكاندا پسپۆڕە، داوای ئەوە دەكات توركیا سوود لە پیگەی گرنگی جوولەكە لە بازرگانیی جیهانیدا وەربگرێو، دەلیت:

"ئەو پشتینە ئەمنیيە دەرەكیەی غۆریۆن باسی لی كردووە ئەمەیە. دەشێ عەرەب دوژمن بن. بەڵام نابێ موسلمانە غەیرە عەرەبەكان بكرین بە دوژمن. لە پیشەوەی هەمووشیانەوە توركەكان. توركیاش وەكو دەولەتیكی خۆرئاوایی و دیموكرات و عیلمانی، لە سەریكەوە تیپەرگەیەكی گرنگە بۆ ئیسرائیل و كۆمەلە جووە وەبەرهینەرەكانی دی بۆ كاری وەبەرهینان لە ئاسیای ناوەندو شوینی تردا، لە سەریكی تریشەوە دەتوانرێ بە دلنیاییەوە سەرمایەی تیا بخریتە گەر. ئەگەر توركیاش هاوكاری لەگەڵ ئیسرائیلدا بكات، ئەوە دەبیتە مایەی متمانەی زیاتری بازارە دەولیەكانی دراو".

بە بۆچوونی قونیش ناوچەی خۆرهەلاتی ناوەند لەبەردەم گەشەسەندنی ئابووریدایە. ئابووریی ئیسرائیلیش كە ژمارەی دانیشتووانی ٣,٥ ملیۆن كەسە بایەخیكی ئەوتۆی نییە. بەڵام توركیا، بە حوكمی دۆستایەتیی لەگەڵ ئیسرائیلدا لە توانایدا دەبێ بچیتە ناو دەزگا داراییەكان و نیوەندە جیهانیەكانی بازارەوە. لوبیی جوولەكەش لە ئەمریكادا دەتوانێ سوودی گەورە بۆ توركیا بەدەستبهینێ و كاریگەریی بۆسەر وینەی توركیا هەبێ لەبەردەم رای گشتیی ئەمریكادا. بەرامبەر بەمەش ئیسرائیل نایەوێ كۆمارەكانی ئاسیای ناوەند بكاتەوە بە دوژمنی خۆیو، تاقە وڵاتیش كە بكرێ ببیتە نیوەندیك لە نیوان ئیسرائیل و ئەو كۆمارانەدا توركیایە.

ئەم رایەش پیچەوانەی هەلویستی جیگری كۆنسۆلی ئیسرائیلی لە ئەستەمووڵ "ئوری غ. غات"ە، ئەو دەلیت كە حكومەتی ئیسرائیل نەخشە بۆ دامەزراندنی

هاوبەشیتی‌یەك دەكیشیت لەگەڵ توركیادا و بۆ مەبەستی وەبەرهینان لە ئاسیای ناوەندا، ئەو كاتە ئیسرائیلیەكان لە ڕێی خاوەنكارە توركەكانەوە ریگایەكی ئاسانتر بۆ كۆمارە توركەكان دابیندەكات.

یالیم ئیریزیش، كە سەرۆكی ئەنجومەنی كاری توركی-ئیسرائیلی‌یەو، یەكیكە لە كەسە زۆر نزیكەكان لە سەرۆكی پیشووی حكومەتەوە تانسۆ چیللەر، ئاماژە بۆ ئەوە دەكات كە ئیسرائیل دەتوانێ لە چارەسەركردنی كیشە داراییە دریژخایەنەكانی توركیادا بەشداری بكات، ئەویش بەوەی توركیا لە ڕێی ئیسرائیلەوە (بەو سیفەتەی لە ریكەوتنی بازرگانیی ئازاددا لەگەڵ ئەمریكاو ئەوروپادا ئەندامە) بەرهەمەكانی خۆی بفرۆشیت، چونكە ئیسرائیل بەبێ گومرگ كردنی ئەو بەرهەمانە دەیانفرۆشیت. ئەمەش ئەو كارەیە كە ئیسرائیل لەگەڵ هیندستاندا كردی، كاتێ بووە نیوەندیك بۆ فرۆشتنی بەرهەمەكانی هیندستان لە بازارەكانی ولاتانی ریكەوتنی بازرگانیی ئازاددا.

هەر بۆ ئەم مەبەستەش هیندستان لە ئیسرائیلدا كۆمەلیك كارگەی دروستكردووە.

## ئەنجومەنی كاری توركی-ئیسرائیلی

یەكیك لە هۆیە سەرەكیەكانی كزیی پەیوەندییە بازرگانیەكان لە نیوان توركیا و ئیسرائیلدا و دابەزینی ئاستی هەر لەو دەمەوە كە توركیا لە سالی ١٩٤٨ەوە دانی پیاناوە، ئەو زیانەیە كە بە كۆمپانیاكانی توركیا دەگات گەر مامەلە لەگەڵ ئیسرائیلدا بكەن، ئەمەش لە حالەتیكدا ئەگەر ناویان بچیتە لیستی رەشی نووسینگەی دابرانی عەرەبەوە.

بەلام هەروەكو باسمانكرد، گۆرانكاری‌یە سیاسیەكانی جیهان و ناوچەكەو، پاشەكشەی پیگەكانی عەرەب لە رووی سیاسی و داراییەوە، بە تایبەتیش پاش دووەم جەنگی كەنداو، هەروەها دەسپیكردنی دانوستانی ئاشتی‌ی عەرەب-ئیسرائیل، هەموو ئەمانە ئەو هاوكیشانەیان گۆری. نیشانەیەكی سەرەتاییش بۆ ئەوە سەردانی یەكەمی سەرۆكیكی ئیسرائیلی و پەیوەندییەكی ئاستبەرز لە نیوان بەرپرسانی هەردوو ولاتدا هەر لە دامەزراندنی ئیسرائیلەوە لە تەمموز/ یۆلیۆی ١٩٩٢دا. دوای سەردانی سەرۆكی ئیسرائیلی حاییم هرتزۆگ بۆ ئەستەمووڵ،

سەردانی وەزیری گەشتوگوزاری تورکیا (عەبدولقادر ئاتەش)ی بەسەردا هات بۆ ئیسرائیل و، پاشتریش سەردانی وەزیری گەشتوگوزاری ئیسرائیلی (عوزی بارام) بۆ تورکیاو، ئینجا ناوبەناو لە ئاستیکی بالاّدا سەردانی نیوانیان ئالوگۆڕ دەکرا.

ئەم پەیوەندییانەش تەریب بوون لەگەڵ یەکەم دەرکەوتنی ئاشکرای فراوانی جوولەکەکانی تورکیا لە ڕێی "مەلبەندی پینجسەدەمین ساڵ"ەوە کە لە سالی ١٩٩٢دا لە یادی تیپەرینی ٥٠٠ ساڵ بەسەر هاتنی جوولەکە راکردووەکانی ئیسپانیاوە بۆ دەولەتی عوسمانی دامەزرا. ئەم مەلبەندەش بە ئەلقەی گریدانی تورکیا بە جوولەکەکانی جیهان و ئیسرائیلەوە دەژمیردرێ. ئەم مەلبەندە لای لوبی‌ی جوولەکەی ئەمریکا هەولی زۆری داوە بۆ پەرەدان بە پەیوەندییەکانی نیوان ئەنقەرەو تەلئەبیب. ئەوەبوو سەرۆکی ئەم مەلبەندە (جاك قەمحی) کە خاوەنکاریکی ناسراوی جوولەکەیە، لە کۆتاییەکانی ك٢/ ینایەری سالی ١٩٩٣دا لە ئەستەموول خەریکبوو بکوژرێ.

دامەزراندنی "ئەنجومەنی کاری تورکی–ئیسرائیلی" بووە ویستگەیەکی گرنگ بۆ پەیوەندییەکانی تورکیا–ئیسرائیل، ریکەوتنامەی ئەم ئەنجومەنەش سەرۆکی یەکیتی‌ی ژوورەکانی بازرگانی و بۆرسەکانی تورکیا (TOBB) کە ناوی (یالیم ئیدیز)ە لەگەڵ سەرۆکی پەیمانگای هەناردەکانی ئیسرائیل عوزی نیتانیل ئیمزایان کرد. ئەوەش دوای ئەوەی یەکەمیان کە نوینەری کۆمپانیای "ئەنادۆڵ"ە سەردانی ئیسرائیلی کردو لەگەڵ خۆیدا چەند خاوەنکاریکی گەورەی تورکیای برد، بە دوای ئەویشدا سەردانی چەند خاوەنکاریکی ئیسرائیلی هات بۆ تورکیا، کە لەوێ بالیۆزی ئیسرائیل لە ئەنقەرە (ئۆری جۆردان) هاورییەتی‌ی کردن.

یالیم ئیدیز ئومیدیکی زۆری بەم ئەنجومەنی کاری دوو قۆلیە هەیە بۆ پەرەدان بە هاریکاریی نیوان ئەو دوو وڵاتە. بگرە ئەو دوورتر دەروات و لەو بروایەدایە کە بوونی ئەم ئەنجومەنە ئەگەری بەدیهینانی ئاشتی لە خۆرهەلاّتی ناوەندا زیاتر دەکات.

لە راستیدا لەم سالاّنەی دواییدا هاریکاریی ئابووری لە نیوان ئیسرائیل و تورکیادا لەم سێ بوارەدا گیرسایەوە: ئالوگۆڕی بازرگانی، گەشتوگوزارو، کشتوکاڵ.

### بازرگانی و بەلیندەرایەتی

لـە ئیسـرائیلدا و بـە تایبـەتیش پـاش کۆچـی جوولەکـەکانی سـۆڤیت، کۆمـەلیك کۆمپانیای بەلیندەرایەتی‌ی تورکی دەستیانکرد بە بیناکردنی خانووی بە کۆمەڵ بۆ هاوولاتی‌یە تازەکان. هەلسورینەری کاروباری ئیسرائیلیش لە ئەنقەرە ییغال لیڤی (لە سالی ۱۹۹۱دا) ئەو "وەبەرهینانە بچووکانە"ی تورکیا لە ئیسرائیل بە کەم نازانیێ، وەکو کەبابخانەو یانەی شەوانەی تورکی و دەلیت کـە ئـەوە "لایـەنیکی کارەکەیـە. بەشیکی ئابووری‌یە". بە تایبەتیش لەبەرئەوەی لە ئیسرائیلدا ۸۰هەزار ئیسرائیلی‌ی بە نەژاد تورك هەیە. ئەمانەش هەرگیز پەیوەندیی خۆیان بە تورکیاوە نەپچریوە، بەلکو پردیك بوون بۆ پتەوکردنی پەیوەندیی ئابووریی نیوان ئەو دوو ولاتە. بەسەرکەوتووییشەوە لەگەڵ ئەو جوولەکە تورکانەدا مامەلە دەکەن کە بەشیکی سەرەکییان لە ئابووریی تورکیا پیکهیناوە و کاریگەرییەکی گرنگیشیان لەسەری هەیە. ئەمەش لە ریێ‌ی کۆمەلیك کۆمپانیای زەبەلاحی وەکو: کۆمپانیای "پرۆفیلۆ" کە خاوەنەکەی جاك قەمحی‌یە، هەروەها کۆمپانیای ئالارکۆ (ی ئیسحاق ئالاتون و عەزیز قارح) و وەکالەتمان (ی ئیلی عەجیمان) و دەزووی ئاقسۆ (ی بن کۆهین) و "هینکل"ی تورکی (ی ئەلبیر بیلین)و فیرماشارپ (ی جاك عەمبەر)و زۆری دی.

لە ئیسرائیل هەندیێ کەمکردنەوە (مناقصە)ی جیهانی ئەنجامدران و کۆمەلیك کۆمپانیای تورکی تیایدا بەشداربوون و هەندیکیان بردەوە. بەلام ناوی ئەم کۆمپانیایانە هیشتا نەزانراون لەبەرئەوەی بەرپرسانیان نایانەویێ ناسنامەی خۆیان ئاشکرا بکەن، لە ترسی ئەوەی نەك ئەوە کار لە پرۆژەکانی تریان بکات کە لە هەندیێ شوینی تری خۆرهەلاتی ناوەندا ئەنجامی دەدەن، ژمارەی کریکارانی تورکیش لە ئیسرائیل بە ۳ هەزار کریکار دەخەملینریێ.

بەرامبەر بەمەش، ژمارەی ئەو کۆمپانیا ئیسرائیلیانەی لە تورکیادان لە زۆربووندان، لە سەرەتای سالی ۱۹۹۱دا ببوون بە نزیکەی ۱۱ کۆمپانیا (بروانە خشتەکە) بۆ یەکەمجاریش، کۆمپانیایەکی ئیسرائیلی لە کەمکردنەوەیەکدا دەیباتەوە کە پەیوەستە بە پیشەسازیی جەنگەوە لە تورکیادا.

ئەم کەمکردنەوەیە لە پاییزی ١٩٩٢ەوەو بە بیانووی کۆسپی یاساییەوە سێجار رەتکرابۆوە. لە کەمکردنەوەی چوارەمدا کۆمپانیای Interglobalی ئیسرائیلی بە شیوەیەکی چاوەڕواننەکراو عەرز (عـرض)یکی بە بری یەك ملیۆن دۆلار خستە روو، کە ٦٠٠ هەزار دۆلار کەمتر بوو لە نزیکترین ژمارەی کۆمپانیاکانی دی، لە کاتیکا کۆمپانیا ئیسرائیلیی‌یە کە لە کەمکردنەوەی سێیەمدا بەشداریی کردبوو و شکستی هینابوو.

لەگەڵ ئەوەشدا لە سالی ١٩٩٢دا قەوارەی ئالوگۆری بازرگانی لە نیوان تورکیاو ئیسرائیلدا و بەپێی ئامارە رەسمیەکان لە چل ملیۆن دۆلار تینەپەری. کەچی ئامارەکانی چارەکی یەکەمی ئەمساڵ ئامـاژە بـۆ زیـاد بوونیکی زۆری قەوارەی ئالوگۆری بازرگانی دەکەن و گەیشتە نزیکەی ٣٧ ملیۆن دۆلار، واتە نزیکەی قەوارەی تەواوی سالی پار.

بەڵام لە بواری پیشەسازیدا، بەپێی ئەو زانیارییانەی ناوبەناو دزە دەکەن باس لە لایەنی جەنگی دەکەن، باس لەوە کراوە کە سوپای تورکیا گریبەست (عقد)ی لە بواری ئەلکترۆنیاتدا لەگەڵ هەندێ کۆمپانیای ئیسرائیلیدا کردووە بە مەبەستی بەدەستهینانی سیستمی ئاژیرو پەیوەندیکردنی پیشکەوتووەوە بۆ سوپای تورکیا. هەروەها بە گویرەی هەندێ زانیاری، یەکیك لە ئامانجەکانی سەردانی سەرکردەی سوپای ئیسرائیل بۆ تورکیا لە مانگی ئاب/ ئۆگستۆسی ١٩٩٣دا باسکردنی هاریکاریی پیشەسازی جەنگی بووەو لەسەرووشیانەوە پیشەسازییە ئاسمانیەکان.

## کەرتی گەشتوگوزار

کەرتی گەشتوگوزار، بە دیارترین بواری هاوکاری لە نیوان تورکیا و ئیسرائیلدا دادەنرێ. ئەم کەرتە ویستگەیەکی گرنگی بەخۆیەوە دی کە ئەویش بریتی بوو لە ئیمزاکردنی ریکەوتنامەی هاوکاریی گەشتوگوزاریانە لە نیوان ئەو دوو وڵاتەدا، کاتێ وەزیری گەشتوگوزاری ئیسرائیل لە تەمموز/ یۆلیۆی ١٩٩٢دا سەردانی تورکیای کرد.

ئەو جوولەکانەی لە تورکیاش دەژین رۆلیکی هاندەرو چالاك لە خستنە رووی وینەیەکی جوانی تورکیادا بۆ رای گشتی‌ی ئیسرائیلی دەبینن. تەنانەت تەلەفزیۆنەکانیش سێ کەنالیان بۆ کەنالە تەلەفزیۆنیەکانی تورکیا تەرخانکردووە.

بەرای وەزیری گەشتوگوزاری توركیاش عەبدولقادر ئاتەش، گەشتوگوزار یەكێكە لە ریگاكانی ئاشتییەكی بنیاتنەر. لە كاتیكا وەزیری گەشتوگوزاری ئیسرائیلی عوزی بارام بە سەردانی بۆ توركیا هەولدەدات گەشتیارە ئیسرائیلیەكان هانبدات بۆ توركیا بچن، هەروەها هانی "گەشتوگوزاری ئیسلامی" بدات بۆ ئیسرائیل، واتە گەشتیارانی ولاتی تری ئیسلامی.

ژمارەی ئەو گەشتیارە ئیسرائیلیانەش كە سالانە بۆ توركیا دەچن لە ١٦٠ تا ٢٠٠ هەزار كەسن. لە كاتیكا لە ٥-٦ هەزار گەشتیار زیاتر سالانە ڕووناكەنە ئیسرائیل. ئەمەش كەلەبەریكی گەورەیە لە هاوسەنگیی نیوان گەشتیارانی ئەو دوو ولاتەدا.

گەشتیارەكان پارەیەكی زۆر خەرج دەكەن، كە لە سالی ١٩٩٠دا بە نزیكەی ٢٥٠ ملیۆن دۆلار خەملینراوە. بەپێی هەندێ تۆژینەوەش كە لە توركیادا ئەنجامدراون گەشتیارە ئیسرائیلیەكان بە پلەی سێیەم دین لە نیوان گەشتیارە بیانیەكاندا بۆ توركیا، لە رووی زۆریی خەرجییەوە. بالیۆزی ئیسرائیل لە ئەنقەرە (ئۆری گۆردون) دەلیت "كە دەگەرینەوە جزدانەكانیان خالین، بەلام جانتاكانیان پرن لە شتومەكی كڕراو".

پروپاگەندەی ئیسرائیلیش بۆ هاندانی گەشتیارە توركەكان جەخت لەسەر خالە هاوبەشەكانی نیوان ئەو دوو ولاتەدا دەكات، بە تایبەتیش: دیموكراسی.

ئۆری گۆردون دەلیت: "لە هەردوو ولاتدا رژیمیكی دیموكرات هەیە. ئەگەر ئەمە تاقە خالی هاوبەشی ئەم دوو ولاتەش بیت؛ بەسە بۆ ئەوەی هاوكارییەكی باش لە نیوانیاندا هەبێ". جیگری كۆنسۆلی ئیسرائیلیش لە ئەستەمووڵ ئۆری گات دەلیت كە دەبێ توركەكان بزانن كە هەموو میژووی ئیسرائیل بە عوسمانیەكان و توركەوە پەیوەستە.

### كشتوكاڵ و هەریمی GAP

پیدەچێ یەكیك لە گرنگترین بوارەكانی هاریكاری لە نیوان توركیا و ئیسرائیلدا كەرتی كشتوكاڵ بیت، بە تایبەتیش لەو ناوچەیەدا كە پرۆژەی گەشەپیدانی باشووری خۆرهەلاتی ئەنادۆڵ "گاپ" GAP دەیگریتەوە.

هەندێ كەس لە توركیادا سیاسەتی ئیسرائیلیان لە كشتوكالدا پێ سەیرە كە پشت بەمانە دەبەستێ: كەمترین زەوی، كەمترین ئاو، زۆرترین بەرهەم.

سەرۆکی ئەنجومەنی کاری تورکی-ئیسرائیلی (یالیم ئیدین) لە سالی ١٩٩٢دا سەردانیکی ئیسرائیلی کردو دوای گەرانەوەی راپۆرتیکی سەبارەت تەکنۆلۆجیای ئیسرائیلی‌ی پیشکەوتووی بەکارهینراو لە بواری کشتوکالدا، پیشکەش بە وەزیری دەولەتی بەرپرس لە کاروباری "گاپ" عومەر بارۆدچۆ کرد. بایەخیکی زۆریشی پیّدا. بگرە وەزیر فەرمانەکانی خۆی لە بارەی هەندیّ مەسەلەوە دا بە سەرۆکی یەکەی "گاپ".

بریاریش بوو وەزیرو سەرۆکی یەکەی "گاپ" سەردانی ئیسرائیل بکەن، بەلاّم مەرگی ئۆزال و گۆرانکارییە سیاسیەکانی دواتری رییان لەو سەردانە گرت.

ئیریز پیشنیازی پراکتیزەی تەکنۆلۆجیای پیشکەوتووی کشتوکالی ئیسرائیل دەکات لە ناوچەی "گاپ"ی باشووری خۆرهەلاّتی ئەنادۆلداو بە تایبەتیش لەلایەن هەندیّ کۆمپانیای جیهانی‌ی کشتوکالی‌ی ناسراوی ئیسرائیلەوە، وەکو:

Cargill, Continental, Philip Brother, Mark Rich

یەکەمین نیشانەکانی ئەم هاریکارییەش کە تیایدا "گاپ" شوینیکی شایستە داگیر دەکات، بانگهیشتکردنی بیست خاوەنکاری ئیسرائیلی بوو بۆ سەردانی ناوچەی غازی عەنتاب، کە یەکیکە لەو ناوچانەی پرۆژەی "گاپ" لە باشووری خۆرهەلاّتی تورکیادا دەیگریتەوە، وەفدەکەش بە دەنگ بانگهیشتکردنەوەکەوە چوون.

مەسعود ئۆزچال کە سکرتیری گشتی‌ی ژووری بازرگانی‌یە لە غازی عەنتاب و ئەو دەسپیشخەر بوو لە بانگهیشتکردنی ئەو خاوەنکارانەدا دەلیت ئەو کۆبوونەوانەی لەگەلّ ئیسرائیلیەکاندا بەستران جەختیان لەسەر پیشنیازی وەبەرهینانی هاوبەش و هاریکاری بۆ سیستمی تۆوچاندن و ئاودیری و رووپیوی بە کۆمپیوتەرو خزمەتە ئەندازەییەکان و شتی لەو بابەتە کرد.

ئۆزچال دەلیت ئیسرائیلیەکان لەو شتانەدا کراوە بوون کە پەیوەندییان بە "گاپ"ەوە هەبوو. پیشنیازی ئەنجامدانی وەبەرهینانیشیان دەکرد لە بواری ئەو پیشەسازییانەدا کە پشت بە کشتوکالّ دەبەستن. هەروەها دەیانەویّ لە هەندیّ بواری خزمەتگوزاریی گەورەی تردا هاوکاری بکەن، وەکو ژینگەو ژیرخان و کەنالە ئاوییەکان.

وەفدەکە لە کاتی سەردانەکەیاندا لە باری ئابووریی (غازی عەنتاب)یان کۆلییەوە. ئۆزچالیش چاوەرێیە لەلایەن ئیسرائیلەوە داوای وەبەرهینان بکرێ.

هەلبەت هاوکاریی کشتوکالی لە نیوان ئەم دوو ولاتەدا تەنها ناوچەی "گاپ" ناگریتەوە، بەلکو ئیسرائیل لەسەر زمانی کۆنسۆلیەوە لە ئەستەموول پیشنیازی هاوکاری لە تەواوی پرۆژەکانی تورکیادا دەکات.

*　　*　　*

ئیسرائیل بە پارەی جوولەکەو تەکنۆلۆجیای پیشکەوتووەوە دەتوانێ لە تورکیادا وەبەرهینانی گەورە ئەنجامبدات. لەگەڵ ئەمەشدا هاوکاری لە هەموو بوارەکاندا لە نیوان تورکیاو ئیسرائیلدا بەو قەوارە گەورەیە نی‌یە کە دەزگاکانی راگەیاندن دەیخەنە روو. بەلام داننانی ریکخراوی ئازادیخوازی فەلەستین بە ئیسرائیلدا و ئیمزا کردنی ریکەوتنامەی ئۆسلۆو، هەروەها پەیماننامەی ئاشتیی ئوردن-ئیسرائیل، گەلی کۆسپی گرنگ لەناو دەبەن لە رێی پەرەدان بە هاوکاریی نیوان تورکیا و ئیسرائیلدا، بە تایبەتیش لە بواری ئابووریدا. ئەم پەرەدانەش خۆی لە خۆیدا روو بە رووبوونەوەی جیددی بۆ خاوەنکارو سیاسەتمەدارە عەرەبەکان دروست دەکات و، هەروەها بۆ دەستکردن بە وەبەرهینانی هاوبەش لە تەواوی بوارە کشتوکالیو پیشەسازی و بازرگانیەکاندا. چونکە ململانێ لە نیوان عەرەب و ئیسرائیلدا لە قۆناغی ئاشتیدا لە رووی درندایەتی و توندو تیژییەوە هیچی لە ململانێی رۆژانی جەنگ کەمتر نی‌یە.

**تەرازووی بازرگانی لە نیوان تورکیاو ئیسرائیل**

**١٩٩٢-١٩٩٣**

**(بە هەزاران دۆلار)**

| ١٩٩٢ | | ١٩٩٣ | |
|---|---|---|---|
| هەناردەکانی تورکیا بۆ ئیسرائیل ٢٠,٧٨٨ | شتومەکە هاتووەکان لە ئیسرائیلەوە بۆ تورکیا ٢١,٦٦٤ | هەناردەکانی تورکیا بۆ ئیسرائیل ٢٢,١٦٢ | شتومەکە هاتووەکان لە ئیسرائیلەوە بۆ تورکیا ١٥,١٥٩ |

سەرچاوە :EK .Trend ١٨-٢٥ تەمموز ١٩٩٣.

## کۆمپانیا ئیسرائیلییەکان لە تورکیادا سالی ١٩٩١

| ناوی کۆمپانیا | بواری کار | سالی دەست بەکارکردنی لە تورکیادا |
|---|---|---|
| کۆمپانیای مەرمەری پۆلۆ | کانزا | ١٩٨٤ |
| کۆمپانیای چنینی ئینتیر | بازرگانی | ١٩٨٥ |
| کۆمپانیای مناحیم مۆری | بازرگانی | ١٩٨٨ |
| کۆمپانیای سیلی بۆ پلاستیك | بازرگانی | ١٩٨٨ |
| کۆمپانیای تیکسکۆن بۆ بازرگانیی چنین | بازرگانی | ١٩٨٧ |
| کۆمپانیای یارۆنی بۆ بازرگانیی دەرەوە | بازرگانی | ١٩٨٦ |
| کۆمپانیای بیکۆ بۆ دروستکردنی پیلاو | بەرهەمهینان | ١٩٨٨ |
| کۆمپانیایئەسکۆزا بۆ دروستکردنی ئەلماس | بەرهەمهینان | ١٩٩٠ |
| کۆمپانیای مۆتیبلاست بۆ بازرگانیی دەرەوە | بازرگانی | ١٩٨٨ |
| کۆمپانیای سیمار بۆ بازرگانیی دەرەوە | بازرگانی | ١٩٨٨ |
| کۆمپانیای عال بۆ هیلی ئاسمانی | بازرگانی | ١٩٨٦ |

شوناس لە چەند هەلبژاردنیکیدا

## كۆمپانیا ئیسرائیلییەكان چی لە توركیا وەردەگرن

### توركیا چی لە ئیسرائیل وەردەگریّ

**١٩٩٢-١٩٩٣ ( تا كۆتایی ئادار )**

### توركیا چی بە ئیسرائیل دەفرۆشیت

**١٩٩٢-١٩٩٣ (  تا كۆتایی ئادار )**

# ٦-پەیوەندییەکانی
# تورکیا-ئیسرائیل: ریکەوتن و ناکۆکی

لە ریفراندۆمیکدا کە بەر لە ساڵ و نیویک لە شاری ئەستەمووڵ ئەنجامدرا، ئەرمینیا بە ریژەی ٩٠٪ و، یۆنان و قوبرسی یۆنانی ٨٩٪، لە سەروو لیستی ئەو وڵاتانەوە بوون کە تورکەکان خۆشیان ناوین، پلەی چوارەم، کە ئەمە شتیکی سەیریش نی‌یە ئیسرائیل بوو بە ریژەی ٨١٪.

پاش حەفتا سالی ریك لە دامەزراندنی یەکەم کۆماری عیلمانی لە دەولەتیکی موسلماندا، هەستی ئیسلامی حالەتیکی بەهیزی وەهای خولقاندووە کە بەسەر سروشتی گەلی تورکدا زالبووە، بە تایبەتیش لەو مەسەلانەدا کە رەگیکی دینی و میژووییان هەیە، هەروەکو ئەمە لە پەیوەندی‌یە بەردەوام گرژەکانی تورك لەگەڵ هەریەك لە ئەرمەنیەکان و یۆنانی و جوولەکەدا دەیبینینەوە.

ئەگەرچی تورکیا یەکەم دەولەتی موسلمانیش بوو کە لە سالی ١٩٤٩دا دانی بە ئیسرائیلدا نا؛ کەچی ئەوەی بەدی کراوە ئەوەیە کە پەیوەندیی نیوان ئەم دوو وڵاتە بە شیوەیەك نەبووە بەردەوام لەبەرەو پیشچووندا بووبیت. ئەگەر سالأنی پەنجاکان و سەرەتای شەستەکانی لیدەرکەین، هەروەها هەلویستی سەلبی‌ی بەرامبەر سوریا لە نەتەوە یەکگرتووەکاندا و سەبارەت بە مەسەلەی داگیرکردنی بەرزاییەکانی جۆلان لەلایەن ئیسرائیلەوە؛ دەتوانین بلیین کە پەیوەندییەکانی ئەنقەرە بە تەلئەبیبەوە بەردەوام هەلکشان و داکشانی بەخۆیەوە دیوەو، بگرە دەسدریژییەکەی ١٩٦٧ بە بەراورد بە رابردوو بووە خالی وەرچەرخانیك لە تیروانینی تورکیادا، گەرچی وەرچەرخانیکی تەواویش نەبۆو، لە کۆمەلیك هەلویستیدا لایەنی عەرەبی گرت. ئەوەبوو داوای لە ئیسرائیل کرد هیزەکانی لە خاکە داگیرکراوەکان بکشینیتەوەو مافی چارەی خۆنووسین بە فەلەستینیەکان بدات و، بە رەسمی دانی بە ریکخراوی ئازادیخوازیی فەلەستینی‌دا ناو لە سالی ١٩٧٩دا لە ئەنقەرە کۆنسولگەرییەکی بۆ کردنەوە. لە پیشەوەی ئەو دەولەتانەش بوو کە لە سالی ١٩٨٨دا بە رەسمی دانی بە

"دەولـەتی فەلەسـتین"دا نـا کاتـێ کـە راگەیـەنراو لایـەنی ئـەو بریـارەی نەتـەوە یـەکگرتووەکانی گـرت کـە زایۆنـیزمی بـە رەگەزپەرسـتانە لـە قەلـەمدا و بـۆ بریـاری هەلوەشاندنەوەکەی لە دواتردا دەنگی نەدا، لـە کاتیکـا کۆمـەلیك دەولـەتی عـەرەب دەنگیان بۆ هەلوەشاندنەوەیدا.

ئەنقـەرە لـە هەلویسـتەکانیدا خـالی دەرچوونـی بریتـی بـوو لـەو شـتانەی بـە بەرژەوەندیی ئەمنی و سیاسی و ئابووریی خۆی دەزانی.لە داننانیدا بە ئیسرائیل لە سـالی ١٩٤٩دا پاکانـەی ئـەوە بـوو کـە هـەولدەدات بەرامبـەر مەترسـیی شـیوعیەت هاوپـەیمانیکی لە خۆرهـەلاتی ناوەنددا هـەبێ، ئەو مەترسـیەی کـەلای سـنوورەکانی باکوورو خۆرهەلات و خۆرئاوایەوە (بولگاریا) پاش دووەم جەنگی جیهانی تا دەهات زیاتر دەبوو. دوای ئـەوەی عـەرەبیش سـەبارەت بـە مەسـەلەی قوبرس لایـەنی یۆنـانی گـرت تورکیا سیاسـەتی خـۆی بەرامبـەر بـە جیهانی عـەرەب گـۆڕی. پـاش کودەتاکـەی ١٢ی ئەیلول/ سیپتەمبەری ١٩٨٠ و دوای دوو قەیرانی گـەورەی نـەوت لـە تورکیـادا، کە ناچاریکرد خۆی لە عەرەب نزیك بکاتەوە تا بە نرخیکی هەرزان نەوتی دەسبکەوێ و قەوارەی بازرگانی لە نیوان ئەو دوو لایەدا فراوان بێ، تورکیا کۆنسولگەرییەکی بۆ ریکخراوی ئازادیخوازیی فەلەستین لە ئەنقەرە کردەوەو نوینەرایـەتیی دیپلۆماسـیی ئیسرائیلیشی بۆ نزمترین پلە (سکرتیری دووەم) داگرت.

"فاکتـەری عـەرەبی" لـە بیرکردنـەوەی سیاسـیی تورکـدا دەچـووە چوارچیـوەی بەرژەوەندییە "کتوپڕ"ەکانی تورکیاوە، نەك ستراتیجیکی دیاریکراوی دریژخایـەن. بۆیە کاتی لە کۆمەکی عەرەب نا ئومید بوو (لیرەدا لایەنی عەرەبیش لەمە بەرپرسە) و گۆڕبـاچۆڤ دەسـەلاتی گرتـە دەسـت و گۆڕانکارییـە جیهانیـەکان دەسـتیانپیکرد "حـیزبی نیشـتمانی دایـك" ی حوکمـران لـە تورکیـا خـیرا پلـەی نوینەرایـەتیی دیپلۆماسیی ئیسرائیلی بەرز کردەوەو هەنگاوی خیرا بۆ پتەوکردنی پەیوەندییەکانی نیوانیان دراو لە سالی ١٩٩٣دا هەردوو ولات بالیۆزیـان گۆڕییـەوە، پاشـان ریکـەوتنی غەززە-ئەریحای بەسەردا هات و بەوە دوا لەمپەری "هۆکار" یا "ختـووره"ی عـەرەبی بەرامبـەر سیاسـەتی دەرەوەی تورکیا لـە جوولانـەوەی خۆرهـەلاتناوەندیدا نەهیشـت. ئەوەبوو "حیکمـەت چـەتین"ی وەزیـری دەرەوەی تورکیـا ئـەو سـەردانەی خـۆی بـۆ ئیسـرائیل لـە ت٢/نۆڤەمبـەری ١٩٩٣دا ئـەنجامدا؛ لـە کاتیکـا پیشـتر دووجـار ئـەو

سەردانە دواخرا. هەر دوای ئەوەش بە دوو مانگ سەرۆکی ئیسرائیل عازەر وایزمان لە کۆتاییەکانی ک٢/ ینایەری ١٩٩٤دا سەردانی ئەنقەرەی کرد، ئەو سەردانەی هەر لە دامەزراندنی ئیسرائیلەوە تا ئەو رۆژە یەکەم سەردان بوو لەسەر بەرزترین ئاست و نزیکبوونەوەی نیوان ئەو دوو وڵاتەی گەیاندە چلە پۆپەو تا ئەو رادەیەی کە دیپلۆماتیك لە بالیۆزخانەی ئیسرائیلی لە ئەنقەرە وا باسی لە چاوپیکەوتنی هەردوو سەرۆك وایزمان و دیمیریل کرد، کە لەژیر هەردوو ئاڵای ئیسرائیل و تورکیادا رووی‌دا؛ کە "وەکو خەون" وایەو "بەر لە سالیك" کەس پیشبینی‌ی ئەوەی نەدەکرد.

ئاگادارانی پشت پەردەی سیاسەتی دەرەوەی تورکیاش ئەوە ناشارنەوە کە ئەو لایەنەی دەیەوێ لە نیوان ئیسرائیل و تورکیادا نزیکبوونەوە هەبیت؛ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایە، کە بەرای ئەو ئاگادارانە، ئەم (ئەمریکا) وای بۆ دەچیت کە لەرێی ئەو کەشوهەوای هاوکارییەوەی لە نیوان تورکیا و ئیسرائیل و میسرو، یان تەنانەت گەر لوا عەرەبستانی سعودیشەوە دیتە دی؛ سەقامگیربوونی هەریمی دیتە ئاراوە. لە گۆشە نیگای واشنتۆنەوە ئەم هاوکاری‌یە لەسەریکەوە هەرزانترین ریگەیە بۆ مسۆگەرکردنی سەرچاوەکانی وزە لە خۆرهەڵاتی ناوەنداو، لە سەریکی تریشەوە بۆ رووبەرووبوونەوەی ئیران و تەوژمە ئیسلامی‌یە چالاکەکان لە میسرو تورکیا و هەندێ شوینی تری خۆرهەڵاتی ناوەندا کە گرنگترین کۆسپ دەبن لە بەردەم نەخشەکانی ئەمریکادا بۆ رەسمکردنی سیستمیکی هەریمی‌ی نوێ. لەم بارەیەوە یەکیك لەو شتانەی سەرنجی راکیشا، سەردانەکەی بالیۆزی پیشووی ئەمریکا لە ئەنقەرە "مۆرتۆن ئەبرافۆمیچ" بوو کە هەم کەسیکی کاریگەرە لە ئیدارەی کلینتۆندا و هەم پسپۆری کاروباری کوردو تورکیایە، کە بۆ ئەنقەرە ئەنجامیداو لەگەڵ وایزمانی سەرۆکی ئیسرائیلدا کۆبووەوە. هەروەها سەرۆکی میسر موبارەکیش پاش چەند رۆژیك سەردانی تورکیای کرد، سەرۆکی حکومەتی لوبنان رەفیق ئەلحەریریش دوو سەردانی "میژوویی" بۆ تورکیا کرد، کە یەکیکیان کەوتە مانگیك بەر لە سەردانەکەی وایزمان و ئەوی تریشیان لە دوارۆژی ئەو سەردانەدا بوو.

ئەگەرچی تورکیا زۆر حەزدەکات لە سیستمی نوێی خۆرهەڵاتی ناوەندا جێیەکی کاریگەری هەبێ، بەڵام لە واقیعدا خۆی بە دەست کۆمەلیك گرفتەوە دەنالینیت کە زۆر خەریکیان کردووەو بالی بەسەر بزاوتی ناوەوەو بزاوتی

ئیقلیمی‌ی‌دا کیشاوە. ئەمەش لەو وتوویژانەدا دەرکەوت کە چەتین لەو سەردانەیدا ئەنجامیدان کە لە ت٢/ نۆڤەمبەری ١٩٩٣دا بۆ ئیسرائیل کردی‌و، هەروەها ئەو وتوویژەکانی عازەر وایزمان لە تورکیاداو لە کۆتاییەکانی ک٢/ینایەری ١٩٩٤دا، بە جۆریك دەتوانین بلین کە سەردانەکەی چەتین وەکو "رەشنووسیك"ی سەردانەکەی وایزمان وابوو.

ئەو رەخنەیەی ئاراستەی سیاسەتی دەرەوەی تورکیا دەکریێ ئەوەیە کە هەموو بایەخی لەسەر مەسەلەی "تیرۆر"ە، واتە چالاکیەکانی پارتی کریکارانی کوردستان (PKK) لە قۆناغیکدا کە دەیتوانی و پیشنیازیش کرا بۆی کە لە بری نەرویج رۆلی ناوبژیوان ببینێ لە نیوان فەلەستینی و ئیسرائیلیەکاندا. بە ئیمزاکردنی ریکەوتنامەی غەززە-ئەریحا وا دەرکەوت کە لە روانگەی ئیسرائیلەوە رۆلی تورکیا ئەو بایەخەی نەما، پیدەچێ تورکیا هەر لەسەر ئەو سیاسەتەی جارانی بەردەوام بیت، ئەمەش لەگەڵ جەختکردنەوەی راویژکاری سەرۆکی حکومەتی تورکیا خانم فۆلکان فۆراڵ کە دەلیت "سەرەرای ئەوەی تورکیا باوەری وایە کە دەبێ هەولەکان بۆ بەرەو پیشبردنی ئاشتی هەر بەردەوامبن، بەلام خۆی نیازی نی‌یە رۆلی ناوبژیوان ببینیت".

ئەو شتانەی لە رووی گرنگیپیدانەوە بە پلەی یەکەم دین لە تورکیا و ئیسرائیلدا وەکو یەك نین. لە کاتیکدا تورکیا بە پلەی یەکەم سەرگەرمی روو بە رووبوونەوەیە لەگەڵ کیشەی کورددا، چ لە ناوەوەو چ لە دەرەوەی (باکووری عیراق) دا، ئەوا بایەخی یەکەمی ئیسرائیل دانوستانە لەگەڵ عەرەبداو، بەتایبەتیش فەلەستینی و سورياییەکان.

حیکمەت چەتین لە سەردانەکەیدا بۆ ئیسرائیل مەسەلەی ریکەوتنامەیەکی گشتگیری دژ بە "تیرۆر"ی کوردی پیشنیازکرد، بۆ رەزامەندکردنی ئیسرائیلیش داوای هاوکاریی لیکردن تا دژ بەو "تیرۆریزمە بوەستنەوە کە سوريا رابەرایەتیی دەکات". کاتێ وایزمانیش سەردانی تورکیای کرد، تانسۆ چیللەر هەمان خواستی دووبارە کردەوەو هەمدیسان بۆ ئەوەی بۆ ئیمزاکردنی ریکەوتنامەکە ئیسرائیل قانعبکات، ناوی حیزبوللاشی خستە سەر لیستی "تیرۆریستەکان"ەوە.

وا پیدەچیت ئەنقەرە هەر بۆ ئەوەی کۆتایی بە "تیرۆریزم"ی کوردیبهینیت ئامادە بیت لەگەڵ "شەیتان"یشدا پەیمان ببەستیت. بۆ ئەم مەبەستەش بێ هیچ دوودلیەك ئیسرائیلی هەلبژاردووە. بەڵام تیروانینی ئیسرائیلی بۆ ئەم مەسەلەیە لە زۆرشتدا لەگەڵ تیروانینی تورکیدا یەك ناگرنەوە.

ناکۆکیی نیوان تورکیا–ئیسرائیل لە ئاست ئەم کیشەیەدا لە دوو جوولەدا خۆی دەنوینیت: یەکەمیان بەرهەلستیی تورکیایە بۆ دابەشکردنی عیراق (چونکە ئەو لەگەڵ لاوازکردنیدایە نەك دابەشکردنی) و دەیەوێ یەکپارچەیی خاکی پاریزراو بیت تا دەولەتیکی کوردیی سەربەخۆ لە باکووریدا دروست نەبیت. تورکیا ئەم هەلویستەی خۆی لەوەدا بەرجەستە کرد کە دەسپیشخەریی کرد بۆ هاوئاهەنگیی نیوان وەزیرانی دەرەوەی ئیران و سوریاو تورکیاو، ئەوە بوو لە پاییزی ۱۹۹۲ەوەوەو ناو بەناو پیکەوە کۆدەبوونەوە. لە کاتیکدا ئاراستەی جوولەی دووەم، کە ئیسرائیلییە، تەقەللا و کۆششە بۆ لیکهەلوەشاندنەوەی عیراق کە تەلئەبیب بە "دوژمنیکی بێ ئامان"ی لە قەلەم دەداو، دژی دامەزراندنی دەولەتیکی سەربەخۆی کورد نییە لە باکووری عیراقدا.

ناوچە کوردەکانی باشووریخۆرهەلاتی ئەنادۆلیش دەچیتە چوارچیوەی ئەم هەولەی ئیسرائیلەوە. کاتێ چەتین سەردانی ئیسرائیلی کرد؛ ئیسرائیلیەکان ئەوەیان خستە روو کە نایانەوێ کوردەکانی خۆرهەلاتی ناوەند بکەن بە دوژمنی خۆیان. هەروەها وەختێ وایزمانیش سەردانی تورکیای کرد، بۆ مەسەلەی "هاریکاریی ماددی" دژ بە تیرۆریزم نەچووە پیشەوە، لەبەرئەوەی ئەوە "دەبیتە مایەی گیروگرفت". بەڵام ئەوەی بووە مایەی نیگەرانیی بەرپرسانی تورکیا ئەوەبوو کە سەرۆکی ئیسرائیلی، بە دریژایی سەردانەکەی بۆ تورکیا ناوی "پارتی کریکارانی کوردستان"ی نەهیناو بە تەنها باسی لە "تیرۆریزم" دەکرد. کاتێ لیشیان پرسی ئایا PKK ریکخراویکی تیرۆریستییە، هەر ئەوەندەی وت کە "ئەوەی روو لە کاری تیرۆریستی بکات، تیرۆریستە" و ئەوەی رەتکردەوە کە بە هاوکاری لەگەڵ تورکیادا دژ بە پارتی کریکارانی کوردستان بوەستیتەوە و وتی:

"پیویستە تورکیا خۆی کیشەی تیرۆریزم چارەسەر بکات، جگە لەوە چارەسەرتان لا هەیە، ئیمە هیچ بۆچوونیکی دیاریکراومان بۆ چارەسەر لا نییە". کاتێ لە

وایزمانیشیان پرسی هەلویستی ئیسرائیل له دامەزراندنی دەولەتیكی كوردی چی‌یه له خۆرهەلاتی ناوەندا، خۆی لە وەلامەكە دزییەوە و وتی: "خۆمان ئەوەندە كیشەمان هەیه كه بەس بیت. با خۆمان به دامەزراندنی دەولەتی فەلەستینەوە خەریك بكەین".

هەروەها توركیا داوا له ئیسرائیل دەكات له مەسەلەی ئاودا هاوكاریی بكات. ئەم مەسەلەیەش دوو لایەنی هەیه: لایەنیكیان بازرگانی‌یەو پەیوەندیی به ئاوی روباری مانافغاتەوە هەیه كه دەرژیتە كەنداوی ئەنتالیاوە و قەرار بوو لە كۆتایی سالی ١٩٩٤دا كاركردن لە دامودەزگاكانیدا تەواو بیت. تا یەكەمجار بە ئیسرائیل (لەبەرئەوەی حیسابی تایبەتی‌ی بۆ دەكریّ)و پاشان قوبرس و لیبیا بفرۆشریّ، ئەمەش لە ریّی گواستنەوەیەوە لە تانكەری پلاستیكی‌داو بە پاپۆر. ئەم مەسەلەیەیان ناكۆكیی لەسەر نی‌یه.

لایەنی دووەمی مەسەلەی ئاو هەولدانی توركیایە بۆ بەدەستهینانی لایەنگیریی ئیسرائیل لە هەلویستیدا سەبارەت ئاوی فورات و دیجلە. لەم چوارچیوەیەدا توركەكان سەردانیكیان بۆ وایزمان ریكخست بەرەو ناوچەی پرۆژەی "گاپ" لەسەر روباری فورات، ئەوەبوو بەمجۆرە وەسفی كرد "ئەمە پرۆژەیەكی سەرسورهینە، وەكو سلاویك بۆ توركیا كلاوەكەم بەرز دەكەمەوە". بەلام لیدوانەكانی وایزمان لە توركیادا جەختیان لەوە كردەوە كه ئیسرائیل لەمانەدا تەرەف نی‌یه. لەبەرئەوەی بە بۆچوونی ئیسرائیل چارەسەركردنی كیشەی ئاو له ریّی دلنیاكردنی سوریاوە دەبیت له بەشە ئاوەكەیدا له روباری فوراتدا. ئەمەش پیویستی‌ی بە پاشەكشیّ هەیه له هەلویستی توندرەوانەی توركیادا. لەبەرئەوەی هاتنەدیی ئەم شتە بوار دەدات بە ئیسرائیل كه ٥٠٪ی ئاوی یەرموك بەكاردەبات "هەناسەیەكی قوولّ هەلكیشیت"، چونكە وەكو دەگوتریّ، ئیسرائیل خۆیشی بەدەست قەیرانی ئاوەوە دەنالینیت.

بەم پیّیە لەگەلّ بەردەوامبوونی وتوویژەكانی نیوان سوریاو ئیسرائیلدا پیشبینی‌ی ئەوە ناكریّ كه ئیسرائیل بیەویّ سوریا توورە بكات. هەرچۆن شتیكی چاوەروانكراو نی‌یه كه واز له ئامانجی له دابەشكردنی عیراقیشدا بهینیت. ئەمەش واتە زەمینەیەكی هاوبەش بۆ لیكحالیبوون لەمەر هەردوو مەسەلەی "تیرۆریزم" و "ئاو" له خشتەی پەیوەندییەكانی توركیا-ئیسرائیلدا نی‌یه.

لیرەشدا، وەکو قەرەبوویەکی لاوەکی، ئیسرائیل لەسەر زمانی وایزمانەوە رایدەگەیەنیت کە لە مەسەلەی "ئالوگۆڕی زانیاری و بیرورا"دا سەبارەت مەسەلەکانی "تیرۆریزم" هاریکاری بکات.

لە دەرەوەی ئەم خاڵانەی تیایاندا ناکۆکن، تورکیاو ئیسرائیل لە بواری هەندێ پیشەسازیی جەنگیدا لەسەر پتەوکردنی پەیوەندییان بەردەوامن (وەکو ئامیری ئەلیکترۆنیی فرۆکەی هەلیکۆپتەر)و نەخشەدانان بۆ وەبەرهینانی کشتوکالی لە ناوچەی پرۆژەی "گاپ"داو، گرنگیدان بە ئالوگۆڕی بازرگانی و گەشتوگوزار (ژمارەی گەشتیارە ئیسرائیلیەکان بۆ تورکیا لە سالیکدا نزیکەی ١٠٠-١٥٠ هەزار کەسە، لە کاتیکا ژمارەی گەشتیارانی تورکیا بۆ ئیسرائیل لە ٧-١٠ هەزار کەس لە سالیکدا تیناپەریت.

تورکیا بە جەختکردنی لە مەسەلەی "تیرۆریزم"و، گرنگیدانی فرەی لە رووی جووڵانەوەی ئیقلیمییەوەو لە کاتی ریکەوتنامەی عەززە-ئەریحاوە بە پەیوەندیی لەگەڵ ئیسرائیلدا، گرژیی زیاتر لەگەڵ هاوسێ عەرەبەکانیدا دەوروژینیت و، ئاوو نەوتیش دەروازەیەکی سەرەکین بۆ ئەوەی تورکیا ببیتە خاوەن بزاوتیکی کاراو رۆلیکی کاریگەرو پیگەیەکی پەیوەست بە دەروبەرە سروشتیەکەی خۆیەوە.

# ٧-ڕێكەوتنی سەربازی لە نێوان توركیا و ئیسرائیلدا

لە ٢٣ی شوبات/ فبرایەری ١٩٩٦دا لەلایەن چەند بەرپرسێكی هەردوو سەرۆكایەتیی ئەركانی سوپای توركیا و ئیسرائیلەوە ڕێكەوتنامەیەكی هاوكاریی هاوبەش لە بواری مەشقی سەربازیدا ئیمزا كرا. بەپێی ئەو ڕێكەوتنامەیە فڕۆكە شەڕكەرەكانی هەردوو وڵات بۆیان هەیە بە مەبەستی مەشق بنكەو بواری ئاسمانیی یەكدی بەكاربهێنن و لە ساڵێكدا هەشت مانۆری هاوبەش لەگەڵ یەكتردا ئەنجامبدەن.

گەرچی توركیا لەگەڵ ١٦ دەوڵەتی تردا ڕێكەوتنامەی لەمجۆرەی ئیمزا كردووە، كە زۆربەیان ئەندامی پەیمانی باكووری ئەتڵەسین، هەروەها لەگەڵ هەندێ دەوڵەتی عەرەبیی تردا؛ لەوانەش میسر، بەڵام پەردەلادان لەسەر ئیمزاكردنی ئەم ڕێكەوتنامەیە لە سەرەتای مانگی نیسان/ ئەپریلی ١٩٩٦دا و پاش مانگێك لە ئیمزاكردنیو، دوای بەستنی كۆنگرەی لووتكەی "شەرم ئەلشێخ" لە ١٣ی ئادار/ مارس دا كە جگەلە ئیسرائیل و توركیا كۆمەڵێك لە سەرانی خۆرئاواو عەرەب بەشدارییان تیا كردبوو بە مەبەستی ڕوو بە ڕووبوونەوەی ئاسەوارە كاریگەرەكانی ئۆپەراسیۆنە گیانبازییەكانی ڕێكخراوی "حەماس" دژ بە كۆمەڵێك شوێنی ئیسرائیل لە قودس و تەلئەبیب و عەسقەلاندا، لەسەر پرۆسەی ئاشتی لە خۆرهەڵاتی ناوەندا، كۆمەڵێك ماناو ئاماژەی گەلێ ترسناكی لەسەر ئەمنی نەتەوەیی عەرەب لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتبوو. ئەم ڕێكەوتنامەیە لەلایەن عەرەب و ئێرانەوە كەوتە بەر هێرشێكی دیپلۆماسی و ڕاگەیاندنی فراوان. هەرچەند كاردانەوەی سوریا و ئێران سروشتی بوو، لەبەرئەوەی ئەو دوو وڵاتە دراوسێی توركیان، كەچی هەڵوێستی ڕەخنەگرانەی توندی میسر شتێكی چاوەڕوان نەكراو بوو، سەرباری ڕێكەوتنی سەربازی و ئەمنیی لەمجۆرە لە نێوان میسرو توركیادا. بەڵام بەڕای ئێمەهۆیەكی ئەوەی كە وڵاتانی عەرەب ئەم ڕێكەوتنەی توركیا–ئیسرائیلیان پێ ئاسایی نەبوو؛ دەگەڕێتەوە بۆ كەموكورتیی سەنتەرەكانی لێكۆڵینەوەو تۆژینەوە لە جیهانی عەرەبداو درێغییان لە

بەشـــوێندا چوونـــی ئـــەو شـــتانەی لـــە "وڵاتـــانی دراوســـێ"دا ڕوو دەدەن، لـــە سەرووشیانەوە ئێران و تورکیا.

ئەگەر ئەم ڕێکەوتنە ئەمنی‌یەی تورکیا–ئیسرائیل لەو ڕەوتەدا تەماشا بکەین کە زیاتر لە ساڵێکی (یان لانی کەم لە شەش مانگی دوایی ساڵی ١٩٩٥ەوە) سیاسەتی دەرەوەی تورکیا گرتوویەتیە بەر، دەبینین کە ئـەم ڕێکەوتنـە چ نی‌یـە بـە تەنـها وێستگەیەك نەبێ، کە دەکرێ لە ئاستێکی بەرزتریشدا خۆی بنوێنێت، لە ستراتیجی تورکیادا بەرامبەر هەریەك لە سوریاو یۆنان و ئێران. بەمجۆرە ئەم ڕێکەوتنە ئەنجامیك نی‌یە لە ئەنجامەکانی کۆنگرەی لووتکەی شەرم ئەلشیخ (ئادار/ مارسی ١٩٩٦) یـان دەرەنجامـەکانی، بـەڵکو بەشـداریکردنی چالاکانـەی تورکیـا لـەم کۆنگرەیەداو، پاشان سەردانی سەر کۆمار سولەیمان دیمیریلیش بۆ واشنتۆن و، پیشتریش بۆ ئیسرائیل، لە چوارچیوەی ئەو سیاسەتە توندەی دەرەوەی تورکیادا دێ کە لەبەر هەندێ حیسابی ئاسایشی نەتەوەیی خۆیو، هەروەها ئابووریی خۆی (کە بەهۆی ناکۆکیە ئالۆزەکانیەوە لەگەڵ هەریەك لە سوریاو یۆنان و ئیراندا کەوتۆتە بەر هەرەشە) گرتوویەتیە بەر.

هیچ گومانیکی تیانی‌یە کە خەتەرناکترین کیشە کە چەندین ساڵە هەرەشە لە قەوارەو بەرژەوەندیی ئابووریی تورکیا دەکات و، خەریکە ئەو کۆڵەکانە دەرمینێ کە کۆماری تورکیایان لەسەر بەندە، کیشەی کوردو شەری چەکدارانەی سەختی پارتی کریکارانی کوردستانە بۆ دامەزراندنی دەولەتیکی کوردیی سەربەخۆ لە باشووری خۆرهەڵاتی تورکیادا. خەریکە ئەو خوینبەربوونەی لە ئەنجامی بەردەوامبوونی ئەم کیشەیەشەوە کەوتۆتەوە هەموو ئەو توانایانە لەناو دەبات کە ئەنقەرە پشتیان پێ دەبەستێ تا بەهۆیانەوە وڵات بکات بە هیزیکی ئابووریی وەها لە هەریمەکەدا کە لە توانایدا بیت بەرەو رووی چوونە ناو کۆمەڵەی ئەوروپاش بیتەوە. ئەو زیانانەی بەهۆی کیشەی کوردیشەوە لە تورکیا دەکەون، نزیکەی هەشت بلیۆن دۆلارە لە سالیکدا، ئەمە جگە لە قوولکردنەوەی دابەشبوونی ئیتنی و ئالۆزکردنی سیاسەتی ناوخۆ.

بەڵام ئەنقەرە هەر لە تازەبوونەوەی پیکدادانە سەربازییەکانی نیوان کوردەکان و هیزەکانی حکومەتەوە لە ساڵی ١٩٨٤دا، بەردەوام پەنجەی تاوانبارکردنی بۆ

دیمەشق ڕاکیشاوە بەوەی گوایە مەشق بە کادیرەکانی پارتی کریکارانی کوردستان دەکات و سەرانی ئەو حیزبە دالدە دەدات و، لەسەروو هەموویشیانەوە عەبدوللا ئوجەلان کە بە "ئاپۆ" APO ناسراوە. لە کاتیکیشدا بەردەوام دیمەشق ئەم تۆمەتانەی ڕەت دەکردەوە، ئەنقەرە ئاوی وەکو کارتی گوشار بۆسەر سوریا بەکاردەهیناو دەمیك ئاوی لی دەبری تا هەندێ لە بەنداوەکان پڕبکاتەوەو، دەمیکی تریش دەستی بە دروستکردنی بەنداوی دی دەکردەوە لەسەر ڕوباری فورات، کە سەرچاوەی سەرەکیی ژیانی سوریایە. پیدەچێ ئەوەی کە بووە هۆی تیکدانی یەکجارەکیی پەیوەندیی نیوان ئەو دوو ولاتەش ئیمزاکردنی ڕیکەوتنامەیەك بوو لەلایەن تورکیاوە لەگەڵ کۆمەلیك کۆمپانیای بیانیدا لە ١٩ی ت٢/ نۆڤەمبەری ١٩٩٥دا بۆ بیناکردنی بەنداوی گەورەی "بیرجیك" نزیك سنوورەکانی سوریا. ئەو دەمە تانسۆ چیللەر سەرۆکی حکومەت بوو، کە بەوە ناسراوە زۆر دوژمنی عەرەبەو حەز بە نزیکبوونەوە لە ئیسرائیل دەکات.

مەسەلەی کورد لە پەیوەندییەکانی نیوان تورکیا و سوریادا تیکەڵ بە مەسەلەی ئاو بووە و وای لیهاتووە ناتوانیت باسی یەکیکیان بەبێ ئەوی دی بکەیت. هاوکات لەگەڵ ئەوەشدا کە دیمەشق (لە ڕوانگەی تورکیاوە) لە پشتیوانیکردنی پارتی کریکارانی کوردستاندا بەردەوامە، تورکیا لە بواری ئاودا زیاتر دەیدۆڕاند، چونکە سوریا توانیی دەولەتان و گەلانی عەرەب هانبدات و لەسەنگەریکدا دژ بە هەلویستی تورکیا لە مەسەلەی ئاو کۆیانبکاتەوە. هەر لە بەیاننامەکانی وەزیرانی "ڕاگەیاندنی دیمەشق"ەوە لە کۆتاییەکانی ك١/ دیسەمبەری ١٩٩٥دا تا هەلویستە یەك لە دوایەکەکان بۆ پشتیوانی لە کۆمەلەی ولاتانی عەرەب. بیگومان ئەمەش لە چەند سەریکەوە بە زیانی بەرژەوەندییەکانی تورکیا دەکەویتەوە لە خۆرهەلاتی ناوەندا. پەیوەندییەکانی نیوان ئەم دوو ولاتە گەیشتە ئەو ڕادەیەی کە بەرپرسانی تورکیا گوتاری دیپلۆماسیی ئاسایی خۆیان بەزاندو بە شیوەیەکی ڕەسمی و ئاشکرا سوریایان بە پشتیوانی لە "تیرۆریزمی کوردی" تاوانبار دەکرد. ئەمەش نیشانەی ئەوەبوو کە مەسەلەکان ئاراستەیەکی نوێ وەردەگرن.

زۆرجار بەرپرسانی تورکیش ئەوەیان دووپات کردۆتەوە کە هەر بەرەو پیشچوونیك لە پەیوەندییاندا لەگەڵ ئیسرائیلدا پتر لەوەی پیداویستیەك بیت بۆ

هاریکاریی هاوبەش، مەبەست و رەهەندی سیاسیی خۆی هەبووە. بۆ نموونە ئەوە بوو لە ٢٦ی ت٢/ نۆڤەمبەری ١٩٩٥دا بەرپرسیکی بالأی وەزارەتی بەرگریی تورکیا وتی تازەکردنەوەی فرۆکەکانی F4ی تورکی بۆ کۆمپانیا پیشەسازییە ئاسمانیەکانی ئیسرائیل و بەبێ کەمکردنەوە و بە پیچەوانەی ئەوەی تا ئەو دەمە پەیرەو کراوە، بریاریکی سیاسی‌یە، گەرچی بەنرخیکی زیاتریش بیت. چونکە لەو روانگەیەوە سەرچاوە دەگرێ کە ئیسرائیل "دەولەتیکی دوژمن بە دەولەتیکی دوژمنی ئیمەیە". ئەمجۆرە لیدوانانەش لای تورکەکان دووبارە دەبنەوە، بە تایبەتیش لەلایەن ئونور ئویمینی رازگری گشتیی وەزارەتی دەرەوەوە. بەمجۆرە ریکەوتنی سەربازیی نیوان تورکیا-ئیسرائیل هەولیکە بۆ گوشار خستنە سەر سوریا لەو رووەوە کە ئەنقەرە تاوانباری دەکات بەوەی پشتیوانی لە پارتی کریکارانی کوردستان دەکات.

ئەوەی تازە و گرنگە لە ئەمیستادا ئەوەیە کە مەسەلەی پارتی کریکارانی کوردستان بە شیوەیەکی رەسمی و ئاشکرا بووە بە بابەتیکی سەرەکی لە دیاریکردنی سیاسەتی دەرەوەی تورکیادا. لە کاتیکیشدا کە چاوەروان ناکرێ ئەنقەرە لە ریکەوتنەکەی لەگەڵ ئیسرائیلدا پاشگەز بیتەوە، دوور نی‌یە ریکەوتنی زیاترو قوولترو مەترسیدارتر بۆ سوریا ئیمزا بکات؛ ئەگەر ئەو داوایانە بە چنگ نەهینیت کە ناچاریان کردووە ئەو ریکەوتنە لەگەڵ ئیسرائیلدا ئیمزا بکات.

لە هەمان چوارچیوەدا ئەم ریکەوتنە تورکی-ئیسرائیلی‌یە وەکو "پەیامیك"ە بۆ ئیران کە تورکیا ئەویش بە پشتگیریکردن لە پەکەکە تاوانبار دەکات، گەرچی بەرادەیەکی کەمترە لەو تاوانبارکردنەی دیمەشق. بەلأم ئەو هەلمەتە راگەیاندنە فراوانەی ئیرانیش دژی تورکیا و بەهۆی ئەو ریکەوتنەوە پاساوی تاوانبارکردنی تورکیا بۆ هەندێ دیپلۆماتی ئیرانی لە ئەنقەرە دەداتەوە کە گوایە هانی تیرۆرکردنی ژمارەیەك لە بیرمەندان و رۆژنامەوانە تورکەکان دەدەن. بوونی فرۆکە ئیسرائیلیەکان لە ئاسمانی تورکیادا هیچ لە هەولی بەردەوامی ئەمریکا بۆ دژایەتیکردنی "ئسولیەت" ناگۆرێ لە سای بوونی بنکەکانی پەیمانی ئەتلەسی و "هیزی چەکوش"ی خۆرئاوا لەسەر خاکی تورکیاو، دەرچوونە بەردەوامەکانی فرۆکەکانی هاوپەیمانان بەسەر تورکیاو بەسەر باکووری عیراق و، بگرە بەسەر باشووریشیدا کە ئیستا لە ئوردونەوە ئەم دەرچوونانەی دوایی ئەنجامدەدرین.

ریکەوتنامـەی تورکیـا-ئیسـرائیل لـە سـاتیکی ناسـکی پەیوەندییـەکانی نیـوان تورکیـاو یۆنـاندا ئیمزا کـرا. بـە گویـرەی هەوالـەکانیش وەزیـری بـەرگریی یۆنـان لـە سەرەتاکانی پاییزی ١٩٩٥دا، ریکەوتنامەیەکی "نهینی"ی لەگەڵ هاوپایەی خۆی لە سوریادا ئیمزا کردەوە کە پیشتر لەگەڵ سەرۆك وەزیرانی پیشووی یۆنان، ئەندریاس باباندریۆدا لە سالی ١٩٨٥دا لە نیوان یۆنان و سوریادا ئیمزا کـراوە. بـەپیی ئـەم ریکەوتنامەیە بۆ فرۆکە یۆنانیەکان هەیە لـە ئەگـەری روودانـی شـەریکدا لـە نیـوان تورکیـاو یۆنـاندا، ئاسمـانی سـوریا بەکاربـهینن. ئـەوەی جـیی سەرنجیشـە لـیرەدا ئەوەیە کە وەزیری دەرەوەی سوریا "فاروق ئەلشـەرع" لە سـەرەتای ت٢/ نۆڤەمبـەری ١٩٩٥دا لەگــەڵ وەزیــری دەرەوەی یۆنــان و وەزیــری دەرەوەی رووســیا "بــاڤیل گراچۆڤ"دا لە ئەسینا کۆبوونەوە. شەرع بە رۆژنامەوانەکانی راگەیاند کە یۆنان و سوریا لەسـەر ئـەوە ریك کـەوتوون کـە بۆ روو بەروو بوونـەوەی هەرەشـەی لایـەنیکی سییەم (کە مەبەست لە تورکیایە) هاوکاریی یەکتر بکـەن. لـە وەڵامـی پرسیاریکیشـدا سەبارەت بەوەی کە ئایا لە حالەتیکی وەهادا سوریا لە رووی تەکنیکیەوە پشتیوانی لە هیزی ئاسمانیی یۆنانی دەکات، وەزیری سوریا وتی کە هاوکاریی نیوان ئەم دوو وڵاتە "گەلی فراوانە"و "نامانەوی ئاسمانمان ببەزینری یان پەیوەندییـەکانمان لەگـەڵ هاوسیکانماندا تیکبچیت، بەڵام هیچ هەرەشەیەکیش قبووڵ ناکەین". لـە ئاماژەیـەکی روون و ئاشکراشدا بۆ تورکیا، شەرع وتی: "یۆنان و سوریا هیرش نابەنـە سـەر هیچ لایـەك. بـەڵام دەولـەتی تـر هەیـە کـە بیر لـەوە دەکاتـەوە هـیرش بەریتـە سـەر ئـەم دوو وڵاتە".

سـەرچاوەکانی تورکیـاش لـەکاتی خۆیـدا رایانگـەیاند کـە دیمەشـق و ئەسـینا هـەر بەراستی ریکەوتنامەیەکیان مۆرکردووە کە ریی بە فرۆکە جەنگاوەرییەکانی هەردوولا دەدات تا بنکەکانی یەکدی بەکاربهینن. بـەم پییـە بەرپرسـانی تورکیا زۆرباش ئـەوە دەزانن کـە یۆنـان، یەکـە دوژمنـە دیرینەکـەی تورکیـا لـەم دوو سـەدەیەی دواییـدا، سەرچاوەی سەرەکیی مەترسییە بۆسەر ئاسایش و بەرژەوەندییە گرنگەکانی تورکیا لـە ئیجـەو ئـەوروپادا. ئیمزاکردنـی ریکەوتنامـەی تورکیـا-ئیسـرائیلیش هـەولیکی ئاشکرای تورکیایە بۆ گوشار خستنە سەر سوریا تا پـەیوەندیی خۆی لەگەڵ یۆنـاندا بپچرینیت و پشتیوانیی لی نەکات و کار ئاسانیی بۆ نەکات.

گومانیش لەوەدا نی‌یە کە ریکەوتنی سەربازی‌ی نیوان ئەنقەرەو تەلئەبیب بە بەرەو پیشچوونیکی ئیسرائیلی لە قەلەم دەدریٚ بەرەو سیستمی نویٚی خۆرهەلاٚتی ناوەند، ئەو سیستمەی کە ئەمریکا دەیەویٚ سیماکانی دیاریبکات و بنەما ئابووری‌و ئەمنیەکانی دابریژیت. ئەمەش لە هەندیٚ رووەوە دژایەتیکردنی ئسولیەت و هەروەها ئەو هیزانە دەگریتەوە کە دژایەتیی ئەمریکا دەکەن، لەسەروو هەمووشیانەوە ئیران و سوریا، گەرچی ئەم ریکەوتنامەیە لە سای بوونی ئامرازەکانی بەرگرتن و پاراستن و چاودیریی ئەتلەسی و ئەمریکاییدا لە تەواوی ناوچەی خۆرهەلاٚتی ناوەندداو بە تایبەتیش خاکی تورکیادا شتیکی وای پیٚناکریٚ.

وەزیری بەرگریی تورکیاش ئەلتان سۆنغورلو لە ١٢ی نیسان/ ئەپریلی ١٩٩٦دا ئاماژە بەو "پیشیلکاری"یە دەدات کە خۆی لە ریکەوتنی سەربازیی ئیسرائیل- تورکیادا دەخاتە روو، وەختیٚ لەبەردەم پەرلەماندا وتی "سیناریۆی رووداوەکان لە خۆرهەلاٚتی ناوەنددا بە تەواوی گۆراوەو، هەموو ولاٚتە عەرەبەکان لەگەلٚ ئیسرائیلدا ریك کەوتوون بەتەنها سوریا نەبیت". گەرچی ئەم قسەیەی وەزیری تورکیا ورد نی‌یە کاتیٚ سوریا لەو هاوکیشەیە دەکاتە دەرەوە، بەلاٚم ئاماژە بۆ "پەلەکردن"ی تورکیا دەکات تا لە کاروبارەکانی خۆرهەلاٚتی ناوەنددا رۆلیك ببینیت، بەبیٚ رەچاوکردنی هاوسەنگی‌یە وردو ناسکەکانی ئەو هیزانەی راستەوخۆ بە قەیرانی ناوچەکەوە پەیوەندیدارن، واتە ولاٚتانی عەرەب و ئیسرائیل. لەبەرئەوەی ئەم ریکەوتنە بەبیٚ گەیشتنە ریکەوتنیکی ئاشتی لە نیوان ئیسرائیل و سوریاو لوبناندا و، بەبیٚ ریکەوتنیکی روون و متمانە پیکراو سەبارەت بە مەسەلەی خۆچەکدارکردن، بە تایبەتیش چەکی ئەتۆمی، کە میسر بایەخیکی زۆری پیٚ دەدات، وەکو وەزیری دەرەوەی میسر "عەمرو مووسا" دەلیت دەبیتە مایەی "ناریکییەك لە ئاسایشدا کە لە بەرژەوەندیی لایەکدا دەبیٚ لەسەر حیسابی لایەکی دی"و بەشتیکی "زۆر خەتەرناك"ی لە قەلەم دەدات. ئەمە هەمان شتە کە بەریوەبەری نووسینگەی سەرۆکی میسر بۆ کاروباری سیاسی "ئوسامە ئەلباز" جەختی لی دەکاتەوە کاتیٚ دەلیت ئەم ریکەوتنە "دەبیتە مایەی ناهاوسەنگییەك لە پەیوەندییەکاندا لە ناوچەکەداو ئەمەش دەبیتە هۆی نائارامی‌یەك لە ئایندەدا زەمینە بۆ ململانیٚی چەکدارانە خۆشدەکات"، هەروەها کۆمەلەی ولاٚتانی عەرەبیش نیگەرانیی خۆی لە ئاست ئەم ریکەوتنەدا دەربری‌و بە "پەیمانیکی دوژمنکارانەی نویٚ" ناوی برد.

كاردانەوەی رافزییانەی عەرەب بەرامبەر بەم ریكەوتنە لە بەیاننامەی كۆتایی كۆنگرەی لووتكەدا كە لە رۆژانی ٢٢و٢٣/ حوزەیران/ یۆنیۆی ١٩٩٦دا لە قاهیرە بەستراو تیایدا سەرۆك و پادشایانی عەرەب بەشدارییان كرد، گەیشتە چلەپۆپە، كە "نیگەرانی"ی بەرامبەر ئەو ریكەوتنە دەربڕیو داوای لە توركیا كرد "چاو بخشینیتەوە" بەو ریكەوتنامەیەدا "بەجۆریك كە زیان بە ئاسایشی ولاتە عەرەبەكان نەگەیەنیت".

گەرچی ئەم ریكەوتنە زیانیكی فرە بە پەیوەندییەكانی توركیا و جیهانی عەرەب دەگەیەنیت، لەبەرئەوەی كەلەبەریكی دەروونی لە نیوان ئەم دوو گەلەدا جیگیر دەكات، كە ئۆبالی ئەمەش بە زۆری دەكەویتە ئەستۆی سەرانی ئەنقەرە، ئەویش لە رێی سیاسەتی پشتكردنە جیهانی عەرەب و ئیسلام، لەو كاتەوەی تانسۆ چیللەر بووە بە سەرۆكی حكومەتی توركی و دوای كۆچی دوایی سەر كۆمار تۆرگوت ئۆزال كە لە سالی ١٩٨٣ەوە دەستی بە كرانەوە كرد بە رووی خۆرهەلاتی عەرەبی و ئیسلامیدا، بەلام هەردەبێ لە چوارچیوەی بەرژەوەندییە زیندووەكانی توركیادا (وەكو توركەكان خۆیان تییدەگەن) لێی بروانین، كە عەرەب نەیتوانیوە خویندنەوەیەكی بابەتیانەی بۆ بكات.

# ٨-وێنەی توركیا لە "خۆرهەڵاتی ناوەندی نوێی" پیریزدا

شەمعون پیریزی وەزیری دەرەوەی ئیسرائیل (كە دواتر بەر لە دۆراندنی هەلبژاردنەكانی ٢٩ی ئایاری ١٩٩٦ بوو بە سەرۆكی حكومەت) لە كتێبەكەیدا "خۆرهەڵاتی ناوەندی نوێ" وێنەیەك بۆ خۆرهەڵاتی ناوەندی قۆناغی پاش كۆتایی شەڕەكان و، سەرەتای قۆناغی ئاشتی كە هێشتا بە تەواوەتی سەقامگیر نەبووە، دەخاتە روو كە خۆی حەزی پێدەكات. لەم رووەوە پیریز هەولدەدات بەسەر هۆكارە ژیارییەكانی نێوان جوولەكەو عەرەب و موسلمانەكاندا بازبدات و جەخت لەسەر "وێنەی ئابووری"ی ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەند بكات، بە مەبەستی چەواشەكردنی پرنسیپەكانی سازش كاتێ روو لە تەواو بوون دەكات و، گرنگیدان بەلایەنی ئابووری وەكو تاقە لایەنی دیاریكەر لە ناوچەیەكی جوگرافیدا و، دوور لە شوناسی ناوچەكە بە گەل و مێژوو و خەون و خولیاكانیانەوە.

ئەوەی لێرەشدا مەبەستمانە دیاریكردنی "وێنەی توركیا"یە لای شەمعون پیریز و لەبیركردنەوەی سەرانی ئیسرائیلدا لە میانی كتێبی "خۆرهەڵاتی ناوەندی نوێ"وە.

ئەو توركیایەی كە یەكەم دەولەتی موسلمان بوو لە سالی ١٩٤٩دا دان بە دامەزراندنی "دەولەتی ئیسرائیل"دا بنێ و ئالوگۆڕی بالیۆز بكەن و بەدرێژایی چەندین دەهەو لەسەر ئاستی جیاجیا پەیوەندی دروست بكەن، ئەو توركیایەی كە سەركردەكانی و هەروەها سەرانی ئیسرائیلیش شانازی بەوەوە بكەن كە چ لە رووی دیموكراسیەوەو چ وەكو رژێمێكی سیاسی (ی عیلمانی) دەولەتێكی موسلمانی نموونەیەو، هەردووكیان تاقە دوو دەولەتی دیموكراتن لە خۆرهەڵاتێكی ناوەندا كە دیكتاتۆرییە شاهەنشایی و كۆماریەكان تیایدا بالادەستن، هیچ ئاسەوارێكی ئەم توركیایە لە كتێبەكەی شەمعون پیریزدا نابینینەوە تەنها لە مەسەلەی ئاودا نەبێت و، لەو گۆشە نیگایەوە نەبێت كە گومان و نیشانەی پرسیار خالی نییە.

## توركیا سەر بە خۆرهەڵاتی ناوەند نی‌یە

شەمعون پیریز لە لاپەرە ١٠٩و١١٠دا دوو خشتەمان بۆ دەخاتە روو، یەكەمیان سەبارەت "خەرجی‌ی گشتی‌یە لە وڵاتانی خۆرهەڵاتی ناوەنددا لە بوارەكانی تەندروستی و فیركردن و بەرگریدا"، دووەمیشیان سەبارەت "باری كۆمەڵایەتی‌یە لە خۆرهەڵاتی ناوەنددا" لەم دوو خشتەیەدا ناوی تەواوی وڵاتانی خۆرهەڵاتی عەرەبی و لیبیا هاتووە، هەروەها ناوی ئیسرائیل و ئیرانیش. لە كاتیكا ناوی توركیا لە گۆڕێ نی‌یە.

كاتیكیش پیریز دەربارەی بازاری خۆرهەڵاتی ناوەندی دەدوێ ئاماژە بۆ پیشنیازەكەی كۆمەڵەی ئەوروپایی دەكات (ل ١٢٣) كە باس لە دروستكردنی دوو بازاری هاوتەریب دەكات: بازاری خۆرهەڵات و بازاری خۆرئاوا، لە بازاری خۆرهەڵاتیشدا ناوی توركیا نایەت و باس لە هیچ دەوریكی ناكرێ.

## توركیای سەر بە دەریای ناوەراست

بۆیەكەمجار ناوی توركیا لە كتیبەكەی شەمعون پیریزدا لە لاپەرە ١٣٨و١٣٩دا دێ، كاتێ باس لە سەنتەری لیكۆڵینەوەی كیشە كشتوكالیەكان دەكرێ لە ناوچە وشك و برنگەكانداو، تیایدا پیشنیاز دەكرێ كە ئەم سەنتەرانە ئەو وڵاتانەش بگریتەوە كە بە دەست ئەو كیشەیەوە دەناڵینن. لیرەدا پیریز لە دیاریكردنی ناوەكاندا ناوی ئەو وڵاتانە دەهینیت كە دەكەونە سەر دەریای ناوەراست، نەك بە تەنها ئەوانەی دەكەونە خۆرهەڵاتی ناوەندەوە. لەوانەش: مەغریب و تونس و میسرو ئیسرائیل و ئیسپانیا و قوبرس و هەروەها توركیاش. واتە توركیا لیرەدا وەكو وڵاتیكی سەر بە دەریای ناوەراست باسدەكرێ، یان وەكو وڵاتیك كە كیشەیەكی كشتوكالیی دیاریكراوی هەیە، نەك وەكو وڵاتیكی سەر بە خۆرهەڵاتی ناوەند.

## ئیسرائیل و بەنداوەكانی توركیا

سوریا و عیراق وایدەبینن كە دروستكردنی بەنداو لەسەر هەردوو روباری دیجلەو فورات نیازی دوژمنكاریانەی لە پشتەوەیەو بە مەبەستی باڵادەستیی ئابووری و سیاسی‌یە لە خۆرهەڵاتی ناوەنداو لە رێی بەكارهینانی ئاوەوە وەكو چەكیك و وەكو بابەتیك بۆ سازش و پارەكیشانەوە، ئەمە جگە لە كاریگەریی جۆری ئەو ئاوەی كە

بـوار بـه رۆیینـی دەدرێ. شـەمعون پـیریزیش لەکتیبەکـەیدا "خۆرهــەلاتی نـاوەندی نوێ"، کاتێ باس له "ئاوی زیندوو" و پیداویستی‌ی ئەو ئاوه دەکات خۆی له قەرەی ئەم مەسەلەیه دەدات. لیرەشدا پیریز ئاماژه بۆ کەنالی تورکیا دەکات بەبێ ئەوەی ناوی بهینێ و وایدادەنیت که دروستکردنی بـەنداو پرۆسـەیەکه "لەسـەر حیسـابی ماف و پیداویستی‌ی ولاتـه هاوسیکان و لەسەر حیسابی جۆری ئاوەکه" دەکـەوێ. پیریز دەلیت (ل ١٣٤):

"سـوریاش بەدەسـت کیشـەیەکی وەهـاوه دەنـالینیت، لەبەرئـەوەی بـەلاوازترین ئەلقەی ئەو سیگۆشـەیه دەژمیردرێ کـه لەگـەڵ عـیراق و تورکیـادا حـەوزی دیجلـەو فـورات پیکدەهینـن. لـه راستیشـدا ژینگـه لـەم ناوچەیـەدا لەبـەردەم ویرانکردنیکـی بەردەوامدایـه، لـه ئـەنجامی زۆربوونـی ژمـارەی دانیشـتووان و خـراپ بـەکارهینانی سەرچاوەکانی ئـاوو، بەپێی ئەو لیکۆلینەوەیـەی پرۆفیسـۆر ئـامنون سـۆفەریش لـه زانکــۆی حــەیفا ئــەنجامی داوه ولاتــانی ناوچەکــه ملکــەچی شــیتی‌ی پــرۆژەی گەشـەپیدانن کـه پیویسـتی بـه بـەکارهینانی تـەواوی ئـاوی روبـارو جۆگەکانـه بـه مەبەستی زۆرکردنی بەرهەمهینانی خۆراك، هەر بۆیه پرۆسـەی دروستکردنی بەنداو پرۆسەیەکه لەسەر حیسابی ماف و پیداویستیی ولاتـه هاوسیکان و لەسـەر حیسـابی جۆری ئاوەکه دەکەوێ".

### پرۆژەی بۆرییەکانی ئاشتی: ئیستگەکانی شیرینکردن سوودمەندترن!

لـه کاتیکـا پـیریز داوای دامـەزراندنی سیسـتمیکی هـەریمی بـۆ ئـاو دەکـات، چارەسەریك له دوو شیوەدا پیشنیاز دەکات:

١- گواستنەوەی ئاو له ناوچه زۆر ئاوەکانەوه بۆ ناوچه بیئاوەکان.

٢- شیرینکردنی ئاوه سویرەکان.

سـەبارەت بـه کیشـەی یەکـەمیش پـیریز ئامـاژه بـۆ گرنگـی پـرۆژەی بۆرییـەکانی ئاشتی‌ی تورکیا دەکات. بەلام ئەوەش دەلیت که بەردەوامبوون لەسـەر ئەم پرۆژەیـه پشـت بـه لیکۆلینـەوه لـه سـوودی ئـابووریی دەبەسـتیت، هـەروەها ئـەوەی کـه ئـەم هەلبژاردنه له رووی ئابوورییەوه له ئیستگەکانی دلۆپاندن باشتر نابیت.

پیریز دەقاو دەق ئەمه دەلیت ( ل١٤٦، ١٤٧، ١٤٨ ):

"دەكرێ ئاوەكە یان بە شیوەیەكی راستەوخۆ لەرێی كەناڵە كراوەكانەوە یان بۆرییەكانەوە بگویزریتەوە، یانیش بە شیوەیەكی ناراستەوخۆ لەرێی تانكەرەكانەوە. ریگەی یەكەمیان لە ژمارەیەك وڵاتی خۆرهەڵاتی ناوەندا پەسەندە، بەڵام ئەوە بەس نییە، لەبەرئەوەی زۆربەی وڵاتانی ناوچەكە ئاویان زۆر نییە. سەرچاوە باشەكانیش دەكەونە وڵاتەكانی ترەوە، واتە دەكەونە دەرەوەی سنوورو دەسەڵاتیانەوە بۆ بەكارهینانیان. بۆیە چارەسەری نموونەیی بریتییە لەراكیشانی بۆری بە مەبەستی گواستنەوەی ئاو لە وڵاتیكەوە بۆ وڵاتیكی دی.

ئەم بۆرییانەش كە دەشێ ئاوو نەوت و گازیشیان پیدا تیپەریت، دەبێ لەسەر بناغەی سیاسەتیكی ئابووریی ژیرانە بیت، نەك لەسەر بناغەی مەترسییە ستراتیجیە كۆنەكان.

ئەم بیرۆكەیەش تازە نییە، لە سالی ١٩٨٧داو لە سەنتەری لیكۆڵینەوە ستراتیجیە دەولیەكانە لە واشنتۆن توركیا پیشنیازی دروستكردنی هیلی بۆرییەكانی ئاشتیی كرد بە مەبەستی گواستنەوەی ئاو لە ناوچە فرە ئاوەكانی توركیاوە بۆ وڵاتانی خۆرهەڵاتی ناوەند كە ئاویان كەمە. بەپێی ئەو پلانە سەرەكیەش پرۆژەكە لە دوو هیڵ و چەند لقیك پیكدێ كە لەو دوو هیلە دەبنەوە. یەكەمیان هیلی بۆرییەكانی خۆرهەڵات كە بە سوریادا تیدەپەرێ تا ئوردون و عەرەبستانی سعودی و لەویشەوە بۆ میرنشینییەكانی كەنداوو عومان. هیلە عەرەبییەكەش ئاو بۆ سوریا و ئیسرائیل و كەناری خۆرئاواو ئوردون و عەرەبستانی سعودی دەبات.

كاتی خۆی وڵاتە عەرەبەكان قایل نەبوون بەوەی ئیسرائیل لە پلانەكەدا بەشدار بیت، ئەویش بەهۆی بەردەوامبوونی ناكۆكیی فەلەستین-ئیسرائیلەوە. بۆیە توركیا دەستی بە هیلە خۆرهەڵاتییەكە كردو تا ئیستاش ئەم پرۆژەیە لە سەرەتادایە.

گەرچی نەبوونی ئاشتی لە نیوان ئیسرائیل و دراوسیكانیدا و بە تایبەتیش فەلەستینیەكان بووە كۆسپ لەبەردەم پرۆژەی هیلە عەرەبییەكەدا، بەڵام بەردەوامبوون لەسەر پرۆسەی ئاشتی دەشێ بەردەوامیی پرۆژەی ئاوەكە مسۆگەر بكات گەر سوودی ئابووریی خۆی سەلماند، سوودەكەش لیرەدا بۆ توركیا ئەوەیە كە بەرامبەر بەو مەسرەفەی لەسەر شیرینكردنی ئاوەكە دەیكات چیی دەسدەكەویت، ئەمە جگە لە گرنگیی هیلە توركیەكە لەرووی پاراستنی ئارامییەوە لە ناوچەكەدا. بەڵام ئەوەی

لەمەدا بە خەوش دادەنرێ ئەو ماوە زۆرەیە كە پرۆژەكە دەیخایەنیت و رەنگە بگاتە بیست ساڵ. بەمجۆرە گەرچی پرۆژەكەی توركیا بۆ راكیشانی ئاو بە پرۆژەیەكی بەهادار لە قەلەمدەدرێ، كە دەكرێ ئاوەكە لە رێی تۆری هیلی شەمەندەفەرو رێی دەریاییشەوە بگەیەنرێ، یان لەسەر شیوەی هیلەكانی گواستنەوەی نەوت، بەلاّم ئەمە لە رووی ئابووریەوە لە ئیستگەكانی دلۆپاندن باشتر نابیت، لەگەڵ ئەوەشدا ئەم پرۆژەی بۆرییانە سوودی سیاسیی گرنگی هەیە لەبەرئەوەی سیستمیك لە پەیوەندیو بەرژەوەندیی هاوبەش دەخولقینیت بەم پێیە دەشێ ئەو بارودۆخە نوێیەی لە سای ئاشتیشەوە دیتە گۆرێ ببیتە مایەی كەمكردنەوەی نرخی ئاو".

## توركیا: تیپەرگەیەكی گەشتوگوزاری

لە بەشی دەیەمی كتیبەكەیدا پیریز باسی ژیرخانی گواستنەوەو گەیاندن دەكات (ل ١٤٩) و پیشنیاز دەكات خۆرهەلاّتی ناوەند بە تۆریكی گەیاندنەوە ببەستریتەوە، لەوانە: دروستكردنی هیلیكی ئاسنین بە قەراغ كەناری دەریای ناوەراستدا، بە جۆریك كە گەشتیارە ئەوروپاییەكان دەتوانن لە توركیاوە بۆ سوریا و ئیسرائیل و میسرو...هتد سەفەر بكەن. هەروەها پیریز پیشنیازی تۆریكی ریگای خیرا دەكات بە قەراغ دەریاداو لە نیوان میسرو ئیسرائیل و لوبنان و سوریا و توركیادا.

***

لە كتیبی "خۆرهەلاّتی ناوەندی نوێ"ی پیریزدا توركیا پیگەیەكی زۆر بچووكی هەیەو لە چوارچیوە هەریمیەكە دوور خراوەتەوە، چ لە رووی ئەمنی و چ لە رووی سیاسی و هەروەها ئابووریشەوە. گەرچی تاقە "سوود"ی توركیا ئیسرائیلیەكان زۆر دووپاتی دەكەنەوە، بەلاّم پیریز هەرزوو ئەو "ئومید"انەی ئەنقەرە دەرەوینیتەوە و گومان لەوە دەكات پرۆژەی "ئاوی ئاشتی" كە سەرۆكی كۆچكردووی توركیا تورگوت ئۆزال پیشنیازی كردبوو، سوودیكی هەبیت و ئیستگەكانی شیرینكردنی ئاو بەسەریدا پەسەند دەكات.

ئەوەی دەمینیتەوە ئەوەیە كە دەبێ بژاردە (نوخبە)ی سیاسی و فیكری و راگەیاندنی توركیا ئەو "بایەخ"ە بخوینەوە كە ئیسرائیل لە رێی شەمعون پیریزەوە دەیدەن بە ولاّتەكەیان، تا ئەو (بژاردانە)یەی بەوە بەرن كە ئاخۆ كەشتیی ویلی توركیا لەچ كەناریك دەگیرسیتەوە: چ لە شوناس و چ لە رۆلدا.

# بەشی هەشتەم

# سیگۆشەی "شەیتانی"

# ١-دیسانەوە تورکیا
# لە بازنەی مەترسیی رووسیادا

هەلبژاردنـەکانی پەرلـەمانی رووسـیایی کـە لـە ١٢ی ك١/ دیسـەمبەری ١٩٩٣دا ئـەنجامدرا نیشـاندەری مـەیلی ناسیونالیسـتی‌ی کۆمـەلگای رووسـی نـەبوو بـەلای بیروبـاوەری ناسیونالیسـتی‌ی تونـدرەو و پـاوانخوازدا کـە پیشـتر چـەندەها جـار لـە پەیوەندییـەکانی رووسـیادا بـە سـنوورەکانی باشـوورو خۆرئاوایـەوە لـە هـەردوو سـەردەمی قەیسـەری و شیوعی‌دا رەنگی دابۆوە، هینـدەی ئەوەی جەختکردنەوەیـەك لەو بیروباوەرە.

ئـەوەبوو دوای هەرەسـی یـەکیتی سـۆڤیت و هەرەسـی دەولـەتی مەرکـەزی‌و، گرفتاربوونی رووسیای فیدرالّ بە قۆناغیك لە لاوازیی سیاسی و ئابووری، "سوپای سوور" هەستیکرد هەم بێ دەولەتەو هەم بێ ئایدیۆلۆجیایەکی گەورەیە، بۆیـە لەسـەر شیوازی خۆی دەستی بە دامەزراندنی ئەو دەولەتـە تایبەتیـەی خۆی کرد کـە هـەندێ ڕێ‌ی هەلبژاردنی بۆ یلتسن دیاریکرد کە لەگەلّ پرنسیپەکانی دیموکراسی و ریزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ و گەلان لە دیاریکردنی چارەنووسی خۆیاندا ناکۆك بوون، بۆیـە لەسـەر ئاستی ناوخۆ ئەنجامـەکان بە ویرانکردنی ساختومانی پەرلـەمان بە تـانك و، گرتنی سەرانی ئۆپۆزسیۆن شکانەوەو بوونە نیشانەی دیکتاتۆریەتی سەربازیانە.

لەسـەر ئاستی دەرەوەش نموونـەی پاوانخوازی و سـەربازی بـەهیزتر بـوو، کاتـێ رووسـەکان دەسـتیان دایـە پشـیوی و ئـاژاوە نانـەوەی نـاوخۆو دەوروبـەری ئـەو کۆمارانەی لە یەکیتی‌ی سۆڤیت جیابوونەوە، تا دیسانەوە بالّ بەسەر ئەو کۆمارانـەدا بکشـینەوە و خۆیـان وەکـو تاقـە دەسـتەبەری سـەقامگیری بسـەپینن، هـەروەکو لـە جۆرجیا و ئازەربایجان و قەرەباغ و تاجیکستان و مۆلداڤیاو..هتد.. ئەمە روویدا.

ئەم رەوتە سەربازی‌و پاوانخوازییەی رووس لە سەرەتای ت٢/ نۆڤەمبەری ١٩٩٣دا گەیشـتە چلـە پۆپـە کاتـێ مۆسـکۆ رایگـەیاند کـە مـافی خۆیـەتی بەرامبـەر هـەر دەسـدریژییەك دژی رووسـیا هـەموو جـۆرە چـەکیك بەکاربـهینیت، تەنانـەت چـەکی

ئەتۆمیش. بەیاننامەیەکی رووسیش باسی لەوە کردووە کە رووسیا وەکو ئامرازێك بۆ ریگرتن لە بڵاوبوونەوەی ناکۆکیی هەریمی لەوانە خۆرهەڵاتی ناوەندیش چەکی ئەتۆمی بەکاردەهینیت و، بەمە رووسیا رۆلیکی کاریگەر بۆ مسۆگەرکردنی ئاشتی و ئارامی لە ناوچەکەدا دەبینیت. ئەم راگەیاندنە تاکلایەنی‌یەش سەبارەت بە مافی بەکارهینانی چەکی ئەتۆمی، زۆر دژ بە "پرنسیپەکەی بریجنیڤ"ە کە لە سالی ١٩٨٢ دا راگەیەنراو دەلیت کە یەکیتی‌ی سۆڤیت لە بەکارهینانی چەکی ئەتۆمیدا دەسپیشخەر نابیت. کاتیٚ هەلبژاردنیش لە رووسیادا ئەنجامدرا، ئەم مەیلە سەربازی و پاوانخوازی‌یە زۆر بە ئاشکرا دەرکەوت، تەنانەت حیزبی لیبرال-دیموکرات بە سەرۆکایەتی ڤلادیمیر جیرنۆڤسکی، کە داوای ئەوە دەکات رووسیا زۆربەی وڵاتانی هاوسیٚی داگیر بکات، زۆرینەی دەنگەکانی سوپای بەدەستهینا.

توركیا، بەو پیٚیەی یەکیکە لە هیزە هاوسیکانی رووسیا، لە هەمووان نیگەرانترە لە سەرکەوتنی ریبازی ناسیونالیستی‌ی توندرەو لە رووسیادا، بە تایبەتیش لەبەرئەوەی بیرورای دژ بەتورکیا رووبەریکی سەرەکیی لە "هزر"ی جیرنۆڤسکیانەی داگیر کردووە، ئەو هزرەی بە تەنها تایبەت نی‌یە بە حیزبیکی دیاریکراو یان کەسیك، بەلکو گوزارشت لە "حالەتیکی" گشتگیر دەکات.

سەرچاوەی ئەم نیگەرانیەی تورکیاش ئەوەیە کە ئەم گۆرانانەی لە کۆمەلیك بواردا لە رووسیادا روویانداوە دیسانەوە لاپەرەیەك هەلدەدەنەوە کە وا دەزانرا لەگەڵ کۆتاییهاتنی جەنگی ساردو هەلوەشانەوەی یەکیتی‌ی سۆڤیت دا فەرامۆشکراوە، کە بە دریژایی نیو سەدە وەکو سەرە رمیکی ئەتلەسی بەرامبەر بلۆکی شیوعی رکیفکەری ستراتیجی تورکیا بوو.

گەرچی کۆتاییهاتنی جەنگی سارد لە بایەخی تورکیای لای خۆرئاوا کەمکردەوەو، هەروەها ئەمیش کەمتر پشت بە خۆرئاوا دەبەستیت، بەڵام بواری ئەوەی بۆ رەخساند کە دەسەڵات و کاریگەریی لە ئاسیای ناوەراست و قەفقاس و بەلقان و دەریای رەشدا فراوانتر بیت و، بایەخیکی پتر بە خۆرهەڵاتی ناوەند بدات. واتە نەمانی "مەترسیی ستراتیجی"ی باکوور، دەرفەتیکی وەهای بۆ تورکیا خولقاند ببیتە "هیزیکی هەریمی‌ی گەورە" گەر رووداوەکانی بۆسنەو قەرەباغ نەبووایە کە مۆرکیکی ئیتنی و ئایینی‌ی ئاشکرایان بەخۆوە گرت و، بووە هۆی بردنەوەیەکی

ئاشکرای نەیارەکانی تورکیاو ئەمەش زۆر کاریگەریی لە خەون و خۆزگە هەریمیەکانی کرد.

لەگەڵ هەموو ئەمانەدا ترس و گومانی تورکیا لە "هۆکاری رووسیایی" بە هەرەسی یەکیتیی سۆڤیت بە تەواوەتی لەناو نەچوو. ئەوە بوو کاتێ لە سولەیمان دیمیریلیان دەپرسی ئایا ئەگەری دەستیوەردانی سەربازیی تورکیا لە رووداوەکانی قەرەباغدا هەیە، یەکسەر وەڵامی دەدایەوە: "سوپای سوور لەبەردەمماندا پەیدا دەبیت". وەختێ مۆسکۆش "پرنسیپی ئەتۆمی"ی راگەیاند، دیمیریل کە لە سەردانیکیدا بوو بۆ پۆلەندە وتی: "تاوانبارکردنیکی رەسمی دژ بە مۆسکۆ سەبارەت بە رووداوە ناوخۆییەکانی ئازەربایجان و هەندێ دەولەتی دی نییە. بەڵام گومان هەیە". لە کاتیکیشا دیمیریل دان بە باڵا دەستیی رووسیادا دەنیت کە دەلیت:

"وەختێ (دەولەتیك) کاروباری خۆی دەداتە دەست رووسیا یان رێی پێ دەدات لە کاروباری ناوخۆیدا دەستیوەربدات، ئیدی گەیشتنە شوینیك شتیکی ئەستەمە" داوا لە لیش فالیشا (لیخ فاونسا) دەکات میکانیزمیکی هاوبەش بۆ رووبەرووبوونەوەی سیاسەتی پاوانخوازانەی رووسیا پیکبهینرێ.

مەترسیی گەورەش لە قۆناغی پاش شیوعیەت لە رووسیادا، لە سەریکەوە بەکارهینانی چەکە بەبێ گویدانە هیچ پرنسیپیکی ئایدیۆلۆجی یان ئەخلاقی، لە سەریکی تریشەوە سەرنەکەوتنی یلتسن لە ریفۆرمکاریيە ئابوورییەکانیدا دەبیتە مایەی بڵاوبوونەوەی بزاڤە فاشیستی و ناسیونالیستیيە توند رەوەکان و گەرانەوەی شیوعیەت.

بە چاوپۆشین لە ئاستی جیددییەتی جیرنۆڤسکی و ناسەقامگیری و ناهاوسەنگی لە کەسیتییەکەیدا، بەڵام بیروراکانی کە لەناو کەرتیکی فراوانی رای گشتیی رووسیدا دەنگی داوەتەوە، پرن لە هەستی دوژمنایەتیی تەواو بەرامبەر بە گەل و ژیاری تورکیا، هەروەها جیرنۆڤسکی بە مەبەستی زیاتر وروژاندنی ئەو هەستی دوژمنایەتییە سلی لەوە نەکردۆتەوە کە گەمە بە هەردوو ژێی ئایینی و ئیتنیش بکات.

جیرنۆڤسکی داوا دەکات تورکیا داگیر بکرێ و لە نیوان یۆنانی و کوردەکان و ئەرمەنی و رووسەکاندا دابەشبکرێ. هەروەها دەلیت زەنگی کلیساکانی رووسیا

لەسەر خاکی تورکیا لیدەدریٚ، جیرنۆڤسکی دەلیت کە موسلمانەکان بە شیوەیەکی بەردەوام سەرچاوەی هەرەشەن بۆسەر مەسیحیەکان، "بۆیە دەبیٚ لە پەیمانیکی ئەرتۆدۆسکیدا لەگەلٚ یۆناندا بین دژ بە تورکیا".

هەروەها ئەم سەرکردە رووسیاییە یاری بە ژێی ئیتنی دەکات و دەلیت: "شتیك نییە ناوی کەلتوری تورك بیت. کەلتور لەرێی شمشیرەوە دروست نابیٚ". جیرنۆڤسکی رای وایە کە تورکیا دەیەویت بولگاریا دابەشبکات و بەسەر بۆسنەو هەرزەگۆڤینیشدا زالبیت و، چەند بەشیکی یۆنانیش داگیر بکات. بۆیە دوای بردنەوەی، لە لیدوانیکیدا بۆ رۆژنامەی "ترود"ی بولگاری (١٩٩٣/١٢/١٥) بانگهیشت بۆ دامەزراندنی دەولەتیکی سلاڤی باشوور دەکات، کە لە قۆناغی یەکەمیدا سربیا و بولگاریا و مەکدۆنیاو رۆمانیا و ئەلبانیا دەگریتە خۆی و "دەبیٚ لەگەلٚ بولگاریادا دەستمان لەناو دەستی یەکدا بیت دژ بە تورکەکان". لە هەمان رۆژیشدا جیرنۆڤسکی لە لیدوانیکیدا بۆ ئیزگەی "دەنگی ئەلمانیا" دەلیت بەهیزکردنی تورکیا مەترسییەکە دژ بە بەرژەوەندییەکانی روسیایەو، داوا دەکات گەلانی تورکیا دابەشبکرین و پشتگیری لە کوردەکان و ئەرمەنیەکان و گورجیەکان بکریٚ. سەبارەت بەوەش کە ئایا راستە دەیەویٚ ڤان و ئاگری بخاتە سەر رووسیا، جیرنۆڤسکی دەلیت: "لەوانەیە وابیت. ئەم زەوییانە هەر لە کۆنەوە هی ئەرمەنیەکان بوون". نکوولیی لەوەش نەکرد کە رووسیا پشتیوانی لە ئەرمەنیەکان دەکات. تورکیاشی بەوە تاوانبار کرد کە هەر خەمی بەرژەوەندییە تایبەتیەکانی خۆیەتی لە ئاسیای ناوەنداو، وتی کە نزیکبوونەوەی تورکیا لەو ناوچەیە زیان بە بەرژەوەندییەکانی تورکیا دەگەیەنیت. "باشوور بەلای ئیمەوە هەریمیکی چارەنووسسازە، دەشیٚ ببیتە تۆران، ئەوسا تورکیش (سەرکردەیەکی راسترەوی تورکە) دلیخۆش دەبیت". لە لیدوانیکیشیدا بۆ رۆژنامەی "قورانتی" لە مۆسکۆ (١٩٩٣/١٢/١٦) جیرنۆڤسکی پیشبینیی ئەوە دەکات کە شەر لە نیوان گەلە جۆراو جۆرەکانی باشووردا بەرپابیت و ببیتە هۆی شەریکی ناوخۆ لە تورکیادا لە نیوان کوردەکان و تورکەکاندا کە بە دابەشکردنی تورکیا کۆتایی دیٚ.

ئەوەی سەیرە ئەوەیە کە ئەم ڤلادیمیر جیرنۆڤسکییە زمانی تورکی زۆرباش دەزانیت کە لە پیشدا لە مۆسکۆو دواتر لە تورکیا خویندوویەتیو، لە کۆتایی

شەستەکاندا پاياننامە (أطروحة)يەکی سەبارەت بە حيزبەکانی تورکيا ئامادە کردووەو، چوارجار سەردانی تورکيای کردووەو، لە سەرەتای حەفتاکاندا لە پالاوگەيەکی نەوتدا وەکو وەرگێر کاری کردووە کە رووسەکان لە ئەستەموول دروستيانکردووە، هەروەها بۆ ماوەی هەفتەيەك دەيگرن لەسەر ئەوەی قۆپچەيەك بە ئيخەيەوە بووە کە وێنەی پوشکينی تيا بووە و وايانزانيوە وێنەی مارکسە. دوای ئەوەی کۆنسوڵی رووسيا بۆی تێکەوتووە ئينجا ئازاديان کردووە و يەکسەر چووە بۆ مۆسکۆ. جيرنۆڤسکی لە رووسيا وەکو وەرگێرو رێنومای گەشتيارەکان کاری دەکرد. بەر لە ٤ ساليش وەکو بازرگانێك کۆمەلێك پێستەو (٥) سەماوەرو بيست سەعاتی دەستی و کافيارو ڤۆدگاو قاتی پياوانەی جەلەبی بۆ تورکيا برد، کە ناچار بوو بە نرخێکی زۆر هەرزان بيانفرۆشێت.

جيرنۆڤسکی سەرسامی خۆی بە عيسمەت ئينۆنۆ کە بەر لە ٢٥ ساڵ بينيويەتی و بە "بابا" ديميريل و، بولند ئەجەويدو، تۆرگوت ئۆزال و، حيزبی "نيشتمانی دايك" ناشاريتەوە.

سەرەرای ئەوەی جيرنۆڤسکی لە ديدارەکانيدا لەگەل رۆژنامەوانە تورکەکاندا بە زمانی تورکيش هەولدەدات ئەو وێنەيە بسرێتەوە کە لە بارەی ئەوەوە سەبارەت بە تورکيا دروست بووە، ئەمەش لە رێی بانگەشەکردنيەوە بۆ پەرەدان بە پەيوەندييە بازرگانی و رۆشنبيرييەکان لە نێوان هەردوو ولاتدا، جگە لە وەسفکردنی بۆ ديموکراسيەتی تورکيا و نموونە ئابوورييەکەی، بەلام مەغزای سەرکەوتنی لە هەلبژاردنەکاندا سێبەرێکی قورسی بۆسەر ژيانی سياسيی تورکيا دروست کردو خەميکی تريشی خستە سەر خەمە زۆرەکانی تورکيا، بە جۆرێك کە دەشێ سەر لە پلانرێژانی سياسەتی دەرەوەی تورکيا بشێوێنێت لە جيهانێکدا کە بە شێوەيەکی سەرسورهێن لە گۆرانداية.

يەکەم کاردانەوەو گەورەترينيان ئەوەيە کە دەشێ سەنتەری قورسايی لە ستراتيجی تورکيادا ديسانەوە بچێتەوە باکوور بۆ روو بەروو بوونەوەی "مەترسيی سەر لەنوێی رووسيا". چونکە رووسيا بە سەرکەوتنی راستی توندرەوو پێشکەوتنی شيوعيەکان لە هەلبژاردنەکانی ١٩٩٥دا چووە قۆناغێکی نوێی ناروون و نائارامەوە، کە ئەمەش وا لە خۆرئاوا دەکات زياتر پشتگيری يلتسن بکات، کە

ئەمەش لەسەر ئەنقەرە زۆر دەکەوێ، لەبەرئەوەی بەو حیسابەی کە ئەوە بێ وەیترە ناچاری قبوولیبکات. چونکە یلتسنیش، گەرچی مەترسیی لە جیرنۆڤیسکی کەمترە، بەڵام ئەویش لە چیچاندا رەفتاریکی خوینریژانەی نواند کە لە ئەنجامیدا سەرکردەی نیشتمانیی چیچان جەوهەر دۆداییڤ لە نیسانی ١٩٩٦دا کوژراو، گرۆزنیی پایتەخت و دەیان لادێ ویرانکران، هەروەها یلتسن لە ئاسیای ناوەراست و قەفقاسدا سیاسەتیکی پاوانخوازانەی ئاشکرای گرتۆتە بەرو، گوشارەکانی بەردەوامە بۆ ئەوەی سەر لەنوێ دەسەڵاتی تەواوی مۆسکۆ بەسەر بەشەکانی پیشووی یەکیتیی سۆڤیتدا بسەپینیتەوە.

هەر بۆیە ئەنقەرەش دەیەوێ مەترسیەکانی سەرکەوتنی راستی توندرەو لە سالی ١٩٩٣دا و شیوعیەکان لە سالی ١٩٩٥دا لە رووسیادا قەبە پیشان بدات، تا بەو شیوەیە پلەو پایە بۆ تورکیا بگەرینیتەوە و وای پیشان بدات کە هیزیکە پەیمانی باکووری ئەتلەسی ناتوانێ دەسبەرداری ببیت. خۆگەر ئەنقەرە توانیی خۆرئاوا بەوە قەناعەت پێ بکات ئەوا ئەو بایەخە ستراتیجیەی جارانی بەدەست دەهینیتەوە. بەڵام تورکەکان هەولنادەن ئەو بایەخە ستراتیجیەی وڵاتەکەیان لە چوارچیوە جەندرمەییەکەی پیشوودا یان وەکو عەمباریکی بێ ئەرزشی سەربازو چەك بەدەست بهیننەوە، بەلکو هەولدەدەن لەرێی چەسپاندنی ئازادییە کۆمەڵایەتیەکان و داینامیکیەتە ئابوورییەکان و بڵاوکردنەوەی بە کۆمەلگاکانی پیشووی سۆڤیتدا لە ئاسیای ناوەراست و قەفقاس و کۆمەلگاکانی ئەوروپای خۆرهەڵاتەوە بە دەستی بهیننەوە.

لەم چوارچیوەیەشدا هەولەکانی تورکیا زیاتر دەبن بۆ ئەوەی وڵاتانی ئەوروپای خۆرهەڵات بە یەکجاری لەژیر کاریگەریی رووسیادا دەربهینیت و لەگەلیاندا هەولبدات (بە تایبەتیش وڵاتە دراوسیکانی وەکو بولگاریاو رۆمانیا) تا بیانباتە ناو ریکخراوی بەرگریی پەیمانی باکووری ئەتلەسییەوە. لەسای ئەم گەشەسەندنی مەیل و بۆچوونی ناسیونالیستییەی رووسدا، دەشێ بەخۆدا چوونەوەی تورکیا و چاو پیاخشانەوەی بە ستراتیجیدا، لە هەندێ بواردا رەنگدانەوەی نەگەتیڤیانەی هەبێ.

دەشێ مەترسیی سەر لەنوێی رووسیا ببیتە مایەی خەرجیی سەربازییانەی زیاتری تورکیا بۆ بنیاتنانەوەی سوپایەکی نوێو بەهیز لە رووی تفاق و ژمارەوەو، بەم ئاراستەیەش گرژییەکی کراوە لە نیوان ئەنقەرە و ئەسینادا پتر بکات.

بەلاّم خەرجیی زیاتریش بۆ خۆچەکدار کردن بە شیوەیەکی نەگەتیڤانە کار لەسەر پلانەکانی گەشەسەندنی ئابووری و هەولەکانی کەمکردنەوەی هەلاّوسان دەکات، ئەمە لە کاتیکا هەر بە تەنها کیشەی کورد سالاّنە نزیکەی ٧ملیار دۆلار لەسەر دەولەتی تورکیا دەکەویت.

لەوانەیە گرنگیدانەوە بەو مەترسیەی کە لە باکوورەوە دیّ کاربکاتە سەر هەولەکانی تورکیا بۆ گرتنی جیّیەك بۆ خۆی لە سیستمی هەریمیی نویّی خۆرهەلاّتی ناوەندا. خۆگەر ئەو گورزە توندانەی بخەینە سەر کە لە بەلقان و قەفقاس و ئاسیای ناوەراستدا خواردوویەتی، ئینجا دەزانین تورکیا لە ئایندەدا چ قۆناغیکی ئالۆزی لە پیشە.

لە کاتیکا لایەنگرانی دیموکراسی و بالاّدەستیی کۆمەلگای مەدەنی لە تورکیادا هەولدەدەن پیگەی خۆیان قایم بکەن، مەترسیی "لەپرهاتوو"ی رووسیا کە لایەنگری ئەرمەنی و کوردەکانە بیانوویەکە بۆ لایەنگرانی عەسکەرتاریەت بۆ دامەزراندنی دەسەلاّتیکی دیکتاتۆری کە بەرای ئەوان- دەبیتە پەرژین و زریّیەك بۆ پاراستنی یەکپارچەیی خاك و دەولەت و گەل.

تورکیا لە بەردەم ئەگەری پیکهینانی تەوقیکی سلاڤی- "ئەرتۆدۆکسی"یە کە رووسیاو یۆنان و ئەرمینیا و سربیاو باشووری قوبرس دەگریتەوە، لەگەلّ بەردەوامبوونی ناکۆکی لەگەلّ سوریاو ئیران و گەمارۆی ئابووری لەسەر عیراق، وا پیدەچیت دیپلۆماسیەتی تورکیا پیویستییەکی زۆری بە دارشتنی ستراتیجیکی نویّ بیت کە راستیەکانی میژووی نویّو واقیعی جوگرافیاییینویّ لەبەرچاو بگریّ، بەر لەوەی میردەزمەی رووسیایی سەرلەنویّ تازە بۆوە بگۆریّ بۆ واقیعیکی پرژان.

# ٢-توركياو یۆنان:
# ناكۆكی لەسەر هەموو شتێك

ڕووداوی كوشتنی عومەر خەلوق سەباحی ئۆغلوی كۆنسولی توركیا لە ئەسینا (لە ٤ی تەمووز/ یۆلیۆی ١٩٩٤دا) یەكێك لە فایلە ئالۆزەكانی ناوچەی بەلقانمان بیردەخاتەوە و، ئەو گرژییە دەخاتە ڕوو كە لە پەیوەندییەكانی توركیا-یۆناندا هەیە، بە تایبەتیش لەو كاتەوەی ئەندریاس باباندریۆ پاش هەڵبژاردنەكانی یاسادانان لە پایزی ١٩٩٣دا لە یۆنان دەسەڵاتی گرتەوە دەست و، لەلایەن باباندریۆوە هێرشێكی توند كرایە سەر توركیا. لە ماوەی هەشت مانگی دواییدا هەڵویستەكان بەرەو گرژییەكی زیاتر چوون، بە تایبەتیش لەلایەن یۆنانەوە، لە زیاتر لە بۆنەیەك و مەسەلەیەكدا، تا گەیشتە ئەو ڕادەیەی سەرۆكی حكومەتی توركیا (تانسۆ چیللەر)ی والیكرد لە سەرەتاكانی حوزەیران/ یۆنیۆی ١٩٩٤دا هەرەشەی "دەرچوون بەرەو دوورگەكان" بكات واتە ڕاگەیاندنی جەنگ دژی یۆنان و داگیركردنی هەندێ دوورگە لە دەریای ئیجە.

زۆرمان نەوتووە گەر بڵێین فایلی توركیا-یۆنان كێشەی وەهای لەخۆ گرتووە كە مەگەر بە پەرجوو (=موعجیزە) چارەسەر بكرێ. زۆربەی جاریش چارەسەری هەر ئەستەم دەبێ، لەبەرئەوەی كۆمەڵێك هۆكاری مێژوویی و ئایینی و ژیاریو جوگرافیایی لە پێكهاتەیدا بەشدار دەبن. لێرەوە دەكرێ فایلی پەیوەندییەكانی توركیا-یۆنان بەمجۆرە دابڕێژین:

**ململانێ لە نێوان هەردوو بیرۆكەی هیلینیەت و عوسمانیەتدا:**

زۆربەی تۆژەرو ڕۆژنامەوانانی تورك ڕەفتارە دوژمنكارانەكانی یۆنان بەرامبەر توركیا لەسەر گەلێ ئاست دەگەڕیننەوە بۆ تیۆرەی "ئایدیای مەزن" یان "میگالۆئایدیا" كە بانگەشە بۆ سەر لەنوێ زیندوو كردنەوەی ژیاری هیلینیو دەسگرتنەوە بەسەر ئەو جوگرافیایەدا كە جاران تیایدا باڵادەست بوو و بەشێكی بریتی بوو لە زۆربەی زەویوزارەكانی خۆرئاوای توركیا و چەند ناوچەیەكی فراوانی بەلقان. كاتێ یۆنانیش لە سەرەتاكانی حوزەیران/ یۆنیۆی ١٩٩٤دا ڕایگەیاند كە

سنووری ئاوە هەریمیەکانی خۆی تا ١٢ میل دریژ دەکاتەوە، ئۆکتای ئاکشی کە یەکیکە لە گەورە نووسەرەکانی رۆژنامەی "حورییەت"ی تورکی وایدانا کە دەبێ بەگالتەجاری گەر لە دەرەوەی بیرۆکەی "میگالی ئایدیا"دا لەم رەفتارە بگەین؟ "ریشەی ئەم رەفتارە–وەکو ئاکشی دەلیت– وا لە "بیرۆکەی مەزن"دا کە لە سالی ١٨١٤دا راگەیەنرا، واتە ١٨٠ سال لەمەوبەرو، میللەتی یۆنان دەیانەوێ ئەوە بەرجەستە بکەن. ئەمەش بەرنامەیەکە ١٦ سال بەر لە سەربەخۆیی یۆنان راگەیەنرا و ئامانجیشی دەستگرتنە بەسەر دوورگەکانی دەریای ئیجەو ئەنادۆلی خۆرئاواو دوانزدە دوورگەکەو ئەستەمووڵ و سەرلەنوێ دامەزراندنەوەی ئیمپراتۆریەتی رۆمانی خۆرئاوا".

تورکەکان دەلین یۆنان لەو کاتەوەی سەربەخۆیی بەدەستهیناو لە سالی ١٨٢٩دا لە دەولەتی عوسمانی جیابۆوە، زیاتر لە حەوت جار "فراوان بووە"، لە سالانی ١٨٦٤، ١٨٨١، ١٨٩٧، ١٩١٢، ١٩١٩، ١٩٢٢، ١٩٤٧. لە کاتیکا ئەو بەردەوام فراوانتر دەبوو، تورکیا تا دەهات بچووك دەبۆوە. هەروەها بولند ئەجەویدیش، کە پالەوانی داگیرکردنی قوبرسە لە سالی ١٩٧٤ داو، سەرکردەی حیزبی "چەپی دیموکرات"ە هۆی سیاسەتە پاوانخوازییەکەی باباندریۆ بۆ بیرۆکەی هیلینیەت دەگەرینیتەوە، حیزبەکەی باباندریۆش ناوی "پارتی سۆسیالیستی کۆمەلەی هیلینی"یە (کە کورتکراوەکەی "پاسۆك"ە). بەرای ئەجەویدیش باباندریۆ توندرەوترین نوینەری کۆمەلەی هیلینییە.

بەرامبەر بەمە، یۆنانیش وەکو ولاتەکانی تری بەلقان نەیتوانی ئەو "گریێ عوسمانی"یە تیپەرینیت کە خۆی لە کۆنترۆلکردنی تورکیا بۆ زۆربەی ناوچەکانی نیمچە دوورگەی بەلقاندا بینییەوە بۆ ماوەی زیاتر لە پینج سەدە. پیویست بە خۆماندوو کردنیکی زۆریش ناکات تا مرۆڤ سەرنجبدات کە کتیبەکانی خویندن لە قوتابخانەکانی یۆنان (و بولگاریا و شوینی تریش) ئەوەندە مەیلە خۆرئاواییەکان و بە تایبەتیش عیلمانیەکانی تورکیایان بەلاوە مەبەست نییە هیندەی باس لە "میراتی ئیستیعماری و "جەور"ی عوسمانی دەکەن. لەوانەیە دروشمەکەی ئەتاتورکیش "نە تۆرانیەت و نە عوسمانیەت، بەلکو نەتەوە پەرستییەکی تورکی" هەولیکی ئاقلانە بیت بۆ جوانکردنی "گرێی عوسمانی" لای بەلقانی و قەفقاسیەکان، بەلام دروشمە تازەکەی تۆرگوت ئوزال لە کۆتاییەکانی سەدەی بیستدا "لە ئەدریاتیکەوە بۆ شوورای چین" وەکو "کەرەی سەر نان" وابوو، ئەوانەشی وروژاند کە رۆژیك لە رۆژان

خۆیان بە "دەسوپیوەندی" عوسمانیەكان دەزانی. رابردووی عوسمانی و هیلینی تا ئیستاش لە هەنووكەی یۆنانی و توركەكاندا بەهیزی خۆیەوە ماوەتەوەو، تا ماوەیەكی تریش (كە بەدلنیاییەوە دوورە) وەكو لەمپەریك لە نیوان پیكگەیشتنی ئەو دوو گەلەو بەرژەوەندیی ئەو دوو ولاتەدا دەمینیتەوە.

## خالە ناكۆكیە دوو قۆلییەكان:

زۆربەی ئەم خالانە بە دەوری ئاوی هەریمی و بواری ئاسمانی و چەكداركردنی دوورگەكان و دیاریكردنی كشانی كیشوەری (كە پەیوەندیی بە گەران بەدوا نەوتدا هەیە)دا دەخولیتەوە. ئەمە جگە لە كیشەی قوبرس و موسلمانەكانی تراقیای خۆرئاوا. سەرچاوەی ئەو چوار كیشەیەی یەكەمیش دەریای ئیجەیە كە دەكەویتە نیوان توركیا و یۆنانەوە.

لە دەریای ئیجەدا نزیكەی دوو هەزار دوورگەی سەر بە یۆنان و چەند دوورگەیەكی سەر بە توركیا هەیە. بەپیی قانوونی نیو دەولەتیش هەر دەولەتیك بۆی هەیە تا ماوەی ١٢ میل وەكو سنوور بۆ ئاوە هەریمیەكانی خۆی دابنیت. بەلام كیشەكە هیندەی پەیوەندیی بە دەریای ئیجەوە هەبی ئەوەیە كە هەندی دۆخی تایبەتی هەن ئەگەر رەچاو نەكرین دەریاكە دەبی بە "دەریایەكی یۆنانی"ی پەتی. لەبەرئەوەی ژمارەیەكی زۆر دوورگەی یۆنانی هەن كە لە كەناری توركیاوە زۆر نزیكن، بە رادەیەك كە هەندی جار ماوەی نیوانیان لە ٦ میل تیناپەریت. لەم بارەیەشەوە وەزیری دەرەوەی پیشووی توركیا سەبری جاگلیانغیل گوزارشتیكی خۆش و رەوانی هەیە كە دەلیت ئەگەر ئەو بۆچوونەی یۆنانمان سەبارەت بە ماوەی ١٢ میلەكە پی قبوول بوو وەك ئاوی هەریمی، ئەوە مانای وایە كە هەر توركیك هەر ئەوەندە زەویی وشكانیی توركیای جیهیشت و دەستی بەر ئاوی كەنارەكە كەوت دەبی پەساپۆرتی پیبیت.

داواكەی توركیا بۆ ئەوەی ئاوی هەریمی لە دەریای ئیجەدا تەنها شەش میل بیت لە بری دوانزدە میل، واتە دەسگرتنی یۆنان بەسەر ٤٤٪ی ئاوەكەی ئیجە بەرامبەر ٨٪ بۆ توركیا ٤٨٪یش بە بیلایەنی دەمینیتەوە. بەلام ئەگەر یۆنان ئاوە هەریمیەكەی خۆی لە دەریای ئیجەدا بۆ ١٢ میل دریژ بكاتەوە، مانای وایە ئەو دەست بەسەر

٧٢٪ی ئاوەکەدا دەگریت، بەرامبەر ٩٪ بۆ تورکیا و ١٩٪یش بە بیلایەنی دەمینیتەوە. لەم حالەتەشدا بزاوتی دەریایی تورکیا لە دەریای ئیجەدا زۆر سنووردار دەبێ و دەریاکە هیندەی نامینێ هەمووی لەژیر چاودیریی یۆناندا بیت. ئەمەش زیانیکی زۆر بە بەرژەوەندییەکانی تورکیا دەگەیەنێ. ئەمەش سەرچاوەی گرژیی بەردەوامی نیوان ئەم دوو دەولەتە بووە.

بە گویرەی رووبەری ئاوە هەریمیەکەش بواری ئاسمانیی ئەو دەولەتە دیاری دەکرێ، ئەمە بەپێی ریکەوتنامەی شیکاگۆ لە سالی ١٩٥٤دا کە یۆنان یەکیك بووە لەو دەولەتانەی ئیمزای کردووە. بەلاّم ئەسینا بە گویرەی بریاریکی لە سالی ١٩٣١دا بواری ئاسمانیی خۆی بە دە میل دیاری کرد. واتە فرۆکەکانی تورکیا هەر ئەوەندە شەش میلیان بری ئیدی دەکەونە بواری ئاسمانیی یۆنانەوە. فراوانکردنی ئاوی هەریمیش لەلایەن یۆنانەوە فراوانکردنی بواری ئاسمانیی بەدوادا دیت، ئەمەش شتیکە تورکیا قبوولی ناکات و هەندێ هۆی ئەمنیش لە پشت ئەوەوە هەیە.

مەسەلەی چەکدارکردنی هەندێ لە دوورگەکانی دەریای ئیجەش دەچیتەوە نیو بازنەی ناکۆکیی دوو قۆلیی تازە بۆوەی نیوان تورکیا و یۆنان. ریکەوتنامەی پاریس لە سالی ١٩٧٤دا دوانزدە دوورگەی لە دەریای ئیجەدا بە یۆنان بەخشی کە لە کەنارەکانی تورکیاوە زۆر نزیکن و بە "دوانزدە دوورگەکە" ناسراون. بەلاّم ئەم ریکەوتنامەیە بەکارهینانی ئەم دوورگانەی بۆ مەبەستی سەربازی و چەکدارکردنیان قەدەغە کرد. تورکیاش یۆنان بەوە تاوانبار دەکات کە بۆ سی سالْ دەچیت چەك و تفاقی تیا داناوەو بنکەی سەربازیی تیا دروستکردووە، کە ئەمە مەترسیی بۆسەر ئاسایشی نەتەوەیی تورکیا دەخولقینیت. هەروەها تورکیا دەلیت گوایە یۆنان لە هەندێ دوورگەی نزیك بە تورکیاوە فرۆکەخانە دروستدەکات، بە تایبەتیش لەو دوورگەیەدا "دوورگەی سیمی" کە لە هەموویان نزیکترە، ئەمەش لە رێی پرۆژەیەکی گەشەپیدانەوە کە بایی ٦٠٠ ملیۆن دۆلارە، یەکیتی ئەوروپا ٤٠٠ ملیۆنی دەدات و باقیەکەشی لەسەر یۆنان خۆیەتی.

مەسەلەی گەران بەدوا نەوتیشدا لە دەریای ئیجەدا ئەو شتەیە کە لە هۆیەکانی راگەیاندندا زۆر دوو پات دەبیتەوە، ئەمەش لە سەرەتای شەستەکانەوە دەستیپیکرد، وەختێ ئەسینا نەیهیشت تورکیا لە دەریای ئیجەدا بە دوای نەوتدا بگەریت و لە

سکاڵانامەیەکدا بۆ نەتــەوە یــەکگرتووەکان ئــەوەی بــە پیشـیلکاریی‌یەك بۆسـەر ئـاوە هەریمیـەکانی لـە قەلـەم دا. ئەوە بـوو لـە ئــەنجامی وتوویــژی دوو قۆلـی و تیکـەوتنی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە، لە سالی ١٩٧٦دا توركیا و یۆنـان گەیشـتنە ریکەوتنامـەی "برن (سویسرا)" کە بریاری بە وەستاندنی هەموو جۆرە گەرانیك بەدوای نەوتدا دا لە دەریـای ئیجـەدا، تەنـها پـەیجۆرییـە زانسـتی‌یە ئاسـاییەکان نـەبیت، لەگـەلٚ ئەمەشـدا یۆنـان لـە سـالی ١٩٨٧دا دەسـتی بـە گـەران بـەدوای نـەوتدا کـردەوە، کـە بـووە هـۆی گرژی‌یەکی ترسناك لە ئادار/ مارسی ئەو سالەدا و توركیا کەشتیگەلی جەنگی‌ی بۆ دەریای ئیجە ناردو لە هەردوو وڵاتدا نـەفیری گشـتی راگەیـەنرا، ئـەو کاتـە ئـەندریاس بابـاندریۆ خـۆی سـەرۆکی حکومــەتی یۆنــانی بــوو، تورگــوت ئوزالیــش ســەرۆکی حکومەتی توركیا بوو.

کاتیکیش لە پاییزی ١٩٩٣دا باباندریۆ بۆ جاریکی دی دەسەڵاتی گرتەوە دەست، پەیوەندییـەکانی نیـوان تورکیـا و یۆنـان سـەبارەت بـە یـەکیك لـە مەسـەلە گەرمـەکانی نیوانیان فرە گرژ بوو، کە ئەویش مەسەلەی قوبرسە. گەرچی ناکۆکیی نیوان ئـەم دوو وڵاتـە و نیـوان هـەردوو کۆمەلـەی ئیتنـی‌ی تورکـی و یۆنـانی لەسـەر ئـەم دوورگەیـە دەگەریتـەوە بۆ سـەرەتای شەسـتەکان، بـەڵام ئـەم ناکۆکیـە کاتـێ گەیشـتە ترۆپـك کـە هیزەکانی توركیا لە "پرۆسەی ئاشتی"دا وەکو وای ناو دەبەن، بە نـاوی بـەرگریکردن لە تورکەکانی دوورگەکە دژ بە دەسەڵاتی یۆنـانی، سـێ‌یەکی دوورگەکـەی داگیر کـرد. لەوساشەوە هەرچی هەولـەکانی نەتـەوە یەکگرتووەکانـە بۆ چارەسـەرکردنی کیشـەکە بیهوودە بـووە، گـەرچی گوشـاری بـەردەوامیش بۆسـەر توركیـا هـەبووە. دوای ئــەوەی باباندریۆ لە دوا هەلبژاردنەکاندا بردی‌یەوە، باسـی لـە هـەندێ نەخشـە کـرد بۆ ئـەوەی قوبرس بخریتە سەر "ناوچەی بەرگریی یۆنانی"، پاش ئەوەش بۆ یەکەمجار لە سالی ١٩٧٤ەوە وەزیـری بـەرگریی یۆنــانی "یراسـیمۆس ئەرسـینیس" سـەردانی قوبرسـی کرد.

لە کاتیکیشدا بەشی بەرگری لە بودجەی قوبرسدا بریتی بوو لـە ٧,٣٪، دوای ئـەو ریکـەوتنی بـەرگریی هاوبەشـە بـەرز بـۆوە بـۆ ١٤٪. هـەروەها یۆنـان ئـەو هەلویسـتە دوژمنکارانەیەی رازگری گشتی‌ی نەتەوە یەکگرتووەکان پەترۆس غالی‌ی بەرامبـەر بـە توركیا قۆستـەوە و بـە زمانیکی توندتـرو هەلویسـتی گـیرتر دەربـارەی قوبـرس دواو

ئەوەی رەتکردەوە کە دەبێ تورکەکانی قوبرس و یۆنانیەکانی لە رووی مافەوە یەکسان بن، هەروەها مافی ڤیتۆشی بۆ تورکەکانی قوبرس رەتکردەوە لە رژیمی سیاسیی داهاتوودا لەبەرئەوەی "کەمینە"ن، وەك چۆن تورکیا-ئەمە قسەی جیگری وەزیری دەرەوەی یۆنانی یۆگۆ باباندریۆ، کوری سەرۆکی حکومەتە-"مافی ڤیتۆ بۆ کوردەکانی تورکیا" رەتدەکاتەوە. گەرچی تورکیا، لەبەر هەندێ هۆ کە پەیوەندیی بە ئەوروپاوە هەیە، ئامادەیە لە هەندێ شت خۆش بیت، بەلام مەسەلەی قوبرس لەناو تورکیادا بووە بە مەسەلەیەکی نەتەوەیی و لەم رووەوە بە "کۆماری باکووری قوبرسی تورك" دەگوترێ "نیشتمانی کور"، ئەمەش دەبیتە هۆی ئەوەی کەئەنقەرە گوشاری "نابەجێ" بەرامبەر قوبرسی‌یە تورکەکان بەکارنەهینیت. بەلکو بولند ئەجەوید خۆی رای وایە کە بە پیچەوانەی بەر لە سالی ١٩٧٤، ئیستا لە قوبرسی باکووردا بووژانەوەو ئاشتی و ئازادی و دیموکراسی هەیەو، بە تەواوەتی مەسەلەی خوینریژی وەلاوە نراوە. یۆنانیش تورکیا بەوە تاوانبار دەکات کە دەیەوێ کیشەکە بێ‌چارەسەر بمینیتەوە. دەنگی واش هەیە لەناو تورکیادا داوای ئەوە دەکات قوبرسی باکوور ببێ بە دەولەتیکی تەواو سەربەخۆ لە کاروباری ناوخۆیدا، بەلام لە سیاسەتی دەرەوەیداو لە بەرگریدا بە تورکیاوە پەیوەست بیت. وەکو هەردوو دەولەتی دوورگەی چابڵ ئایسلەندا و مان ئایسلەندا لەگەڵ بەریتانیاداو، هەروەها دەولەتی دوورگەکانی فارئور لەگەڵ دانیمارکدا.

تورکیاش ناوبەناو بارودۆخی ئەو سەدو بیست هەزار موسلمانە بە نەژاد تورکە وەبیر دەهینیتەوە کە لە ناوچەی تراقیای خۆرئاوا لە باکووری خۆرهەلاتی یۆناندا نزیك سنوورەکانی تورکیاوە نیشتەجین. هەروەها ئەنقەرە بەوە یۆنان تاوانبار دەکات کە پەیرەوی لە سیاسەتی راگویزان دەکات دژ بە موسلمانەکان و لە خاکی خۆیان دەریاندەکات و شوناسی کەلتوورییان دەسریتەوە و گوشار لەسەر نوینەرە سیاسیەکانیان دەکات و رێ لە پیاوانی ئایینی تورك دەگریت کاتێ دەیانەوێ بە مەبەستی وەعزدادان بەرەو ناوچە موسلماننشینەکانی تراقیای خۆرئاوا بچن. بۆ ئەوەش تورکیا پشت بە پەیمانی لۆزان دەبەستێ، کە تیایدا باس لە پاراستنی مافی کەمینەکانی تورکیا و یۆنان کراوە.

**کۆمەلیك کیشەی نویّی پاش کۆتایی جەنگی سارد:**

کۆتاییهاتنی جەنگی ساردو لیکهەلوەشانەوەی یەکیتی‌ی سۆڤیت و یەکیتی‌ی یوگوسلاڤی ئاسەواریکی گەورەیان لەسەر بارودۆخەکانی ناوچەی بەلقان و پەیوەندییەکانی تورکیا بە دەوروبەری ئیقلیمی‌ی خۆیەوە جیهیشت.

هەرەسی شیوعیەت و هەلوەشانەوەی یەکیتی‌ی سۆڤیت رووسیایان لە "کۆمەلیك کۆت و پیوەندی نامۆ" "رزگار کرد" و ریّی بۆ خۆشکرد تا "بۆ رەگوریشەو خودی خۆی بگەریتەوە"، بەمجۆرە و وەکو یەکیتی‌ی گەلانی سلاڤی، بانگەشە بۆ دامەزراندنی هاوپەیمانی‌یەك کرا لە نیوان گەلە ئەرتۆدۆکسیەکاندا و بە تایبەتیش لە نیوان رووسیاو بولگاریاو یۆنان و قوبرس و سربیادا. ئامانج لە بەدیهینانی ئەم هاوپەیمانی‌یەش روو بە رووبوونەوەی کاسۆلیکیەت و ئەلمانیای یەکگرتوو و، موسلمانەکانی بەلقانە و لەسەروو هەمووشیانەوە تورکیا، ئەم هاوپەیمانی‌یە شوین پیّ‌یەك بۆ رووسیاش مسۆگەر دەکات لە ریّی سرب و یۆنانیەکانی ئەدریاتیك و دەریای ناوەراستەوە، جگە لە پشتیوانیکردنی یۆنان بۆ هەندیّ داواکاریی ئیقلیمی و ریگەنەدان بە گەمارۆدانی لەلایەن هەندیّ دەولەتی ئیسلامییەوە. ئەم ئاراستە ئەرتۆدۆکسیەش لە سیاسەتی دەرەوەی یۆناندا بە ئاشکرا لە گەلی لیدوان و هەلویستی پایە بەرزانی ئەو ولاتەدا خراوەتە روو. ئەوە بوو لە مانگی نیسان/ئەپریلی ١٩٩٤دا ئەندریاس باباندریۆ دوای ئەوەی سەر لەنویّ وەکو سەرکردەی حیزبی "پاسۆك" هەلبژیردرایەوە، وەکو توخمیك لە توخمەکانی سیاسەتی دەرەوە باسی لە ئەرتۆدۆکسیەت کردو وتی: "پیویستە ئەرتۆدۆکسیەت ورابردووی‌میژووییمان و بەها نیشتمانیەکان و کەسیتی‌ی زمانەوانی و کەلتووریمان، ببنە بناغەی سیاسەتی دەرەوەمان"، هەرچۆن یۆنان بۆ چەند مانگیك دەبیّ مەسەلەی باری پەترپارکیەتی رۆمی ئەرتۆدۆکس لە ئەستەموولّ دەوروژینیّ بەو سیفەتەی گوایە ئەستەموولّ "رۆمای ئەرتۆدۆکسە". لە کاتیکدا ئەسینا، لەسەر زمانی وەزیری دەرەوەیەوە کە کارلۆس بابۆلیاسە، داوای ئەوە دەکات باریکی تایبەتی بە پەترپارکیەتی ئەستەموولّ بدریّ وەکو ڤاتیکان، لەولاوە حیکمەت چەتینی وەزیری دەرەوەی تورکیا، ئەوە رەتدەکاتەوە بەو پیّ‌یەی پەترپارکیەت "دەزگایەکی سەر بە تورکیایە، وەکو هەموو دەزگا تورکیەکانی دی".

هەروەها لەو کیشە سەرەکیانەی وەکو دەرەنجامیکی کۆتایی جەنگی ساردو، لیکهەلوەشانەوەی یوگوسلاڤیا پەیدا بوو، سەرهەلدانی مەسەلەی ئیتنی (و ئایینی)یە لە بەلقاندا کە شیوەیەکی توندو تیژی بەخۆوە گرتووەو هەرەشە لە ناوچەکە دەکات تا بیکاتە گۆرەپانیك بۆ شەری نیوان ئەو ولاتانەی کە بۆ دوو ئۆردوگا دابەشبوون، کە یۆنان لە یەکیکیاندایە و تورکیاش لەوی تریاندا.

لەسەریکەوە بەرژەوەندییەکانی تورکیا لەگەلْ موسلمانانی کروات و بۆسنەو ئەلبانیاو مەکدۆنیا و هەریمی کۆسۆڤۆدایە، دەبینین سربیاو یۆنان و بەشیوەیەکی کەم بولگاریاش هاوپەیمانن. تەماعەکانی یۆنانیش لە مەکدۆنیا و باشووری ئەلبانیادا هۆکاریکی سەرەکیە کەوا لەم دوو دەولەتە دەکات لەگەلْ تورکیادا بن. هەروەها ئەنقەرە لە پیشەوەی ئەو پایتەختانە بوو کە بەرەسمی دانی بە سەربەخۆیی مەکدۆنیادا نا کە یۆنان بە بەشیك لە "یۆنانی گەورە" و کەلتووری ژیاریی خۆی دادەنیت. هەروەها تورکیا دژی هەولەکانی یۆنانە بۆ دەسگرتن بەسەر هەریمی "ئیبیر"دا لە باشووری ئەلبانیا کە کەمینەیەکی یۆنانی تیا دەژی. بەرامبەر بەمەش تیۆدۆر بانگالۆس ی وەزیری دەولەتی یۆنان و بەرپرس لە پەیوەندییەکان لەگەلْ یەکیتی ئەوروپادا، تورکیا بەوە تاوانبار دەکات کە پشتگیری لەو گرژییە دەکات کە دژ بە یۆنان دروستدەکریْ و ئەوەی کە ئەلبانیا "بە تەنها خۆی هیچی پیْناکریْ".

کۆتایی جەنگی سارد و هەرەسی شیوعیەت سەرنجی تورکیا و یۆنانی بەلای "مولکەکان"ی پیشوویاندا لە بەلقان راکیشا.

هەردوولاش لە سیاسەتیاندا خالی دەرچوونیان وەکو یەك ئایینی و ئیتنییە. لە نەبوونی تاقە هیزیکی ئیقلیمیی گەورەشداو، لەبەر گەلی گرژیی میژوویی و ئیتنی و ئایینی و قینی کۆن، دەشیْ ناوچەی "بەلقان" لە هەموو کاتیکی دی زیاتر "شیاو" بیْ بۆ ئەوەی ببیتە شانۆیەك بۆ "پیکدادانی ژیارەکان" کە هەردوو جەمسەرە سەرەکیەکەی بریتی دەبیت لە: تورکیا و یۆنان.

# ٣-قەرەباغ: سنووری ڕووبەڕووبوونەوە لە نێوان دوو پرۆژەدا

لەوەتەی بە شێوەیەکی خوێناوی لە شوبات/ فبرایەری ساڵی ١٩٩٢ەوەوە ناکۆکی لەسەر هەرێمی قەرەباغ تەقیوەتەوە، تا دەگاتە ئەو ڕووداوانەی لە سەرەتای نیسان/ ئەپریلی ١٩٩٣دا ڕوویان دا، کە زیاتریش لە کێشەیەکی "ناوخۆ"ی سنووردار دەچێت، ئەم ناکۆکی‌یە خۆی لە هەوڵی ئەرمەنیەکاندا دەبینێتەوە بۆ جیاکردنەوەی تەواوی هەرێمەکە لە ئازەربایجان و، دواتر لکاندنەوەی یەکجارەکیی بە "نیشتمانی دایك" ئەرمینیاوە. سنووردارییی ئەم ناکۆکیەش لەوەدایە کە شەڕەکان تەنها سنوورەکانی هەرێمەکەی گرتۆتەوە و بەرەو دەرەوەی تەشەنەیان نەکردووە.

لەم ئاستەی کێشەکەدا، هەڵسوکەوتی تورکیا هەڵسوکەوتی بینەر بووە پڕبە پێستی ئەم وشەیە، بە تەنها هاوهەڵوێستەکانی نەبێ لەگەڵ ئازەربایجاندا، بگرە ئەنقەرە سەرەڕای هاواری نارەزایی باکۆ، ڕێی داوە کۆمەکی مرۆیی و خۆراك و دەرمان بە خاکی خۆیدا بۆ ئەرمینیا تێپەڕێت، هاندەری تورکیاش لەم هەڵوێستەی تورکیادا ئەوە بووە کە حەزی نەکردووە مۆرکیکی ئایینی، مەسیحی یا ئیسلامی بە ناکۆکیەکە بدات و، هەروەها دوژمنایەتی نەکردنی جیهانی خۆرئاواو ڕووسیا، چونکە "لوبی"یەکی ئەرمەنیی بەهیز هەیە کە دەتوانێ رای گشتی دژ بە تورکە موسلمانەکان بجوولینیت.

بەڵام لە راستیدا هاندەرە راستەقینەکانی ئەو هەلویستەی تورکیا لەوە دوورتر دەروات و پەیوەستە بە پەیوەندییەکانی تورکیا-ئەرمینیاوە.

ئەوەبوو مەسەلەی ئەرمەن دوای ئەوەی لەسای دەسەڵاتی سۆڤیتیدا حەفتا ساڵ "خەوی لیکەوت"، بە هەرەسی سۆڤیت و، سەربەخۆیی ئەرمینیا خەبەری بۆوە، تا لەگەڵ خۆیدا هەموو میراتی‌یە جوگرافیو ئایینی و ئیتنی‌یە دیرینەکان بهینێ، کە هەموویان بە پەیوەندییەکان لەگەڵ تورکیا و گەلی تورکیاوە پەیوەستن. لەبەرئەوەی هەردوو خالی ناکۆکیی سەرەکی لە نیوان تورکیا و ئەرمینیادا بریتین لە: وازنەهینانی ئەرمەن لە داواکردنەوەی ئەو زەوییانەی ئیستا بەشیکن لە خاکی تورکیاو، بەردەوام تاوانبارکردنی تورکەکان بە کوشتاری ئەرمەنیەکان لە سالی ١٩١٥دا.

ڕەفتاری نەرمی تورکیا لە ئاست کێشەی قەرەباغدا (کە بەلای باکۆوە شتێکی سەیر بوو)، نامەیەکی ڕوون و ئاشکرا بوو بۆ یەریڤان کە ئەنقەرە حەزدەکات فایلە دوو قۆڵییە ئاڵۆزەکانیان دابخەن و لاپەڕەیەکی نوێی پەیوەندیی نێوان ئەو دوو گەلەو ئەو دوو وڵاتە هەڵبدەنەوە.

تا ئەو نزیکانەش وا هەست پێ دەکرا کە دەشێ ئەم هەوڵانەی تورکیا سەرکەوتن بەدەست بهێنن؛ ئەگەر بە وردی و کاوە خۆو ژیرانە کاریان بۆ بکرێ.

بەڵام ئەو گۆڕانکارییە مەیدانییە سەربازییانەی لە ڕۆژانی یەکەمی مانگی نیسان/ ئەپریلی ١٩٩٣دا ڕوویاندا، کێشەی قەرەباغیان بردە قۆناغێکی نوێوەو دەریانخست کە لەوانەیە ئەو "نەرمی"یەی تورکیا سەرکەوتن بەچنگ نەهێنێ.

ئەوەبوو لە سەرەتای نیسان/ ئەپریل دا هێزەکانی ئەرمینیا بەوەوە نەوەستان کە لە میانی گلبیجیرو لە نێوان ئەرمینیاو قەرەباغدا تێپەڕگەیەکی دی دروستبکەن؛ بەڵکو پێشڕەوییان کردو کۆمەڵێك زەوییوزاری ئازەرییان داگیرکرد کە ١/١٠ی ڕووبەری ئازەربایجان دەبێ، دواتریش قەرەباغیان بە سنووری ئێرانەوە بەستەوەو ئازەربایجانیان لە زەوییەکانی خۆرهەڵاتی قەرەباغ جیا کردەوە.

ئەم ئۆپەراسیۆنانە سێبەری قورسی خۆیان خستە سەر پەیوەندییەکانی تورکیا-ئەرمینیا و، گەوهەری کێشەکەیان خستەوە ڕوو کە چیدی بەتەنها تایبەت نییە بە قەرەباغ و، ئایا هەر سەر بە باکۆ دەبێت یان دەچێتە سەر ئەرمینیا، بەڵکو پەیوەستە بە سەرجەم پەیوەندییە هەرێمیەکانەوەو بە تایبەتیش پەیوەندییەکانی تورکیا-ئەرمینیا.

لە ڕاستیدا نیشانەکانی گۆڕانی ئەم کێشەیە یان گەڕانەوەی بۆ ڕیشەکانی لە بۆنەیەك زیاتردا، لەگەڵ سەرەتای هەڵوەشانەوەی یەکێتیی سۆڤێتدا سەریهەڵدا. ئەوەبوو لە ساڵی ١٩٨٩دا پەرلەمانی ئەرمینیا داوای هەندێ زەوییوزاری کرد کە دەکەونە نێوان "باکووری ئازەربایجان و باکووری خۆرهەڵاتی تورکیاوە". لە ساڵی ١٩٩١یشدا سەرۆکی ئەرمینیا تیرپترۆسیان کە بە "میانرەو" ناودەبرێ لە گفتوگۆیەکدا لەگەڵ گۆڤاری "بەلگەو ڕووداو"ی سۆڤیتیدا وتی کە "قارس زەوییەکی ئەرمەنییە" (ئیستا قارس ناوچەیەکە لە باکووریخۆرهەڵاتی تورکیایە). هەروەها "لیژنەی پەرلەمانیی میژوو" کە بترۆسیان سەرۆکیتی لە ڕاپۆرتیکیدا باس لەوە

دەکات کە "سنوورەکانی تورکیا مایەی پەسەندی نین". لە سەرەتای پاییزی ١٩٩٢یشدا باڵیۆزخانەی ئەرمینیا لە لەندەن نەخشەیەکی ئەرمینیای بلاوکردەوە کە هەندێ زەوی دەگرێتە خۆی ئێستا وان لەناو خاکی تورکیادا، وەکو ترابزۆن و ئەرزنجان و موش و تەبلیس، ئەمەش هەمان ئەو نەخشەیەیە کە پەیمانی سیڤەر لە ساڵی ١٩٢٠دا بڕیاری لەسەرداو، دیاریکردنی درایە دەست سەرۆکی ئەمریکا ویلسۆن. لە بۆنەیەکی تریشدا جێگری وەزیری بەرگریی ئەرمینیا، فازگین مانوکیان، ڕایگەیاند کە دەوڵەتەکەی دان بە پرنسیپی نەگۆڕینی سنووردا نانێت لە قەفقاس و یەکێتیی سۆڤێتی پێشوو. چونکە ئەم پرنسیپە بەتەنها بەسەر ئەورووپای دوای دوو جەنگی جیهانیی وێرانکەردا دەچەسپێ.

هەموو ئەم ئاماژانە، تا دەگاتە داگیرکردنی شاری فزولی ئازەری و دەوروپشتی کە بە ئێرانەوە بەستراوەتەوەو، بڕینی تاقە ڕێی وشکانی لە میانی ئێرانەوەو، لە نێوان ئازەربایجان و نەخچەواندا، نیشانەی ئەوەن کە خەریکە پرۆژەی ئەرمینیای یەکگرتوو و فراوان، تا نەڵێین "گەورە"، وردە وردە دێتە دی و، خەریکە لەگەڵ "پرۆژەی تورکیا"دا بەیەکدا دێن کە هەندێ نێوەندی تورکی بیری لێدەکەنەوە و، لەسەروو هەمووشیانەوە سەرۆکی کۆچکردوو تورگوت ئۆزال کە داوای تورکیایەك دەکات بە "ڕۆڵی خۆی" هەڵسێت لە کەنارەکانی ئەدریاتیکەوە تا دەگاتە شووری چین. ئەوەی سەیرو سەمەرەشە ئەوەیە کە تازەبوونەوەی هەردوو پرۆژەی ئەرمەنی و تورکی لە چرکەساتێکی مێژووییدا هات کە دەرەنجامی هەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤێت بوو.

پاش سەربەخۆبوونی کۆمارە ئیسلامییە-تورکەکان لە یەکێتی سۆڤێت، لەڕێ هاوئاهەنگیی نێوان کۆمارە بە نەژاد تورکەکانەوە (نابێ "کۆماری باکووری قوبرسی تورکیشمان لە یاد بچێت) دەست بە هەوڵی زیندووکردنەوەی بیرۆکەی تۆرانیزم کرا، ئەم هەوڵە زیاتر جیددییەتیشی بەخۆوە گرت کاتێ ئەبولفەزڵ ئالچی بەگ لە ئازەربایجان دەسەڵاتی گرتە دەست، ئەم کابرایە بەوە ناسراوە کە ڕێچکەگری هێڵی ئەتاتورکیانەی توند ڕەوەو لایەنگری تەواوی ئەنقەرەیە.

بەڵام هەندێ ڕووداوو کەلێن وایان لەم پرۆژەیە کرد کە لە ئێستادا بە تەنها وەکو وەهمێك بێتە پێشچاو، کە ئەمەش کاریگەرییەکی نەگەتیڤیانەی بۆسەر پێگەی

ئەنقەرە هەبوو لە قەفقاسدا و، وای خستە بەرچاوان کە تورکیا دەسەڵاتی جووڵانەوەی نی‌یەو لە بەردەم "برا" تورکەکانی تریدا خەریکە متمانەی لەدەست دەدات.

بانگەشەکردن بۆ بیرۆکەی یەك "نیشتمانی تورك"ی گەورە لە دەرەوەی تورکیادا جگە لە ئازەربایجان لایەنگری تری نەبوو، لەبەرئەوەی ئەم بیرۆکەیە پشت بە خوێندنەوەیەکی بابەتیانەی هەلومەرجەکانی ئێستا نابەستێت، چونکە هەوڵدان بۆ پیشاندانی تورکیا وەکو "برا گەورە"یەك کە دەتوانێ "برا بچووکەکان" بپارێزێت و دەستەبەری مافەکانیان بێ شتیکە لەگەڵ واقیعدا ناگونجێ و هەندێ نموونە بە درۆی دەخاتەوە، یەکێك لەم نموونانەش ئەوەیە کە پەیامنیری رۆژنامەی "حورییەت"ی تورکی باسی دەکات کاتێ لە گەرانیکدا لەگەڵ ئۆزالدا دەبێ بەر لە دوا کۆچی، کە تورکیا وەکو بەشیك لە "نیشتمانی تورك" ناروانیتە تاشقەند، بەلکو بەتەنها وەکو وڵاتیك لێی دەروانێ کە دەکەویتە ئەولای ئازەربایجانەوە.

هەروەها پەیامنیرەکە لە ئاماژە کردنیکدا بۆ نەبوونی "هەستی برایەتی" باسی ئەوە دەکات کە "ئۆزبەکستان، دلی نیشتمانی تورك، هەرگیز هەرگیز (ئەم وشەیەی دووپات کردەوە) بایەخ بە کارەساتی ئازەربایجان نادات". وەهەب بەختیار زادەش، کە لە زانکۆی باکۆ مامۆستایە، لە یادی ناچیت باس لەوە بکات کە ئۆزبەکستان و تورکمانستان کۆمەك پیشکەش بە ئەرمینیا دەکەن.

یەکیك لەو کەلینە گەورانەی وادەکات جوولە بۆ کارکردنە سەر رووداوەکان نەبیت، هەلویستی هیزە ئیقلیمیە گەورەکانە لە قەفقاسداو لەسەرووشیانەوە رووسیا و ئیران، کە دژ بە سیاسەتی تورکیان.

ئوزال جەختی لەوەکرد، هەروەها رووداوەکانیش، کە رووسیا سەرچاوەی سەرەکیی چەکدارکردنی ئەرمەنە، (بەو دواییە لە تورکیاداو لەسەر زمانی مەسعود یلمازەوە ئاماژە بۆ ئەوە کرا کە بەشیکی ئەو یارمەتی‌یە عەسکەریەی بە ئەرمینیا دەدرێ، لە رێی کۆمەلیك فرۆکەوە لە حەلەبی سوریاوە دەهاتن، هەروەها ئیسلامیەکانی تورکیا هیزە ئەمریکیەکانی ئینچەرلیك بەوە تاوانبار دەکەن کە سەرچاوەیەکی تری چەکن بۆ ئەرمەنیەکان). مەبەستی رووسیاش بەدەستهینانەوەی ئەو دەسەڵاتەی پیشوویەتی لە قەفقاسداو بە تایبەتیش لە ئازەربایجاندا، کە تاقە

دەوڵەتە نایەوێ بچێتە نێو کۆمەڵەی دەوڵەتە سەربەخۆکانەوە، ئەوەش بە گوشاری سەربازیی ئەرمینیا، هەرچۆن ڕژێمی سەر بە مۆسکۆش لە باکۆ لە ساڵی ١٩٩٢دا دوای کردنەوەی کەناڵی لاچین ڕووخا، مۆسکۆ ئومێدی دەخواست دوای کردنەوەی کەناڵە نوێیەکەی گلبیجیر لە نێوان ئەرمینیا و قەرەباغدا ئاڵچی بەگ هەرەسی بهێنایەو لایەنگرەکانی خۆی بچوونایەتەوە سەر حوکم لە باکۆ، ئەوە بوو دواتر ئەمەش هاتە دی و لە حوزەیرانی ١٩٩٣دا لەسەر دەستی سەرکردەی شیوعیی پێشوو حەیدەر عەلییف ی سەر بە مۆسکۆ کۆتایی بە حوکمی ئاڵچی بەگ هێنرا.

ئێرانیش، گەرچی ئەرمینیای بە داگیرکردنی زەویوزاری موسڵماننشینی ئازەربایجان مەحکوم کردو، داوایکرد هێزەکانی بکشێنێتەوە، بەڵام بە دڵنیاییەوە ئامادە نییە یارمەتی پێشکەش بە ڕژێمێك بکات کە لە باکۆدا دوژمنایەتیی دەکات و داوای ئەوەش دەکات ئازەربایجانی ئێرانی بخرێتە سەر کۆماری ئازەربایجان، هەرچۆن ئامادە نییە یارمەتی پێشکەش بە هەر ڕژێمێکی ئازەری بکات کە بەرژەوەندییەکانی تورکیا بخاتە سەروو هەر بەرژەوەندییەکی ترەوە.

هەردوو هەڵوێستی ڕووسیاو ئێرانی دژ بە سیاسەتی ئەنقەرە لە قەفقاس ڕووبەرێکی فراوانیان لە حیسابەکانی تورکیادا داگیر کردووە. کاتێ ئۆزالیش داوای خۆی بۆ بەکارهێنانی هێز دژ بە ئەرمینیا دووپات کردەوەو، وتی پێویستە "دەرسێکی بدرێتێ" و "چەند بۆمبێکی بۆ بهاوێژرێ"، سولەیمان دیمیریل ی سەرۆك حکومەت ناڕەزایی و نیگەرانیی زۆری خۆی پیشاندا، لەبەر یەك هۆ، ئەویش ئەوەیە کە هەر کارێکی سەربازیی تورکیا بەرەو ڕووی.. سوپای ڕووسیا دەبێتەوە. ئەوەش ئایندەی تورکیا دەخاتە بەر کۆمەڵێك مەترسییەوە.

بەڵام بەرامبەر بەمەش ئەنقەرە کە هەڵپەیەتی بە دوای ڕۆڵێکی ئیقلیمیی کاریگەردا ناکرێ هەتا هەتایە وەکو بینەرێك لە ئاست ئەم "پەلکێشانە"ی ئەرمینیادا دەستەوسان دابنیشێت. چونکە پێشڕەویی هێزەکانی ئەرمینیاو داگیرکردنی ئەو زەوییە ئازەرییانەی لەگەڵ ئیراندا هاوسنوورن، لە گۆشە نیگای ئاسایشی نەتەوەیی تورکەوە مەترسییەکی گەورەن چ بۆ ئیستاو چ بۆ ئایندە، لەبەرئەوەی ئەمە واتە دامەزراندنی "ئەرمینیای گەورە" و هەروەها ئەمە تەواوی هاوسەنگیەکان لە قەفقاسدا ئاوەژوو دەکاتەوە و تورکیا ناچار بە خۆتیهەلقورتاندن دەکات تا

هاوسەنگییەکانی ئێستا بپارێزێت. خۆگەر تورکیاش نەیتوانی ئەو پێشڕەوییەی ئەرمینیا ڕابگرێت، دوای ئەوەی لەم ڕووەوە بۆسنەش شکستی هێنا، ئەوا هیچ مانایەك بۆ لاف و گەزافەکانی نامێنێتەوە بۆ ئەنجامدانی ڕۆڵێکی کاریگەر لە ئەدریاتیکەوە بۆ چین و، پاشانیش لە جیهاندا، ئەمە لە کاتێکا ئەو هەوڵی ئەوە دەدات لە چەند ساڵی ئایندەدا ببێتە "هێزێکی جیهانی" کە حیسابی بۆ بکرێ- هەروەکو ئۆزال خۆزگەی پێ دەخواست.

ڕووداوەکانی بەهاری ١٩٩٣ سەلماندیان کە سیاسەتەکەی ئەنقەرە بۆ "ماڵیکردن"ی ئەرمینیا لەڕێی یارمەتییەو، هەروەها بێ لایەنییەوە، شکستی هێنا، وەك چۆن هەوڵەکانی دەرەوەی تورکیا لە دامەزراندنی سیاسەتێکی تورکی و ڕووسی هاوبەشدا لە قەفقاسیشدا دوچاری شکست بوو سەرباری ئەو "پرۆژەی ئاشتی"یە نوێیەی کە تورکیا و ڕووسیاو ئەمریکا لە ئایار/ مایۆی ١٩٩٣دا ئامادەیان کردو، بە هەنگاوێکی سەرەتایی لە قەڵەمدرا بۆ دۆزینەوەی چارەسەرێك بۆ کێشەی قەرەباغ، بەڵام ئەمەش بۆچوونێکی دیاریکراوو ڕوون ناخاتە ڕوو و، تەنها داوا لە لایەنە پەیوەندیدارەکان دەکات لەگەڵ یەکدا کۆببنەوەو لەسەر ئەو کێشانەی لە ئارادان گفتوگۆ بکەن. هەروەها هەڵوێستی ئەمریکاش سست و ناکاراو شپرزە دەبێت و هەوڵدەدات ناکۆکیەکە لە سنوورێکی "مەعقول"دا بهێڵێتەوە، بەبێ دۆزینەوەی چارەسەرێکی یەکجارەکی بۆی، ئەم هەڵوێستەی ئەمریکاش لە چەند هۆکارێکەوە سەرچاوە دەگرێت، دیارترینیان بوونی لوبییەکی ئەرمەنیی زۆر بەهێزە لە ئەمریکاو، لە هەمانکاتدا پێویستیی ئەمریکا بۆ کارکردن لە پێناوی ئەوەی تورکیا وەکو دەوڵەتێکی هاوپەیمانی بمێنێتەوە، هەروەها وەکو ئەندامێکی پەیمانی ناتۆو، هێزێکی هاوسەنگیی هەرێمی بەرامبەر بە ئێران و سوریا. هەروەها کارکردن بۆ هێشتنەوەو بەردەوامبوونی "مەکۆیەکی گرژی"ی نزیك لە سنوورەکانی ئێران و ڕووسیاوە، وەکو کارتێکی گوشاری ئەمریکاییە لە قۆناغێکدا کە تیایدا واشنتۆن لە سەرێکەوە هەوڵدەدات "مەترسیی ئسووڵیەت" لەخۆ بگرێ و، لە سەرێکی تریشەوە هەوڵدەدات ڕووسیا بۆ گۆڕانێکی زیاتر بەرەو ئابووریی بازاڕ هانبدات.

لەبەر هەموونەم هۆیانە، تورکیا وا خۆی دەبینێتەوە کە بە دوا "دەروو"یەکی یاساییدا دەگەڕێت تا لە سەرێکەوە ئازادیی جووڵانەوەی بۆ مسۆگەر بکات و، لە سەرێکی تریشەوە لە گوشارە نێو دەوڵەتی و خۆرئاواییەکان دووری بخاتەوە.

لێرەوە هەندێ نیوەندی توركی وایدەبینن كە هەردوو پەیمانی مۆسكۆو قارس كە لە سالی ١٩٢١دا ئیمزا كراون ڕۆلی "دەستەبەر" و "پاریزەر"ی ئەوبارە قانوونیەی ئیستای ئازەربایجان و نەخچەوان و دەسكاری نەكردنی سنوورەكانی بە توركیاوە دەبەخشن. ئەمەش ڕێ بە توركیا دەدات بچیتە نەخچەوانەوەو لەناو خاكی ئەویوە كە بە دریژاییەكی كەم (نزیكەی ١٢ كم) هاوسنووری توركیایە، دژی هێزەكانی ئەرمەن بوەستیتەوە.

بەلاّم چ رووسیاو، چ ئەرمینیا بۆچوونی جیاوازیان هەیەو، ئەو مافە نە بە توركیاو نە بە رووسیاش رەوا نابینن كە دەستیوەردەن.

ئەوەتانێ بالیۆزی رووسیا لە ئەنقەرە ئەلبیرت چیرنیشیڤ لە چاوپیكەوتنیكی رۆژنامەوانیدا لە رۆژنامەی "میللیەت"ی توركیدا (لە ١٩٩٣/٤/١٤دا) دەلیت :

"نە پەیمانی مۆسكۆو نە پەیمانی قارس مافی "دەستەبەری" بە رووسیاو توركیا دەدەن. لیرەشدا مەبەست لە نەخچەوانە. ئەو پەیمانانە سنووریان لە نیوان رووسیاو توركیا و سێ كۆمارەكەی قەفقاسدا (ئەرمینیا، جۆرجیا و ئازەربایجان) دیاری كردووە و تیایاندا باسی گۆرانكاری لە سنووردا نەكراوە. هیچ دەستەبەرییەكیش بۆ ئیمە لەویدا نییە.. بەلاّم سەبارەت بە نەخچەوان، دەولەتەكان لە هەردوو پەیمانی قارس و مۆسكۆدا لەسەر قەوارەیەكی ئۆتۆنۆم بۆ نەخچەوان ریك كەوتوون، كە بە ئازەربایجانەوە ببەستریتەوە.

بەلاّم ئەو شیوە "قانوونییە"ی تر كە ڕێ بە توركیا دەدات كاری سەربازی ئەنجامبدات، ئیمزاكردنی ریكەوتنامەیەكی بەرگریی هاوبەشە لەگەلّ ئازەربایجان و نەخچەواندا. ئەمەش مافیكە میساق و یاسا نیودەولەتیەكان رییان پیّداوە.

ویرای ئەو هەولاّنەی دراون، بەلاّم ئاسۆی چارەسەركردنی كیشەی ئەرمینیا-توركیا، كە ناكۆكیە سەرەكییەكەیان لەسەر قەرەباغە ئاسۆیەكی نزیك نییە.

ئەرمینیا هەرگیز دەست لە قەرەباغ هەلناگریت و، قایلیش نابیت لەژیر دەسەلاّتی ئازەربایجاندا بمینیتەوە. جیگری وەزیری دەرەوەی ئەرمینیاش ئەرمان گیراگۆسیان زۆر بە راشكاوی ئەوەی راگەیاند وەختێ وتی: "گەر تیپەرگەی لاچین نەبووایە، قەرەباغیش نەدەبوو".

ئەرمەنیـەكان بـەرگری لـە كردنـەوەی تێپەڕگەیـەكی تریـش دەكــەن كـە ئـەویش گلبیجــیرەو، دەڵێــن كــە پێویســت بــووە تــا پــەیوەندی لەگــەڵ قــەرەباغدا بمێنێت. "لەبەرئەوەی ئەگەر ئازەرییەكان توانییان تێپەڕگەی لاچین بگرنـەوە دەست، تێپەڕگەیـەكی دی لـە دەستی ئەرمەنیەكاندا دەمێنێتـەوە. ئەرمەنیـەكانیش دەزانن كە ڕای گشتیی جیهانی ڕێ بـە داگیركردنی زەویـوزاری ئـازەری نـادات، بـەڵام كشـانەوە لێی لەمڕۆدا دەبێتە مایەی لاوازكردنی بەرەنگاری لە قەرەباغدا.

یەكێك لە نیشانەكانی نەبوونی ئاسۆی چارەسـەرێكی نزیك كە بە دڵی هـەردوولا بیـت، ئـەو پیشـنیازە سـەیرەیە كـە مارشـاڵ یـەفگینی شابۆشـنیكۆڤ ی سـەرۆكی هیزەكـانی كۆمەلــەی دەولەتــە ســەربەخۆكان خســتیـیە روو، كــە گوزارشــت لــە هەلویسـتیكی رووســیا دەكـات و داوای لكـاندنی قـەرەباغ بـە رووسـیاوە دەكـات. شابۆشنیكۆڤ وتی (لە میللیەت ١٩٩٣/٤/٢٨دا): "ئەم مەسەلەیە تەنها بە دوو ریگە چارەسەر دەكرێ: یەكەمیان هیشتنەوەی قەرەباغە وەكو ناوچەیـەكی ئۆتۆنۆمـی سـەر بە ئازەربایجان و بە رەزامەندیی هەموو لایەنـەكان، دووەمیشیان ئەوەیە كە بكرێ بە ناوچەیەكی ئۆتۆنۆمی سەر بە رووسیا، بە مەرجیك ئەرمـەنی و ئازەرییـەكان بـەریوەی بەرن".

بەڵام ئەو مەرجانەی كە هیزە ئەرمەنیەكان لەناو ئەرمینیاو قەرەباغدا دەیخەنـە روو بۆ چارەسەری كیشەكە، زیاتر بەلای سەربەخۆیدا دەشكینەوە. وەلی گەرانـەوە بـۆ ئـەو بارەی كە بـەر لـە هەلوەشانەوەی یـەكیتیی سـۆڤیت هـەبوو؛ بـە هیـچ جۆریـك لـەگۆرێ نییە.

یەكیك لە سەرانی حیزبی تاشناقی ئەرمـەنیی شۆرشگیری ركابـەر لـە ئـەرمینیادا كە نـاوی هرایـەر قەرەبیتیانـە دەلیـت: "چـۆن سیاسـەتی بەلشـەفیانە لـە ئـەورووپای خۆرهەلاتدا بە شكستی ئەلمانیا كۆتایی هات، دەبێ لە قەفقاسیشدا ئەو سیاسـەتە بـە سـەربەخۆیی تـەواوی قـەرەباغ كۆتـایی بیـت و هیـچ چـاریكی دی نییـە" (میللیـەت ١٩٩٣/٤/١٧)

هـەروەها فیگین خاچادۆریـان كە یەكیكە لـە سـەرانی حـیزبی لیـبرال-دیموكـرات دەلیـت "لـە روانگـەی مـافی مرۆڤـەوە ئۆتۆنۆمـی مایــەی دەســتەبەری نییــە، تاقــە دەستەبەری سەربەخۆ بوونە".

هەڵوێستی ڕەسمیی دەسەڵاتیش زۆر لەم هەڵوێستەوە دوور نییە، وتە بێژی ڕەسمی بە ناوی سەرۆك تیربترۆسیان-وە (کە ناوی ئارام ئیبراهیمیانە، لە وەڵامی پرسیارێکدا سەبارەت بەوەی ئایا ئەرمینیا وەکو زەوییەکی سەر بە دەسەڵاتی ئازەربایجان دان بە قەرەباغدا دەنێت؛ وتی: "ئێستا قسە لەسەر ئەوە نییە ئەم زەوییانە هی کێن. نە تێر بترۆسیان و نە کەسێکی دی دەزانێ ئەم زەوییانە هی کێن. ئەوەی ئەمە دەزانێ بەتەنها ئەوانەن کە لەوێ ژیاون.. ئێمە دەنگمان لەگەڵ دەنگی گەلی قەرەباغدایە، ئیدی سەربەخۆیی تەواو بێت؛ یان چوونە سەر ئەرمینیا".

ناتوانین مەسەلەی قەرەباغ لە سەرجەم پەیوەندییەکانی تورکیا-ئەرمینیا جیا بکەینەوە. هەروەکو باسیشمان کرد قەرەباغ بریتییە لە سەرێکی دیاری "شاخێکی سەهۆڵین"ی پەیوەندییەکانی نێوان ئەو دوو وڵاتە. قەرەبیتیان دەڵێت: "ئێمە دژی هەر جۆرە ئاساییکردنەوەیەکی پەیوەندییەکانین بەر لەوەی تورکیا دان بە بەرپرسیارێتیی خۆیدا بنێ لە کوشتارگەکانی ١٩١٥. ئێمە ناتوانین ڕابردوو لەبیر خۆمان بەرینەوە. ئێستا ڕابردوو کاریگەرییەکی زۆری لەسەر پەیوەندییە هەنووکەییەکان هەیە. بەر لە یەکلاکردنەوەی کێشە کۆنەکان هەڵەیە باس لە پەیوەندییەکی ئازادو کراوە بکەین. سیاسەتی شینە شاهۆو سەرشاردنەوە لەناو لمدا بیهوودەیە. قسە نەکردن لەسەر کیشەکان مانای ئەوە نییە کە بوونیان نییە. زوو بێ یان درەنگ سەر هەلدەدەنەوە" بەڵام خاچادۆریان دەلیت: "ناکرێ لە ڕێی لەبیرکردنی رابردووەوە گفتوگۆیەکی دروست بنیات بنیین".

هەرچۆنیك بیت، تورکیا بە هیچ جۆریك قایل نابیت زەویوزاری ئازەربایجان داگیر بکرێ یان قەرەباغ بە سنوورەکانی ئیرانەوە بلکینرێ و ڕێی وشکانی، با بەناو ئیرانیشدا بیت، لە نیوان ئازەربایجان و نەخچەواندا نەمینیت. لیرەوە ئاگادارکردنەوەکەی حیکمەت چەتین ی وەزیری پیشووی تورکیا بۆ ئەرمەنیەکان کە دەلیت "تورکیا ناچار نەکەن ئۆپەراسیۆنیکی قوبرسیانەی دی لە قەفقاسدا ئەنجامبدات" لە توانایدایە دوو چۆلەکە بە بەردیك بکوژیت: یەکەمیان بەرگرتن لە

ئەرمینیا و لەبەدیهێنانی خۆزگەو خەونەکانی، دووەمیشیان کردنەوەی تێپەڕگەیەکی وشکانیی ڕاستەوخۆ بەناو ئەرمینیادا، لە نێوان ئەرمینیاو نەخچەواناو، بەستنەوەی تورکیا لەڕێی وشکانی‌یەوە و بۆیەکەمجار بە ئازەربایجان و ئاسیای ناوەڕاستەوە. هەرچۆن تورکیا زۆر بە توندی دژ بە داگیرکردنی زەویوزاری ئازەری دەوەستێتەوە لەلایەن ئەرمینیاوە و، هەوڵدەدات ئەوە نەبێ بە "ئەمری واقیع"، ئەرمینیاش لەلایەن خۆیەوە تەقەللا دەدات هەل بۆ تورکیا نەڕەخسێ تا تێپەڕگەیەکی وشکانیی ڕاستەوخۆ لە نێوان نەخچەوان و ئازەربایجاندا دروستبکات.

ئەگەر ئەم دوو پڕۆژەیەی ئەرمینیاو تورکیا لە ناوەڕاستی ڕێدا بەیەك نەگەن؛ ئەوا پێشبینیکردنی پەرەسەندنی ڕووداوەکان بە تەنها دەچێتە خانەی ڕەمڵ لێدانەوەو هیچی دی.